# دابەشکاریی ئیمپڕیالیستی لەسەر خاکی کوردستان 1925 - 1915

ئیسماعیل بێشکچی



وەرگێڕانی: فەرهاد چۆمانی

# خەباتی دابەشکاریی
# ئیمپڕیالیستی لەسەر خاکی کوردستان
# 1915 - 1925

ئیسماعیل بێشکچی

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

رێبازی زانستی
پەیڕەوکردنی لە تورکیا - 7

# خەباتی دابەشکاریی ئیمپڕیالیستی لەسەر خاکی کوردستان 1915 - 1925

ئیسماعیل بێشکچی

لە تورکییەوە: فەرهاد چۆمانی

2023

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئابی 2023

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ وەقفی ئیسماعیل بێشکچی، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (......)ی 2023 بۆ تەرخانکراوە.

# نێوەڕۆک

ئیسماعیل بێشکچی 7

پێشەکی بۆ چاپی یەکەم 10

خەباتی دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان ... 15

**دەروازە** 58

**بەشی یەکەم** 80

کێشەی ئەرمینیا و کوردستان لە دواڕۆژەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا 80

**بەشی دووەم** 128

ئەو پەیماننامە نهێنییانەی لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانییان پارچە پارچە کرد 128

**بەشی سێیەم** 139

کاریگەریی شۆڕشی 1917 لەسەر هاوسەنگیی دنیا و ئاراستەی جەنگی جیهانیی یەکەم 139

**بەشی چوارەم** 153

کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و چەند ڕووداوێکی گرنگ 153

**بەشی پێنجەم** 176

دوای ئاگربەستی مۆندرۆس ... مستەفا کەمال پاشا بزووتنەوەی قوەی میللی و ... 176

**بەشی شەشەم** 280

چوونی مستەفا کەمال پاشا بۆ سامسۆن 280

**بەشی حەوتەم** 331

دوو کاردانەوەی بنچینەیی کە مستەفا کەمال پاشا
پشتی پێبەستبوون 331

**بەشی هەشتەم** 347

کێشەی ئینتیداب 347

**بەشی نۆیەم** 441

دیدارەکانی ئەماسیە 441

**بەشی دەیەم** 448

میساقی میللی 448

# ئیسماعیل بێشکچی

لـە 7ی کانوونـی دووەمـی 1939 لـە قـەزای ئیسـکیلپی سـەر بـە ناوەنـدی چـۆڕووم، وەک بچووکترین ئەندامـی خێزانێـک کـە پێکهاتبـوو لـە تورکـی حەنەفـی، لەدایکبـووە. باوکـی لـە دەورانی عوسـمانییەکاندا مامۆسـتایەتی کـردووە، لـە سـییەکانی سـەدەی رابردووشـدا بەقـاڵ بـووە و ناوی حوسـنو (1899-1978) و دایکیشـی نـاوی زاهیـدە (1898-1987) بـووە. دوو بـرای بـە ناوەکانـی وەسـفی و محیەدیـن و خوشکەکەیشـی نـاوی (سـاتی)یە.

قۆناخـی سـەرەتایی لـە ئیسـکیلیپ لـە خوێندنگـە سـەرەتاییەکانی عەزمـی میللـی و میسـاقی میللـی خوێنـدووە، قۆناخـی ناوەندیشـی لـە قوتابخانـەی ناوەندیـی ئیسـکیلیپ خوێنـدووە. لـە چـۆڕووم دواناوەنـدی تەواوکـردووە. سـاڵی 1958 بـە نمرەیەکـی بـەرزەوە لـە فاکەڵتـی زانسـتە سیاسـییەکانی ئەنقـەرە لـە بەشـی کارگێـڕی خوێندوویەتـی و لـە سـاڵی 1962 تـەواوی کـردووە.

یەکـەم بەرکەوتنی بێشـکچی لەگـەڵ کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1961، ئەودەمـە بـۆ مەشـقی بەشـەکەی لەسـەر خواسـتی خـۆی چووەتـە ئەلەزیز (ئەلازیـغ) تاوەکـو لـەوێ کاری مەشـقەکەی لـەلای پارێـزگار و قایمقامیەت بـکات و دوای ئـەوەش بـۆ بەجێهێنانـی ئەرکـی سـەربازییەکەی لـە سـاڵانی 1962-1964 دەچێتـە بتلیـس و شـەمزینان، ئەمـەش دەبێتـە دەرفەتێـک بـۆ ئـەوەی باشـتر کـورد بناسـێت. لـە سـاڵی 1964 لـە زانکـۆی ئەتاتـورک لـە ئـەرزڕووم دەبێتـە یاریـدەدەر لـە بەشـی سۆسـیۆلۆژیا. لـە سـاڵی 1965 تێـزی دکتۆراکـەی لەسـەر پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی خێڵی ئالیکانـی کۆچەری دەسـت پێـدەکات و تێزەکـەی پەسـەند دەکرێـت و ناونیشـانی دکتـۆر

وەردەگرێت. بەهۆی ئەوەی پێشتر لە چوارچێوە ئەکادیمییەکاندا ئەو بوێرییە نەبووە لێکۆڵینەوەی لەوبارەوە بکرێت، ئیسماعیل بێشکچی توێژینەوەکانی سەبارەت کورد چڕتر دەکات و لەوبارەیەشەوە زۆر بەرهەم پێشکێش دەکات، لە هەمانکاتدا سەرنجی هێرشی برووسکەئاسا بۆ سەر خۆی کێش دەکات. بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیا فەرمییەکە نە میللەتێک بە ناوی کورد هەیە و نە زمانێک بەناوی زمانی کوردی. ئەی چۆن دەکرێت کەسێک بچێتە دەرەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیا فەرمییە؟ کەواتە پێویستە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت!

سەرەتا لە چوارچێوەی زانکۆدا شکات و شکاتکاری دەست پێدەکات. لەسەر ئەو سکاڵایانە لێپێچینەوەی کارگێڕی لەگەڵ بێشکچی دەکرێت. لە 20ی تەمموزی 1970دا بە بیانووی ئەوەی کتێب و نووسینەکانی دژی دەستووری بنەڕەتی وڵاتن، لە زانکۆ کۆتایی بە کارەکەی دەهێنرێت. لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە کارگێڕییانە سەر لە شوورای دەوڵەت دەدات. شوورا بڕیاری راگرتنی ئەو رێکارە دەدات، بەڵام زانکۆ پابەندی بڕیارەکە نابێت. بەوهۆیەوە بێشکچی لە سەرەتای ساڵی 1971 لە دوای تاقیکردنەوەیەک لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە دەستبەکار دەبێت.

لە سەردەمی 12ی مارتدا دیسان هەمان دۆسیەی لێپێچینەوەی کارگێڕی دەکرێتەوە و ئەم جارە لەلای فەرماندەکانی باری نائاسایی وڵات شکاتی لێدەکرێت. لەسەر ئەو شکاتانە لەلایەن فەرماندەی باری نائاسایی دیاربەکرەوە دەستدەکرێت بە لێکۆڵینەوە لە بێشکچی و بڕیاری دەستگیرکردنی غیابی بۆ دەدرێت. لە 19ی حوزەیرانی 1971 دەستگیر دەکرێت. ئەوکاتە بێشکچی لە فاکەڵتی زانستە سیاسییەکان بووە کە دەستبەسەر دەکرێت و دەنێردرێتە دیاربەکر و لەگەڵ سەدان کورد دەبرێتە بەردەم دادگا.

بەم شێوەیە، بێشکچی 17 ساڵی تەمەنی بە زیندان و دادگایی دوانەهاتوو بەسەردەبات. 36 بەرهەم و ژمارەیەکی بەرچاو وتار دەنووسێت.

هەڵوێسـتێکی وەهـا نیشـاندەدات کـە لـە مرۆڤـی زانـا بوەشـێتەوە و بـۆ دنیـاش ببێتـە نموونـە. سـەرباری ئـەو زوڵمـەی لێی کـراوە، سـەر دانانەوێنێ و ڕێگـەی زانسـت بەرنـادات و هەمیشـە وەک زانسـتکارێک دەمێنێتـەوە. تاوەکـو ئەمـڕۆش لەسـەر هەمـان ڕێچکـە و هەڵوێسـت بەردەوامـە.

# پێشەکی بۆ چاپی یەکەم

چاپـی یەکەمـی کتێبـی خەباتـی دابەشـکاریی ئیمپریالیسـتی لەسـەر خاکـی کوردسـتان 1925-1915 لـە مایسـی 1992 لەلایـەن دەزگای یـورت کیتـاب یاییـن ــەوە چـاپ و بڵاوکرایـەوە. دوای ئـەوە هیـچ چاپێکـی دیکـەی نەکـرا. لـە سـاڵی 2013 لەلایـەن IBV چاپـی دووەمـی کـرا. کەشـوهەوای سیاسـی و کۆمەڵایەتـی سـاڵی 1992 زۆر جیاوازتـر بـوو لـە بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئێسـتا. لـە دەیـەی نەوەتەکانـدا کـورد و زمانەکـەی لـە پۆلبەنـدی ئینکارکـردن و ڕەتکردنـەوەدا بـوو. ئەمـڕۆ ئیتر ئـەو ڕەتکردنەوەیە نییـە. ئـەو خەباتـەی بـە سـووربوون و بەردەوامییـەوە کـرا، دەسـتکەوتی کردەیـی بەدیهێنـا. دەوڵـەت و حکومەتیـش لەهەمبـەر ئـەو دەسـتکەوتە کردەییانـە ناچاربـوو هەندێـک هەنـگاو بهاوێژێـت.

ئـەو هەنگاوانـەی دەوڵـەت و حکومـەت مانـای ئـەوە نییـە کـە دانیـان بـە کـورد داناوە وەک میللـەت و نەتەوەیـەک. سـەرباری ئـەو هەمـوو خەباتـە، هێشـتا وەک میللـەت و نەتەوەیـەک دانیـان پێدانەنـاوە. کردنـەوەی کەناڵـی TRT6 بـە مانـای ئـەوە نایێـت کـە دانیـان بـە زمانـی کـوردی دانابێـت وەک زمانێکـی سـەربەخۆ. پاکتاوی نەژادی هێشـتا سیاسـەتی بنچینەیـی دەوڵەتە. دەوڵـەت هێشـتا لەگـەڵ پیتەکانـی W,Q,Xی نێـو ئەلفبێـی کـوردی کێشـەی هەیـە. ئـەو ناوانـەی پیتەکانـی W,Q,X یـان تێـدان ڕێگـە نـادرێ وەک نـاو لـە منداڵـەکان بنرێـن. فەرمانگەکانـی ناسـنامە ئـەو ناوانەیـان تۆمـار نەدەکـرد. ئـەو بڕیارانـەی لـەو شـارەوانیانەوە دەردەچـوون کـە لەدەسـت پارتـی

ئاشـتی و دیموکراسـیBDP بـوون تاوەکـو نـاوی کـوردی لـە ناوچـە، پـارک، باخچـە و شـەقامەکان بنرێت، لەلایـەن پارێـزگار و قایمقامیەتـەوە پەسـەند نەدەکـران. پارێـزگار، قایمقام و ئەنجوومەنی شـارەوانییەکان بـۆ ئەوەی ئەو بڕیارانـە هەڵبوەشـێننەوە، دۆسـیەیان لـە دادگا کارگێڕییـەکان دەکـردەوە. ئەگـەر چـوار لەسـەر پێنجـی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی شـارەوانی BDPیـش بووایـەن، کارەکـە هـەر ئـاوا دەچـووە پێشـەوە. ئەمانـە دەبنـە ئـەدگار و سـیمای نەناسـین و دانپێدانەنانـی کـورد وەک میللـەت و زمانـی کـوردی وەک زمانێکـی سـەربەخۆ، بـەڵام بەرخـۆدان و خەباتیـش بـە سـووربوون و کاریگەرییـەوە بـەردەوام بـوو. بێگومـان ئەوانیـش شـەرمەزار دەبـوون.

هەڵمەتـی گـۆڕینـی نـاوی تورکـی لـە بولگاریـا لـە دژی کەمینـەی تـورک کـە تەنیـا لەنێـوان سـاڵانی 1988-1985 جێبەجێکرا، بەهۆی ئەو گوشـارە زۆرەی لـە تورکیـا، ئەوروپـا و سەرانسـەری دنیـاوە کـران، بولگاریـا پاشەکشـەی لـەو هەنـگاوە کـرد. کەچـی لـە تورکیـا بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک درێـژەی پێدەدرێـت. هـەر کەسـێکیش دژی ئـەو سیاسـەت و بڕیارانـە نارەزایـی دەربڕیبێـت، بـە "تیرۆریسـت" ناوزەدیـان کـردووە. کـورد قوربانیـی جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیـارەن لەسـەر خاکـی خۆیـان کـە هـەزاران سـاڵە لەسـەری دەژیـن، لەکاتێکـدا تورکەکانی بولگاریـا ریشـەیان دەگەڕێتـەوە بۆ کاتـی فەتحکردنـی ئـەو ناوچانـە لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە.

ئـەو سیاسـەتی دابەشـکردن، پارچەکـردن و بەشـکردنەی کـورد و کوردسـتان کـە هێـزە ئیمپریالیسـتەکان لـە سـاڵی 1920 و لەسـەردەمی کۆمەڵـەی گـەلان جێبەجێیان کـرد، خراپتریـن، بەرفراوانتریـن، جێکەوتووترین و قووڵتریـن سیاسـەت بـوو. لـە دەیـەی شەسـتەکان و حەفتـاکان و لـە سـاڵانی دواتریشـدا، هـەر کاتێـک کـورد زمانی خۆیـان و کولتـووری کوردییان هێنابێتـە رۆژەڤـەوە، هەرکاتێـک لەنێـو خۆیانـدا بـە زمانـی خۆیـان قسـەیان کردبێـت، ئـەو هاوڕێیانـەی کـە چەپـی تـورک بـوون، دەیانگـوت "ئێـوە جیـاکاری دەکـەن، ئێوە نەژادپەرسـتی دەکـەن، ئێوە هەژموونـی ئیمپریالیزم ئاسـان دەکـەن..."، "ئەمـە سیاسـەتی پەرتکـە- زاڵبـەی ئیمپریالیزمـە، ئـەم

هەڵوێست و گوتارانە بە هاندانی ئیمپریالیزمن، دوای شۆڕش پرسی کوردیش هاوشێوەی هەموو پرسەکانی دیکە چارەسەر دەکرێت..." وایان دەگوت. بەهیچ شێوەیەکیش باسیان لە سیاسەت و بڕیارەکانی هێزە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسای دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوو نەدەکرد.

ئەمە لە کاتێکدا جێکەوتووترین و بەرفراوانترین ئۆپەراسیۆنی ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەر ئەمە بوو. ئەمەش هۆکارێکی گەورە و بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم هۆشیاربوونەوەی کورد.

ئەمە کاریگەرییەکی وەهای هەبوو لەسەر کورد کە هۆشی پەرتکردن.

لە پرۆسەی دابەشکردن و پارچەکردنی کورد و کوردستاندا لە سەرووی هەمووانەوە فەرەنسا و بەریتانیا پشتیوانییەکی زۆریان کرد. هەر خۆی ئەوە فەرەنسا و بەریتانیا بوون کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەب و فارس و تورک ناوچەکەیان دابەشکرد.

ئەو بارە کە هیچ ستاتوویەکی بە کورد و کوردستان نەدا، لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هەروا درێژەی پێدرا. لە سەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، سەرباری ئەوەی لە هەموو لایەکی دنیاوە گۆڕانکاری زۆر هاتنە ئارا، بەڵام لە کوردستان هیچ شتێک نەگۆڕا.

لەو قۆناخەدا پێویست دەکات ئاماژە بەو پێشهاتەش بدەین کە لە مانگی ئاداری ساڵی 2003، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشی سەربازییان کردە سەر عێراق و رژێمی سەددام حوسێنیان رووخاند. حیزبی بەعس هەڵوەشێنرایەوە. دەزگای هەواڵگری پەرتەوازە بوو. چەکی کۆکوژ لەنێوبرا. هەموو ئەمانە رێیان لەبەردەم کورد خۆشکرد. هەر خۆی ئەو هێزانە هەڕەشەی سەرەکی بوون لەسەر کورد. کاتێک ئەو مەترسییانە نەمان رێگە لەبەردەم کورد ئاوەڵا بوو. کورد بە سوود وەرگرتن لەو رووداوانە هەرێمێکی فیدراڵییان لەژێر ناوی هەرێمی کوردستان دامەزراند. بەم جۆرە، ئەو دۆخەی کە

لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هیـچ سـتاتوویەکی بـە کـورد رەوا نەدەبینـی، ئـەم هەرێمـە دەلاقەیەکـی زۆر گرنگـی بـۆ کـردەوە. بێگومـان ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا ئـەو دەسـتێوەردانەی لەژێـر نـاوی "چاکەیـەک بەرانبـەر کـورد" نەکـرد. بـەڵام دەسـتێوەردانەکە دەرئەنجامێکـی وەهـای لێکەوتـەوە. چەمکـی عێراقـی فیدراڵیـش هـەر لەسـایەی هەوڵەکانـی کـوردەوە بەدیهـات. لەمـەدا هەوڵـی پێداگرانـە و سیسـتماتیکی کـورد رۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو. بگـرە پرسـی عێراقـی فیدراڵیـش بـە زۆری ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا بەدیهـات.

لـەو قۆناخـەدا شـتێک هەیـە کـە زۆر گرنگـە سـەرنجی بخرێتـە سـەر. لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا، دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکانی ئـەو سـەردەمە رۆڵێکـی گەورەیـان بینـی لـە دابەشـکردن، پارچەکـردن و بەشـکردنی کوردسـتاندا. یەکێتی سـۆڤیەتیش بۆ ئەوەی کورد بێ دەوڵەت بێـت رۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو. لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یەکیشـدا هێـزی ئیمپریالیسـتی سـەردەم کـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکایە، رۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـوو لـەوەدا کـە کـورد نەبنـە خاوەنـی دەوڵـەت. بەڵام بـڕوام وایـە کـە هەرێمـی کوردسـتان قۆناخەکـەی پێشخسـتووە و هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش کاریگەریـی ئـەم دۆخەیـان لەسـەرە. پێویسـتە ئەمـەش وەک دژوازییەکـی مێـژوو قەبـووڵ بکرێـت.

بێگومان بەرگی دووەمی کتێبی خەباتی دابەشـکاریی ئیمپریالیسـتی لەسـەر خاکـی کوردسـتان 1925-1915 ئامـادە دەکرێـت. ئـەوەش روونـە کـە لـە دۆخێکـی تـەواو جیاوازی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا دەنووسـرێت. بێگومـان دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئینکارکردنـی کـورد و زمانـی کـوردی و بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک، زۆر جیـاوازە لـەو دۆخـەی کە کرانـەوە و ئازادی دێتـە ئـاراوە. لـە کەشـوهەوای ئەمـڕۆدا دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوە و هەڵسەنگاندنیشـیان زۆر جیـاواز دەبێـت.

لـەم چاپـە نوێیـەی iBV Roni بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە ئەحمـەد ئونـاڵ رۆڵ

و هاندانێکــی بەرچــاوی هەبــوو. ســوپاس بــۆ کارمەندانــی وەقــف، چــاپ و بڵاوکردنــەوەی رۆنــی و تەڵعــەت ئەرتونــان کــە هەڵەبــڕی کــردووە.

ئاداری 2013

ئیسماعیل بێشکچی

**پێشەکی چاپی یەکەم**
لێکۆڵینەوەکانی کوردستان

## "خەباتی دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان 1915-1925" کتێبی تیۆری زانستی، حەوتەمین کتێبی پەروەردەییە.

- 1 -

ئەم کارە لە ساڵانی 1978 و 1979 ئامادەکراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کتێبەکانی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی ئەو ریزبەندییە لەو سەردەمەدا کە باسکراوە بڵاونەکرانەوە، ئەم کارەش ئامادە نەکرا. ئەم دەقە زیاتر قۆناخی نووسینی ساڵانی 1978 و 1979 لەخۆدەگرێت. بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا زۆر کتێب و وتار سەبارەت کێشەی کورد بڵاوکرانەوە و هێشتاش هەروا بڵاودەبنەوە. لەم کارەم دا کە هەردوو ساڵانی 1978 و 1979 بە بنەما دەگرێت، هەوڵدراوە سوود لەوانەش وەربگیردرێت، هەر هیچ نەبێت بایەخ بەوە دراوە کە ئاماژەیان بۆ بکرێتەوە. بۆچوونم وایە کە بەرگەکانی داهاتووی ئەم کارە، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ئەو بڵاوکراوانە هەڵدەسەنگێنێت.

کاتێک زنجیرەی کتێبەکانی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی تیۆری زانستی و جێبەجێکردنیم لە تورکیا بڵاوکردەوە، بەپێویستم زانی بۆ هەر کتێبێک لەو زنجیرەیە دووبارە پێشەکی بنووسم. بەر لە 12ی ئەیلوول، برای بەڕێزمان ڕەجەب ماڕاشلی کە بەڕێوەبەری وەشانخانەی کۆماڵ بوو، سەبارەت ئەو پێشەکییانەوە بروشورێکی بڵاوکردەوە "دوای 12 ساڵ و 8 مانگ لەبارەی "دووەم پێشەکی" ئیسماعیل بێشکچی" (کۆماڵ کانوونی یەکەم 1990) ئەمە ناونیشانی بروشورەکە بوو، هەوڵیداوە ئەوە بخاتەڕوو کە بۆچی ئەو کارانەی باسمانکردن بڵاونەکرانەوە.

لە دوای 12ی ئەیلوولەوە گوشاری زۆر خرایە سەر وەشانخانەی کۆماڵ، هەربۆیە باسی ئەوە دەکات کە بۆچی لێکۆڵینەوەکان بڵاونەکرانەوە، دوای 12ی ئەیلوول، ئەو دەزگایانەی چاپ و بڵاوکردنەوە کە لەبارەی کێشەی کوردەوە شتیان بڵاودەکردەوە، وەشانخانەی سەر بە چەپەکان و نووسەران بەرەوڕووی گوشاری زۆر بوونەوە. روون بوو کە لەو قۆناخەدا نەدەتوانرا بەشێوەیەکی دروست وەشانگەری بکرێت. بەڵام ئەو قۆناخەی من هەوڵمداوە باسی بکەم، ساڵانی 1977 - 1980 یە، واتە قۆناخی بەر لە 12ی ئەیلوول. لەو قۆناخەدا بڵاونەبوونەوەی ئەو توێژینەوانە ڕێگەی گرت لە ئامادەکردنی کار و توێژینەوەی تازە.

شتێکی دروست نییە ڕەخنە لە کۆماڵ بگرین کە ئەم کارانە لە کاتی خۆیدا بڵاونەکراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێ لەسەرئەوەی کە هەوڵ نەدرا بۆ گرتنەبەری ڕێگەی دیکە بۆ بڵاوکردنەوەیان ڕەخنەیان لێ بگیردرێت. کۆماڵ دەیتوانی ئەمە بڵێت: "دەرفەتەکانمان گونجاو نین، با بەدوای دەرفەتی تردا بگەڕێین، با قسە لەگەڵ وەشانخانەی دیکە بکەین، داوای کۆمەکی ئەوان بکەین، تۆش لەگەڵ کەسانی دیکە و کامە وەشانخانەت دەوێ دەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەیت..." بەڵام کۆماڵ ئەو بژارانەی نەخستنە بەردەمم... هەرکاتێک لەبارەی بڵاوکردنەوەی

کارەکـە پرسـیارم لێدەکـردن، دەیانگـوت لەبەردەسـتیاندایە و بـەو نزیکانـە چاپـی دەکـەن، یـان "بـەدوای پەیداکردنـی پارەوەیـن..." ، "پارەمـان پەیـدا کـردووە و بـەدوای پەیداکردنـی کاخەزەوەیـن..." ، "کاخەزمـان پەیـدا کردووە و بـەدوای چاپخانەیەکـدا دەگەڕێیـن...". هـەر جارێکیـش شـتی هاوشـێوەیان دەگوتـەوە، دەیانگـوت لـەم نزیکانـە کارەکـە بڵاودەکەینـەوە... ئەمـەش دەبـووە بەربەسـت لەبـەردەم گەڕانـی مـن بـۆ دەرفەتـی دیکـە... ئەمەیـان دەکـرێ ببێتـە باسـی رەخنەکـردن، کۆمـاڵ هـەم ئـەم کارانـەی لـە کاتـی خۆیـدا بڵاونەکردنـەوە، هـەم رێگـر بـوو لـەوەی مـن بـەدوای دەرفەتـی تـردا بگەڕێـم. ئەگـەر رێگـە درابـا و مـن هیـچ دەرفەتێکـم نەدۆزیبایـەوە، ئەوکاتـە هیـچ کەسـێک مافـی گلەیـی و رەخنـەی نەدەبـوو.

لەلایەکـی دیکـەوە، ئـەو بروشـورەی باسـی کـرا زۆر باسـی گرنـگ هـەن هـەر ئاماژەیـان بـۆ نەکـراوە. ئـەوە هەڵەیـە کـە ئێمـە زانیاریمـان لەبـارەی کۆمەڵگـەی کـوردی و کوردسـتانەوە زۆر کەمـە. بێگومـان هـۆکاری بنچینەیـی ئەمـە سیاسـەتی نەژادپەرسـتانە و پاکتـاوی نەژادییە کـە دەوڵەت پەیـڕەوی دەکات. لـە دۆخێکـی وەهـادا هێنـدەی بکرێت پێویسـتە توێژینەوە و لێکۆڵینـەوە لەوبارەیـەوە بکرێـت. پێویسـتە لەوبارەیـەوە لێکۆڵەرانیـش هانبدرێـن. بـەڵام "ئـەم پاراگرافـەی لێکۆڵینەوەکـە پێچەوانـەی تێڕوانینـی ئێمەیـە، ناکـرێ بـەم شـێوازە بیگۆڕیـن؟.." ، "بـا ئـەم وشـەیەی لێدەرکەیـن و لەجیاتـی ئـەم وشـەیە بەکاربهێنیـن..."، بێگومـان ئەمانـە پێشـنیازی زۆر هەڵـەن. ئەگـەر بەسـەر بەرگی کتێبێکەوە ناوی نووسـەر نووسـرابێت، ئەوە دەرخـەری ئەوەیـە ئـەم جـۆرە پێشـنیازانە زۆر هەڵـە و نابەجێـن. هەوڵێکـی نادروسـتە کاتێـک بخوازرێـت روانگـە و تێڕوانینەکانـی نووسـەرێک لەگـەڵ روانگـە و تێڕوانینـی خانەیەکـی چـاپ و بڵاوکردنـەوە یاخـود هەر سیاسـەتێک یەکبخرێـت. بەوپێیـەی نـاوی نووسـەرەکە دیـارە، دوای ئـەوەی کتێبەکـە بڵاودەبێتـەوە هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت چـۆن حـەز بـکات ئـاوا رەخنـەی لێبگرێـت. ئەگـەر ئێـوە کتێبێـک یاخـود نووسـینێک بڵاوبکەنـەوە و کەسـێکی دیکـە بێـت و رەخنەتـان لێبگرێـت، ئـەوا زانسـت لـەم چوارچێوەیـەدا گەشـە

دەکات. گرنگترین شت ئەوەیە هەوڵ بدرێت بۆ هێنانە ئارای دۆخێکی وەها. ئەمە لەکاتێکدا لە ساڵانی 1979 و 1980 کاتێک لە زیندانی تۆپتاشی بووم، لەبارەی ئەو کارانەی لەژێر ناونیشانی "یاسای تونجەلی (1935) و جینۆسایدی دێرسیم (1937-1938)"، هەندێک گەنگەشە لەو چوارچێوەیەی لە سەرەوە باسمکرد، هاتنە ئاراوە. ئەگەر لایەکی باسەکە لە زیندان بێت، ئەوا روون و ئاشکرایە ئەمجۆرە گەنگەشانە زۆر بە هێواشی دەچنە پێشەوە، 12ی ئەیلوول بە قۆناخێکی وەهادا تێپەڕی. بەوشێوەیە بەتەواوی کارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە پەکیانکەوت. دواتریشی روونە چی روویدا.

سەرباری هەموو ئەو شتانە، ئاشکرایە کە دەزگای کۆماڵ لە ساڵی 1970، واتە لە قۆناخی دوای 12ی ئادار لە ژیانی فکریی کوردستان و تورکیادا رۆڵێکی گرنگی گێڕا. پێموایە وا پێویست دەکات ئەو نادروستییانەی سەرەوەش وەک ئەو بێبەختییە هەژمار بکەین کە دۆخێکی ناهەموار هێنایە ئاراوە.

**- 3 -**

خاڵی جەوهەریی کێشەی کورد دابەشکردنی کوردستانە. ناوکی کێشەی کورد جێبەجێکردنی سیاسەتی پەرتکە- زاڵبە و دەستبەسەرداگرتنی مافی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردانە. بەڵام لەو قۆناخەدا بە پێداگرییەوە لەلایەن زانکۆکانی تورکیا، میدیای تورکیا و پارتە سیاسییەکانی و دامەزراوە کرێکارییەکانی و دامەزراوە ئاینییەکانی، ئەو باسە پشتگوێخرا. لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا چەندین کتێب لەلایەن توێژی جیاوازەوە کە دیدگای کەسانی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەبارەی کێشەی کورد بڵاوکراونەتەوە. هەموو ئەو دیدگایانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە: سەرنجنەخستنە سەر دابەشکردن و پارچەکردنی کوردستان... رێی تێناچێت کێشەی کورد لە چوارچێوەی میساقی میللیدا مانایەک

بەدەستەوە بدات. چونکە ئەوە بەمانای جیابوونەوەیەکی ڕەزامەندانەی قۆناخێکە کە بەیەکتری کاریگەرن و بەشێوەیەکی ئۆرگانی لەژێر کاریگەری یەکتریدان. ئاشکرایە کە ئەمە دەرئەنجامێکی ناتەواو و هەڵە بەدەستەوە دەدات. لەو کتێبانەی لە تێبینی ژمارە (2) دا نیشاندراون، دەتوانم بڵێم لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وەشانخانانەی ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەو دۆخەی باسمان لێوە کرد بەرچاوە. تەنیا چەند کەسێک لەوانەی ڕەفئەت باڵی دیداری لەگەڵ کردوون، سەرنجیان خستووەتە سەر دابەشکردن پارچەکردنی کوردستان. ئەوانەش هەموویان ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتڤانانەی کوردن کە لە ئەوروپا دەژین.
لەم کارەدا، ڕاستینەی بنچینەیی بریتییە لە هەڵوەستەکردن لەسەر دابەشکردنی کوردستان. لێکۆڵینەوەیە لەوەی لەو قۆناخەدا ئەمە چۆن ڕوویدا.

**- 4 -**

بە دڵنیاییەوە گرنگترین سەرکەوتنی جووڵانەوەی کەمالیزم، دامەزراندنی کۆماری تورکیایە. کەمالیستەکان لەو قۆناخەدا لە ڕۆژهەڵات و باشوور لەگەڵ ئەرمەنەکان و لە ڕۆژئاواش لەگەڵ یۆنانییەکان لەشەڕدا بوون. نابێ ئەو شەڕانەی ئەو سەردەمیش لە هەندێک ناوچەدا، بۆ نموونە لە کۆچگری لەگەڵ کورد لەبیر بکەین. لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کۆماری تورکیاشدا هەوڵی زۆریاندا بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی کورد لە دژی ئەرمەن و یۆنانییەکان. بۆ ئەوەی کورد و بە تایبەتی خێڵە کوردەکان، سەرۆک عەشیرەت و شێخە کوردەکان وا لێبکەن پشتیوانی لە کەمالیستەکان بکەن، چەند بەڵێنێکیان پێدان. ئەمە قۆناخێکی گرنگی نێوان ساڵانی 1922-1919 بوو. لە ناوەراستی ساڵی 1922 بەدواوە دۆخەکە دەگۆڕێت. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاشەوە بەشێوەیەکی ریشەیی بارەکە بە دژی کورد دەشکێتەوە.

یەکێکی دیکە لە سەرکەوتنەکانی کەمالیزم هەوڵەکانی مۆدێرنیزەی کۆماری تورکیایە. بۆ دروستکردنەوەی ناوەندێکی تازە هەوڵێکی گرنگ درا. دروستکردنی ناوەندێک و ڕێکخستنی نەتەوەی تورک دوو پڕۆسەن کە بەشێوەیەکی هاوتەریب چوونە پێشەوە. لەوکاتەوەی دەوڵەتی تورک دادەمەزرێ، واتە لە ڕاگەیاندنی کۆمارەوە ئینکاری لە بوونی نەتەوەی کورد دەکرێت و دەستیان بەوە کرد کە کورد بە تورک هەژمار بکرێن. بۆ ئەوەی کورد کاری کەرتی گشتی دەستبکەوێت و لەو کەرتەدا سوود لە تواناکانی وەربگیرێت، مەرجداریان کرد بەوەی کە ئینکاری لە ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆی بکات. کوردستانی خاکی کورد وەک پارچەیەک لە خاکی تورکیا حیساب کرا. پێویست دەکات لە قۆناخی هەوڵی هاوچەرخکردنی دەوڵەتی تورکیادا ئەو دوو قۆناخەی کە بە شێوەیەکی هاوتەریب و تێکهەڵکێش دەچوونە پێشەوە، نادیدە نەگیرێن. وەک ئاشکرایە هاوکات لەگەڵ بەناوەندیکردن و ڕێکخستنی نەتەوەی تورک، کەمالیستەکان کەوتنە دژایەتیکردنی کورد. لە ماوەی شەڕی تورک - ئەرمەن و تورک - یۆنانییەکاندا لە ساڵانی 1922-1919، کورد بەدوای ڕێککەوتنێکدا دەگەڕێت، بەڵام دەستدەکرێت بە ئینکارکردنی و سەرەتاکانی قەدەخەکردنی ناوی کورد و کوردستان دەستپێدەکات.

دەتوانین سەرکەوتنێکی دیکەی کەمالیستەکان لە ڕوانگەی تورکەکانەوە بژمێرین. ئەمە پڕۆسەیەکە پەیوەستە بە بەدەستهێنانی ناسنامەی تورکبوونەوە. لێرەدا پێویستە بە بایەخەوە هەڵوەستە لەسەر تێزی مێژووی تورک [1] و تیۆرەی خۆر- زمان [2] بکەین. ئەم تێزانە دەرئەنجامی

1 - تێزی مێژووی تورکیا، ڕوانگەیەکی مێژووکردە، لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە پشتیوانیی مستەفا کەمال ئەتاتورک ئامادەکراوە. ئەم تێزە زۆر ڕەخنەی لێ گیراوە، بەهۆی ئەوەی ئامانجی سیاسی لەپشتە و بەشێوەیەکی خەیاڵکرد نووسراوە و بەشێوەیەکی سۆزەکی هانی نەتەوەپەرستی دەدات. (وەرگێڕ)

2 - تیۆرەی خۆر- زمان، تیۆرییەکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە زمانی تورکی لە زمانە هەرە بەراییەکانی مرۆڤ بووە لەسەر گۆی زەوی. ئەم تیۆرییە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک پشتوانی لێ کراوە و خۆیشی پەرەی پێداوە. بەڵام لەلایەن زماناناسانەوە پشتیوانی لێ نەکرا و بە ماوەیەکی زۆر کەم بەهای خۆی لەدەستدا (وەرگێڕ).

زۆر گـەورە و گرنگیـان لێکەوتووەتـەوە کـە پەیوەندییـان بـە کۆمەڵگـەی کوردیشـەوە هەبـووە. تێـزی مێـژووی تورکیـا تیـۆرەی خۆر-زمـان پەیوەندییەکـی زۆر نزیکـی لەگـەڵ ئینکارکردنـی کـورد هەبـوو. لـە مـاوەی پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی ناسنامەی تورکبووندا، شـەڕکردن و دژایەتیکردنی کـورد قووڵتـر بـووەوە و بەفراوانتـر بـوو.

**- 5 -**

لـەم چەنـد مانگـەی دواییـدا، لەبـارەی بڵاوکراوەکانمـان رەخنەمـان لێگیـرا و تۆمەتبـار کرایـن. لـە گۆڤاری تیـۆری بە ناونیشـانی "کوردسـتان کۆڵۆنییەکە، تێزەکـەی کۆسـپە" بابەتێکـم بڵاوکـردەوە. (ژمـارە 23، تشـرینی دووەمـی 1991)، لـە هەمـان گۆڤـاردا محەممـەد بـەدری گولتەکیـن وتارێکـی بـە ناونیشـانی "رەخنـەی ئیسـماعیل بێشـکچی" نووسـی (ژمـارە 24، کانوونـی یەکەمـی 1991).

لـەو نووسـینانەدا "بێشـکچی شۆڕشـگێڕ نییـە. مارکسـی-لینینی نییـە، ئینتەرناسیۆنالیستیش نییە. بێشکچی شۆڤێنیسـتە. خەریکـی نەژادپەرستیی کوردییـە... " ئـاوا گوتـراوە. هـەروا لـەو نووسـینانەدا هەمـان قورسـایی بـە هــەردوو چەمکــی "نەژادپەرســتیی کــورد" "نەژادپەرســتیی تــورک" دراوە، خراونەتـە هەمـان تـای تـەرازووەوە. هەوڵدەدرێـت هۆشـیاربوونەوەی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتیـی کورد بەکەم بگیرێت. تێزی "کوردسـتان کۆڵۆنییە تێزێکـە ئامانـج لێـی نەژادپەرسـتی کوردییـە"... وای بەبـاش دەزانـم چەنـد روونکردنەوەیـەک لەبـارەی ئـەو رەخنـە و تۆمەتبارکردنانـەوە بخەمـەڕوو. پەیڤگەلـی کـورد و کوردسـتان زیاتـر لـە 70 سـاڵە قەدەخەکـراوە. کـورد وەکـو نەتـەوە و کـوردی وەکـو زمانـی خەڵکەکـەی ئینـکار کـراوە. جەخـت لـەوە کراوەتـەوە کـە هەمـوو کەسـێک تورکـە و ئەوانـە بەختـەوەرن کـە تورکـن. لـە کوردسـتان بەسـەر هەمـوو کێـو، بـەرد و هەمـوو شـوێنێکەوە

"بەختـەوەرن ئەوانـەی دەڵێـن تورکم" ، "شـانازی بە تورکبوونـت بکە، کار بکە و متمانـەت هەبێـت" ،"تورکێـک بارتەقـای هەمـوو دنیایـە" ، تـورک جگـە لـە تورک هیچ دۆسـتێکی نییە" و دروشـمی لەوشـێوەیە نووسـراون. لەبەدەرم دەرگـەی هەموو باڵەخانە گشـتییەکانی کوردسـتاندا، بەسـەر دیوارەکانەوە ئـەم جـۆرە دروشـمانە نووسـراون. لـە خوێندنگەکانـدا سـوێندی ئـەوە بـە منداڵانـی کـورد گوتراوەتـەوە کـە دەڵـێ "تورکـم، سەرڕاسـتم، کارامـەم..." لـە خوێندنگـەی سـەرەتاییەوە تاوەکـو ئامادەیـی و دواناوەنـدی، لـە هەموو قوتابخانەکانـدا پڕوپاگەندەیەکـی پشتبەسـتوو بـە درۆ بـۆ ئایدیۆلۆژیـای سەردەسـت کـراوە. بـۆ ئـەوەی وەک "راسـتییەک" دەربکەوێـت، بـەردەوام گوشـار، زوڵـم، ئەشـکەنجە، کۆمەڵکـوژی، راگواسـتن و پاکتاوکـردن بەکارهاتـوون. ئـەو کوردانـەی گوتوویانـە "تورکـم و بەختـەوەرم"، ئـەو کوردانـەی خۆیـان لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـان بێبـەری دەکـەن، توانیویانـە لەنێـو بیرۆکراسـیەتی دەوڵەتـی تورکـدا لەهـەر ئاسـتێکدا بـن پێگەیـەک بەدەسـتبهێنن. ئەوانـەی خۆیـان لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـان بێبـەری کـردووە، ئەوانـەی پڕوپاگەندەیـان بـۆ تورکبـوون کـردووە، ئەوانـەی لـە دژی ئـەو کەسـانەی بەرگرییـان لـە تایبەتمەندییەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی کـردووە، شۆڕشـگێڕ و دیموکـرات بوونـە و ئەمـان بەرەنگاریـان بوونەتـەوە، توانیویانـە بـە ئاسـانی لەنێو بیرۆکراسـیەتی دەوڵەتـی تورکدا بە پلـە و پایەکاندا هەڵکشـێن. ئەوانەیـش کە بەرگرییان لـە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی کـردووە و لەسـەر ئـەو خەباتەیـان پێداگربوونـە، نـەک هـەر نەبوونەتـە فەرمانبـەر، بگـرە بـە دەرگەوانیـش وەریاننەگرتـوون. ئـەو کـوردە شۆڕشـگێڕ و دیموکراتانـە جگـە لـە گوشـار، زوڵـم، ئەشـکەنجە و غـەدر و زینـدان هیـچ شـتێکی دیکەیـان نەبینیـوە.
ئـەو سیاسـەتەی دەوڵـەت کـە ویسـتمان بـە کورتـی روونـی بکەینـەوە، بووەتـە هـۆکاری پێکدادانـی رۆحـی لای کـورد. کـوردی "لێخـراو"، کۆمەڵگەی کـوردی "لێخـراو" لە پڕۆسـەیەکی وەهـادا پێکهاتووە. کەسـایەتییەکی وەها ئینـکاری لـە ناسـنامە نەتەوەییەکـەی، لـە ناسـنامەی خـۆی دەکات، پابەنـدە

بـەو ئایدیۆلۆژیـا سەردەسـتەی کـە پشتئەسـتووره بـە درۆ و بەسـەریدا جێبەجـێ دەکرێت، ئـەو کەسـەی کـە متمانـەی بە خـۆی و نەتەوەکـەی نییە، هەمیشـە ملکەچـە لەبـەردەم ئـەو کەسـانەی دەیچەوسـێننەوە.
هەوڵمـداوە لـە نووسـینەکانمدا سـەرنج بخەمـە سـەر ئـەو تایبەتمەندییـە بنچینەییانـەی تاکـی کـورد و کۆمەڵگـەی کـوردی. ئـەوەی دەمـەوێ بەرگـری لێبکـەم تەنیا تاکـی کـورد یاخـود کۆمەڵگـەی کـوردی نییـە بەتەنـێ، بەڵکـو بەهـا گەردوونییەکانـی مرۆڤـە. ئـەو کاردانەوانەی لە هەمبـەر ئینکارکردنی ناسـنامەی کـورد و کوردسـتان نیشـاندەدرێن، لەڕاسـتیدا کاردانـەوەن لـە بەرانبـەر گوشـار، زوڵـم، ئەشـکەنجە، راگواسـتن، کوشـتار و کۆمەڵکـوژی. بەرگـری لــە ئــازادی، یەکسـانی و شـکۆی نەتەوەیـی بنچینەییتریـن ئـەو بەهایانـەن کـە مرۆڤایەتـی بـە بایەخـەوە لێیـان دەڕوانـێ. ناکـرێ هـەر بیریـش لـەوە بکرێتـەوە کـە ئـەو کەسـانەی نکۆڵـی لـە ناسـنامەیان دەکرێـت، نـاوی نەتـەوە و وڵاتیـان قەدەخـە دەکـرێ، زمانیـان قەدەخەیـە و شـکۆیان شـکێنراوە، مافـی ئەوەیـان نەبـێ خەبـات بـۆ بەدەسـتهێنانی بەها زەوتکراوەکانیـان بکـەن. هەڵەیـە ئەمـە وەک نەتەوەپەرسـتی و نەژادگـەری وێنـا بکرێـت. ئەمانـە بەهاگەلێکـن زۆر لـە سـەرووی نەتەوەپەرسـتییەوە. مـرۆڤ لەبەرئـەوەی مرۆڤـە، خاوەنـی بەهاگەلـی وەک نـاو و نیشـان و ناسـنامەیە. هـەر کاتێـک گـەل و نەتەوەیەکـت لـەو بەهـا بنچینەییانـە داماڵـی، هـەر کاتێـک ئـەو تایبەتمەندییانـەت لـێ زەوتکـردن، بێگومـان ئەمە دەرئەنجامـی زۆر ترسـناکی دەبێـت.
لە کوردسـتان سیاسـەتێکی نەژادپەرسـتانە و داگیرکارانـە جێبەجێ دەکرێت کـە لـە دنیـادا هاوشـێوەی نەبـووە. لـە دنیـادا هیـچ نەتەوەیـەک هێنـدەی نەتـەوەی کـورد نکۆڵـی لـە مافـە بنچینەییەکانـی نەکـراوە. چەپـە تـورک و مارکسیسـتەکان کێشـەیەکی وەهایـان نییـە. بـا وای دابنێیـن کـە تورکیـا لەلایـەن هێـزی دوژمنـەوە داگیرکـراوە، ئـەو دوژمنـە هاتـووە نکۆڵـی لـە زمـان و کولتـووری تـورک دەکات و زمـان و کولتـووری خـۆی بەسـەر تورکـدا سـەپاندووە. بـە زەبـری گوشـار، زوڵـم، بەندکـردن، ئاوارەکـردن،

کوشـتار و هەمـوو جـۆرە شـێوازێکی توندوتیژانـەی بەکارهێنـاوە، ئایـا تورکـە مارکسیسـتەکان و تورکـە چەپەکان لـە هەمبـەر ئـەم دۆخـەدا چۆن ڕەفتـار دەکـەن. شـتێکی بـاش دەبێـت ئەگـەر تورکـە مارکسیسـتەکان و تورکـە چەپەکان بیـر لـە دۆخێکـی وەهـا بکەنـەوە. ئەمـە لەکاتێکـدا دۆخـی کوردسـتان زۆر لـەوە قورسـتر و سـەختترە کـە ویسـتم لـە سـەرەوە بـە کورتـی باسـی بکـەم.

"بەختـەوەرە ئـەوەی دەڵـێ کـوردم" کـورد وا دەڵێـن؟ کـورد دەڵێـن "ئەوەی دەڵـێ کـوردم بەختـەوەرە"؟ کـەس هەیـە بانگەشـەیەکی وەهـای کردبێت؟ "کوردێـک بارتەقـای هەمـوو دنیایـە" ، "شـانازی بـە کوردبوونـەوە بکـەن، کار بکـەن، متمانەتـان هەبێـت" کـەس هەیـە ئـەم دروشـمانە بـە دەنگـی بـەرز بڵێتـەوە؟ کـەس هەیـە هەمـوو سـپێدەیەک "کـوردم، سەرڕاسـتم، کارامـەم..." پـڕ بـە گەروو بـە منداڵانی تورک بڵێتەوە؟ ئاشـکرایە کە هیچکام لەمانـە نیـن. کـورد ئامانجیـان پاکتاوکردنـی تـورک، عـەرەب و فـارس نییـە. بەڵکـو خەبـات دەکـەن لـە دژی ئـەو زیهنیەتـە نەژادپەرسـت و داگیـرکارەی کـە نکۆڵـی لـە ناسـنامەی نەتەوەییـان دەکات. لـە بەرانبـەر دەوڵەتانـی تـورک، عـەرەب و فارسـدا کـە کوردیـان چەوسـاندووەتەوە، خەبـات بـۆ ئـازادی و یەکسـانی دەکـەن. هەوڵـی پاراسـتنی بەهـا بنچینەییـە مرۆییەکان دەدەن کـە هەڵقـوڵاوی مافـی مرۆڤـن. دەلالەتـی نەرێنییـان داوەتـە پـاڵ نەتەوەخـوازی و بـە "نەژادپەرسـتی" نـاوی دەبـەن، دەڵێـن "ڕوانگەی تەسـکی نەتەوەپەرسـتی چارەسـەر نییـە"، بەم جۆرە قسـانە دەیانـەوێ خەباتی ئەوان بچـووک بکەنـەوە. بـە کەمگرتـن و بچووککردنـەوەی خەباتـی خەڵـك لە دژی گوشـار، زوڵـم و ئینکارکـردن و پێشخسـتنی خەباتێکـی شـکۆمەندانە لە دژی ئایدیۆلۆژیایەکـی پشتئەسـتوور بـە درۆ، قابیلـی لێتێگەیشـتن نییـە. ئـەوەی لێـرەدا پێویسـتە بخرێتـە بـەر بـاس و ڕەخنـە بکرێـت، سیاسـەتی گوشـار و زوڵمـە لەسـەر کـورد. پڕۆسـەیەکە پەیوەسـت بـە ئینکارکردنـی ناسـنامەی کـورد و کوردسـتان. ئـەو تورکـە مارکسـی و چەپانـەی ڕەخنـە لـە ئێمـە دەگـرن، هیـچ شـتێک لـە هەمبـەر سیاسـەتی ئینکارکـردن و جێبەجێکردنـی

لەلایـەن ئایدیۆلۆژیـای فەرمییـەوە ناڵێـن... ئێمـە لـە نووسـینەکانماندا ڕەخنەمـان لـە زانکـۆ تورکییـەکان، میدیـای تورکـی، پارتـە سیاسـییە تورکییەکان، دامـەزراوەی دادگەریـی تورکیا و... تـاد گرتـووە. ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی ناتوانـێ لەژێـر کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای کەمالیـزم دەربچێـت، ڕەخنە لـە ئایدیۆلۆژیـای کەمالیسـتی ناگرێـت، بۆیـە ڕەخنەمـان لـە چەپـی تـورک، بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتیی تـورک و تورکە مارکسیسـتەکان گرتـووە. ئەو تورکـە چـەپ و مارکسیسـتانەی ڕەخنەمـان لێدەگـرن، کێشـەیەکی جدییـان لەگـەڵ ئـەو ئایدیۆلۆژیا فەرمییـە و ئـەو زانکـۆ، میدیـا و پارتـە سیاسـییە تورکیانـە نییـە کـە ئـەو ئایدیۆلۆژیایەیـان هێناوەتـە گـۆڕێ و تەنیـا ڕەخنـە لـە ئێمـە دەگـرن: "نەتەوەپەرسـتی دەکـەن" ، "لـە ڕوانگـەی تەسـکی نەتەوەپەرسـتییەوە دەڕوانـن" ، "نمایشـی نەژادپەرسـتیی توندوتیژانـە دەکـەن" ئـاوا دەڵێـن. ئـەو چەمکانـەی بەکاریدەهێنـن هەرچییـەک بـن، چەنـدە جەخـت لەسـەر ئایدیۆلۆژیـای مارکسیسـتی بکەنـەوە، چەنـدە چەمکگەلـی وەک خەباتـی چینایەتی و ئینتەرناسـیۆنالیزم و یەکێتیی کرێکاران بەکاربهێنـن، ئـەوان هـەر لـە ڕیـزی ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـدان و پشـتیوانی لـە دەوڵـەت دەکـەن.

دەشـێ ئـەوەش بگوتـرێ کـە بەشـێک لـە کـورد، کـورد لـە سـەرووی هەمـوو نەتەوەکانـی دیکـەوە دەبینـن. ئەگـەر وا دابنێیـن کـە کەسـانێکی کـورد هـەن لەسـەر ئـەو بڕوایـەن، دەبـێ وەکـو خسـتنەڕووی هەسـتێک سـەیری بکەیـن لـە بەرانبـەر سیاسـەتی نەژادپەرسـتی و داگیـرکاری. چونکـە کـورد خاوەنـی میکانیزمـی پاکتاوکردنـی تـورک، عـەرەب و فارس نیـن. ئەمە لەکاتێکـدا کـە دەوڵەتـی تـورک خودانـی ئـەم میکانیزمەیـە. بەڕێوەبردنـی گشـتی، بیرۆکراسـیەتی دەوڵـەت، سـوپا، پۆلیـس، ڕۆژنامـەکان، ڕادیـۆ، تەلەفیزیـۆن و دامەزراوەکانـی چـاپ و پەخـش، لـە باخچـەی سـاوایانەوە تـا بـە دواناوەنـدی و زانکـۆ دەگات، سـەرجەم ناوەندەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن و دامـەزراوە ئاینییـەکان، دامـەزراوە کرێکارییـەکان، هەموویـان بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە وەگەڕخـراون. بۆیـە ئـەوەی پێویسـتە

ڕەخنـەی لێبگیرێـت و پاشەکشـەی پێبکرێـت، ئـەو تێگەیشـتنە گوشـارهێن و داگیرکارییـەی دەوڵەتـە. سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، ئـەو بەهایانـەی کـە لەپێناویانـدا ئـەو هەمـوو خەباتـە کـراوە، دەکـرێ هەمـوو ئـەو بەهایانـەی پەیوەسـتن بـە ناسـنامەی کوردبوونـەوە، وەک بەهـای نەتەوەیـی قەبـووڵ بکرێـن.

- 6 -

دەکــرێ کاریگەریــی چەپــی تــورک و سۆسیالیســتی تــورک لەســەر گەشــەکردنی چەپــی کــورد بــە دوو بــەش بخەینــە بــەر بــاس. هیــچ گومانێــک لــەوەدا نییــە کــە بەشــێوەیەکی ئەرێنــی کاریگــەری هەبــووە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویســتە کاریگەرییــە نەرێنییەکانیشــی نادیــدە نەگریـن. کاریگەرییـە نەرێنییـەکان، بـە تایبـەت وا پێویسـتە لـە ڕوانگـەی ئـەو مانایانـەوە بێـت کـە لـە نەتەوەپەرسـتی بارکراون. ئـەوەی ڕاسـتی بێت چەپی تـورک و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتیی تـورک لەوەتـەی هەیـە، بـەردەوام نەتەوەپەرسـت بـووە. بـەڵام کاتێـک کـورد دەیـەوێ دووبـارە ببێتـەوە بـە خاوەنـی ئـەو بەهایانـەی لێـی زەوتکـراون، ئـەوا بـە نەتەوەپەرسـتی خەتاباری دەکـەن. پێشـنیازی ئینتەرناسـیۆنالیزمیان بـۆ کـورد کـردووە. ئایا کەسـێک دەتوانێـت ئینتەرناسیۆنالیسـت بێـت کـە ناسـنامەی و بەهـا نەتەوەییەکانـی زەوتکرابـن؟ تێگەیشـتنێکی وەهـا بـۆ ئینتەرناسـیۆنالیزم دەکـرێ ڕیشـەدار بێـت و بمێنێتـەوە؟ دەکـرێ بەبـێ یەکسـانی، برایەتـی و یەکگرتوویـی پێکەوە بسـازێن؟ چەپـی تـورک و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی بـەم بیرکردنـەوە و هەڵوێسـت و کارانـە ویسـتوویانە هەژموونـی خۆیـان بەسـەر چەپـی کـورددا بسـەپێنن. ئـەم هەژموونـە ئیتـر ڕووخـاوە. لەگـەڵ پێشـکەوتنی چەپـی کـوردی داڕووخـا. ئـەو شـڵەژانەی نێـو چەپی تورکیـش زیاتـر لـەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ. وای بـە چـاک دەزانـم ئەمـە بـە نموونەیەکـی بەرجەسـتە ڕوونبکەمـەوە.

کتێبێـک هەیـە کـە دانیشـتنەکانی دادگایـی پارتـی کرێـکاری دێهاتـی تورکیـا لـە 12ی ئەیلـوول لەخۆدەگـرێ. ناونیشـانی کتێبەکە پارتی کرێـکاری دێهاتی تورکیا "تۆمەتنامـە و لێپرسـینەوە" یـە. کتێبەکـە تۆمەتنامەی 24ی نیسـانی 1981ی داواکاری گشـتیی دەسـەڵاتی دۆخی نائاسایی و "لێپێچینەوە" لەگەڵ سـکرتێری گشـتیی پارتەکـە دۆغـو پەرینچـەک لەخۆدەگـرێ. داواکارینامەکە مێـژووی 29ی حوزەیرانـی 1981ی لەسـەرە. پێشـەکیی کتێبەکـە لەلایـەن پارێـزەر حوسـێن گۆکچەئەسـڵان نووسـراوە کـە مێـژووی 31ی ئابـی 1981ی لەسـەرە. کتێبەکـە لـە ئەنقـەرە چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە. مێـژووی بڵاوکردنەوەکـەی دیـار نییـە. رەنگـە پاییـزی سـاڵی 1981 بێـت. دەمانـەوێ هەندێـک برگـە لـە کتێبەکـە وەربگریـن:

روونترین وەڵام بۆ تۆمەتی رووخاندنی دەوڵەت:
"بژی تورکیا دروشمەکەمانە"
"ئاڵای نەتەوەییمان لە هەموو رێپێوانێکماندا شەکاوەتەوە"

"تێگـەی پاراسـتنی دەوڵـەت لـە هەرەشـە دەرەکییـەکان، لەلایـەن پارتەکەمانـەوە، لـە دژی رەفتـاری دژ بـە ئـاڵا ئەسـتێرەدارەکەمان کـە رەمـز و نیشـانی کۆمـاری تورکیایـە، وەسـتاوین. لـە هەمـوو کۆبوونەوەکانمانـدا ئـاڵای نەتەوەییمـان هەڵکـردووە، لـە هەمـوو رێپێوانێکـدا بەسـەر سـەرمانەوە بـووە و لـە دژی هەمـوو ئەوانـەی رەخنـە لـەو هەڵوێسـتەمان دەگـرن، خەباتێکـی ئاشـکرای ئایدیۆلۆژیمـان کـردووە..." (ل. 125-124)

دروشـمی "تورکیـای سـەربەخۆ" لـە دەیـەی شەسـتەکان و ناوەڕاسـت و کۆتایـی دەیـەی حەفتاکانـدا یەکێک بوو لەو دروشـمانەی کـە زوو زوو تورکە چەپـەکان، بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی تـورک و تورکـە مارکسیسـتەکان لەسـەر زاریـان بـوو. پێویسـتە هەڵوەسـتە لەسـەر مانـای تورکیـا بکرێـت. کۆمـاری تورکیـا نـاوی دەوڵەتێکـە کـە لـە سـاڵی 1923 دامـەزراوە. ئـەوەش دەزانرێـت کـە بەشـێکی گـەورەی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی

سـنووری ئـەو دەوڵەتـەدا ماوەتـەوە. ئـەو پرۆسـەیەی کـە بـە لـۆزان دەگات، واتـە لەنێـوان سـاڵانی -1915 1925دا، لەسـەر خاکـی کوردسـتان هەوڵێکـی ئیمپریالیسـتی وەگەڕخـراوە بـۆ دابەشـکردنی خاکـی کوردسـتان. کۆنفرانسـی لـۆزان بەڵگەنامەیەکـە بـۆ چەسـپاندنی ئـەو دابەشـکارییە ئیمپریالیسـتییە. کەمالیسـتەکان لـەم دابەشـکارییەدا پشـکێکی گەورەیـان بەردەکەوێـت. ئەمەشـیان بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی بەریتانـی و ئیمپریالیزمـی فەرەنسـی بەدیهێنـا. بەمشـێوەیە بەشـێکی گـەورەی وڵاتـی کوردسـتان کەوتـە نێـو کۆمـاری تورکیـاوە کـە تـازە دامەزرابـوو. بەهـۆی ئـەم دابەشـکارییە، تورکیـا کوردسـتانێکی هەیـە، عێـراق، ئێـران و سـووریاش هەریەکـە کوردسـتانێکیان هەیـە، کەچـی کـورد کوردسـتانیان نییـە. ئایـا دروشـمی "بـژی تورکیـا" بـە مانـای قەبووڵکـردن، پەسـەندکردن و درێـژەدان بـە دۆخـی دابەشـکردن و بەشـکردنی ئیمپرالیسـتی نییـە؟ لـە هەڵوێسـتێکی وەهـادا، لـە جەختکردنەوەیەکـی وەهـادا بـۆ درێـژەدان بـەم دۆخـەی ئێسـتا "ئینتەرناسـیۆنالیزم" دەکەوێتـە کوێـوە، خەباتـی چینایەتـی لەکـوێ دەوەسـتێ؟ لەڕاسـتیدا جێـی خۆیەتـی ئامـاژە بـە خاڵێکـی گرنـگ بکرێـت. تورکـی چـەپ و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی تـورک، کوردسـتانیان وەک وڵات قەبـووڵ نەکـردووە. هەمیشـە لـە چوارچێـوەی "تورکیـا" دا کوردسـتانیان لەبـەر زەیـن بـووە. تورکی چـەپ، بزووتنەوەی سۆسیالیسـتی تـورک و تورکـە مارکسیسـتەکان لەهەمبـەر دابەشـکردن، پارچەکردنـی کوردسـتانەوە هەڵوێسـتێکی جددییان نەبووە و لەوبارەیەوە نزیکایەتییەکی رژدیـان پەیوەسـت بـەو باسـە نەنوانـدووە. ئـەوەش روونـە کـە لـە بنەچـەی هەمـوو ئەمانـەدا ئایدیۆلۆژیای فەرمـی دەوڵـەت و ئایدیۆلۆژیـای کەمالیسـتی بەشـێوەیەکی چـڕ و بەرفـراوان کاریگـەری هەبـووە. لـە دۆخێکـی وەهـادا ئەوانـەی دروشـمی "تورکیـای سـەربەخۆ" دەڵێنـەوە، دروشـمی "کوردسـتانی سـەربەخۆ" بـە نەتەوەپەرسـتی، نەژادپەرسـتی و شـۆڤێنیزم دەزانـن، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە بنەمـای بیرکردنـەوەی ئـەوان چەنـدە لەلایـەن ئایدیۆلۆژیای فەرمییەوە شـێوێنراوە. لە هـەر جۆرە

کۆبوونـەوە و گردبوونەوەیەکـدا ئـاڵای نەتەوەیـی خۆتـان دەشـەکێننەوە و وێـڕای ئـەو هەڵسـوکەوتەش خۆتـان بە "شۆڕشـگێڕ و ئینتەرناسیۆنالیسـت" دەزانـن، بـەڵام ئەوانـەی لەپێنـاو ئاڵایەکـدا خەباتـی مـەرگ و ژیـان دەکـەن، بـە نەتەوەپەرسـت، بیـری تەسـکی نەتەوەچێتـی و نەتەوەپەرسـتی توندوتیـژ دەزانـن.

دواتر "لێپێچینەوە" بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت:

پارتـی کرێکاریـی دێهاتـی تورکیـا TiKP: "لەگـەڵ ئەوانـەی بێڕێـزی بـە مارشـی سـەربەخۆیی (مارشـی ئیسـتیقلال) دەکەن ناسـازێین"

"پارتەکەمـان لـە دژی ئەوانـەی بێڕێزییـان بـە مارشـی نەتەوەیـی کـردووە، هەمیشـە لـە سـەنگەری پێشـەوەدا بـووە، لـەم رووەوە خەباتێکـی ئایدیۆلـۆژی کـردووە و ئەوەیشـی بـە ئاشـکرا گوتـووە کـە لەگـەڵ ئەوانـەی رێـز لـە مارشـی سـەربەخۆیی ناگـرن ناسـازێت. سـەرجەم کۆنگرەکانیشـمان بـە مارشـی سـەربەخۆیی دەسـتپێکردووە..." (ل. 125)

تـۆ بڵێـی لـەم روونکردنەوانـەدا خواسـتگەلی وەکـو ئینتەرناسـیۆنالیزم، خەباتـی چینایەتـی، یەکێتـی کرێـکاران... لەکـوێ جێـی دەبێتـەوە؟

"... TiKPبەهێزکردنـی گیانـی نەتەوەیـی و 'ئەرکـی ناوەندێتـی' قبـووڵ کـردووە"

"... چـۆن دەکـرێ پارتێـک کـە سیاسـەتی نەتەوەیـی هێنـدە بەهێـز بێـت، بانگەشـەی ئـەوە بکرێـت گوایـە هانـی پارچەکردنـی سـوپا دەدات؟"

پارچەکردنی سوپا کە هیچ، TiKP:

1. بەرگـری لـەو هۆشـیارییە دەکات کـە لـە دژی چالاکیـی وێرانـکاری بـە ئامانجـی پارچەکردنـی سـوپا دەوەسـتێتەوە.

2. لەگـەڵ ئەوەیـە کـە پەیوەنـدی نێـوان خەڵـک و سـوپا و هەروەهـا پەیوەنـدی و یەکانگیریـی نێوخـۆی سـوپا بەهێـز بکرێـت.

3. خوازیاری بەرزکردنەوەی ورەی هێزە چەکدارەکانە.

"... شـەڕی مۆدێـرن شـەڕە بـە مانـا بەرفراوانەکـەی. بەتایبـەت شـەڕی دژی هێـزە سەردەسـتەکان کـە پێویسـت دەکات خەڵکـی بـۆ چەکـدار بکرێـت".

لەڕاسـتیدا سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا، سـەرتیپ کەنعـان ئێڤـرەن لـەو هەڤپەیڤینـەی لـە ڕۆژنامـەی ئایدنلـک لەگەڵـی کـراوە، دروسـت ئـاوای گوتـووە:

'... پەرەپێـدان و هاندانـی پاراسـتنی هاودەنگـی لەنێـو خەڵکـدا تابلێـی پرسـێکی ژیانییـە...'

وەک چـۆن سـەرۆک ئەرکانی گشـتی ئامـاژەی بـۆ کـردووە، بـۆ تورکیا جگـە لـە ئامادەکردنـی خەڵـک بـۆ پاراسـتنی هەمەلایـی، هیـچ بیرکردنەوەیەکـی دیکـە دروسـت نییـە" (ل. 127-125)

"... تاکـە پارتێـک کـە پشـتیوانی لـە وانەکانـی پاراسـتنی نەتەوەیـی کـردووە، پارتـی TiKP بـووە".

TiKP لـە دژی ئـەو هەڕەشـانەی لـە باکـوورەوە هـەن، بەهێزکردنـی سـوپای کردووەتـە پرسـێکی خەباتگێـڕی. پارتەکەمـان ئـەوەی دەرخسـتووە کـە دروشـمی 'لـە بـری چـەک دایەنگـە' مانـای چییە، لـە بەرانبـەر ئـەم ڕوانگەیەدا پارتەکەمـان جەختـی لەسـەر چەکدارکردنـی تورکیـا و مۆدێرنکردنـی سـوپا کردووەتـەوە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە.

دیسـانەوە پارتـی TiKP تاکـە لایـەن بـووە کـە پشـتیوانی لـە گوتنـەوەی وانەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی کـردووە. پارتەکەمـان لـە ڕاگەیەندراوێکـدا ئـەوەی بـۆ ڕای گشـتی ئاشـکرا کـردووە کـە "بـە دڵخۆشـییەوە" پێشـوازی لـە زانیارییەکانـی پاراسـتنی نەتەوەیـی و ڕێگەکانـی بڵاوکردنـەوەی دەکات. لـەو ڕاگەیێنـراوەدا ئـەم ڕوانگەیەمـان خسـتووەتەڕوو:

"پێویسـتە هـەر چـل و پێنج ملیۆن هاونیشـتمانییەکەی تورکیا، لە سـەرووی هەموویانـەوە گەنجـان، بـە گیانـی بەرەنـگاری پـەروەردە بکرێـن، ئەرکـی ئێمەیـە هەسـتی نیشـتمانپەروەری و ڕۆحیەتـی پێکەوەیـی و یەکسـانی و پاراسـتنی وڵات لـەڕووی فکـری و پەروەردەیـی بەهێـز بکەیـن. ئـەوەی دوژمـن پەشـیمان دەکاتـەوە پاراسـتنی نەتەوەیـی و سـووربوونە لەسـەر خەبـات... پارتەکەمـان هـەر بـەم ڕاگەیەنـدراوە نەوەسـتا، بە سـووربوونەوە کەمپەینـی وانەکانـی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی وەگەڕخسـتووە".

"... پارتەکەمـان نـەک هـەر بیـری لـە پارچەکردنـی سـوپا نەکردووەتـەوە، بگـرە ناونیشـانی ئەوانەیشـی دیـاری کـردووە کـە سـوپایان وەک دوژمـن نـاوزەد کـردووە" (ل. 129-128)

لێـرەدا زۆر بـە روونـی هەسـتی نەتەوەپەرسـتی دیـارە و بـە گرنگییـەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە. لـە بەرانبـەر ئـەو راسـتییەی کـە کـورد نەتەوەیەکـی چەوسـاوەیە و لەگـەڵ تورکـەکان لـە چوارچێـوەی هەمـان سـنووردا دەژیـن، ئایـا "بەهێزکردنـی هەسـتی یەکسـانی و پێکەوەبـوون" بـە چ ئامانجێکـە؟ ئینتەرناسـیۆنالیزم، خەباتـی چینایەتـی و یەکێتـی کرێـکاری... ئـەو تێگەیشـتن و فکـرە لەکوێـدا جێگـەی دەبێتـەوە؟ پارتـی TİKP کـە هەمیشـە بـە هەسـتی نەتەوەپەرسـتییەوە سیاسـەتی کـردووە، هـەردەم داوایـان لـە کـورد ئـەوە بـووە لەسـەر هێڵـی ئینتەرناسـیۆنالیزم بمێننـەوە. چەمکگەلـی وەک ئینتەرناسـیۆنالیزم و یەکێتـی کرێـکاری چەمکگەلێـک نیـن دژایەتییـان بکرێـت. بـەڵام بۆچـی لەبـارەی کێشـەی کـوردەوە هیـچ کاتێـک هاوئاهەنگیـی ئینتەرناسیۆنالیسـتانە پێکنەهـات، بۆچـی دەوڵەتـە کرێـکاری و سۆسیالیسـتەکان لەجیاتـی پشـتیوانی لـە کـورد کـە لەژێـر سـتەمی داگیرکاریـی نێودەوڵەتیـدان، چـوون پـاڵ ئـەو دەوڵەتانـەی کـورد دەچەوسـێننەوە. ئەمـە باسـێکە پێویسـتە بیـری لێبکرێتـەوە.

"لە دژی تیرۆر پشتیوانیمان لە دەسەڵاتی باری نائاسایی کردووە:

"... لـە هـەر شـوێنێک شـانە تیرۆریسـتەکان زۆرداری بەرانبـەر خەڵک بنوێنن، پشـتیوانی لـە دەسـەڵاتی بـاری نائاسـایی دەکەیـن و لـە هەرکوێیەکیـش ئـازادی خەڵـك بـە ئامانـج بگیرێـت، رەخنـە لـە دەسـەڵاتی بـاری نائاسـایی دەگریـن".

"پێشـهاتەکان دەریانخسـت ئـەو هاتوهـاوارەی لـە 12ی مارتـدا بەنـاوی چەپـەوە کـراوە، لەگـەڵ واقیعـدا ناگونجـێ. ئەوانـەی دەسـەڵاتی بـاری نائاسـاییان لەگەڵ پارتی نەتەوەپەرسـتی MHP خسـتە یەک تای تەرازووەوە، تەنیـا و تەنیـا خزمەتیـان بـە ئامانجەکانـیMHP کـرد..." (ل. 130-129)

"ناتۆمـان وەک هاوکارێکـی گرنـگ دانـاوە لـە بەرانبـەر هەڕەشـەکانی

سـۆڤیەت". "نـەک تەنیا لەگـەڵ بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانـی تورکیاین، بەڵکـو لەگـەڵ ئەوەشـداین سـوپای ئەوروپـای رۆژئـاواش بەهێـز بکرێـت".
"ئامانجی ئەوانەی رەخنەیان گرتووە بەهێزکردنی سوپایە".
"... لـە سـایەی کەمپەینـی کۆنتـرا گەریـلا [3]ی ئێمـەوە دەوڵـەت لـە دژی هێـزە نایاسـاییەکان رێوشـوێنی گرتەبـەر".
"12ی ئەیلـوول رێگـەی خۆشـکرد بـۆ روونبوونـەوەی زۆر راسـتی لەبـارەی ئانارشـی و تیـرۆرەوە. رۆشـنکردنەوەی بابەتـی کۆنتـرا گەریلاش حەقیقەتی MHP، ئاپۆچییـەکان و رێکخـراوە تاوانکارییـە چەپەکانـی دەرخسـت، ئەمانـە دەرخـەری ئـەو راسـتییەن کـە ئێمـە پارێـزگاری لـە راسـتییەکان دەکەیـن و خزمـەت بـە دیموکراسـی و وڵاتەکەمـان دەکەیـن".
"نابێ رەخنە لە چالاکییە نایاساییەکان بگرین؟"
"... هێـرش و کوشـتن دەرهـەق بـە هەرکەسـێک و لایەنێـک کرابێـت، پارتەکەمـان سـەرکۆنەی کـردووە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا گوێمـان بـە MHP نـەداوە کـە هەمـوو رۆژێـک لـەو رۆژنامەیـەی دەریدەکـەن، پەلامـار دەدرێیـن و دەنگـۆ لـە دژی ئێمـە بڵاودەکەنـەوە. ئەگـەر ئێمە لەو هێرشـانە ترسـاباین، نـە تۆمەتنامـەیMHP و نـە تۆمەتنامـەی ئاپۆچییـەکان بـەم پێگەیشـتوویی و تۆکمەییـەوە دەردەکـەوت" (ل. 137-132)
بـەر لـە 12ی ئەیلـوول، TİKP لەبـارەی "کۆنتـرا گەریـلا" کەمپەینێـک رادەگەیەنێـت و خزمەتـی زۆر بـەو بـوارە دەکات. بـەڵام قەبووڵکردنـی تۆمەتنامەکـەی دەسـەڵاتی بـاری نائاسـایی و وەئەسـتۆگرتن و خسـتنەڕووی ئـەوەی کـە تۆمەتنامەکـە بەشـێوەیەکی زۆر "تۆکمـە" ئامادەکـراوە، هەڵوێسـت و سـەرنجێکی زۆر هەڵەیە. TİKP لەبارەی کێشـەی کوردیشـەوە دەڵێـت:
"پارتەکەمان لە دژی جیاکاری و دابەشکردن، هەڵوێستی مکوڕی هەبووە'.
... "تۆمەتنامـەی ئاپپۆچییـەکان" کـە داواکاری گشـتی سـەرباری دەسـەڵاتی

3 - هێزێکە لەلایەن دەوڵەتەوە لە دژی گەریلا پێکهاتووە.

باری نائاسایی لە دیاربەکر ئامادەی کردووە، بەڵگەی سەلماندنی ئەمەیە. ئەو تۆمەتنامەیە لەسەر ئەو شتانە بنیاتنراوە کە ئێمە سەرنجمان خستووەتە سەر و دانە دانە ئاشکرامان کردوون..."

"ئەمڕۆ هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا هەیە..."

"ئەمڕۆ هەمووان دەزانن ئەو ئیمپریالیستەی هانی جیابوونەوەی کورد دەدات و کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەمان بۆ ئەوە هاندەدات، مۆسکۆیە..." (ل 139-138)

بزووتنەوەیەکی سیاسی کە دەڵێت "ئەو تۆمەتنامەیەی فەرماندەیی دەسەڵاتی باری نائاسایی لە دیاربەکر ئامادەی کردووە، لەسەر بنەمای ئەو راستیانەیە کە ئێمە ئاشکرامان کردوون"، ئایا گوتنی قسەگەلی وەک "یەکێتی شۆڕشگێڕی لەسەر بنەمای یەکسانیی گەلی کورد و تورک" بڕواپێکراو دەبێت؟ بزووتنەوەیەکی سیاسیی لەمجۆرە، پێشنیازەکانی لەبارەی ئینتەرناسیۆنالیزم، برایەتی، یەکێتی کرێکاری و خەباتی چینایەتی جێی متمانە دەبن؟

**- 7 -**

شۆڕشگێڕی، مارکسیستی، مارکسیست- لینینیستی بنچینەی باشن، بەڵام بەر لە هەر شتێک پێویستە چ وەک تاکەکەس، چ جوڵانەوەی سیاسی و پارتی سیاسی راستگۆبن. ئەو شتانەی لە کتێبی (تۆمەتنامە و لێپێچینەوەی TİKP) نووسران و خراونەتەڕوو، بۆ خۆرزگارکردن لە سزا نییە. ئەمە پارێزنامەی پارتێکی سیاسییە، بەرگرینامەی سیاسییە. سکرتێری گشتی بەڕوونی ئەوە دەڵێت کە پارتەکەی چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن لە رووداوەکانی دەوروبەریان تێدەگەن.

لەم دەربڕینە یەکانگیرانەدا لەگەڵ دەوڵەت هیچ خەباتێکی چینایەتی دەبینرێت؟ لە بیرکردنەوەیەک دا کە هێندە بە توونی پشتیوانی و هانی مەیلی فاشیستانەی دەوڵەت دەدات، جیاوازی چینایەتی لەکوێدا

جێـی دەبێتـەوە؟ لـەم شـرۆڤانەدا یەکسـانیی گـەلان و برایەتـی لەکوێدایـە؟ بزووتنـەوەی سیاسـی یـان پارتێکـی سیاسـی کـە هێنـدە نزیـک و یەکانگیـرە لەگـەڵ دەوڵـەت، دەوڵەتێـک کـە هێنـدە مەیلی فاشیسـتانەی هەیـە، چۆنە بـەردەوام داوایـان لـە کـورد ئەوەیـە خەباتـی چینایەتـی بکـەن؟

لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانـەوە، ئـەوەش دەزانیـن کـە ئـەم جوڵانـەوە سیاسـییە لـە گۆڤـاری Ufuklar دا چـی بڵاوکردووەتـەوە. (ئوفـوکلار) لـە دوای 12ی ئەیلـوول و لە سـەرەتای سـاڵی 1981 دەرچـوو. لەو گۆڤارەدا بە گەرمـی چەپڵەڕێزانـی ئـەو ئۆپەراسـیۆنانە دەکـرا کـە سـوپا دەیکردنـە سـەر پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK. سـاڵی 1981 لـە نزیکـەوە ئاگاداری ئەوە بوویـن کـە سـوپا و هێـزە ئەمنییەکانـی تورکیـا چ ئۆپەراسـیۆنێکی بـۆ سـەر پەکەکە دەسـتپێکرد. بەم بیرکردنەوە و روانگە و هەڵسـوکەوتانە "برایەتی" چـۆن دادەمـەزرێ؟ چـۆن یەکسـانی گـەلان بەدیدێـت؟ پێویسـتە چـەپ، شۆڕشـگێڕ و پارتـە شۆڕشـگێڕەکان راسـتگۆ و سەرڕاسـت بـن. ئـەو کـەس و جوڵانەوانـەی راسـتگۆ نیـن، تەنیـا چەمکەکانـی وەک ئینتەرناسـیۆنالیزم و خەباتـی چینایەتـی دەورووژێنـن و ئـەو متمانەیـەش کە بـەو چەمکانە هەیە، لـەق دەکـەن.

ئەگـەر سـەرنج بـدەن، ئـەم چەمکانـە زیاتـر ئـەو کاتانـە بەکاردەهێنـن کـە خەباتـی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتـی کـورد هەڵدەکشـێت. پێشـنیازی ئـەوە دەکـەن کـورد بـە ئاراسـتەی ئـەو چەمکانـە بجوڵێتـەوە و خەبـات بـکات. ئەمـەش یـەک تاکـە ئامانجـی هەیـە، دەیانـەوێ پێشـڤەچوونی خەباتـی نەتەوەیـی و رزگاریـی کۆمەڵایەتـی لەسـەر رێـی خـۆی لابـدەن و هەسـتی نەتەوەیـی بشـێوێنن.

**- 8 -**

هــەر کاتێــک باســی "راســتگۆیی" دێتەگــۆڕێ، بــە باشــی دەزانــم باســی رووداوێــک بکــەم:

ساڵی 1991 دوای مانگی ئەیلوول. لە زیندانی ناوەندیی ئەنقەرە. یەکێک لەو پرسانەی زۆر باسی لێوە دەکرا هەڵبژاردنی گشتی بوو. قۆناخی رێککەوتنی پارتی گەلی سۆسیالیستSHP وپارتی رەنجی گەلHEP بوو. بەپێی ئەو رێککەوتنەی نێوانیان، لە بەشێک لە شارە کوردییەکاندا مافی ئامادەکردنی لیستی بەربژێرەکان درایە HEP . لیستی دیاربەکر لەلایەن HEPـەوە ئامادە دەکرا. لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، فەهمی ئشکڵار، ساڵح سومەر، محەممەد کاهرەمان، سەدات یورتتاش... کەم کەمە ئەو ناوانە ئاشکرا دەبوون. لەم قۆناخەدا کەم کەمە لیستەکە جێگیر دەبوو.

لەو سەروبەندەدا هاوڕێیەکی پارێزەر لە بەرپرسانی پارتی سیۆسیالیست سەردانی منیان کرد. دۆغو پەرینچەک، سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی هێنابوو. داوایان کرد لە دیاربەکر، لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست ریزبەندی یەکەمی پاڵێوراوانم پێبدەن. گوتیان ئەگەر بمەوێ دەتوانم وەک بەربژێری سەربەخۆ لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەم. باسی لە سوودەکانی ئەم شێوازە کرد. بۆ نموونە دوای هەڵبژاردنم وەک پەرلەمانتار سوودی دەبێت بۆ ئازادکردنم لە زیندان. لە بەرانبەر ئەو پێشنیازەدا وەڵامەکەم روون و کورت بوو: "چەند توێژینەوەیەکم لەبەردەستە، ئامانجم ئەوەیە درێژە بەو هەوڵانە بدەم، بێگومان سیاسەت بوارێکی زۆر گرنگە، بەڵام بوارێک نییە زۆر سەرنجی من رابکێشێت. پێویستە هەر کەسێک هەوڵبدات ئەو کارەی دەیکات بە باشترین شێوە بیکات. سیاسەتڤان پێویستە هێندەی دەکرێ بە چاکی سیاسەت بکات، لەسەر توێژەریش پێویستە هەوڵی نووسینی باشترین توێژینەوە بدات. من هیچ هۆگری و مەیلێکم بۆ سیاسەت نییە". هاوڕێیەکم داوای لێکردم دەستبەجێ وەڵام نەدەمەوە و بیری لێبکەمەوە. گوتی ئەگەر چەند رۆژێک بیری لێبکەمەوە چاکترە، بەڵام گوتم پێویست بە بیرلێکردنەوە ناکات و وەڵامەکەم روونە. سوپاسم کردن بۆ پێشنیازەکەیان. چەند بەرێزێکی ناسیاویش هەن کە

شـایەتی ئـەو گفتوگۆیـە بـوون.
بەسـەرهاتەکە بـە کورتـی بـەم شـێوەیە بـوو. هەرشـتێک ئیسـماعیل بێشـکچی نووسـیبێتی دیـار و لەبەرچاوانـە، بیرکردنـەوە، هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتی دیـارە. هەمـوو شـتێک روون و ئاشـکرایە. ئێـوە لـە 20ی ئۆکتۆبـەری 1991 دەتانـەوێ ئیسـماعیل بێشـکچی بکەنـە بەربژێـری ژمـارە یەکـی لیسـتی دیاربەکـر بـۆ هەڵبژاردنـی گشـتی. ئـەو پێشـنیازە لەگـەڵ ئەو راسـتییانەی سـەرەوە وێـک نایێنـەوە. لـە بڵاوکـراوەی مانگەکانـی تشـرینی دووەمـی 1991 و کانوونـی یەکەمـی 1991 ئیسـماعیل بێشـکچی بـە "بیـری تەسـکی نەتەوەپەرسـتی" ، "نەتەوەپەرسـتی توونددوتیـژ" "شۆڕشـگێڕ"، "ئینتەرناسیۆنالیسـت"، "مارکسیسـت - لینینیسـت" تۆمەتبـار دەکـەن و رەخنـەی لێدەگـرن. ئەمـە هەڵسـوکەوتێکی دروسـتە؟ کەسـێک کـە ئـەو هاوەڵناوانـەی دەخەنـە پـاڵ، بۆچـی دەتانـەوێ بیخەنـە ریزبەنـدی یەکەمـی لیسـتەکەتانەوە؟ لەگـەڵ ئـەم پێشـنیازەدا چ حیسـابێکی بەرژەوەندیخوازانە کـراوە؟

**- 9 -**

لـە سـەرەوە ویسـتم ئـەوە بخەمـەڕوو کـە بەرپرسـانی TİKP چـۆن نەتەوەپەرسـتییان دەکـرد و چۆنیـش پێشـنیازیان بـۆ کـورد دەکـرد کـە ببنـە ئینتەرناسیۆنالسـیت و خەباتـی چینایەتـی بکـەن. ئـەوەی راسـتی بێـت تورکـە چـەپ و مارکسیسـتەکان مافـی ئەوەیـان نییـە نەتەوەپەرسـتی بکـەن. چونکـە ئـەوەی ئـەوان بەرگـری لێدەکـەن هـەر خـودی بزووتنـەوە سیاسـییە راسـتڕۆکان بەرگرییـان لێکـردووە. ئـەو چـەپ و مارکسیسـتانەی وەکـو لایەنگـری گەلانـی چەوسـاوە هەژمـار دەکرێـن، مافی ئەوەیـان نابێت نەتەوەپەرسـتی بکـەن.
بـەڵام کـورد بۆیـان هەیـە نەتەوەپەرسـت بـن. ئـەو شۆڕشـگێڕ و چەپانـەی سـەر بـە نەتەوەی چەوسـاوەن ئـەو مافەیـان هەیە. چونکە سـەرجەم مافە

دیموکراسـی و نەتەوەییەکانیـان ژێرپـێ خـراوە. ئـەم دۆخـە بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکان پێکهاتـووە. ئـەوە لەکاتێکـدا ئـەو بەهایانـەی کـورد خەباتـی لەپێنـاودا دەکـەن، بنەمـا بنچینەییەکانـی مافـی مرۆڤـن. تاوەکـو ئەوکاتـەی کـورد نەبنـە خاوەنـی ئـەو بەهـا بنچینەییانـە، ناتوانـن خەباتـی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتییـان پێشـبخەن.

**- 10 -**

لـە ژمـارە 42ی سـاڵی 1992ی گۆڤـاری(Özgürlük Dünyası- دنیـای ئـازاد) دا، نووسـینێک بەم ناونیشـانە: (ڕێبازی زانسـتی.. کێشـەی نەتەوەیی کورد و ئیسـماعیل بێشـکچی) بڵاوکراوەتـەوە. ئـەم بابەتـە کەسـێک بەنـاوی جیهان نووسـیویەتی و دەڵێـت: نووسـینەکانی بێشـکچی زانسـتی نیـن. بێشـکچی خەریکـی نەتەوەپەرسـتییە. جگـە لـە نەژادپەرسـتیی کـوردی هیـچ شـتێکی دیکـە ناکات. بێشـکچی ئینتەرناسیۆنالیسـت نییە، مارکسیسـت- لینینیسـت نییـە، شۆڕشـگێڕ نییـە. لەجیاتـی بەرژەوەنـدی چینـی کرێـکاری کـورد، باسـی بەرژەوەنـدی چینـی بـۆرژوازی کـورد دەکات.
لـە سـەرەوەش باسـم لـەو نووسـینانە کـرد کـە لـە ژمارەکانـی 23 و 24ی گۆڤـاری تیـۆری دا بڵاوکرابوونـەوە. ئـەو نووسـینەی گۆڤـاری (ئۆزگورلـوک دونیاسـی) هەمـان شـتی بـاس کـردووە. هەمـان بیرکردنـەوە بـە هەمـان واژەسـازی و بـە هەمـان واتـە. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت، ئەگـەر ناپێویسـتیش بێـت، بـەڵام دەبـێ دیسـانەوە ئامـاژەی بـۆ بکەینـەوە: بـەر لـە 12ی ئەیلوول جیاوازییەکـی زۆر لەنێـوان چەپـی تـورک و کـورد دا هەبـوو. ئـەو ڕێکخـراوە شۆڕشـگێڕە چەپانـەی لەسـەر کورد حیسـێب بـوون "کوردسـتان کۆڵۆنییە"، خۆیـان بـە خاوەنـی ئـەو تێـزە دەزانـن، لەسـەر ئـەو بنەمایـە پەرەیـان بـە هەڵوێسـت و ڕوانگـەی خۆیـان دەدا. هەرچـی ئـەو کـەس و ڕێکخراوانـەی لەسـەر چەپـی تـورک حسـێب بـوون، بـە دڵنیاییـەوە دژی تێـزی "کورسـتان کۆڵۆنییـە" بـوون. هاوشـێوەی (Kurtuluş- ڕزگاری)، بێگومـان لەمەشـدا

هەندێکیـان ریزپـەڕ بـوون، بـەڵام بەگشـتی ئـەوە ئاراسـتەکە بـوو. ئایـا ئەمـە رێکەوتـە کـە ئـەو جوڵانـەوە سیاسـییە چەپـە کـوردی و تورکییانـە لـە باسـێکی بەوشـێوەیە گرنـگ دا دژی یـەک بـن؟ بـا وای دابنێیـن، بـەر لـە 12ی ئەیلـوول، TİKPو TKP دوو بزووتنـەوەی سیاسـیی بـوون کـە زۆر جیـاواز بیریـان دەکـردەوە و زۆریـش ناکـۆک بـوون لـە چالاکـی و رەفتاریانـدا، بـەڵام لـە تێـزی "کوردسـتان کۆڵۆنییـە" بـە بەکارهێنانـی هەمـان چەمـک و مانـا، دژی دەوەسـتانەوە. ئایـا ئـەم رەفتـار و کاردانەوانـە لایەنێکـی هەژموونگەرایانـەی نەبـوو بـۆ سـەر جوڵانـەوەی نەتەوەیـی دیموکراتـی و شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتان؟ پێکەوەبـوون و هاوڕایـی ئـەو ئاراسـتە فکرییـە جیـاواز و هەڵسـوکەوتە پێکناکۆکانـە لـە بەرانبـەر کێشـەی کوردسـتان دا رێکەوتـە؟ ئـەو چەمکانـەی بەکاردەهێنرێـن هەرچییـەک بـن، هەرچەنـدە دەسـتەواژەی مارکسیسـتی- لینینیسـتی بەکاربهێنرێـت، ئەمـە هـەر وەک هەڵوێسـتێکی نزیـک لـە دەوڵـەت دەمێنێتـەوە. ئەوانـەی نـەک هـەر حاشـا لـە کۆڵۆنیبوونـی کوردسـتان، بگـرە بـە پێداگرییـەوە حاشـا لـە شـێوەگرتنی کۆڵۆنـی دەکـەن و لەپێنـاو ئەمەشـدا بـەردەوام مارکسیسـت- لینینیسـتی بەکاردەهێنـن، تەنیـا و تەنیـا شـکۆی ئـەو چەمکـە دەهێننـە خـوارەوە و ئەو متمانەیـەی بـەم چەمکانـە هەیـە دەلەرزێنـن. جگـە لەمـە ئـەوە روون و ئاشـکرایە کـە کوردسـتان لـە دۆخێکـی دەگمەندایە و لـە جیهانـدا هاووتای نییە .

کاتێـک نووسـینەکەی (س. جیهـان) لـە گۆڤـاری (ئۆزگورلـوک دونیاسـی) دەخوێنیتـەوە، لەگـەڵ ئـەو هێڵـە سیاسـییەی کـە لـە گۆڤـاری تیـۆری دەستنیشـانکراوە، واتـە لەگـەڵ هێڵـی سیاسـیی پارتـی سۆسیالیسـت پێکدژییەکـی زۆر دەبینرێـت، بـەڵام ئـەم دوو جوڵانـەوە سیاسـییە لەبـارەی شـتێک کـە تێیـدا کوردسـتان بەربـاس بێـت، هیـچ جیاوازییەکـی ئەوتۆیـان نییـە. پێموانییـە ئـەو دوو سیاسـەتەی لـە هەموو پـرس و باسـێکدا جیاوازن و کاتێـک بـاس دێتـە سـەر کوردسـتان وەکـو یـەک بیـر دەکەنـەوە تەنیـا رێکەوتێـک بێـت. ئـەو چەمکانـەی بەکاردەهێنرێن هەرچییەک بن، گوزارشـتە

لـەوەی کـە لايەنگـری ئايديۆلۆژيـای فەرمييـە. سـەرباری ئـەوەی هـەردوو بزاڤـە سياسـييەکە بـەردەوام بـاس لە مافی گـەلان دەکەن لـە دياريکردنی چارەنووسـی خۆيـان، بـەڵام کوردسـتان وەک وڵاتێـک قەبـووڵ ناکـەن. هێشـتا رەگورِيشـەکانی خۆيـان بـە ئايديۆلۆژيـای فەرمييـەوە نەپچڕانـدووە. دەڵێـن کوردسـتان کۆڵۆنـی نييـە. هـەر بەڵگەيـەک بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە کوردسـتان کۆڵۆنـی نييـە دەخەنـەڕوو، لـە راسـتيدا ئـەوە نيشـاندەدات کـە کوردسـتان تەنانـەت کۆڵۆنيـش نييـە. ديارينەکردنـی سـنوورێک بـۆ رەتکردنـەوە و حاشـاکردن، واتـە قەبووڵنەکردنـی کوردسـتان وەک وڵاتێـک. داننەنـان بـە ناسـنامەی کـورد و کوردسـتان سـەلمێنەری لايەنگرييـە بـۆ ئيمپرياليـزم و دابەشـکارييەکەی. زۆر لـەم بارەيـەوە نووسـرا و قسـە کـرا. هەمـوو شـتێک روون و ئاشـکرايە. شـتێکی دروسـت نييـە کـە ئـەو شـتانەی بـە روونـی ديـارن، بێيـت دووبـارە هەوڵـی سـەلماندنەوەيان بـدەی (دوو کـۆ دوو دەکاتـە چـوار) ئەمـە نموونەيەکـە کـە پێويسـتی بـە سـەلماندنەوە نييـە. نموونـە ماتماتيکييـەکان لەسـەر ئـەم نموونـە بنچينەييـە دادەنرێـن. ئـەوەی کـە کوردسـتان تەنانـەت کۆڵۆنيش نييـە، نموونەيەکی هاوشـێوەی ئـەو راسـتييەيە.

**- 11 -**

گرنگـە ئـەو کەسـەی رەخنـەی لێدەگيرێـت گـوێ بـە رەخنـە بـدات. ئـەو کەسـەی دەنووسـێت بێگومـان بـەڕووی رەخنـەدا کراوەيە. ئێمە لـە دەيەی شەسـتەکانەوە ئەمەمـان بـە بنەمـا گرتـووە: ئەوانەی گرنگيیان بە کێشـەی کوردسـتان داوە بـەرەوڕووی گوشـارێکی زۆر بوونـەوە. ئـەو گوشـارە کـە لەلايـەن پۆليـس، فەرمانگـە ميرييـەکان و قوتابخانەکانـەوە دەسـتيپێکرد، بەهەمـان شـێوە لەلايـەن دادگاکانـەوە بـەردەوام بـوو. ميديـای تورکيـا، زانکۆکانـی و حيزبـە سياسـييەکانی بەهەمـان شـێوە ئەوەيـان بـە مافـی خۆيـان دەزانـی و پشـتيوانييان لێدەکـرد. ئايديۆلۆژيـای فەرمييـان وەک خۆی

پەیڕەو دەکـرد و پڕوپاگەندەیـان بـۆ دەکـرد. ئەمـە بەتایبـەت بـۆ زانکـۆکان هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتێکی مایـەی قەبووڵکـردن نییـە. هەربۆیـە ئێمـە بـە سـووربوون و پێداگیرییـەوە ڕەخنەمـان لـەو دامەزراوانـە گـرت، بـەڵام ئـەو دامەزراوانـە، ئـەو پرۆفیسـیۆر و ڕۆژنامەڤـان و نووسـەرانەی سـەر بەو ناوەندانـە بـوون، ئـەو ڕەخنانـەی لـە خۆیـان گیرابـوو، ڕەوانـەی لای پۆلیـس و دادوەرەکانیـان کـرد. ئێمـە ڕەخنـە لـە زانکۆکانـی تورکیـا، میدیـای تورکیـا و حیزبـە سیاسـییەکانی دەگریـن. هەرچـی تورکـە مارکسیسـتەکانن، تەنیـا ڕەخنـە لـە ئێمـە دەگـرن و هیـچ شـتێک دەرحـەق بـەو دامەزراوانـە ناڵێـن کـە درێـژە بـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـی پشتبەسـتوو بـە درۆ دەدەن. ئێمـە بەهـۆی ئـەوەی ئـەوان پشـتیوانی لـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی دەکـەن و لەژێـر کاریگـەری کەمالیزمـدان، ڕەخنەمـان لـە تورکـە چەپـەکان و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتیی تـورک و تورکـە مارکسیسـتەکان گرتـووە.

لەبـارەی مـن دەڵێـن زانـا نییـە، شۆڕشـگێڕ نییـە، مارکسـی- لینینـی نییـە. هەندێـک جـار ئـەم شـتانە وەکـو تۆمـەت دەڵێـن. لەبـارەی زانابوونمـەوە هیـچ بانگەشـەیەکم نەکـردووە. بێگومـان مـرۆڤ هـەر کارێـک بـکات پێویسـتە بـە باشـترین شـێوە بیـکات. پێویستیشـە ئـەو کەسـەی توێژینـەوە دەکات، هەڵوێسـت و بۆچوونیشـی بـەو ئاراسـتەیەدا بێـت. بێگومـان ئـەم نووسـینانە بـەڕووی ڕەخنـەدا کـراوەن و بـە ڕەخنـە پێشـدەکەون.

کاتێـک باسـی زانسـت دێتەگـۆڕێ، پێـش هـەر شـتێک زانکـۆ دێتـەوە بیـری مـرۆڤ. وادادەنـرێ کـە ئـەوە زانکۆکانـن زانسـت بەرهـەم دێنـن. ئەمـە بـەلای کەمـەوە تێڕوانینێکـە شایسـتەی لێوردبوونەوە و پشـکنینە. بەڵام لە بەرهەمهێنانـی ئـەوەی پێیدەڵێـن ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی و پڕۆپاگەندەکانـی، ڕۆڵـی پرۆفیسـۆرەکانی زانکۆکانـی تورکیـا زۆر گەورەیـە. چەپـی تـورک، جوڵانـەوەی سۆسیالیسـتی و تورکـە مارکسیسـتەکان هەرگیـز ڕەخنەیـان لەمـە نەگرتـووە. ئـەو درۆ و ئینکارکردنـە هەرگیـز نەبوونـە بابەتـی ڕەخنـە، هەرچی ڕەخنەکانی ئیسـماعیل بێشکچیشـە ناکرێ بە ڕەخنەی ڕاشـکاوانە و جـدی و دروسـت دابنرێـن، بـەڵام ئێمە هـۆکاری ئەمە دەزانین. کێ پێویسـتی

بـە زانسـتە ئـەو بەرهەمـی دەهێنێـت. کـورد زۆر پێویسـتی بە زانسـتە. بەبێ ڕەخنەگرتـن لـە زانکۆکانـی تورکیـا، میدیـای تورکیـا و نووسـەرە تورکـەکان، واتـە بەبـێ ڕەخنەگرتـن لـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، ناتوانـن زانیـاری سـەبارەت مانـای پێگـەی خۆیـان، کوردسـتان و کۆمەڵگـەی کـوردی بەدەسـتبێنن. هەرچـی چەپـی تـورک و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتییە، هەرگیـز حیسـابی خۆیـان لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیای کەمالیسـتی پاک نەکردووەتەوە. بگـرە هەوڵ دەدەن لۆزانیـش وەک "پەیمانێکـی شۆڕشـگێڕانە" بـە کـورد بدەنـە قەبووڵ کـردن. ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕوونـە کـە لـۆزان پەیمانێکـی ئیمپریالیسـتی و داگیـرکاری بـوو لـە دژی خاکی کوردسـتان و ئەو دابەشـکاری و بەشـکردنەی خسـتە چوارچێوەیەکـی نێودەوڵەتییـەوە. لـە بـەردەم ئـەم ڕاسـتییەدا، چەند بارەکردنـەوەی مارکسـیزم- لینینیـزم، ئینتەرناسـیۆنالیزم و ئیمپریالیـزم تەنیا بـۆ پەردەپۆشـکردنە و ئـەم چەمکانـە لـە مانـای خۆیـان بەتـاڵ دەکرێنـەوە و ئـەو متمانەیـەی بـەم چەمـک و تێگانـە هەیـە، لـەق دەکـەن. گەلێـک ناتوانێ نەتەوەپەرسـت بێـت کـە بـێ ناسـنامە کـراوە و هەمـوو مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی زەوتکـراون. ئـەم گەلـە کـە هـەوڵ دەدات بـۆ مافـە زەوتکراوەکانـی خـۆی خەبـات بـکات، ناتوانـێ مانـای نەرێنـی بـۆ بخەیـە پـاڵ "نەتەوەپەرسـتی" و بـەم ڕێگەیـە کـەم و بچووکـی بکەیـەوە. کاتێـک خەبـات لەپێنـاو ناسـنامەی نەتەوەیـی ناوبنێیـت "نەتەوەپەرسـتیی کـورد" و "نەتەوەپەرسـتیی کـورد" لەگـەڵ نەتەوەپەرسـتیی تـورک بخەیتـە تـای تـەرازووەوە، ئـەوە مانـای تێنەگەیشـتنە لـە کرۆکـی کێشـەی کوردسـتان. ئەمانـە هەڵوێسـت و ڕوانگـەی دژن لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی دۆسـتانە لـە کێشـەی کـورد. هەڵبەتـە گەلێـک کـە چەوسـێنراوەتەوە، هەمـوو مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی زەوتکـراون و بـێ ناسـنامە کـراوە، پێویسـتییەکی زۆری بـە دۆسـت هەیـە، بـەڵام لـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـدا سـەختە دۆسـتایەتی لەگـەڵ کـورد پـەرەی پێبدرێـت. بتـەوێ لەنێـو خەباتـی نەتەوەیـی کوردسـتاندا بیـت و دۆسـتایەتی لەگـەڵ کورد بکـەی و لەهەمان کاتـدا ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی نارەحـەت نەکەیـت، شـتێکی نەکردەیـە.

ئەمـڕۆ چەنـد گۆڕانکارییـەک لـە روانگـە فەرمییەکـەدا روویانـداوە. بـاس لـە "راسـتینەیی کـورد" دەکرێـت، هەرچەنـدە نێوەڕۆکەکەشـی روون نییـە. دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت و حکومەتـی تورکیـا، جـار جـارە، بـە تایبـەت لەبـەردەم میدیـای جیهانیـدا، ئەگـەر بـە لالێوێکیشـەوە بێـت، نـاوی کـورد دەهێنـن. میدیـای تورکیـا ئیتر وشـەکانی کـورد و کوردسـتان بەکاردەهێنن. ئـەو پرۆفیسـۆرانەی سـەر بـە زانکۆکانـی تورکیـان، نـاوی کوردسـتان دەهێنـن و لەسـەر هێڵـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی وتـار دەنووسـن. ئـەم گۆڕانکارییـە چـۆن روویـدا؟ لـە سـەردەمێکەوە کـە دەسـتەواژەی "کێشـەی رۆژهەڵات"یـش بەکارنەدەهـات، هاتووینەتـە سـەردەمێک کـە نـاوی کـورد بـە ئاسـایی دەهێنرێـت و ئیـدی بـاس لـە کێشـەی کـورد دەکرێـت. ئـەم پەرەسـەندنە چـۆن هاتەئـاراوە؟ هەڵبەتـە ئەمـە لـە ئەنجامـی خەباتـی شۆڕشـگێڕانی کـورد بەدیهاتـووە. ئـەوەش روونە کـە بیرکردنـەوەی PKK و چالاکییەکانـی، لـەم رووەوە خاوەنـی تایبەتمەنـدی خۆیەتـی. هەڵبەتە تورکە چـەپ و مارکسیسـتە تورکـەکان کـە دەڵێـن "ئێمـە بوویـن وامانکـرد ئـەو ئەنجامـە بەدەسـتبێنن" و "بـۆ گەیشـتن بـەو ئەنجامـە خەباتمـان کـردووە"، ئەمـە لـە خۆهەڵکێشـان و لووتبـەرزی زیاتـر نییـە.

**- 12 -**

دەگوترێـت، جیاکاری وەک ئەمـە تورکـی چەپـە و ئـەوە کـوردی چەپـە، ئەمە هەڵسـوکەوتێکی شـۆڤینیانەیە. وایدادەنێـن کـە گـوزارەی "چەپـی تـورک" هەردووکیـان لەخۆدەگرێـت. لێـرەدا پرسـە سـەرەکییەکە دەردەکەوێـت. ئەمـە مانـای وایـە کوردسـتان وەک وڵاتێـک قەبـووڵ ناکـەن. "تورکیـا" بـە مانـای ئـەو وڵاتە دێت کـە تورکەکان تێیدا دەژین و کوردسـتان لەخۆناگرێت. کوردسـتانیش بـە مانـای ئـەو وڵاتـە دێـت کـە کـوردی تێـدا دەژیـن. وەک دەزانرێـت ناسـنامەی کـوردی لەلایـەن دەوڵەتـی تـورک و حکومەتەکەیـەوە دانـی پێدانەنـراوە. لـەم روانگەیـەوە تورکـی چـەپ کـە وشـەی کورسـتان

لـە چوارچێـوەی "تورکیـا" دا دەبینـن و چەپـی کـورد بـە جوداخـواز دەزانـن، ئـەم تێگەیشـتنەیان هاوتـا و گونجـاوە لەگـەڵ تێگەیشـتنی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی. بۆیـە شـۆڤێنیزم تەنیـا دەکرێـت لەنێـو تێگەیشـتنی ڕەتکردنـەوە و حاشـالێکردن دا بێـت. "چەپی عـەرەب"، "چەپی یۆنانی"، "مارکسیسـتی یۆنانی" ، "چەپـی رووسـی" ، "مارکسیسـتی رووسـی" ئـەم جـۆرە دەسـتەواژانە، بەلای چەپـی تـورک و مارکسیسـتی تورکـەوە کاتێـک خۆیـان بەکاریدەهێنـن ئـەوە گوزارشـت نییـە لـە شـۆڤێنیزم، بـەڵام کاتێـک بـۆ ڕەتکردنـەوەی نەتەوەیەک بەکاریدەهێنـن دۆخەکـە دەگۆڕێـت.

لـە کۆتایـی دەیەی شەسـتەکان دا، سـاڵانی 1968، 1969 و 1970، گۆڤارێک بەنـاوی چەپـی تـورک بڵاودەکرایـەوە. ئـەودەم ئـەو چەپانـەی لـە دەرەوەی پارتـی کرێکاریـی تورکیـا بـوون، زیاتـر لـە دەوری ئـەو گۆڤـارە کۆببوونـەوە. گۆڤارێـک بـوو لەسـەر هێڵـی چەپی کەمالیسـتی. بێگومان هیـچ گرنگییەکی بـە باسـی کـورد نـەدەدا. بگـرە دەسـتەواژەی وەک "کێشـەی ڕۆژهـەڵات" یشـی بەکارنەدەهێنـا. لـە ڕۆژهـەڵات کێشـەیەک هەبـوو، بـەڵام کێشـەکە لای ئـەوان کێشـەیەکی ئابـووری بـوو، کێشـەی دەربەگایەتـی بـوو، کێشـەی دواکەوتوویـی بـوو. هەمـوو ئـەو چەمـک و دەسـتەواژانەی کە ئامـاژە بوون بـۆ ئـەوەی کێشـەیەکی نەتەوەیـی بێـت، ئـەوان ڕەتیاندەکـردەوە.

گۆڤـاری چەپـی تـورک بـەر لـە 12ی ئـادار وەسـتا. کەچـی لـە دوای 12ی ئادارەوە دووبـارە بڵاوکرایـەوە. لـەو سـەروەختەدا ناڕەزایـی و کاردانـەوە لە دژی چەمکـی چەپـی تـورک دەسـتیپێکردبوو. بەتایبەتـی کـە پارتـی کرێکاریـی تورکیـا، لـە مانگـی ئۆکتۆبـەری 1970 دا و لـە ژمـارە چـواری گۆڤارەکـەدا نووسـیبووی "لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیا کـورد دەژیـن"، دوای ئـەو بڕیـارەی کـە دەکـرێ بەوشـێوەیە کورتـی بکەمـەوە، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ  ناڕەزایـی کوردانـی شۆڕشـگێڕ زیاتـر دەبـوو. "چەپـی تـورک" لـەم دۆخـەدا هاتنـە نێـو دنیـای چاپ و بڵاوکردنـەوەوە. لـە نیسـان و مایسـی سـاڵی 1971 دا ژمـارە 3-2 چـاپ و بڵاوکرانـەوە، بـەڵام هـەر شـتێک لەژێـر نـاوی چەپـی تـورک نووسـرابێت، هەمـان شـتیش لەژێـر نـاوی چەپـی تورکیـا دەنووسـرا. ئـەو کێشـانەی باس

دەکـران هەمـان شـت بـوون، هەمـان چەمـک و واژەسـازی بـوون.

**- 13 -**

ڕووناکبیرانــی تــورک، لەهەمبــەر کێشــەی کوردســتان دا، لەگــەڵ ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی هاوئاهەنگـن. سـەبارەت کێشـەی کـورد، هەڵوێسـت و ڕوانگــە و هەڵســوکەوتیان بەپێــی ئایدیۆلۆژیــای فەرمــی، بەپێــی ئــەو گۆڕانــەی لــە گوتــاری ئایدیۆلۆژیــای فەرمیــدا ڕوودەدات، یەکخســتووە. "هیــچ نەتەوەپەرســتییەک بــاش نییــە"، پێویســتە ئــەم دروشــمەش لــەو چوارچێوەیـەدا هەڵبسـەنگێنین. لـە سـەرەوە، لـە سـەرەتای نووسـینەکەدا ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد کـە ئـەو بەهایانـەی کـورد لەپێناویانـدا خەبـات دەکات، بەهـا بنچینەییەکانـی مرۆڤایەتیـن. ئـەو مافانـەی لـە چوارچێـوەی ناســنامەی مرۆڤــدان، پەیوەســتە بــە مافــە بنچینەییەکانــی مرۆڤــەوە. ئـەو مرۆڤانـەی ئـەو مافانەیـان لـێ زەوتکـراوە، مرۆڤـی بـە کەموکووڕیـن. ڕووناکبیرانــی تــورک، ئــەو خەباتــەی لەپێنــاوی ئــەو مافانــە دەکرێــت، بــە نەتەوەپەرسـتی دەزانـن، "هەمـوو جـۆرە نەتەوەپەرسـتییەک خراپـە" ئـاوا دەڵێـن.

ئـەوە ئاشـکرایە کـە نەتەوەپەرسـتیی تـورک خراپـە. بـۆ نموونـە لەبەرئـەوە خراپــە کــە هەوڵیــداوە کــورد پاکتــاو بــکات. لەبــەر ئــەوە خراپــە کــە ویســتوویەتی نــاوی کــورد و کوردســتان لەســەر زمــان و لــە مێــژوودا بسـڕێتەوە. بۆچـی دەبـێ خەباتـی ئەو کوردانـەی ویسـتوویانە لەهەمبەر ئەو نەژادپەرسـتی و پاکتاوکردنـە خەبـات بکـەن خـراپ بێـت؟ ئەگـەر ئـەو خەباتـە لـە چوارچێـوەی "نەتەوەپەرسـتی" هەڵبسـەنگێنرێت چ خراپییەکـی هەیـە؟ چ خراپەیـەک لەوەدایـە لـە بەرانبـەر سیاسـەتی نەتەوەپەرسـتی، پاکتاوکـردن، گوشـار و زوڵـم بوەسـتیتەوە؟ ئایـا کـورد بیـر لـە پاکتاوکردنـی هیـچ کام لـە گـەلان، بـۆ نموونـە تـورک، عـەرەب، فـارس یـان ئەرمەنـەکان دەکەنـەوە؟ ئـەوە ڕوونـە کـە ئـەم گوزارشـتە ئامانـج لێـی بەلاڕێدابـردن و لێڵکردنـی

هۆشـی گەشەسـەندووی نەتـەوەی کـوردە. ئەمـە هەڵوێسـتی لایەنگرانـی دەوڵەتـە، بیرکردنەوەیەکـە لـە بەرژەوەندیـی دەوڵـەت. رووناکبیرانـی تـورک نەتەوەپەرسـتیی چەوسـێنەر و چەوسـاوە دەخەنـە نێـو تـای یـەک تـەرازوو. بگـرە سـەرباری ئـەوەی کـە بچووکتریـن رەخنەشـیان لـە نەتەوەپەرسـتیی تـورک نەگرتـووە، دێـن رەخنـە لـە کـورد دەگـرن و خەتاباریـان دەکـەن بـەوەی لـە بەرانبـەر نەتەوەپەرسـتیی تـورک و پاکتاوکاریـی تـورک خەباتـی نەتەوەیـی دەکـەن.

بیرێکـی دیکـە کـە هاوتەریبـی ئەمـە دەچێتـە پێشـەوە، بەخراپزانینـی بیـری "هـەر نەتەوەیەک و دەوڵەتێک"ـە. ئـەم بیرکردنەوەیە بۆ کـورد دەخەنەڕوو. ئەمـە بـۆ کـورد دەگوترێـت کـە بـە سیاسـەتی ئیمپریالیسـتی و پاکتاوکـردن دابەشـکراوە و مافەکانـی بەدەوڵەتبوونـی لـێ زەوتکـراوە. بـۆ نموونـە عەرەبـەکان 22 دەوڵەتیـان دامەزرانـد، ئـەم بیرکردنەوەیـە بـۆ عـەرەب ناخەنـەڕوو. یەکێتـی سـۆڤیەت هەڵوەشـایەوە و 15 دەوڵەتـی سـەربەخۆی لێکەوتـەوە، یوگوسـلاڤیا هەڵوەشـایەوە و پێنـج دەوڵەتـی نـوێ پەیدابوون، بـۆ ئەوانیـش ئەمـە ناڵێـن، تەنیا بـۆ کـورد دەیڵێـن. ئەمانـە بیرکردنـەوەی لایەنگرانـی دەوڵەتـە کـە دەیانـەوێ ئـەم دۆخـەی ئێسـتا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هەیـە، وەکـو خـۆی بهێڵنـەوە.

بـەر لـە 12ی ئەیلـوول، تێـزی پاکتـاوی نـەژادی یەکێـک بـوو لـەو خاڵـە بنچینەییانـەی کـە چەپـی تـورک و چەپـی کـوردی لەسـەری ناکـۆک بـوون. لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا بەتایبـەت لـە مـاوەی خەباتـی PKK دا گۆڕانکاریـی گـەورە روویانـدا. ئێسـتا زۆر سیاسـەت کە بۆ چەپی تـورک دەگەڕێنەوە، چیتر گەنگەشـە لەسـەر پێکهاتـەی کوردسـتان وەک کۆڵۆنییەکـی نێودەوڵەتـی ناکـەن. هەرچـی ئـەو بیرانەی سـەبارەت نەژادپەرسـتین، سـەبارەت ئـەو مانا و تێگانـەی بـۆ نەتەوەپەرسـتی زیـاد کـراون، جیاوازییەکـی زۆر کەوتووەتـە نێـوان رووناکبیرانـی کـورد و تـورک.

"برایەتـی" ، "برایەتیـی گـەلان" ،"پێکەوەیـی و یەکسـانیی گـەلان" ئـەم چەمـک و دەسـتەواژانە وا پێویسـت دەکات لـەو چوارچێوەیـەدا هەڵبسـەنگێنرێن. "برایەتــی" لــەو کاتانــەی کــە خەباتــی نەتەوەیــی هەڵدەکشــێت، دەسـتەواژەکانی یەکسـانی، برایەتـی و یەکگرتـن ئامـاژەی زۆریـان بـۆ دەکرێـت، ئامانجیـش لـەوە، بەربەسـت دانانـە لەبـەردەم هۆشـیاریی نەتەوەیـی. ئەوکاتـەی هۆشـیاریی نەتەوەیـی گەشـە دەکات، دەبینیـن کـە بـەردەوام چەمکـی "برایەتـی" بەکاردەبرێـت، بـەڵام بەبـێ یەکسـانی برایەتـی ناچەسـپێ. بەبـێ ئـەوەی لەنێـوان نەتـەوە و گەلان دا یەکسـانی بێتە ئـاراوە، برایەتــی و پەرەپێدانــی برایەتــی ســەرناگرێت. لــە پرۆســەی دابەشــکردنی خاکــی کوردســتان دا لەلایــەن ئیمپریالیزمــەوە لــە ســاڵانی 1925-1915، بەڵگەنامەیـەک هەیـە. بەڵگەیەکـە دراوەتـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم. لـە بەڵگەنامەکـەدا زوو زوو کـورد، تـورک و ئەرمەنـەکان لەگەڵ یەکتـر بەراورد دکرێـن. لـەو بەڵگەنامەیەشـدا جەخـت لەسـەر برایەتـی کراوەتـەوە. ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـرێ کـە برایەتـی کـورد و تـورک وەک گۆشـت و ئێسـک [4] وایـە و لێـک جیاناکرێنـەوە. باسـی ئـەوەش دەکات کـە کـورد و تـورک دوو بـران ناتوانـرێ لەیەکتـری جیابکرێنـەوە و هیـچ هێزێـک ناتوانـێ ئـەو برایەتییە تێکبـدات. سـەبارەت بـە کـورد وشـەی پـڕ پەسـن و ستایشـی تێدایـە. بـەم شـێوەیە وایدادەنێـن کـە دەتوانـن ئاسـتەنگ بـۆ پەیوەندیـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن دروسـت بکـەن و پەیوەنـدی لەگەڵ پاشـا تورکـەکان دادەمەزرێنن و ئـەو پەیوەندییـەش بەهێـز دەکـەن. دواتریـش دەزانیـن چـی روویـدا. کەمالیســتەکان هاودەســتی ئیمپریالیزمــی ئینگلیــز و فەرەنســاییەکان کوردسـتانیان دابەشـکرد. بـەم شـێوەیە "ئـەو دوو گەلـەی وەک گۆشـت و ئێسـک بەنێویەکـدا چـوون، "وڵاتـی یەکانگیـر و پارچەنەکـراو" بـە هاودەسـتی

---

4 - تورک دەڵێن گۆشت و نینۆک. (وەرگێڕ)

لەگـەڵ ئیمپریالیـزم پارچـە پارچـە کـرا. بێگومـان ئـەم راسـتییە هـەروا بـە ڕۆژێـک نەهاتـەدی. ئەمـە پرۆسـەیەکە لـە 1915 تاوەکـو 1925 دەخایێنێت. ئـەوەش دەزانیـن کـە پـاش قۆناخـی دابەشـکردن و پارچەکردن چـی روویدا. ڕاپەڕینەکانـی کـورد، ئاوارەبـوون، گوشـار، زوڵـم، ئەشـکەنجە، کۆکـوژی و.. هتـد. لـە سـاڵانی 1919، 1920، دوای زۆر هێنانـە بەرباسـی "برایەتـی"، بێگومـان دوای ئـەم رووداوانـە، ئـەو متمانەیـەی بـەم چەمکـە هەبـوو لـەرزی. بەبێ بەدیهێنانـی یەکسـانیی سیاسـی، گـەل و نەتـەوەکان ناتوانـن ببنـە بـرا. بـۆ نموونـە کاتێـک دوو دەوڵەتی سـەربەخۆ یەکتری وەک "دۆسـت و بـرا" نـاوزەد دەکـەن، ئەمـە راسـتگۆیانە و راسـتییە. بـۆ برایەتـی پێویسـت بـەوە نـاکات دوو گـەل لـە هەمـان چوارچێـوە و سـنووری سیاسـیدا بـن. بەپێچەوانـەوە لـە هەلومەرجێکـی وەهـادا برایەتـی بـەدی نایـەت. بە چەمک و زاراوەی ئایدیۆلـۆژی برایەتـی پێکنایێت. هـەر خـۆی ئامانجـی ئەم پرۆسـەیە دروسـتکردنی برایەتـی نییـە. بەڵکـو ئامانجـی ئەوەیـە ئـەو هۆشـیارییە نەتەوەییـەی کـە بـە دەوری ناسـنامەی کوردییـەوە گەشـە دەکات، لەنێـو ببـەن. ڕۆژی 6ی ئۆکتۆبـەری 1991م لەبیـرە. ئـەو قردێلـە، دەسـماڵ و تەوقـە زەرد و سـوور و سـەوزانەی بەشـێک لـە پەرلەمانتارانـی کـورد هەڵیانگرتبـوون و پێچایانبـوون، وەک "نەژادپەرسـتی" و "نەتەوەپەرسـتی" لێکدرایـەوە. پەرلەمانتارانـی کوردیـان تاوانبـار دەکـردن. ئەمـە لەکاتێکـدا ئـەو سـەرۆکی وڵات و سـەرۆکوەزیرانانەی لـە قرغیزسـتان، تورکمەنسـتان، کازاخسـتان، ئۆزبەکسـتان، وڵاتانـی ئاسـیای نێوەڕاسـت و لـە ئازەربایجانـەوە سـەردانی تورکیایـان دەکـرد، لەلایـەن سـەرۆککۆمار تورگـوت ئـۆزال و سـەرۆکوەزیران سـلێمان دەمیرێلـەوە بـە کڵاو و کـەوای تورکییـەوە پێشـوازییان لێدەکـرا و ئـەم ڕێوڕەسـمانە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان لـە تەلەڤزیۆنـەوە بڵاودەکرانـەوە. ئـەم ڕێوڕەسـمانە لەلایـەن ڕووناکبیرانـی تـورک و میدیـای تورکیـا و ئەوانیدیکـەوە بەشـێوەیەکی زۆر ئاسـایی سـەیر دەکـران. ئەمانـە ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی کـە هیـچ لێبووردەیـی و نەرمییـەک بەرانبـەر پرسـی کـورد و ناسـنامەی کـورد لەئـارادا نییـە.

لـەو نووسـینەی لـە گۆڤـاری تیـۆری دا بڵاوکراوەتـەوە، نووسـراوە کـە بزووتنـەوەی کەمالیـزم بزووتنەوەیەکـی دژە ئیمپریالیسـتییە. هەرچـی گۆڤـاری (ئۆزگورلـوک دونیاسـی) یـە، نووسـیبووی "بزووتنـەوەی کەمالیـزم ئەگـەر کەموکووڕیشـی هەبێـت، بـەڵام دژە ئیمپریالیسـتە". لـەم چوارچێوەیـەدا کێشـەی کوردسـتان چـۆن خراوەتـە بەربـاس؟ کوردسـتان چـۆن دابەشـکراوە و چـۆن بەشـکراوە؟ بنەمـای ئـەو پەیوەندییـەی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـای کۆکردووەتـەوە چییـە؟ بۆچـی هـەرکام لـەو دەوڵەتانـەی بەشـدارییان لـەو پرۆسـەیەدا کـرد، هەریەکەیـان بوونـە خاوەنـی کوردسـتانێک و کـورد بـێ کوردسـتان کـران؟ بزووتنەوەیەکـی بەوشـێوەیە کـە "ئەگـەر کەموکووڕیشـی هەبێت بـەڵام دژە ئیمپریالیسـتە" چـۆن بەشـداری لـە دابەشـکردن و بەشـکردنی گـەل و وڵاتێکـدا دەکات؟ ئـەم پرسـیارانە بـێ وەڵام ماونەتـەوە. بۆیـە ئـەو جـۆرە رەخنانـە هیـچ کاریگەرییەکیـان لەسـەر خەباتـی نەتەوەیـی کـورد نابێـت. ئـەم رەخنانە تەنیا خزمەتـی بەرژەوەندییـە نەژادپەرسـتییەکان دەکـەن.

هەرچـی ئـەو رەخنەیەیـە کـە لە گۆڤـاری (تیـۆری)دا بڵاوکراوەتـەوە و دەڵێ: "بەهـۆی ئـەوەی کەمالیسـتەکان لـە بەرانبـەر بەریتانیـادا شـکان، نەیانتوانی کوردسـتان بەتـەواوی بخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە"، ئەوەتـا کرۆکـی کێشـەکە لێرەدایـە. وەک دەزانرێـت بـەر لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، هاوشـێوەی ئـەو خاکـەی عـەرەب لەسـەری دەژیـان، ئـەو خاکەی کوردیشـی لەسـەر دەژیـا لـە چوارچێـوەی سـنووری سیاسـیی عوسـمانییەکاندا بـوو. دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، کەمالیسـتەکان هیـچ کاردانەوەیەکیـان لـەدژی عـەرەب نەنوانـد لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان، بـەڵام بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵیانـدا بەربەسـت لەبـەردەم هـەر جوڵانەوەیەکـی نەتەوەیـی کـورد دابنێـن کـە لـە کوردسـتان رووبـدات. هـۆکاری ئـەو جیاوازییـەی لەنێـوان کـورد و عـەرەب کـرا چییـە؟ هـۆکاری ئـەو روانگـە

هەژموونگەرایە دژی کورد چییە؟ ئەو لۆزانەی کە دابەشکردنی خاکی کوردستانی گەرەنتی کرد، شتێکی راستە وەک "رێککەوتننامەیەکی شۆڕشگێڕانە" بەسەر کورددا بسەپێنرێت؟
ئەم لێکۆڵینەوەیە بنکۆڵ بۆ ئەو پرسە دەکات. سەرباری هەموو ئەمانە، هەر جۆرە رەخنەیەک بەرانبەر کەسی رەخنەگر، ئەنجامی سوودبەخی لێدەکەوێتەوە. تایبەتمەندیی ئەوەیشی هەیە کە رەخنەلێگیراو لە دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازەوە کێشەکە ببینێت. هەر خۆی خستنەڕووی هەر نووسینێک بۆ رای گشتی، بە مانای ئەوە دێت کە بۆ رەخنەلێگرتن خراوەتەڕوو.

## - 16 -

لە توێژینەوەکەدا ئەوە بەڕوونی دیارە کە میتۆدی دیالێکتیکی بەکارهێنراوە. ئەگەر کێشەی کورد لە چوارچێوەی (میساقی میللی)دا بخەینە بەر سەرنج و توێژینەوە، هەر چەمک و تێرمێک بەکاربهێنرێت، نزیکمان ناکاتەوە لە میتۆدی دیالێکتیکانە. چونکە ئەمە بەشێوەیەک یەکانگیری پارچە پارچە دەکات و تەنیا لە بەشێکی کۆی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە. مێژووی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ناکرێ تەنیا لە مێژووی پەیوەندیی کورد و تورکدا کورت بکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. بەڵکو پێویست دەکات پەیوەندیی نێوان کورد، عەرەب، کورد و فارسیش روونبکرێنەوە. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، پێویستە بەرژەوەندیی زلهێزەکان و سیاسەتەکانیشیان بخرێنە نێو ئەم شرۆڤەیەوە.
ئەرکێکی حەتمییە کە دەبێ هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی مێژووییدا بخوێنرێنەوە. کەوابێ پێویست دەکات پەیوەندیی کورد-تورک-عەرەب-فارس لەنێو پرۆسەیەکی مێژووییدا و بەو کاریگەرییەی لەسەر یەکتریان داناوە، بخرێتە بەرباس. بەم شێوەیە راستینەی کورد چۆن بە

راسـتینەی ئەوانـی دی کاریگـەر بـووە و چـۆن کاریگـەری لەسـەر راسـتینەی ئەوانــی دی هەبــووە، روون دەبێتــەوە. تەنیــا بــەم شــێوە داینامیکییــە یەکانگیـری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی مانـادار دەبێـت. لـە توێژینەوەکـەدا بـە زوویـی درک بـەوە دەکرێـت کـە ئـەم تایبەتمەندییـە بـە وردەکارییـەوە لەبەرچـاو گیـراوە. دروسـتترین رێبازیـش بـۆ مانادان بە کێشـەی کوردسـتان و کێشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی، هـەر ئەمەیـە.

"ئێمـە تەنیـا گرنگـی بـەو کوردانـە دەدەیـن کـە لـە چوارچێـوە و سـنووری میسـاقی میللیـدا ماونەتـەوە"، ئـەوەی وا دەڵێـت و ئەمـە ئاراسـتەی بیرکردنەوەیەتـی، ناتوانیـن بڵێیـن قسـەیەکی زانسـتیانەی کـردووە. بیـر و رامـان و هەڵسـوکەوتی کـوردی باکووری کوردسـتان و خەباتیـان، کاریگەری لەسـەر بیرکردنـەوەی کـوردی باشـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان نەبـووە؟ کاریگەریـی راسـتینەکان لەسـەر یەکتـر و هەروەهـا ئـەو پێککاریگەربوونەی کـە دابەشـبوونی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لێکەوتـەوە، بـە مانـای ملکەچیـی رەزامەندانـە بـۆ ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی نایێـت؟ ئایـا ملکەچکـردن بـۆ ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی کـە پشـتی بـە درۆ و حاشـالێکردن بەسـتووە، دەکـرێ بـە هەوڵێکـی زانسـتیانە پێشـبخرێت؟

دابەشـکردنی کوردسـتان شـتێک نییە هەر لەخۆیەوە پێکهاتبێـت. ئەرکێکـی حەتمییە کە دەبێ رۆڵ و بیرکردنەوە، نیاز و خواسـتی ئەو هێزە سـەربازی و سیاسـییانەی تـازە لـە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت دا سـەریانهەڵدابوو، لەبەرچاو بگیرێـت. لـەو رەخنەیـەی لـە گۆڤـاری (تیـۆری)دا بڵاوکراوەتـەوە "خەباتـی دابەشـکاریی ئیمپریالیسـتی لەسـەر خاکی کوردسـتان 1925-1915" بۆ ئەو چەمکـی ئیمپریالیزمـە بەکارهاتـووە؟ "ئـەوەی لێـرە بەکارهاتووە مەبەسـت لێـی ئیمپریالیـزم نییـە.." وەهـا گوتـراوە. ئەمـە لـە کاتێکـدا دروسـت لـەو قۆناخـەدا بـووە کـە ئیمپریالیـزم لـە کێشـەی کـورددا رۆڵـی هەبـووە. هیـچ گومانێکـی تێـدا نییـە ئیمپریالیزم کاریگەرە بەسـەر کوردسـتانەوە، بـەڵام لە پرسـی دابەشـکردن و پارچـە پارچەکردنـی کوردسـتاندا ئیمپریالیزمـی ئینگلیز و فەرەنسـا هاودەسـت و هاوئاهەنگـی ناوخۆییشـیان هەبـوون. ئەمانـە

کەمالیستەکان، شانشینە عەرەبییەکان و فارسەکان بوون. تورکە چەپەکان، تورکە مارکسیستەکان و بزووتنەوەی کەمالیزم بەردەوام هەوڵیانداوە ئەو رۆڵە سەرەکییەی خۆیان بشارنەوە. لەم بارەدا پێویست دەکات پەیوەندیی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەگەڵ تورک، عەرەب و فارسەکان و هەروەها ئەو بەلشەفییانەی دەکەونە نێو ئەو چوارچێوەیەوە، بە وردی شیبکرێنەوە.

کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە. با سەیری ئەو راپەڕینانەی کورد بکەین لە سەردەمی کۆماری تورکیادا. لە دژی هەموو ئەو کوردانەی باسی نەتەوایەتییان هێناوەتە پێشەوە و سەریان بەرزکردووەتەوە، هەڵمەتی لەنێوبردنیان دەستپێکردووە. لەنێوبردن، ئاوارەکردن و کۆمەڵکوژی هەموو ئەو بەشانەی کۆمەڵگەی کوردی گرتووەتەوە کە زیندوو بوونە. ئەو شێخ، سەرۆک خێڵ، خاوەن زەوی، رووناکبیر و پیشەگەرانەی داوای ئەو مافانەیان بۆ کورد کردووە، لەسێدارە دراون و کوژراون. ئاوارەکراون یاخود خۆیان ناچاربوونە بەرەو دەرەوەی وڵات رابکەن. هەموو ئەو شێخ و خاوەن زەویزارانەی بانگەشەیان بۆ تورکبوون کردووە، بەگشتی ئەوانەی کۆمەکی دەوڵەت و حکومەتیان کردووە و لەگەڵی هاودەست بوونە، پاداشتی دارایی و مەعنەوی کراون. وێرانکردنی وڵات و داگیرکردنی و نزیکەی لە هەموو دنیاش بەم شێوەیەیە: لەنێوبردنی هەموو ئەو خانانەی توانا و ماتەوزەی بەرخودانیان هەڵگرتووە و گەڕان بە دوای ئەوانەی کە کۆمەک و هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. بۆ نموونە لەم سەردەمەدا ئەم چینە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی پەیدابووە کە هاوکاریی دەوڵەتی کردووە. بەم شێوەیە حوکم دەدەین. چونکە سیاسەتی دەوڵەتی تورک بەرانبەر بە کورد نەک تەنیا چینێکی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەی کردووەتە ئامانج. کەواتە سیاسەتێکە بە ئاراستەی پاکتاوی نەژادی و لەنێوبردن.

یەکێـک لـەو پرسـە گرنگانـەی بیـری سۆسیالیسـتی جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە، پرسـی دیاریکردنی چارەنووسـی گەلانە لەلایەن خۆیانـەوە، بەڵام لـە شـوێنی جیـاواز جیـاوازی دنیـاوە، کاتێـک سـەیری جێبەجێکردنـی ئەمـە دەکەیـن، دەبینیـن زۆر جیـاواز بـووە لـەوەی بـە تیۆری باسـی لێـوە دەکرێت. بـۆ نموونـە بـا یەکێتی سـۆڤیەت وەربگریـن. جێبەجێکردنی یەکێتـی کۆمارە سۆسیالیسـتەکان بـە هیـچ شـێوەیەک جێـی دڵخۆشـی نییـە. کۆتایـی سـاڵی 1974 لـە رۆژنامـەی (گونایـدن ـ Günaydın) وێنەیەکـم بینـی. لـە وێنەکەدا پاشـماوەی دوو فڕۆکـەی عێراقـی دەبینـران کـە لـە شـەڕی باشـووری کوردسـتان دا لەلایـەن پێشـمەرگەوە خرابوونـە خـوارەوە. منداڵانـی کـورد لـە دەوری ئـەو پاشـماوە تێکشـکاوەی فڕۆکـەکان کۆببوونـەوە و سـەیریان دەکـردن. بەڕوونـی دیاربـوو کـە ئـەو فڕۆکانـە سـۆڤیەتین. مۆدێرنتریـن چـەک کـە گرنگتریـن وڵاتـی سۆسیالیسـتی بەرهەمـی هێنابوو، بەسـەر مەزڵوومتریـن گەلـی دنیـادا بەکاردەهێنـرا. بـەم فڕۆکانـە دێهـات دەسـووتێنران و وێـران دەکـران و خەڵکـی کوردیـان پـێ دەکـوژرا. بـەم فڕۆکانـە کۆمەڵکـوژی دەکـرا. بگـرە باسـی ئـەوەش دەکرا کـە فڕۆکەوانانی سـۆڤیەتی بەکاریانهێناون لە باشـووری کوردستان دا. لێرەدا پێویست بەوە نـاکات بـە درێـژی بـاس لـە سیاسـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت بەرانبـەر بـە کـورد بکرێـت. واتـە دەکـرێ بگوتـرێ ئـەو سیاسـەتەیان بەتـەواوی دژی کـوردە و ئـەو دەوڵەتانـەی کـە وایانکردبـوو کوردسـتان لەژێر هەژموونـی داگیرکاریی نێودەوڵەتیـدا بمێنێتـەوە، لووتبەرزانـە دەیانویسـت ئەو دۆخـەی هەیە وەک خـۆی بپارێـزن. لێـرەدا بێگومـان لـە روانگـەی سیسـتمی سۆسیالیسـتییەوە چەنـد پـرس و باسـێک هـەن کـە دەبـێ بیریـان لێبکرێتـەوە. ئـەوکات لەگـەڵ هـاوڕێ شۆڕشـگێڕەکانمدا باسـی ئـەم پرسـەمان دەکـرد. پرسـیاری ئـەوەم دەکـرد کـە بۆچـی یەکێتـی کۆمـارە سۆسیالیسـتەکانی سـۆڤیەت لەجیاتـی ئـەوەی پشـتیوانی لـە گەلـی چەوسـاوەی کـورد بـکات، پشـتی ئـەو دەوڵەتانـە دەگـرێ کـە کوردیـان چەوسـاندووەتەوە؟.. "کـورد نەتەوەیەکـی

دواکەوتـووون" هەبـوو وای دەگـوت، یـان دەیانگـوت "کـورد نەتـەوە نییـە"..
"ریـاڵ سۆسـیالیزم" هەشـبوون ئـاوا گوزارشـتیان لێدەکـرد. بێگومـان
ئەمانـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە نیـن. ئـەو سـەردەم ئـاوا وەڵامـی پرسـیاری
لەوجـۆرە دەدرایـەوە. بـەڵام ئێسـتا دەڵێـن: "هـەر خـۆی یەکێتـی سـۆڤیەت
سۆسیالیسـتی نییـە!" یـان "هەرگیـز لـە یەکێتی سـۆڤیەت دا سۆسـیالیزمی
راسـتەقینە بەدینەهاتـووە!". دواتـر دووبـارە دەگەڕێینەوە سـەر ئەم پرسـە.
لـە سـاڵانی 1979-1978دا سـەبارەت سـەرهەڵدانەکانی کـورد لـە ئاگـری
لێکۆڵینـەوەم دەکـرد. چـاوم بـەو ڕۆژنامانـەدا دەخشـاند کە لە سـاڵی 1930
دەرچووبـوون. لـە یەکێـک لـە ڕۆژنامەکاندا ئـەوەم خوێندەوە کـە هێزەکانی
ئێـران و تورکیـا لـە بەرزاییەکانـدا تەنگیـان بـە گەنجانـی کـورد هەڵچنیـوە
و ئەوانیـش هەوڵیانـداوە روو لـە خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت بکـەن، بـەڵام
سـوپای سـوور ڕێگـەی نـەداون و بـە هەمـوو هێـزی خۆیـەوە گەنجەکانیـان
بـە ئاراسـتەی ئێـران راونـاون. ئـەوەش نووسـرابوو کـە ڕێککەوتنێکی نهێنی
لەنێـوان دەسـەڵاتدارانی تـورک و سـۆڤیەتدا هەبـووە. ئەم جـۆرە رووداوانە
وادەکـەن مـرۆڤ لـە بەرانبـەر پیادەکردنـی سۆسـیالیزم دا هـەر هیچ نەبێ
گومـان بـکات. دواتـر، 11 - 12 سـاڵ پـاش ئـەوە، لـە لێکۆڵینەوەیەکـی
راسـتەقینەدا سـەبارەت راپەڕینـی چیـای ئاگـری، ئامـاژە بـەو رووداوەی
سـەرەوە کرابـوو.

ئەم شـتانە چۆن روودەدەن؟ هاودەسـتیی چەوسێنەران بۆ چەوساندنەوەی
نەتەوەیەکـی چەوسـاوە چـۆن بەدیهاتـووە؟ "ئەمانـە بـۆ شـکاندنی پێگـە و
متمانـە بـە سۆسـیالیزم و کۆمۆنیـزم بـاس دەکرێـن"  دەکـرێ وا بگوتـرێ؟
ئەمـە چ شـتێک چارەسـەر دەکات؟ ئەگـەر رووداوی ئـاوا پێگەی سۆسـیالیزم
بهێنێتـە خـوارەوە، کەواتـە بۆچـی سۆسیالیسـتەکان ڕێگـە بـە کاری وا
دەدەن؟

لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا، گرنگـە سیاسـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت
لـە سـەرەتاوە تاوەکـو کۆتایـی بخەینـە بەربـاس. ئەمـە راسـتییەکی
حاشـاهەڵنەگرە: دابەشـکردن، پارچەکـردن و بەشـکردنی کوردسـتان

لەلایـەن ئیمپریالیزمـەوە ژینگەیەکـی بەرئەنجامـی ئـەم داگیرکارییـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هێنایـە ئـاراوە. بـەم شـێوەیە ئیمپریالیـزم توانـی بەشـێوەیەکی بەهێـز بێتـە نێـو ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتەوە. چونکـە هیـچ دەوڵەتێـک نەیتوانـی بـە هێـزی خـۆی سـەرهەڵدانی کـورد دابمرکێنێتـەوە، بـەردەوام بـەدوای هاوکاریـی ئیمپریالیسـتەکانەوە بـوون. هـەر ئەمـەش پایـەی ئیمپریالیزمـی لـەم ناوچەیـەدا بەهێـز ڕاگـرت. هەمـوو ئەمانـەش وایانکـرد کـە بیـری بەلشـەڤی لـە دەرەوەی خاکـی ڕووسـیای قەیسـەری شـوێنپێیەک بۆخـۆی پەیـدا نـەکات. ئـەوەش ڕوونـە کـە هەمـوو ئەو شـتانە لـە دژی یەکێتـی سـۆڤیەت و لـە بەرژەوەندیـی ئیمپریالیـزم شـکانەوە. هەربۆیـە بێدەنگبوونـی بەرپرسـانی سـۆڤیەت لـە دابەشـکردنی خاکـی کوردسـتان، پرسـێکە شایسـتەی هەڵوەسـتە و لێوردبوونەوەیـە.

نێوەڕاسـتی مانگـی ئـاداری 1988 لـە شـاری هەڵەبجـەی باشـووری کوردسـتان کۆمەڵکـوژی کـرا. چۆنیەتـی ئامـادەکاری و ئەنجامەکانـی ئـەو کۆمەڵکوژییـە کـە لەلایـەن سـەدام حوسـێنەوە کـرا، دەزانیـن. ڕۆڵـی تەکنیـککارە سـۆڤیەتییەکانیش لـە بەرهەمهێنانـی چەکـی کیمیایـی و بەکارهێنانـی لەلایـەن ڕژێمـی سـەدام حوسـێنەوە دەزانیـن. هـەر کاتێـک باسـی سۆسـیالیزم و خەباتـی سۆسیالیسـتانە دێتـە بەربـاس، ڕوونـە کـە ئـەم دۆخـە سەرسـام و مەدهۆشـیان دەکات. چونکـە شـارەزایی لەبـارەی بەرهەمهێنانـی چەکـە کیمیاییەکانـەوە، بـۆ نموونـە "ئەگـەر فڵانـە گازی ژەهـراوی، لـەو دۆخـەی کەشـوهەوادا و بـەو شـێوازە بەکاربێـت، ئـەوا دوو هـەزار کـەس دەمـرن، ئـەو فڵانـە گازی ژەهـراوی بـەو شـێوازە و لـەو دۆخـەی کەشـوهەودا بەکاربێت سـێ هـەزار کـەس دەمـرن"، ئەمـە مرۆڤ تووشـی ڕاچڵەکیـن دەکات. کاری لـەم جـۆرە چـۆن لەگەڵ بیری سۆسـیالیزم و ئەخلاقـی سۆسیالیسـتی و ئامانجەکانیـدا یەکدەگرێتـەوە؟

هــەر کاتێـک یەکێتـی کۆمـارە سۆسیالیسـتەکانی سـۆڤیەت لەجیاتـی سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بـە پرسـی گەلـی کـورد ڕەخنـە دەکرێـت، بـۆ نموونـە کاتێـک دەگوتـرێ "خـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت سۆسیالیسـت نییـە"،

یـان "لـە سـۆڤیەت هەرگیـز سۆسـیالیزم بـە مانا راسـتەقینەکەی نەبـووە"، بێگومـان ئەمانـە وەڵام نیـن و زانیاریـی گرنـگ بەدەسـتەوە نـادەن.

یـان هەرکاتێـک کۆمـاری چینی میللی لەجیاتی سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بە پرسـی گەلـی کـورد رەخنـەی لـێ دەگیرێـت، بۆ نموونە کـە دەڵێـی: "لەجیاتی پشـتیوانی لـە کـوردی چەوسـاوە، بۆچـی پشـتی ئـەو دەوڵەتانـە دەگـرێ کـە کـورد دەچەوسـێننەوە؟" ئـەوا هەمیشـە خەڵکێـک هـەن کـە بڵێـن: "لـە چیـن سۆسـیالیزم بەدینەهاتـووە"، "سۆسـیالیزم لـە چیـن هەرگیـز بـە مانا راسـتەقینەکەی نەبـووە". ئەمانـە بـۆ کۆمـاری ئەلبانیـا، کۆمـاری بولگاریـا و دەوڵەتە سۆسیالیسـت و کۆمۆنیسـتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش هەمان شـتیان دەگـوت. لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا مـرۆڤ دەبـێ بپرسـێ: ئەگـەر هەمـوو ئەمانـە سۆسیالیسـت و کۆمۆنیسـت نەبـن، کـێ سۆسیالیسـتی راسـتەقینەیە؟ لـە مێـژوودا دەسـەڵاتێکی "سۆسیالیسـتی راسـتەقینە" هەبـووە؟ سیاسـەتی ئـەو دەسـەڵاتدارییە لەهەمبـەر کـورد چـی بـووە؟ گرنگـە بیرێـک لەمـە بکرێتـەوە.
ئەمەشـیان هەر گرنگـە: هەڵبەتە داینامیکە نێوخۆییـەکان گرنگن بۆ ئەوەی کێشـەی کـورد بگاتـە سـەر پلاتفۆرمەکانـی جیهـان. خەباتـی گەریلایـی لـە باکـووری کوردسـتان هـەر خـۆی هۆکارێکـە، بـەڵام لەوبارەیـەوە پێویسـتە رەچـاوی گـۆڕانـی نەریتـە نێودەوڵەتییەکانیـش بکرێـت. بـەم رەچاوکردنـە ئـەوە بـەدی دەکەیـن: لـە یەکێتـی سـۆڤیەت دا لـەدوای پەرتەوازەبوونـی سۆسـیالیزم و هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت، کێشـەی کـورد زیاتر لە نێوەنـدە دیموکراسـییەکانی جیهانـدا هاتـە بەربـاس. لـەو سـەردەمەی کـە قورسـایی سیاسـیی جیهـان زیاتـر بـەلای یەکێتـی سـۆڤیەتدا بوو، بەوشـێوە چـڕ و بەربـڵاوە باسـی کێشـەی کـورد نەدەکـرا، تـۆ بڵێـی هۆکارەکـەی چـی بووبێـت؟ بۆچـی دەوڵەتـە سۆسیالیسـت و کۆمۆنیسـتەکانی ئەوروپـای رۆژهـەڵات سیاسـەتێکیان لەهەمبـەر پرسـی کـورد نەبـوو؟ بۆچـی ئـەو دەوڵەتانـە وادەبینـران کـە بـێ ئـاگان لـەوەی کـورد لـە ناوجەرگـەی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژین، بۆ ئاگا بوون لە دەسەڵاتی داگیرکاریی نێودەوڵەتی و لە خەباتی کورد؟ ئەو دەوڵەتانە دوای ئەوەی ڕژێمی تازەیان بنیاتنا، ئەوکاتە باسیان لە کێشەی کورد کرد؟ پێویستە بەشێوەیەکی ڕژد بیر لەم شتانە بکرێتەوە. ئەوەمان ڕوونکردەوە کە کاتێک باس لە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکرێتەوە لەلایەن گەلانەوە، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تیۆری و جێبەجێکردنی سۆسیالیزم دا هەیە، بەڵام دەسەڵاتێک کە شارەزای بواری بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە، ناتوانێ قسە لەسەر لادان لە ڕێبازی سۆسیالیزم بکات. ئەمە بەتەواوی بە مانای نکۆڵیکردن دێت لە تیۆری فکری سۆسیالیزم. ئەمە وێڕای ئەوەی کە سۆسیالیزم ئەخلاقێکە. لەبارەی پرسی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە، ناکرێ لەلای دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی کە هاوکاریی دەوڵەتێکی نەژادپەرست، داگیرکار و فاشیستی کردووە و ڕاوێژی داوەتێ، بەدوای ئەخلاقی سۆسیالیستیدا بگەڕێین. لەم دۆخەدا هیچ حیسابێک بۆ بنەما مرۆییەکان نەکراوە و بەڕوونی ونبوونی بنەمای مرۆیی پێوە دیارە. لەو ڕوانگەیەوە، لە جێگەیەکدا کە جێبەجێکردن هێندە تیۆرەکەی بێبەها کردووە، لەو دۆخەدا خودی تیۆرییەکەش شایانی قسەلەسەرکردن و گەنگەشەیە.

لەو گەنگەشەیەدا، وەڵامی "ئەو دەوڵەتە هەرگیز سۆسیالیست نەبووە"، وەڵامێک نییە هەڵگری زانیاری بێت. "تیۆرییەکە ڕاستە، بەڵام جێبەجێکردنەکەی هەڵەیە"، وەڵامی لەم شێوەیە هیچ زانیارییەکی تێدا نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە؛ ئەو جێبەجێکردن و بەلاڕێدابردنە چۆن و کەی ڕوویدا. لە ماوەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت یاخود وڵاتانی سۆسیالیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا، بۆچی خۆپیشاندانی بەرفراوان بۆ پشتیوانی لە دەسەڵاتدارییە سۆسیالیستەکان نەکرا، پێویستە بە باشی بیر لەوە بکرێتەوە.

***

بەرگەکانی دیکەی (خەباتی دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان 1925-1915) ئامادە دەکرێن بۆ چاپ.

دوایین کتێبی زنجیرەی پەیڕەوکردنی رێبازە زانستییەکان لە تورکیا، واتە هەشتەمین کتێب، سەبارەت نەتەوە یەکگرتووەکان، مافەکانی مرۆڤ و کورد دەبێت.

وەشانخانەی یورت کیتاب جێ پەنجەی دیاریان هەبووە لەوەی کتێبی (خەباتی دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان 1915-1925) یەکەم کتێبی ریزبەندییەکەی بێت، بە خۆشەویستییەوە یادیان دەکەمەوە.

ئەنقەرە، نیسانی 1992

**ئیسماعیل بێشکچی**

# دەروازە

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت پرسی پارچە پارچەکردن و دابەشکردنی خاکی کوردستان و نەتەوەی کوردە. جێبەجێکردنی سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە و لەنێویان ببە" بەسەر کورد و کوردستان دا، لەبارەی دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە و خستنەڕووی چەند گریمانەیەکی زانستی و سەبارەت ئەو گریمانە زانستییانەشەوە روونکردنەوە دران، هەموو ئەمانە دەبنە بەشێکی گرنگ لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.

بێگومان کوردستان هەروا لەخۆیەوە پارچە پارچە نەبووە. گەلی کورد بە ویست و خواستی خۆی دابەش نەبووە. خۆی پارچە پارچە نەکردووە و داوای نەکردووە هەریەک لەو پارچانە بە وڵاتێکی جیاوازەوە بلکێنرێت. لەم سیاسەتەدا لەهەمبەر گەلی کورد و خاکی کوردستان، ئیرادە و ویستی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی سەردەم رۆڵی هەرە لەپێشینەی هەبوو. ئەمە هیچ گومانێک هەڵناگرێت. هەڵبەتە ناکرێت ئەو هیواخوازی و هاوئاهەنگییەی بزووتنەوەی کەمالیزم نادیدە بگرین کە لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالیستەکان کردی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. نابێ هەرگیز ویست و ئارەزووی ئیتیحاد و تەرەقی و قوەی میللییە کە درێژکراوەی ئەو بوو، پاشان کەمالیستەکان سەبارەت کوردستان لەبەرچاو نەگرین. رووداوەکانی سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی، کەمبوونەوەی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا. لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا نوێبوونەوەی

دەوڵەتـی عوسـمانی و كەوتنـی حكومەتی ئیتیحـاد و تەرەقـی دەرخەری ئەو كەمبوونـەوەی هەژموونـە بـوو. ئیـدی لـەو بارودۆخـەدا و پـاش شۆڕشـی ئۆكتۆبـەر لـە 1917دا، ئـەوە بـەدی دەكەیـن كـە بزووتنـەوەی كەمالیسـتی وەك درێژكـراوەی ئیتیحادییـەكان، مەیدانێكـی گرنگـی مانـۆڕ دەكەنـەوە و هەوڵـی فراوانكردنـی دەدەن.

دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەكان لـە سـەروەختی جەنگـی یەكەمـی جیهانیـدا رێككەوتنـی هەمەجـۆر و نهێنییـان كـرد كـە هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. لـەو رێككەوتننامانـەدا هەوڵـی زۆر درابـوو بـۆ دابەشـكردنی خاكـی كوردسـتان كـە دەكەوتە نێـو چوارچێوەی سـنووری ئیمپراتۆریـی عوسـمانییەوە. جێبەجێكردنـی ئـەو سیاسـەتانە، بەتایبەتـی كەوتـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی 1915- 1923. لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی 1923- 1925یشـدا هەندێـك لـەو كـەم كورتـی و خەوشـانەی دابەشـكاریی ئیمپریالیسـتی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوونـی، چارەسـەركران.

وەك دەزانرێـت، كوردسـتان لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا، لـە سـاڵی 1639 لەگــەڵ پەیماننامــەی قەسـری شـیرین كرایـە دوو پارچـە. دواتـر هەندێـك لـەو بەشـەی خاكـی كوردسـتان كـە بـەر ئێـران كەوتبـوو، سـاڵی 1828 بەپێـی رێككەوتنـی توركمەنچای كـە لەنێوان ئێران و رووسـیای قەیسـەریدا كـرا، بـۆ رووسـیا مایـەوە. ئەو بەشـە كەوتـە سـنووری ئەرمینیا و ئازەربایجانەوە كە دوای شۆڕشـی ئۆكتۆبەری 1917 دروسـتبوون. هەرچی ئـەو بەشـە خاكـەی كوردسـتان بـوو كـە كەوتـە سـنووری ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، لـە سـەروەختی رێككەوتننامـەی (لـۆزان)دا لەنێـوان بەریتانیـا، فەرەنسـا و توركیـادا دابـەش كـرا. بـەم شـێوەیە كوردسـتان بـووە پێنـج پارچـە. سیاسـەتی پەرتكـە و زاڵبـە لـە هەرچـوار لاوە بەسـەر كـورد و خاكـی كوردسـتاندا جێبەجـێ كـرا.

ئـەو هێـزە ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و ئابوورییانـەی لـە ماوەی جەنگـی یەكەمی جیهانــی و دوای جەنگەكــەدا كوردســتانیان دابەشــكرد، كامانــە بــوون؟ گەلـی كـورد و خاكـی كوردسـتان بـۆ هێنانـەدی بەرژەوەنـدی سیاسـیی و

ئابووریــی کام هێــز دابەشــکران؟ هــۆکارە بنچینەییەکانــی دابەشــکردن، پارچــە پارچەکردنــی کوردســتان و جێبەجێکردنــی سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبــە" چــی بــوون؟ لەهەمبــەر دابەشــکردنی کوردســتان و جێبەجێکردنی سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبە"دا شۆڕشــی ئۆکتۆبەری 1917 و دەوڵەتە سۆسیالســتەکانی نــاو یەکێتــی ســۆڤیەت هەڵوێســتیان چــی بــوو؟ لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی 1919 - 1922دا لــە ئاناتۆلیــا، ئــەو بزووتنەوەیــەی بــە ڕێبەرایەتــی مســتەفا کەمــاڵ تــاوی ســەندبوو، چ ڕۆڵ و کارایيەکــی هەبــوو لــەو سیاســەتەی ئیمپریالیزمــدا؟ کەمالیســتەکان لــە بەشــکردنی کوردســتاندا ئومێدیــان بە چ بەرژەوەندییەکــی ئایدیۆلــۆژی، سیاســی و ئابــووری هەبــوو؟ تاچەنــدە ئــەوە بەدیهــات کــە هیوایــان بــۆ دەخواســت؟ سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبــە" چۆن بە تێپەڕبوونــی کات گــۆڕا بــۆ سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبــە و لەنێوبــەرە"؟

لــە مــاوەی پرۆســەی دابەشــکردندا چ گەنگەشــەیەک لەنێــوان ئــەو هێزانەدا هەبــوو؟ ئــەو هێزانــە لــە بەرانبــەر یەکتریــدا دەســتیان لــە چــی هەڵگــرت و چ قازانجێکیــان داوەتــە یەکتــری؟ خەباتــی دژی ئیمپریالیــزم لە کوردســتان چۆن گەشــەی کــرد و چــۆن کۆتایــی هــات؟ چــۆن بیــر لــە دابەشــکردنی کوردســتان کرایــەوە، چــۆن جێبەجــێ کــرا و ئەنجامەکــەی چــی بــوو؟ بێگومــان پێویســتە بیــر لــە وەڵامــی ئــەم پرســیارانە بکرێتــەوە و گەنگەشــە بکرێــن.

لەلایەکــی دیکــەوە، لــە ڕوانگــەی کوردیشــەوە زۆر پرســیار هــەن بکرێــن. بۆچــی کــورد سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبــە"ی بــێ بانــدۆر و کاریگــەری نەکــرد؟ خاڵــی لاوازیــان هەبــوون کــە بوونە هــۆی ئەوەی سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبە" بــە ئاســانی ســەربگرێت؟ خاڵــی لاوازی کــورد چــی بــوو؟ ئــەو نەتەوەیــەی لــە قۆناخێکــی دیاریکــراوی مێــژوودا بــووە ئامانجــی سیاســەتی "پەرتکــە- زاڵبــە"، هــۆش و زەینــی پەرتکــرا و پەیکەربەندیــی جەســتەی لەبەریــەک هەڵوەشــێنرایەوە. نەتەوەیــەک کــە تووشــی ئــەو کارەســاتە بووبێــت، زۆر ســەخت دەبێــت خــۆی کۆبکاتــەوە و دووبــارە هەســتێتەوە ســەر پێــی خــۆی. دەشــێ نەتەوەیــەک کــە تووشــی کارەســاتێکی وەهــا بووبێــت، لاوازییەکــی قووڵــی هەبێــت. ئــەو هــۆکارە ئابــووری، سیاســی و کۆمەڵایەتییانــە چــی

بـوون کـە کـوردی خسـتە نێـو لاوازییەکـی وەهـاوە؟ پێویسـتە بیـر لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەش بکرێتـەوە.

وەک دەزانرێـت، لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا چـوار ئیمپراتـۆری پارچـە پارچـە دەبـن: ئیمپراتۆریـی نەمسـا- مەجـەڕ، ئیمپراتۆریـی ئەڵمانیـا، ئیمپراتۆریی رووسـیا و ئیمپراتۆریی عوسـمانی. لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریـی نەمسـا- مەجـەڕ و ئیمپراتۆریـی ئەڵمانیـادا چەنـد دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دروسـتبوون: نەمسـا، بولگاریـا، چیکۆسـلۆڤاکیا، یوگوسـلاڤیا، پۆڵۆنیـا. هەرچـی ئیمپراتۆریـی رووسـیای قەیسـەرییە، ئـەوەی لـەوێ روویـدا ئامـادەکاری بـوو بـۆ پێکهێنانـی یەکێتـی کۆمارە سۆسیالیسـتەکانی سـۆڤیەت.

پێویسـتە هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی لـە ئاسـتێکی دیکـەدا بنرخێنیـن. چونکـە هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریی عوسـمانی چـوار پێکهاتەی لێکجیـاوازی بـەدوای خۆیـدا هێنان. یەکـەم: دەرکەوتنی دەوڵەتی سـەربەخۆ لـە باڵـکان. ئـەو دەوڵەتە تازە سـەربەخۆیانە بەتەواوی پەیوەندی سیاسـییان لەگەڵ ئیمپراتۆریی عوسـمانی پچڕاند. ئەلبانیا سـەربەخۆ بـوو، دەوڵەتەکانی دیکـەش لـە چوارچێـوەی حوکمـکار- حوکمکـراودا هیـچ پەیوەندییەکیـان بە ئیمپراتۆریـی عوسـمانییەوە نەمـا. پێکهاتـەی دووەم پەیوەندیـدارە بە دنیای عـەرەب. دوای هاتنـی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـا و فەرەنسـا دنیـای عەرەبـی پارچـە پارچـە بـوو. سـعودیە و میسـر وەک وڵاتـی سـەربەخۆ و وڵاتانـی وەک عێـراق، سـووریا، لوبنـان، ئـوردن و فەڵەسـتینیش وەک وڵاتـی ژێـر چاودێـری (ئینتیـداب) سـەریانهەڵدا. پێکهاتـەی سـێیەم ئەرمینیایـە. ئـەو ئەرمەنانـەی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا دەژیـان، لە سـاڵانی سـەرەتای جەنگی یەکەمـی جیهانیـدا بـە راگواسـتن و کۆمەڵکـوژی نابووتکـران. پێکهاتـەی چـوارەم کوردسـتانە، کوردسـتان بەسـەر ئـەو دەوڵەتانەی لەژێر دەسـەڵاتی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـادا بـوون، راسـتتر بڵێیـن، لەنێـوان بەریتانیا، فەرەنسـا و تورکیـادا دابەشـکران.

لێـرەدا پێویسـتە سـەرنجی ئـەوە بدرێـت کـە پارچـە پارچەکردنـی کـورد و

عەرەبەکان بەهەمان شێوە نەبوو. ئەم دوو دابەشکارییە زۆر لێکجیاوازن. دنیای عەرەبی پارچە پارچە بوو، بەڵام لە سایەی (ئینتیداب) دا وڵاتی جیاجیای عەرەبی هاتنەئاراوە کە تا دەهات زیاتر سەربەخۆیی سیاسییان وەردەگرت. ئەوە لە کاتێکدا نەتەوەی کورد و کوردستان، ناوی کورد و کوردستان خەریک دەبێ لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەسڕدرێتەوە و هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتێکەوە دەلکێنرێت. بەم حاڵەوە هۆکارێکی گەورە هەیە لەپشت دووبارەکردنەوەی پرسیارەکانی سەرەوە: دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆچی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یاخود وەک دەوڵەتێکی ژێر ئینتیداب دروست نەبوو؟ دابەشکردنی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد لە بەرژەوەندی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، ئابووری و سەربازیی کامە هێز بوو؟ لە نێوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشکردنی خاکی کوردستان چ مانایەک دەگەیەنێت؟ لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا نەتەوەکانی دیکە خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بوون، لە کاتێکدا کە مافی بڕیاردان لە چارەنووس لە هەموو دنیادا و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاسیا کاریگەریی قووڵی دەبێت و بە جۆشەوە گەنگەشە دەکرێت، بۆچی دەبوو گەلی کورد و خاکی کوردستان دابەش بکرێن؟ بۆچی کورد خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی نادات؟ بۆچی چارەنووسی کورد نەک لەلایەن دەوڵەتێک، بەڵکو لەلایەن چەندین دەوڵەت و بە هاوئاهەنگیی چەند دەوڵەتێک دیاری دەکرێ؟ هۆکارە ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی ئەو شێوەگرتنە چی بوون؟

وەک دەزانرێ، ئیمپراتۆریی عوسمانی موسوڵمان، کریستیان و جووی لەخۆگرتبوون. رۆم، رۆمانی، بولگاری، ئەلبانی، سربی، کرواتی، تورک، عەرەب، کورد، ئەرمەن، چەرکەز و لاز چ بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، یاخود لە ماوەی جەنگەکە یان دواتر، بەشێکی ئەو گەلانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند، یاخود تا دەهات سەربەخۆتر دەبوون. یۆنان لە 1830، رۆمانیا لە 1878، بولگاریا لە 1908، ئەلبانیا لە 1912

بوونە دەوڵەتی سەربەخۆ. سرپ، کرواتی و سلۆڤینی کە دەوڵەتیان هەبوو، هەرچی یوگوسلاڤیا بوو، لە 1918 دامەزرا و فیدراسیۆنێکیان لە گەلی جۆراوجۆر پێکهێنا.
لای وڵاتە عەرەبییەکان دۆخەکە کەمێک جیاوازە. ساڵی 1830 جەزائیر و ساڵی 1885 تونس لەلایەن فەرەنسییەکانەوە داگیر دەکرێن. ئینگلیزەکانیش لە ساڵی 1839 عەدەن، لە 1882 میسر و لە 1899 کوێت داگیر دەکەن و دەیانخەنە ژێر ئینتیدابەوە. لیبیا لە ساڵی 1911 لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە داگیرکرا و کرایە کۆلۆنی. چ ئەم داگیرکردنانە،، یاخود ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا و وڵاتانی وەک عێراق، سووریا، ئوردن، لوبنان و فەڵەستین کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەژێر ئینتیدابدا بوون، تا دەهات زیاتر سەربەخۆ دەبوون. ئەمڕۆ هەموو ئەو وڵاتانە لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆن.
لەو هەلومەرجەدا، واتە لەوکاتەدا کە گەلانی ژێر سایەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دادەمەزرێنن، یاخود کەشێک بۆ بنیاتنانی دەوڵەت دەڕەخسێنن، بۆچی خاکی کوردستان پارچە پارچە و دابەش دەکرێت، ئەم شێوەگرتنە بەرژەوەندی کێی بەدی هێناوە، گرنگە ئەم پرسیارە دووبارە بکرێتەوە.
لە کاتێکدا ئەو گەلانە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چوونە قۆناخی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، یاخود کەوتنە هەوڵی زەمینەسازی بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە بێتە پێشەوە، بۆچی خاکی کوردستان و گەلی کورد تا ئاستی سڕینەوەی ناویان لە مێژوودا کەوتنە بەر هەڵمەتی دابەشکردن؟ بۆچی لە هەموو لایەکەوە سیاسەتی "پەرتکە- زاڵبە" وەگەڕخرا؟ ئەوە لەکاتێکدا تا دەهات ئەو سیاسەتە لە "پەرتکە- زاڵبە" وە دەگۆڕا بۆ "پەرتکە- زاڵبە و لەنێوی بەرە".
ئەوە خاڵێکی گرنگە کە دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا چووە پاڵ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی. لەو جەنگەدا بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، رووسیای قەیسەری لەلایەک و ئەڵمانیا، دەوڵەتی عوسمانی بولگاریا و

نەمسا- مەجەڕ لەلایەکەی دیکە بوون. هەر کە جەنگەکە دەستیپێکرد، لەلایەن ئیتیحاد و تەرەقییەوە بە هەزاران رۆمی لە رۆژئاوای ئەنادۆڵەوە بۆ یۆنان و دوورگەکانی دەریای ئیجە راگوێزران. کوشتاری ملیۆن و نیوێک ئەرمەنیش هەر لە 8- 10 مانگی سەرەتای جەنگەکەدا بوو. لە هەمان ئەو کاتەدا سەدان هەزار کورد لە کوردستانەوە بەرەو ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست راگوێزران. پێویستە بە دیقەتەوە هەڵوەستە لەسەر ئەمە بکرێ.

بەشکردنی کوردستان و جێبەجێکردنی سیاسەتی "پەرتکە- زاڵبە و لەنێوی بەرە" لەسەر گەلی کورد فاکتێکی سادە، یاخود قۆناخێکی ئاسایی نییە. ئەمە فاکتی قۆناخێکی تا بڵێی ئاڵۆزە. لە ئەنجامی پەیوەندی و کارلێکی نێوان چەندی راستینە و پەیوەندیی راستینەوە هاتووەتە ئاراوە. لەمەوە پێویست دەکات ئەو فاکتانە و پەیوەندییەکانیان لە دابەشکاری و بەشکردنی ئیمپریالیستانەی خاکی کوردستاندا ئەگەر هێڵە گشتییەکانیشی بێت، بخرێنە بەرچاو. ئەمەش پێویستە بە دیقەت و داتای دروستەوە بخرێنەڕوو. بەم شێوەیە کاریگەری هەر فاکتێک یاخود پەیوەستییەکی واقیعیانە، لەسەر هاتنەئارای دەرئەنجامێکی وا دەردەکەوێ. هاوشێوەی ئەمە، ئەم فاکتانە و قۆناخەکانیش کاریگەریی راستینە و پەیوەندییە سیاسییەکانی دیکە رۆشن دەکەنەوە. دەشێ فاکت و پەیوەندییە واقیعییەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

### 1 - پەیوەندی عوسمانی- ئینگلیز- فەرەنسا- رووسیا

پەیوەندی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بە ئیمپراتۆریی ئینگلیز و فەرەنسی و بە ئیمپراتۆریی رووسییەوە چۆن چووە پێشەوە و گەشەی کرد؟ ئەو دەوڵەتانە پەیڕەوییان لە چ سیاسەتێک کرد لەهەمبەر ئیمپراتۆریی عوسمانیدا؟ چ دەوڵەتی عوسمانی یاخود ئینگلیز، فەرەنسا یان رووسیا هەڵوێستیان بەرانبەر ئەرمەن و کورد

چی بووە؟ پۆلێنی ئەو فاکت و پەیوەندییە واقیعیانە، ئەو رێککەوتننامە نهێنییانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانییان لێکەوتەوە. لەهەمان کاتدا زانیاریمان لەبارەی ناوەڕۆکی رێککەوتنەکان دەداتێ.

## 2 - پەیوەندی ئیتیحادییەکان- رووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریی ئەڵمانی

لە سەروبەندی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزەدەوە دینامیکە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەو جووڵانەوەیەی بە "ئیسڵاحات و تەنزیمات" ناسرا، چی بوون؟ عوسمانییە نوێیەکان و ژۆن تورکەکان [5] لەنێو پێکهاتەی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگەکەیدا چۆن سەریانهەڵدا؟ فکری ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی عوسمانییە نوێیەکان و ژۆن تورکەکان چی بوون؟ لێکۆڵینەوە لەو راستینە و پەیوەندییە واقیعیانە زانیاری گرنگمان دەدەنێ لەبارەی کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، بەتایبەت لەبارەی سەرەتای سەدەی بیست و ئەو هەوڵانەی بۆ رزگارکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە بە ئاڕاستەی بە رۆژئاواییبوون، ئیسلامگەرایی و تورکچێتی دران. هەوڵەکانی عوسمانییە نوێیەکان و ژۆن تورکەکان و کێشەکانی ئیتیحاد و تەرەقی، تورکچێتی، عەرەببوون، رۆمیبوون، ئەرمەنبوون و کوردبوون هەر لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەدا روون دەکرێنەوە. ئەو پەیوەندییەی دەستەی ئیتیحاد و تەرەقی لەگەڵ ئەڵمانیا دایمەزراند، رۆڵێکی گەورەی دایە تورکچێتی تا بەرەو بزاڤی تۆرانیچێتی گەشە بکات. ئەو ماوەیەش تووناوتوون پەیوەست دەبێتەوە بە کێشەی ئەرمەنیبوونەوە. بزاڤی تۆرانچێتی

5 - گرووپێکی میللیگەرای رۆشنفکری گەنج بوون کە بە Jön Türkler ژۆن تورکەکان، یاخود بە تورکە گەنجەکان ناسرابوون، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەریانهەڵدا، ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەستووری و حوکمی یاسا بوو، دژی حوکمی رەهای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوون (و.ک).

لەلایەن ئەڵمانەکانەوە وەک هەوڵێک بۆ دروستکردنی دۆخێکی سیاسی لە دژی رووسیای قەیسەری بەکارهێنرا. ئەوەش روونە کە بزاڤی تۆرانی بەهۆی داگیرکردنی هیندستانەوە هەڕەشەی لە بەریتانیش کرد.

## 3 - پەیوەندی ئیتیحادییەکان- فەرەنسا و ئەڵمانیا

وەک چۆن ئەڵمانیا بۆ پێکهێنانی دۆخێکی سیاسی لە دژی رووسیا هەوڵی پەرەپێدانی تۆرانچێتی دا، لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی لە دژی بەریتانیاش دۆخێکی سیاسی بێنێتە ئاراوە، ئیسلامی بەکارهێنا. لەو روانگەیەوە پێویست دەکات لە پەیوەندیی ئیتیحاد و تەرەقی و ئەڵمانیا و بەریتانیا بکۆڵینەوە و لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەشدا هەڵوەستە لەسەر پرسی کوردستان بکەین.

## 4 - پەیوەندی ئینگلیز- فەرەنسا- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا -رووسیای قەیسەری و ئەڵمانیا

هەوڵی ئەڵمانەکان بۆ پەرەپێدانی بزاڤی تۆرانچێتی و بەقوربانیکردنی ئەرمەنەکان و هاندانی ئیتیحادییەکان لەو پێناوەدا، بووە هۆی ئەوەی بەریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، بیرێک لە پرسی سەربەخۆبوونی ئەرمینیا بکەنەوە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە چ رووسیای قەیسەری و چ دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی زۆریاندا بۆئەوەی ئەو پرۆژەیە سەرنەگرێت. لەگەڵ ئەوەش کە ئەو دوو دەوڵەتە گوشاری زۆریان خستە سەر ئەرمەنەکانی نێو وڵاتەکانی خۆیان بۆئەوەی ئەرمەنەکان وەک نەتەوە و خاوەن تایبەتمەندی بسڕنەوە، بەڵام خۆیان لە هاندانی ئەرمەنەکانی دەوڵەتانی دیکە نەبوارد.

## 5 - شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917

شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە رووسـیا هاوسـەنگی سیاسـیی دنیای هەڵگێڕایـەوە و لـە ریشـەوە ئـەو هاوسـەنگییەی گـۆڕی. شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر ناوەڕۆکـی ئـەو رێککەوتننامـە نهێنیانـەی ئاشـکرا کـرد کـە دەوڵەتە ئیمپریالیسـتەکان واژۆیـان کردبـوو. پـەردەی لەسـەر رووی ئـەو یاریيانـە هەڵدایـەوە کـە بـۆ وڵاتـە داگیرکـراو و نیمچەداگیرکـراوەکان ئامـادە کرابـوون. شۆڕشـی ئۆکتۆبەری 1917 کـە هاوسـەنگییەکی تـازەی لـە جیهاندا هێنابووە ئاراوە، بـووە خاوەنـی رۆڵ و کاریگەرییەکـی گـەورەی بنەمـای دیموکراسـییەکان بـۆ ئـەوەی نەتەوەکانـی جیهـان خۆیـان بڕیـار لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان بـدەن. ئـەو بنەمایـە دەرفەتـی دایـە ئەو نەتەوانـەی ژێردەسـتە بوون و هەوڵـی بەکۆیلەکردنیـان درابـوو، تاوەکـو وەئـاگا بێنـەوە و دەسـت بـە خەبـات لـە دژی ئیمپریالیـزم و داگیرکاری بکەن. شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری 1917 وەک چـۆن لـە رەگوڕیشـەوە پەیوەندییە سیاسـییە نێوخۆییەکانی رووسـیای گـۆڕی، بەهەمـان شـێوە پەیوەندییـە سیاسـییە دەرەکییەکانیشـی گـۆڕی. دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، بەریتانیـا، فەرەنسـا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، ئیتاڵیـا و... هتـد ناچـار بـوون کێشـەکانی وەک تورکبـوون، ئەرمەنیبـوون، رۆمـی، عـەرەب، کـورد و جـوو دیسـانەوە بخەنـەوە بەربـاس و پێیانـدا بچنـەوە. لـەو پرس و باسـانەدا دەسـتیان بـە داهێنانی چارەسـەری تـازە کـرد.

شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر بەتایبەتـی لـە ئەنـادۆڵ دا مەیدانێکـی بەرفراوانـی بـۆ قـوەی میللییـە و بزووتنـەوەی کەمالیـزم کـردەوە. توانـای مانـۆڕ و بزاوتـی بزووتنـەوەی کەمالیزمـی زیاتـر پەرەپێدا. توانـای دیپلۆماسـیی کەمالیزمـی زیاتـر کـرد. دیپلۆماسـیی کەمالیـزم هەڕەشـەی بەلشـەڤییەکانی لـە دژی بەریتانیـا و هەڕەشـەی بەریتانیاشـی دژی بەلشـەڤییەکان بەکارهێنـا و لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا رۆڵێکـی سیاسـی و سـەربازی بـۆ خـۆی پەیداکـرد.

هەردوو لایەنیشی ناچار کرد مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بەوجۆرە پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزکرد.

## 6 - 14 خاڵەکەی ویڵسن [6] و میساقی میللی

یەکێک لەو راستییە گرنگانەی پەیوەستن بە کێشەی کوردستان، میساقی میللی و ئەو راستیانەن کە پەیوەستن پێیەوە. هەر دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا، لە کانوونی دووەمی 1918دا ویڵسن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەند پرەنسیپێکی لە 14 خاڵ دا راگەیاند بۆ ئەوەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە رێککەوتننامەی ئاشتەواییدا لەبەرچاو بگیرێن. خاڵی دوانزەیەمینی ئەو پرەنسیپانە سەبارەت ئیمپراتۆریی عوسمانییە. بەپێی ئەو خاڵە، لە دەوڵەتی عوسمانی دا و لەو بەشانەدا کە تورکی لێن، واتە ئەو شوێنانەی تورک تێیاندا زۆرینەن، دەوڵەتێک بۆ تورک دادەمەزرێت، لە ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هاوکاریی خەڵکی خۆجێیی دەکرێت بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.
میساقی میللی بەشێوەیەکی گشتی بە مانای رزگارکردنی تورکەکان بوو لەو شوێنانەی کە تێیدا زۆرینەن و بتوانن دەوڵەتێکی نوێ بۆخۆیان دابمەزرێنن. ئەوە لەکاتێکدا چ لەو بڕیارانەی لە کۆنگرەکانی سیڤاس و ئەرزڕووم دران، چ بە گوێرەی نێوەڕۆکی میساقی میللی، ئەوە بەدی دەکرێت کە بە مەبەستەوە خۆیان لە رستەی "ئەو شوێنانەی تورک تێیدا زۆرینەن" دزیوەتەوە. لەجیاتی ئەوە "ئەو شەڕانەی بەر لە ئاگربەستی مۆدرۆس روویانداوە"، "لەو شوێنانەی زۆرینە موسڵمانن" بەکارهاتووە.

6 - بنەماکانی ویڵسن، پرەنسیپەکانی ویڵسن، چوارده مادده یاخود چوارده خاڵە و بە ئینگلزییش بە Fourteen Pointsناسراوە. ئەو بنەمایانەن کە ویدرۆ ویڵسن سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی لە هەشتی کانوونی دووەمی 1918 لە گوتارێکدا خستیەڕوو. ئەو چوارده خاڵە پەیوەست بوون بە روانگە و ویستی ئەمەریکا بۆ ئەو دنیایەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پێکدێت (و.ک).

پێکهاتنــی ئــەو راســتییە و پەیوەنــدی کەتواریانە(واقعیانــە) دەرخــەری ئەوەیــە کــە کەمالیســتەکان بــۆ ئــەوەی کــورد و کوردســتان بخەنــە ســەر وڵاتەکەیــان، چ درۆیــان کــردووە. بــۆ ئــەوەی ئــەو ئامانجــە بەدیبێــت، لەگــەڵ ئیمپریالیزمــی ئینگلیزی و فەرەنســی چوونەتە نێو چ جــۆرە پەیوەندییەکەوە، دەســتبەرداری چ بــوون و چ ســوودێکیان بــۆ رەخســاندووە؟

## 7 - پەیوەندییەکانی ئینگلیز - فەرەنسا - بەلشەڤی و کەمالیستەکان

لەکاتــی توێژینــەوە ســەبارەت کێشــەی کوردســتان و وردبوونــەوە تێیــدا، یەکێــک لــەو شــتانەی ســەرنج رادەکێشــێ، پەیوەنــدی کەمالیســتەکانە لەگەڵ بەلشــەڤییەکان و ئینگلیز. لێرەدا پێویســت دەکات لە کۆنتێکســت و مــاوەی زەمەنیــی خۆیــدا لــە پەیوەندی مســتەفا کەمال ـ ئینگلیز و مســتەفا کەمــال- بەلشــەڤی و ئینگلیــز ورد ببینــەوە، بــەڵام ئــەو وردبوونەوەیــە بــە جیاجیــا و بەشــبەش نــا، بەڵکــو پەیوەنــدی هەرســێ بنەماکــە، کاریگەرییــان لەســەر یەکتــری و کاریگەربوونیــان بــە یەکتــری لە هەمــان مــاوەی زەمەنیدا هەڵبســەنگێنین. دوای شــۆڕشــی ئۆکتۆبــەری 1917، هاوســەنگیی سیاســی لــە دنیــادا گــۆڕانکاریــی زۆری بەســەردا هــات. هــەر بە تــەواوی مانا ســەراوژێر بــوو. ئەمــە دەســتپێکی قۆناخــی پێشــهاتە سیاســییەکانی ئەنادۆڵیشــە. شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر هاوتــای ئەنــادۆڵ گرنگــی و بەهــای ســتراتیژیی وڵاتــی کوردستانیشــی زیاتــر کــرد. ئەمــە هیــچ گومانێــک هەڵناگرێــت. دوای شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر، ئایدیۆلۆژیــای کۆمۆنیســتی لــە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت دا تاوەکــو دەهــات زیاتــر مەیلــی بــەلای بزووتنــەوەی کەمالیســتیدا دەچــوو کــە لــە ئەنــادۆڵ ســەری هەڵدابــوو. ئــەو مەیلــە وایکــرد بەریتانیــا چــاو بــە سیاســەتەکانی خۆیــدا بەرانبــەر تــورک و یۆنانییــەکان بخشــێنێتەوە. بــەم شــێوەیە بەریتانیــاش لــە ئەنــادۆڵ بــە ئاراســتەی سیاســەت و ئایدیۆلۆژیــای خــۆی، واتــە لــە چوارچێوەی سیســتمی ســەرمایەداریدا هەوڵیــدا دەوڵەتێکی تورکیــی بەهێــز و ســەربەخۆ دابمەزرێــت. لەنێــوان ململانێــی ســەرمایەداری

و کۆمۆنیزمـدا قـوەی میللـی بـە پێشـڕەوی مسـتەفا کەمـال سـوودێکی زۆری بینـی. جـار جـارە بـۆ سـۆڤیەتییەکان "..ئەگـەر فڵان شـت و فڵانە شـت جێبەجـێ نەکـەن، ئەگـەر لەسـەر ئـەو فڵانـە خواسـتەی خۆتـان پێداگربـن، ئـەوا پەیوەنـدی لەگـەڵ بەریتانیـا دەبەسـتین..." بـۆ بەریتانیـاش "... ئەگـەر فـڵان و فڵانـە داواکاریمـان بەجێنەهێنـن، ئـەوا پەیوەنـدی پتەوتـر لەگـەڵ کۆمۆنیسـتەکان دەبەسـتین، دەبینـە کۆمۆنیسـت...." بـەم شـێوەیە هەڕەشـەیان دەکـرد. بـەم جـۆرە بزووتنـەوەی کەمالیـزم خواسـتە سیاسـی و سـەربازییەکانی خـۆی بەجێدەهێنـا.

لەلایەکــی دیکــەوە، پــاش شــەڕی نێوخۆیــی لــە یەکێتــی ســۆڤیەت، پەرەســەندنی پەیوەندییەکانــی ســۆڤیەت و ئینگلیــز بــۆ بزووتنــەوەی کەمالیـزم هەندێـک جـار دەرفەتـی دەهێنـا و هەندێـک جاریـش دەبـووە مەترســی، بــەڵام چ پەرەســەندنی پەیوەندییەکانــی ســۆڤیەت و ئینگلیــز و چ هەڵوێسـتە سیاسـی و ئایدیۆلۆژییەکانـی هـەردوو دەوڵـەت بەرانبـەر بزووتنەوەکــە لــە ئەنــادۆڵ، هەردووکیــان لــە نزیکــەوە پەیوەســتن بــە کێشـەی پارچـە پارچەکردنـی خاکـی کوردسـتان و گەلـی کـوردەوە. ئـەو پەیوەندییانـە هەروەهـا پەیوەسـت دەبنـەوە بـە شـەڕی تـورک و ئەرمـەن، شــەڕی تــورک و یۆنانییەکانیــش.

لێـرەدا گرنگـە لـەوە بکۆڵینـەوە کـە لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، ئــەو ڕێککەوتننامــە نهێنییانــەی لەنێــوان بەریتانیــا، فەرەنسا،ڕووســیای قەیسـەری و ئیتاڵیـادا کرابـوون و ئیمپراتۆریـی عوسـمانییان دابەشـکرد، ئەو ڕێککەوتننامانە چەند و کامە لایەنیان جێبەجێنەکران و چەندیان جێبەجێکران ئەمـە پرسـێکی دیکەیـە. وەک دەزانرێـت، ئـەو ڕێککەوتننامانـەی لەلایـەن ڕووسـیای قەیسـەری و وڵاتانـی دیکـەی ئیمپریالیسـتییەوە واژۆ کرابـوون، هـەر دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لەلایـەن بەلشـەڤییەکانەوە ئاشـکرا کـران و رای گشـتیی جیهانییـان لـێ ئـاگادار بـووەوە. وەسـتانەوەی بـێ چەندوچۆنـی بەلشـەڤیکەکان لـە دژی ئـەو ڕێککەوتننامانـە، جۆرێـک بـوو لـە هـاوکاری مـادی و مانـەوی بـۆ ئـەو گـەل و نەتەوانـەی چەوسـێندرابوونەوە تاوەکـو

بتوانـن چارەنووسـی خۆیـان دیاری بکـەن. ئەوەتـا لێـرەدا دەردەکەوێـت کـە لـە 1920 و لـە سـاڵانی دواتـردا، بـە تایبـەت لـە پێشـهاتە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا، ڕێککەوتننامـە نهێنییـەکان و ئـەو پرەنسـیپانەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری 1917 لەگـەڵ خۆیـدا هێنـان، تاوەکـو چەنـد بەدیهاتن و چەندیـان جێبەجێکـران، ئەمـە باسـێکی گرنگـە بـۆ توێژینـەوە.

## 8 - پەیوەندی سیڤەر، عەرەب، ڕۆم، ئەرمەن و کورد

پرسـێکی گرنـگ کـە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن ئەوەیـە؛ دوای هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، چـۆن هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشـەی تـورک، عـەرەب، ڕۆم، ئەرمـەن و کـورد درا و چ جـۆرە پێشـنیازێک خرانـەڕوو. پێویسـتە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر کـە لـە 10ی ئابـی 1920 واژۆکـرا، لـەو چوارچێوەیـەدا بخرێتـە بەربـاس. لەلایەکـی دیکـەوە شـەڕی تـورک و ئەرمەنـەکان لـە ڕۆژهـەڵات، شـەڕی تـورک و یۆنانییـەکان لـە ڕۆژئـاوا، ئـەو کۆمەڵکوژییـەی لـە قۆچگیـری لـە دژی کـورد دەکـرا، پێویسـتە دیسـانەوە هـەر لـە چوارچێـوەی ئـەو پەیوەندییانـەدا بخرێنـە بەربـاس. هاوشـێوەی ئەمـڕۆ، کاتێـک سـەرنج دەدەینـە قۆنـاخ و مـاوەی نێـوان ئـەو ئاگربەسـت و ڕێککەوتنامانـەی لـەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی لەگـەڵ دەوڵەتـە دۆڕاوەکانـدا کـرا، دیسـانەوە دەگەینـە ئەنجامـی سـەرنجڕاکێش. ئـەو ئاگربەسـتەی لـە ئەیلوولـی 1918 لەگـەڵ بوولگاریـا کـرا، لـە تشـرینی دووەمـی 1919 بـە گەیشـتنە ڕێککەوتـن کۆتایـی هـات. لەگـەڵ ئەڵمانیـا لـە تشـرینی دووەمـی 1918 ئاگربەسـت کـرا و لـە حوزەیرانـی 1919 ڕێککەوتننامـەی ئاشـتی واژۆکـرا. واتـە نزیکـەی حـەوت مانگیـان لـە نێوانـە. دیسـانەوە ئـەو ئاگربەسـتەی لـە تشـرینی دووەمـی 1918 لەگـەڵ نەمسـا واژۆ کـرا، بـە ڕێککەوتننامـەی ئەیلوولـی 1919 تـەواو بـوو.
ئاگربەسـت لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی لـە تشـرینی دووەمـی 1918 کـرا. هەرچـی ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر بـوو، لـە ئابـی 1920 واژۆ کرا. واتـە ماوەی

نێوانیـان نزیکـەی 23 مانگـە. بۆچـی ئـەو ماوەیـە هێنـدە درێژکرایـەوە؟ بێگومـان پرسـێکە پەیوەسـت دەبێتـەوە بـە بەریتانیـا و بزووتنەوەکـەی ئەنادۆڵـەوە، بزووتنـەوەی کەمالیسـتەکان و ئـەو پەیوەندییـەی لەگـەڵ بەلشـەڤییەکان دایانمەزراندبـوو، هەروەهـا هەڵسـەنگاندنەکانی نارەزایـی جەمـاوەری کـە تاوەکـو دەهـات زیاتـر دەبـوو. ئەمانـە دەریدەخـەن هـەر کـە واژۆ لەسـەر رێککەوتننامـەی سـیڤەر کـرا، ئەمانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی واژۆکردنـی رێککەوتننامەکـە هیـچ بەهایەکـی نەبێـت. لەکاتێکدا هـەر دوای واژۆکردنـی رێککەوتننامەکـە، هەمـوو ئـەو نارەزاییـە کۆمەڵایەتییانـەی ئەنادۆڵ لەلایەن کەمالیسـتەکانەوە سـەرکوت کران. لەنێوبردنی هێزەکانی چەرکـەز ئەتهەم، دەسـتگیرکردنی کۆمۆنیسـتەکان و دامەزراندنی فەرمیی پارتی کۆمۆنیسـت، داخسـتنی فیرقەی ئینکیشـاری گەل، کوشـتنی مستەفا سـوبحی و هاورێیەکانـی، هەمـوو ئەمانە لـەو ماوەیەدا روویانـدا. لەبەرانبەر ئـەو جوڵانەوانـەدا، کەمالیسـتەکان لـە سـەرەتای سـاڵی 1921 بانگهێشـتی کۆنفرانسـی لەنـدەن کـران کـە بـە سـەرۆکایەتی بەریتانیـا بەرێوەچـوو. بۆیە پێویسـت دەکات پەیوەندییەکانـی بـەر لـە سـیڤەر، حوکمەکانـی سـیڤەر و پەیوەندییەکانـی دوای سـیڤەریش بـە بەڵگـە روونبکرێنـەوە.

بزووتنـەوەی کەمالیـزم دوای ئـەو رێککەوتننامەیـەی ئەنادۆڵی دابەشـکرد، دەبووایـە زیاتـر نزیکـی هێـزە سیاسـییە جیـاوازەکان و بەتایبـەت نزیکـی ئـەو هێزانـە ببێتـەوە کـە نارەزایـی جەمـاوەری دیـاری دەکـەن. هێزەکانـی چەرکـەز ئەتهـەم لەوکاتـەوە کـە یۆنانییـەکان بـەری رۆژئـاوای ئەنادۆڵیـان داگیرکردبـوو، لـە شـەرێکی پارتیزانیـی سـەختدا بـوون لـە دژی ئـەو هێـزە. بەوپێیـەی کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا ئەوانـی نادیدەگـرت و لەنێـوی بـردن، دیـارە ئـەو هێـزەی پشـتی پێـی قایـم بـوو زۆر بەهێزتـر و کاریگەرتـر بـووە. بێگومـان ئـەو هێـزە ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز بـوو. چونکـە بانگهێشـتکردنی بزووتنـەوەی کەمالیـزم بـۆ کۆنفرانسـی لەنـدەن لـەدوای لەنێوبردنـی هێـزە نارەزاییـە کۆمەڵایەتییـەکان و کوشـتنی رۆشـنبیرەکان و قەدەخەکردنـی بەرێکخراوبوونـی هێـزە نارازییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو.

## 9 - چارەسەرکردنی کێشەی جووەکان:

**پەیوەندی عەرەب- جوو، ئینگلیز- پەیمانی بلفۆر**

یەکێک لە خاڵەکانی وەرچەرخان لە گەشەکردنی بزووتنەوەی زایۆنیزم دا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیمانی بلفۆر بوو کە لە تشرینی دووەمی 1917 راگەیێندرا. ئەو پەیمانە کە لەلایەن بلفۆر، وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە راگەیێندرا، لە ساڵی 1918دا هەریەک لە فەرەنسا، ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خاوەندارێتیان کرد و ئەمەش رۆڵێکی گەورەی بینی لە بەهێزبوونی بزووتنەوەی زایۆنیستی. ئەم پەیمانە لاپەڕەیەکی داینامیکی لە پەیوەندیی نێوان ئینگلیز - عەرەب، ئینگلیز - جووەکان و عەرەب - جووەکان هەڵدایەوە. هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ رزگارکردنی عەرەب لەژێر هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەن عەرەبەکانەوە پێشوازی لێکرا. لەمەوە، کێشەی جووەکان وەکو یەکێک لەو کێشانەی لەدوای ئیمپراتۆریی عوسمانی مایەوە و لەگەڵ پەیمانی بلفۆڕ دەستیپێکرد، پێویستە بە وردی لەبەرچاوی بگرین.

## 10 - کێشمەکێشی نێوان مستەفا کەمال و ئەنوەر پاشا

پێویستە لە بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیادا هەیبوو، بکۆڵینەوە. هەروەها یەکێک لەو شتانەی لە نزیکەوە پەیوەندی بە کێشەی کوردستانەوە هەیە، کێشمەکێشی نێوان مستەفا کەمال پاشا و ئەنوەر پاشا بوو. ئەنوەر پاشا یەکێک بوو لە سێ کەسە هەرە پێشەنگەکانی فیرقەی ئیتیحاد و تەرەقی. لەو سێ کەسەشدا پێشەنگ بوو. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سوپاسالاری دەوڵەتی عوسمانی و وەکیلی سەرفەرماندای هێزە چەکدارەکانی سوپای عوسمانی بوو. واتە وەکیلی پادشا بوو.

لــە کۆتایــی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــدا، عوســمانییەکان و ئەڵمانیــا، کــە هاوپەیمــان بــوون، دۆڕان. بــۆ دۆڕانــی دەوڵەتــی عوســمانی، حکومەتــی ئیتیحــاد و تەرەقییــان بــە بەرپرســیار دەزانــی. بەوهۆیەوە ئەو ســێ کەســەی پێشــەنگی فیرقەکــە بــوون: ئەنــوەر پاشــا، جەمــال پاشــا و تەڵعــەت پاشــا، لەگــەڵ پێشــەنگەکانی دیکــەی ئیتیحادییــەکان رایانکــرد بــۆ دەرەوەی وڵات، بــەڵام لــە دەرەوەی وڵاتیــش درێژەیــان بــە کار و چالاکییــە سیاســییەکانیان دا. جەمــال پاشــا لــە ئەڵمانیــا و ئاســیای نێوەڕاســت، ئەنــوەر پاشــا لــە یەکێتــی ســۆڤیەت، تەڵعــەت پاشــا لــە ئەڵمانیــاوە و لــە نزیکــەوە ئــاگاداری قــوەی میللیــی ئەنــادۆڵ بــوون. بگــرە وێنایەکــی وایــان دەدا کــە ئەوانــە هەڵســوڕێنەری کاروبــاری پەیوەندییــە دەرەکییەکانــی بزووتنەوەکــەن. دەکــرێ لەکاتــی جیاوازدا، لــە پەیوەنــدی نێــوان مســتەفا کەمــال ئەتاتــورک و کەســانی نزیکیــدا درک بــە هەبوونــی پــرس و باســی ئــەو ســێ نــاوەش بکەیــن.

مســتەفا کەمــال بەتایبــەت گومانــی زۆری لــە ئەنــوەر پاشــا هەبــوو. جێگیربوونــی ئەنــوەر پاشــا لــە مۆســکۆ، پەیوەنــدی باشــی لەگــەڵ بەلشــەڤییەکان و هاوکاریکردنــی دارایــی و مانــەوی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ئەنــادۆڵ، ئەمانــە لای مســتەفا کەمــال پاشــا ببوونــە ســەرچاوەی هــەرە گــەورەی گومــان. ئەنــوەر پاشــا بــەو پەیوەندییانەیــەوە بــۆ بەریتانیــاش دەبێتــە ســەرچاوەیەکی گــەورەی گومــان. ئــەوە ئاســاییە کــە بەهــۆی پەیوەنــدی نزیکــی لەگــەڵ دەســەڵاتدارانی بەلشــەڤی، ببێتــە ســەرچاوەی گومــان. وێــڕای ئــەوە بەلشــەڤییەکان ئەنــوەر پاشــایان تاوەکــو کۆتایــی شــەڕی ســاکاریا لــە ئەیلوولــی 1921 وەک هێزێکــی یــەدەگ پاراســت و هانیانــدا لــە باتــووم ئەرکەکــە لــە ئەســتۆ بگرێــت. لــەم دۆخــەدا ئەنــوەر پاشــا گەورەتریــن جێگــرەوەی مســتەفا کەمــال بــوو. بێگومــان بــژارەی ئینگلیــز لەبەرانبــەر ئەنــوەر پاشــادا کــە پەیوەنــدی لەگــەڵ بەلشــەڤییەکان هەبــووە، هــەر مســتەفا کەمــال بــوو. چونکــە لــەو رۆژەوەی کــە مســتەفا کەمــال لــە مایســی ســاڵی 1919 لــە سامســون چووبــووە دەرەوە، لــە

رۆژانــی پێشتریشــدا، بــە روونــی و چەندیــن جــار ئــەوەی درکاندبــوو کــە لایەنگــری بــەرەی ســەرمایەداریی رۆژئاوایــە، خەباتــی ئەنادۆڵــی بــۆ ئەوەیــە سیســتمێکی رۆژئاوایــی دامەزرێنــێ و ببێتــە بەشــێک لــەو بلۆکــە. لەلایەکــی دیکــەوە، ئەنــوەر پاشــا لەلایــەن بەریتانیــاوە وەک تاوانبــاری جەنــگ تەماشــا دەکــرا. ئەنــوەر پاشــا رۆڵێکــی گــەورەی هەبــوو لــەوەی دەوڵەتی عوســمانی لــە جەنگــی یەکەمــی جیهانیــدا خــۆی بداتــە پاڵ ئەڵمانیا. لــەو روانگەیــەوە پێویســتە بــە ســەرنجەوە هەڵوەســتە لەســەر کێشمەکێشــی ئەنــوەر پاشــا و مســتەفا کەمــال پاشــا بکەیــن و کاریگــەری ئەمــە بەســەر پەیوەندییەکانی ئینگلیــز و ســۆڤیەتەوە بخەینــە بەرچــاو.

## 11 - پادشا (خەلافەت)- مستەفا کەمال - پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز

وەک چــۆن پرســی ئەنــوەر پاشــا پتەوبوونــی پەیوەندیــی نێــوان مســتەفا کەمــال پاشــا و بەریتانیــای لێکەوتــەوە، دامــەزراوەی خەلافەتیــش کــەم تاوەکــو زۆر هەمــان رۆڵــی هەبــوو. دامــەزراوەی خەلافــەت لــە ناوخــۆ و لــە دەرەوە، لەلایــەن مســتەفا کەمــال پاشــاوە بــە وردی بەکاردەهێنــرا. لــە ناوخــۆدا "گاورەکان پادشــای خەلیفەیــان دەستبەســەر کــردووە. دەبــێ پادشــا رزگار بکەیــن. دەبــێ خەلیفــە رزگار بکەیــن"، بــەم جــۆرە ســوودی لــێ دەبینی. لە دەرەوەش لای بەریتانیا و فەرەنسا ســوودی لە سیاســەتەکانی خەلیفــە و موســڵمانێتی دەبینــی، بــەم شــێوەیە:
وەک دەزانرێــت، لــە مــاوەی جەنگــی یەکەمــی جیهانــی و دوای جەنگەکــەش، لــە دنیــادا دوو دەوڵەتــی گــەورە هەبــوون کــە موســڵمانیان تێــدا دەژیــان. یەکــەم بەریتانیــا و دووەم فەرەنســا بــوو. ئــەو دوو دەوڵەتــە، بەتایبــەت لــە چوارچێــوەی داگیرکاریــی ئیمپراتۆریــی بەریتانیــادا، ژمارەیەکــی زۆری موســڵمانی لەخۆگرتبــوو. ناچاریــش بــوو داواکارییــە ئایدیۆلــۆژی، سیاســی و ئایینییەکانــی ئــەو گەلانــە لەبەرچــاو بگرێــت. ئەمــە لــەو رەهەنــدەوە گرنگــە

کـە نیشـانەی ئەوەیـە بەریتانیا دوای شـەڕی یۆنـان و تورکیا بەشـێوەیەکی بـەردەوام لایەنگـری یۆنـان نـاکات. بەریتانیا کە بـەردەوام پشـتگیری یۆنانی کـردووە، دەشـێ رووبـەڕووی نارەزایـی ئـەو گەلانـە ببێتـەوە کـە دەکەونـە چوارچێـوەی کۆڵۆنییەکانیـان. بـۆ نموونـە لـە هیندسـتان بـە ملیۆنـان موسـڵمان دەژیـن. وێـڕای ئەمـە، ئـەو موسـڵمانانە هاوسـۆزییەکی زۆریـان لەگـەڵ قـوەی میللیـدا هەبـوو، بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتووبێت بـە مـاددی و مانـەوی هاوکارییـان دەکـرد. مسـتەفا کەمـال پاشـا ئـەوە دەزانێـت و لـە مـاوەی شـەڕی تـورک- یۆنـان و تـورک- ئەرمەنەکانـدا هـەوڵ دەدات سـوود لـەو پەیوەندییـە وەربگرێـت.
لەلایەکـی دیکـەوە، لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا یەکێـک لـە ئامانجـە هـەرە گرنگەکانـی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز رزگارکردنـی عـەرەب بـوو لەژێـر چنگـی دەوڵەتـی عوسـمانی. لـەم روانگەیـەوە هانـی ناسـیۆنالیزمی عەرەبیـی داوە و پشـتیوانی لێکـردووە. ئـەو هانـدان و پشـتیوانییەش بـە مـاددی و مانـەوی بـووە. یەکێـک لـە ئامرازەکانـی دەستیشـی دامـەزراوەی خەلافـەت بـووە. وەک دەزانرێـت خەلافـەت لـەلای موسـڵمانان ناوەندێکـی پیـرۆز بـووە. بەریتانیـا کـە پشـتیوانی لـە ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی دەکـرد، بەڵێنـی ئـەوە دەدات کە دامـەزراوەی خەلافەت لە خانەدانەکانی عوسـمانی بسـتێنێتەوە و بیداتـەوە عـەرەب. ئەمـە عەرەبـەکان دەهێنێتـە جـۆش و زیاتـر لـە بەریتانیـا نزیکیـان دەخاتـەوە. ئیـدی لێرەدایـە کـە هاوسـەنگی و هاوتەریبـی لەنێـوان بیـر و ئامانجەکانـی مسـتەفا کەمـال پاشـا و سیاسـەتەکانی ئینگلیـزدا دێتـە ئاراوە. چونکە مسـتەفا کەمـال دەیەوێ ئەو دەوڵەتـەی دادەمەزرێـت، بەتـەواوی بۆخـۆی بمێنێتـەوە. بـۆ ئەمـەش وەک چـۆن هەوڵیـدا لـە نارەزاییەکانـی ئەنـوەر پاشـا رزگاری بێـت، لـە خەلافـەت و پادشـایەتیش رزگاری بێـت. چونکـە زۆرینـەی خەڵکـی نەریتگـەرا هێشـتا پابەنـدی دامـەزراوەی خەلافـەت و پادشـایەتی بـوون. وادیـارە سیاسـەتی ئینگلیـز کـە دەیەوێ عەرەب و خەلافەت یەکبخاتەوە و سیاسـەتی مسـتەفا کەمـال کـە دەیـەوێ دامـەزراوەی خەلافەت لـە ئەنادۆڵ ریشـەکێش بکات،

لەسـەر ئـەو خاڵـە تەبـان. ئەمـەش کاریگەرییەکـی گـەورەی دەبێت لەسـەر نزیکبوونـەوەی سیاسـەتی ئینگلیـز و مسـتەفا کەمـال. هیـچ گومانێکیـش لـەوەدا نییـە کـە ئـەو نزیکبوونەوەیـە کاریگـەری لەسـەر چارەنووسـی کوردسـتانیش دەبێـت.

دوای ئـەوەی خەبـات لـە ئەنـادۆڵ سـەرکەوت، بەریتانیـا هەوڵـی زۆری دا بـۆ ئـەوەی خەلافـەت لـە تورکیـا نەمێنـێ. چونکـە ئەگـەر دامـەزراوەی خەلافـەت بمێنێتـەوە، دەشـێ ببێتـە مەترسـی لەسـەر ئیمپراتۆرییـە داگیرکارەکـەی خـۆی. بـەو سیاسـتە، وەک چـۆن لەگـەڵ کەمالیسـتەکان لەنێـو گەمەیەکـی ترسـناکدا بـوون، بەهەمـان شـێوە سـوودی زۆرتریشـی بـۆ دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکان دەسـتەبەر دەکـرد. ئەوکاتـەی خەلافـەت لە تورکیـا هاتـە دەرەوە، لەنێـو جیهانـی ئیسـلامیدا کەسـانێک دەرکەوتـن کـە بەربژێـر بـوون بـۆ بوونـە خەلیفـە. بـەڵام لە کاتێکـدا کە موسـڵمانەکان رێگر بـوون لەبـەردەم یەکگرتوویـی و بەهێزبوونـی عـەرەب، هـەر دەوڵەتێکیـش دەیویسـت بەربژێـری خـۆی هەبێـت، ئەمـەش کێشـمەکێش و ناکۆکـی زیاتر و زۆرتـر کـرد.

## 12 - ماناکانی سیڤەر و لۆزان

یەکێـک لـە بابەتـە گرنگـەکان بـۆ لێکۆڵینـەوە پەیوەنـدی نێـوان سـیڤەر و لۆزانـە. پەیماننامـەی سـیڤەر کـە لـە 10ی ئابـی 1920 واژۆ کـرا، بریتـی بـوو لـە پەیماننامەیەکـی کۆڵۆنیالیسـتی. سـەرباری ئـەوەی کـە سـنوور و نێوەڕۆکەکـەی دیـار نەبـوو، هاوکات کوردستانیشـی کـردە کۆڵۆنی. هەرچی رێککەوتننامـەی لۆزانـە کـە لـە 23ی تەممـووزی 1924 واژۆ کـرا، کـورد و کوردسـتانی دابەشـکرد و ئـەم دابەشکارییەشـی خسـتە ژێـر پارێزبەندییەکـی نێودەوڵەتییـەوە. سـیڤەر بـە دەربڕینێکـی سـادە رێککەوتننامـەی "پەرتکـە-زاڵبـە" بـوو. بـۆ نموونە پێویسـت دەکات دابەشـکردنی جیهانـی عەرەبی لەو چوارچێوەیـەدا هەڵبسـەنگێنین. لـە لۆزانیش ئەو سیاسـەتەی بەسـەر کورد

و کوردستاندا جێبەجێکرا، لە دنیادا هاوشێوەی نەبووە. ئەو سیاسەتەش پێویستە لە چوارچێوەی "پەرتکە- زاڵبە و لەنێوی بەرە" هەڵسەنگێنین. کەواتە دەبێ ئەو ماوەیەی لە سیڤەرەوە تاوەکو دەگاتە لۆزان، بەشێوەیەکی هەمەلایەن هەڵسەنگێنین و لێی بکۆڵینەوە. پشکنینی ئەوەی کە چ پەیمانی سیڤەر، چ پەیمانی لۆزان لە روانگەی کوردەوە چ مانایەک دەگەیێنێت، ئەرکێکی گرنگە.
هیچ گومانی تێدا نییە کە لێرەدا کێشەکە کێشەی هەڵبژاردن نییە. ناکرێ بڵێین "ئەم پەیمانەیان لەویان باشتر بوو، ئەمەیان هەڵدەبژێرین"، بەڵکو وەک ئەرکێکی گرنگ، پێویست دەکات هەردووکیان لە چوارچێوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیاندا هەڵسەنگێنین.

***

لەسەرەوە باس لە زۆر فاکت و پەیوەندیی واقیعیانە کرا. هەوڵدرا هەموویان لە 12 گرووپدا کۆبکرێنەوە و بخرێنەڕوو. لەو بڕوایەداین هەریەک لەمانە، لە پەیوەندییان بەیەکترییەوە کاریگەرییان بەسەر کێشەی کوردستانەوە هەبووە. هەموو ئەو فاکت و پەیوەندییە واقیعیانە پەیوەست دەبنەوە بە دابەشکردنی کوردستان و جێبەجێکردنی سیاسەتی پەرتکە-زاڵبە لەسەر نەتەوەی کورد.
ئێستا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: کێشەی کوردستان دەکەوێتە کوێی تەونی ئەو پەیوەندییە تێکچڕژاو و ئاڵۆزەوە؟ هەوڵدەدەین دابەشکردنی کوردستان و پارچە پارچەکردنی لەنێو تەونی ئەو پەیوەندییانەدا لێکبدەینەوە.
لە هەر شوێنێکی ئەم توێژینەوەیەدا، لە هەر لاپەڕەیەکیدا، لێکۆڵینەوە سەبارەت قۆناخەکانی گەشەسەندنی هەوڵی ئیمپریالیستانە بۆ دابەشکردنی کوردستان دەکەین، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی ئەو 12 گرووپەی سەرەوەدا و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبێت. لێرەدا پێویست دەکات سێ پرسیاری بنچینەیی بکەین:

1 - کـوردستان لەپێناو پاراستن و درێژەپێدانی کام بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئینگلیـز و فەرەنسـی دابەشـکرا؟ پەرتەوازەکردنـی نەتـەوەی کـرد و زاڵبوون بەسـەریدا چ پەیوەندییەکـی بـە بەرژەوەنـدی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئابووری و سـەربازیی ئیمپریالیزمـەوە هەبـوو؟ ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی بـۆ ئـەوەی ئـەو ئومێدانـەی پەیوەسـت بە کوردسـتانەوە هەیبـوون بهێنێتە دی، لەگـەڵ کام هێـزی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هاوئاهەنگـی و هـاوکاری کـردووە؟ چـۆن توانییـان ئـەو هاوئاهەنگـی و هاوکارییە لەگەڵ ئـەو هێزانە دەسـتەبەر بکەن؟

2 - بۆچـی بەلشـەڤییەکان لـە دژی ئـەو دابەشـکردنە نەوەسـتانەوە؟ بۆچـی پشـتیوانییان لـە کـورد نەکـرد کـە بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوەیی تێدەکۆشـان؟

3 - بۆچـی بزووتنـەوەی کەمالیـزم بەشـداری لـە بەشـکردنی کوردسـتان دا دەکات؟ لـەو قۆناخـەدا بۆچـی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی هاوئاهەنگـی و هاوکاریـی یەکتریـان کـرد؟ ئـەو کەمالیسـتانەی هاوکاریـی پارچـە پارچەکردنـی نەتـەوەی کوردیـان کـرد، چ پەیوەندییەکیـان بـە ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و ئایدیۆلۆژیا و روانگـەی سیاسـی بەلشـەڤییەکان و بەرژەوەندییـە ئابـووری و سـەربازییەکانیانەوە هەبـوو؟ کەمالیسـتەکان لـە کام تێگەیشـتندا لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی هاوئاهەنگی و هاوکارییـان کـرد؟

لـە چوارچێـوەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا سـەبارەت کێشـەی دابەشـکردنی خاکـی کوردسـتان، رەخنـە لـە زانکۆکانـی تورکیـا، میدیـای تـورک، چەپـی تـورک، راسـتی تـورک، نووسـەرە تورکـەکان و حیزبـە سیاسـییە تورکـەکان و بیرمەنـد و بیریـارە تورکـەکان دەگریـن. دراوە بەرجەسـتەکان، ئەزمـوون و ژیـان و هەلومەرجـە ماددییەکانـی ژیـان لـە بەرانبـەر هـەوڵ و بیرکردنەوەی ئـەو کاتێگۆرییـە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت.

# کێشەی ئەرمینیا و کوردستان
# لە دوارۆژەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا

## دیاردەی VIII
## هەوڵی دابەشکاری ئیمپریالیزم لەسەر کوردستان

"هەوڵی دابەشکاریی ئیمپریالیزم لەسەر کوردستان 1915-1925" لە زنجیرەی ڕێبازی زانستی و جێبەجێکردنی لە تورکیا، ئەمە هەشتەمین راستییە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. ئەو پێشاژۆیە لە ساڵانی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتاکانی کۆماری تورکیادا پێکهات. هەرچی دیاردەکانی دیکەیە کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە "نیشتەجێکردنی بەزۆرەملێی کورد" ، "تێزی تورک بۆ مێژوو، تیۆرەی خۆر-زمان"، "یاسای فیرقەی کۆماری گەل (1927)" ،"یاسای تونجەلی (1935)"، "سی و سێ گوللە"، "پرۆگرامی فیرقەی کۆماری گەل (1931)".. ئەمانە راستینە دەستەبژێرکراوەکانی مێژووی کۆمار بوون.

ئەو شێوازانەی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا گیراونەتەبەر، لێرەش بەکارهاتوونەتەوە. سەرەتا لە هێڵی پەرەسەندووی هەوڵی دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان کۆڵدراوەتەوە. دواتر زانکۆکانی

تورکیا، میدیای تورکیا، حیزبە سیاسییەکانی تورکیا و نووسەرە تورکەکان و مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسە خراوەتە بەرباس.

## 1 - بزووتنەوە نەتەوەپەرستی لە باڵکان

ئەو بنەما دیموکراسییانەی وەک یەکسانی، ئازادی و دادپەروەری کە شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789دا لەگەڵ خۆی هێنان، سەرەتا لە ئەورووپا و دواتریش لە ئەمەریکا کاریگەری زۆریان هەبوو. کاریگەریی ئەو شۆڕشە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، بە تایبەت لە نێوەڕاستی ئەو سەدەیە بەدواوە لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و رووسیا دەرکەوتن. ساڵی 1804 لە سڕبیا، 1820 لە یۆنان، 1821 لە دوورگەی پلوپۆنز، دیسان لە ساڵی 1821 لە ڤالاچیا و مۆڵدۆڤا، واتە لە نێوخۆی رۆمانیای ئێستا ناڕەزایی دەستیپێکرد. بنەمای ئەو راپەڕین و ناڕەزاییانە بیری ناسیۆنالیستی بوو. ئەو گەلانە دەیانویست لەژێر سایەی عوسمانییەکان رزگار بن و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. سەرهەڵدانی یۆنان لە 1829-1830 سەرکەوت و دەوڵەتی سەربەخۆی یۆنان دامەزرا. لە ساڵی 1804 ناڕەزایی جەماوەری لە سڕبیا دەستیپێکرد، لەنێوان ساڵانی 1834-1867 لە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی هەوڵی سەربەخۆیی سڕبیا بەرفراوان کرا و درێژەی کێشا. سڕبیا لە 1878 سەربەخۆیی بەدەستهێنا و لە دەوڵەتی عوسمانی جیابووەوە.

ساڵی 1821 لە ڤالاچیا و مۆڵدۆڤا سەرهەڵدان دەستیپێکرد، لە ساڵانی 1829، 1856، 1862 هەوڵی سەربەخۆیی لە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەرفراوانتر کرا. ساڵی 1878 ڤالاچیا و مۆڵدۆڤا سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. لە دوای دەسەڵاتدارێتی عوسمانی لە بۆسنە - هێرسک، لە مۆنتینیگرۆ و بوولگاریا راپەڕینەکان دەستیانپێکرد. بوولگاریا لە 1885دا خۆسەرییەکی بەرفراوانی بەدەستهێنا. بوولگاریا لە ساڵی 1908 سەربەخۆیی بەدەستهێنا و دەوڵەتی سەربەخۆی بوولگاریا دامەزرا.

قوبـرس لـە سـاڵی 1878، لەوکاتـەی رێککەوتننامـەی بەرلین هاتە ئـاراوە و واژۆی لەسـەر کـرا، لـە بەرانبـەر پشـتیوانیی بەریتانیا بۆ دەوڵەتی عوسـمانی، درایە بەریتانیـا. سـاڵی 1878 نارەزایـی و سـەرهەڵدان لـە بۆسنیا-هێرسـک و مۆنتینیگـرۆ دەسـتیپێکرد و سـاڵی 1912 بـە سـەربەخۆیی ئەلبانیـا کۆتایی هـات [1]

لـە چوارچێـوەی ئـەو پەرەسـەندنانەی باڵـکان، هیواکانـی رووسـیا بـۆ فراوانخـوازی، هاندانـی رەوتـی سیاسـیی پـان سـلاڤی [2] و بانگەشـەی پاراسـتنی کڵێسـەی ئۆرتۆدۆکسـی [3] رۆڵێکـی گـەورەی هەبـووە. دەشـێ ئەمـە وەها هەڵسـەنگێنین کـە داینامیکی جوڵانـەوە گەشەسـەندووەکانی نێوخـۆ لەلایـەن کاریگەرییـە دەرەکییەکانـەوە خێراتـر کراون. لەو شـوێنانەدا کـە چینی سەردەسـت و ئایینی سەردەسـت هاوتا دەبوونـەوە، جووڵانەوەی ناسیۆنالیسـتی لـە دژی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی خێراتـر دەبـوو. لـە هەنـدێ

1 - سـەبارەت جیابوونـەوەی یـەک بـە دوای یەکـی وڵاتانـی بەڵـکان لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و قۆناخـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بڕوانـە:

Enver Ziya Karal, Osmanlı Tarihi, Cilt 5, Nizam-ı Cedit ve Tanzimat Devirleri (1789-1856), 3 bs., TTK, Ankara 1970; Enver Ziya Karal, Osmanlı Tarihi, Cilt 6, Islahat Fermanı Devri (1856-1861), 2. bs., TTK, Ankara 1976; Enver Ziya Karal, Osmanlı Tarihi, Cilt 7, Islahat Fermanı Devri (1861-1876), TTK, Ankara 1956; Enver Ziya Karal, Osmanlı Tarihi, Cilt 8, Birinci Meşrutiyet ve İstibdat Devirleri (1876-1907), TTK, Ankara 1962; Fatih Armaoğlu, Siyasi Tarih 1789-1960, Sevinç Matbası, Ankara 1964, s. 95-159, 259-351; Haluk ـlman, Birinci Dünya Savaşına Giden Yol ve Savaş, Ekin, İkinci bs., SBF, 1973; Tahsin ـnal, Türk Siyasi Tarihi, 1700-1958, 4. bs., Emel Yayınları, Ankara 1977; Coşkun Uçok, Siyasal Tarih 1787- 1950, 6 bs., Aـ HF, 1967; Ahmet Şükrü Esmer, Siyasal Tarih, SBO, İstanbul 1944; Reşat Sagay, 19 ve 20. Yüzyıllarda Büyük Devletlerin Yayılma Siyasetleri ve Milletlerarası ضnemli Meseleler, İş Bankası Yay., İstanbul 1972, s. 9-118; Şevket Süreyya Aydemir, Enver Paşa Makedonya'dan Orta Asya'ya, Cilt 1, (1860-1908), Remzi Kitabevi, İstanbul 1970; Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi 1838-1995, Cilt 1, İstanbul Matbaası, 1974; İlber Ortaylı, İmparatorluğun En Uzun Yüzyılı, 2. bs., Hil Yayınları, İstanbul 1987

2 - پانسـلاڤیزم، واتـە کۆکردنـەوەی گەلـە سـلاڤییەکان لەژێـر یـەک ئـاڵا دا. سـلاڤەکان، سـلاڤەکانی رۆژهـەڵات (رووسـەکان)، سـلاڤەکانی رۆژئـاوا (پۆڵۆنییـەکان، بۆهیمییـەکان) سـلاڤەکانی باشـوور (سـڕب، کـروات، داڵماتیـاکان، سـلۆڤینییەکان) بـەم شـێوەیە بەسـەر سـێ بەشـدا دابـەش دەبـن. بـۆ پانسـلاڤیزم بڕوانـە:

Akdes Nimet Kurat, Panislavizm, DTCFD, Cilt XI, Sayı 2-4, 1953, s. 241-278; Hans Kohn, Panislavizm ve Rus Milliyetçiliği, lev. Agah Oktay Güner, Kervan Yayınları, İstanbul 1983

3 - لـە دنیـای کریسـتیانیدا کڵێسـەی کاسـۆلیک و بنەچـە لاتینییەکـە و کڵێسـەی ئۆرتۆدۆکـس نوێنەرایەتـی بنەچە سـلاڤ و هەلەنەکەیـان دەکـەن. کڵێسـەکانی بـەدەر لـەو دوو کڵێسـا گەورەیـە، نوێنەرایەتـی کڵێسـەکانی ئاسـیا و ئەفریقیـا دەکـەن.

شـوێنی وەک سـربیا، کرواتیـا، یۆنـان، ڤاڵاشـیا و مۆڵدۆڤـا چینی دەسـەڵاتدار و چینــی سەردەســتی ئایینــی یەکانگیــر بــوون. واتــە لەبەرئــەوەی چینــی سەردەســت بــە کریســتیانی مابوونــەوە، ناســیۆنالیزم بەخێرایــی گەشــەی ســەند، بەڵام لــە شــوێنەکانی وەک بۆســنە- هێرسـک دۆخەکـە دەگۆڕێـت. لەوێـدا چینـی باڵادەسـت بوونەتـە موسـڵمان و لەگـەڵ ئایینـی باڵادەسـت یەکانگیـر بـوون. لێـرە خانەدانـەکان بوونەتـە موسـڵمان و هەوڵـدەدەن درێـژە بـە بەرژەوەندییەکانیـان بـدەن. هەرچـی خەڵکـی ئاسـایی بـوون، بـە کریسـتیانی مابوونـەوە. لەبـەر ئەوەشـە کـە دواکەوتنێـک لـە بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی بـەدی دەکرێـت.

دەکــرێ شــێوەی جیــاوازی ئــەو گۆڕانکارییانــەی لــە باڵــکان روویانــدا، لــە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و لـە جیهانـی ئیسلامیشـدا ببینیـن. لـە سـەدەی نـۆزدە دا ئـەوە بەدیدەکەیـن کـە وڵاتانـی باکـووری ئەفریقیـا کەوتنـە ژێـر داگیـرکاری ئیمپراتۆریـی بەریتانیـا و فەرەنسـا و لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیابوونەوە. جەزائیر لە سـاڵی 1830 لەلایەن فەرەنسـییەکانەوە داگیرکـرا. هەنـدێ شـەڕی خوێناوی لەنێوان گەلی عەرەب و فەرەنسـییەکان روویانـدا، دوای ئـەوە ئیـدی ملکەچـی دەسـەڵاتی فەرەنسـییەکان بـوون. پاشـان تونـس لـە سـاڵی 1881 لەلایـەن فەرەنسـییەکانەوە داگیرکـرا.

میسـر هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە رەتیکـردەوە لەژێـر فەرمـان دا بژیـت و بـاج بداتـە سـەرای عوسـمانییەکان. لـە سـاڵی 1804 لـە ئەنجامی ئـەو گوشـارانەی خرانـە سـەر سـەرای عوسـمانی، محەممـەد عەلـی پاشـا بـووە والـی میسـر و توانـی خۆبەڕێوبەرییەکـی بەرفـراوان دامەزرێنێـت. لـە ئەنجامـی ئـەو سـەرکەوتنە یـەک لـەدوا یەکانـەی لەنێـوان سـاڵانی 1832- 1840 لـە دژی سـوپای عوسـمانی، دەوڵەتـی عوسـمانی تەنیـا بـە هـاوکاری بەریتانیـا، فەرەنسـا و رووسـیا توانـی لەبەرانبـەر محەممـەد عەلـی پاشـا درێـژە بـە مانـەوەی خـۆی بدات. سـەرئەنجام میسـر لەسـاڵی 1887 لەلایەن بەریتانیـاوە داگیرکـرا و بەتـەواوی لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیابـووەوە.

لـە سـعودیەش، وەهابییـەکان (ئـال سـعوود)، لـە سـاڵی 1811 راپەڕیـن.

دەوڵەتـی عوسـمانی تەنیـا بـە هاوکاریـی سـوپای محەممـەد عەلـی پاشـا دەیتوانـی ئـەو راپەڕینانـە سـەرکوت بـکات. لـەوەوە دەردەکەوێـت کـە لـە سـعودیە و حیجازیـش ئاڵـۆزی هەبـووە. لـە سـووریا و لوبنانیـش سـاڵ بـە سـاڵ کاریگـەریـی فـەرەنسـا زیاتـر دەبـوو. هەرچـی ئیتاڵیایـە، توانـی لە سـاڵی 1911 دەسـت بەسـەر لیبیـادا بگرێـت [4]

ئیمپراتۆریـی عوسـمانی بـەو دۆخەیەوە، بۆ ئـەوەی دەوڵـەت و کۆمەڵگەش رزگار بــکات، ناچــار دەبــوو زۆر رێــکار بگرێتەبــەر. یەکێــک لــەو رێکارانــە بەڕۆژئاواییبـوون بـوو. بەڕۆژئاواییبـوون بزاوتێـک بـوو لـە کۆتایـی سـەدەی هــەژدەدا ســەریهەڵدا و رۆژ دوای رۆژ بەهێزتــر دەبــوو. هەریەکــە لــە دامەزراوەکانــی فەرمانــی تەنزیمــات 1839، فەرمانــی ئیســڵاحات 1856 و دەســتووری بنچینەیــی 1876 لــەو دامەزراوانــە بــوون کــە ئــەو بزاوتەیــان هێنایــە ئــاراوە. [5]

---

4 - سـەبارەت جیابوونـەوەی وڵاتانی موسـڵمان لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و داگیرکردنیـان لەلایـەن ئینگلیـز و فەرەنسـاوە، بڕوانـە سـەرچاوەی ژێرنووسـی (1) و:
Peter Mensfield, Osmanlı Sonrası Türkiye ve Arap Dünyası, Iev. Nuran _Iken, Sander Yayınları; İslâmiyet, Milliyetçilik, Sosyalizm, Koprü Yayınları, İstanbul 1969; Ayrıca bk. Tanzimat'tan Cumhuriyete Türkiye Ansiklopedisi, Muhtelif yazılar.

5 - بڕوانە: سەرچاوەی ژێرنووسی (1) و:

: Yavuz Abadan,
Tanzimat Fermanının Tahlili, Tanzimatın 100. Yıl. Donümü Münasabetiyle, İstanbul, 1940, s. 31-58; Halil İnalcık, Sened-i İttifak ve Gülhane Harfe-i Humayunu, Tanzimat'ın Uygulanması ve Sosyal Tepkisi, Belleten, Cilt 28, Sayı 112, 1964, s. 603-649; Engelhardt, Tanzimat, Iev. Ayda Düz, Milliyet Yay., İstanbul 1976; Nihat Sami Banarlı, Resimli Türk Edebiyatı Tarihi, MEB, İstanbul 1977, s. 858 vd.; Kanun-i Esasi'nin 100. Yılına Armağan, A_SBF Yayını, Ankara 1979; Ayrıca bk. Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi'nin Muhtelif Bolümleri: Anayasalar, s. 944; Dış Politika, s. 271-312; Tanzimat, s. 1335-1554
Ahmet Hamdi Tanpınar, 19. Asır Türk Edebiyatı Tarihi, 4. bs., Iağlayan Kitabevi, İstanbul 1976; s. 37-73; Şerif Mardin, Tanzimat'tan Sonra Aşırı Batılılaşma, Türkiye Coğrafi ve Sosyal Araştırmalar, Hazırlayanlar E. Tümertekin, F. Mansur, P. Benedict, İ_EF, İstanbul 1971, s. 411-458;
Doğan Avcıoğlu, Türkiye'nin Düzeni, Dün Bugün Yarın, Cem Yayınevi, İstanbul 1974, s. 100-278; İsmail Cem, Türkiye'de Geri Kalmışlığın Tarihi, 4. bs., Cem Yayınevi, İstanbul 1974, s. 238-287; İdris Küçükomer, Düzenin Yabancılaşması, Batılılaşma, Ant Yayınları, İstanbul 1969; Mehmet Doğan, Batılılaşma İhaneti, 2. bs., Dergah Yay., İstanbul 1976; Taner Timur, Türk Devrimi, Tarihi Anlamı ve Felsefi Temeli, SBF, Ankara 1968, s. 53-88; Emre Kongar, İmparatorluktan Günümüze Türkiye'nin Toplumsal Yapısı, Cem Yayınevi, İstanbul 1976, s. 43-51; Tevfik Iavdar, Osmanlıların Yarı Somürge Oluşu, Ant Yayınları, İstanbul 1970; Kemal Karpat, Türk Demokrasi

بـۆ ئـەوەی بزاڤــی بەرۆژئاواییبــوون ئیمپراتۆریـا و دەوڵـەت و کۆمەڵگـە ڕزگار بـکات و هێـزی جارانـی بـۆ بگەڕێنێتـەوە، دەبـوو بـە تـەواوی لـەڕووی سیاسـی، یاسـایی، ئابـووری، سـەربازی و کولتووریيـەوە شـوێنپێی ڕۆژئـاوا هەڵبگرێـت. بەپێـی نوێنەرانـی ئـەو بزاڤـە، دامـەزراوەی وەک موڵکایەتـی تایبـەت، یەکسـانی، ئـازادی، ئازادیـی میدیـا، پارتـە سیاسـییەکان، پەرلەمـان، بازرگانیـی ئـازاد، سیسـتمی بانکـی و زێدەبایـی بـۆ سەرخسـتنی ئـەم پلانـە گرنـگ بـوون، ئـەو دامـەزراوە و ئـەو بیرەی بووەتـە هـۆکاری پەیدابوونی ئەو دامەزراوانـە، ڕۆڵێکـی گـەورەیـان گێـڕاوە لـەوەی ڕۆژئـاوا بگاتـە ئەو ئاسـتەی پێیگەیشـت. بۆیـە پێیانوابـوو ئەگـەر ئەوانیـش بەشـێوەیەکی هەمەلایـەن ئـەو دامـەزراوە و بیرۆکانـە وەربگـرن و جێبەجێیـان بکـەن، دەبنـە وڵاتێکـی گەشەسـەندوو، دەوڵەمەنـد و پێشـکەوتوو.

وەک بەدیدەکرێـت، ئـەو بزاوتـە لایەنـی کاتـی لە پێشـکەوتنی کۆمەڵگەکاندا لەبەرچـاو نەدەگرت، بەشـێوەیەکی گشـتی بایەخـی بەوە نەداوە. مەبەسـت لـەو دامەزراوانـە، بـە هەمـان واتـای دامـەزراوە ئابوورییەکانـی ڕۆژئـاوا و پێشـکەوتنە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانیان و خەباتـی چینایەتی و بەگشـتی ئـەو دامەزراوانــە نەبــوو کــە ســەرمایەداری دایهێنابــوون. ئــەو بزاوتــە ئـەوەی نەدەبینـی کـە جێبەجێکردنـی ئـەو هەوڵـە کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و سیاسـیانە، ئـەو خەباتـی چینایەتییـە و جێبەجێکردنـی لەنێـو سیسـتمی دەوڵەتـی عوسـمانیدا و هەوڵـدان بۆ بارهێنـان و ڕاهێنانیان لەسـەری، کاری نەکردەیـە و ئەگـەر جێبەجێـش بکرێـت ناگەنـە هەمـان ئـەو دەرئەنجامـەی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و بگـرە دەرئەنجامـی زۆر جیاواز و ئاڵۆزیشـی لێدەکەوێتەوە.

---

Tarihi, Sosyal Ekonomik, Kültürel Temeller, İstanbul 1967, s. 9-33; Bernard Lewis, Modern Türkiye'nin Doğuşu, Iev. Metin Kıratlı, TTK, Ankara 1970, s. 21-237; Niyazi Berkes, 200 Yıldır Neden Bocalıyoruz?, 2. bs., İstanbul 1965; Niyazi Berkes, Batıcılık, Oluşçuluk ve Toplumsal Devrimler, Yon Yayınları, İstanbul 1965; (Nizayi Berkes'in sozü edilen iki kitabı daha sonra Türk Düşüncesinde Batı Sorunu adı altında birleştirilmiştir. Bilgi Yayınevi, Ankara 1975); Niyazi Berkes, Iağdaşlaşma, Bilgi Yayınevi, Ankara 1973, Birinci ve İkinci Kesimler; Stefanos Yerasimos, Azgelişmişlik Sürecinde Türkiye, Cilt 2, Tanzimattan, 1. Dünya Savaşına, Gozlem Yayınları, İstanbul 1975; Recai Galip Okandan, Amme Hukukumuzun Ana Hatları, İstanbul 1957

لـەو روانگەیـەوە، چ تێگەیشـتن لـەو بیـر و دامەزراوانـە و چ جێبەجێکـردنیـان هەمیشــە بەشــێوەیەکی رووکەشــانە مایــەوە. ئــەو بیرکردنــەوەی کــە بەڕۆژئاواییبوونــی ئــاوا رووکەشــانە وەرگــرت، هیــچ کێشــەیەکی نێــو ئیمپراتۆریـی عوسـمانی پـێ چارەسـەر نەکـرا و نەیتوانـی ڕێگربێت لەبـەردەم لێکهەڵوەشـانی پارچەکانـی ئیمپراتـۆری لـە باڵـکان و پەیدابوونـی وڵاتـی تـازەی سـەربەخۆ. لەبـەر هەمـوو ئەوانـە، چ فەرمانـی تەنزیماتـی 1839 و چ فەرمانـی ئیسـڵاحاتی 1856 و چ دەسـتووری بنچینەیـی 1876 و ئـەو هەوڵی چاکسـازیانەی لـەو چوارچێوەیـەدا دران، هیـچ کامیـان سـەرکەوتوو نەبوون. هیــچ گومانێــک لــەوەدا نییــە کــە بزاڤــی بەڕۆژئاواییبــوون لەلایــەن ئیمپریالیســتی زلهێــزی وەک بەریتانیــا و فەرەنســاوە هانــدراوە. چونکــە پەیوەندییەکانـی وەبەرهێنـان لـە ڕۆژئـاوا کـە بـەردەوام فراوانتـر دەبـوو، کێشـەی دۆزینـەوەی بـازاڕی تازەی هەبـوو. یەکێک لە باشـترین بازاڕەکانیش ئیمپراتۆریی عوسـمانی بوو. بۆ ئەمەش پەیکەرەی ئیمپراتۆرییەکە پێویسـتی بـە چاکسـازیی کۆمەڵایەتی و یاسـایی هەبوو بۆ پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانـی سیسـتمی سـەرمایەداری. لـە سـاڵی 1838 پەیوەندییەکـی بازرگانـی لەنێـوان بەریتانیـا و ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا واژۆ کـرا. بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە بەریتانیـا دەسـتکەوتی ئابـووری و دارایـی زۆریـان لـە چوارچێوەی سـنووری ئیمپراتۆریەکـەدا دەسـتەبەر کـرد. بازرگانە ئینگلیـزەکان دەرفەتی هاوکارییـان لەگـەڵ بازرگانـە ڕۆمی و ئەرمەنەکانی سـەر خاکـی ئیمپراتۆریی عوســمانی بەکارهێنــا و ســەرچاوە و مــاددە خاوەکانیــان بــۆ ڕۆژئــاوا گواسـتەوە. بۆ سـاخکردنەوەی بەرهەمەکانیشـیان خاکی عوسمانییان وەک بـازاڕ بەکاردەهێنـا. کاری کۆکردنـەوەی مـاددەی خـاو و دابەشـکردنەوە و بەبازاڕکردنـی بەرهەمیـش بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو، پێویسـتی بـە دڵنیایـی کۆمەڵایەتــی، ئابــووری و یاســایی هەبــوو. بازرگانیــی ئــازاد پێویســتی بــە گەشـتی ئازادانـە هەبـوو. پێویسـتی دەکـرد لـە بوارەکانی بازرگانی، گەشـت، موڵکایەتی و ئابووریدا لەنێوان موسـڵمان و کریسـتیانەکاندا یەکسـانی بێتە ئـاراوە. هـەر ئەمانـەش هـۆکار بـوون بـۆ دەرچوونـی فەرمانـی تەنزیمـات

و دواتریش هەوڵەکانی ئیسڵاحات. لەڕاستیدا فەرمانی تەنزیماتی 1839 بە ماوەیەکی زۆر کورت دوای ڕێککەوتنی بازرگانیی نێوان بەریتانیا و عوسمانییەکان هات. ئەم دەستەبەرییە کە دڵنیایی ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی دەدایە هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیکە، دواتر بۆ فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و وڵاتانی دیکەش پەڕییەوە [6]

هەموو ئەمانە ئیمپراتۆرییەکەیان لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هێندەی دیکە شێواند. هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی شێوازی ژیانی رۆژئاوایی تەنگوچەڵەمەی قووڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ خۆی هێنا. ئەو کاردانەوە ریشەدارەش کە بزاڤی بەڕۆژئاواییبوون لەگەڵ خۆی هێنای بزاڤی ئیسلامگەرایی بوو. سەرباری ئەوەی بزاڤی بەڕۆژئاواییبوون لەلایەن رۆشنبیران، بەشێک لە بیرۆکراتەکان و بەتایبەت ئەو بیرۆکراتانەی دەیانویست ببنە بۆرژوا پشتیوانی لێ دەکرا، بەڵام بزاڤی ئیسلامگەرا لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرا. چینەکانی خوارەوەش لەلایەن ئەو بزاڤەوە بەکارهێنرا. بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئەو رەوتە، بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی مانەوەی خۆی بپارێزێ و بەهێزبێت و دووبارە تینی بۆ بگەڕێتەوە، جگە لە گەڕانەوە بۆ ئیسلام رێگەیەکی دیکەی لەبەردەم دا نەبوو. عوسمانییەکان ئەوکاتەی

---

6 - بۆ رێککەوتننامەی بازرگانی و دەرئەنجامەکانی بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لە پەراوێزی 1 و 5 دا ناویان هاتووە. هەروەها بڕوانە:

Şükrü Baban, Tanzimat ve Para, Tanzimat, s. 233-262; Refi Şükrü Suvla, Tanzimat Devrinde İstikrazlar, Tanzimat, 263-288; ضmer Celâl Saraç, Tanzimat ve Sanayimiz, Tanzimat, s. 423-440; Kurthan Fişek, Anadolu Toplumlarının Evrimi ـzerinde Düşünceler, (Asya Feodalitesi ve Emperyalizm), SBFD, Cilt 22, Sayı 1, 1967, s. 173-220; Kurthan Fişek, Osmanlı Dış Borçları ـstüne, SBFD, Cilt 22, Sayı 3, 1967, s 157-168; Turgut Tan, Osmanlı İmparatorluğunda Yabancılara Verilmiş Kamu Hizmeti İmtiyazları, SBFD, Cilt 22, Sayı 2, 1967, s. 285-326; Yahya S. Tezel, Cumhuriyetin Devraldığı, Tarımsal Yapının Tarihsel Oluşumu ـzerine Bazı Düşünceler, SBFD, Cilt 26, Sayı 4, 1971, s. 233-291; Niyazi Berkes, Yüz Soruda İktisat Tarihi, Cilt 2, Gerçek Yayınları, İstanbul 1970, s. 289 vd; Ahmet Yücekok, 100 Soruda Din ve Siyaset, Gerçek Yayınları, İstanbul 1971, s. 26-78; Ahmet Yücekok, Emperyalizm Yorüngesinde Osmanlı İmparatorluğu 1838 Ticaret Sozleşmeleri, SBFD, Cilt 23, Sayı 1, 1968, s. 381 421; Ayrıca bk. Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi'nin muhtelif bolümleri: Hukukun Düzeni, s. 537-573; İktisadi İlişkiler, s. 641-716; İktisadi Yapı, s. 717-790; Madenler, s. 913-922, Sanayi, s. 1339-1362

بەتــەواوی پابەنــدی قورئــان و شــەریعەتی ئیســلام بــوون، پێشــکەوتن، بەرفــراوان بــوون و بەهێــز بــوون. کاتێــک لــەو بنەمایانــە لایانــدا، لاوازبــوون و چیتــر کاریگەرییــان لەســەر ئــەو نەتەوانــە نەمــا کــە "خۆشــگوزەرانی" و "دادپەروەری"یــان بــۆ دابیــن کردبــوون. پێیانوابــوو هــەر کێشــەیەک بەســەر ئیمپراتۆریــی عوســمانیدا هاتبێــت، هەمــووی بەهــۆی ئــەوەوە بــووە کــە لــە ئیســلام دوورکەوتووەتــەوە و حوکمــی قورئــان و شــەریعەت بەتــەواوی جێبەجێنەکــراوە. لــەو روانگەیــەوە، رایــان وابــوو کــە پێویســتە هەمــوو پەیوەندییــەک لەگــەڵ رۆژئــاوا و ئەوروپــا ببچڕێنرێــت و بگەڕێنەوە بۆ ئیســلام و رۆژهــەڵات.

لــە ئیمپراتۆریــی عوســمانیدا گرووپــی سیاســی وەک عوســمانییە نوێیــەکان و ژۆن تورکــەکان رۆڵێکــی بەرچاویــان هەبــوو لــە رەوتــی بەرۆژئاواییبوونــدا. هەرچــی ئیســلامگەرا بــوو کــە خــۆی لــە کەســایەتی عەبدولحەمیــدی دووەم دا بەرجەســتە دەکــرد، زیاتــر لەلایــەن مەدرەســەکان و زیاتــر لــەوەش لەلایــەن زۆرینــەی خەڵکــەوە پەســەند دەکــرا. ئەمانــە پێیانوابــوو کــە دەبــێ پەیوەندیمــان لەگــەڵ کولتــوور و شــێوازی ژیانــی رۆژئاوایــی ببچڕێنیــن و بگەڕێینــەوە ســەر بنچینــەی خۆمــان. رۆژئــاوا دەیــەوێ لەنێومــان بەرێــت و نابــێ بکەوینــە نێــو گەمــەی رۆژئــاواوە. ئــەم قســانە لەنێــو زۆرینــەی خەڵکــدا دەنگدانــەوەی گەورەیــان هەبــوو. کاردانــەوەی بەرفــراوان لــە دژی ژیانــی رۆژئاوایــی و کولتــووری رۆژئاوایــی نیشــاندرا. بــەم شــێوەیە لەنێــوان ئیســلامگەرا و ئەوانــەی ژیانــی رۆژئاوایــی، دامــەزراوە رۆژئاواییەکان و کولتــووری رۆژئاواییــان دەنوانــدەوە، خەرەندێکــی قــووڵ پەیدابــوو. ئــەو کەســەش کــە لــە رەهەنــدی سیاســییەوە بەباشــترین شــێوە ئــەو کێشمەکێشــەی بەکارهێنــا، عەبدولحەمیــدی دووەم بــوو کــە ســاڵی 1876 لەلایــەن عوســمانییە نوێیەکانــەوە [7] بــە بەڵێنــی دامەزراندنــی رژێمێکــی

---

7 - سەبارەت عوسمانییە نوێیەکان بڕوانە: ئەو سەرچاوانەی لە پەراوێزی 6،5،1 دا هاتوون، هەروەها بڕوانە:

Ebuzziya Tevfik, Yeni Osmanlılar Tarihi, Hürriyet Yayınları, İstanbul 1974; Şerif Mardin, Jon Türklerin Siyasi Fikirleri 1895-1908, İş Bankası Yay., Ankara 1964; Feroz Ahmad,

دەسـتووری و یاسـایی هێنرایـە سـەر تەختـی پاشـایەتی. کەچـی دوای ئەوەی بـووە پاشـا، بەتایبـەت بـە پشــتیوانی زۆرینـەی موســڵمان (مەجلیســی مەبعوسـان)ی پەکخسـت و مـاوەی 30 سـاڵ درێـژەی بە حوکمی پاشـایەتی دا.

ڕەوتـی ئیسـلامگەرا [8]دژی فراوانخـوازی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی نەبـوون، چ لــە ئاســیا و ئەفریقیــا و چ بــەرەو ئەوروپــا، بــەڵام پێیانوابــوو کــە بــۆ ئــەوەی ئــەو فراوانبوونــە باشــتر بەڕێوەبچێــت، پێویســتە بگەڕێنــەوە لای

İttihat ve Terakki (1908-1914) Jon Türkler, Iev. Nuran ـIken, Saydam Yayınları, İstanbul 1971; E. Ramsaur, Jon Türkler ve 1908 İhtilali, Iev. Nuran ـIken, Sander Yayınları, İstanbul 1972; Yurij Aşatoviç Fetrosyan, Sovyet Gozü ile Jon Türkler, Iev. M. Beyhan-A. Hacıhasanoğlu, Bilgi Yay., Ankara 1974; Henry Woods, Türkiye Anıları (Osmanlı Bahriyesinde 40 Yıl) 1869-1909, Iev. Fahri Ioker, Milliyet Yayınları, İstanbul 1976; Rifat Uçarol, Bir Osmanlı Paşası ve Donemi (Gazi Ahmet Muhtar Paşa), Milliyet Yay., İstanbul 1976; Sadrazam Sait Paşa, Anılar, (Hazırlayan Şemsettin Kutlu), Hürriyet Yay., İstanbul 1977; İhsan Güneş, Türk Tarihinde İttihat ve Terakki (1889-1918) Ankara 1977, (Teksir, Hacettepe ـniversitesi'ne Verilmiş Bilim Uzmanlığı Tezi)

هەروەها بۆ زانیاری سەبارەت چەمکی عوسمانییە نوێیەکان بڕوانە:

Tanzima t'tan Cumhuriyet'e Türkiye
Ansiklopedisi, Yeni Osmanlılar Maddesi, s. 1698-1703

8 - بۆ زانیاری سەبارەت ڕەوتی بەڕۆژئاواییبوون، ئیسلامگەرا، عوسمانیچێتی و تورکچێتی بڕوانە:

Yusuf Akçora, ـç Tarzı
Siyaset, TTK, Ankara 1976; Tarık Zafer Tunaya, İslamcılık Cereyanı, İstanbul 1962; Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'nin Siyasal Hayatında Batılılaşma Hareketleri, İstanbul 1960; Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'nin Siyasi Gelişme Seyri İçinde Jon Türk Hareketinin Fikri Esasları, Prof. Dr. Tarık Zafer Tunaya, Amme Hukukumuz Bakımından İkinci Meşrutiyetin Siyasi Tefekküründe Garpçılık Cereyanı; İ.HFM, Cilt 14, Sayı 3-4, 1948, s. 585-630; Tarık Zafer Tunaya, İkinci Meşrutiyetin Siyasi Tefekküründe, İslamcılık Cereyanı, I.HFM, Cilt 19, Sayı 3-4; 1954, s. 630-670

هەروەها بڕوانە:

Tanzimat'tan
Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi'nde yer alan çeşitli bolümler; Aydınlar, s. 45-66; Basın, s. 67-132, Batılılaşma, s. 133-152, "Milletler" ve Azınlıklar, s. 995-1024; Milliyetçilik Akımları, s. 1025-1036, Siyasal Akımlar, s. 1381-1420, Yeni Osmanlılar, 1687-1703, Jon Türkler, 831-856

بۆ زانیاری سەبارەت ڕەوتی تورکچێتی، ئەم کتێبانەش گرنگن:

David Kushner, Türk
Milliyetçiliği'nin Doğuşu (1876-1908), Iev. Şevket Serdar Türet, Rekin Ertem, Fahri Erdem, Kervan Yayınları, İstanbul, Ağustos 1979; Uriel Heyd, Türk Ulusçuluğunun Temelleri, Iev. Kadir Günay, Kültür Bakanlığı Yayını, Ankara 1979; Francois Georgeon, Türk Milliyetçiliği'nin Kokenleri -Yusuf Akçora- (1876-1935), Iev. Alev Er, Yurt Yayınları, Ankara 1986; Yusuf Akçora, Türkçülük, (Türkçülüğün Tarihi Gelişimi), Türk Kültürü Yayını, İstanbul 1978, Yusuf Akçora'nın bu kitabının farklı bir baskısı için bk. Yeni Türk Devleti'nin ncüleri, (1828 yılı yazıları), Kültür Bakanlığı Yayını, Ankara 1981

ئیسـلام و قورئـان و شـەریعەت بـە توونـدی لـە ئامێـز بگـرن. یەکێـک لـە هاوشـێوەکانی ڕەوتـی ئیسـلامگەراش، عوسـمانیچێتی بـوو. ڕەوتـی عوسـمانیچێتی بەتایبـەت لـە بەرانبـەر بزاڤـی نەتەوەپەرسـتیدا وەک چەکێک بەکاردەهێنـرا. ئیسـلامگەرا لـە بەرانبـەر چەمکەکانـی وەک میللەتگەرایـی و نەتەوەپەرسـتیدا، ئوممەتچێتـی دەهێنایـە پێشـەوە. ڕەچـاوی ئـەوەی دەکـرد کـە تـەواوی ئوممەتـی ئیسـلام دەبـێ لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـدا کۆبنـەوە. هەرچـی عوسـمانچێتی (پـان - عوسمانیزم)ـە، ڕای وابـوو کـە هەمـوو ئـەو گەلانـەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانییان پێکهێنـاوە و بـە عوسـمانی ناودەبرێـن، دەبـێ هەموویـان پێکـەوە و لەژێـر سـایەی یـەک دەوڵەتـدا بژیـن. وەک دەبینیـن پان-عوسـمانیزم لەبەرانبەر نەتەوەپەرسـتیدا هەمـان ڕۆڵ دەبینێـت. عوسـمانیبوون وەک بەهایەکـە لـە سـەرووی هەمـوو میللەتانـەوە کـە هەمـوان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. بوولـگار، ئەلبـان، سـڕب و کرواتـی و... تـاد، بـەر لـەوەی بوولـگار، ئەلبـان، سـڕب و کرواتـی بـن، عوسـمانین و پێویسـت دەکات عوسـمانچێتی بپارێزن، هەسـتی نەتەوەپەرسـتی کاڵ بکەنـەوە و پارێـزگاری لـە یەکانگیریـی ئیمپراتۆریـەت بکـەن. بـەم جـۆرە بزاڤـی عوسـمانچێتی و پان-عوسـمانیزم ڕێگـر دەبـن لـەوەی گەلـە کریسـتیانەکان لـە بونیـادی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی ببنـەوە. ئەگـەر بزاڤـی عوسـمانیچێتی بەرفـراوان بێـت و پێویسـتییەکانی بـەدی هێنا، جیاوازییەکانـی نێـوان میللەتانیـش تاوەکـو دێ لەنێودەچـن، بەهایەکـی سیاسـی وەک "عوسـمانچێتی" دەمێنێتـەوە کـە هەمـوان دەیپارێـزن. وێـڕای ئـەوەی بزاوتـی ئیسـلامگەرا لـە پلانـی یەکەمیـدا گەلانـی موسـڵمانی نێـو ئیمپراتۆرییەکـە لەبەرچـاو دەگرێـت، بـەڵام عوسـمانچێتی زیاتـر گەلانـی کریسـتیان لەبەرچـاو دەگرێـت. ئـەو ناڕەزاییـەی ڕەوتـی ئیسـلامگەرا لەنێـو گەلانـی کریسـتیاندا دروسـتی دەکـرد، لەنێـو ڕەوتـی عوسـمانیچێتیدا کاڵ دەکرایـەوە و ناکاریگـەر دەکـرا. وادیـارە چ ئیسـلامگەرا و چ عوسـمانچێتی بزاڤـی جیهانگـەران. هەردووکیـان لەنێـوان میللەتانـدا میللەتگەرایـی ڕەتدەکەنـەوە. هەردووکیـان ئامانجیـان لەنێوبردنـی هەسـت و هـەوڵ

و بیـری سـەربەخۆییە، بـەڵام یەکێکیـان خراوەتـە بەرچـاوی موسـڵمانان و پـەرەی پێـدراوە، ئـەوی دیکـەش بـۆ بەرچـاوی گەلانـی کریسـتیان بـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هەردووکیـان نەیانتوانـی، بەتایبـەت لـە باڵـکان رێ لـە گەشـەکردنی بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی گـەلان بگـرن و رێگـە نـەدەن ئـەو گەلانـە لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیابنـەوە.

سـەرباری ئەمـە، دەتوانیـن بـە سـانایی ئـەوە بڵێیـن کـە عوسـمانچێتی کارێکـی کـرد هەسـتی تورکچێتـی لـەلای تورکـەکان دوابکەوێت، بـۆ ئەوەی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی لای گەلانـی دیکـە وەئاگانەیێـت و سـەرهەڵنەدات، تورکەکانیـش ماوەیەکـی درێـژ خۆیـان لـە تورکچێتـی دزییـەوە. کاتێـک بەتـەواوی دەرکـەوت کـە عوسـمانچێتی رێ لـە هەسـتی میللیگەرایانـەی نەتەوەکانـی دیکـە ناگرێـت، بـۆ نموونـە نەیتوانـی رێ لـە پێشـهاتەکانی باڵـکان بگرێـت، ئیـدی بزاڤـی تورکچێتیـش تـاوی سـەند.

## 2 - دۆخی ئەرمینیا، کوردستان و جیهانی عەرەبی

بزاڤـی ئیسـلامگەرا رۆڵێکـی زۆر گرنگـی لـە سیاسـەتی دەرەوەی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم دا گێـڕا. بـە بۆچوونـی عەبدولحەمید، چیتـر نەدەکرا ئیمپراتۆریـی عوسـمانی هاوشـێوەی جـاران بـەو بەرفراوانییـەوە بپارێزرێـت. گەلانـی کریسـتیان لـە باڵـکان خەریـک بـوو وردە وردە لـە چوارچێـوەی ئیمپراتـۆری عوسـمانی دەچوونـە دەرەوە و دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان دادەمەزرانـد. چیتـر نەدەکـرا بـەر بـەو پرۆسـەیە بگیردرێـت. کارێکـی نەکردە بـوو بـە سـوپای عوسـمانی سـەرەدەری لەگـەڵ ئـەو بزاڤـە نەتەوەییـە بکرێـت. لـەو لایەنـەوە دەوڵەتـی عوسـمانی تەنیـا دەیتوانـی کاریگـەری سیاسـیی خـۆی بەسـەر گەلانـی موسـڵماندا بنوێنێـت. دەوڵەتـی عوسـمانی بـەدوای رێگەیەکـدا دەگـەڕا بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە کاریگەرییە سیاسـییەکەی خـۆی بەشـێوەیەکی چڕتـر و فراوانتـر لەسـەر گەلانـی موسـڵمان بـدات. عەبدولحەمیـد پێیوابـوو باشـترین رێگە بۆ ئەمە سیاسـەتی ئیسـلامگەراییە.

ئـەو سیاسـەتە مـاوە وەک پـان- ئیسـلامیزم بینـراوە. پان-ئیسـلامیزم ئامانجـی ئـەوە بـوو هەمـوو موسـڵمانانی دنیـا لەژێـر سـایەی یـەک دەسـەڵاتی سیاسـیدا کۆبکاتـەوە. خەلافەتیـش بـۆ بەدیهێنانی ئـەو ئامانجە دامـەزراوەی هـەرە گرنـگ بـوو. لەبەرئـەوەی خەلافـەت لـە کەسـایەتی سـوڵتانی عوسـمانیدا بەرجەسـتە بوو، عوسـمانییەکان پێیانوابـوو دەرفەتی بەدیهێنانـی سیاسـەتی پان-ئیسـلامیزم زیاترە، بـەڵام ئەو سیاسـەتە لەکاتی جێبەجێکردنیـدا بـەرەورووی کێشـەی زۆر بـووەوە.
بەرلـەوەی عەبدولحەمیـد ببێتـە سـوڵتان، جەزائیـر و توونـس لەدەسـت دەرچووبـوون. لـە میسـریش محەممـەد عەلـی پاشـا هـەر کـە دەرفەتـی بـۆ هەڵکـەوت لـە ئیمپراتۆریـەت یاخـی بـوو. ئەوانـەی لـە دوای محەممـەد عەلـی پاشاشـەوە هاتـن درێژەیـان بـە هەمـان رێچکـە دا و بەوجـۆرە میسـر تاوەکـو دەهـات خۆبەڕێوەبەریـی زیاتـری دارایـی و کارگێـڕی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی وەردەگـرت. میسـر لـە سـاڵی 1882دا بەتـەواوی لـە دەسـتی دەوڵەتی عوسـمانی دەرهـات و کەوتە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریی بەریتانیاوە. لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـدا جـار جـارە لـە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی خەڵـك رادەپەڕیـن. سـەرئەنجام توانییـان ناوچەیەکـی بەرفـراوان بخەنـە ژێـر دەسـتی خۆیـان و رێگـەی حیجازیـش دابخـەن [9]. پاشـان لـە سـووریاش هەندێـک ئاڵـۆزی روویانـدا و دەوڵەتـی عوسـمانی بـە تـەواوی کەوتـە دۆخێکـی ناهەمـوارەوە [10].
وەکـو دیـارە، بەهەمـان شـێوەی ناوچـەی باڵـکان، ئاسـان نەبـووە عەرەبەکانیـش لـە چوارچێـوەی سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانیدا رابگیرێـن. سـەرباری هەمـوو ئەوانـە دیپلۆماسـیی عوسـمانی دەوەسـتێتە سـەر

9 - بڕوانە سەرچاوەکانی پەراوێزی (1) و هەروەها:
İsmail Hakkı Uzunçarşılı,
Mekke-i Mükerreme Emirleri, TTK, Ankara 1972; Ayrıca bk. Tanzimat'tan
Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi, Vehhâbilik maddesi , s. 986-987;

10 - Halûk ـlman, 1860-1861 Suriye Buhranı, SBF, Ankara 1966

دوو پایـەی هەسـتیار، ئەوانیـش کوردسـتان و ئەرمینیـان. دەوڵەتـی عوسـمانی کـە بـەردەوام لـە ئەوروپـا خاکـی لەدەسـتدەدا و دەشـیزانی لـە باڵـکان خـۆی ناگرێـت، بـۆ ئـەوەی لـە ئەنـادۆڵ، لـە کوردسـتان و ئەرمینیـا خـۆی بگـرێ دەستپێشـخەریی زۆر گرنگـی کـردن. کوردسـتان تاوەکـو سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدە، تاوەکـو راددەیـەک لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا خۆبەڕێوەبەریـی بەدەسـتهێنابوو. تاوەکـو ئەودەم لـە کوردسـتاندا حکومەتـی کـوردی، سـەنجاقی کـوردی و یەکـەی کارگێـڕی بەنـاوی سـەنجاقی عوسـمانی هەبـوون. لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە داوا دەکـرا کۆتایـی بـەو خۆبەڕێوەبەرییـە بهێنرێت و ئەو ناوچانە راسـتەوخۆ بخرێنـەوە سـەر پەیکەربەندیـی دەوڵـەت. تواندنـەوەی ئـەو بونیادانـەی نێـو کوردسـتان لەنێـو پەیکـەرەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا پێویسـتی بـە دوو رێکار هەبـوو: یەکەمیـان وەرگرتنـی بـاج لـە کوردسـتان و دووەمیـان وەرگرتنـی سـەرباز. دەوڵەتـی عوسـمانی کـە تاوەکـو دەهـات لـە باڵـکان زیاتـر روو لـە شکسـت بـوو، لـە کوردسـتان لـە جێبەجێکردنـی جۆرێـک لـە چاکسـازیی سیاسـی و ئابووریـدا دوانەکـەوت، بـەڵام لـە بەرانبەر ئـەو کارانـەی دەوڵەتی عوسـمانیدا لـە کوردسـتان کاردانـەوەی زۆر ریشـەیی و چڕوپڕ هاتنەئاراوە. لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە ئـەو ناڕەزاییانـە لـە کوردسـتان لـە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی هـەر هەبـوون.

لەنێـوان ساڵانی 1806-1788دا عەبدولڕەحمـان پاشـای بابان لە سـلێمانی، شـەڕێکی دژواری دژی عوسـمانییەکان بەرپا کرد. هەروەها ئەو شـەڕەی کە ئەحمـەد پاشـای بابـان لـە سـاڵی 1812 بـۆ پاراسـتنی خۆبەڕێوەبەرییەکەیـان لـە دژی عوسـمانییەکان کـردی تاوەکـو بەغـدا درێژبـووەوە. شـەڕی خێڵەکانـی کـوردی زازا لـە سـاڵی 1820 تاوەکـو نزیـک سـیواس چـوو. لـە سـاڵانی دواتریشـدا راپەڕینـی ناوبەنـاو هـەر هەبـوون. لەنێـوان سـاڵانی 1825- 1829، ئـەو کوردانـەی وابەسـتە بـوون بـە محەممـەد پاشـای بابـان، لـە ناوچەکانـی هـەکاری، رواندز و تورعابدیـن بـەردەوام لـە راپەڕینـدا بـوون. لـە نێـوان سـاڵانی 1830- 1833 لـە چیـای شـنگال بەهەمـان شـێوە

سـەرهەڵدان هەبـوو. لـە سـاڵی 1834 لـە بتلیـس، شـەرەفخانی بتلیسـی بـۆ ئـەوەی خۆسـەری لـە ناوچەکەیـدا بپارێزێـت، شـەڕێکی خوێنـاوی لـە دژی سـوپای عوسـمانی بەرپـا کـرد. لـە هەمـوو ئەمانـەوە دەردەکەوێـت ئـەو بزووتنـەوە نەتەوەییـەی لـە باڵـکان هەبـووە لـە مـاوەی سـەرهەڵدانەکانی یۆنانـی و سـڕبەکاندا، هەروەهـا لـە سـەروبەندی جەنگـی نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و میسـر (محەممـەد عەلـی پاشـا)، لـە کوردسـتانیش بە ئاسـتی جیـاواز بەرخـودان و سـەرهەڵدان هەبـوون. ئـەو کوردانـەی کـە وردە وردە خۆڕێبەریـی خۆیـان دەگـۆڕی، بـۆ ئـەوەی پێکهاتـەی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی خۆیـان و خۆسـەرییەکەیان بپارێـزن و بـۆ ئـەوەی 10 جـار بـاج نەدەنـە عوسـمانییەکان، ناچـار بـوون پەنـا بـۆ یاخیبـوون ببـەن.

لەنێـوان سـاڵانی1846-1840دا میـر بەدرخـان لـە جزیرە، بۆتـان و ناوچەکانی دەوروبەری خسـتنە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ویسـتی لە ئیمپراتۆریی عوسـمانی جیاببێتـەوە. بـە نـاوی خۆیـەوە گوتـاری نوێـژی هەینـی دەخوێنـدەوە و پارەی چاپکـرد. دەسـەڵاتی خـۆی تاوەکـو وان، رواندز، مووسـڵ، شـنگال، سـێرت، وێرانشـەهر، سـیڤەرەک و دیاربەکـر درێژکـردەوە، بەڵام پشـتیوانی بەریتانیا، فەرەنسـا و رووسـیا بـۆ ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و پەرتەوازەیـی کـورد و ناپاکیـی نێوخۆیـان تووشـی شکسـتی کـرد. لەنێـوان سـاڵانی -1853 1856دا ئـەو هێزانـەی سـەر بـە یەزدانشـێر بـوون، لـە هـەکاری و بۆتـان راپەڕیـن. ناوچەی نێوان بەدلیس، مووسـڵ، وان و بەغدایان خسـتە بندەسـتی خۆیان. بـەڵام بەهـۆی پشـتیوانیی بەریتانیـا لـە عوسـمانییەکان، یەزدانشـێر لەلایەن کۆنسـوولخانەی بەریتانیـاوە دەسـتگیرکرا و رادەسـتی عوسـمانییەکان کرایـەوە. وەک دەردەکەوێـت لـە مـاوەی جەنگـی نێـوان عوسـمانی و رووسـەکاندا کـە بـە شـەڕی کریمیـا ناسـراوە، کوردیـش لـە بەرخـودان دا بـوون. دیسـانەوە هـەر بەریتانیـا بـوو کـە دەسـەڵاتی عوسـمانییەکانی لـە راپەڕینـی کـورد پاراسـت.

لە سـاڵی 1860 بەولاوە، بەتایبەت لە دێرسـم، سـوپای عوسـمانی بەردەوام گوشـاری بـۆ سـەر ئـەو ناوچەیـە بـردووە، بـەڵام بەهیـچ جۆرێـک نەیتوانیـوە

بچێتە نێو دێرسم. لە ساڵانی 1878-1877دا سوپای عوسمانی هێرش دەکاتەوە سەر دێرسم. لە ساڵی 1879شدا لە جزیرە بەدرخانییەکان بۆ پاراستنی خۆسەرییەکەیان پەنا بۆ بەرگری دەبەن.
گومانی تێدا نییە کە یەکێک لە راپەڕینە گرنگەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە دا، سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە لە ساڵی 1881دا لە شەمزینان. ئەو جووڵانەوەیە کە بە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەستیپێکرد، بە ئاراستەی ئێران، هەروەها بە ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی چوو. ئامانجی ئەوەبوو ئەو بەشە خاکەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئیمپراتۆریی (سەفەوی) دا بوو، یەکبخات. لەو روانگەیەوە ئەوە روونە کە ئامانجێکی نەتەوەییانەی هەبووە، بەڵام هاوشێوەی راپەڕینەکانی پێش خۆی، لەمەشدا بەریتانیا، فەرەنسا و رووسیا پشتی عوسمانییەکانیان گرت لە دژی کورد. دوای دامرکاندنەوەی ئەو سەرهەڵدانە، داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە رووداوێکی تاوەکو بڵێی سەرنجڕاکێشە. بێگومان لەهەردوو رووەوە رایەڵەیەکی گرنگ هەیە. بەریتانیا کە بۆ ئەوەی راپەڕینی کورد سەرنەگرێ هەموو هاوکارییەکی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و تەنانەت هاوکاریی رووسیا و فەرەنساشی بۆ دەستەبەر دەکات، هەر دوای ئەوە، هەوڵدانی بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆی لە میسر و چاوپۆشینی دەوڵەتی عوسمانی لەو کارە، دەکرێ وەک پاداشتێک سەیربکرێت بەرانبەر ئەو هاوکارییەی بۆ دەوڵەتی عوسمانی. دیسانەوە لە هەمان سەردەمدا فەرەنسا توونسی داگیرکرد. دەشێ ئەمەش لە هەمان چوارچێوەدا هەڵسەنگێنین [11]

11 - بۆ سەرهەڵدانەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە دا بڕوانە:
Basil Nikitin, Kürtler, Cilt 2, Tarihi ve
Sosyolojik İnceleme, Ieviren H.D ve A.S., zgürlük Yolu Yay., İstanbul 1978, s. 30-36; Minorski, Kürtler, Komal Yay., İstanbul 1977, s. 12-31, Nuri Dersimi, Kürdistan Tarihinde Dersim, Ani Matbaası, Halep 1952, s. 75-92; Halfin, 19. Yüzyıl'da Kürdistan _zerinde Mücadele, Komal Yay., Ankara 1976, Minorski, Kürtler, İslam Ansiklopedisi, Cilt 6, s. 1089-1114; Celile Celil, 19. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğunda Kürtler, Rusça'dan Ieviren Mehmet Demir, ضz-Ge Yayınevi, Ankara, Şubat 1992; Martin Van Bruinessen, Ağa, Şeyh ve Devlet, Kürdistan'ın Sosyal ve Politik ضrgütlenmesi, Ieviren Remziye Arslan, z-Ge Yayınevi, Ankara 1992.

وردەکاری ئەو شەڕە خوێناوییەی لە سەدەی نۆزدە دا لەنێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانی بەرپابوو، لە نامەکانی مارشاڵ مۆلتکەدا باسکراوە. مۆلتکە کە بە مەبەستی مۆدێرنکردنی سوپای عوسمانی هێنرابوو، بۆ ماوەیەک سەردانی کوردستانیشی کردووە. بەشێک لە نامەکانی کە بیرەوەرییەکانی ئەون، سەبارەت ئەو گەشتەی ئەون کە لەنێوان ساڵانی 1839-1835 بۆ کوردستان کردوویەتی [12].

دووەم پانتایی و رووبەر کە دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت عەبدولحەمیدی دووەم گرنگی پێدا، ئەرمینیا بوو. خاکی ئەرمینیا بەشێوەیەکی گشتی لە باکووری خاکی کوردستان هەڵکەوتووە. ئەرمەنەکان کە لە چاخە بەراییەکاندا وەک قەڵەمڕەوی پادشایەتی سەربەخۆ ژیابوون، لەسەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا سەرەتا لە نێوان عوسمانییەکان و ئێران پەرتەوازە بوون. دواتر لەوکاتەدا کە رووسیا بەشێک لە قەوقاز و ئەرمینیای داگیرکرد، ئەرمەنەکان بە دابەشکراوی لەنێوان خاکی عوسمانی، ئێران و رووسیای قەیسەریدا ژیان. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دا شەڕێکی ماوەدرێژ لەنێوان رووسیا و ئێران روویدا. لە ئەنجامی ئەو شەڕانە و رێککەوتننامەی تورکمەنچای لە ساڵی 1828، ئێران ناچار بوو بەشێکی گەورە لە خاکی ئەرمینیا بداتە رووسیا. بەوجۆرە کێشەی ئەرمینیا تاوەکو دەگاتە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، بووە کێشەیەک لەنێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئیمپراتۆریی رووسیادا.

چ ئەو ئەرمەنانەی لەنێو سنووری ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوون و چ ئەوانەی لەنێو سنووری ئیمپراتۆریی ئێرانی یاخود رووسیدا بوون، هەرگیز خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەییان لەدەستنەدا. بەهۆی ئەوەی بە ئایین کریستیان بوون، عوسمانییەکان نەیانتوانی بیانتوێننەوە. کڵێسەی ئەرمەنی رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی لەنێو

12. Moltke, Türkiyedeki Durum ve Olaylar
_zerine Mektuplar, lev. Hayrullah rs, İş
Bankası Yay., Ankara 1860, s. 160 vd.

ئەرمەنەکانـدا. ئـەوە لەکاتێکـدا هاوئاییبنبوونـی کـورد لەگەڵ تـورک رۆڵێکی گـەورەی گێـڕا لـەوەی لەلایـەن گەلـی سەردەسـتەوە بتوێنرێنـەوە. ئـەو بیـر و هەسـتی نەتەوەییـەی لـە ئەرمینیـا هەبـوو، رۆژ دوای رۆژ بەشـێوەیەکی هاوتەریـب لەگـەڵ بزاڤـی نەتەوەییـدا گەشـەی دەکـرد. لەکاتێکـدا لـە باڵـکان، سـڕبیا، یۆنـان و مۆڵدۆڤـا بیـری نەتەوەیـی گەشـەی دەکـرد، لـە ئەرمینیـاش ئـەم بزاڤـە بەهێـز دەبـوو. بەتایبەتیـش بزاڤـی نەتەوەیـی رۆمـەکان کاریگەرییەکـی زۆری بەسـەر ئەرمەنەکانـەوە هەبـوو.

وادیـارە کـە سـەرباری ئـەوەی ئەرمینیـا لەچـاو ناوچـەی باڵـکان زۆر دوورەدەسـتتر بـوو، کەچـی ئەرمەنەکانیـش بێبـەش نەبوونـە لـە بەشـێک لـەو هەسـت و بیرانـەی شۆڕشـی فەرەنسـی لـە ساڵی 1789 لەگـەڵ خۆی هێنانـی.

ناسـیۆنالیزمی ئەرمەنـی بەهـۆی کاریگەریـی ئایینـەوە لـە چوارچێـوەی سـنووری ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا زۆر زیاتـر گەشـەی دەکـرد لەچـاو ناوچەکانـی ژێـر هەژموونـی رووسـیا. بەهـۆی ئـەوەی لـە رووسـیای قەیسـەریدا ئایینـی باڵادەسـت هەمـان ئایینی کریسـتیانی ئەرمەنـەکان بوو، ئـەو تایبەتمەندییـە لەوێـدا رێگـر بـوو لەبـەردەم گەشەسـەندنی هەسـتی نەتەوەیـی ئەرمـەن. هەرچەنـدە رووس و ئەرمـەن لـە چوارچێـوەی ئایینـی کریسـتیانیدا وابەسـتەی کڵێسـەی جیاوازیـش بـوون، بـەڵام هاوئایینـی بنەمایەکی گرنگ بوو. لە پرۆسـەی بەڕووسـکردنی ئەرمەنەکاندا، رێوشـوێن و رێکارەکانـی رووسـیای قەیسـەری زۆر قورسـتر و سـەرکوتکارانەتر بـوو لـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی کـە ئەرمەنـەکان تێیـدا هێنـدە گوشـاریان لەسـەر نەبـوو.

سـەرباری ئـەوەی لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیی سـەدەی هـەژدە دا، چەنـد هەوڵێـک هەبـوون بـۆ سـەربەخۆیی ئەرمینیـا، بـەڵام بزاوتـە راسـتەقینەکە لـە سـاڵی 1839، دوای هێڵـی گوڵخانـە هومایـون، واتـە دوای فەرمانـی تەنزیمـات بـوو. ئـەو یەکسـانی و ئـازادی و دڵنیاییـە گیانـی و ماڵییـەی لـە بوارەکانـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئایینـی و ئابـووری

لەنێـوان موسـڵمان و کریسـتیانەکاندا هاتـە ئـاراوە، خرۆشـانێکی قووڵـی لەنێـو کۆمەڵگـەی ئەرمەنیـدا دروسـتکرد. ئەرمەنـەکان بۆ سـوود وەرگرتن لـەو دەرفەتانـە کۆششـی زۆریـان کـرد. ئـەو کتێـب، گۆڤـار و ڕۆژنامانـەی بە زمانـی ئەرمەنـی دەردەچـوون برەویـان پەیداکـرد، بەڵام لەنێـو ئەرمەنەکاندا کۆمەڵەیـەک دروسـت بـوو بـە نـاوی (کۆمەڵـەی گـەلان). لـەو کۆمەڵەیەدا کـە سـاڵی 1846 دامـەزرا، تەنیا ئەرمەنـەکان تێیـدا دەبوونـە ئەندام. سـاڵی 1853 لـە ئیسـتەنبووڵ دەسـتووری ئەرمەنـەکان ڕاگەیێنـدرا. هـەر بەپێـی ئـەو دەسـتوورە بنەڕەتییـە یەکـەم ئەنجوومەنـی ئەرمەنـی بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی 1860 هـەر لـە ئیسـتەنبووڵ کۆبـووەوە.

ئامانجـی ئەرمەنـەکان دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی ئەرمینیـا بـوو، بـەڵام دابەشـبوونی خاکـی ئەرمینیـا بەسـەر ئیمپراتۆرییەکانـی عوسـمانی، ڕووسـی و ئێرانـی دا و جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پەرتکـە- زاڵبـە بەسـەر گەلـی ئەرمەنـی دا، ڕێگـر بـوو لـە بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە. لەبەرئـەوە، ناسیۆنالیسـتە ئەرمەنـەکان ناچـار دەبـوون پەنـا بـۆ فرۆفێـڵ ببـەن. جارجارە سـەردانی ڕووسـیایان دەکـرد و لـەوێ دەیانگـوت "گوشـار دەخرێتـە سـەر ئەرمـەن، لـەو گوشـارانە ڕزگارمـان بکـەن"، سـکاڵایان لـە عوسـمانییەکان و لـە سـوڵتان دەکـرد. هەندێـک جاریـش بەپێچەوانـەوە، دەیانگـوت ئـەو ئەرمەنانـەی لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی ڕووسـیادا دەژیـن، کەوتوونەتـە ژێـر گوشـاری قـورس و بەوجـۆرە داوای یارمەتییـان لە سـوڵتانی عوسـمانی دەکـرد. ئـەو دوو دەوڵەتـەش هێنـدەی بەرژەوەندییەکانیـان بـواری دەدا، بـەدەم ئـەو سـکاڵایانەوە دەچـوون. بـۆ نموونـە ڕووسـیا لـە سـاڵی 1867هۆشـدارینامەیەکی بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی نـارد. ئـەو هۆشـدارییە فەرمانـی تەنزیماتـی سـاڵی 1839 و فەرمانـی ئیسـڵاحاتی سـاڵی 1856 بەبیردێنێتـەوە و داوا دەکات لـە ئەرمینیـا دەسـت بـە چاکسـازی بکرێت. لەو نێوەشـدا ئەرمەنـەکان بـەردەوام سـەردانی بەریتانیـا و شـاژنی بەریتانیایـان دەکـرد و داوایـان لێدەکـرد بـۆ دامەزراندنـی ئەرمینیـای سـەربەخۆ هاوکارییـان بـکات و نەتـەوەی ئەرمـەن ڕزگار بـکات. بەریتانیـاش بەتایبـەت

گوشاری دەخستە سەر دەوڵەتی عوسمانی و داوای دەکرد دەستبەجێ لە ئەرمینیا چاکسازی بکرێت [13].

ئیمپراتۆریی عوسمانی بەردەوام لاوازتر دەبوو، لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدە دا لەنێوان رووسیای قەیسەری و بەریتانیادا کێشەیەکی گەورە پەیدابوو. فەرەنساش بەهۆی ئاریشەی شوێنە پیرۆزەکانی وەک فەڵەستین و لوبنانەوە دەرفەتی دەستتێوەردانی لە کاروباری نێوخۆی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بۆ رەخسا. هاوسەنگیی سیاسی و ئابووری لە نێوان رووسیا و بەریتانیا بەربەست بوو لەبەردەم دابەشبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی. بۆ نموونە، لەو رێککەوتنەی لە ساڵی 1833و دوای یاخیبوونی محەممەد عەلی پاشای یەکەم لەگەڵ رووسەکان کرا، دڵنیایی درا سەبارەت یەکپارچەیی چاناکەڵا، گەرووەکانی ئیستەنبووڵ و ئیمپراتۆریی عوسمانی. لە ساڵی 1851دا قەیسەر نیکۆڵای یەکەم، ناوی لە دەوڵەتی عوسمانی نا "پیاوە نەخۆشەکە".

پێشنیازی قەیسەر بۆ پرسی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن بەریتانیاوە قەبووڵ نەکرا. بەریتانیا پێشنیازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پیاوە پیرەکە دەخستنەڕوو. هەر بەڕاستی سیاسەتی بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بە ئاراستەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی بووە. دوو هۆکاریش هەبوون بۆ ئەو هەڵوێستەی. یەکێک لەوانە گەرووەکان بوو. دووەمیشیان پەیوەست بوو بە کێشەی ئەرمینیا و کوردستانەوە. ئامانجی هەرە گرنگی بەریتانیا دەستەبەرکردنی دڵنیایی بوو لەوەی کە گەرووی بۆسفۆڕ ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی رووسیا. ئەو گەرووە کە زۆر لە رووسیاوە نزیکە و بە دەریای رەشەوە بەستراوە، نەدەبوو بکەوێتە ژێر دەستی رووسیا. کەواتە باشترین رێگە ئەوەبوو لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە.

---

13 - بۆ زانین سەبارەت کێشەی ئەرمەنەکان بڕوانە:
Esat Uras, Tarihte Ermeniler ve Ermeni Meselesi,
İstanbul 1950, İkinci baskı için bk. Belge Yayınları, İstanbul 1976, s. 149 vd.

هەرچـی ئەرمینیایـە، لـەو روانگەیـەوە بـۆ بەریتانیـا گـرنـگ بـوو کـە بازرگانیی بەریتانیـا لەگـەڵ ئاسـیا لـە دوولاوە بـوو. یەکـەم: هیندسـتان، رێگـەی ئینـدۆس و دووەم: رێگـەی دەریـای رەش. ئـەو کەلوپەلانـەی ئینگلیـز کـە تاوەکـو ئیسـتەنبووڵ دەهاتـن، لەوێـوە دەگوازرانـەوە بـۆ ترابـزۆن. لەوێشـەوە بـە رێگـەی کوردسـتان و ئەرمینیـادا بـەرەو ئێـران و نێوەڕاسـتی ئاسـیا دەڕۆیشـت. ئەرمینیـا وەک پێگـە گـرنـگ بـوو. بـەدەر لەمـە بازرگانـە ئەرمەنـەکان رۆڵێکـی گرنگیان لـە بازرگانیی بەریتانیادا دەبینـی. ئینگلیزەکان زۆر بـە بایەخـەوە لـەو رێگـە بازرگانییەیـان دەڕوانـی. چونکـە پیشەسـازیی بەریتانیـا لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە بـەولاوە پێشـکەوتنێکی بەرچـاوی بەخـۆوە بینـی. ئـەو مـاددە خاوانـەی لـە کۆڵۆنییەکانـدا دەسـتیان دەکەوت، بـەو تەکنەلۆژیایـەی بـەردەوام لـە تازەبوونەوە و پێشـکەوتندا بـوو، دەکرایە بەرهەمـی پیشەسـازی. ئیتـر ئـەو بەرهەمـە کـە رۆژ بـە رۆژ زیاتـر دەبـوو، پێویسـتی بـەوە هەبـوو بـازاڕی تازەی بـۆ بدۆزرێتـەوە و بـازاڕەکان بەرفراوان بکرێـن. بەوجـۆرە سـەلامەتیی رێـی بازرگانیـی دەریـای رەش، ئەنـادۆڵ، ئەرمینیـا و کوردسـتانی مسـۆگەر کـرد کـە رێگەیەکـی گـرنـگ و بایەخـدار بـوو. زیادبوونـی سـەرمایەی بازرگانـی، لەگـەڵ خۆیـدا پـەرەی بـە پەیوەندیـی نێـوان ئەرمەنـەکان و پەیوەندییـە سـەرمایەدارییەکان دەدا. لـە زۆر شـوێندا ئەرمـەن و کـورد لەپـاڵ یـەک و لەنێـو یەکتریـدا دەژیـان، بـەڵام کـورد زیاتـر سـەرقاڵی شـوانکارەیی بـوون، هەرچـی ئەرمەنەکانن، بە بازرگانی و پیشـەی بچووکـەوە سـەرقاڵ بـوون. خێرابوونـی پەیوەندیـی سـەرمایەدارانە دەبووە هـۆی تاوسـەندنی هەسـتی ناسـۆنالیسـتی. ئـەو ئەرمەنانـەی فێـری زمانـی بێگانـە دەبـوون، لـە دامـەزراوە و فێرگەکانـی رۆژئـاوادا دەیانخوێنـد و بەهـا رۆژئاواییەکانیـان هەڵدەگـرت، بەوجـۆرەش جیهان پەیوەنـدی تووندوتۆڵیان لەگـەڵ ئەرمەنـەکان دەبەسـت.

پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی ئیمپراتۆریی عوسـمانی بۆ بەریتانیـا گرنگ بوو. چونکـە هـەر دابەشـبوونێکی ئـەو ئیمپراتۆرییـە لەوکاتـەدا، ئەرمەنسـتانی بەتـەواوی دەخسـتە ژێـر هەژموونی رووسـیاوە و ئـەوەش بـۆ بەرژەوەندیی

بەریتانیا مەترسیدار بوو. لەوانەبوو ڕێی بازرگانیی دەریای ڕەش دابخرێت. کەوابوو باشترین شت بۆ بەریتانیا ئەوەبوو کە لەجیاتی ئەوەی پشتیوانی لە پڕۆژەی سەربەخۆیی ئەرمینیا بکات، گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی لە ئەرمینیا چاکسازی بکات. ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا لە سەربەخۆیی ئەرمینیادا، پەیوەندیی دۆستانەشی لەگەڵ ڕووسیا بۆ دەستەبەر دەکرد. دامەزراندنی ئەرمینیایەکی سەربەخۆ وەک چۆن دەوڵەتی عوسمانیی لاواز دەکرد، بۆ ڕووسیاش خراپ بوو. دەوڵەتی لاوازی عوسمانی هەژموونی بەسەر گەرووی بۆسفۆڕ، کوردستان و عێراق دا نەدەما. کەوابێ بەریتانیا بەدرێژایی سەدەی نۆزدە سەرباری ئەوەی پشتیوانی لە ناسیۆنالیزمی وڵاتانی باڵکان کردووە، وێڕای ئەوەی هانی وڵاتانی باکووری ئەفریقیای داوە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی جیابنەوە، کەچی لە پرسی ئەنادۆڵ، ئەرمینیا و کوردستاندا بەوشێوەیە ڕەفتاری نەدەکرد. دەیویست دەوڵەتی عوسمانی بەهێزبێت و ئەو ناوچانە بە باشی کۆنترۆڵ بکات. یەکێک لە نموونە هەرە سەرنجڕاکێشەکان لەو ڕووەوە؛ هاوکاریی بەریتانیایە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە سەرکوتکردنی هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی لە کوردستان ڕوویاندا. سیاسەتی ڕووسیاش هەر بەوجۆرە بوو. لە باڵکان بەتەواوی پشتیوانی لە بزاڤی ناسیۆنالیستی دەکرد، بەڵام لە کێشەی کوردستان و ئەرمینیادا هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دەکرد. ئەو ڕاگرتنی هاوسەنگییە سیاسییە لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا، بووە هۆکاری مانەوەی کوردستان و ئەرمینیا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا.

لەو نووسیانەی مارکس و ئەنگڵس لەنێوان ساڵانی 1853- 1856 لە New York Daily Tribun'e دەیاننووسین، بە وردی و بایەخەوە هەڵوەستەیان لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد. لە ڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە، لە ئەورووپا دوو بلۆک هەبوون، یەکەمیان: ئیمپراتۆریی ڕووسیا کە پادشایەتیی ڕەها تێیدا باڵادەستە و دووەمیان ئەو بلۆکەی کە دیموکراسی و لیبراڵیزم تێیدا باڵادەستن.

بەریتانیا لە بلۆکی دووەم بوو. حوکمی ڕەها، بەمانای بەهێزبوون و فراوانبوونی ئیمپراتۆریی ڕووسیا و پایەداربوونی دواکەوتوویی دەهات. شکستی ڕووسیاش بە مانای بەهێزبوونی دیموکراسی و لیبراڵیزم دەهات. لەو ڕوانگەیەوە مارکس و ئەنگڵس، لە ماوەی شەڕی نێوان عوسمانییەکان و ڕووسەکاندا، بەردەوام لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی بوون. بێگومان ئیمپراتۆریی عوسمانیش لەسەر بنەماکانی حوکمی ڕەها دامەزرابوو، بەڵام حوکمی ڕەهای ڕووسیا لەسەر بنەمای دواکەوتوویی، گوشار و سەپاندن گەشەی دەکرد. لەو ڕوانگەیەوە، ئەوەی مارکس و ئەنگڵس لە تێزەکانیاندا باسی دەکەن، بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانی، پێشنیازی هاوکاریی بەریتانیایان دەکرد و لە ماوەی شەڕی نێوان عوسمانی و ڕووسەکاندا، بەتووندی ڕەخنەیان لە سیاسەتی درێژنەکردنی دەستی هاوکاری بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەگرت. لەو نووسینانەدا، بەتایبەت لە نووسینەکانی ئەنگڵس دا، ئەوە ڕاستییەکە کە کورد، عەرەب و چەرکەز وەک ئامرازێکی مێژوو بەکارهاتوون نەک وەک بکەرێک. ئەم باسە پەیوەستە بە تیۆرەی گەلە بێ مێژووەکانی ئەنگڵسەوە. ئەم ڕوانگەیە و ڕەخنەی ئەم ڕوانگەیە لە بەشەکانی دواتردا دەخەینە بەرباس [14].

ئەرمەنەکان لە شەڕی نێوان عوسمانی و ڕووسەکان دا لە ساڵانی 1877-1878، بوونە لایەنگری ڕووسیا. هەوڵیاندا لە هەریەکە لە پەیماننامەکانی سان ستیڤانۆ و بەرلین، کێشەی ئەرمینیا وەک کێشەیەکی گرنگ سەیر بکرێت. لەم خاڵەدا گرنگە باسی هۆکارێکی کاریگەر لەسەر پێشکەوتنی هەستی نەتەوەیی ئەرمەن بکرێت. ئەرمینیا لەنێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی، ڕووسیا و ئێران دا دابەشکرابوو. هەرچی سیاسەتی ئەرمینیا بوو، بەگوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەتی

---

14 - بۆ بینینی ئەو نووسینانە بڕوانە:
Marx-Engels, Doğu Sorunu (Türkiye), Iev. Yurdakul Fincancı, Sol Yayınları, Ankara 1977

عوسـمانی و ئێـران ڕێکخرابـوو. بۆیـە ئەرمەنـەکان ناچاربـوون سیاسـەتێکی نـەرم پەیـڕەو بکـەن، بـەڵام هـاوکات دووژمنایەتییەکـی دەمارگیرانـەی کـورد و چەرکەزیـان دەکـرد. هەرکاتێـک سـەردانی سـوڵتانی عوسـمانی، یـان قەیسـەری رووسـیا و شـای بەریتانیایـان کردبێـت، سـکاڵایان لـە کـورد و چەرکـەز کـردووە. بـۆ کـورد دەیانگـوت "میللەتێکـی دڕنـدەن" ، "ڕێکخـراو نیـن" ، "بەسـەر ئەرمەنەکانـەوە چەتـەن، ڕێگـرن" "مێگەلـە هۆڤێکـن"... بـۆ چەرکەزەکانیـش کـەم و زۆر هەمـان شـتیان گوتـووە. لـە پـڕۆژەی دەسـتووری ئەرمەنـی دا کـە ئەوکاتـە ئامادەیـان کـردووە، جگـە لـە کـورد و چەرکەز هەموو کەسـێک "هاونیشـتمانییە". دەسـەڵاتدارە سیاسییەکانیش لـە نووسـینەکانیاندا هەمـان ئـەو دەربڕینەیـان بەکارهێنـاون. کاتێـک مـرۆڤ ئـەو بەڵگـە و تۆمەتانـە دەخوێنێتـەوە، دەگاتـە ئـەو ئانجامـەی کـە کـورد نەتـەوەی خـاوەن هەژمـوون و سەردەسـت و ئەرمەنەکانیـش نەتـەوەی چەوسـاوە بوونـە. وەک بڵێـی ئـەوە عوسـمانییەکان نەبـوون کـە ئەرمەنەکانیـان دەچەوسـاندەوە. ئەمـە لەکاتێکـدا لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی دا تـورک باڵادەسـت بـوون و هـەر ئـەوان کـورد و ئەرمـەن و ئەوانیدیکەیـان چەوسـاندووەتەوە. ئەرمـەن لـە سـەدەی نـۆزدە دا و لـە جوڵانـەوە سیاسـییەکانیاندا هەرگیـز ئەمەیان لەبەرچاو نەگرتـووە، هەندێک جار لەو پڕۆژە چاکسـازییانەی بەریتانیا، عوسـمانییەکان و قەیسـەری رووس خسـتوویانەتەڕوو، لـە بەشـی سـەرژمێریدا، بـە پێداگرییـەوە سـووربوونە لەسـەر ئـەوەی کـە نابـێ کـورد هەژمـار بکرێـن. بـۆ نموونـە لـە ئاگـری و ئەلەشـکرت (زێـدکان-Zêdikan) داوایـان کـردووە "لەبـەر ئـەوەی کـورد زۆرینەیـان پێکهێنـاوە، پێویسـت بـە ڕەچاوکردنـی سـەرژمێری ناکات و تەنیا ئەرمەنـەکان هەژمـار بکرێـن" (15)

دووژمنایەتـی ئەرمـەن بەرانبـەر کـورد جگـە لـە یـەک - دوو ڕووداوی ریزپـەڕ، تاوەکـو جەنگـی یەکەمـی جیهانـی درێـژەی هەبـوو. ئەرمەنـەکان

15 - Esat Uras, a.g.e., s. 289

سـەربەخۆییان بـە کردەیـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی یاخـود لـە ئیمپراتۆریـی رووسـیا وەردەگـرت، کەچـی لـە بەڵگەنامـە فەرمییـەکان و راپۆرتـی هەمەجـۆردا هـەر تەنیا کـورد و چەرکەزیـان تۆمەتبـار دەکـرد. بەتایبەتیـش کـورد کـە وەک یەکێـک لـە هۆکارەکانـی شکسـتی بزووتنـەوەی ئەرمەنـی سـەیریان کـردووە.
ئەرمـەن، کـورد و چەرکـەز و ئەوانیدیکـە چارەنووسـێکی هاوبەشـیان هەیە، ئەگـەر گەلێـک لـە قۆناخێکـی دیاریکـراوی مێـژوودا، دووچـاری دابەشـکردن و پارچـە پارچەکـردن ببێـت، کەواتـە ئـەو گەلـە تووشـی کارەسـات بـووە. بەتایبەتیـش ئەگـەر ئـەو دابەشـکردنە لـە قۆناخـی پێـش دامەزراندنـی دەوڵـەت دا روویدابێـت، ئەمـە ئـەو گەلـە تووشـی داڕووخانـی گـەورە دەکات. مانـای ئەوەیـە ئـەو گەلـە بیـری شـێواوە و پەیکەربەندەکـەی پارچـە پارچـە بـووە. گەلێـک کـە دووچـاری کارەسـاتی بەوشـێوەیە بووبێـت، هاتنـەوە سـەرخۆ و زیندووبوونـەوە و هەسـتانەوە زۆر زەحمـەت دەبێـت. گرنگتریـن رێگـە بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر کارەسـاتی دابەشـکردن و پارچـە پارچەکـردن دا پاشـخانێکی مەعریفـی زۆری مێژوویـی و جڤاکییـە. ئەمـە پێویسـتیی هاوئاهەنگـی لەنێـوان ئەو گەلانـەی دووچاری هەمان کارەسـات بوونـە، دەهێنێتـە پێشـەوە. لـەم پرسـانەدا درکـی مێژوویـی و جڤاکـی چەنـدە بەرزبێـت، هاوئاهەنگیـش هێندە پتـەو دەبێت. گرنگتریـن قۆناخیش بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ئـەو داڕووخانـەدا، گەشـەکردنی تەندروسـتانەی ئـەو هاوئاهەنگییەیە. روونیشـە کـە ئەمـە هەروا بـە ئاسـانی ناکەوێتەگەڕ. کاریگەرتریـن هۆکارەکانـی خسـتنەگەڕیش هـەر بریتییـە لـە بوونـی پاشـخانی مەعریفـەی مێژوویـی و جڤاکـی. هۆکارەکانـی دابەشـکردن و پارچـە پارچەکـردن چیـن؟ چـۆن بیـری لێکراوەتـەوە و چـۆن جێبەجێکـرا؟ چ دەرئەنجامێکـی لێکەوتـەوە؟ بۆچـی لـەو سیاسـەتە پاشـگەز نەبوونـەوە و... هتـد.
بـا دیسـان بگەڕێینـەوە سـەر کێشـە بنەڕەتییەکانـی ئەرمـەن: سـەرباری هەمـوو ئـەو پێشـڤەچوونانەی لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـردن، نـە

لـە رێککەوتننامـەی سـان سـتیڤانۆ لـە (3ی ئـاداری 1878) و نـە لـە رێککەوتننامـەی بەرلیـن لـە (13ی تەممـووزی 1878)، ئـەوەی ئەرمەنـەکان عەوداڵــی بــوون چنگیــان نەکــەوت. لــە دانیشــتنەکانی پەیوەســت بــەو رێککەوتننامانەدا، نەیانتوانی داواکارییەکانیان بسـەپێنن. لە رێککەوتننامەی سـان سـتیڤانۆدا، بابـی عالـی بەڵێنـی ئـەوەی دایـە رووسـیا کـە ئەرمەنەکان لـە هێرشـی کـورد و چەرکـەز بپارێـزن. زۆر بڕیـار کـە لـە رێککەوتننامـەی سـان سـتیڤانۆی نێـوان رووسـیا و دەوڵەتـی عوسـمانی دا هەبـوون، بەریتانیـا و نەمسـا دانیـان پێدانەنـان. دوای ماوەیەکـی کەمیـش، ئـەو رێککەوتننامەیـە دەبـووە هـۆکاری هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی. رێککەوتننامەکـە پڕبـوو لـەو حوکمانـەی کـە هەژموونـی رووسـیای بەسـەر دەوڵەتـی عوسـمانی دا زیـاد دەکـرد. هەربۆیـە رێککەوتننامەیەکـی نـوێ بـە نـاوی رێککەوتننامـەی بەرلیـن واژۆ کـرا. لـەو رێککەوتنە نوێیـەدا، دەوڵەتانی ئەوروپـا بەڵێنیـان لـە دەوڵەتـی عوسـمانی وەرگـرت کـە ئەرمەنـەکان لـە هێرشــی کــورد و چەرکــەز دەپارێــزن، بــەڵام ئەرمەنــەکان کــە چاوەڕێــی هەنـگاوی گرنگتـر بـوون لەمـەڕ پرسـی سـەربەخۆیی ئەرمینیـا، بـەم جـۆرە دڵنەواییانـە رەزامەنـد نەبـوون.

ئەوەتـا لـە قۆناخـی بەرایـی دەسـەڵاتدارێتی عەبدولحەمیدی دووەم دا، بـە کورتـی دۆخەکـە لـە کوردسـتان و ئەرمینیـا بـەم جـۆرە بـووە. راپەڕینـی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری لـە سـاڵانی 1881-1880دا پەیامێکـی روون بـوو بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی. لەلایەکـی دیکـەوە، ئەرمەنـەکان تاوەکـو دەهــات باشــتر خۆیــان رێکدەخســت و لــەڕووی هەســتی نەتەوەیــی و کەڵەکەکردنــی ســەرمایەوە خۆیــان ســازدەدا. ســاڵی 1890 کۆمیتــەی تاشــناک دامــەزرا. بــە پەیــڕەو و بەرنامــەی کۆمیتــەی تاشــناک دەگوتــرا "نەتەوەپەرستی". ئـەم بەرنامەیـە نەتەوەپەرسـتیی دەمارگیرانـەی لەخۆدا هەڵگرتبـوو. "لـە دژی کـورد چـەک هەڵگـرە" ، "مـەرگ بـۆ کـورد و تـورک..." شــتی لــەم جــۆرە لەنێــو بەرنامەکــەدا هەبــوو. ئەرمەنــەکان لــە 20ی حوزەیرانـی 1890 لـە ئـەرزڕووم راپەڕیـن. ئەمـە یەکـەم راپەڕینـی ئەرمـەن

بـوو دژی دەوڵەتـی عوسـمانی و ئەمـەش عوسـمانییەکانی نیگـەران کـرد. سـوڵتان عەبدولحەمیـد کـە زانـی لـە باڵـکان خـۆی ناگرێـت و هـاوکات ناتوانـێ درێـژە بـە دەسـەڵات و بەرژەوەندییەکانـی لـە جیهانـی عەرەبیـدا بـدات، دەسـتی خـۆی لـە کوردسـتان و ئەرمینیـا گیرکـرد. لـەو دوو شـوێنەش زیاتـر چـاوی لەسـەر ئەرمینیا بـوو، چونکـە کوردسـتانی هـەر بە موڵکـی خـۆی دەزانـی. هاوئایینـی لەگـەڵ کـورد وای لـە عەبدولحەمیـد کردبـوو ئاسـانتر بـەو بڕوایـە بـگات کـە کوردسـتان موڵکـی خۆیەتـی. سـوڵتان عەبدولحەمیـد وەهـا بیـری دەکـردەوە: جیابوونـەوەی یۆنـان، بوولگاریـا، سـڕبیا، مۆڵدۆڤـا و میسـر لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، دەشـێ باسـک و قۆڵمـان بشـکێنێ، بـەڵام جیاکردنـەوەی ئەرمینیـا لـە دەوڵەتـی عوسـمانی وەک دەرهێنانـی دڵـی عوسـمانییەکانە. لـەو روانگەیـەوە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە پرسـی ئەرمینیـادا، لەگـەڵ ئـەوەی بایەخـی بـەو داواکارییانـەی چاکسـازی دەدا کـە لەلایـەن ئینگلیـز و رووسـەکانەوە بـۆی دەهاتـن، هەوڵیشـی دەدا ئـەو چاکسـازییە لـە ژێـر هەژمـوون و کۆنترۆڵـی دەوڵەتـی عوسـمانی دا بکرێـت. ئەرمەنـەکان لـە چوارچێـوەی چاکسـازیدا ناوچەکانـی خارپێـت کـە دەکەوتنـە دەرەوەی ئـەرزڕووم، بتلیـس، وان و سیڤاسـی وەردەگـرت. ئـەو سـەردەمە قـارس و ئاگـری لەژێـر دەسـتی رووسـەکان دا بـوون.

ئیتـر لـەم دۆخـەدا سـوارەکانی حەمیدیيـە هاتنـە رۆژەڤـەوە. بەهـۆی راپەڕینـە بەردەوامەکانـی کـورد کـە گەیشـتنە ئاسـتێک ببنـە مەترسـی لەسـەر دەوڵەتـی عوسـمانی و هەروەهـا نیگەرانییەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە گەشـەکردنی هەسـتی نەتەوەیـی لـە ئەرمینیـا، ویسـتی بـۆ دامەزراندنـی سـوارەی حەمیدییە بـەر بـەو هەوڵانـە بگرێـت. سـوارەی حەمیدییە لەساڵی 1891 لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمـەوە دامـەزرا و لـە 36 فـەوج پێکدەهـات. میرەکانـی کـورد بەگوێـرەی فەوجـەکان رێکدەخـران و سـوارەکانی حەمیدییـە دەخرانـە سـەر سـوپای دەوڵەتـی عوسـمانی. سـەرۆک خێڵـەکان دەبوونـە فەرمانـدەی

فەوجـەکان و ناونیشـانی پاشـایان وەردەگـرت، بـەڵام ئـەو ناونیشـانە تەنیا لەنێـو خێڵەکانـی خۆیانـدا کاری دەکـرد. بەوشـێوەیە ئـەو کوردانـەی کـە بەدرێژایـی سـەدەی نـۆزدە لەژێـر فەرمانـی سـەرای عوسـمانی دا نەبـوون و نەکەوتبوونـە ژێـر هەژموونـی، بەشـێوەیەکی ئۆرگانـی دەکەوتنـە نێـو چوارچێـوەی دەوڵەتـەوە.

فەوجەکانی سـوارەی حەمیدییـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا کاریگەرییەکەیان دەرکـەوت. ئـەو کوردانـەی چەکـدار کرابـوون، لـە دژی ئەرمـەن شـەڕیان دەکـرد و هەروەهـاش لـە دژی یەکـدی. تاڵانـکاری و دەستبەسـەرداگرتن و خوێنڕێـژی بەشـێوەیەکی بەرفـراوان زیـادی کـرد. بـەردەوام هێـرش دەکرایە سـەر دێهاتەکانی ئەرمـەن بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر بەروبووم و موڵکەکانیانـدا بگـرن. کـوردە بـێ چـەک و پشـتیوانەکانیش لەبەرانبـەر کـوردە چەکـدارەکان دا بێـزار و بـێ چـارە و پەرێشـان بـوون. کـوردە چەکدارەکان پەیوەندیـی باشـیان لەگـەڵ سـەرای عوسـمانی هەبـوو، بـە ئاسـانی و کـەی ویسـتبایان دەخرانـە ژێـر پارێزبەندییـەوە. هەمـوو ئـەو شـتانە وایانکـرد کـە ئـەو لێکترازانـەی ئێسـتاش لەنێـو کـورد هەیـە، قووڵ ببێتـەوە، بەهەمـان شـێوە خەرەنـدی نێـوان کـورد و ئەرمەنەکانیشـی گەورەتـر کـرد. سـەرای عوسـمانی بـۆ سـەرکوتکردنی راپەڕینەکانـی ئەرمـەن لـە دوای سـاڵی 1890، هەمیشـە فەوجەکانـی سـوارەی حەمیدییـەی بەکارهێنـاون.

هەندێـک جـار ئەرمەنەکانیـش شـەڕی زۆر خوێناوییـان لەگـەڵ کـورد کـردووە، جـاری وا هەبـوو ئـەو شـەڕانە چەندیـن مانگیـان دەخایانـد. هەمـوو ئەمانـە دەریدەخـەن کـە ئـەو ئامانجـەی لـە پشـت دامەزراندنـی سـوارەکانی حەمیدیـە بـوو، بەتـەواوی بەدیهـات. شـەڕی نێـوان کـورد و ئەرمـەن هاوسـەنگییەکی هێنابـووە ئـاراوە کـە سـەرای عوسـمانی لـە کوردسـتان و هەروەهـاش لـە ئەرمینیـا لەسـایەیدا هەژموونـی خـۆی بپارێزێـت. خاڵـی دووەمیـش ئەوەبـوو کـە ناسـیۆنالیزمی ئەرمەنـی پاشەکشـەی کـرد. کوردانـی بەسـەر عەلـەوی- سـوننی، خێڵـی گـەورە و

خێڵـی بچووکـدا دابەشـکرد. لـە ئەنجامـی پێکهەڵپژانـی ئەمانـەدا، کـورد هێـزی سـەرهەڵدانی نەمـا و کوردسـتان بـە تـەواوی کەوتـە چوارچێـوەی دەوڵەتــی عوســمانییەوە [16].

## 3 - کێشەی کوردستان و ئەرمینیا لە سەردەمی ئیتیحاد و تەرەقی دا، لە بەرانبەر بزاڤی تورکچێتی، کێشەکانی ڕۆمایەتی، ئەرمەنایەتی، کوردایەتی، عرووبە و جوو

ســاڵی 1870، بــە ڕێبەرایەتــی شــازادە بســمارک ئەڵمانیــا یەکخــرا و بــووە هێزێکــی گــەورە لــە ئەوروپــادا. دەرکەوتنــی ئەڵمانیــا وەک دەوڵەتێکــی بەهێــز، کاریگــەری بەســەر هاوســەنگی سیاســیی جیهانــەوە هەبــوو. بەهێزبــوون و بەرفراوانبوونــی ئەڵمانیــا پەیوەندییەکــی ڕاســتەوخۆی بــە دەوڵەتــی عوســمانییەوە هەبــوو. گەشەســەندنی خێــرای ســەرمایەداری، وای لــە ئەڵمانیــا کــرد بــەرەوڕووی کێشــەی پەیداکردنــی مــاددەی خــاو و دۆزینــەوەی بــازاڕ ببێتــەوە. هەمــوو کۆڵۆنییــەکان دابەشــکرابوون و بەشــی ئەڵمانیــای تێــدا نەبــوو. عەبدولحەمیــدی دووەم چ لە ناوەوە و چ لــە دەرەوە هەوڵیــدەدا ئــەو هاوســەنگییە سیاســییە بەهێــز بــکات. سیاســەتی دەرەوە بــە هاوســەنگیی نێــوان ڕووســیا و بەریتانیــا، هەرچــی سیاســەتی نێوخۆییش بــوو، تاڕاددەیەکــی زۆر پشــتی بــە پێکدادانــی نێــوان کــورد و ئەرمــەن و دابەشــکارییەکان بەســتبوو. ســوڵتان عەبدولحەمید دەیزانی ئەم سیاســەتە بــەو شــێوەیە بــەردەوام نابێــت. گوێــی بــەو دەنگانــەش دەدا کــە لــە ئەڵمانیــاوە دەهاتــن، هەربۆیــە لــە دامەزراندنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ ئەڵمانیــا دوانەکــەوت. هــەردوولا لــە بوارەکانــی ئابــووری و ســەربازیدا پەیوەندییــان بەهێزکــرد. بەوجــۆرە ســەرمایەی ئەڵمانیــا و تەکنیکــی ئەڵمانــی بــەرەو

16 - بۆ زانین سەبارەت سوارەکانی حەمیدیە: بڕوانە سەرچاوەکانی پەراوێزی (1)، هەروەها:
Sadrazam Said Paşa, Anılar, s. 239-240; Bayram Kodaman, Sultan 2. Abdülhamid Devri DoğuAanadolu Politikası, TKAE Yayınları, Ankara 1987

خاکـی عوسـمانی هاتـن. بەتایبەتـی لە بـواری سـەربازیدا پەیوەندییـەکان زۆر فـراوان بـوون. لـە دەیـەی 1890دا، دوای ئـەوەی بسـمارک لـە دەسـەڵات دوورخرایـەوە. ویلیەمـی دووەم کە دەسـەڵاتی خۆی پتەوتر کرد، گرنگییەکی زۆری بـە دۆسـتایەتی نێـوان ئەڵمان-عوسـمانی دەدا و هەوڵـی فراوانکردنی دەدا. سـاڵی 1888 کۆمپانیایـەک کـە دەرهاویشـتەی بانکەکانـی ئەڵمانیـا بـوو، پـڕۆژەی ڕێگـەی ئاسـنینی نێـوان حەیدەرپاشـا و ئیزمیتی لەئەسـتۆگرت کـە لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە پلانـی جێبەجێکردنـی دانرابـوو. هەمـان کۆمپانیـا ڕێگـەی ئاسـنی ئیزمیـت - ئەنقـەرەی لەئەسـتۆگرت. ویلیەمـی دووەم لـە سـاڵی 1889 بـووە میوانـی عەبدولحەمیـدی دووەم و سـەردانی ئیسـتەنبووڵی کرد. دەوڵەتی عوسـمانی لەو سـەروبەندەدا بە نارِەزاییەکانی کریتـەوە سـەرقاڵ بـوو. وێـڕای ئـەوە پێشـوازی و میوانداریيەکـی گـەرم لـە ویلیەمـی دووەم کـرا و وەکـو فریادڕەسـێک پێشـوازی لێکـرا. لە مـاوەی ئەو گەشـتەدا، وەک پرەنسـیپێک بڕیـار لەسـەر ئـەوە درا کـە ڕێگـەی ئاسـنینی حەیدەرپاشـا تاوەکـو بەغـدا بدرێتـە ئەڵمانـەکان. تاوەکـو سـاڵی 1903 کـە ڕێککەوتننامەکـەی تێیـدا واژۆ کـرا، لـە ئەنـادۆڵ زۆر تـۆڕی دیکـەی ڕێگـەی ئاسـنینیان دامەزرانـد. سـاڵی 1891 دەسـتکرا بـە کارکـردن لـە ڕێگـەی هێڵـی ئاسـنینی ئیزمیـت - ئەنقـەرە. بۆ سـەرکەوتنی کۆمپانیـا ئەڵمانییەکان و بەدەسـتهێنانی ئیمتیـازی زیاتـر، دەرفەتـی زۆریـان خسـتنە بەردەسـت. ڕێگـەی ئاسـنینی ئێسـکی شـەهیر- کۆنیا، ئەنقـەرە، قەیسـەری و دواتریـش ئـەو هێڵـە ئاسـنینەی کـە بـە دیاربەکـردا تێدەپـەڕی و دەگەیشـتە بەغـدا، هـەر لەنێـو ئـەو پڕۆژانـەدا بـوون (17)

ئیمپراتـۆری ئەڵمـان ویلیەمـی دووەم، لـە سـاڵی 1898دا بـۆ وەرگرتنـی

17 - سـەبارەت پەیوەندیـی دەوڵەتـی عوسـمانی و ئەڵمانیـا و ئیمتیازی دروسـتکردنی هێڵی ئاسـنینی بەغـدا بڕوانە پەراوێزەکانـی 1، 5 و 6، هەروەها:

Edward Mead Eule, Bağdat Demiryolu Savaşı, ev.
Kazım Yargıcı, Milliyet Yay., İstanbul 1972; Yahya Tezel, Birinci Büyük Milli Meselesi Anti-Emperyalist miydi?-Chester Ayrıcalığı, SBFD, Cilt 25, Sayı 4, 1970 s. 287-318;
İlber Ortaylı, Osmanlı İmparatorluğunda Alman Nüfuzu, SBF Yay,. Ankara 1983

پڕۆژەی ڕێگـەی ئاسـنینی بەغـدا دووبـارە هاتـەوە ئیسـتەنبووڵ و سـەردانی قـودس و شامیشـی کـرد. بـەم شـێوەیە ئەڵمانـەکان، بـە تایبـەت بەرانبـەر بـە ئینگلیـز دەسـتکەوتی زۆریـان بەدەسـتهێنا. ئـەو سـاڵانە عوسـمانییە نوێیـەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەنێـو تورکـە گەنجەکانـدا پەرەیـان بـە هەسـتی تورکچێتـی دەدا. دەوڵەتـی عوسـمانی چ لـە پەیوەندییـە ناوخۆییـەکان چ لـە پەیوەندییـە دەرەکییەکانـدا، بەتایبـەت لـە مـاوەی شـەڕی باڵـکان لـە 1912-1913 و ڕووداوەکانـی دواتـردا، لـەوە تێگەیشـتن کـە سیاسـەتی پان-ئیسـلامیزم و ئیسـلامگەرایی چیتـر کار نـاکات. ئـەو سیاسـەتە نەیدەتوانـی بـەر بـە هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتـۆری بگرێـت. چونکـە سـەرباری بانگـەواز بـۆ جیهـاد، گەلـە موسـڵمانەکان بـەدەم خەلیفـەوە نەهاتـن. بەپێچەوانـەوە دەچوونـە پـاڵ ئـەو دەوڵەتـە کریسـتیانانەی ناکۆکییـان لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی هەبـوو. لـەو دۆخـەدا، ڕۆشـنبیرانی عوسـمانی کەوتنەخـۆ بـۆ ڕزگارکردنـی دەوڵەتـی عوسـمانی و هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی دووبـارە بیکەنـەوە دەوڵەتێکـی جیهانگیـر. ئیتـر تورکـە عوسـمانییەکان کەوتنەخـۆ بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەیـەک بـۆ ئـەوەی تەنیـا تـورک ڕزگار بکـەن. چونکـە وەک چـۆن جەنگـی باڵـکان نیشـانیدا کـە گەلانـی باڵـکان بەتـەواوی لـە ئیمپراتـۆری عوسـمانی جیابوونەتـەوە، هـاوکات ئەوەیشـی نیشـاندا کە چیتر کۆمـەک و هاوکارییـان لـە گەلانـی موسـڵمانەوە پێنـاگات. کەواتـە چیـدی ناتوانـن ڕێبەرایەتییـان بکـەن و لەژێـر هەژموونـی هەمـان دەسـەڵاتدارێتیدا ڕایانگـرن. لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا هیـچ ڕێگەیـەک نامێنێتـەوە جگـە لـە ڕزگارکردنـی تەنیـا ئـەو بەشـانەی خاکـی ئیمپراتـۆری کـە تورکـەکان تێیـدا نیشـتەجێن. چونکـە لـە دوای (دووەم مەشـروتیەت) وەک چـۆن لـە باڵـکان ڕوویـدا، بەهەمـان شـێوە لـە جیهانـی عەرەبیشـدا، لـە کوردسـتانیش هەروەهـا، واتـە لەنێـو گەلانـی موسڵمانیشـدا بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی پـەرەی دەسـەند. لـەو سەروبەندەشـدا هەسـت و بیـری ناسیۆنالیسـتی لـە ئەرمینیـا بەخێرایـی گەشـەی دەکـرد. بـەم شـێوەیە، هاوشـانی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی لەنێـو تـورک دا، لای ئـەو گەلانـەش کـە موسـڵمان بـوون،

بەڵام تورک نەبوون، هەستی نەتەوەیی بەهێز دەبوو. بەڵام لە هەمان ئەو ساڵانەدا ئیمپریالیزمی ئەڵمانیش بەدوای رێگەی فراوانبوون و گەشەکردن دا دەگەڕا. ئیمپریالیزمی ئەڵمانی چاوی لەوەبوو پشکێکی گرنگ لە ئیمپراتۆرییە هەڵوەشاوەکەی عوسمانی وەرگرێت. وا بیریان دەکردەوە کە جێبەجێکردنی رێگەی ئاسنینی بەرلین ـ حەیدەرپاشا - بەغدا هەنگاوێکی گرنگ دەبێت. نەخشەکە وەهابوو کە بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە، ئیمپریالیزمی ئەڵمانی لە جیهانی عەرەبی و لە کوردستان دا، لە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی کاریگەرتر بێت. چونکە ئەڵمانەکان لە قۆناخی دابەشکردنی کۆڵۆنییەکانی جیهان دا بەشدارییان نەکرد. ئەڵمانیا کە تاوەکو ئەوکاتە یەکێتیی سیاسی بەدی نەهێنابوو، تازە بە تازە لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە خۆی دەگرت. کۆڵۆنییەکانیش لەوکاتەدا زیاتر کۆلۆنی فەرەنسا و بەریتانیا بوون. بۆیە ئەڵمانەکان چاویان لەوە بوو لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نزیکبنەوەو لە خاکی ئەو ئیمپراتۆرییەدا پشکێکیان دەستبکەوێت. بەوجۆرە عوسمانییەکان پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز دەجووڵانەوە. لەو هاوکێشەیەشدا ئەڵمانەکان سوودمەند دەبوون. تەنانەت لەو کێشمەکێشەدا پەنایان بۆ ئیسلامیش دەبرد. ئیمپراتۆریی ئەڵمانی ویلیەمی دووەمیان وەکو "گەورە پارێزەری ئیسلام" نیشاندەدا. لەم روانگەیەوە، ئیسلامگەرایی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی لەگەڵ ئەنگێزەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم زۆر دەگونجا.

ئەم فراوانخوازییەی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی بەرەو ئەوە دەچوو کە لەگەڵ رووسیا رووبەڕوو ببنەوە. ئەڵمانیا بۆ ئەمەش پەنای بردە بەر بزاوتی تورکچێتی. ئیمپریالیزمی ئەڵمانی رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە گەشەکردنی بزاڤی تورکچێتی و تۆرانیزم وەکو بزاڤێکی نەژادپەرست. ئەڵمانەکان پشتیوانییان لە پان تورکیزم دەکرد و هانیاندەدا. بەم شێوەیە تورکە عوسمانییەکان کە لەو کاتەدا خۆی لە کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) دا بەرجەستە دەکرد، روویان بەرەو ئاسیای ناوەڕاست وەرگێڕا. ئەوێ

ئـەو تورکانـەی لـێ دەژیـان کـە لەژێـر داگیرکاریـی قەیسـەردا بـوون. وا بیریـان دەکـردەوە کـە دەبێ تورکەکانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت رزگار بکـەن و لـە ئاسـیای ناوەڕاسـتەوە تاوەکـو ئەنـادۆڵ و تـا بـە ناوچـەی باڵـکان دەگات، هەمـوو تورکـەکان لەژێـر یـەک ئـاڵادا کۆبکەنـەوە. ئامانجەکـە بنیاتنانـی دەوڵەتێکـی مەزنـی تورکـی بـوو. ئـەم بیرکردنەوەیـە پەیوەندیـی نێـوان دەسـەڵاتی ئیتیحـاد و تەرەقـی و رووسـیای قەیسـەری گرژتر دەکـرد. چونکە ئیمپراتۆریـی رووسـیای لـە قەفقاسـیا و زۆر شـوێنی ئاسـیای ناوەڕاسـتدا دووچـاری کێشـە دەکـرد. سـوودمەندی یەکەمیـش لـە سـەرقاڵکردنی ئیمپراتۆریـی رووسـیا لـەو شـوێنانە و پەرتەوازەکردنـی سـوپاکەی، ئەڵمانیا دەبـوو. لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە ئەڵمانیا پشـکێکی گـەورە لـە ئیمپراتۆریـی رووسـیا وەردەگرێـت.

وەک دەبینرێـت، ئیمپریالیزمـی ئەڵمانـی کـە تـازە وا گەشـە دەکات و بەدوای فراوانخوازییەوەیـە، لـە سـاڵانی بـەر لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا لەگـەڵ دەسـەڵاتدارێتی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و لەگـەڵ ئیتیحـاد و تەرەقیـش کە پـاش ئـەو دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت، پەیوەنـدی توونـدوتـۆڵ دەبەسـتن. کاتێـک پەیوەنـدی لەگـەڵ عەبدولحەمیـد دەبەسـتن، لە بزاڤی ئیسـلامگەرا، هەروەهـا لـە تورکچێتـی و تورانچێتـی کەڵـک وەردەگـرن، بەڵام زیاتـر لەوەی دووەمیـان، هـەردوو بزاڤەکـەش کەوتبوونـە خزمەتـی فراوانخوازییەکانـی ئیمپریالیزمـی ئەڵمانی.

لـە سـاڵانی کۆتایـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی دا، ئیتیحـاد و تەرەقـی و ئایدیۆلۆژیسـتەکەی، زیا گۆکئاڵـپ پشـتیوانییەکی زۆری تورانچێتـی دەکـەن. شـیعرەکانی وەک تـوران، سـێوی سـوور و ئاسـکەکێوی زیـا گۆکئاڵـپ، هەمیشـە پڕبـوون لـە یۆتۆپیا و خەیاڵـی تورانی. لـە کۆتایی جەنگـی یەکەمی جیهانیـدا، دوای شکسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی و ئەڵمانیـای هاوپەیمانـی، بەتـەواوی لـەوە تێگەیشـتن کـە هیـچ رێگەیـەک نییە بـۆ بەدیهێنانـی خەونی تورانچێتـی. بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵگەکانی ئاسـیای نێوەڕاسـت چوونە نێو یەکێتی کۆمارە سۆسیالیسـتەکانی سـۆڤیەت. کەچی سـەرباری هەموو

ئەمانە، لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، نەژادپەرستیی نوێی تورک، رێک لەسەر پاشماوەی ئەو نەتەوەپەرستییە دامەزرایەوە کە ئیتیحاد و تەرەقی دایهێنا (18).

لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دا، بزووتنەوەی تورکچێتی رەوتێک نەبوو لە دوای بەهێزبوونی پێگەی ئیتیحاد و تەرەقی لە پاش ساڵی 1908 هەڵکشابێ، بەڵکو رەوتی تورکچێتی ریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نامیق کەمال و زیا پاشا کە عوسمانیی نوێ بوون و هەروەها بۆ عەلی سواڤی کە لە ساڵی 1889 ئیتیحادی عوسمانییان دامەزراند و ئەو یەکێتییەش بە بنچینەی ئیتیحاد و تەرەقی دادەنرێت. ئیتیحادی عوسمانی لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە "پێویستە بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێوان هاونیشتمانیانی تورک، رۆم، ئەرمەن، عەرەب، کورد، ئەلبانی و چەرکەز ئیدارەی سەرکوتکار بڕووخێندرێت". لەو ساڵانەشدا کە ئیتیحاد و تەرەقی بەتەواوی خۆی گرت و دەسەڵاتی سیاسی گرتەدەست، دەیانگوت "بۆ رزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ئیتنیکی جیاواز پێکدێ، پێویستە پشت بە تورکبوون ببەستین. پێویستە پشت بە هۆشی میللی ببەستین". وادیارە ئەو گرووپە ئیتنیکییانە، لەژێر هەژموونی نەتەوەی تورک دا دووبارە رێکدەخرانەوە (19).

---

18 - بۆ وردبوونەوە لە روانگەی زیا گۆکئاڵپ و مستەفا کەمال بڕوانە:
Ziya Gokalp ve Türk Düşüncesi, Milliyet, 24 Ekim 1974, (Ali Gevgilili'nin yonettiği bu foruma, Prof. Dr. Mehmet Kaplan, Prof. Dr. Tarık Zafer Tunaya, Prof. Dr. Şerif Mardin katılmışlardır. Açık oturum yayını Ziya Gokalp ve ağdaş Türk Gerçekleri, başlığı altında 3 Kasım 1974 tarihli Milliyet'te Sürdürülmüştür.) Atatürk İdeolojisi Nedir? Milliyet, 10 Kasım 1974 (Ali Gevgilili'nin yonettiği bu forumda Ord. Prof. Dr. Reşat Kaynar, Prof. Dr. Sencer Divitçioğlu, Prof. Dr. Esat am katılmışlardır.); Taha Parla, Ziya Gokalp, Kemalizm ve Türkiye'de Korporatizm, İletişim Yayınları, İstanbul 1989; Levent Koker, Modernleşme, Kemalizm ve Demokrasi, İletişim Yayınları, İstanbul 1990; Iağlar Keyder, Türkiye'de Devlet ve Sınıflar, İletişim Yayınları, İstanbul 1989

19 - هەروەها بۆ پەرەسەندنی رەوتی تورکچێتی بڕوانە:
İsmail Hamdi Danişmend, Ali Süavi'nin Türkçülüğü, 2. bs. CHP Neşriyatı, Ankara1942; İsmail Habib (Sevük), Tanzimattan Beri Edebiyat Tarihi I, Remzi Kitabevi, İstanbul 1942, (Kitapta Türkçülük Cereyanının nasıl geliştiği ornekleriyle gosterilmektedir. S. 210-222, 304-315, 388-401, 425-431); Mustafa Nihat zen, Son Aşık Türk Edebiyatı Tarihi, Maarif Matbaası, İstanbul 1941, s

ساڵی 1908 کۆمەڵەی تورک دامەزرا. پاشان لە ساڵی 1912 لە چوارچێوەی گۆڤاری (Türk Yurdu -وڵاتی تورکان) تورک ئۆجاخلەر دامەزرا. ئەو ڕێکخراوبوونە، دەرخەری ئەوەبوو کە بزاڤی تورانچێتی خزمەتی زۆری کردووە. ئەوەی لێرەدا گرنگە؛ لە ساڵی 1910 بەولاوە بزاڤی تورانچێتی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو گەشەی دەکرد، لەلایەن ئەڵمانەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا. لەو ساڵانەدا لە دەوڵەتی عوسمانیدا ژیانێکی فکری داینامیکی و زیندوو هەبوو، بەڵام بێگومان ئایدیۆلۆژیای سەردەست و فەرمی بە ئاراستەی تورکچێتی و تورانچێتیدا گەشەی دەکرد [20].

ئەو کاتەی کە دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی پەرەیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەڵمانەکان دەدا، چالاکیی ئەرمەنەکانیش زیادی کردبوو. لەنێوان ساڵانی 1909-1904دا لە شوێنانی وەک ئیستەنبووڵ و ئەدەنە چەند جارێک ڕاپەڕین. دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی ئەو ڕاپەڕینانەیان بەشێوەیەکی زۆر خوێناوی سەرکوت دەکرد. بەمەش پێکدادانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەرمەنەکان دژوارتر و خەرەندی نێوانیان بەرفراوانتر دەبوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، هاندانی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیش بۆ تورکچێتی و تورانچێتی تاوەکو دەهات زیاتر

---

93-99; 296-322, 442-453, Rauf Mutluay, 50 Yılın Türk Edebiyatı, İş Bankası Yay., 3. bs., İstanbul 1976, s. 67-139; Rauf Mutluay, 100 Soruda ağdaş Türk Edebiyatı 1908-1972, Gerçek Yay., İstanbul 1973, s. 3-50; Rauf Mutluay, 100 Soruda Türk Edebiyatı, 2. bs., İstanbul 1970, s. 106-119, 131-140; Cevdet Kudred, Türk Edebiyatından Seçme Parçalar, İstanbul 1973, 3. bolüm); Ahmet Hamdi Tanpınar, 19. Asır Türk Edebiyatı Tarihi, s. 216-288; Vasfi Mahir Kocatürk, Türk Edebiyatı Tarihi, İstanbul 1964, s. 749- 752, 756-769; Türk Milliyetçiliğinin Gelişimi için ayrıca bk. Dipnotu 8'in son paragrafında belirtilen kitaplar.

20 - بۆ ڕەوتە فکرییەکانی دوایین قۆناخی دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە:

Yusuf Hikmet Bayır, Türk İnkılâbı Tarihi, Cilt II, Kısım IV, TTK, Ankara 1952; George Haupt-Paul Dumont,

Osmanlı İmparatorluğunda Sosyalist Hareketler, Gozlem Yay., İstanbul 1977; Hüseyin Avni Şamda, 1908 İşçi Hareketleri, Gozlem Yayınları, (Tarihsiz), Ayrıca bk. Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi'nde yer alan bazı maddeler, Siyasal Akımlar, s. 1381-1420, Siyasal Partiler, s. 1421-1452, Siyasal ve Toplumsal Olaylar, s. 1453-1472

دەبـوو. کاتێـک ئەمانـە بـەردەوام بـوون، جیهانیـش خەریـک بـوو بەتـەواوی بەسـەر دوو بلۆکـدا دابـەش دەبـوو. سـاڵی 1894 لەنێـوان فەرەنسـا و رووسـیا رێککەوتننامەیـەک واژۆ کـرا. سـاڵی 1904یـش رێککەوتننامـەی ئینگلیـز و فەرەنسـا واژۆ کـرا. دوای ئـەوەی لە سـاڵی 1907 رێککەوتننامەی نێـوان رووسـیا و ئینگلیـز واژۆ کـرا، سەروسـیمای بلۆکێـک بەتـەواوی دەرکـەوت. ئـەو بلۆکـەی کـە ئینگلیـز، فەرەنسـا و رووسـیا پێکیـان هێنـا، نـاوی بـووە بلۆکـی هاوپەیمانـان. لایەنـی دووەم ئـەو وڵاتانـە بـوون کـە لـە دەوری ئیمپراتۆریـی ئەڵمانـی کۆبوونـەوە و بریتیبـوون لـە ئەڵمانیا، نەمسا-هەنگاریـا، دەوڵەتـی عوسـمانی و بوولگاریـا. هەرچـی ئیتاڵیـا، یۆنـان، سـربیا و رۆمانیـا بـوون لەنێـو هاوپەیمانێتـی سـیانەیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکادا بـوون و لەگـەڵ ژاپـۆن بوونـە هاوپەیمـان [21]

جەنگـی یەکەمـی جیهانـی لـە کۆتایـی مانگـی تەممـووزی سـاڵی 1914 بـە هەڵگیرسـاندنی جەنگـی ئیمپراتۆریـی نەمسـا - هەنگاریـا لـە دژی سـربیا دەسـتیپێکرد و لـە ماوەیەکـی کـورت دا تەشـەنەی سـەند. هـەر دوای هەڵگیرسـانی شـەڕ، رێککەوتننامـەی نێـوان ئەڵمانیـا و دەوڵەتی عوسـمانی واژۆ کـرا. بەپێـی ئـەو رێککەوتنـە کـە لـە سـەرەتای مانگـی ئـاب واژۆ کـرا، دەوڵەتـی ئەڵمانیـا لـە شـەڕدا بەتـەواوی پشـتیوانی لـە دەوڵەتی عوسـمانی دەکات. ئەوەبـوو هـەردوو کەشـتی جەنگیـی ئەڵمانیـا گۆبـەن و برێسـلاڤ بەبـێ ئاگادارکردنـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی هاتنـە نێـو دەریـای رەش. لـە ئەنجامـی ئـەو قەیرانـەی هاتنـی ئـەو دوو کەشـتییە دروسـتیکرد، دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆتایـی مانگـی تشـرینی دووەمـدا بـە کردەیـی چـووە نێـو شـەڕەکە. بـەم شـێوەیەش شـەڕ لەنێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و

21 - بۆ پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی وڵاتان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، بڕوانە:
Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih 1789-1960; Haluk ـIman, Birinci Dünya Savaşına Giden Yol ve Savaş, SBF Yay., Ankara 1974; Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt I, Tekin Yay., İstanbul 1974; İhsan Güneş, Türk Tarihinde İttihat ve Terakki 1889-191822. Sozü edilen Sürgün Kanunu'nun metni için bk. Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 3, s. 1134-1135

رووسـيا هەڵگیرسـا. شـەڕەکە بەتایبەتـی لـە بـەرەی رۆژهـەڵات گـەرم بـوو کـە سـوپای رووس لێـوەی هاتنـە پێشـەوە و شـوێنانی وەک قـارس، ئـەرزڕووم، وان و هـەکاری کەوتنـە ژێـر دەسـتی رووسـیا. قـەرس و ئاگـری هـەر خۆیـان لـە سـاڵی 1878ـەوە لەژێـر دەسـتی رووسـەکاندا بـوون. لـە مـاوەی بەرەوپێشـچوونی شـەڕی رووسـەکان لـە ئەرمینیـا و کوردسـتان دا، ئەرمەنـەکان هاوکاریـی رووسـەکانیان کـرد و لـە دژی سـوپای عوسـمانی وەسـتانەوە. هەرچـی کـورد بوو، دژی داگیرکاریی رووسـەکان شـەڕیان کرد، ئـەو شـوێنانەی کـە رووسـەکان داگیریـان دەکـردن، کـورد بـە ئاراسـتەی باشـوور و رۆژهەڵاتـی کورسـتان، یاخـود بـەرەو ئەنـادۆڵ کۆچیـان دەکـرد. ئەو هەڵوێسـتەی ئەرمەنـەکان کاردانەوەی توونـدی دەسـەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقـی لێکەوتـەوە. ئـەو سـەردەمە دەسـەڵاتی ئیتیحـاد و تەرەقـی لـە دەسـتی هەریەکـە لـە ئەنـوەر پاشـا، تەڵعـەت پاشـا و جەمـال پاشـادا بـوو. ئەنـوەر پاشـا وەزیـری جەنـگ بـوو. لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا بـووە سوپاسـالار. بـەم شـێوەیە ئەنـوەر پاشـا بـووە فەرمانـداری گشـتیی سـوپای عوسـمانی. تەڵعـەت پاشـاش وەزیـری ناوخـۆ و جەمال پاشـاش فەرماندەی هێـزە دەریاییـەکان بـوو. هاندانـی ئیمپریالیزمـی ئەڵمانـی بـۆ تورکچێتـی و تورانیـزم و هاوکاریکردنـی ئەرمەنـەکان بـۆ رووسـەکان دەرفەتێکـی گـەورەی دایـە ئیتیحادییـەکان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەرمـەن. لـە 14ی مایسـی 1915دا "یاسـای راگواسـتن - Tehcir Kanunu" دەرکـرا. ئـەو یاسـایە زەوینـەی خۆشـکرد بـۆ ئـەوەی راگواسـتنی ئەرمەنـەکان بـە یاسـایی بکرێـت. یاسـاکەش بـەم شـێوەیە بـوو:

I- لـە مـاوەی دەرچوونـی سـوپادا، سـوپا و بەرپرسـی فەیلەقـەکان و نوێنەرانیـان و فەرمانـدەی ناوچـەکان ئەگـەر لەلایـەن خەڵکـەوە بـە هـەر جۆرێـک، لـەدژی حکومـەت و هەوڵـی پاراسـتنی ئاسـایش هەوڵـی پێچەوانـە بدرێـت، یاخـود هێرشـیان بکرێتـە سـەر و لـە دژیـان بوەسـتن، هێـزە سـەربازییەکان راسـپێردراون بەتووندتریـن شـێوە سـزایان بـدەن و هـەر جـۆرە هێـرش و بەرەنگاربوونەوەیـەک سـەرکوت بکـەن.

٢- سوپا، فەرماندەی ناوچەکان و فەرماندە گشتییەکان، لە چوارچێوەی پێویستییە سەربازییەکاندا، لەکاتی هەستکردنیان بەوەی لە گوند و قەزاکان سیخوڕ و خیانەتکار هەن، دەتوانن یەک یەک، یان بە کۆمەڵ بیانگوازنەوە ناوچەی دیکە و لەوێ نیشتەجێیان بکەن [22].

بەگوێرەی ئەم یاسایە کە دەستبەجێ خرایە واری جێبەجێکردنەوە، لە ماوەیەکی زۆر کەم دا سەتان هەزار ئەرمەنی کۆکرانەوە و ئاوارەی دەرەوەی ئەرمینیا، ئەنادۆڵ و کوردستان کران. هێندەی ئەو ژمارەیەش لەبەر زوڵمی ئیتیحاد و تەرەقی لە شوێن و واری خۆیان هەڵاتن. زۆربەشیان کەوتنە بەر زوڵم و کۆمەڵکوژی. ئەوەی راستی بێت ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە دژی ئەرمەنەکان کران، بەتەواوی مانا کۆمەڵکوژی بوون. بۆئەوەی دەست بەسەر گەوهەر و کولوپەلە گرانبەهاکانیاندا بگرن، هەندێکیان لەنێو دۆڵ و تەنگەبەری نێوان شاخەکاندا گوللەباران کردن. بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکان کوژران. هەندێکیان بەو مەبەستە کوشتن کە رەگوڕیشەیان لە ناوچەکەدا نەهێڵن.

راگواستنی ئەرمەنەکان، زۆر خوێناویتر و وێرانکەرتر بوو لە راگواستنی رۆمییەکان کە ئیتیحادییەکان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەستیانپێکرد. لەو دەمەشدا لەگەڵ ئەرمەنەکان ژمارەیەکی زۆری کورد لە خاک و وڵات هەڵکەندران و بە ئاراستەی بەشەکانی نێوەڕاستی ئەنادۆڵ و دەریای سپیی نێوەڕاست راگوێزران. بەم شێوەیە گومان دەکرێت ژمارەی ئەو کوردانەی راگوێزران زیاتر لە 700 هەزار کەس بووبن. ژمارەیەکی زۆری ئەمانە، زۆر زیاتر لە نیوەیان، لەڕێگەدا مردن. سەرما، برسێتی، نەخۆشی، بێ سەرپەنایی و بێ خواردن و پۆشاکی مرۆڤی کوردیان شکاند [23].

---

22 - بۆ دەقی ئەو یاسایە بڕوانە:

Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 3,
s. 1134-1135

23 - Zinnar Silopi, Doza Kürdistan, Stewr Basımev,i 1969, s. 40

راگواسـتنی رۆمـی و ئەرمەنـەکان پەیوەنـدی زۆری بـە سیاسـەتی ئابـووری میللـی (ئابووریـی سـەربەخۆ)ی ئیتیحـاد و تەرەقییـەوە هەبـوو، واتـە سیاسـەتی بـە تورککردنی ئابـووری. وەک دەزانرێت لە ساڵانی تەنزیماتەوە پیشەسـازیی عوسـمانی لـە دەسـت رۆمـی و ئەرمەنەکانـدا بـوو. لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە بە تایبـەت لە ناوچـە کەناراوییەکانـدا، واتە لە شـوێنەکانی وەک ئیسـتەنبووڵ، ئیزمیـر، ئەدەنـە و ترابـزۆن، چینێک پێکهات کـە لەگـەڵ بازرگانـە ئەوروپاییـەکان مامەڵەیـان دەکـرد. ئـەو کەسـانە کـە بـە رەچەڵـەک رۆمـی و ئەرمـەن بـوون، لـە شـوێنە جیاجیاکانـی ئیمپراتۆریی عوسـمانیدا مـاددەی خاویـان کۆدەکـردەوە و دەیاننـاردە ئەوروپـا و لـە ئەوروپاشـەوە کەلوپەلـی ئامـادە و دروسـتکراویان بـۆ بـازاڕی ناوچـە جیاوازەکانـی ئیمپراتـۆری عوسـمانی دەنـارد. لـە سـایەی ئـەو دەرفەتانـەی فەرمانـی تەنزیمـات لـە سـاڵی 1839 و فەرمانـی ئیسـڵاحات لـە سـاڵی 1856 لەگـەڵ خۆیانـدا هێنایـان، ئەمانـە هێنـدەی دیکـە دۆخەکەیـان باشـتر کـرد. لـە سـاڵانی دەسـتووری سـاڵی 1876یشـدا وەک چـۆن لـە بـواری ئابووریـدا بەهێـز بـوون، لـە بـواری سیاسیشـدا هێزیـان پەیـدا کـرد. ئـەو سـەرمایەی کـە لـە پەیوەندییـە بازرگانییەکانـەوە کۆیانکردبـووەوە پیشەسـازیی سـنوورداریان پـێ دامەزرانـد. لە بـواری پیشەسازیشـدا بەهێز بـوون، یەکێـک لـەو دامەزراوانـەی فەرمانـی تەنزیمـات لەگـەڵ خـۆی هێنـای، مۆڵکایەتیـی تایبـەت بـوو. پاراسـتنی مافـی خاوەندارێتـی مۆڵـک بـوو. رۆمـی و ئەرمەنـەکان بـە زیـادەوە سـوودیان لـەو مافـە وەرگـرت. بەوشـێوەیەش پشـکی هـەرە زۆری بازرگانـی و پیشەسـازیی چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانییان خسـتە ژێـر دەسـتی خۆیـان. ئـەو کەسـانە کـە زمانـی بێگانەیـان دەزانـی و بـە چـڕی چووبوونـە نێـو تـۆڕی پەیوەندیـی ئابـووری و سیاسـی چەنـد وڵاتێکـی ئەوروپاییـەوە، کاریگـەری زۆریشـیان لەسـەر پیشەسـازیی عوسـمانی هەبوو. لەو سـەروبەندەدا هەرچی دۆخی تورکـەکان بـوو کـە پێکهێنـەری سـەرەکی نێـو ئیمپراتـۆری بـوون، مایـەی دڵخۆشـی نەبـوو. تورکـەکان زیاتـر سـەرقاڵی کشـتوکاڵ و دووکانـداری

بـوون. لـەو ماوەیـەدا کـە ئیمپراتۆریی عوسـمانی بەشـێوەیەکی بەرفراوان بـووە بـازاڕی وڵاتانـی ئەوروپایی، ڕۆژ بە ڕۆژ کاری دووکانداری و پیشـەگەری لـە کورتـی دەدا. چونکـە چیتـر ئـەو پیشـەگەر و وەسـتایانەی بـە دەسـت کاریـان دەکـرد، نەیاندەتوانـی کێبڕکـێ لەگـەڵ ماکینەکانـی سـەرمایەداریی ڕۆژئـاوادا بکـەن. بـەم جـۆرەش پیشەسـازی و پیشـەگەری نێوخۆیـی چیتـر نەیاندەتوانـی لـە مـاوەی زیادبوونـی پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکاندا لەگـەڵ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، خۆیـان بگـرن و تاوەکـو دەهـات لەنێـو دەچوون و لاوازتـر دەبـوون. بازرگانـە ڕۆمـی و ئەرمەنەکان لە بازرگانی و پیشەسـازیدا و دواتریـش لـە کاری بانکیـدا چـالاک بـوون، بـەڵام تورکـەکان سـەریان لـەو بوارانـە دەرنەدەچـوو. دەستبەسـەرداگرتنی بەرفراوانـی کاروبـاری ئابووری و سیاسـی لەلایـەن ڕۆمـی و ئەرمەنەکانـەوە، وای لـە تورکـەکان کردبـوو هەمیشـە لـە پلـەی دووەمـدا بـن. لەبەرئـەوەی ڕۆمـی و ئەرمەنـەکان زیاتـر لـە ناوچـە کەناراوییەکانـدا نیشـتەجێبوون، بۆیـە چالاکییـە بازرگانـی و پیشەسـازییەکان و کاروبـاری بانکـی زیاتـر لـەو شـوێنانەدا چڕبوونـەوە. لـە فەرمانگـەی کاروبـاری قـەرزە دەرەکـی و نێوخۆییەکانیشـدا هـەر ڕۆم و ئەرمەنـەکان بـوون بـە نـاوی ئینگلیـز و فەرەنسـییەکانەوە کاریـان دەکـرد. لـە سـاڵانی بـەر لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، دۆخـی پیشەسـازی و بازرگانـی و دارایـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـەم جـۆرە بـوو. بەرپرسـانی ئیتیحـاد و تەرەقـی بەهیـچ شـێوەیەک بـەم دۆخـە دڵخـۆش نەبـوون. یەکـەم کاری دەسـەڵاتدارێتی ئیتیحـاد و تەرەقـی کـە لەگـەڵ ئەڵمانـەکان چوونـە نێـو جەنگـەوە، بریتـی بـوو لـەوەی تاکلایەنـە مافـی خاوەندارێتـی و ئیمتیـازی بێگانەکانیـان لادا. چونکـە لـەو مافـەدا زیاتـر دەوڵەتانـی هاوپەیمانـی وەک بەریتانیـا، فەرەنسـا و ئیتاڵیـا سـوودمەند دەبـوون. هەڵگرتنـی مافـی ئیمتیـازی بێگانـەکان هـاوکار بـوو لـە پێشـڤەچوونی پیشەسـازیی عوسـمانی، هەروەهـا بـە دڵـی ئەڵمانیـای هاوپەیمانـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوو. دەوڵەتانی هاوپەیمـان کـە ئیمتیـازە بازرگانـی، پیشەسـازی و ئابوورییەکانیـان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا

لەدەســتدا، لــە بەرانبــەر ئەڵمانیــادا لاواز دەبــوون و هێزیــان لەدەســت دەدا [24].

لــە راگواســتنی رۆمییەکانــدا لــە ســاڵانی 1914 و 1916، هەرچــی کارگــە، ئاســنگەری، دووکان، کێڵگــە، باخــی زەیتــوون و موڵــک و ماڵــی رۆمییــەکان هەبــوو دەســتیان بەســەردا گیــرا و هەمــووی درانــە تورکــەکان. بــەم شــێوەیە دەیانویســت ئابووریــی دەوڵــەت بکەنــە ئابــووری نیشــتمانی. ئەمــە تێگەیشــتنی ئیتیحــاد و تەرەقــی بــوو بــۆ نیشــتمانیکردنی ئابــووری. هەمــوو ئــەو رۆمییانــەی لــە شــوێنەکانی وەک ئیســتەنبووڵ، بورســا، ئیزمیــر و ئایــدن نیشــتەجێبوون و خاوەنــی موڵــک و مــاڵ بــوون، لــە راگواســتنەکانی 1914 و 1916 دا هەموویان دەرکران. ئەم راگواستنە هەنگاوێکی گرنگ و هەستیار بــوو لــە چارەســەرکردنی کێشــەی رۆمییەکانــدا. رۆمییــەکان لە یۆنــان یاخود دوورگەکانــی دەریــای ئیجــە دەرکران، بەمــەش دەوڵــەت هەنگاوێکــی گرنگــی نــا بــۆ بەتورککردنــی دوورگەکانــی ئیجــە. بــە دەستبەســەرداگرتنی موڵــک و ماڵــی رۆمییــەکان "بــۆرژوای میللیــی تــورک" گەشــەی کــرد.

لــە ســاڵی 1915دا کــە راگواســتنی ئەرمەن جێبەجێکرا، دەشــێ هەمــان دۆخ و لێکەوتە ببینین. لەمەشــیاندا دەســت بەســەر ماڵ و موڵکی ئەرمەنەکاندا گیــرا و چاپۆشــی لــەوە کــرا کــە ئــەو مــاڵ و موڵکە بکەوێتە دەســتی تــورک و کــورد. بــەم شــێوەیە دەســەڵاتدارێتی ئیتیحــاد و تەرەقــی یەکــەم هەنگاویان نــا بۆ گەشەســەندن و دەرکەوتنــی بــۆرژوای ناوخۆیی [25]

24 - بڕوانە سەرچاوەکانی پەراوێزی (21)

25 - بۆ ئــەو رۆڵــە ئابــووری و سیاســییەی رۆم و ئەرمەنــەکان لــە پێکهاتــەی دەوڵەتــی عوســمانیدا هەیانبــووە و هەروەهــا راگواســتنی ئەرمەنــەکان بڕوانە:

Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 3, S. 1503-1123; Nurdoğan Taçalan, Egede Kurtuluş Savaşları Başlarken, 2. Baskı, Milliyet Yayınları, İstanbul 1971; Tevfik Iavdar, Milli Mücadele Başlarken Sayılarla "Vaziyet ve Manzara-i Umumiye", Milliyet Yay., İstanbul 1971; Tevfik Iavdar, Milli Mücadelenin Ekonomik Kokenleri, Koz Yayınları, İstanbul 1974; Sitefenos Yaresimos, Az Gelişmişlik Sürecinde Türkiye, Cilt 2, s. 607-617, Cilt 3, s. 1173-1177; İhsan Güneş, Türk Tarihinde İttihat ve Terakki (1889-1918); Ayrıca sürgün olgusunun roman olarak anlatımı için bk. Diodo Satiriyu, Benden Selam Soyle Anadolu'ya, ev. Atilla Tokatlı, Sander Yayınları, İstanbul 1974;

ماڵ و موڵکی ئەو ئەرمەنانەی لە ئەرمینیا و کوردستانەوە راگوێزرابوون، لەلایەن دەرەبەگەکانی کوردەوە دەستیان بەسەردا گیرا. لە بەشەکانی داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەر ئەم پرسە.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەو دەوڵەتەی لە پشت هاندانی یاسای راگواستن، راگواستنی ئەرمەنەکان و کۆمەڵکوژیی ئەوانەوە بوو، ئەڵمانیا بوو. دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی پشتیان بەو هێزە ئیمپریالیستییە بەستبوو، هاوکاریی ماددی و مانەوییان لەوان وەردەگرت و لەلایەن ئەوانەوە هاندەدران، هەربۆیە ئۆپەراسیۆنەکانیان دژی نەتەوەی ئەرمەن هێندە وێرانکەر بوو. بۆ سەخڵەتکردنی ئیمپراتۆریی رووسیا کە دووژمنی ئەڵمانیا بوو، دەبوو کێشەیەکی راستەقینە ساز بکرێت. بێگومان کێشەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ رووسیا و رۆژئاوا پەیوەستبوون بە وڵاتانی وەک ئۆکراینا، پۆڵۆنیا و لاتڤیا، بەڵام ئەوەی کە بەشی زۆری ئەو شوێنانە لەژێر دەستی سوپای رووسیادا بوون، کاری ئەڵمانیای سەخت کردبوو. بۆیە پێویست بوو سەرنجی رووسیا بۆ لایەکی دیکە رابکێشرێت و ئەو سوپایەی کە بەشی زۆری لە بەرەی رۆژئاوا کۆکرابووەوە، ببرێتە شوێنێکی دیکە. هۆکار و سەرچاوەی پەیوەندیی ئەڵمانیا بە تورکچێتی و تورانیزمەوە لەمەوە دێت. ناردنی تورکەکان بۆ ئاسیای نێوەڕاست و هۆشیارکردنەوەی تورکەکانی ئەوێ، دەبووە هۆکارێک بۆ سەرقاڵکردنی رووسیا بەو کێشەیەوە و ئەوەش کاری ئەڵمانیای لە بەرەکانی رۆژئاوا ئاسانتر دەکرد.

گرنگترین وڵاتیش کە دەکەوتە سەر رێگەی ناردنی تورکەکان بۆ ئاسیای نێوەڕاست، ئەرمینیا بوو کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا و لە دوای شەڕەکەش چوونە پاڵ رووسیا. بە دڵنیاییشەوە پەیڕەویان لە سیاسەتێک دەکرد کە دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیای هاوپەیمانی دژی بوون. بۆیە لە دۆخێکی وەهادا لەنێوبردنی ئەو ئەرمەنانەی لەسەر رێگەی بنیاتنانی دەوڵەتی تورانیدا بەربەست بوون، کارێکی پێویست بوو، چونکە دامەزراندنی ئەرمینیایەکی سەربەخۆ، یاخود ئەرمینیایەکی سەر

بە رووسیا، ڕێگرییەکی جددی بوو لەبەردەم تورانچێتیی ئیتیحادییەکان. ئەوە روون بوو کە تەنیا بە لەنێوبردنی ئەرمەنەکان ئەو بەربەستە لادەبرا. بۆیە دەرکردنی یاسای "ڕاگواستن" لە 15ی مایسی ساڵی 1915 و ئەو ڕاگواستنانەی وەک پێویستییەک بۆ ئەو ئامانجە کران، هەموویان هەنگاوی جددی بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەرمەنەکان. ئەوەی ڕاستی بێت "یاسای ڕاگواستن" حوکمی زۆر توندی تێدابوو، بەڵام جێبەجێکردنی و ئەو ئەنجامەی لێیکەوتەوە زۆر لەوە قورستر بوو کە لە دەقەکەدا هەبوو. ئەو ئەنجامە وەک چۆن بە سوودی ئەڵمانیا بوو، بەهەمان شێوە بە سوودی دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی و دەوڵەتی عوسمانی-تورکیش بوو. بە ڕاگواستن، کۆمەڵکوژی و گوشار و زوڵمی هەمەجۆر، بە ڕێکاری کارگێڕی و سەربازی، نەتەوەی ئەرمەنیان لە خاکی خۆی وەدەرنا و بە شێوازی خۆیان چارەسەری کێشەی ئەرمەنەکانیان کرد. لەبەرئەوەی کۆچیان بە ئەرمەنەکان کردبوو، بۆیە لە ئەرمینیا چیدی هیچ کەسێک نەمابووەوە خاوەنداری لە کێشەی ئەرمەنەکان بکات. ماف و بەرژەوەندی گەلی ئەرمەنی لە دەرەوەی ئەو بەشەی ئەرمینیا کە بەر تورکیا کەوتبوو، دەپارێزرا. لە داهاتوودا پاشماوەی ئەو کێشەیە دەخەینەوە بەرباس.

لەگەڵ ئەو کودەتایەی کە ئیتیحاد و تەرەقی لە ساڵی 1908 کردی، هاوکات مەشرووتەی دووەم (پەیڕەوی لە دەستوور) خرایەوە کار. دوای ماوەیەکی کورت سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر تەخت هێنرایە خوارەوە و محەممەدی پێنجەم، واتە محەممەد ڕەشاد لە شوێنی دانرا. کودەتای ساڵی 1908 دروشمی وەک ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و برایەتی لەگەڵ خۆی هێنا. هەرچەندە ماوەیەکی کورتیش بوو، بەڵام ئازادییەکی بەرفراوانی چاپەمەنی هاتەئاراوە. بزووتنەوە کرێکارییەکان فراوان بوون و ژمارەیەکی زۆر مانگرتن کران. ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی لە ساڵی 1908ـەوە لەنێو تورکەکان گەشەی کرد، کاریگەری لەسەر عەرەب، کورد، ئەلبانی و گەلە موسڵمانەکانی دیکەی نێو ئیمپراتۆریی

عوسـمانی دانـا. سـاڵی 1898، بنەماڵـەی بەدرخـان پاشـا بـە سەرپەرشـتی عەبدولڕەحمـان پاشـا لـە قاهیـرە ڕۆژنامەیەکیـان بـە نـاوی (کوردسـتان) دەرکـرد. ڕۆژنامەکـە لـە سـاڵی 1900 بـەولاوە لـە جنێـڤ درێـژەی پێـدرا. ڕۆژنامەکـە دەگەیشـتە هەمـوو ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان. سـاڵی 1908 کۆمەڵـەی تەعـاون و تەرەقیـی کـوردی دامـەزرا. ئەمـە کۆمەڵەیـەک بـوو ئامانجی سیاسـی هەڵگرتبوو. بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیشـی ڕۆژنامەیەکـی هـەر بەنـاوی تەعـاون و تەرەقـی دەردەکـرد. زۆر کەسـایەتی پێشـەنگی کـورد لـەو ڕۆژنامەیـەدا دەیاننووسـی. سـەعیدی کـوردی، کـە دواتـر بـە سـەعید نوورسـی دەناسـرێت، لـەو ڕۆژنامەیـەدا دەینووسـی. دیـارە نووسـینەکانی لەژێـر نـاوی سـەعیدی کـوردی دەنووسـین. دوای سـاڵی 1908، ڕێکخراوێـک بەنـاوی هێڤـی دامـەزرا کـە ناوەندەکـەی لـە ئیسـتەنبووڵ بـوو. ئـەو ڕێکخـراوەش ڕۆژنامەیەکـی بەنـاوی ڕۆژی کـورد Roja-Kurd دەردەکـرد. لـە دەوری ئـەو ڕێکخراوانـە و بڵاوکـراوە کوردییانەدا بزووتنـەوە کوردییـەکان، هەسـت و هۆشـمەندی و چالاکانـی کـورد کۆدەبوونـەوە. دەسـەڵاتی عوسـمانی کـە گرنگییەکـی زۆری بـە بزاڤـی تورکچێتـی دەدا، ڕزگاریـی نەتـەوەی تورکـی کردبـووە ئامانـج و دەیویسـت دووبـارە ئیمپراتـۆری دابمەزرێنێتـەوە و تورکبـوون بکاتـە سـەنتەر و هەموو شـتێک لـە دەوری هۆشـی میللیـی تورکیـدا کۆبکاتـەوە، روونـە کـە لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا، کوردیـش بـۆ دۆزینـەوەی چـارەی دەردی خـۆی لـەدەوری یـەک کۆدەبنـەوە [26].

بـەڵام لـەو قۆناخـەدا بزاڤـی تورکچێتـی و تورانیـزم پـارە و سـامانێکی زیاتـری لەبەردەسـتدابوو بـۆ ڕێکخسـتن و سـازکردنی چالاکیـی هەمەجـۆر. ئـەو کەسـانەی سـەرقاڵی ئـەو چالاکییانـە بـوون، بەتایبـەت ئەوانـەی دەسـەڵاتیان لەنێـو ئیتیحـاد و تەرەقیـدا هەبـوو، لەنێـو خەڵکـدا پێگەیەکـی

26 - Rohat, Unutulmuşluğun Bir ykūsü: Said-i Kürdi, Fırat Yayınları, İstanbul, Eylül 1991; (Bu inceleme ozet olarak daha once Bergeh Dergisinde yayınlanmıştır. Sayı 4, Stockholm 1990; Malmisanij, Said-i Kürdi ve Kürt Sorunu, Doz Yayınları, İstanbul 1991;

بەرزیـان پێدرابـوو. لـەو روانگەیـەوە زۆر کەسـی دیـاری کوردیـش لەنێـو ئەو چالاکییانـەدا بـوون. ئـەو کەسـانە کـە بـەدوای خەیاڵـی تورانیـزم کەوتبـوون، رەتیاندەکــردەوە کــورد بــن. لەلایەکــی دیکــەوە دەســەڵاتی ئیتیحــاد و تەرەقــی هاوشــێوەی ئــەوەی لــە ئەرمینیــا کــردی، لــە کوردســتانیش گوشـاری زۆری خسـتبووە سـەر خەڵـک. بـۆ نموونـە لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی سـەرکوتکردنی راپەڕینەکانـی کـورد کـە لـە سـلێمانی و مووسـڵ روویاندا و بنەمایەکـی نەتەوەییشـیان هەبـوو، دیسـان کوردیـان بەکارهێنـا و ئـەوەش دەریدەخســت کــە ئیتیحادییــەکان بــە سیاســەتی (پەرتکــە و زاڵبــە)ی عوسـمانییەکان ئاشـنان و ئـەو سیاسـەتە جێبەجـێ دەکـەن. والـی موسـڵ سـلێمان نەزیف، کە سـاڵی 1914 شـێخ عەبدولسـەلام بارزانی لە مووسـڵ لەسـێدارەدا، خـۆی کـورد بـوو، بەڵام لـەو کوردانەی کـە کوردبوونـی خۆیان رەتدەکــردەوە و شــانازییان بــە تورکبوونــەوە دەکــرد [27].

ئـەو قسـانەی بەرپرسـانی عوسـمانی بـە سـلێمان نەزیفـی دەڵێـن کـە ئەرکـی سـەرکوتکردنی راپەڕینەکـەی شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی پێدرابوو، زۆر جێـی سـەرنجن: "بـا بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو یاخیبوونـە سـلێمان نەزیـف بنێریــن، ســلێمان یــان ســەری عەبدولســەلاممان بــۆ دەهێنــێ، یاخــود عەبدولسـەلام سـەری سـلێمان نەزیـف دەپەڕێنـێ. هەرکامیـان رووبدات بۆ ئێمـە کێشـەیەک نییـە، بـەڵام بێگومـان دەبـێ سـەری یەکێـک لـەو دووانـە بپەڕێـت".

عوسـمانییەکان هەمیشـە سیاسـەتی (پەرتکە و زاڵبە)یان دژی گەلی کورد پەیـڕەو کـردووە. لـە سـەردەمی مـەلا ئیدریسـی بتلیسـییەوە کـە وایکـرد کوردســتان بچێتــە ژێــر فەرمانڕەوایــی عوســمانییەکانەوە، بەوشــێوەیە بـووە. لـە دوای هەمـوو سـەرهەڵدانێکی کـورد، کاتێـک باپیـرە و باوکـەکان دوورخراونەتـەوە و راگوێـزراون، گوللــەبارانکراون یاخــود لەسـێدارەدراون،

---

27 - Süleyman Nazif, 1911 yılında babasına gonderdiği mektupta bu duygu ve düşüncelerini açıklamaya çalışmıştır. Tarih Dünyası, s. 17; 15 Aralık 1950 Süleyman Nazif bu mektubunda Türklüğüyle ovündüğü kadar hilafet kurumuna da şiddetle karşı çıkmaktadır.

کـوڕ و نـەوەکان لەنێـو دەوڵەتـی عوسـمانیدا خراونەتـە پێگـەی گرنگـەوە. بەوشـێوەیە هەوڵـدراوە هێـزی بەرخـودان و بەرەنگاریـی داهاتـوو بشـکێنرێت. بـۆ نموونـە لـە دەیـەی 1860دا کاتێـک شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری سـەرەتا بـەرەو ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ و دواتریـش بـەرەو مەککـە دوورخرایـەوە، عەبدولقـادری کـوڕی، سـەرەتا ئەندامـی شـوورای دەوڵـەت و دواتریـش بـووە سـەرۆکی شـوورا. ئینگلیزەکانیـش پێشـنیازی ئـەوە بـۆ عوسـمانییەکان دەکـەن کـە پێویسـتە زوو زوو کـورد رابگـوازن [28]

هــەر ئینگلیــزەکان بــوون پێشــنیازی ئەوەیــان بــۆ عوســمانییەکان دەکـرد، کـوڕ و خـزم و کەسـی ئەوانـەی کـە رایاندەگـوازن، گوللـەبارانیان دەکـەن، هەڵیاندەواسـن و دەیانکـوژن، لەنێـو دەوڵـەت دا پایـە و پێگـەی گرنگیـان بدەنـێ. ئینگلیـزەکان لـە کۆڵۆنییەکانـی خۆیانـدا بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوتیان دەکـرد. بـەم شـێوەیە ئەگەری هـەر جۆرە سـەرهەڵدانێک دادەخرێـت و گرژییـە کۆمەڵایەتییـەکان کەمتـر دەبنـەوە [29]

ئـەوەی راسـتی بێـت، عوسـمانییەکان زۆر زووتریـش هـەر پەیـڕەوی ئـەو سیاسـەتەیان کـردووە.

لـە بەرانبـەر نەتەوەخوازیـی تـورک کـە رۆژ بـە رۆژ چڕتـر دەبێتـەوە و فراوانتـر دەبێـت، بتـەوێ یـان نـا نەتەوەخوازیـی عەرەبیـش پەرەدەسـتێنێ، بگـرە یەکـەم نەتـەوە کـە لـە دەسـتپێکی هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانییەوە هوشـیاربوونەوە، عـەرەب بـوون. چونکـە دەرکـەوت کە ئەو دەوڵەتـە عوسـمانییەی رۆژ بـە رۆژ لاوازتـر دەبێـت، چیـدی ناتوانـێ عـەرەب بپارێـزێ و پێویسـتە خۆیـان چـارەی دەردی خۆیـان بکەن. ئـەو بزاڤە بەتایبەت

28 - Halfin, 19. Yüzyılda Kürdistan _zerinde Mücadele, s. 85; Yalçın Küçük, Kürtler _zerine Tezler, Donem Yay., İstabul 1990

29 - بۆ پەیوەندی کورد و عوسمانی لە دوایین قۆناخەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا بڕوانە:
Zinnar Silopi, Doza Kürdistan; Rambout, Kürtler, ağdaş Kürdistan Tarihi 1918-1946, Iev. Ronahi, Ronahi Yay., 1972; Dana Adams Semitt, Barzani ile Konuşmalar, ev. Ahmet Dere, Yontem Yayınları, İstanbul 1977; Heinz Grtrein, Avukatsız Halk Kürtler, ev. Selçuk Barlas, _çüncü Dünya Yayınları, İstanbul 1977; Mehmet Emin Zeki, Kürdistan Tarihi, Komal Yayınları, İstanbul 1977

لـە سـاڵی 1908 و دوای کودەتـای ئیتیحـاد و تەرەقـی بەسـەر حکومـەت دا، بەتـەواوی دەرکـەوت. دامەزراندنـی کۆمەڵـەی تایبـەت بـە تـورک، ئیـدی وا لێکدرایـەوە کـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە ئیسـلامگەرایی دەرچـووە و بـەرەو نەتەوەخــوازی دەچێــت. لــەو دۆخــەدا عەرەبەکانیــش بــۆ خۆڕزگارکــردن وایـان بـە بـاش زانـی کـە نەتەوەخـوازی پێشـبخەن. شـەڕی باڵکانیـش ئـەو قۆناخـەی خێراتـر کـرد. سـاتع ئەلحوسـەری کـە لـە خێزانێکـی تـورک (خەڵکی حەڵـەب) لەدایکبـووە، ڕۆڵێکـی دیـار و بەرچـاوی هەبـوو لـە پەرەسـەندنی هەسـتی نەتەوەیـی لـەلای عـەرەب.
تاوەکــو ئێــرە، لــە کۆتاییەکانــی ســەدەی نــۆزدەوە هەســتانەوە و وەئاگاهاتنــەوەی کوردیــش دەبینیــن. دوای ســاڵی 1908 ئــەو قۆناخــە کەمێکـی دیکـە دەچێتـە پێشـەوە، بـەڵام سیاسـەتی تورانیـزم و تورکچێتـی لـەلای ئیتیحـاد و تەرەقـی هەمیشـە بـە گومـان و بـە وردی چاودێریـی ئـەو زیندووبوونەوەیـەی کـوردی دەکـرد. بـۆ ڕێگریـش لەمـە، هەوڵـی زۆریـان دا. لــەو ڕووەوە هیــچ پەیوەندییەکــی دۆســتانە لەنێــوان ئیتیحادییــەکان و نەتەوەخوازانــی کــورد دروســت نەبــوو. کوردیــش نەیاندەتوانــی بــە باشــی گوزارشــت لــە خۆیــان بکــەن. زیاتــر لــە چوارچێــوەی عوســمانیزمی نێونەتەوەیـی، یاخـود ئینتەرناسـیۆنالیزمی ئایینیـدا گوزارشـتیان لـە خۆیـان دەکـرد. عوسـمانیزمی نێونەتەوەیی و ئینتەرناسـیۆنالیزمی ئایینـی بۆ کوردە نەتەوەخــوازەکان وەک قەڵغانێکــی خۆپارێــزی بــوو. لــە دەوری ڕێکخــراو و چاپەمەنییەکانــی (کوردســتان)، (کۆمەڵــەی تەعــاون و تەرەقیــی کــورد)، (کۆمەڵـەی نەشـری مەعاریفـی کـورد)، (هێڤـی)، (کـورد)، (ڕۆژی کـورد) و ڕێکخــراوە هاوشــێوەکانیان پێشــهاتی گرنــگ تۆمــار دەکــران. پێویســتە سـەرهەڵدانی بتلیسـیش لە سـاڵی 1914 لە چوارچێوەی ئەو پەرەسەندنەدا هەڵبسـەنگێنین. یەکێـک لـە لایەنـە هـەرە گرنگەکانـی ئـەو سـەرهەڵدانەی کـە بـە پێشـەوایی مـەلا سـەلیم و شـێخ سـەید عەلـی بـوو، ئاماژەکـردن بـوو بـۆ گرنگیـی هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ئەرمەنـەکان. هەوڵیـش هەبـوو بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو هاوئاهەنگییـە. سـەرهەڵدانەکە لـە مانگـی مایسـی سـاڵی

1914 دەستیپێکرد و لە سەرەتادا سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا، بەڵام لە حوزەیرانی هەمان ساڵ دا تێکشکا. دیسانەوە عوسمانییەکان سوودێکی زۆریان لە سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) بینی [30].

30 - Celile Celil, Kürt Halk Hareketi Tarihine Ait Yeni Materyaller 1914 Bitlis İsyanı, s. 201-216, 19. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğunda Kürtler kitabı içinde.

# ئەو پەیماننامە نهێنییانەی لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانییان پارچە پارچە کرد

بەشـداریکردنی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا و هاوپەیمانێتییەکـەی لەگـەڵ ئەڵمانیـا، کاریگەریـی بەرچاوی لەسـەر بەریتانیا و رووسـیا هەبـوو. سـاڵی 1907 بەریتانیـا و رووسـیا رێککەوتننامەیەکیـان واژۆ کـرد و چوونـە نێـو هاوپەیمانێتییـەک کـە دواتـر بـە هاوپەیمانێتـی سـیانی ناسـرا. هـەردووال هەوڵـی بەدیهێنانـی هەمـان ئـەو هەسـت و ئارەزووانەیـان دەدا کـە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەوە سـەبارەت بـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی هەیانبـوو. بـۆ ئەمـەش پڕۆژەیـان ئامـادە کـرد. بەریتانیـا و رووسـیا بـەو رێککەوتنـەی لـە سـاڵی 1907 واژۆیـان کـرد، کێشـەی بەرژەوەندییەکانیـان لـە ئاسـیادا چارەسـەر کـرد. ئـەو رێککەوتنـە چەندیـن بەنـدی سـەبارەت بـە ئێـران، ئەفغانسـتان و تیبـت تێدابـوو. ئێـران دەکرایـە سـێ بـەش و باکوورەکـەی دەخرایـە ژێـر دەسـتی رووسـیا و باشووریشـی بـۆ ژێـر دەسـتی بەریتانیـا. ناوچـەی نێوەڕاسـتیش بـە بێالیەنـی دەمایـەوە. ئەفغانسـتان دەخرایە ژێـر دەسـتی بەریتانیـا و بەمـەش دەبووە بەربەسـت لەبـەردەم رووسـیا بـۆ ئـەوەی نەتوانـێ بگاتـە هیندسـتان.

تیبـت وەک بەربەسـتێک لەنێـوان رووسـیا و هیندسـتان دا دەهێڵدرایـەوە. بەمـەش بەریتانیـا رێگـری دەکـرد لـە هـەر هەوڵێکـی دزەکردنـی رووسـیا بۆ نێـو هیندسـتان کـە گرنگترین کۆڵۆنـی بـوو. دوای سـاڵێک لـەو رێککەوتنـە کـە لـە سـان پێترۆسـبورگ واژۆ کـرا، دەسـەڵاتدارانی بەریتانیـا و رووسـیا دیسـانەوە لـە رێڤـاڵ کۆبوونـەوە. باسـی ئـەم کۆبوونەوەیـە دابەشـکردنی خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوو. لەکاتـی شەڕەکەشـدا دەسـتیانکرد بـە جێبەجێکردنـی ئـەو پرۆژەیـە.

لـە سـەروبەندی جەنگـی یەکەمی جیهانـی دا، بەریتانیا، فەرەنسـا و رووسـیا یەکـەم رێککەوتـن لـە سـەرەتای سـاڵی 1915 بـۆ دابەشـکردنی خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی واژۆ دەکـەن. دوای چەندیـن نامەگۆڕینەوە و نووسـراو لەنێـوان هەرسـێ دەوڵەتەکـە، لـە سـەرەتای مانگـی مایـس گەیشـتنە رێککەوتنێـک. بەپێـی ئـەو رێککەوتنـە رووسـیا باڵادەسـت دەبێـت لەسـەر گـەرووی ئیسـتەنبووڵ. لـە بەرانبـەر ئـەوەدا بەریتانیـا و فەرەنسـا چۆنیـان مەبەسـت بێـت، بـەو شـێوەیە خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی لە ئاسـیا دابەش دەکـەن.

هـەر دوای ئـەو رێککەوتنـە، وڵاتانـی هاوپەیمانـی سـیانی سـەبارەت ئـەو رێککەوتنـەی کردبوویـان زانیارییـان دایـە ئیتاڵیـا. ئامانجـی هاوپەیمانییـە سـیانییەکە ئەوەبـوو ئیتاڵیـاش بهێننـە ریـزی خۆیانـەوە. بـۆ ئەمـەش چەنـد دەرفەتێکیـان خسـتە بـەردەم رۆمـا. هەمـوو ئـەو مافانـەی دەوڵەتـی عوسـمانی بەسـەر لیبیـاوە هەیبـوون، دەدرانـە ئیتاڵیـا. 12 دوورگـەی دەریـای ئیجـە دەدرانـە ئیتاڵیـا. لـە مـاوەی دابەشـکردنی گشـتی یاخـود بەشـێکی ئەنادۆڵیشـدا ناوچـەی ئەنتاڵیا دەدرایە ئیتاڵیا. لە مانگی نیسـانی سـاڵی 1915دا لـە لەنـدەن، بـە پەیماننامەیـەک کـە لەنێـوان دەوڵەتانـی هاوپەیمـان و ئیتاڵیـادا واژۆ کـرا، دەکـرا ئیتاڵیـاش بەشـداری لـە شـەڕدا بـکات. لـە هەمـوو ئـەو پەیماننامانەشـدا ئـەوە خرابـووەڕوو کـە رووسـیا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا لایەنگـری دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی مەزنـی عەرەبییـە.

یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو ناوچانـەی کـە بەریتانیـا لـە چوارچێـوەی سـنووری ئیمپراتۆریـی عوسـمانی دا چـاوی تێبڕیبـوو، ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـوو. وادیـارە ئـەو شـتانەی کـە بەریتانیـا بیـری لێکردبوونـەوە و دەیویسـت جێبەجـێ بکرێـن، پەیوەندییەکـی نزیکیـان بـە داهاتـووی کـورد و عەرەبـەوە هەبـوو. لـەو سـەروبەندەدا عەرەبـەکان دوو سـەرکردەی کاریگەریـان هەبـوو. یەکێـک لەوانـە حوسـێن کـوڕی عەلـی، شـەریفی مەککـە بـوو کـە لـە حیجـاز دادەنیشـت. ئـەوەی دیکەیـان عەبدولعەزیـز کـوڕی سـعود بـوو کـە لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی و لـە ناوچـەی نەجـد نیشـتەجێبوو. شـەریفی مەککـە دەیویسـت دەوڵەتێکـی گـەورە دابمەزرێنـێ و خـۆی ببێتـە خەلیفـە. بەرلـەوەی شـەڕ هەڵگیرسـێ، ئـەو خواسـتەی خـۆی لەڕێـی کونسـووڵی ئینگلیـز لـە میسـر، لـۆرد کیشـنەرەوە گەیانـدە بەریتانیـا. بەریتانیـاش بـە هیـوای ئـەوەی کێشـەکان بـە ئاشـتەوایی لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی چارەسـەر ببن، ئـەو داوایەی شـەریفی مەککەی قەبـووڵ نەکرد. دواتـر شـەریف حوسـێن بـن عەلـی خواسـتی سـەربەخۆیی حیجـازی گەیانـدە محەممـەدی پێنجـەم، پادشـای عوسـمانی. پادشـاش ئـەو داوایـەی قەبووڵ نەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ دەسـتپێکردنی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دۆخەکـە گـۆڕا. دەوڵەتـی عوسـمانی لـە شـەڕدا چـووە بـەرەی دژی بەریتانیـا. هـەر بۆیـە بەریتانیـا لـە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی عەرەبەکانـی هانـدا. لـە 31ی ئۆکتۆبـەری 1914دا لـۆرد کیشـنەر نامەیەکی بۆ شـەریفی مەککە نووسـی. لـەو نامەیـەدا بەڵێنی دامەزراندنـی دەوڵەتێکی گـەورەی عەرەبی پێدەدرێت. بـاس لـەوەش دەکـەن کـە خەلافـەت لـە عوسـمانییەکان وەردەگرنـەوە و دەیدەنـە ئـەو. ئـەو دەوڵەتـە عەرەبییـە نیمچەدوورگـەی عەرەبـی، عێـراق، ئـوردن، سـووریا و لوبنـان دەگرێتـەوە، بـەڵام بـەو مەرجـەی عەرەبـەکان لـە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی ڕاپـەڕن.

لەبارەی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی عەرەبـی و سـنوورەکانی، نامەگۆڕینـەوە لەنێـوان شـەریفی مەککـە و ئەفسـەری بـاڵای ئینگلیـز لـە میسـر هینـری مەکماهـۆن بـەردەوام بـوو. ئـەو نامانـە 10 نامـەن. یەکـەم نامـە لـە 14ی

تەممـــووزی ســاڵی 1915 لەلایـەن شــەریفی مەککــەوە بــۆ ئەفســەری باڵای ئینگلیـز هینـری مەکماهـۆن نووسـراوە. دەیەمیـن نامـەش لـە 10ی ئاداری ساڵی 1916 لەلایەن هینری مەکماهۆنەوە بۆ شەریفی مەککە نێـردراوە [1].

لــەو نامانــەدا، شــەریفی مەککــە داوا دەکات دەوڵەتێکــی گــەورەی عەرەبــی دابمەزرێــت کــە عێــراق، ســووریا، لوبنــان و ناوچەکانــی نیمچــە دوورگــەی عــەرەب بــە تــەواوی لەخــۆ بگرێــت، هەروەهــا خەلافــەت لــە خانەدانەکانـی عوسـمانی وەربگیرێتـەوە و بدرێتـە ئـەو. هەرچـی بەریتانیـا بـوو جگـە لـە لوبنـان هەمـوو ناوچەکانـی دیکـەی قەبـووڵ بـوو. بێگومـان ئـەو پەیوەندییـەی بەریتانیـا لەگــەڵ شــەریفی مەککــە نهێنــی بــوو. هـاوکات لەگـەڵ دووەم کەسـە گرنگەکـەی نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی و سـوڵتانی نەجـد عەبدولعەزیـز کـوڕی سـعوود بـە نهێنـی ڕێککەوتبـوو. لەو ڕێککەوتنـەدا کـە 4ی دیسـەمبەری سـاڵی 1915 کـراوە، بەریتانیـا دانـی بـە دەسـەڵاتی سـوڵتانی نەجـد دانـاوە. ئـەم نامەگۆڕینـەوە و نووسـراوانەش نهێنـی بـوون. بـەم شـێوەیە بەریتانیـا ڕێککەوتنـی لەگـەڵ دوو سـەرکردەی عــەرەب دا هەبــوو کــە دووژمنایەتــی یەکتریــان دەکــرد و ململانێــی دەســەڵات لەنێوانیانــدا هەبــوو.

ئــەو ڕێککەوتنــەی شــەریفی مەککــە لەگــەڵ بەریتانیــا هــەر زوو کاریگەرییەکانــی دەرکەوتــن. عەرەبــەکان لــە دژی دەوڵەتــی عوســمانی ڕاپەڕیـن و ئامانجـی خۆیـان خسـتەڕوو کـە دەیانـەوێ لە دەوڵەتی عوسـمانی جیاببنـەوە و دەوڵەتـی سـەربەخۆی عەرەبـی دابمەزرێنـن. ئەمیـر فەیسـەڵ، کـوڕە گـەورەی حوسـێن کـوڕی عەلـی، شـەریفی مەککـە، بـۆ سـڵکردنەوە

1 - بۆ زانین سەبارەت نامەکان بڕوانە:
Yılmaz Altuğ, Arap _lkelerinin Osmanlı İmparatorluğundan Ayrılışı, BTTD, Sayı 25, Ekim 1965, s. 25-33; Haluk _lman, Birinci
Dünya Savaşına Giden Yol ve Savaş, s. 228-229; Ayrıca bk. Sevr Antlaşmasına Doğru,
(eşitli konferans ve toplantıların tutanakları ve bunlara ilişkin belgeler), Hazırlayan
Osman Olcay, A.SBF. yayını, Ankara 1980, Başlangıç bolümü.

لـە جەمـاڵ پاشـای والـی سـووریا، لـە چالاکیـدا بـوو. عەرەبەکانـی سـووریای هانـدەدا بـۆ ئـەوەی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیابنـەوە. لـەو سـەروبەندەدا شـەڕی سـەخت لەنێوان سـوپای عوسـمانی و چەکـدارە عەرەبـەکان روویدا. بگـرە لـە سـووریا، لـەو ماوەیـەدا کـە جەمـاڵ پاشـا والـی سـووریا بـوو، کار گەیشـتە کۆمەڵکـوژی.

بەریتانیـا لـەو سیاسـەتەی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت پەیـڕەوی دەکـرد، بەتـەواوی بێلایـەن نەبـوو. بـەر لـە هـەر شـتێک پابەند بـوو بـە هاوپەیمانێتی سـیانی لەگـەڵ رووسـیا و فەرەنسـا. بۆیـە ناچاربـوو سـەبارەت ئـەو پەیوەندییـەی لەگـەڵ بەرپرسـانی عـەرەب هەیبـوو، زانیـاری بداتە فەرەنسـا و رووسـیا. نەیدەتوانـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ ئـەو پەیوەندییانـە بـە نهێنـی بهێڵێتـەوە. لـە مانگـی ئۆکتۆبـەری 1915 فەرەنسـای لـە نامەگۆڕینـەوەی نێـوان شـەریفی مەککـە و هینـری مەکماهـۆن ئاگادارکـردەوە. ئـەوەی بـۆ روونکردنـەوە کـە لـە دابەشـکردنی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا هـەردوو دەوڵـەت سـوودمەند دەبـن و پێشـنیازی ئـەوەی کـرد پێکـەوە درێـژە بـەو گفتوگۆیـە بـدەن. فەرەنسـا ئـەو پێشـنیازەی قەبـووڵ کـرد. لەسـەر ئەمـە، مـارک سـایکس بـە نـاوی بەریتانیـا و بەنـاوی فەرەنسـاش چارڵـس فرانسـوا جـۆرج پیکـۆ ماوەیەکـی درێـژ گفتوگۆیـان کـرد و لەبـارەی دابەشـکردنی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت گەیشـتنە رێککەوتنێک کـە دواتر ناوی رێککەوتننامـەی (سـایکس-پیکۆ)ی لێنـرا. رێککەوتنەکـە لـە مانگـی شـوباتی سـاڵی 1916 لەنێـوان فەرەنسـا و بەریتانیـادا واژۆ کـرا کـە خاڵەکانـی ئەمانە بـوون:

بەگوێـرەی ئـەو رێککەوتنـە، رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ پێنـج هەرێمـی گـەورە دابـەش دەکـرا. یەکـەم هەرێـم کـە بـە کلیکیـا ناودەنـرا، ئەدەنـە و ئەنتاکیـا-ی لەخۆدەگـرت تاوەکـو دەگەیشـتە دەوروبـەری سـووریا و لوبنـان. ئـەو هەرێمـە کـە بـە هەرێمـی شـین ناسـرابوو، دەدرایـە فەرەنسـا. هەرچـی هەرێمـی سـوور بـوو، جگـە لـە مووسـڵ - کوردسـتان و عێراقـی لەخۆدەگـرت و دەدرایـە بەریتانیـا. فەرەنسـا و بەریتانیـا لـەو شـوێنانەی

باسـیان لێـوە دەکرا، ئـازاد بوون لەوەی چ جۆرە سیسـتمێکی دەسـەڵاتداری دادەمەزرێنـن. جگـە لـە هەرێمـی شـین و سـوور سـێ هەرێمـی دیکـەش هەبـوون: هەرێمـی A، لـە ناوچەکانـی سـووریا و مووسـڵ مەملەکەتێکـی عەرەبـی دادەمەزرێـت و سـەر بـە فەرەنسـا دەبێـت. لـە هەرێمـی B کـە دەکەوتـە سـنووری ئـوردن، مەملەکەتێکـی دیکـەی عەرەبـی دادەمـەزرا سـەر بە بەریتانیـا. هەرێمـی پێنجـەم کـە بـە فەڵەسـتین ناونرابـوو، بـە راوێژ لەگـەڵ رووسـیا و شـەریفی مەککـە چارەسـەرێکی بـۆ دەدۆزرایـەوە.

لێـرەدا گرنگـە ئامـاژە بە سـێ خاڵی پێویسـت بکرێت؛ یەکەم: دنیـای عەرەبی بـە پێچەوانـەی ئـەوەی لەنێـوان شـەریفی مەککـە و هینـری مەکماهـۆن قسـەی لەسـەرکراوە، دابەشـدەکرێ و ئـەو هەرێمانـە دروسـت دەکرێن کە لەژێـر دەسـتی فەرەنسـا و بەریتانیـا دەبـن. ئـەوە لـە کاتێکـدا لـە نامەکانـدا بـاس لـەوە دەکرێـت کـە دەوڵەتێکـی گـەورەی عەرەبـی دادەمەزرێـت. دووەم: بـاس لـە سـتاتووی فەڵەسـتین دەکرێـت. لـەو نامانـەدا ئـەو شـوێنەش دەخرایـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەو دەوڵەتـە عەرەبییـە گەورەیـەی دادەمـەزرا. خاڵـی سـێیەم کـە پێویسـتە ئامـاژەی بـۆ بکرێـت، سـەبارەت کوردسـتانە. ئەگـەر سـەرنج بدرێـت ئـەوە بەدیدەکرێـت کـە کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد وەک پێکهاتەیەکـی سیاسـی سـەیرکراوە. وەک ئۆبژەیـەک لێـی دەڕوانرێـت. ئەمـە بۆ تێگەیشـتن لـە روانگەی ئینگلیز و فەرەنسـییەکان سـەبارەت کێشـەی کـورد و عەرەبەکانـەوە گرنگـە. لـەو سـەرووەختەدا، سـەرباری ئـەوەی دەوڵەتانـی عەرەبـی لـەڕووی سیاسـییەوە پەرتـەوازە بـوون، کەچـی وەکـو کۆیەکـی سیاسـی چاویـان لێدەکـرا، بـەڵام هەڵوێسـت بەرانبـەر نەتـەوەی کـورد و کوردسـتان بـەو شـێوەیە نەبـوو. کـورد وەک کۆیەکـی سیاسـی نەدەبینـرا و گرنگـی بـە داواکارییـە سیاسـییەکانیان نـەدەدرا.

رێککەوتننامـەی سـایکس- پیکـۆ کە لەنێـوان بەریتانیـا و فەرەنسـا واژۆ کرا، لـە مانگـی مایسـی سـاڵی 1916دا نێوەڕۆکەکـەی بـۆ رووسـیا، ئەندامەکەی دیکـەی هاوپەیمانیـی سـیانی خرایـەڕوو. رووسـیا بـە مەرجـی ئـەوەی کـە

ئەرزڕووم، وان، بتلیس، مووش، جزیرە، هەکاری و سێرت بەو بدرێن، بە خاڵەکانی دیکەی ڕێککەوتننامەکە ڕازیبوو. بەریتانیا و فەرەنساش ئەو مەرجەی ڕووسیایان قەبووڵ کرد. لە 17ی مارتی 1916 واژۆیان لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە کرد کە بە پڕۆتۆکۆڵی پێترۆگراد ناسرا. وەکو دیارە، کوردستان یاخود ئەو کوردستانەی لەنێو سنووری ئیمپراتۆریی عوسمانی دا بوو، دوای پڕۆتۆکۆڵی پێترۆگراد دەکرایە دوو بەش. بەشێوەیەکی گشتی بەشی باکوور بۆ ڕووسیا و بەشی باشوور بۆ بەریتانیا و بەشێکیش دەخرایە ژێر دەستی فەرەنسا. لەو ڕێککەوتننامانەدا باس لە کێشەی ئەرمینیا نەدەکرا. لەوێ ڕووسیا باڵادەست بوو. لەلایەکی دیکەوە لە ئەنادۆڵ و کوردستان دا، لە ناوچەکانی وەک ئاڵاداغ، ئاکداغ، یڵدزداغ، زانا، ئەیین و خارپێت پشکی زۆر باش دەدرایە فەرەنسا.

پەیوەست بە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، دوای واژۆکردنی پڕۆتۆکۆڵی پێترۆگرادیش، نووسین و نامەگۆڕینەوە سەبارەت پێشهاتەکان هەبوون. لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانی سیانیدا 11 نامە ئاڵوگۆڕکران. ڕێککەوتننامەکە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1916دا دوایین شێوەی خۆی وەرگرت و واژۆی لەسەر کرا.

یەکێکی دیکە لەو ڕێککەوتننامانەی تایبەت بوون بە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێککەوتننامەی سان ژان دێ مۆرین بوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەنێوان ئیتاڵیا، فەرەنسا و بەریتانیا لە مانگی نیسانی ساڵی 1917 واژۆ کرا. ئیتاڵیا ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆیشی قەبووڵ دەکرد کە لە ساڵی 1916 واژۆ کرابوو. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ناوچەکانی مێرسین، ئەنتاڵیا، کۆنیا، ئایدن و ئیزمیر دەدرانە ئیتاڵیا. ئیتاڵیا دەبووە خاوەنی دوورگە سەربەخۆکانی مێرسین، ئەسکەندەروون، عەککا و حەیفا. ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لەنێوان ئیتاڵیا، فەرەنسا و بەریتانیادا واژۆکرا، دواتر خرایە بەردەم ڕووسیا بۆ قەبووڵکردنی، بەڵام شۆڕشی 1917 لە مانگی ئۆکتۆبەردا ئەوەی ئاشکراکرد کە ڕووسیا پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی جێبەجێ ناکات. جا لەبەرئەوەی لەلایەن ڕووسیاوە

قەبووڵ نەکرا و واژۆی لەسەر نەکرا، سان ژان دێ مۆرین نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە [2].

یەکێکی دیکە لەو ڕێککەوتننامە نهێنییانە سەبارەت دابەشکردنی خاکی عوسمانی، ئەو دیدار و کۆبوونەوانە بوو کە وەک ئامادەکاری بوون بۆ پەیماننامەی بەلفۆڕ لە دووی تشرینی دووەمی ساڵی 1917. ڕاگەیاندنی پەیمانی بەلفۆڕ خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو سەبارەت بە بزووتنەوەی زایۆنیستی. جووەکان زۆر لەمێژ بوو دەچوونە لای عوسمانییەکانیان و داوایان دەکرد فەلەستین وەک دەوڵەتێک بدرێتە ئەوان. جووەکان بەر لە دوو هەزار ساڵ لە فەلەستین دەرکرابوون. دوای ئەوە بە زۆر شوێنی جیهان دا بڵاوبوونەوە. لە رووسیا، ئەوروپای نێوەڕاست، ئیسپانیا، باشوور و باکووری ئەمەریکا و شوێنەکانی دیکە وەک کۆمەڵگەی بەسەرخۆدا داخراو درێژەیان بە مانەوەی خۆیان دەدا. جووەکان نەژاد بوون و هاوکات شوێنکەوتووی ئایینی مووسایی بوون، یەکانگیریی ئایین و نەژادیش ڕێگربوو لەوەی جووەکان لەلایەن دەسەڵاتە باڵادەستەکان و کۆمەڵگە باڵادەستەکانەوە پاکتاوی نەژادی بکرێن. بەوجۆرە لە هەموو لایەکی جیهانەوە تایبەتمەندییە ئایینی و نەتەوەییەکانی خۆیان پاراست. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە پەرەی سەند، کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەی جووەکانیشەوە هەبوو. لە سایەی ئەو هەلومەرجانەدا جووەکانیش خۆیان کۆکردەوە و کەوتنە بیری دروستکردنی وڵاتێک بۆخۆیان. ساڵی

2 - بۆ ئەو ڕێککەوتننامە نهێنیانەی دەوڵەتی عوسمانییان دابەشکرد، بڕوانە:
1 numaralı dipnotunda adı geçen
kaynaklar ve: Yusuf Hikmet Bayur, Türk İnkılabı Tarihi, Cilt II, Kısım 3, Paylaşmalar, TTK, Ankara 1951, s. 333 vd.; Laurence Evans, Türkiye'nin Paylaşılması, (1914-1924), ev. Tevfik Alanay, Milliyet Yay., İstanbul 1972, s. 15-138; Adamof, Sovyet Devlet Arşivi Gizli Belgelerinde Anadolunun Taksimi Planı, Iev. Yarbay Hüseyin Rahmi, Hazırlayan Hayri Mutlucağ, Belge Yay., 1972, s. 91-164; Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih 1789-1960, s. 440-442; mer Kürkçüoğlu, Türk-İngiliz İlişkileri (1919-1926), SBFY, 1978, s. 40-43; Yılmaz Altuğ, Birinci Dünya Savaşında Filistini Yaratan Faktorler ve İngiltere, BTTD, Sayı 26, Kasım 1969, s. 44-49

1897 یەکــەم کۆنگــرەی جــووەکان لــە ســوێد بەســترا. کۆنگرەکــە بــە سـەرۆکایەتی هەریەکـە لـە تیـۆدۆر هێرتـزڵ و چایـم ویزمـان بەڕێوەچـوو، لــەو کۆنگرەیــەدا بڕیــاری ئــەوە درا لــە فەڵەســتین "نیشــتیمانی جــوو" دابمەزرێـت. کتێبەکـەی تیـۆدۆر هێرتـزڵ "دەوڵەتـی جـووەکان" کاریگـەری لەسـەر کۆنگرەکـە هەبـوو. نوێنـەری جـووەکان هـەر هەمـان سـاڵ چاویـان بـە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم کـەوت و داوایـان لێکرد لە فەڵەسـتین وڵاتێکیـان بـۆ دروسـت بکرێـت. دەوڵەتـی عوسـمانی بەڕوونـی خـۆی لـە رێگــەدان لــە بەڵێنــی وەهــا دزییــەوە، بــەڵام لــە هەمبــەر جووەکانــدا هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی نوانـد. ئیـدی لـە سـاڵی 1897 بـەدواوە شـەپۆلێکی گـەورەی کۆچکردنـی جـووەکان بـەرەو فەڵەسـتین بـەدی دەکەیـن. سـاڵی 1897 ژمـارەی جـووەکان لە فەڵەسـتین نزیکـەی 50 هەزار کـەس دەبوون، سـاڵی 1914 گەیشـتە 85 هـەزار. لە سـەروبەندی جەنگـی یەکەمی جیهانی دا جــووەکان بــەردەوام ســەردانی حکومەتــی بەریتانیایــان دەکــرد و داوای هاوکارییـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی لـە فەڵەسـتین شـوێنیان پێبدرێت. هـەر لەو سـاڵانەدا لـە ئەمەریـکاش خۆیـان رێکدەخـەن. لـەوێ کاریگەرییـان لەسـەر سیاسـەتی ئەمەریـکا دانـا و ئیـدی بەریتانیـا بـە لەبەرچاوگرتنـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و ئـەو دۆخـەی کـە شـۆڕشـی 1917 هێنابوویـە پێشـەوە، داخوازیـی جووەکانـی قەبـووڵ کـرد. لەلایـەن بەلفـۆڕ، وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا، لـەو بەیاننامەیەی لە دووی تشـرینی دووەمـی 1917 بڵاویکردەوە، ئەگـەر بەشـێوەیەکی زۆر روونیـش نەبێـت، ئـەوەی راگەیانـد کـە لـە پرسـی دامەزراندنـی "دەوڵەتـی جـووەکان"دا لـە فەڵەسـتین، هـاوکار دەبـن [3].

ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، ئـەوە بـەدی دەکەیـن کـە ئـەو بەڵێنـەی بەریتانیـا بـە جووەکانـی دا، بەتـەواوی پێشـێلکردنی بـاس و پرسـی نامەگۆڕینەوەکانـی

3 - 1971; Larry Collins-Douminnigue Lapierre, Kudüs... Ey Kudüs, ev. Aydın Emeç, İstanbul 1973; Mehmet Emin Bozarslan, Savaşan Lübnan, ـçüncü Dünya Yay., İstanbul 1976; Nejdet Kurdakul, Osmanlı İmparatorluğundan Ortadoğuya Belgelerle Şark Meselesi, Dergah Yay., İstanbul 1976

حوسـێن کـوڕی عەلـی و مەکماهۆنـە. لـەو نامەگۆڕینەوانـەدا بـاس لـە دەوڵەتـی جـوو نەکـراوە، هەڵوەسـتە لەسـەر باڵادەسـتیی عـەرەب دەکات لـە فەڵەسـتین. دەوڵەتی نەتەوەیـی جوو لەگەڵ ڕێککەوتننامەی سـایکس-پیکـۆش ناکۆکـە. بەپێـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە فەڵەسـتین دەخرایـە ژێـر دەسـەڵاتدارییەکی نێودەوڵەتییـەوە.

ئەو ڕێککەوتننامـە نهێنییانـەی کە بۆ دابەشـکردنی ئیمپراتۆریی عوسـمانی کـران، چەندیـن کێشـەیان لەگـەڵ خۆیـان بـۆ ناوچەکە هێنا. هیـچ گومانیش لـەوەدا نییـە ئـەو کێشـە تازانـە ڕێککەوتننامـەی دیکەیـان بـەدوای خۆیانـدا هێنـا. سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، لـەو ڕێککەوتننامـە نهێنییانـەدا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی عـەرەب لەنێـو ئیمپراتۆریـی عوسـمانی دا، هەنـگاوی زۆر گرنـگ نـران: بەدڵنیاییـەوە عەرەبـەکان لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیادەبوونـەوە. پێگـەی ئـەو دەوڵەتانـەی بـۆ عەرەبـەکان دادەمـەزرا هەرچییـەک بـووە، بـەڵام دڵنیایی لـەوەدا هەبوو کـە عەرەبەکان بـێ چەندوچـۆن لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیادەبوونـەوە. ئەمـە ئامـاژە بـوو بـۆ ئـەوەی کـە عەرەبەکانیـان وەک بکەرێکـی سیاسـی دەبینـی. لەبەرانبـەر ئەمـەدا دۆخـی کـورد بەهیـچ شـێوەیەک وا نەبوو. دابەشـکردنی کوردسـتان و نەبینینـی کوردسـتان وەک پێکهاتەیەکـی سیاسـی، شـتێک بـوو عەرەبەکانیـش هـەر ئەوەیـان دەویسـت. لـەو نامانـەدا کـە شـەریفی مەککـە بـۆ ئەفسـەری بـاڵای ئینگلیـز لـە میسـر هینـری مەکماهـۆن ناردوونـی، زانیـاری زۆر سەرنجڕاکێشـیان تێدایـە. لـەو نامەیـەدا کـە لـە 14ی تەممـووزی سـاڵی 1915 نووسـراوە، ئـەو دەوڵەتـەی بیـری لێکرابـووەوە دابمەزرێـت، یاخـود ڕاسـتتر بڵێم سـنووری ئـەو دەوڵەتەی شـەریفی مەککە بیـری لێکردبـووەوە، بـەم جـۆرە بـوو: لـە باکـوورەوە مێرسـین، ئەدەنـە، ئورفا(ڕووهـا)، مێردیـن، میدیـات، جزیـرە تاوەکـو دەگاتـە سـنووری ئێـران. لـە باشـوورەوە لـە سـنووری ئێران و بەنـدەری بەسـرەوە تاوەکـو عـەدەن، لـە ڕۆژئـاوا دەریـای سـوور تاوەکـو مێرسـین. دەوڵەتێکـی گـەورەی عەرەبـی دادەمـەزرا کـە دەریـای سـپی نێوەڕاسـتی دەکـردە دەریاچەیـەک. وەک دیارە

ئەو دەوڵەتە گەورەیەی عەرەب بیریان لێکردبووەوە، بەشێکی گەورەی کوردستانیشی لەخۆدەگرت.
بەر لەمە، لەو قۆناخەدا کە ئیتیحاد و تەرەقی بەتەواوی قورسایی و هەژموونی بەسەر دەسەڵاتدا هەبوو، باسمان لەوە کرد کە بە راگواستنی رۆمییەکان هەنگاوێکی گەورەی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی رۆمییەکان نا. ئەوەشمان گوت کە بە راگواستنی ئەرمەنەکان، کۆمەڵکوژی و قڕکردنیان هەنگاوی یەکلاکەرەوەی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە نا. لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا لەگەڵ ئەو رێککەوتننامە نهێنییانەی لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانیی سیانیدا واژۆ کران، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی عەرەبیش هەنگاوی گرنگ نران.
ئەوەش روونە کە پەیماننامەی بەلفۆڕ کێشەی جووەکانی هێنایە رۆژەڤەوە. یەکەم دوو کێشە دەوڵەتی عوسمانی بە توانای خۆی یەکلایی کردنەوە. دوو کێشەکەی دواتریش بە دەوڵەتانی هاوپەیمانی چارەسەرکران. ئەوەی بێ چارەسەر مایەوە کێشەی کورد بوو. کوردستان لەنێوان بەریتانیا، فەرەنسا و رووسیادا دابەشکرا و بەم شێوەیە کورد وەکو بکەرێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، بەڵکو وەکو کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ کرا. داخوازییە سیاسییەکانی کورد لەبەرچاو نەگیران و کورد دابەشکران و خرانە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی جیاواز جیاوازەوە. هەرچی عەرەبەکان بوون بەدڵ خوازیاری ئەم کارەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بوون و چەپڵەیان بۆ لێدەدا. لەمەڕ ئەو پرسانەوە رێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ و پەیماننامەی پێترۆگراد کە هەر لەوبارەیەوە بوو، بوونە خاڵی گرنگی وەرچەرخان بۆ مێژووی کورد و کوردستان. لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە و هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەم پرسە بۆ تورک و فارس هەڵگری چ ئاماژە و واتایەک بوو.

## بەشی سێیەم

# کاریگەریی شۆڕشی 1917 لەسەر هاوسەنگیی دنیا و ئاراستەی جەنگی جیهانیی یەکەم

شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر وەک چــۆن هاوســەنگیی سیاســیی دنیــای لــە ڕەگوڕیشــەوە گــۆڕی، بەهەمــان شــێوە کاریگــەری بەســەر ڕەوت و ئاراســتەی جەنگــی جیهانیــی یەکەمیشــەوە هەبــوو. ماوەیەکــی کــەم دوای ســەرهەڵدانی شۆڕشــەکە، ڕووســیا لــە شــەڕ کشــایەوە. بــەم شــێوەیە بەریتانیا و فەرەنسا دوای ساڵی 1917 بە تەنیا مانەوە. لەلایەکی دیکەوە، هــەر لــە ڕۆژانــی ســەرەتای دەســەڵاتی بەلشــەڤییەکاندا ئــەو ڕێککەوتننامــە نهێنییانەی ڕووسـیای قەیسـەری لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالیسـتەکان کردبوونی، هەموویـان ئاشـکراکران و بـۆ هەمـوو دنیا ئاشـکرا کـران. ئـەم هەڵوێسـتە بەتایبــەت لەنێــو گەلانــی ژێردەســتەدا کاریگــەری زۆری هەبــوو. لــە 24- 25 ی ئۆکتۆبــەر ( 7-6ی تشــرینی دووەم)دا بەیاننامەیــەک بــە ناونیشــانی "ئاگادارینامەیـەک بـۆ هەمـوو ئـەو نەتـەوە و حکومەتانـەی لـە جەنگـدان" بڵاوکرایــەوە، بەیاننامەکــە ئەمانــەی تێــدا بــوون:

"حکومەتــی کرێــکاران و جووتیــاران کــە لــە 6 و 7ی تشــرینی دووەم و لەســەر بنەمــای نوێنەرانــی کرێــکاران، ســەرباز و جووتیــاران دامــەزراوە، داوا

لـە هەمـوو ئـەو گەلانـەی لـە شـەڕدان و حکومەتەکانیـان دەکات، لەپێنـاو ئاشـتییەکی دادپەروەرانـە و دیموکراسـی دەسـت بـە گفتوگـۆ بکـەن.
دوای ئـەوەی ئـەو چینـە زەحمەتکێـش و کرێـکارەی لـە شـەڕ بێـزار و ماندووبـوون و حکومەتـی مۆنارشـیی قەیسـەریان رووخانـد، بـۆ حکومەتـی ئێمـە ئـەو کاتێگۆریـەی لـە دیموکراسـی و دادپـەروەری دەیانخسـتەڕوو، بەو مانایـە دێـت کـە خاکـی وڵاتـی دیکـە داگیـر ناکرێـت، هیـچ گەلێـک بـەزۆر ناخرێتـە سـەر دەوڵەتێـک.
حکومەتـی رووسـیا بەبـێ ئـەوەی چاوەڕێـی ئەنجوومەنـی دەسـەڵاتدارانی وڵاتـان و گەلانـی دیکـە بـکات، بـۆ قەبووڵکردنـی هەمـوو مەرجەکانـی ئاشـتی، بەبێ هیـچ دواکەوتنێـک، بە ئاراسـتەی ئیـرادەی ئاشـتەوایی هەنگاو دەنێـت، بۆئـەوەی ئـەو ئاشـتەواییە هەرچـی زووتـرە بـەدی بێـت، هەمـوو گـەلان بـۆ ئەمـە بانگهێشـت دەکات.
چەمکـی لکانـدن، یاخـود دەستبەسـەرداگرتن، بـۆ حکومـەت بەگشـتی و بەپێودانگـی مافـە دیموکراسـییەکان و بەتایبەتـی لـە روانگـەی چینـی کرێـکارەوە، بـە مانـای دەسـتگرتنە بەسـەر گەلێکـی بچـووک و لاوازدا بەبێ ئـەوەی ویسـت و رەزامەندیـی خـۆی لەسـەر بێـت و لکاندنیەتی بـە دەوڵەتی بەهێـزەوە. لکاندنـی ئـەو گەلـە لـە ئەوروپا بێـت یاخـود لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە و راددەی شارسـتانیەکەی هەرچەنـد بێـت، بەهیـچ شـێوەیەک رەوا نییـە.
ئەگـەر گەلێـک بـەزۆر بخرێتـە چوارچێـوەی سـنووری دەوڵەتێکـەوە، نەتەوەیـەک سـەرباری ویسـتی خـۆی (ئـەو ویسـتە بـە رێگـەی چاپەمەنـی، گردبوونـەوەی خەڵـک، بڕیـاری حیزبـە سیاسـییەکانی و راوەسـتانەوە لـە دژی هـەر گوشـارێک زۆر گرنگـە)، ئەگـەر ئـەو گەلـە رێگـەی پێنەدرێـت بـە هەڵبژاردنـی ئازادانـە و بەبـێ کەمتریـن گوشـار و زۆرلێکـردن بڕیـار لەسـەر رێکخسـتنی نەتەوەیـی و سیاسـیی خـۆی بـدات، ئـەوا ئـەو یەکگرتنـە بـە داگیـرکاری دادەنرێـت.
حکومەتـی ئێمـە، دابەشـکردن و نانـەوەی ئـاژاوە لەنێـو گەلانـی لاواز و

ژێـر داگیـرکاری لەلایـەن گەلانـی دەوڵەمەنـد و بەهێـزەوە، بـە گەورەتریـن تـاوان دەرهـەق بـە مرۆڤایەتـی دەزانێـت. بـۆ راگرتنـی جەنـگ، بەبـێ ئـەوەی جیـاکاری لەنێـوان گەلانـدا بـکات و بەپشتبەسـتن بـەو مەرجانـەی لـە سـەرەوە ئاماژەیـان بـۆ کـرا، بـە ئیـرادەوە رایدەگەیێنێـت کـە ئامادەیـە بـۆ واژۆکردنـی پەیماننامـەی ئاشـتی.
حکومـەت دیپلۆماسـیی نهێنـی لابـردووە و دەیـەوێ هەمـوو گفتوگـۆکان بـە ئاشـکرا و بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە بەڕێوەبچن. لـە مانگی مارتـەوە تاوەکو 7ی تشـرینی دووەم، هەمـوو ئـەو رێککەوتننامانـەی لەنێـوان دەرەبەگەکان و حکومەتــی ســەرمایەداری واژۆ کــراون، دەســتبەجێ هەمــووی وەک خـۆی بڵاودەکاتـەوە، ئەمـەش بـۆ هەمـوو وڵاتانـی دنیـا رادەگەیێنێـت. ئـەو ماددانـەی لـە زۆرینـەی رێککەوتننامـە نهێنییەکانـدا هـەن و بـە ئامانجـی بەرژەوەنـدی ئیمپریالیزمــی رووســی و ئیمتیــاز بۆیــان نووســراوە، بەبــێ گەنگەشـەکردن رەتیـان دەکاتـەوە.
حکومــەت کــە پێشــنیازی گفتوگۆیەکــی گشــتی بــۆ هەمــوو حکومــەت و گــەلان دەکات، ئاشکراشــی دەکات کــە ئامادەیــە ئــەو گفتوگۆیــە بــە تەلەگـراف، پۆسـتە یاخـود لەنێـوان وڵاتانـی جیاجیـادا بەشـێوەی نافەرمـی یاخــود بــە رێگــەی کۆنفرانســی نوێنەرانیــان ســەرڕێ بخــات. حکومــەت بــۆ ئــەوەی ئــەو گفتوگۆیــە بکرێــت، نوێنــەر دەنێرێتــە وڵاتانــی بێلایــەن.
حکومـەت، پێشـنیازی ئاگربەسـتی دەسـتبەجێ بـۆ ئـەو وڵاتانـە دەکات کـە لـە شـەڕدان و بـۆ سـەرجەم حکومـەت و گەلانیـان دەکات، لەهەمـان کاتـدا پێشـنیاز دەکات ئـەو ئاگربەسـتە سـێ مانـگ بخایێنێـت، لـەو ماوەیەشـدا لەنێـوان نوێنەرانـی هەمـوو ئـەو نەتەوانـەی لەشـەڕدان، یاخـود گوشـاری بەشـداریکردن لەشـەڕیان بـۆ هێنـراوە، گفتوگۆی پێویسـت بکـەن، هاوکات ئـەوەش رادەگەیێنێـت کـە پێویسـتە ئەنجوومەنـی دەسـەڵاتداری هەمـوو ئـەو وڵاتانـە کۆببنـەوە و مەرجەکانـی ئاشـتی قەبـووڵ بکـەن.
حکومەتی کاتیی کرێکاران و جووتیارانی رووسـیا لەپاڵ پێشـنیازکردنی ئاشتی بـۆ حکومەتەکانـی سـەرجەم وڵاتـان و گەلانیـان، لەنێـو ئـەو گەلانەشـدا کە

بەشـداری شـەڕن، بەتایبـەت بانگـەواز بـۆ کرێکارانـی بەریتانیـا، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا دەکات. کرێکارانـی ئـەو وڵاتانـە ڕۆڵـی زۆریـان هەبـووە لـە پێشـکەوتنی خەباتـی کرێکاران و دۆزی سۆسـیالیزم دا: بزووتنـەوەی چارتیزم لـە بەریتانیـا، ئـەو شۆڕشـەی کـە پڕۆلیتاریـای فەرەنسـی لـە سەرانسـەری جیهانـدا کـردی و بەهـای مێژووکـردی خـۆی هەیـە، دواجاریـش ئـەو شـەڕە مێژووییـەی پڕۆلیتاریـای ئەڵمانـی کـردی کـە نموونەیەکـی تەندروسـت و بەردەوامـی پێشـکێشـی کرێکارانـی دنیـا کرد، ئەم سـاتە مێژووییانـە، لەپێناو ڕزگارکردنـی کرێکارانـی ئـەو وڵاتانـە لـە کارەسـات و دەرئەنجامەکانـی شـەڕ، دەبێتـە گەرەنتـی بـۆ ئـەوەی ئـەوان لـە ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان تێبگـەن و دڵنیایـن لـەوەی کـە کرێکارانـی بەهێـز و دڵنیـا و پـڕ وزەیـان یارمەتـی ئێمـە دەدەن بـۆ سەرخسـتنی ئـەو ئاشـتییە.

بـە کورتـی، بەیاننامـەی "ئاگادارینامەیـەک بـۆ هەمـوو ئـەو نەتـەوە و حکومەتانـەی لـە جەنگـدان" بـەم شـێوەیە بـوو. دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە ڕاگەیاندنـی ئـەو بەیاننامەیـە، لـە 9ی تشـرینی دووەمـدا هەمـوو ئـەو ڕێککەوتننامـە نهێنییانـەی رووسـیا لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانێتی سـیانی کردبوونـی، لەلایـەن ترۆتسـکی کـە وەزیـری دەرەوە بـوو، لـە ڕۆژنامـەی (پراڤـدا)وە ئاشـکرا کـران. دیسـانەوە وەک لـە بەیاننامەکـەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، لەگـەڵ ئـەو حکومەتانـەی لەشـەڕدا بـوون یاخـود بێلایـەن بـوون، گفتوگـۆی ئاشـتی دەسـتپێکرد.

گرنگتریـن لایەنـی ئـەو بەیاننامـە، هەڵوەسـتەکردنە لەسـەر بنەمـای پابەندبـوون بـە ئاشـتی بەبـێ چاوەڕێکردنـی قەرەبـوو. ئەمەش تەنیـا لەگەڵ دەوڵـەت و حکومەتـەکان نـا، بەڵکـو ئـەو نەتەوانەش کە هێشـتا دەوڵەت و حکومەتـی خۆیـان دانەمەزرانـدووە و لـە ڕووی ئابووری و سیاسـییەوە لەژێر هەژموونـی گەلانـی بەهێـز و باڵادەسـتدان. هەروەهـا ئـەوەش ئاشـکرا

1 - John Reed, Dünyayı Sarsan On Gün, ev. Rasih Güran, Ağaoğlu Yay., 2. Baskı, İstanbul 1968, s. 117-118; Lenin, Doğuda Ulusal Kurtuluş Hareketleri, ev. Tektaş Ağaoğlu, Ant Yay., İstanbul 1970, s.271-274

دەکات کـە هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی نەتـەوە بەهێـز و دەوڵەمەنـدەکان بـۆ دابەشـکردنی وڵاتـی نەتـەوە ژێردەسـتەکان داویانـە و ئـەو پەیماننامانـەی لـەو پێنـاوەدا واژۆیـان کـردوون، بـێ بایـەخ دەزانێـت و کاریـان پـێ نـاکات. "حکومەتـی ئێمـە، ئـەو شـەڕەی لەنێـوان نەتـەوە بەهێـز و دەوڵەمەندەکان و نەتـەوە لاواز و ژێردەسـتەکان لەپێنـاوی دابەشـکاری بەردەوامـە، وەک تاوانێـک لـەدژی مرۆڤايەتـی دەزانـێ. ئـەو گەلانـە ئەگـەر بـە زۆر و بە گوشـار بکرێنـە پاشـکۆ و بندەسـتە و مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانیان لـێ زەوت بکـرێ، بـە توونـدی لـە دژی دەوەسـتینەوە".

بڕیارەکانـی ئـەو بەياننامەيـە لەگـەڵ دابەشـکردن و پارچەکردنـی خاکـی کوردسـتان، ئەرمینیـا و خاکـی عـەرەب، هەروەهـا دابەشـکردنی ئەنـادۆڵ و ئـەو رێککەوتننامـە نهێنییانـەی کـە ئـەو دابەشـکردنەیان هێنایەئـاراوە، بەتـەواوی دژە. ئـەو دەوڵەتـەی کـە بـۆ نەتەوەی کـورد، نەتـەوەی ئەرمەن و نەتـەوەی عـەرەب هێنـرا، تـەواو جیـاواز بـوو لـەو دەوڵەتـەی درایـە نەتەوەی تـورک، بـەڵام هەمـوو ئـەو دەوڵـەت و پێگانـە لـە دەرەوەی ویسـتی ئـەو دەوڵەتانـە پێکهاتـن. ئەمـە هەوڵـدان بـوو بـۆ ئـەوەی هـەر بـەزۆر و گوشـار بەسـەر نەتەوەکانیـدا بسـەپێنن. بـە تایبەتـی پارچـە پارچەکردنـی ئەو جوگرافيايـەی نەتەوەيـەک تێيـدا دەژيـت و هـەر پارچەيەکيـش بخرێتـە سـەر دەوڵەتێکـی جیـاواز، هەروەهـا سـەپاندنی هێـزی زیاتـر لـە ئیمپریالیسـتێک بەسـەر نەتەوەکـەی دا، بەتـەواوی دژی ئـەو تێگـە و فەلسـەفەیەیە کـە ئـەو بەياننامەيـە لەگـەڵ خـۆی هێنـای. لـە بەشـەکانی داهاتـوودا دۆخـی نەتـەوەی کـورد، ئەرمـەن و عـەرەب بـەراورد بـە دۆخـی نەتـەوەی تـورک لـە ئەنـادۆڵ، لەژێـر رۆشـنایی ئـەو بەياننامەيـەدا، روون دەکەینـەوە.

پێویسـتە بـە سـەرنجەوە هەڵوەسـتە لەسـەر خاڵێکـی ئـەو ئاگادارینامەیـە بکرێـت: "بەبـێ ئەوەی رەزامەندی روون و ئاشـکرای نەتـەوەی بچووک و لاواز وەرگیرابێـت، یەکخسـتنی لەگـەڵ دەوڵەتـی گـەورە و بەهێـز بـە زۆرداری جـا هـەر کاتێـک کرابێـت، بـەزۆر خرابێتـە سـەر سـنووری وڵاتەکـە یاخـود بـەزۆر لـە چوارچێـوەی سـنووری ئـەو دەوڵەتـەدا هێڵدرابێتـەوە، جـا لـەڕووی ژیاری

و شارستانییەوە چەندە پێشکەوتوو یان دواکەوتوو بێت، ئەو وڵاتە لە ئەوروپا بێت یان لەودیوی دەریاکان، هیچ جیاوازییەکی نییە و هەرگیز نابنە خاوەن ماف".

"گەلە زوڵملێکراوەکان"، "ئەو گەلانەی لەژێر داگیرکاریدان". ئەگەر سەرنج بدەین، ئەوە بەدیدەکەین کە ئەو بەیاننامەیە نێوەڕۆکێکی زۆر باشی هەیە، لێرەدا ئەوە بەدی دەکەین کە ئەو گەلانەی لەژێر چەپۆکی داگیرکاریدان، وەک پێکهاتەیەکی سیاسی بینراون. ئەوە لە کاتێکدا بۆ نموونە لای ئەنگڵس لە چەمکی "گەلە بێ مێژووەکان دا"، ئەو گەلانە وەک پێکهاتەیەکی سیاسی لەبەرچاو ناگیرێن و وەک "ئامراز" ناویان دەهێنرێت. گوزارەی "گەلە بێ مێژووەکان" ئەوەی قەبووڵ نەبوو کە ئەو گەلانە داخوازییەکی سیاسی، یاخود ئیرادەیەکی سیاسییان هەبێت.

دوای نزیکەی هەفتەیەک لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە، لەلایەن حکومەتی کاربەڕێکەری کرێکاری، لە دووی تشرینی دووەم (15ی تشرینی دووەم)ی 1917، بەیاننامەیەکی دیکە بە ناونیشانی "بەیاننامەیەک سەبارەت بە مافی گەلان" بڵاوکرایەوە [2].

لەو بەیاننامەیەی بە ناوی کۆماری رووسیا بڵاوکرایەوە و واژۆی ئەفسەری گەل و نەتەوەکان ستالین و هەروەها سەرۆکی کۆنسەی ئەفسەرانی گەل لینینی لەسەرە، تێیدا هاتووە:

"... یەکەم کۆنگرەی سۆڤیەت کە لە حوزەیرانی ئەم ساڵدا کۆبووەوە، دانی نا بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەموو ئەو گەلانەی لە رووسیادا دەژین.

کۆنگرەی دووەمی سۆڤیەت کە لە مانگی تشرینی دووەم دا کۆبووەوە، بە پێداگرییەوە جەختی زیاتر لەسەر مافی ئەو گەلانە دەکاتەوە کە لە چوارچێوەی رووسیادا دەژین.

---

2 - رووسیا تاوەکو شوباتی 1918، رۆژژمێرێکی بەکاردەهێنا کە مێژووی ئۆرتۆدۆکس بوو. ئەو رۆژژمێرە لەچاو رۆژژمێری رۆژئاوا 13 رۆژ لەدواوە بوو. لە یەکی شوباتی 1918 گەڕایەوە سەر رۆژژمێری رۆژئاوا. یەکەم ژمارەکان بەگوێرەی رۆژژمێری کۆنن.

ئەنجوومەنـی کۆمیسـیاریای گـەل بـۆ بەجێهێنانـی داخوازییەکانـی ئـەو کۆنگرانـە بڕیاریـدا لەسـەر هـەوڵ و خەباتـی خـۆی بـۆ کێشـەی گـەلان ئـەو خاڵانـە بـە بنەمـا بگرێـت:

1 - ئەو گەلانەی لە رووسیا دەژین، یەکسانن و خاوەن دەسەڵاتن.

2 - ئـەو گەلانـەی لـە رووسـیا دەژیـن، سەربەسـتانە مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان هەیـە، ئەگـەر ئـەو مافـە بگاتـە داوای جیابوونـەوە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆش.

3 - هەمـوو ئیمتیـاز، یاخـود ئیمتیازە ئایینی و نەتەوەییـەکان و ماکەکانی دواکەوتوویی ناهێڵدرێن.

4 - هەمـوو ئـەو کەمینـە نەتەوەیـی و گرووپـە ئیتنیکیانـەی لەسـەر خاکـی رووسـیا دەژیـن، دەتوانـن سەربەسـتانە هەوڵـی گەشـەکردن و پێشـکەوتنیان بـدەن.

یاسـا پێویسـتەکان، هـەر دوای دامەزراندنـی کۆمیسـیۆنی گـەلان، دەسـت بـە ئامادەکردنیـان دەکرێـت [3].

بـەم بەیاننامەیـە، جەخـت لەسـەر ئـەوە کراوەتـەوە کـە حکومەتـی کاتیـی کرێـکاران و گوندییەکانـی رووسـیا سـوورە لەسـەر بەدیهێنانـی پرەنسـیپی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی گـەلان. ئـەو بڕیارانـە لەگـەڵ بڕیارەکانـی کۆنگرەکانـی یـەک و دووی سـۆڤیەتەکان لـە سـاڵی 1917 یەکدەگرنـەوە [4] هــەر دوای ئـەو بەیاننامەیـە، لـە 18ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی 1917، فینلانـد سـەربەخۆیی خـۆی راگەیانـد و لـە رووسـیا جیابـووەوە. لـە 7ی تشـرینی دووەمـی 1917 کۆمـاری گەلـی ئۆکراینـی دامەزرا. لـە 9ی کانوونی دووەمـی 1918، رووسـیا دانـی بـە سـەربەخۆیی ئۆکرایناداناو سـەربەخۆیی پۆڵۆنیاشـی قەبـووڵ کـرد، بـەڵام لەبەرئـەوەی پۆڵۆنیـا لەژێـر داگیرکاریـی

3 - John Reed, a.g.e., s. 213

4 - بۆ بینینی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرانە بڕوانە:
Lenin, Doğuda Ulusal Kurtuluş Savaşları, s. 265-267; Lenin, Ulusların Kaderlerini Tayin Hakkı, Iev. Muzaffer Erdost, Sol Yay., 2 . Baskı, Ankara 1975, s. 207-213; Stalin, Marksizm ve Ulusal

سـوپای ئەڵمانیـدا بـوو، دواتـر دەسـتکرا بـە دیـدارە ئاشـتەواییەکان. لـە قەفقـاس فیدراسـیۆنی ئەرمینیـا، جۆرجیـا و ئازەربایجـان پێکهێنـرا. ئـەو فیدراسـیۆنە کـە بـە کۆمـاری فیدراڵـی و دیموکراتیکـی قەفقاسـیا ناسـرا، لـە مانگــی مایســی ســاڵی 1918 هەڵوەشـایەوە و کۆمـاری جیاجیـا و سـەربەخۆی لـێ پێکهـات. لە ئاسـیای نێوەڕاسـتیش پێکهاتەی هاوشـێوەی تێـدا دروسـتبوون.

لـەو بەیاننامەیـەدا کـە لـە 20ی تشـرینی دووەم (3ی کانوونـی یەکـەم) ی 1917، لەلایـەن ئەفسـەری گـەل و نەتـەوەکان سـتالین و هەروەهـا سـەرۆکی کۆنسـەی ئەفسـەرانی گـەل ڤلادیمێر لینیـن بڵاوکرایـەوە، بەڵێنی ئـەوە درابـوو کـە هـاوکاری دارایی و مانـەوی هەموو نەتەوە ژێردەسـتەکان و گەلانـی چەوسـاوە بکـەن. ئـەو بەیاننامەیـە کـە بە ناونیشـانی "بـۆ هەموو ڕەنجدەرانـی موسـڵمانی رووسـیا و ڕۆژهەڵات"ـە بـەم شـێوەیەیە:

"ڕووداوی گــەورە لــە رووســیا ڕوودەدەن. ئــەو جەنگــەی لەپێنــاوی دابەشـکردنی خاکـی ئەوانـی دیکـە بەرپا ببـوو، خەریکـە کۆتایی دێـت. تەخت و تاراجـی ئـەو دزانـەی کـە گەلانـی دنیایـان کردبـووە ژێردەسـتەی خۆیـان، بـەرەو رووخانـە. لەژێـر گورزەکانـی شـۆڕشـی رووسـیادا پەیکـەری کۆیلایەتی هەڵدەتەکـن و دەڕووخێـن. دنیـای زوڵـم و سـتەمکاری لە گیانەڵـڵای دوایین ڕۆژەکانیدایـە. دنیایەکـی تـازە، دنیـای ئەوانـەی وا خەریکـە رزگاریـان دەبێـت، دنیــای ڕەنجــدەران دێتــە ئــاراوە. ئــەو شۆڕشــەش لەلایــەن حکومەتــی کرێـکاران و ڕەنجدەرانـی رووسـیا و سـەرۆکی دەسـتەی ئەفسـەرانی گـەل بەڕێوەدەبرێـت.

لەوســەری رووســیا بــۆ ئەوســەری، ســۆڤیەتی کرێکاریــی شۆڕشــگێڕی دامـەزراوە. لـە سـەرباز و گوندییەکان نوێنـەران هەڵبژێردراون. لـەم وڵاتەدا دەسـەڵات لەدەسـت خەڵکدایـە. دڵـی خەڵکـی ڕەنجـدەری رووسـیا بـە تاکـە یـەک شـتەوەیە: بەدیهاتنی ئاشـتەواییەکی شـەرافەتمەندانە و یارمەتیدانی گەلانـی چەوسـاوەی دنیـا لـە شـەڕی رزگارییانـدا.

بــۆ بەجێهێنانــی ئــەو ئەرکــە پیــرۆزە، رووســیا بەتەنیــا نییــە. ســەرجەم

کرێکارانـی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا دێنـە پـاڵ بانگـی رزگـاریـی پیـرۆزی گـەلانـی رووسـیا. ئـەو گـەلانـەی ئەوروپـا کـە لـە شـەڕ بێـزارن و مانـدوو بوونـە، ئـەو کرێکارانـەی رۆژئـاوا کـە لەپێناوی ئاشـتی دا دەسـتمان بـۆ درێژ دەکـەن، ئەو سـەربازانەش کـە قـەڵای ئیمپریالیـزم دەڕووخێنـن، لەژێـر ئاڵای سۆسـیالیزم دا یەکدەگـرن. ئـەو هیندسـتانە دوورەی کـە 'رۆشنفکر'ـە دزەکانـی ئەوروپا بـۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ خسـتبوویانە ژێـر دەسـتی خۆیـان، ئـاڵای شۆڕشـی بەرزکردووەتـەوە و ئـەو کۆلایەتییـەی نەفرەتـی لێدەکـرد، لەسـەر شـانی خـۆی فرێـدا و بـەدەم بانگکردنـی وڵاتانـی رۆژهەڵاتـەوە بـۆ شـەڕی رزگاری، دەسـتەی نوێنەرانـی خـۆی دامەزرانـد.

تەختـی زۆرداری و رووتاندنـەوەی سـەرمایەداری دەڕووخێـت. ئـەو خاکـەی کـە ئیمپریالیسـتە چەتـەکان پێیـان ناوەتە سـەر، لەژێـر پێیـان دەردەهێنرێت. لەهەمبـەر ئـەو پێشـهاتە گەورانـەدا، بانـگ لـە چەوسـاوەکانی رووسـیا و رۆژهـەڵات دەکەیـن، هەروەهـا کرێـکارە موسـڵمانەکان. مزگـەوت و شـوێنەکانی پەرسـتن، ئـەو بـڕوا و نەریتانـەی لەلایـەن رووسـیای قەیسـەری و سـتەمکارانەوە بـە نەبـوو دانرابـوون و خرابوونـە ژێرپێ، ئێوە موسـڵمانانی رووسـیا، دەوروبـەری هەرێمـی ڤۆڵـگا و تاتارەکانـی کریمیـا، ئێـوەی تـورک، سـیبیری و تورکسـتانییەکان، قرغیـز، تاتارەکانـی قەفقاسـیا، چیچانـی و داغسـتانییەکان! لەمـەودوا جـاڕی پارێزراویـی بـڕوا، نەریـت و کولتـووری میللیتـان پێدەدرێـت. چـۆن حـەز دەکـەن بـە سەربەسـتانە دەتوانـن ژیانـی نەتەوەیـی خۆتـان بژیـن. ئەمـە مافـی پیـرۆزی ئێوەیـە. مافەکانـی ئێـوە و سـەرجەم ئـەو گـەل و میللەتانـەی لـە رووسـیادا دەژیـن، لەلایـەن شـۆڕش و ئۆرگانەکانـی شـۆڕش، ئەندامەکانـی؛ کرێـکاران، سـەربازان و کرێـکارە سـۆڤیەتییەکانەوە بـە هەمـوو هێـزەوە پارێـزراوە.

ئێوەش پشتیوانی لە شۆڕش و حکومەتی یاسایی شۆڕش بکەن.

موسـڵمانانی رۆژهـەڵات، تـورک، ئێرانـی، عـەرەب و هینـدی، ئەوانـەی بـە ژیـان و موڵـک و ئـازادی و نیشـتمانی ئێـوەوە چەندیـن سـاڵ لەگـەڵ دزە چاوبرسـییەکانی ئەوروپـا بازرگانییـان کـرد، ئێـوە هەمووتـان خاوەنـی

راستەقینەی ئەو وڵاتانەن کە دزەکان لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، شەڕیان لەدژی یەکتر دەکرد.
لێرەوە رایدەگەیێنین ئەو رێککەوتننامە نهێنییەی سەبارەت داگیرکردنی ئیستەنبووڵ کە قەیسەری رووخاو واژۆی لەسەر کردبوو، دڕێندرا و بەهای نەما. کۆماری رووسیا و حکومەتەکەی کۆنسەی ئەفسەرانی گەل، بە توندی لە دژی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی خاکی گەلانی دیکە دەوەستێتەوە. پێویستە ئیستەنبووڵ لەبندەستی تورکە موسڵمانەکاندا بمێنێتەوە.
ئەوەش رادەگەیێنین کە ئەو رێککەوتننامەیەی سەبارەت پارچەکردن و دابەشکردنی ئێران کرابوو، هەڵوەشایەوە. هەر کە جووڵە سەربازییەکان وەستان، سوپاکان لە ئێران دووردەخرێنەوە و دڵنیایی دەدرێت لەوەی ئێرانییەکان خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن.
دیسان رایدەگەیێنین کە ئەو رێککەوتننامەیەی بۆ دابەشکردنی تورکیا و 'لەدەستدەرهێنان'ی ئەرمینیا کرابوو، هەڵوەشایەوە. هەر کە جووڵە سەربازییەکان وەستان، ئەرمینیا کامە ئاراستەی سیاسی ویست بەوجۆرە دڵنیایی لە پاراستنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەدەین.
رووسیا و حکومەتی شۆڕشگێڕی رووسیا هەرگیز خوازیاری ژێردەستەییتان نییە. ژێردەستەیی ئێوە تەنیا خواستی ئیمپریالیستە دزەکانی ئەوروپایە، ئەوانەی بەهۆی رێکنەکەوتن لەسەر دابەشکردنی وڵاتەکانتان کەوتوونەتە گیانی یەکتری، ئەوانەی وڵاتەکانی ئێوەیان کردووەتە مەیدانی دزی و تاڵان و وەک 'کۆڵۆنی'یەکیان لێکردووە، ئەوە ئەوانن ژێردەستەیی ئێوەیان دەوێت.
کەواتە ئەو تاڵانچیانەی، ئەوانەی کە وڵاتەکانی ئێوەیان ژێردەست کردووە، بڕووخێنن و وێرانی بکەن. کاتێک بناخەکانی دنیای شەڕ و پشێوی دەلەرزن، لەکاتێکدا کە هەموو دنیا نارەزایی بەرانبەر بە رووتاندنەوەی ئیمپریالیزم دەردەبڕن، کاتێک کە هەر چەخماخەیەکی توورەیی کتوپڕ دەبێتە شۆڕش، لە کاتێکدا تاوەکو ئەو موسڵمانە هیندیانەش کە

لەژێـر داگیرکاریـدان و لـە دژی کارەسـات راپەڕیـون، ناکـرێ بێدەنـگ بیـن. کات بەفیـڕۆ مـەدەن، ئەوانـەی خاکـی ئێوەیـان داگیرکردووە، لەسـەر شـانی خۆتانیـان فـڕێ بـدەن. ڕێگـە مـەدەن وڵاتەکانتـان کـە بووەتە سـووتوو، زیاتر تـاڵان بکرێـن. ببنـە خودانـی ڕاسـتەقینەی خاکـی خۆتـان. ژیانێکـی شایسـتە بـە ژیـن و مرۆڤبوونـی خۆتـان چـێ بکـەن. ئەمـە مافـی خۆتانـە و هەروەهـا چارەنووسـی خۆتـان لەبـن دەسـتی خۆتاندایـە.

..................

ئێمـە بـە هەنگاوی پتـەو و سـووربوونەوە بەرەو ئاشـتەواییەکی شـکۆمەند و دیموکراسـییانە دەڕۆیـن. لەگـەڵ ئاڵاکانمـان ئـازادی بـۆ میللەتانـی زوڵملێکـراو و ژێردەسـتەی دنیـا دەبەیـن.

موسڵمانانی رووسیا!

موسڵمانانی رۆژهەڵات!

بـەم هەسـتەمانەوە بـۆ نوێکردنـەوەی جیهـان، داوای بەشـداری و هاوکاریتـان لێدەکەیـن" [5].

وەکـو دیـارە ئـەم بەیاننامەیـە بانگـەواز نییـە تەنیـا بـۆ گەلـە ژێردەسـت و داگیرکراوەکانـی رووسـیا، بەڵکـو بانگـەوازە بـۆ هەمـوو گەلانـی دنیـا. ئـەوە دەردەخـات کـە دژی دابەشـکردنی تورکیـا و ئەنادۆڵـە. هەرچەنـدە دەسـتەواژەی "پارچەکردنـی تورکیـا و لەدەسـتدەرهێنانی ئەرمینیـا" پێچەوانـەی مەبەسـت و ئامانجـی ئـەو بەیاننامەیـەش بێـت، "ئەرمینیـا کامـە ئاراسـتەی سیاسـی ویسـت، بەوجـۆرە دڵنیایـی سـەبارەت پاراسـتنی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی دەدەیـن". بـە گوتنـی ئەمـە، ئـەو دژوازییـە ناهێڵدرێـت. چونکـە ئەرمینیا تەنیـا بـۆ ئەرمەنـەکان دەبێـت. چونکـە بیـر و روانگـەی وەک "دڵنیایـی لـە مانـەوەی ئەرمینیـا لەدەسـتی تـورک" بـە پێچەوانـەی ئـەو چەمکەیـە کـە ئـەم بەیاننامەیـە دەیەوێـت بیخاتـەڕوو. ئـەو بەیاننامەیـە هەڵوەسـتە لەسـەر هەوڵەکانـی دابەشـکردنی نەتـەوەی کورد

5 - Türkiye_zerine (Lenin, Stalin, Mao ve Dimitrov'un Yazıları) Hazırlayan Aydınlık Yay., İstanbul 1977, s. 129-123

و کوردسـتان ناکات. لەگـەڵ ئەمـەدا، ئـەو تێگەیشـتنە نوێیـەی بەیاننامەکە هەوڵـدەدات لەگـەڵ خـۆی بیهێنێـت ئەوەیـە؛ دژی دابەشـکردن و پارچـە پارچەکردنـی هـەر نەتـەوە و وڵاتێکیـن.

سـەرباری ئـەوەی لـەو بەیاننامەیـەدا نـاوی کـورد و کوردسـتان نەهاتـووە، بـەڵام نـاوی ئەرمـەن و ئەرمینیـا زوو زوو دووبـارە بووەتـەوە. ئەفسـەری گـەل و نەتـەوەکان، سـتالین لـە 31ی کانوونـی یەکەمـی1917 سـەبارەت بەیاننامـەی "ئەرمینیـای تورکیـا" وەهـای گوتـووە:

"ئـەو شـوێنەی پێیدەگوتـرێ 'ئەرمینیـای تورکیـا'، پێدەچێـت تاکـە وڵات بێـت لەلایـەن رووسـیاوە، لـە چوارچێـوەی 'مافەکانـی جەنـگ' داگیرکرابێـت. ئـەو وڵاتە ئەو 'کونجی بەهەشت'ـەیە کە پرسـی نێوان چاوچنۆکیی دیپلۆماسـیی رۆژئـاوا و رێـکارە خوێناوییەکانـی کارگێڕیـی رۆژهـەڵات بـووە (وهێشـتاش هــەر درێــژەی هەیــە). لەلایەکــەوە کۆمەڵکوژیــی ئەرمــەن، لەلایەکــی دیکەشـەوە 'داخـوازی' دووڕووانـەی پەردەپۆشـکردنی کۆمەڵکوژیـی نوێـی گــەلان، بــەڵام ئەنجامەکــەی، ئەرمینیایەکــی نوقمــی خوێــن، خەڵەتێنــراو و بەکۆیلەکـراوە. ئاخـر کـێ ئـەم وێنـە 'ئاسـاییە' 'هونەری'یانـەی دیپلۆماسـیی وڵاتانـی 'شارسـتانی' ناناسـێتەوە؟

رۆڵەکانـی ئەرمینیـا، ئـەو رۆڵـە ئازایانـەی کـە هەوڵـی پاراسـتنی وڵاتەکەیـان دەدەن، بەدڵنیاییـەوە خـاوەن پێشـبینییەکی دوورمـەودای سیاسـی نیـن و بەمـەش لەلایـەن چەتـە دیپلۆماسـییەکانی ئیمپریالیزمـەوە چەنـد جارێـک لەخشـتەبراون، دەبـێ تێبگـەن کـە رێگـەی کۆنـی دیپلۆماسـی ئـەو رێگەیـە نییـە کـە ئەرمینیـا دەگەیێنێتـە رزگاری. ئـەو رێگەیـەی گەلـە چەوسـاوەکان دەگەیێنێتـە رزگاری، بـەو شۆڕشـە دێتـەدی کـە لـە ئۆکتۆبـەردا لـە رووسـیا دەسـتیپێکرد. ئێسـتا لای هەمـوو کەسـێک روونـە کـە چارەنووسـی گەلانـی رووسـیا، بەتایبـەت چارەنووسـی گەلـی ئەرمـەن بـە تـەواوی پەیوەسـتە بـە چارەنووســی شۆڕشــی ئۆکتۆبــەرەوە. شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر گوشــارەکانی میللیگەرایــی پچڕانــدوون. ئــەو قەیســەرەی کــە دەســت و پێــی خەڵکــی زنجیربەنـد کردبـوو، رێککەوتننامـە نهێنییەکانـی دڕێنـدراون. تەنیـا و تەنیـا

شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرە دەتوانێـت گەلانی رووسـیا بگەیێنێتە ئـازادی و رزگاری. بـە بنەماگرتنـی ئـەم تێگەیشـتنە، کۆنسـەی ئەفسـەرانی گـەل بڕیاریـداوە بڕیارنامەیەکـی تایبـەت سـەبارەت 'ئەرمینیـای تورک"ــەوە دەربـکات، بـۆ ئـەوەی ئازادانـە چارەنووسـی خـۆی دیـاری بـکات. ئێسـتا بەتایبـەت ئەمـە زۆر پێویسـتە. چونکـە دەسـەڵاتدارانی ئەڵمـان و تـورک بـە خـووی ئیمپریالیسـتیانەوە نووسـاون و ئـارەزووی خۆیـان ناشـارنەوە لـەوەی کـە دەیانـەوێ درێـژە بـە دەسـەڵاتداریتی خۆیـان بـدەن لەسـەر ئـەو خاکانـەی داگیریـان کـردوون. پێویسـتە گەلانـی رووسـیا ئـەوە بزانـن کـە شۆڕشـی رووسـیا و حکومەتەکـەی لـە هەوڵـی داگیـرکاری بـەدوورن. هەمـووان دەزانـن کـە کۆنسـەی ئەفسـەرانی گـەل لـە بەرانبـەر گوشـاری ئیمپریالیـزم بـۆ سـەر گەلانـی ژێردەسـتە و چەوسـاوە، خەبـات دەکات" [6].

حکومەتـی کاتیـی کرێـکاران و جووتیارانـی رووسـیا لـە 16ی کانوونـی دووەمـی 1918 بەیاننامەیەکـی نوێـی دەرکـرد. لـەو بەیاننامەیـەدا لەژێـر نـاوی "بەیاننامـەی مافـی گەلـە چەوسـاوە و ژێردەسـتەکان" هەمـان پرەنسـیپی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلانـی بندەسـت جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە کـە لـە بەیاننامـەی دووی تشـرینی دووەمـی 1917 دا ئامـاژەی بـۆ کرابـوو.

شۆڕشـی 1917 پێکهاتـەی چینایەتیـی دەوڵەتـی لەڕیشـەوە گۆڕیبـوو. ئـەو دەوڵەتـە بۆرژوایـەی کـە بنەماکـەی موڵکایەتیـی تایبـەت بـوو، رووخابـوو. شۆڕشـی 1917 دوایـن شـێوەی دەوڵەتـی پشتبەسـتوو بـە موڵکایەتـی تایبـەت، کـە دەوڵەتـی سـەرمایەداری - بۆرژوایـە، رووخاندبـوو. هـەر بۆیـە ئەوانـەی خاوەنـی موڵکـی تایبـەت بـوون، لـە پـاش شۆڕشـی 1917 کەوتبوونـە دۆخێکـی ناهەمـوارەوە. ئـەو چینـە کرێـکارەی کـە تاوەکـو ئەوکاتـە سـووک تەماشـا کرابـوون، هەمیشـە بەکـەم گیرابـوون و لـە دەسـەڵاتداریتی بەدوورگیرابـوون، ئیـدی دەسـەڵاتیان لەدەسـت بـوو.

6 - Türkiye _zerine, y. a. g. e., s. 110-111

بێگومـان ئـەم دۆخـە تەنیـا لـە سـنووری رووسـیادا نەدەمایـەوە. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نەبـوو کـە کاریگـەری بەسـەر چینـی کرێـکاری دەوڵەتانـی دیکـە و زۆرینـەی چەوسـاوەکانی جیهانـەوە دەبـوو، هەروەهـا کاری لـە گەلانـی چەوسـاوە و نەتـەوە ژێردەسـتەکانیش دەکـرد. هەربۆیـە بەریتانیـا و فەرەنسـا کـە تاکـە دوو دەوڵەتـی نێودەوڵەتانـی هاوپەیمـان بـوون، بـۆ ئـەوەی ئـەو بزووتنەوەیـە نەپەڕێتـەوە ناوچەکانـی دیکـەی دنیـا و لەنێـو رووسیاشـدا سـەرکەوتوو نەبێـت، لـە مانگـی کانوونـی یەکەمـی 1917 و بـە ماوەیەکـی کـەم دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش، رێککەوتنێکـی نوێیـان لەنێوان خۆیانـدا واژۆکـرد. گومـان لەوەدا نییە ئـەو رێککەوتنە دژی بەلشـەڤییەکان بـوو. بەگوێـرەی مـاددەی یەکەمـی رێککەوتنەکـە؛ فەرەنسـا چالاکییەکانـی دژی بەلشـەڤییەکان لـە دەریـای رەشـەوە بـەرەو باشـووری رۆژهـەڵات درێـژ دەکاتـەوە. بەریتانیـاش لـە سـیبریا و ئاسـیای نێوەڕاسـتەوە. هـاوکات ئـەو ناوچانەشـیان دیـاری کردبـوون کـە دوای سـەرکەوتنی هەوڵەکانیـان نفـووزی خۆیانـی تێـدا دەسـەپێنن: فەرەنسـا لە بیسـارابیا، ئۆکراینـا و کریمیا باڵادەسـت دەبـوو. بەریتانیـاش لـە کازاخسـتان، قەفقاسـیا، ئەرمینیـا، جۆرجیـا و کوردسـتان. ئەمـە بـە مانـای دەسـتپێکردنی شـەڕی نێوخۆیـی بوو لـە رووسـیا. لەمـەوە حکومەتـی کاتیـی کرێـکاران و جووتیارانـی رووسـیا لـە سـاڵی 1918ـەوە تاوەکـو سـەرەتای سـاڵی 1921 سـەرقاڵی شـەڕی نێوخۆیـی کـرا.

بەشی چوارەم

# کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و چەند ڕووداوێکی گرنگ

نزیکەی ساڵێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەڤی لە ڕووسیا، جەنگی جیهانیی یەکەم کۆتایی هات. حکومەتی کاتیی کرێکاران و جووتیارانی ڕووسیا کە یەکێک بوو لە وڵاتەکانی هاوپەیمانێتی سیانی، یەکلایەنە لە جەنگەکە کشایەوە. ئەو شوێنەی لە دوای ڕووسەکان بە بەتاڵی مایەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پڕیکردەوە. هەر خۆی لە ڕووسیا لە سەرەتای ساڵی 1917ـەوە پێشهاتەکانی شۆڕش بەخێرایی تاویان دەسەند. ڕووسیا کە ناچاربوو سەرەدەری لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆ بکات، بەپێی پێویست لە بەرەکانی شەڕدا نەیدەتوانی بەرەو پێشەوە بچێت. هەر بۆیە ئەو بۆشاییەی لە سەرەتای ساڵی 1917ـەوە پەیدابوو، ئەمریکییەکان پڕیانکردەوە. لەگەڵ ئەمریکا، لەپاڵ هاوپەیمانێتی سیانی یۆنانیش هاتە نێو جەنگەکە. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە کاریگەری زیاتر بوو. سەرباری ئەمەش لەدوای جەنگ، هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیای نێو هاوپەیمانێتی سیانی لایەنی براوە بوون. دەوڵەتانی ئەڵمانیا، نەمسا و هەنگاریا، دەوڵەتی عوسمانی و بوولگاریا دۆڕان.

## 1 - پرەنسیپە 14 خاڵییەکەی ویڵسن

یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو شـتانەی لـە دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم دەرکەوتـن، ئـەو پرەنسـیپانە بـوون کـە بـە "14 خاڵ"ـەکەی ویڵسـن، سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ناسـرا. بـە کورتـی ئـەو 14 خاڵـەی ویڵسـن لـە هەشـتی شـوباتی 1918 لـە کۆنگرێسـی ئەمریـکا رایگەیانـدن ئەمانـە بـوون:

1. رێککەوتننامەی ئاشـتەوایی ئاشـکرا و بۆ داهاتووش دیپلۆماسییەکی ئاشکرا.
2. جگـە لـە ئـاوە پاڵزەمینییـەکان [7]، لـە شـەڕ و ئاشـتیدا رێـڕەوی ئـاوە نێودەوڵەتییـەکان ئـازاد دەبـن.
3. هێندەی بتوانرێ بەربەستە ئابوورییەکان لاببرێن.
4. هەوڵی چەک داماڵین بدرێت.
5. سـەبارەت ویسـتی داگیـرکاری، بەرژەوەندیـی گـەلان و ئـەو دەوڵەتـە داگیـرکارەی کـە دواتـر دەسـەڵاتەکانی دیـاری دەکرێـن، بەهەمـان پێـوەر لەبەرچـاو دەگیرێـن و بێگومـان چارەسـەرییەکی بێلایەنانـەی بـۆ دەدۆزرێتـەوە.
6. لـە سـەرجەم خاکـی رووسـیا پاشەکشـە دەکرێـت و بـە هاوکاریـی دەوڵەتانیـش هەمـوو دەسـتەبەرییەک بـۆ رووسـیا دەکرێـت بـۆ ئـەوەی خـۆی پێشـبخات.
7. بەلجیـکا بەتـەواوی سـەربەخۆ دەبێـت و دووبـارە دەسـەڵاتەکەی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوە.
8. پاشەکشـە لـەو خاکـەی فەرەنسـا دەکرێـت کـە داگیرکـراوە. لەپێنـاو راسـتکردنەوەی ئـەو هەڵەیـەی پرووسـیا لـە سـاڵی 1871 لـە پرسـی

7 - ئـاوی پاڵزەمینـی (ئـاوە هەرێمییـەکان)، بـەو ئاوانـە دەگوتـرێ کـە کەوتوونەتە پاڵ سـنووری وشـکانی وڵاتێک و بەپێی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان تـا مەودایەکـی دیاریکـراو بـە خاکـی وڵاتـی پـاڵ ئاوەکـە هەژمـار دەکرێـت و لـەو مەودایـە بـەولاوە، رێـڕەوە نێودەوڵەتییەکانـی دەریایـی و ئاویـن. (و.ک)

ناوچەکانی ئێلزاس و لۆرین کردی، دڵنیایی دەدرێت سەبارەت دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی.

9. سنووری ئیتاڵیا بەگوێرەی ناسنامەی نەتەوەیی رێکدەخرێتەوە.
10. دەرفەتی گەشەکردنی خۆبەڕێوەبەری دەدرێتە گەلانی نەمسا و هەنگاریا.
11. پاشەکشێ لە خاکی رۆمانیا، سڕبیا و مۆنتینیگرۆ دەکرێت و دەرچەیەکی دەریایی دەدرێتە سڕبیا. پەیوەندی وڵاتانی باڵکان بەگوێرەی پرەنسیپی ناسنامەی نەتەوەیی رێکدەخرێت.
12. دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچانەدا دەبێت کە تورک تێیاندا زۆرینەن، بەڵام لەو شوێنانەی تورک تێیاندا زۆرینە نین و لەژێر دەسەڵاتدارێتی تورکدان، هەموو جۆرە دەرفەتێک بەو گەلانە دەدرێت بۆ ئەوەی پەرە بە خۆبەڕێوەبەری بدەن.
13. پۆڵۆنیای سەربەخۆ دادەمەزرێت.
14. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان سەربەخۆیی سیاسی و یەکگرتوویی خاکی هەموو دەوڵەتە گەورە و بچووکەکان پارێزراوبێت، دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی دروست دەکرێت [1]

بە کورتی هەڵسەنگاندنی سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ دنیای سەروبەندی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و داهاتووی جیهان و نرخاندنەکانی بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان ئەمە بوو. لەم گوتارەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن کە دەتوانین بەم شێوەیە بیانخەینەڕوو. بەر لە هەر شتێک ئاماژە بەوەکراوە کە سنووری دەوڵەتان بەگوێرەی نەتەوە دیاری دەکرێن. ئەو دەوڵەتە نوێیانەش

---

1 - بۆ 14 خاڵەکەی ویڵسن بڕوانە:

Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih 1789-1960, s. 455-456; Haluk
_lman, Birinci Dünya Savaşına Giden Yol ve Savaş, 2. Baskı, s. 243-244; Yusuf Hikmet Bayur, Türk İnkılabı Tarihi, Cilt II, 1914-1918 Genel Savaşı, Kısım 4, Savaşın Sonu, TTK 1967, s. 623-637

دەیانەوێ ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو بگیرێت. دووەم بۆ ئەوەی روانگەی نێودەوڵەتی پارێزراوبێت، دروستکردنی رێکخراوێکی نێونەتەوەیی گرنگە. سێیەم، ویڵسن ئاشتەواییەکی بێ بەرانبەر و بێ پەیوەستی، هەروەها کراوە و دیپلۆماسییەکی ئاشکرا پێشنیاز دەکات.
ناڵێین ویڵسن ویستوویەتی مافەکانی مرۆڤ و بنەمای یەکسانی بۆ گەلانی چەوساوە بێنێتە ئاراوە و ئەو وڵاتانە بگەیێنێتە سەربەخۆیی، بەڵام روونە ئەوەی بۆ وڵات و گەلە ژێردەستەکان خستەڕوو کە پێویستە هەڵوەستە لەسەر هەندێک ستاتووی تازە بکرێت. خاڵی چوارەمیش لەبارەی سەرمایەدارییە کە بەخێرایی لە ئەمریکا گەشەی دەکرد. ئەمریکا لەگەڵ سەرمایەداریی پەرەسەندوودا ئامانجی ئەوە بوو بە دنیادا بڵاوببێتەوە. هەربۆیە جەخت دەکاتە سەر پرسەکانی وەک کراوەیی ئاوە نێودەوڵەتییەکان، بازرگانیی ئازاد و ئاسایشی گەرووەکان و هەروەها فراوانکردنی بازاڕەکان و دۆزینەوەی سەرچاوەی تازەی ماددەی خاو. ئەمریکا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دا بەشداری لە دابەشکردنی ناوچە داگیرکراوەکان دا نەکردبوو، هیچ شوێنێکی داگیرکراوی نەخستە بندەستی خۆی، بەڵام لە ئەنجامی پێڤاژۆی گەشەسەندنی سەرمایەداری دا کەوتە نێو قۆناخی بەرفراوانبوونەوە.
لە روانگەی باسەکەی ئێمەوە، گرنگترین خاڵ لە پرەنسیپەکانی ویڵسندا بێگومان خاڵی 12 یە. لەو خاڵەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچانەی تورک تێیاندا زۆرینەن، باڵادەست دەبێت، بەڵام ئەو گەلانەی دیکە کە لەنێو ئیمپراتۆرییەکەدا لەژێر دەسەڵاتداریتی تورکدان، پێویستە دڵنیایی ژیان، ئازادی و پێشڤەچوونی بێ بەربەستیان بۆ فەراهەم بکرێت. ئەو گەلانەی کە دەخرێنە چوارچێوەی گوزارەی (ئەو گەلانەی دیکە کە لەژێر دەسەڵاتداریتی تورکدا دەژین)، بریتین لە عەرەب، ئەرمەن، کورد، رۆم، ئەلبانی، چەرکەز، لاز و ئەوانی دیکە. کەوابێ لە پرەنسیپە 14 خاڵییەکەدا بیر لە داهاتووی نەتەوەکانی عەرەب، کورد و ئەرمەنیش کراوەتەوە. بەم شێوەیە بێت پرەنسیپە 14 خاڵییەکە لە

نزیکـەوە کاریگـەری لەسـەر بزووتنەوەکـەی مسـتەفا کەمـال دەبـوو لـە ئەنـادۆڵ. بـۆ ئـەوەی مسـتەفا کەمـال پاشـا کوردسـتان و ئەرمینیـا بخاتـە ژێـر هەژموونـی خۆیـەوە، خـۆی لـە گـوزارەی "ئـەو بەشـەی ئیمپراتـۆری کـە زۆرینـەی تورکـن" دەدزێتـەوە. بـە ئامانجی ئـەوەی ئەرمینیا و کوردسـتانیش بخاتـە چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتـەی بیـری لێکردووەتـەوە، پەنـا بـۆ دەسـتەواژەی فـرە واتاتـر دەبـات. کاتێـک هەڵوەسـتە لەسـەر کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس دەکەیـن و زیاتر لەسـەر میسـاقی میللی دەوەسـتین، روونکردنـەوە و شـرۆڤەی زیاتـر و پێویسـت لەوبارەیـەوە دەدەیـن.

پرەنسـیپە 14 خاڵییەکـەی ویڵسـن بەهیـچ شـێوەیەک لەلایـەن دەوڵەتـە براوەکانـی جەنگـەوە پێشـوازی لێنەکـرا. چونکـە بـەر لە هەر شـتێک هەموو ئـەو ڕێککەوتنـە نهێنییانـەی هەڵدەوەشـاندەوە کـە لـە سـاڵی 1915ـەوە واژۆکرابـوون. بـۆ نموونـە بەریتانیـا و فەرەنسـا ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیان دابـەش دەکـرد و هەوڵیانـدەدا پێگـە و دەسـتباڵایی خۆیـان بسـەپێنن. لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو دەوڵەتانـە دەیانویسـت وانەیەکـی باشـی ئەڵمانیـا دابـدەن و ئـەو شـوێنانەی داگیـری کردبـوون، لەدەسـتی دەربێنـن. لەبـەر هەمـوو ئەمانـە، لـە کۆنفرانسـەکانی ئاشـتەواییدا زۆر بـە دەگمـەن بـاس لـەو بنەمایانـەی ویڵسـن دەکـرا. سـەرباری ئەمـەش ناکـرێ ئـەوە نادیـدە بگریـن کـە ئـەو بنەمایانـە کاریگەریـی زۆریـان لەسـەر حکومـەت و گەلانـی دنیـا هەبـوو.

لیـۆ ترۆتسـکی، ئەفسـەری گـەل بـۆ کاروبـاری دەرەوە، بەنـاوی حکومەتـی بەلشـەڤی لـەو سـەرنجانەی لـە 21ی تشـرینی دووەمـی 1917 بـە کۆنسـووڵی وڵاتانـی هاوپەیمانـی دان، داوای کردبـوو لـە هەمـوو بـەرەکان شـەڕ بوەسـتێ و ئاگربەسـت ڕابگەیێندرێـت. بـەر لـەوە، ڕێککەوتنامـە نهێنییەکانـی قەیسـەر لەگـەڵ بەریتانیـا و فەرەنسـا ئاشـکرا کرابـوون. ئـەو ڕێککەوتنامـە نهێنییانـەی ئیمپراتۆریـی عوسمانیشـی پارچـە پارچـە کـرد، هـەر بـەم جـۆرە ئاشـکرا بـوون. ئاشـکرابوونی ڕێککەوتنامـە نهێنییـەکان بـووە هـۆی ئـەوەی لەنێـوان بەلشـەڤی و عوسـمانییەکان، یان ڕاسـتتر بڵێم

تورکـەکان، کەشـێکی پڕ لـە متمانە بێتـە ئاراوە. کـە باس لە پرەنسـیپەکانی ویڵسـن دەکەیـن، گرنگـە باسـی ئەوەش بکەین: کاتێک ویڵسـن باسـی مافی بڕیاردانـی چارەنووسـی گەلانـی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی دەکات، بەهیـچ شـێوەیەک سـەرنج ناخاتـە سـەر کـورد. زیاتـر رووی لـە ئەرمەنەکانـە. لـە داهاتـوودا لەکاتـی گفتوگۆکانـی ئینتیـداب دا، دووبـارە ئامـاژە بـەو پرسـە دەکەینـەوە.

## 2 - رێککەوتننامەی برێست- لیتۆفسک و ئاگربەستەکانی دیکە

ئـەو بانگهێشـتەی حکومەتـی بەلشـەڤی بـۆ ئاشـتەوایی، هـەروا بەبـێ بەردەنـگ نەبـوو. ئەڵمانیـا لـە 27ی تشـرینی دووەم دا وەڵامـی دایـەوە و رایگەیانـد کـە ئامـادەی ئاگربەسـتە. ئاگربەسـتی حکومەتـی بەلشـەڤی لـە 15ی کانوونـی یەکەمـی 1917 راگەیێنـدرا و لـە 22ی کانوونـی یەکەمـی 1917، لـە برێست-لیتۆفسـک کـە ئێسـتا شـارێکی سـەر بـە بێلارووسـیایە، لەگـەڵ دەوڵەتانـی میحـوەر دەسـتی بـە گفتوگـۆی ئاشـتی کـرد. نوێنەرانـی هەریەکـە لـە نەمسـا - هەنگاریـا، بوولگاریـا و دەوڵەتـی عوسـمانی لـەو گفتوگۆیـەدا بەشـدار بـوون. لـەو کۆنفرانسـەدا روانگـەی بەلشـەڤییەکان ئـاوا خرایـەڕوو:

"... بەبـێ دەستبەسـەرداگرتنی وڵاتـان و بەبـێ داواکردنـی قەرەبـووی زیانـی جەنـگ، دەسـتبەجێ ئاشـتی بەرقـەرار بکرێـت".

بەشـێوەیەکی گشـتی، بەگوێرەی پرەنسـیپەکانی دیموکراسی و بەتایبەتیش بەپێـی تێگەیشـتنی چینی کرێکار، یەکگرتنـی هەر نەتەوەیەکی بچـووک یاخود بێهێـز لەگـەڵ دەوڵەتێکـی گـەورە، ئەگـەر ئـەو یەکگرتنـە بـە خواسـتی ئـەو نەتـەوە بچووکـە و ئازادانـە و روون و راشـکاو نەبێـت، کەواتـە داگیـرکاری و پێکەوەلکاندنـی زۆرەملێیـە. کاتێکیش ئەمـە روودەدات و نەتەوەیەک بەزۆر دەخرێتـە چوارچێوەیەکـەوە، ئـەوا هیـچ گرنـگ نییـە ئـەو وڵاتـە لـە ئەوروپایە یاخـود لـە ناوچەیەکـی دوور. لکاندنـی نەتەوەیـەک بـە دەوڵەتێکـەوە بـە

زۆرلێکـردن و دەستبەسـەرداگرتن دادەنرێـت: ئەگـەر نەتەوەیـەک بـە زەبری هێـز بخرێتـە چوارچێـوەی سـنووری دەوڵەتێکـەوە، سـەرباری ئـەوەی بیـەوێ بەڕێگـەی راگەیانـدن، کۆبوونـەوەی گشـتی، بڕیـاری پارتـە سیاسـییەکانی، بـە نانـەوەی پشـێوی و خۆپیشـاندان خـۆی لـە کۆتوبەنـد رزگار بـکات، ئـەوا بەبێ بەربەسـت، دوای کشـانەوەی تـەواوی سـەربازانی دەوڵەتـی سەردەسـت، مافـی دیاریکردنـی شـێوەی دەوڵەتـی خـۆی وەردەگـرێ".

وەک دەردەکەوێت، شـاندی بەلشـەڤی لە کۆنفرانسـی برێست-لیتۆفسکدا جەخـت لەسـەر بنەماکانـی "بەیاننامەیـەک بـۆ سـەرجەم ئـەو حکومـەت و نەتەوانـەی لەشـەڕدان" دەکەنـەوە. دوای ئـەوەی بەلشـەڤییەکان ئـەو بنەمایانـە دووبـارە دەکەنـەوە، پێشـنیازی داڕشـتنی بنەماکانـی ئاشـتی دەکـەن، ئـەو بنەمایانـەش بـە کورتـی بـەم شـێوەیەن:

1. دەستبەسـەرداگرتنی بـەزۆر و لکاندنـی خاکـی گەلانـی دیکـە کـە لەکاتـی جەنـگ دا داگیـر دەکرێـن، پەسـەند ناکرێـت.
2. ئـەو نەتەوانـەی لـە مـاوەی جەنـگ دا سـەربەخۆیی خۆیـان لەدەسـتداوە، سـەربەخۆییان بـۆ دەگەڕێندرێتـەوە.
3. خاکـی ئـەو گەلانـەی بـەر لـە جەنـگ سـەربەخۆ نەبـوون، بەڕێگـەی گشتپرسـی بـڕارەی پەیوەسـتبوون بـە ئـەم یـان ئـەو دەوڵەتـەوە، یاخـود مانەوەیـان بـە سـەربەخۆیی بـۆ دەسـتەبەر دەکرێـت. گشتپرسـییەکە بەتـەواوی ئازادانـە بەڕێـوە دەچێـت و ئـەو کەسـانەش بەشـدار دەبـن کـە لـە وڵاتەکـە راپانکـردووە و ئـاوارە بوونـە.
4. لـە وڵاتـە فرەنەتەوەکانـدا مافـی کەمینـەکان و کولتـووری نەتەوەییـان لـە دەسـتووردا پارێزراوبـن و ئەگـەر بەڕاسـتی ئـەو مافانەیـان مسـۆگەربکرێـن، دەبنـە خاوەنـی سـەربەخۆیی خۆیـان.
5. داوای قەرەبووکردنـەوەی زیانەکانـی جەنـگ ناکرێـت، ئـەو شـتانەی بـەزۆر سـەندراون، دەگەڕێندرێنـەوە، ئـەو کەسـانەی زیانیـان بەرکەوتـووە قەرەبـوو دەکرێنـەوە.

### 6. کێشـەی داگیـرکاری بەگوێـرەی ماددەکانـی 1 - 4 چارەسـەر دەکرێـت[2]

لە ماوەی کۆنفرانسـەکەدا، ئەڵمانیا، نەمسـا-هەنگاریا، دەوڵەتی عوسـمانی و بوولگاریـا رایانگەیانـد کـە هەمـوو ئـەو بنەمایانـەی بەلشـەڤییەکان رایانگەیانـدووە، قەبـووڵ دەکـەن، بـەڵام پێیانوابـوو بۆ ئەوەی ئـەو بنەمایانە مانایـەک لەخۆبگـرن، دەبـێ وڵاتانـی هاوپەیمـان واتـە بەریتانیـا، فەرەنسـا، ئیتاڵیـا و ئەوانـی دیکـەش پەسـەندی بکـەن، بـەڵام بەریتانیـا، فەرەنسـا و دەوڵەتانـی دیکـە ئامـادە نەبـوون بەشـداری لـەو کۆنفرانسـەدا بکـەن. بۆیە کۆنفرانسـەکە لەنێـوان بەلشـەڤییەکان و دەوڵەتانـی میحـوەر بـەردەوام بـوو.

بەلشـەڤییەکان بـە شـاندێک، کـە ترۆتسـکی، سـەرۆکی کۆمیسـیاریای کاروبـاری دەرەوە سـەرۆکایەتی دەکـرد، بەشـداری کۆنفرانسـی برێسـت - لیتۆفسـک بـوون، لـە مـاوەی کۆنفرانسـەکەدا چەندیـن جار هەڵوەسـتەیان لەسـەر کێشـەی ئەرمـەن کـرد. بەلشـەڤییەکان بـۆ ئەرمینیا، بۆ بەشـەکەی ژێردەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی و هەروەهـا بـۆ بەشـی رووسـیا داوای گشتپرسـییان کـرد. هەرچـی نوێنەرانـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوون بـە سـەرۆکایەتی تەڵعـەت پاشـا، دەیانگـوت لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا کێشـەی ئەرمینیـا نییـە و ئەمـە کێشـەیەکی نێوخۆیـی دەوڵەتـی عوسـمانییە و لـە چوارچێـوەی دەسـتووری تورکیـادا چارەسـەر دەکرێـت [3].

بـەڵام بەلشـەڤییەکان بـە پێداگرییـەوە هەڵوەسـتەیان لەسـەر ئـەو خاڵـە کـرد. لـە 13ی کانوونـی دووەمـی 1918 لـە رۆژنامـەی (پراڤـدا) لەبـارەی ئەرمەنەکانـەوە ئەمـە بڵاوکرایـەوە:

---

2 - Yusuf Hikmet Bayur, Türk İnkılabı Tarihi, Cilt III Kısım 4 s. 113-114

3 - ئـەو دەوڵەتانـەی گوشـار بـۆ نەتـەوەکان دەهێنـن و لەنێـو خاکـی خۆیانـدا ناوچـەی کەمینـەکان داگیـر دەکـەن، لـە ناوەنـدە جیهانییەکانـدا هەمیشـە پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە "ئەمـە کێشـەی نێوخۆییـە". بـەم شـێوەیە کێشـەکە دەشـارنەوە و بەربەسـت لەبـەردەم کاردانـەوەی هێـزە دیموکراسـیخوازەکان دادەنێـن. سـەرباری ئـەو هەمـوو زوڵـم و کۆمەڵکوژییـەی دەسـەڵاتی ئیتیحـاد و تەرەقـی لـە دژی ئەرمـەن کردوویانـە، ئەوە جێـی سـەرنجە کـە گوتوویانـە "ئەمـە کێشـەی نێوخۆییـە و پەیوەنـدی بـە بەلشـەڤییەکانەوە نییـە". (کێشـەی نێوخـۆ) بیانوویەکـی گرنگـە بـۆ چەوسـاندنەوەی نەتـەوە ژێردەسـتەکان و درێـژەدان بـە زۆرداری.

"... حکومەتی کرێکاران و جووتیاران، لە رووسیا و تورکیا، ئەگەر ئەرمەنەکان بیانەوێ، تاوەکو ئەوەی بە تەواوی دەگەنە رزگاری، پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسیان دەکات. ئەنجوومەنی کۆمیساریا (ئەنجوومەنی وەزیران) لەو بڕوایەدایە بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە، تاکە رێگە بریتییە لە گشتپرسییەکی ئازادانە. بۆ ئەمەش پێویستە:

1 - بەزوویی هێزە سەربازییەکان لە ئەرمینیای تورکیا بکشێنەوە [4] و دەستبەجێ هێزێکی ئەرمەنی دابمەزرێ کە سەروماڵی خەڵک بپارێزێت.

2 - ئەو ئەرمەنانەی ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەر بوونە، بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

3 - گەڕاندنەوەی ئەو ئەرمەنانەی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی بەڕێوەبەری شەڕ ئاوارە کرابوون.

4 - پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی کاتی، ئەویش لەلایەن دامەزراوەیەکی نوێنەرانەوە کە بەپێی بنەماکانی دیموکراسی هەڵبژێردرابن. ئەو مەرجە لەکاتی دیدارەکانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دادەنرێت.

5 - بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانە، کۆمیسەری کاروباری قەفقاسیا یارمەتی ئەرمەنەکان دەدات.

6 - بۆ ئەوەی سەربازە بیانییەکان لەسەر خاکی ئەرمینیا نەمێنن، کۆمیسیۆنێکی فرەپێکهاتە پێکدەهێنرێت. [5]

---

4 - چەمکی "ئەرمینیای تورکیا" هەڵەیە. چونکە ئەم دەستەواژەیە گوزارشتە لە گرووپە ئیتنیکییە تورکی و ئەرمەنەکان. ئەرمینیا ئەو جوگرافیایەیە کە ئەرمەنەکانی لەسەر دەژین. دابەشکردنی ئەرمینیا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی، ئێران و رووسیا بە دڵنیاییەوە بەو مانایە نایێت کە نەتەوەی ئەرمەن بووبێتە تورک، رووس یان ئێرانی. هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەو دەوڵەتانە پەیڕەویان لە سیاسەتی بە تورککردن، بە رووسکردن و بە ئێرانیکردن کردووە و ویستوویانە گەلی ئەرمەنی لەنێوبەرن، بەڵام هەمیشە ئەم ویستە هەمیشە لەلایەن ئەرمەنەکان بەرپەرچ دراوەتەوە. لەو رەهەندەوە گوزارەی (ئەو بەشەی بەر ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتووە) و (ئەو بەشەی بەر رووسیا کەوتووە) دروستترە. هەمان شت بۆ کورد و کوردستانیش راستە.

5. Yusuf Hikmet Bayur, y.a.g e., s. 121

لـەو بەیاننامەیـەوە دیـارە کـە بەلشـەڤییەکان زانیاریـی زۆر دروسـتیان سـەبارەت کێشـەی ئەرمینیـا هەبـووە. زانیـاری پێویسـتیان هەبـووە سـەبارەت ئـەوەی ئەرمینیا دابەشـکراوە، ئیتیحـاد و تەرەقـی ئەرمەنەکانیان ڕاگواسـتووە و کۆمەڵکـوژ و جینۆسـایدیان کـردوون. لـەو ڕوانگەیـەوە ئـەو پێشـنیازانەی بـۆ ئەرمەنـەکان خسـتبوویانەڕوو، لەگەڵ واقیعەکـە تەبا بوو. کۆنفرانسـی برێسـت- لیتۆفسـک لەنێـوان حکومەتـی کاتیـی کرێـکاران و جووتیارانـی ڕووسـیا، نەمسـا و هەنگاریـا، ئەڵمانیـا، بوولگاریـا و دەوڵەتـی عوسـمانی لـە 3ی ئـاداری 1918 کۆتایـی هـات و ڕێککەوتننامـەی ئاشـتی واژۆکـرا. بەوپێیـە حکومەتـی سـۆڤیەت لـە پۆڵۆنیـا، لیتوانیـا، لاتڤیـا، ئیسـتۆنیا و فینلانـد دەکشـایەوە. دانـی بـە سـەربەخۆیی ئۆکراینـادا دەنـا. ئـەو ناوچانـەی لـە مـاوەی شـەڕدا ڕووسـیا لـە خاکـی عوسـمانی داگیـری کردبـوون، لێیـان دەکشـانەوە. ئـەو شـوێنانەی خاکـی ئەرمینیا و کوردسـتان بـوون، قـەرس، ئەردەهـان و باتوومـی دەخرانـەوە ژێـر دەسـەڵاتی تـورک. هەمـوو لایەنـەکان دانیـان بـە یەکگرتوویـی خـاک و سـەربەخۆیی ئێـران و ئەفغانسـتاندا دەنـا.

بەلشـەڤییەکان هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەو ڕێککەوتننامەیە، هەر هەمـان ڕۆژ، واتـە لـە 3ی ئـاداری 1918، بەجیـا لەگەڵ نوێنەرانی عوسـمانی کۆبوونەوە و پاشـان ڕێککەوتننامـەی نێـوان عوسـمانییەکان ـ یەکێتی سـۆڤیەت واژۆکرا. بەگوێـرەی بڕگەکانـی ئـەو ڕێککەوتنـە، سـەربازانی ڕووس لـە مـاوەی 8-6 هەفتـەدا لـەو شـوێنانە دەکشـانەوە کـە داگیریـان کردبـوون. تاوەکـو ئەوکاتـەی سـەربازانی تورک شـوێنیان دەگرنـەوە، ئەوان ئاسایشـی ناوچەکە دەسـتەبەر دەکـەن و ڕێ لـە پێشـهاتی تۆڵەسـەندنەوە و دزیکـردن دەگرن. چەتـە ئەرمەنـەکان لە چـەک دادەماڵدرێـن و پەرتەوازە دەکرێن. ڕووسـەکان بـۆ چاودێریکردنـی سـنوور تاوەکـو ئاشـتەوایی سەرتاسـەری بـەدی دێـت، لـەوێ دەمێننـەوە و ئەگـەر دۆخەکـە پێچەوانـە بـووەوە، لایەنـەکان یەکتـر ئـاگادار دەکەنـەوە. کاتێـک دەوڵەتـی عوسـمانی ناچـار دەبێـت لەگـەڵ دووژمنانـی دیکـە شـەڕ بـکات، ناچـارە سـوپاکەی سـەفەربەرلیک بـکات. ئەو

بەندانەی تایبەت بوون بە دابەشکردنی خاکی ئێران، حوکمیان نامێنێت. دواتر سنووری ناوچەکانی قارس، ئەردەهان و باتوومی دیاری دەکرێن و سنوور هەر سنووری 1877 -1878 دەبێت [6]

ئەو ئەنجامەی لە رێککەوتننامەی برێست- لیتۆفسک بەدەستهات، بۆ دەوڵەتانی میحوەر، واتە ئەڵمانیا، نەمسا- هەنگاریا، بوولگاریا و دەوڵەتی عوسمانی دەستکەوتێکی گەورە بوو. ئەم دەستکەوتە، سەرباری ئەوەی لە شەڕدا دۆڕا بوون، بەڵام بۆ دەسەڵاتی عوسمانی بەدەستهێنانی قەرس، ئەردەهان و باتوومی گرنگ بوو. ئەگەر سەرنج بدرێت؛ دژوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو بنەمایانەی بەلشەڤییە بەشدارەکانی کۆنفرانسی برێست-لیتۆفسک پێداگرییان لەسەر دەکرد، لەگەڵ دەقی رێککەوتننامەکە، واتە دەرئەنجامی کۆنفرانسەکەدا هەبوو. بەلشەڤییەکان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان، رزگارکردنی گەلانی ژێردەستە بەشدارییان لە کۆنفرانسی ئاشتی دا کرد. لە ماوەی کۆنفرانسەکەشدا بەتایبەتی هەڵوەستەیان لەسەر ئەوە کرد کە ئەرمەنەکان سەربەستانە مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لینین و ستالین گوتاری زۆر روونیان لەوبارەیەوە هەبوو. بگرە جەختیان لەسەر پرسی دروستکردنی سوپایەکی سەربەخۆی ئەرمەنی کردبوو بۆ ئەوەی نەتەوەی ئەرمەن بتوانێت سەربەستانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەوەیان خستبووەڕوو کە پێویستە لە ئەرمینیای ژێر داگیرکاریی عوسمانی و ژێر داگیرکاریی رووسیادا گشتپرسی بکرێت. ئەمە لەکاتێکدا لە بڕگەکانی رێککەوتننامەی برێست- لیتۆفسکدا بەهیچ شێوەیەک ئەو بنەمایانە جێبەجێنەکران و نین. ئەوە خراوەتەڕوو کە قەرس، ئەردەهان و باتوومی بۆ عوسمانییەکان بەجێدەهێڵدرێن. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەم دۆخە لەگەڵ ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی ئەرمەن یەکی نەدەگرتەوە.

6 - y.a.g.e., s. 135-137

بەگوێـرەی رێککەوتنەکـە، تاوەکـو ئەوکاتـەی سـەربازانی تـورک دەگـەن، سـەربازە رووسـەکان ئاسـایش و ئارامـی دەپارێـزن. ئـەوەی سـەیرە ئەوەیە: ئـەو بەلشـەڤییانەی کـە بە بیرۆکەی دروسـتکردنی سـوپایەکی سـەربەخۆی ئەرمەنییـەوە هاتبوونـە کۆنفرانسـەکە، ئـەو داوایـە قەبـووڵ دەکـەن کـە "چەتـە ئەرمەنـەکان لـە چـەک دادەماڵرێـن و پەرتـەوازە دەکرێـن"! جارێکـی دیکــە بڕیــاردان ســەبارەت داهاتــووی ئەرمەنــەکان دەبەســترێتەوە بــە خواسـتی تورکەکانـەوە. ئەمـە بێگومـان ماددەیەکـە شـاندی عوسـمانی خسـتوویەتییە بـەردەم کۆنفرانسـەکە. هەمـوو ئەمانـە بەڕوونـی ئـەوە دەردەخـەن کـە ئـەو بنەمایـەی بەلشـەڤیکەکان بـەر لـە شـۆڕش و لـە سـەرەتاکانی شـۆڕش دا بەوپـەڕی جـۆش و خرۆشـەوە پشـتیوانییان لـە مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس دەکـرد؛ چـۆن لە بەرانبـەر واقیـع و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانـدا پاشەکشـە دەکـەن. دەکـرێ هەمـان پێشـهات لـە رۆژی 18ی کانوونـی یەکەمـی 1917 لـە خاڵەکانـی ئاگربەسـتی نێـوان حکومەتـی کاتیـی کرێـکاران و جووتیارانـی رووسـیا و دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـەدی بکەیـن. ئـەو رێککەوتننامەیـە کـە نـاوی رێککەوتننامـەی ئەرزنجانـە، ماددەیەکـی تێدایـە دەڵێـت: "فەرمانـدەی تـورک بەڵێنـی ئـەوە دەدات کـە کـورد بەتـەواوی پابەنـد بـکات. کاتێـک جوڵانـەوەی دووژمنکارانـەی کـورد سـەرهەڵدەدەن، سـەربازانی رووس لەنێـو سـنووری خۆیانـدا بەشـێوەیەک هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکـەن کـە چەتـەن و هیـچ دەوڵەتێـک دانیـان پێدانانێـت". [7]

وەک دیـارە لێـرەش دا کـورد وەک نەتەوەیەکـی چەوسـاوە سـەیر ناکرێـت. ئـەو رێککەوتننامەیـەی نێـوان بەلشـەڤییەکان و دەسـەڵاتدارێتی عوسـمانی، دیسـان دەسـەڵاتی عوسـمانی لـە دژی کـورد دەپارێزێـت. ئـەوە لەکاتێکـدا کـورد یەکێکـە لـەو نەتەوانـەی لەلایـەن دەوڵەتی عوسـمانییەوە

7 - 7. Tülay Duran, Bolşeviklerin Osmanlı Devleti iİe Yaptıkları İlk Anlaşma, BTTD, Sayı 37, Ekim 1970, s. 19

دەچەوسێتەوە. بێگومان ئەو هەڵوێستەی بەلشەڤییەکان دژبەیەکی و ناکۆکی تێدایە لەگەڵ بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلە چەوساوە و داگیرکراوەکان.
سەرباری ئەوەی ڕێککەوتننامەکە دەستکەوتی زۆری بۆ دەوڵەتانی میحوەر تێدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەربەست نەبوو لە دۆڕانیان. لە هاوینی ساڵی 1918ـەوە دۆخەکە بەخێرایی و بە دژی دەوڵەتانی میحوەر دەشکایەوە. یەکەم جار بوولگاریا لە شەڕ کشایەوە. دۆخی نێوخۆیی بوولگاریا خراپ بوو. زیادبوونی پشێویی نێوخۆیی بەهۆی تووندبوونەوەی پێکدادانی چینایەتی، دەریدەخست کە چیدی ناتوانێ خۆی لە بەرەکانی جەنگ رابگرێت. لەو دۆخەدا بوولگاریا لە 29ی ئەیلوولی 1918 ئاگربەستی راگەیاند و شەڕی راگرت.
دووەم وڵات، دەوڵەتی عوسمانی بوو کە لە شەڕ کشایەوە. دەوڵەتی عوسمانی دەستکەوتی زۆری لە ڕێککەوتننامەی برێست-لیتۆفسک بەدەستهێنا. قەرس، ئەردەهان و باتوومی وەرگرتەوە. لە قەفقاسیا هەوڵی بەرەپێشچوونی دەدا. لە ئازەربایجان، باکۆی بەدەستهێنابوو، هەوڵیدەدا بەرەو باکوور پێشڕەوی بکات. دەیویست لە ڤۆڵگا و ئۆراڵ بپەڕێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای نێوەڕاست بەهێز بکات. هەر دوای ڕێککەوتننامەی برێست- لیتۆفسک، هەوڵەکانی تورانیزم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، سەرچاوەی هیوا بوو بۆ ئیتیحادییەکان، بەڵام سوپای عوسمانی لە فەڵەستین و عێراق تووشی شکستێکی گەورە بوو. کشانەوەی بوولگاریا لە شەڕ کاریگەری قووڵی کردە سەر دەوڵەتی عوسمانی. دەنگۆی ئەوە هەبوو سوپای شۆڕشگێڕەکان بەرەو ئیستەنبووڵ بەڕێوەن. ئەم دۆخە وای لە حکومەتەکەی عیزەت پاشا کرد بیر لە ئاگربەست بکاتەوە. ئەوە بوو ئاگربەست لە 30ی ئۆکتۆبەری 1918 لە مۆندرۆس واژۆکرا. لەگەڵ ئاگربەستی مۆندرۆس، کۆتاییش بە جموجۆڵە سەربازییەکانی عوسمانی لە قەفقاس دەهات.
ئەوەی ناچار بە ئاگربەست کرا، ئیمپراتۆریی نەمسا-هەنگاریا بوو. نەمسا-

هەنگاریـا هـەر لـە سـاڵی یەکەمـی شـەڕەوە تووشـی شکسـت بـوو. لـە ساڵانی 1917-1916ــەوە بـەدوای ئاشـتەواییەوە بـوو. هەرچـی دۆخـی نێوخۆییانـە بەخێرایـی رووی لـە خراپـی بـوو. لـە مانگەکانـی هاوینـی ساڵی 1918دا بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی چیـک، سـڕب، کـروات و سـلۆڤینییەکان چالاک بوو. ئیمپراتۆری نەمسا رایگەیاند کە چەند دەوڵەتێک لەسـەر بنەمای نەتـەوە و کەمینـەکان دادەمەزرێنـێ، بـەڵام ئـەوەش نەیتوانـی دۆخەکـە هێـور بکاتـەوە. ئـەو رۆمەنانـەی لـە ترانسـیلڤانیا نیشـتەجێبوون، لەپێنـاو یەکگرتوویـی نەتەوەیی خۆیان خەباتیان دەکرد. لـە 18ی ئۆکتۆبەری 1918دا حکومەتـی کاتیـی چیـک لـە پاریـس سـەربەخۆیی چیکۆسـلۆڤاکیای راگەیاند. دوای ئـەوان هەنگارییـەکان لـە 24ی ئۆکتۆبـەردا دەوڵەتـی سـەربەخۆیان راگەیانـد. هێرشـی ئیتاڵییەکانیـش بەخێرایـی بەرەوپێـش دەچـوو. لـەو دۆخـەدا ئیمپراتـۆر لـە 3ی تشـرینی دووەمـی 1918دا ناچاربـوو ئاگربەسـت قەبـووڵ بـکات. ئاگربەسـتەکە لـە ڤیلاگوسـتی نزیک پـاودای ئیتاڵیـا واژۆکرا و ئەمـەش پەرتەوازەبـوون و هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆرییەکـەی خێراتـر کـرد. لـە 18ی ئۆکتۆبـەردا چیکـەکان کـە سـەربەخۆییان راگەیاندبـوو، لـە 29ی ئۆکتۆبـەر لـە پـراگ دەوڵەتی یەکگرتـووی چیکۆسـلۆڤاکیایان راگەیاند. هـەر لـە 29ی ئۆکتۆبـەردا، لـە زەگریـب، سـڕب و کـروات و سـلۆڤینییەکان دەوڵەتـی (یۆگوسـلاڤیا)یان راگەیانـد. بەوجـۆرە نەمسـاییەکانیش لـە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918دا کۆمـاری نەمسـایان دامەزرانـد و کۆتاییـان بـە ئیمپراتۆریـی نەمسا- هەنگاریا هێنا.
وڵاتێـک کـە هێشـتا لەگـەڵ کێشـە نێوخۆییەکانـی دەسـتەویەخە بـوو، ئەڵمانیا بـوو. لـە رۆژانـی کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا لـە ئەڵمانیا پێکدادانـی چینایەتـی تـاوی سـەندبوو. بەتایبەتـی دوای شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری رووسـیا، بزووتنـەوە کرێکارییـەکان لـە ئەوروپا رۆژ بە رۆژ بەهێزتـر دەبوون. لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی 1918دا بـە پێشـڕەویی سۆسیالیسـتەکان راپەڕینێـک لـە دژی حکومـەت بەرپـا بـوو. بـەم جـۆرە ویلیەمـی دووەم لەسـەر کورسـیی ئیمپراتـۆری هاتـە خـوارەوە و سۆسـیال دیموکراتـەکان

دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت. لـە 9ی تشـرینی دووەم بـە دامەزراندنـی کۆماری ئەڵمانیـا کۆتایـی بـە رایخـی دووەم هـات و حکومەتـی نوێی ئەڵمانیـا لە 11ی تشـرینی دووەمـی 1918 ئاگربەسـتی قەبـووڵ کـرد [8].

ئەنجامـی کۆتایـی جەنگـی جیهانیی یەکـەم، بردنەوەی بەریتانیا و فەرەنسـای هاوپەیمانـی و شکسـتی ئەڵمانیـا، نەمسـا-هەنگاریا و دەوڵەتـی عوسـمانی، پەیوەنـدی نزیکـی بـە تێگەیشـتنی داگیرکارانـە و کێشـە نەتەوەییەکانـەوە هەبـوو. دەوڵەتـە شکسـتخواردووەکان، بەتایبـەت ئاماژەمـان بـەوەدا لـە بەرەبـەری کۆتایـی جەنـگ کێشـەی زۆری نێوخۆییـان هەبـوو. بـۆ نموونـە ئەڵمانیـا نەیدەتوانـی چارەسـەرێک بـۆ بزووتنـەوەی چینی کرێـکار بدۆزێتەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا لـە بەریتانیا و فەرەنسـا پێشـکەوتنە پیشەسـازییەکان کەم تاوەکـو زۆر وەکـو یـەک بـوون، بـەڵام ئـەو دوو دەوڵەتـە کۆڵۆنییەکانـی خۆیـان زۆر بـە توونـدی کۆنتـرۆڵ کردبـوون. بۆیـە دەرفەتی ئەوەیـان هەبوو کێشـە نێوخۆییەکانـی خۆیـان بگوازنـەوە کۆڵۆنییەکانیـان.

ئـەم بـارە رێگربـوو لـەوەی پێکدادانـە چینایەتییـەکان لەنێـو وڵاتەکانیانـدا چڕبنـەوە. کۆڵۆنـی سـەرچاوەی کەرسـتەی خـاو بـوو، هەروەهـا بـازاڕی سـاخکردنەوە، هەروەهـاش شـوێنی بەرفراوانکردنـی بـازاڕ و رێگـر بـوو لەبـەردەم کەمبوونـەوەی قازانـج و زیادکردنـی داهـات. هەرچـی ئەڵمانیـا بـوو ئـەو دەرفەتانـەی زۆر سـنووردار بـوون. بۆیـە دەرفەتـی ئـەوەی لەبەردەسـت نەبـوو خەباتـی چینایەتـی نێوخـۆی وڵاتەکـەی و لێکەوتەکانـی بگوازێتـەوە دەرەوەی وڵات. لـە توێژینەوەیەکی دیکەدا هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو کاریگەرییـە دەکەیـن لەسـەر سـەرهەڵدانی فاشـیزم لـە ئەوروپـا و پەرەسـەندنی.

هۆکارێکـی دیکـە کـە کاریگـەری لەسـەر شکسـتی دەوڵەتانـی میحـوەر

---

(8) بۆ زانیاری سەبارەت ئەو ئاگربەستەی کۆتایی بە جەنگی جیهانیی یەکەم هێنا بڕوانە:
Fahir Armaoğlu,
Siyasal Tarih, s. 457-461; Haluk ـIman, Birinci Dünya Savaşına Giden Yol ve Savaş, s. 251-254

هەبوو، پەیوەستە بە کێشە نەتەوەییەکانەوە. چ لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا و چ لە نەمسا- هەنگاریا، گرووپی جیاوازی ئیتنیکی هەبوون. ئەو دەوڵەتانە چیتر هێزی ئەوەیان نەمابوو ئەو گرووپە ئیتنیکیانە لە ژێر رکێفی خۆیان راگرن. پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی، هەستی نەتەوەیی و بیری نەتەوەیی بەخێرایی زیادی دەکرد. فراوانبوونی سەرمایەداری، چڕبوونەوەی بازرگانی و هاوتا لەگەڵ ئەمانەشدا زیادبوونی کاریگەریی میدیا، ئەو بزووتنەوانەی پێشدەخست و بەفراوانتری دەکرد. لەم دۆخەدا بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵدەگەڕانەوە و داوای دەوڵەتی سەربەخۆیان دەکرد.

کۆنفرانسی پاریس کە لە دوای ئاگربەست کۆبووەوە، هەوڵی هاریکاری ئەو دەوڵەتە دۆڕاوانەی دەدا کە لەسەر رێگەی پێکهێنانی ئاشتی بوون. کۆنفرانسی پاریس بە بەشداریی نوێنەرانی 32 دەوڵەت لە 18ی کانوونی دووەمی 1918 دەستی بە کارەکانی کرد [9].

سەرباری ئەو 32 نوێنەرەی وڵاتان کە بەشدارییان لە کۆنفرانسی پاریس دا کرد، پێنج دەوڵەتیش وەک سەرپەرشتیار و جڵەوگیر دەردەکەوتن. ئەوانیش؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ژاپۆن بوون. لەبەرئەوەی ژاپۆن زۆر گرنگی بە کێشەکانی ئەورووپا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەدەدا، بۆیە لە پیشڤەچوونی کۆنفرانسەکەدا هاوشێوەی ئەوانی دیکە کاریگەری نەبوو. ویڵسن کە خۆی بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا کرد، زیاتر سەرقاڵی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی بوو. کاتێک لە مانگی شوبات دا کۆمەڵەی گەلان دەرکەوت، ویڵسن لە کۆنفرانسەکە کشایەوە. ئیتاڵیاش لە کۆنفرانسەکەدا وڵاتێکی خاوەن پێگە نەبوو. لەو روانگەیەوە دەکرێ بگوترێ کۆنفرانسەکە زیاتر

---

9 - ئەو 32 دەوڵەتە ئەمانە بوون: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەلجیکا، بۆلیڤیا، بەرازیل، ئیمپراتۆریی بەریتانیا (کەنەدا، ئوسترالیا، باشووری ئەفریقیا، نیوزیلاند، هیندستان) کوبا، ئیکوادۆر، فەرەنسا، یۆنان، گواتیمالا، هایتی، حیجاز، هیندۆراس، ئیتاڵیا، ژاپۆن، لیبریا، نیکاراگوا، پەنەما، پیرۆ، پۆڵۆنیا، پوورتووگال، رۆمانیا، دەوڵەتی سرب- کرواتیا- سلاڤ (یوگوسلاڤیا)، تایلاند، چیکۆسلۆڤاکیا، ئۆرۆگوای.

بـە ئاراسـتەی ویسـت و ئامانجـی بەریتانیـا و فەرەنسـا بەڕێوەدەچـوو. ئـەو دوو دەوڵەتـەش هیچ هاودەنگییەکیان سـەبارەت کێشـەکانی ئەوروپا و رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نەبـوو. بەڵکـو جیاوازیـی زۆریشـیان هەبـوو. جیاوازیـی زۆر لـە بەرژەوەندییەکانیانـدا هەبـوو.

لـەو سـۆنگەیەوە، نوێنـەری ئـەو وڵاتانـەی لـە جەنگـدا دۆڕابـوون بانگهێشـتی کۆنفرانسـی پاریـس نەکـران. چونکـە دەوڵەتانـی هاوپەیمـان نەیاندەویسـت نیشـانی دەوڵەتـە دۆڕاوەکانـی بـدەن کـە بەهـۆی جیاوازیـی بەرژەوەندییەکانیـان نەیانتوانیـوە رێکبکـەون. ئەمـە پڕکێشـییەکی بـەوان دەبەخشـی. بۆیـە ئـەو دەقانـەی لـە کۆنفرانسـی پاریسـدا ئامادەکرابـوون، دەدرانـە ئـەو دەوڵەتانـە و پێیاندەگوتـرا کـە جگـە لـە قەبووڵکردنـی ئـەو رێککەوتننامەیـە هیـچ چارەیەکـی دیکەیـان نییە. لەسـەر هیـچ دەق و خاڵێک گەنگەشـە نەدەکـرا. هەندێـک بەندیـش سـەبارەت کۆمەڵـەی گـەلان لەبـەردەم پەیماننامەکانـی ئاشـتی دادەنـران.

یەکـەم پەیماننامەی ئاشـتەوایی خرایـە بەردەم ئەڵمانیا. ئـەو پەیماننامەیەی لـە 28ی حوزەیرانـی 1919 لـە ڤێرسـای ئامادەکرابـوو، لـە چوارچێـوەی خواسـتەکانی فەڕەنسـادا بـوو. فەرەنسـا دەیویسـت ئەڵمانیـا بەشـێوەیەک سـەرکوت بـکات کـە جارێکـی دیکـە نەتوانێـت سـەرهەڵبڕێتەوە. هەرچـی بەریتانیـا بـوو، دەیویسـت ئەڵمانیـا هێـزی دەریایـی خـۆی هەڵبوەشـێنێتەوە و بـەر بـە باڵادەسـتی دەریایـی ئەڵمانیـا بگرێـت. بەگوێـرەی رێککەوتننامـەی ئاشـتی، ئەڵمانیـا ناوچەکانـی ئێلـزاس و لۆرینـی دەدایـەوە فەرەنسـا. هـاوکات بەشـێک لـە خاکەکـەی دەبەخشـییە هەریەکـە لە بەلجیـکا، پۆڵۆنیا و دانیمـارک. ئەڵمانیـا لـە ئەفریقیـا و ناوچەکانـی دیکـەی دنیـادا دەسـت لـە کۆڵۆنییەکانـی خـۆی هەڵدەگـرێ و دەکەونـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی بەریتانیا و فەرەنسـاوە. لـەو ناوچانـەدا دەسـەڵاتدارێتییەکی ئینتیدابـی دادەمەزرێنـدرا کـە شـێوەیەکی نوێـی داگیـرکاری بـوو. لـە داهاتـوودا هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەم پرسـەش دەکەیـن. ئەڵمانیـا لـە چـەک دادەماڵـرا. لەسـەرووی ئەمانەشـەوە مەحکـووم بـوو بـەوەی باجێکـی گەورەی شـەڕ بـدات. هەموو

ئەمانە بوونە خاڵی بنچینەیی بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم و گەشەکردنی لە ئەڵمانیا.

دووەم وڵات کە رێککەوتننامەی ئاشتەوایی خرایە بەردەست نەمسا بوو. بەگوێرەی رێککەوتننامەی سانت جێرمان لە 10ی ئەیلوولی 1919، نەمسا دان بە سەربەخۆیی هەنگاریا، چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگوسلاڤیا دادەنێ و هەندێک خاک دەبەخشێتە یۆگوسلاڤیا، پۆڵۆنیا و رۆمانیا. نەمسا لە چەک دادەماڵرێ و قەرەبووی زیانەکانی جەنگ دەکاتەوە. سێیەم وڵات کە رێککەوتننامەی ئاشتەوایی خرایە بەردەم، بوولگاریا بوو. بوولگاریا خاکی دەبەخشیە یۆنان و یۆگوسلاڤیا. هیچ پەیوەندییەکی بە دەریای ئیجەوە نەدەما و لە چەکیش دادەماڵرا. سەربازیی ناچاری هەڵدەگیرا و قەرەبوویەکی سنووورداری زیانەکانی جەنگی دەکردەوە. رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ بوولگاریا لە 27ی تشرینی دووەمی 1919 واژۆکرا [10].

یەکێک لە رێککەوتننامەکانی ئاشتی بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئامادە کرا، بەڵام ئەو بزووتنەوەیەی لە ئەنادۆڵ لەژێر کاریگەریی سۆڤیەت و بە رێبەرایەتی مستەفا کەمال دەستیپێکردبوو، کاریگەریی ئیسلامگەرایی، رێکنەکەوتنی نێوخۆیی وڵاتانی هاوپەیمان، کاریگەریی ئەنوەر پاشا و لایەنگریی مستەفا کەمال بۆ رۆژئاوا بوونە هۆی ئەوەی پێشکەشکردنی رێککەوتننامەکە بە عوسمانییەکان سەخت بێت. سەرئەنجام دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو ساڵ، لە 29ی ئابی 1920 رێککەوتننامەی سیڤەر واژۆکرا. بەڵام رێککەوتننامەی سیڤەر بە کاریگەریی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران، هەر بە مردوویی لەدایک بوو. رێککەوتننامەیەک بوو بەهیچ شێوەیەک دەرفەتی جێبەجێکردنی نەبوو. لە بەشەکانی داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

---

10 - بۆ رێککەوتننامەکانی ئاشتی بڕوانە:

Fahir Armaoğlu, Siyasi Tarihi, s. 462-466

## 3 - ئاگربەستی مۆندرۆس

لـە سـەرەوە ئەوەمـان خسـتەڕوو کـە ئاگربەسـت لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی لـە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918 واژۆکـرا. بـەر لـەوەی بچینـە سـەر ئـەو باسـە، گرنگـە بـە کورتـی سـەرنجێک بخەینـە سـەر دەقـی بەندەکانـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس [11]

ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، کـە لـە 30ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1918 بـە عوسـمانییەکان درایـە قەبووڵکـردن، لـە 25 مـاددە پێکهاتـووە. بـە کورتـی بـەم شـێوەیەن:

1. بـۆ ئـەوەی لـە دەریـای ڕەش دڵنیایـی بەرقەراربـێ، چاناککـەڵا و دەریـای ڕەش، گـەرووی (ئیسـتەنبووڵ) لەلایـەن هێزەکانـی دەوڵەتانـی هاوپەیمانـەوە داگیـر دەکرێـت.
2. شـوێنی هەمـوو کێڵگـە مینـە دەرياييەکانی نێـو ئاوی عوسـمانییەکان بۆ هێـزە هاوپەیمانـەکان دەستنیشـان دەکرێـن و بـۆ هەڵگرتنەوەیـان هـاوکار دەبن.
3. زانیاری سەبارەت سەرجەم کێڵگەمینەکانی دەریای ڕەش دەدرێت.

11 - بۆ ئاگربەستی مۆندرۆس بڕوانە:
Türk İstiklal Harbi, Cilt I, Mondros Mütarekesi ve Tatbikatı, Genelkurmay Başkanlığı Yay., Ankara 1962.
Yusuf Hikmet Bayur, Türk İnkilap Tarihi, Cilt 3, Kısım 4, s. 739-791.
Fahri Belen, Türk Kurtuluş Savaşı, Başbakanlık Kültür Müsteşarlığı Yay., Ankara 1973, s. 1-49.
Tayyip Gokbilgin, Milli Mücadele Başlarken, 1. Kitap, İş Bankası Yay., Ankara 1959, s. 3-32.
Cemil Birsel, Lozan, Birinci Cilt, İstanbul 1933, s. 194-211.
Taner Baytok, İngiliz Kaynaklarından Türk Kurtuluş Savaşı, Ankara 1970, s. 3-8.
Gotthasul Jaeschke, Kurtuluş Savaşı ile İlgili İngiliz Belgeleri, ev. Cemal Koprülü, TTK, 1971, s. 27-36.
Yahya Akyüz, Türk Kurtuluş Savaşı ve Fransız Kamuoyu, 1919-1922, TTK, 1975 s. 39-42.
Yusuf Hikmet Bayur, Yirminci Yüzyılda Türklüğün Tarih ve Acun Siyasası _zerindeki Etkileri, TKK, 1974, s. 153 vd.
Yusuf Hikmet Bayur, Yeni Türkiye Devletinin Harici Siyaseti, İstanbul 1935, s. 14-44.
Salahi Sonyel, Türk Kurtuluş Savaşı ve Dış Politika, TTK, 1973, s. 7-19.
Selâhattin Tansel, Mondros'tan Mudanya'ya Kadar, Cilt I, Başbakanlık Kültür Müsteşarlığı Yay., Ankara 1975, s. 9-156.
Sina Akşin, İstanbul Hükümetleri ve Milli Mücadele, Cem Yay., İstanbul 1976, s. 51-64.

4. سـەرجەم دەسـتگیرکراوانی هاوپەیمانـان کـە دیلـی جەنـگ بـوون، هـاوکات دەسـتگیرکراوانی ئەرمـەن لـە ئیسـتەنبووڵ کۆبکرێنـەوە و بەبـێ شـەرت و مـەرج رادەسـتی هاوپەیمانـان دەکرێـن.
5. هێـزی زیـاد لـە پێویسـتی پاراسـتنی سـنوورەکان و دابینکردنـی ئاسایشـی نێوخـۆ، دەسـتبەجێ لـە ئەرکـی سـەربازی دەخرێـن. ژمـارە و شـوێن و پێگـەی ئـەو سـەربازانە بـە رێککەوتنـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان و دەوڵەتـی عوسـمانی دیـاری دەکرێـن.
6. جگـە لـە کەشـتیگەلی بچـووک و شـتی هاوشـێوە کـە بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی ئاوەکانی دەوڵەتی عوسـمانی بەکاردەهێنرێن، هەر کەشـتییەکی جەنگـی لـە ئاوەکانـی عوسـمانی، یاخـود ئـەو ئاوانـەی لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانییەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە، هەموو کەشـتییە جەنگییەکان دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێـت و لـە کەناراوەکانـی عوسـمانییەکان رادەگیرێـن.
-7 هەرکاتێـک هەڕەشـەیەک لەسـەر ئاسایشـی وڵاتانی هاوپەیمـان هەبوو، ئـەوا مافـی ئەوەیـان دەبێـت لەسـەر خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی هـەر خاڵێکـی سـتراتیژی هەبێـت، دەسـتی بەسـەردا بگـرن.
8. هەمـوو ئـەو بەنـدەر و رێگـە ئاسـنینیانەی ئەمـڕۆ لەژێر دەسـتی دەوڵەتی عوسـمانیدان، رێگـە دەدرێ کەشـتیگەلی هاوپەیمانان سـوودیان لێوەربگرن

---

Doğan Avcıoğlu, Milli Mücadele Tarihi, s. 99-128; Şevket Süreyya
Aydemir, Tek Adam Mutafa Kemal, Cilt I (1881-1919), Remzi Kitabevi, İstanbul 1963, s. 325 vd.
Celal Bayar, Ben de Yazdım, Milli Mücadeleye Giriş, Cilt 5, İstanbul 1967, s.
1421-1423.
Celal Erihan, 100 Soruda Kurtuluş Savaşımızın Tarihi, Gerçek Yay., İstanbul
1971, s. 19-21.
Celal Erihan, Komutan Atatürk, İş Bankası Yay., Ankara 1972, s. 265-289.
Türkiye Dış Politikasında 50 Yıl Kurtuluş Savaşımız (1919-1922), Hazırlayan
Dışişleri Bakanlığı, s. 1-11.
Tevfik Bıyıklıoğlu, Trakya da Milli Mücadele, Cilt I, TTK, Ankara 1955, s. 123-163.
Kazım Karabekir, İstiklal Harbimiz, 2. Baskı, Türkiye Yay., İstanbul 1969, s. 2-4.
Sabahattin Selek, Anadolu İhtilali, 4. bs., Burçak Yay., İstanbul 1968, s. 33-43.
Ali Fuat Türkgeldi, Mondros ve Mudanya Mütarekelerinin Tarihi, Türk Devrim Tarihi Enstütüsü Yay., Ankara 1948.

و بــۆ ئەوانــەی لــە دژی هاوپەیمانــان لەشــەڕدا دەبــن، داخــراو دەبێــت. کەشـتیگەلی عوسـمانیش لـە پرسـی بازرگانـی و شـوێنگۆڕکێی سـەربازی و کاروبـاری هاوشـێوەدا سـوودیان لێوەردەگرێـت.
9. وڵاتانــی هاوپەیمــان بۆیــان هەیــە ئامــرازی چاککردنــەوە، ئامێــر و ئامــرازی عوســمانییەکان کــە لــە لەنگەرگــە و کەناراوەکانــدا هــەن، بەکاربهێنــن.
10. تونێلەکانــی تــۆرۆس لەلایــەن هێــزە چەکدارەکانــی دەوڵەتانــی هاوپەیمانــەوە دەســتیان بەســەردا دەگیرێــت.
11. هێزەکانــی عوســمانی لــە باکــووری رۆژئــاوای ئێــران، دەســتبەجێ دەگەڕێندرێنــەوە سـنووری بـەر لـە دەسـتپێکردنی شـەڕ. هەمـوو ئـەو فەرمانانـەی پێشـتر لەوبارەیـەوە دراون، بەجێدەگەیێندرێـن. دوای ئـەوەی پێشــتر بەشــێک لــە قەفقاســیا لەلایــەن عوســمانییەکانەوە چــۆڵ کــرا، ئــەوەی دەمێنێتــەوە لەلایــەن هێزەکانــی هاوپەیمانانــەوە بارودۆخــی ناوچەیــی هەڵدەســەنگێندرێت و بەپێــی پێویســت چــۆڵ دەکرێــت.
12. جگــە لــە هەواڵــدەری حکومەتــی عوســمانی، بێتــەل و تەلەگــراف و کەیبڵەکانـی گەیانـدن هەموویـان لەلایـەن فەرمانبەرانـی دەوڵەتانـی هاوپەیمانــەوە چاودێرییــان دەخرێتــە ســەر.
13. رێگــە دەگیرێــت لــە وێرانکردنــی ئــەو ماددانــەی تایبەتن بــە دەریاوانی، سـەربازی و بازرگانی.
14. دوای ئــەوەی پێداویســتییەکانی دەوڵەتــی عوســمانی پڕدەکرێنــەوە، بــۆ کڕینــی خەڵــووز، ســووتەمەنی و مــاددەی پێویســت بــۆ کاروبــاری دەریایــی لــە ســەرچاوەکانی دەوڵەتــی عوســمانی دەبــێ هەمــوو ئاســانکارییەک بکرێــت. ئــەو ماددانــە هەنــاردەی دەرەوە ناکرێــن.
15. لــە ســەرجەم هێڵەکانــی ئاســن دا ئەفســەرانی چاودێریکردنــی وڵاتانــی هاوپەیمــان دادەمەزرێنرێــن. لەنێــو ئــەو هێڵانــەدا هێڵــی ئاسـنیی قەفقاسـیای نێوەڕاسـتیش هەیـە کـە هێشـتا لەژێـر دەسـتی عوسـمانییەکاندایە. کار لــەو هێڵانــەی قەفقاســیا بــە ئــازادی و بــە

تـەواوی لەژێـر دەسـەڵاتی فەرمانبەرانـی وڵاتانـی هاوپەیمانـدا دەبێـت. راییکردنـی پێداویسـتییەکانی خەڵـک لەبەرچـاو دەگیرێـت. باتوومیـش دەچێتـە ژێـر چوارچێـوەی ئـەو دەستبەسـەرداگرتنە. دەوڵەتـی عوسـمانی نابـێ نارەزایـی دەرببـڕێ لـە دەستبەسـەرداگرتنی باتوومـی.

16. یەکینەکانـی پاراسـتنی ئاسـایش لـە حیجـاز، یەمـەن، سـووریا و عێـراق خۆیـان رادەسـتی نزیکتریـن فەرماندەیـی هاوپەیمانـان دەکـەن. ئـەو هێزانـەی لـە کلیکیـان، بەگوێـرەی بەنـدی بڕگـەی پێنـج هـەر هێنـدەی کـە بتوانـن لـەو شـوێنەدا سیسـتەمی ناوچەکـە رابگـرن، دەمێننـەوە.

17. ئـەو ئەفسـەرانەی دەوڵەتی عوسـمانی کە لە تەرابلـووس و بەنغازی ماونەتـەوە، دەبێ خۆیـان رادەسـتی نزیکتریـن یەکینەکانـی ئیتاڵیـا بکـەن. حکومەتـی عوسـمانی بەڵێنـی ئـەوە دەدا ئاگاداریـان بکاتـەوە، ئەگـەر گوێنەدەنـە فەرمانـی خۆڕادەسـتکردن، پەیوەندییـان لەگـەڵ دەبڕێـت.

18. بەندەرەکانـی تەرابلـووس و بەنغـازی، بـە بەندەرەکانی میسریشـەوە کـە داگیرکـراون، خۆیـان رادەسـتی نزیکتریـن یەکینـەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان دەکـەن.

19. سـەرباز، سـیڤیل، فەرمانبـەران و خێزانەکانیـان کـە سـەر بـە هێـزە دەریایـی و وشـکانییەکانی ئەڵمانیـا و نەمسـان، لـە مـاوەی مانگێکـدا، ئەوانـەی لـە شـوێنی دووریشـن دوای یـەک مانـگ، ئەگـەر بکـرێ هەرچـی زووە لەسـەر خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی نەمێنـن.

20. بەگوێـرەی مـاددەی پێنجـەم، ئامێـر، چـەک، جبەخانـە و ئامرازەکانـی گواسـتنەوەی ئـەو سـەربازانەی هێزەکانـی عوسـمانی کـە کۆتایـی بـە خزمەتـی سـەربازییان دەهێنرێـت، بەگوێـرەی رێنماییـەک دیـاری دەکرێـت کـە چـۆن بەکاردەهێنرێـن.

21. بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی وڵاتانـی هاوپەیمـان، بەشـی چاودێریکـردن نوێنەرانـی دەوڵەتانـی هاوپەیمانـی تێـدا دەبێـت و هەمـوو زانیارییەکـی پێویسـتیان لەوبارەیـەوە پێدەدرێـت.

22. دەسـتگیرکراوانی عوسـمانی لـە شـەڕدا، لەژێـر دەسـتی وڵاتانـی

هاوپەیمــان دەمێننــەوە. ئازادکردنــی گیراوانــی شــەڕی نێوخۆیــی و ناســەربازیش لەبەرچــاو دەگیرێــت.
23. حکومەتــی عوســمانی لەگــەڵ دەوڵەتانــی میحــوەر، واتــە ئەڵمانیــا، نەمســا-هەنگاریا و بوولگاریـا هەمـوو پەیوەندییەکانـی خـۆی دەپچڕێنێـت.
24. هــەر کاتێــک لــە شــەش ویلایەتەکــەدا، واتــە ئــەرزڕووم، وان، بتلیــس، دیاربەکــر، ئەلعەزیــز و ســیڤاس پشــێوی دەرکــەوت، وڵاتانــی هاوپەیمــان مافــی داگیرکردنــی هــەر بەشــێک لــەو ویلایەتانەیــان هەیــە.
25. دووژمنایەتــی نێــوان وڵاتانــی هاوپەیمــان و حکومەتــی عوســمانی لــە نیــوەڕۆی 31ی ئۆکتۆبــەری 1918 کۆتایــی دێــت.
بەریتانیـا لەجیاتـی وڵاتانـی هاوپەیمـان ئاگربەسـتی مۆندرۆسـی واژۆکـرد. حکومەتـی بەریتانیـا لەگـەڵ وڵاتـە هاوپەیمانەکانـی دیکـەی رێککەوتبـوو لەســەرئەوەی ئەرکــی واژۆکردنــی ئاگربەســتەکە بدرێتــە فەرماندەیــی دەریایی ئەدمیـراڵ ئارسـەر کلاسـۆرپ. ئـەو ئاگربەسـتە کـە لـە دوورگـەی لیمنــی شــارۆچکەی مۆنــدرۆس واژۆکــرا، بەنــاوی دەوڵەتــی عوســمانیش وەزیـری کاروبـاری دەریایـی رەئـووف بـەگ (ئۆربـای)، راوێـژکاری کاروبـاری دەرەوە رەشـاد حیکمـەت و سوپاسـالاری گشـتی سـەعدوڵڵا بـەگ واژۆیـان کـرد. وەک دەردەکەوێـت، ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس حوکمـی زۆر قورسـی بـۆ حکومەتـی عوسـمانی و نەتـەوەی تـورک تێدابـوون. لێـرەوە، لـە لاپەڕەکانـی داهاتــوودا چــۆن ئــەو ئاگربەســتە گەیشــتە رێککەوتننامــەی ســیڤەر، بزووتنـەوەی مسـتەفا کەمـال لـە ئەنـادۆڵ بـۆ ئەوەی ئـەو بەندانـە جێبەجێ نـەکات چـۆن پەیوەندییـە دیپلۆماسـی و سـەربازییەکانیان خسـتەکار، ئـەوە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان دەخەینـە بەربـاس.

## بەشی پێنجەم

## دوای ئاگربەستی مۆندرۆس

# مستەفا کەمال پاشا، بزووتنەوەی قوەی میللی و کەشی پێشڤەچوونی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز و بۆڵشەڤیکەکان

### 1. مستەفا کەمال پاشا

"... فەرمانەدەی گرووپی سوپای برووسکە مستەفا کەمال [1] بە تەلەگرافێکی عیزەت پاشا، فەرماندەی گشتی و سەدری ئەعزەم، لە رۆژی 31ی ئۆکتۆبەری 1918 دا، ئەوەی زانی کە شەڕ کۆتایی هاتووە و ئاگربەست واژۆکراوە. عیزەت پاشا لەو سەروبەندەدا وای پێ گونجاو بوو مستەفا کەمال لە ئیستەنبووڵ بێت و ئاماژەیشی بۆ ئەوە کردووە[2].

هەر کە لە پێراپالاس نیشتەجێ دەبێت، یەکەم کەس کە پەیوەندی

---

1 - زۆر باس لەوە دەکرێت کە مستەفا کەمال فەرماندەی گرووپی برووسکە بووە، بەڵام بەرپرسیارێتی مستەفا کەمال کەمتر لە هەفتەیەکی خایاند. لە 30ی ئۆکتۆبەری 1918، واتە لە رۆژی واژۆکردنی ئاگربەستی مۆندرۆس وەک فەرماندەی گرووپی برووسکە دەستنیشان کرا. لە 31ی ئۆکتۆبەر ئەرکەکەی لە ئەدەنە دەستپێکرد و لە 7ی تشرینی دووەمی 1918 لەسەر داوای پاشا، گرووپی سوپای برووسکە و قەرارگەی فەیلەقی حەوت هەڵوەشێنرانەوە. فەرمانی دا مستەفا کەمال پاشا ببێتە وەزیری کاروباری دەریایی. بۆ ئەمەش لە 13ی تشرینی دووەم هاتە ئیستەنبووڵ.

2. Şevket Süreyya Aydemir, Tek Adam, Cilt ,I s. 316-317

پێـوە دەکات سـەدری ئەعـزەم دەبێـت. سـەدری ئەعـزەم فەرمانـدەی گشـتی و وەزیـری بەرگـری ئەحمـەد عیـزەت پاشـا.
ئـەو بانگـی دەکات: "... وام پـێ چاکـە ئـەم ڕۆژانـە لـە ئیسـتەنبووڵ بیـت. پێویسـتم بـە ئێوەیـە" وای نووسـیوە.
بـەڵام کاتێـک مسـتەفا کەمـال گەیشـتە لای سـەدری ئەعـزەم، چیتـر عیـزەت پاشـا سـەدری ئەعـزەم نەمابـوو. دەسـتی لەکارکێشـابووەوە. ئەوە لەکاتێکـدا تەنیـا مانگێـک بەسـەر دروسـتکردنی کابینەکەیـدا تێپەڕیبـوو. یەکـەم پێشـهات کـە چاوەڕێـی نەدەکـرد، ئەمـە بـوو. لەکاتێکـدا ئـەو هیواخـوازی ئەوەبـوو هـەر بـە گەیشـتنی بـۆ ئیسـتەنبووڵ سـەرۆکوەزیران (سـەدری ئەعـزەم) وەزارەتـی بەرگـری کـە خـۆی وەزیـری بـوو، رادەسـتی ئـەو دەکات و بـەم شـێوەیەش،هەرچەند ڕۆژانێکـی پڕ ئاسـتەنگی لەپێشـە، وەک وەزیـری بەرگـری دەچێتـە نێـو ئەنجوومەنـی وەزیـران و کابینەکـەی و پاشـماوەی سـوپا ڕزگار دەکات و بـۆ ئـەوەی دیکـەش ڕێـکاری گونجـاو دادەنێـت. ئـەوە لـە کاتێکـدا کـە هێشـتا تەڵعـەت پاشـا و ئیتیحادییـەکان لەسـەر دەسـەڵات بـوون [3].
ئـەوەی بـۆ پاشـا نووسـیبوو کـە عیـزەت پاشـا وەک سـەدری ئەعـزەم و خۆیشـی وەک وەزیـری بەرگـری (وەزیـری شـەڕ) دانـراون. [4]
هـەر کـە عیـزەت پاشـا بـووە سـەدری ئەعـزەم، نووسـینی 'لە لوتفـی خودای دەخـوازم بـەم زووانـە پێکـەوە کار بکەیـن" و، لـە ڕۆژانـی دواییشـدا "وەرە ئیسـتەنبووڵ، پێویسـتم بـە تۆیـە" جگـە لـەوە دەبـوو بـۆ چیتـر بێـت؟
لـە ئیسـتەنبووڵ سـەدری ئەعزەمـی بەبـێ هیوایـی بینـی. فەتحـی بەگیـش

3 - تەڵعـەت پاشـا لـە 4ی شـوباتی 1917 بـووە سـەدری ئەعـزەم. حکومەتەکـەی تەڵعـەت پاشـا لە 15ی شـوباتی 1917 متمانەی بەدەسـتهێنا و دەسـت بەکار بـوو، بەڵام لـە 7ی ئۆکتۆبـەری 1918 دەسـتی لەکارکێشـایەوە و سـەدری ئەعـزەم درایـە تۆفیـق پاشـا. تۆفیـق پاشـاش ڕایگەیاند کـە حکومـەت پێکناهێنێت. بۆیە ئەرکی سـەدری ئەعـزەم لـە 14ی ئۆکتۆبـەری 1918 درایـە ئەحمـەد عیـزەت پاشـا کـە لـە سـەرەوە نـاوی هاتـووە. حکومەتـی ئەحمـەد عیـزەت پاشـا لـە 8ی تشـرینی دووەمـی 1918 دەکشـێتەوە و ئەرکـی پێکهێنانـی حکومـەت و سـەدری ئەعـزەم لـە 11ی تشـرینی دووەمـی 1918 دەدرێتـەوە تۆفیـق پاشـا.
4 - لـە 3ی تەممـووزی 1918 سـوڵتان ڕەشـاد (محەممـەدی پێنجەم) دەمرێت. سـوڵتان وەحدەدین (محەممەدی شەشـەم) جێی دەگرێتەوە.

لەوێبـوو، وەزیـری نێوخـۆی ئـەو کابینەیـەی سـەدری ئەعـزەم دەسـتی لـێ کێشـابووەوە و هاوڕێـی مسـتەفا کەمالیـش بـوو. مسـتەفا کەمـال لـەو ڕۆژەوە، لـەو سـاتە بـەدواوە بـە کردەیـی چـووە نێـو سیاسـەتەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا هێشـتا سـەرباز بـوو. وازهێنانـی عیـزەت پاشـا قەبـووڵ نەکـرا. هەرچـی پاشـایە بـە سـەرۆکایەتی پیـاوی پێشـووی دەوڵـەت تۆفیـق پاشـا کابینەیەکـی نوێـی پێکهێنـا. بگـرە بـاس لـەوەش دەکرا کە مسـتەفا کەمال دەبێتـە وەزیـری بەرگـری، بـەڵام هێشـتا لیسـتی نـاوی کابینەکـە نەدرابـووە ئەنجوومەنـی نوێنـەران.

مسـتەفا کەمال دەسـتبەجێ بڕیارێکی دا و عیزەت پاشـا و فەتحی بەگیشـی هێنایـە سـەر ئـەو رایـەی خـۆی. پێویسـت بـوو چوونـە سـەر دەسـەڵاتی کابینەکـەی تۆفیـق پاشـا لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران رابگیرێـت و دووبـارە کابینەکـەی عیـزەت پاشـا بهێنرێتـەوە سـەر دەسـەڵات. خۆی بەرپرسـیارێتی لـە کابینەکـەی عیـزەت پاشـادا وەردەگـرت. لـە کابینەکـەی تۆفیـق پاشـادا هیـچ پێگەیەکـی نەدەبـوو.

دەسـتبەجێ رێگـەی چوونـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی گرتەبـەر. مسـتەفا کەمـال ئـەو رووداوەمـان ئـاوا بـۆ دەگێڕێتـەوە:

"دوای ئـەو بڕیـارە، هەریەکەمـان دەسـتمان بـە کارێـک کـرد. یەکـەم ئامانـج خسـتنی کابینەکـەی (تۆفیـق پاشـا) بـوو. هـەر زوو لەگـەڵ ئـەو نوێنەرانـەی هاوڕێـم بـوون، کۆبوومـەوە. داوام لێکـردن پەیوەندیـم لەگـەڵ ژمارەیەکـی زیاتـری نوێنـەران بـۆ دروسـت بکـەن. بـە رێنوێنـی ئـەوان بـۆ یەکـەم جـار بـە جلوبەرگـی سـیڤیلەوە چوومـە نێو بینـای ئەنجوومەنـی نوێنەران لە سـەرای فندکلی.

قسـە لەسـەر پێدانـی متمانـە بـوو بـە کابینەکـەی تۆفیـق پاشـا. مـن دەمویسـت ئـەو متمانەیـەی پێنەدرێـت. ئـەو رۆژە ئـەو پرسـە دەخرایـە دەنگدانـەوە. هێنـدەی توانـای رازیکردنـم هەبـوو قسـەم بـۆ ئەوانـە کـرد کـە دەمناسـین و ئەوانـەی تـازە دەمناسـین. بڕوایـان وابـوو ئەگـەر ئـەوان متمانـەی پێنـەدەن ئەنجوومەنەکـە پەرتـەوازە دەبێـت، بـەڵام مـن پێمـوابوو

هەرچۆنێـک بێـت ئەنجوومەنـی نوێنـەران پەرتـەوازە دەبێـت و دووبـارە کابینـەی عیـزەت پاشـا دێتـەوە.

بەشـێکی زۆری نوێنـەران لـە یەکێـک لـە هۆڵـەکان کۆبوونـەوە و منیشـیان بانگهێشـتی ئـەوێ کـرد و داوایـان لێکـردم لەبـەردەم دەسـتەی گشـتیدا روونکردنـەوە بـدەم. هێنـدەی توانـام بەسـەردا شـکا، ئـەو دۆخـەی تێیـدان و ئـەو کارەی پێویسـت بـوو بیکـەن، بـۆم روونکردنـەوە. پێمگـوتـن کـە هەرچۆنێـک بێـت متمانە بـە کابینەکە نـەدەن. ئەوانەی لەوێبوون پێشـنیازی منیـان قەبـووڵ کـرد و چوونـە هۆڵـی کۆبوونـەوەی ئەنجوومـەن".

دوای ئـەوە مسـتەفا کەمـال لە ژوورێکـدا چاوەڕێی ئەنجامـی کۆبوونەوەکە دەبێـت. سـەرەتا کەمێـک خرۆشـاوە. یەکـەم هەڵمەتـی سیاسـی خـۆی کردبـوو. بگـرە لەنێـو ئـەو بینایـەی پەرلەمـان دا کـە مافـی ئەوەشـی نەبـوو سەربەسـتانە بچێتـە نـاوی، لـە هەوڵـی ئـەوەدا دەبێـت ڕێ لـە پێکهێنانـی کابینـەی نـوێ بگرێـت. لـەو پەرلەمانـەدا بەشـێکی گرنـگ لـە پەرلەمانتارانـی کۆکردووەتـەوە، داوای لێکـردوون متمانـە بـە کابینـە نوێیەکـە نـەدەن. وەختـە بڵێـم گوتـاری بـۆ داون و وایکـردووە بۆچوونەکانـی پەسـەند بکـەن. نـاوەکان دەخوێندرێنـەوە. دەنگـدان کۆتایـی دێت و دەنگـەکان دەژمێردرێن. ئەنجامەکـە ئاشـکرا دەکرێـت. کابینـەی تۆفیـق پاشـا بـە زۆرینـەی دەنـگ متمانـە وەردەگرێـت.

مسـتەفا کەمـال بـەو ئەنجامـە قەڵـس دەبـێ. دواتـر بـەم جـۆرە درێـژەی پێـدەدات:

"بـۆ دەرچـوون لـەو فکـر و هەسـتە سـەیرانە زۆر نەمامـەوە. دەسـتبەجێ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عوسـمانیم بەجێهێشـت".

بـەو هەسـتەوە دەچێتـەوە هوتێلەکـەی. مسـتەفا کەمـال ئیـدی دەسـتی بـە کوتینـی چەنـد دەرگەیـەک کردبـوو. هەرچەندە لـە هەنـگاوی یەکەمی دا تووشـی نائومێدییەکـی گـەورە بـوو، بـەڵام نەڕووخـا. هێشـتا زۆر دەرگـەی مابـوون بیانکوتـێ و زۆر دیـواری دیکـە مابـوون لەسـەر رێگـەی.

دەگاتـە هوتێـل و بیـر لـە کوتینـی دەرگەیەکـی گەورەتـر دەکاتـەوە. بەبـێ

دوودڵـی تەلەفـۆن دەکات. پەیوەنـدی بـە کۆشـکەوە دەکات و داوا دەکات پاشـا ببینێت.
پێیوایـە دەسـتبەجێ قەبووڵـی دەکات. دڵنیاشـە لـەوەی پاشـا لەگـەڵ پێشـنیازەکانی دەبێـت. قسـەکردنی لەگـەڵ پاشـا، دووبـەدوو، کاژێرێـک دەخایێنێـت. پاشـا بۆخـۆی داوای دڵنیایـی پاراسـتنی سـەلامەتی لێـدەکات.
- دڵنیـام فەرمانـدە و ئەفسـەرانی سـوپا تۆیـان زۆر خۆشـدەوێت. دەتوانـی دڵنیایـی ئـەوەم پێبـدەی کـە ئـەوان هیـچ زیانێکیـان بـۆ مـن نابێـت؟.. دوایین قسـەکانی پاشـا ئەمـە دەبـن:
- ئێـوە فەرماندەیەکـی ژیـرن. دڵنیـام کـە بەرچاوڕوونـی دەدەنـە هاوڕێیەکانتـان و رازییـان دەکـەن. مسـتەفا کەمـال بـاس لـەوە دەکات کـە لـەو دیـدارەدا لەگـەڵ پاشـا نەچووەتـە سـەر باسـە سـەرەکییەکەی و پاشـا بـە لێزانییـەوە قسـەکانی پـێ بڕیـوە" [5]
لـە کتێبەکەیـدا (تاکەکـەس)، شـەوکەت سـوورەیا ئایدەمیـر، دەڵێـت لـەو قسـانەوە بەڕوونـی ئـەوە دەردەکەوێـت کە مسـتەفا کەمال ویسـتوویەتی ببێتـە وەزیـری بەرگـری. هـەر بۆیـە ئـارەزووی ئـەوەی هەبـووە ئەحمـەد عیـزەت پاشـا ببێتـەوە بـە سـەدری ئەعـزەم. بـۆ بەدیهێنانـی ئەمـەش قسـەی لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆری نوێنـەران کـرد. چونکـە کاتێـک ئەحمـەد عیـزەت پاشـا دەبێتـە سـەدری ئەعـزەم و بـۆ پێکهێنانـی حکومەتـی تـازە رادەسـپێردرێت، هیـچ ئەرکێـک ناداتـە مسـتەفا کەمـال. بـۆ ئـەوەی ئـەو پۆسـتە وەرگرێـت لەگـەڵ پاشـا وەحیدەدینیـش کۆدەبێتـەوە و داوای یارمەتـی لێـدەکات [6].
بـەڵام ئـەو ئەرکـە دەدرێتـە تۆفیـق پاشـا و مسـتەفا کەمـال نابێتـە وەزیـری بەرگـری.
شەوکەت سوورەییا ئایدەمیر بەم شێوەیە درێژە بە باسەکە دەدات:

5 - Şevket Süreyya Aydemir, y.a.g.e., s. 325-330

6 - مسـتەفا کەمـال پاشـا هاوڕێیەتییەکـی تایبەتـی لەگـەڵ پاشـا وەحیدەدیـن هەبـوو. لەنێـوان 15ی کانوونـی یەکەمـی 1917 و 4ی کانوونـی دووەمـی 1918 بەشـداریی سـەفەری پاشـای کـرد بـۆ ئەڵمانیـا.

"... ڕەنگـە مانـەوەی مسـتەفا کەمـاڵ لـە ئیسـتەنبووڵ و هیواخواسـتن بـۆ ئـەوەی کـە بشـێ شـتێک بـکات، بەتایبـەت داواکردنـی پۆسـتی وەزیـری بەرگـری، شـتێکی دروسـت نەبووبێـت. بگـرە ڕەنگـە ترسـناکیش بووبێـت. ئەگـە دار ئـەو ڕۆژانە مسـتەفا کەمـاڵ چووبایەتە نێو کابینـەی حکومەتیش، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو، بـۆ نموونـە هاوشـێوەی جەمـال پاشـای مێرسـینی، وەزیـری بەرگـری، ئەویـش دووربخەنـەوە بـۆ ماڵتـا [7].

ئـەوە لەکاتێکـدا مسـتەفا کەمـاڵ نەیدەویسـت بگیرێـت و دووربخرێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا مەترسـی هـەر لەبـەر دەرگـە بـوو. جارێـک کـە لـە ماڵەکەیـدا بـوو لـە بێشـیکتاش، ئێشـکگری ئیتاڵیایـی هەڵدەکوتنـە سـەر ماڵەکـەی. ئـەو سـەربازانەی دەچنـە ژوورەوە، هەرچەنـدە نازانـن چـی دەکـەن، بـەڵام ئـەو فەرمانـەی وەریانگرتـووە پشـکنینی ماڵەکـە و دەستبەسـەرداگرتنی ماڵەکـە دەبێـت. مسـتەفا کەمـاڵ هەوڵـدەدات ناسـنامەی خـۆی ئاشـکرا بـکات کـە ژەنەراڵـە و فەرماندەیـە، بـەڵام بێسـوودە. دواتـر بـە تووڕەییـەوە لـە ماڵەکـەی دێتـە دەرەوە و پەیوەنـدی بـە فەرماندەیـی ئیتاڵیـاوە دەکات. بەوجـۆرە فەرمـان بـە هێزەکـە دەکرێـت ماڵەکـەی چـۆڵ بکەن. دوای چەند ڕۆژێک شـتێکی سـەیر ڕوودەدات. کارتێک لەلایـەن فەرمانـدەی داگیرکـەری ئیتاڵیـاوە لـە ماڵەکەیـدا بەجێدەهێڵدرێت، چەنـد شـتێک لـە پشـتی کارتەکـە نووسـراون. ئـەو فەرماندەیـە فەرمانـی کـردووە هیـچ کەسـێک دەسـت لـەو ماڵـە نـەدا و هـەر کەسـێک هاتـە ماڵەکـەی ئـەو کارتـەی نیشـانبدات.

7 - دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، ئینگلیـزەکان چەنـد عوسـمانییەکیان بەنـاوی "تاوانبارانـی جەنـگ" ناردنـە ماڵتـا. ئەوانـە فەرمانـدەی بەرەکانـی جەنـگ بـوون. پاشـا، والـی، نووسـەر و... تـاد. لەنێـو ئەوانـەی ڕاگوێـزران، ڕەئـووف بـەگ (ئۆربـای) کـە ئاگربەسـتی مۆندرۆسـی واژۆکـرد، زیـا گۆکئاڵـپ، حوسـێن جیهـاد یاڵچـن، کارا کەمـاڵ وەزیـری کاروبـاری بژێـوی، ئەحمـەد ئاغائۆغڵـو، سـلێمان نەزیـف، عەلـی فەتحـی بـەگ (ئۆکیـار). ئەحمـەد ئەمیـن (ئۆکیـار) هەبـوون. بەگشـتی نزیکـەی 140 کـەس بـوون. دوورخـراوەکان بـە جیـا نێـردران. بـۆ نموونـە ڕەئـووف بـەگ لـە 16ی ئـاداری 1920 لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی دوورخرانـەوە. یەکـەم کاروان لـە مانگـی حوزەیرانـی 1919 لـە ئایدنـەوە ڕەوانەکـران. ئەوانـە بـەر لـەوەی بنێردرێنـە ماڵتـا، لـە فیرقـەی بەکرئاغـا لـە ئیسـتەنبووڵ کۆکرانـەوە. دەسـتەی یەکـەم دوای ئـەوەی دوو سـاڵ لـەوێ مانـەوە، پـاش واژۆکردنـی ڕێککەوتننامەیـەک لەگـەڵ ئینگلیـز، گەڕێندرانـەوە ئیسـتەنبووڵ، بڕوانـە:

Bilal Şimşir, Malta Sürgünleri, Milliyet Yay., İstanbul 1976.

لـەو باسـەوە دەردەکەوێـت کـە مسـتەفا کەمـاڵ هـەر هیـچ نەبـێ پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆنـت فـۆرزا، نوێنـەری سیاسـیی ئیتاڵیا لە ئیسـتەنبووڵ هەبـووە، بـەڵام شـەوکەت سـوورەییا ئایدەمیـر لـەو کتێبـەی ناومـان بـرد ڕەتیدەکاتـەوە پەیوەندییـان هەبووبێـت. لـە بەشـێکی کتێبەکـەدا دەڵێـت: "... نـە مسـتەفا کەمـاڵ کۆنـت فـۆرزای دەناسـی، نە قسـەی لەگـەڵ کۆنت فۆرزا کـردووە...."

بـەڵام نامەگۆڕینـەوەی نێـوان مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا و تەڵعـەت پاشـا، ئـەو قسـانەی شـەوکەت سـوورەیا ئایدەمیـر بەدرۆدەخاتـەوە.

تەڵعـەت پاشـا لـەو نامەیـەی لـە 22ی کانوونـی یەکەمی 1919 بۆ مسـتەفا کەمـاڵ پاشـای نـاردووە، وای دەردەخـات کـە لـە نزیکەوە پەیوەنـدی لەگەڵ ئیتاڵـی و فەرەنسـییەکاندا هەیـە و هەمـوو کاتێـک دەتوانـێ کۆنـت فـۆرزا ببینـێ و لەوبارەیـەوە هـەر کارێـک پێویسـت بێـت دەیـکات. لـەو نامەیـەدا کۆنـت فـۆرزا وەک راوێـژکاری وەزیـری دەرەوەی ئیتاڵیـا نـاوی هاتـووە [8].

هەرچـی مسـتەفا کەمـاڵ پاشـایە، لـەو نامەیـەی لـە 29ی شـوباتی 1920 بـۆ تەڵعـەت پاشـای نووسـیوە، دەڵێـت "منیـش دۆسـتایەتیم لەگـەڵ فـۆرزا، نوێنـەری سیاسـی ئیتاڵیـا لـە ئیسـتەنبووڵ هەیـە." باسـی ئـەوەش دەکات کـە ئـەو خـۆی دەتوانێـت بـۆ ئـەرک و کاری گرنـگ پەیوەندییـان پێوە بـکات [9].

ئـەو نامەیـەی کـە لـە مسـتەفا کەمالـەوە بـۆ تەڵعـەت پاشـا نووسـراوە، پۆسـتەکەی کۆنت فۆرزا دروسـتتر ئاماژەی بۆ کراوە. شـەوکەت سـوورەییا ئایدەمیـر کـە هەمیشـە خـۆی بەوشـێوەیە دەردەخسـت کـە کەمالیسـتە و کاری لەسـەر ئایدیۆلۆژیـای کەمالیـزم کـردووە، هەوڵدانـی بـۆ شـاردنەوەی پەیوەندیـی مسـتەفا کەمـاڵ و کۆنـت فـرۆزا، نوێنـەری سیاسـیی ئیتاڵیـا لـە ئیسـتەنبووڵ مایـەی هەڵوەسـتەیە. ئـەوە پرسـیارە کـە بۆچـی پەیڕەوی لـە

8 - İlhan Tekeli-Selim İlkin, Mustafa Kemal Talat Paşa Mektuplaşması, Milliyet, 18 Mayıs 1976.

9 - بۆ ئەو نامەگۆڕینەوەیە بڕوانە: Milliyet, 19 Mayıs 1976

گێڕانەوەیەکـی دروسـت نەکـردووە و هەوڵـی شـاردنەوە و سـاختەکاریی داوە؟

شەوکەت سوورەییا ئایدەمیر بەمشێوەیە درێژە بە باسەکە دەدات.

"... لەو رۆژانەدا کە دادگای جەنگی وەحیدەدین... [10]

هێـزە داگیرکـەرە بیانییـەکان لـە ئیسـتەنبووڵ لەگـەڵ یەکتـری لـە کێبڕکێدابـوون بـۆ دەسـتگیرکردنی نیشـتمانپەروەران، بـۆ نموونـە لـە مانگەکانـی کانوونـی دووەم و شـوباتی 1919دا دۆخێکـی سـەیر هەبـوو. نزیکـەی سـەرجەم ئـەو کەسـایەتییە رێبەرانـەی خەباتـی میللـی، کـە لـە ئەنادۆڵ دەسـتیپێکرد، ئەوکاتـە هەموویـان لـە ئیسـتەنبووڵ کۆببوونـەوە. مسـتەفا کەمـال، عیسـمەت پاشـا، فـەوزی پاشـا، کازم قەرەبەکـر پاشـا، عەلـی فوئـاد پاشـا، رەفعـەت پاشـا، رەئـووف پاشـا، عەلـی ئیحسـان پاشـا، نوورەدیـن پاشـا، کەمالەدیـن سـامی پاشـا، مەرسـینلی جەمـال پاشـا، عەدنـان بـەگ و.. تـاد. دواتـر کادرانـی فیکـر و نووسـینی هەمـان بزووتنەوە: فالـح رفقـی، رۆشـەن ئەشـرەف، یونـس نـادی، خالیـدە ئەدیـب، حوسـێن راغـب، یوسـف ئاکچۆرائۆغلـو، زیـا گۆکئالـپ، حەمدوڵـڵا سـوبحی و.. تـاد. ئەگـەر هەمـوو ئەمانـە لـە شـەوێکدا دەسـتگیرکرابان چـی روویـدەدا؟ [11]

"... هەرچەنـدە وڵات داڕووخابـوو، بـەڵام ئـەو خـۆی هـۆکاری ئـەو شکسـتە نەبـوو. ئـەو، هـەر لـە سـەرەتاوە شـەڕی دەویسـت، بـەڵام ئیـدی وڵات دەکەوتـە ژێـر چەپۆکـی داگیرکارییـەوە. ئـەو ئێسـتا لـەو شکسـتەی کـە بەرپـرس نەبـووە لێـی، بـۆ رزگارکردنـی دەوڵـەت لەژێـر دەسـتی داگیرکـەر و لـەو ئەرکـە سـەربازی و سیاسـییانەی پێـدەدران، بەڕوویەکـی سـپییەوە لێی دەردەچـوو. بـڕوای بـەوە دەکـرد و متمانـەی بەخـۆی هەبـوو.

لەڕاسـتیدا سـەدری ئەعـزەم ئـەوی بانگهێشـتی ئیسـتەنبووڵ کردبـوو.

10 - لـەدوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، لەلایـەن سـوڵتان وەحیدەدینـەوە دادگـەی جەنـگ بـۆ تۆمەتبارانـی جەنـگ دامـەزرا. کەسـێک بەنـاوی کـورت مسـتەفا وەک سـەرۆکی دادگـە دەستنیشـان کـرا و ئیتیحادییـەکان کەوتنـە بەر زوڵـم و ئەشـکەنجەی زۆرەوە.

11. Şevket Süreyya, a. g. e., s. 348

بـۆی نووسـیبوو "لـە لوتفـی خـودای دەخـوازم کـە بـەم زووانـە پێکـەوە کار بکەیـن. وەرە پێویسـتم پێتـە". ئەوەتـا کەوتبـووە ڕێ. دەهاتـە ئیسـتەنبووڵ، هەڵبەتـە لـە یەکـەم هەنـگاودا دەبـووە وەزیـری بەرگـری. مەگـەر بـۆی نەنووسـیبوو کـە عیـزەت پاشـا دەبێتـە سـەدری ئەعـزەم و خۆیشـی دەبێتـە وەزیـری بەرگـری، ئەویـش لەکاتێکـدا بەرلـەوەی کابینەکـەی عیـزەت پاشـا پێکبێت ؟

بەڵـێ دەبـووە وەزیـری بەرگـری، بـەڵام تەنیـا وەزیـری بەرگـری نـا، دۆسـتی پاشـا، ڕێنیشـاندەر، یاریدەدەری سـەدری ئەعـزەم و دەبـووە ڕۆحـی کابینەکە. دەچـووە نێـو دڵـی سیاسـەت لـە ئیسـتەنبووڵ، بـەڵام نەیدەتوانـی لای دایکـی لـە ماڵـە هاوشـێوەکانی بێشـیکتاش نیشـتەجێ بێـت. ئـەو ماڵـە بـۆ کۆبوونـەوە، داوەتکـردن، میوانـی نێوخۆیـی و بیانـی شـیاو نەبـوو. بۆیـە هەر کـە لـە شـەمەندەفەر دادەبـەزێ، لەوبـەری ئیسـتەنبووڵ لـە نێوەڕاسـتی بەیئۆغڵـو، شـوێنی بەیەکگەیشـتنی خەڵکـی خۆجێیـی و بیانی، لـە پەرەپاڵاس نیشـتەجێ دەبێـت [12]".

لـەو باسـەوە دەردەکـەوێ کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە پەرەپـاڵاس بـەردەوام لەگـەڵ خەڵکـی خۆجێیـی و بێگانـە دیـدار و کۆبوونـەوەی هەبـووە. بـاری دەروونـی، هەسـت و خواسـت و ویسـتی مسـتەفا کەمـال بـەم شـێوەیە باسـکراوە:

"... خوڵاسـە ئـەو بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە ژیانێکـی تـازە بـکات و تێکەڵـی دنیایەکـی تـازە ببێـت، هـات و لێـرە نیشـتەجێبوو. لەوانەیـە دنیایـەک کـە سـاڵانی سـاڵ لـە خەیاڵـی خۆیـدا چنیویەتـی، پێیوابـوو کـە لەنێـو ئـەو دنیایـەدا وەک گەنجێکـی قـۆز، بەشـێوەیەکی شـیاو لەگـەڵ ژیانـی مۆدێـرن و وەک ژەنەراڵێکـی بەنێوبانـگ شـوێنی خـۆی دەگرێـت. هەمـوو دەرگاکان لەبەردەمیـدا دەکرێنـەوە. بـە شـەرەفەوە لـە هەمـوو دەرگەیـەک دەچێتـە ژوورەوە، لـە هەمـوو هۆڵێکـدا هەسـتی مەسـتی و حەیرانـی لای ئەوانـی

12. Şevket Süreyya, a.g.e., s. 364-365

لەوێـن دەبزوێنـن و پێشـوازی لێدەکـەن. وەک ئەسـتێرەیەک کـە لـە دنیـای سیاسـەت دا بـۆی گـەڕاون، گوێـی بـۆ دەگیـرێ و لـە سیاسـەتی نێوخـۆیـی و دەرەکیـدا شـوێن و پێگـەی دەبێـت" (13)

ئـەو دۆخـە دەروونییـەی مسـتەفا کەمـال لـە بەشـەکانی داهاتـوودا، کاتێک بـاس لـە کێشمەکێشـی لەگـەڵ ئەنـوەر پاشـا دەکەیـن، بەشـێوەیەکی بەرفراوانتـر هەڵوەسـتەی لەسـەر دەکەیـن. شـەوکەت سـوورەییا ئایدەمیر لـە باسـەکەیدا سـەبارەت بـە مسـتەفا کەمـال پاشـا، ئامـاژە بـۆ خاڵێکـی گرنـگ دەکات:

"... ئـەی ئـەو هێـزە داگیرکەرانـە؟ لەوانەیـە بـۆ ئەوانیـش باسـی ئـەو غەفڵەتـەی کردبایـە کـە تێیکەوتـوون. هەمـوو نائاگایـی ئـەوان لـە بەقوربانیکردنـی تورکیـادا بـوو، لەکاتێکـدا تورکیـا هیـچ بەهانەیەکـی لـە سـعودیە، ئەفریقیـا، سـووریا و عێـراق دا نەبـوو، بـەڵام لـە ئەنـادۆڵ، گـەرووەکان، لـە تراکیـا تورکیایەکـی نـوێ و بەهێـز کـە دەشـێ لـە ئەوروپای سـبەی ڕۆژدا پێگەیەکـی گرنـگ بێـت بـۆ هاوسـەنگی، بەتایبـەت بەرانبـەر هێـزی بەلشـەڤییەکان کـە لـە باکـوورەوە دەیانویسـت بـەرەو ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات و بـەرەو باشـوور پێشـڕەوی بکـەن. لـە دۆخێکـی بەوجـۆرەدا بنەماکانـی سـەربازی و تورکیایەکـی خـاوەن پرەنسـیپ نەمابـوون، چـۆن دەکـرا بـۆ پڕۆژەیەکـی بێبایەخـی وەک ئەرمینیـا، لـە تراکیـا، ئیجـە و کەناراوەکانـی دەریـای سـپی نێوەڕاسـت و بگـرە لـە ئیسـتەنبووڵیش بکرێنە قوربانـی خەیاڵـی ماجـەرای "دووبـارە ژیاندنـەوەی بیزانـس"؟

شـەوکەت سـوورەییا ئایدەمیـر زۆر بەڕوونـی نووسـیویەتی: لـە ڕووسـیا بەلشـەڤییەکان شۆڕشـێکیان بەرپاکردبوو. سیسـتەمێکی تازەیان هێنابووە ئـاراوە. ئـەو سیسـتەمەش لـە ڕۆژهـەڵات، ڕۆژئـاوا و باشـوور بـە هەمـوو لایەکـدا لـە فراوانبوونـدا بوو. ئەمە پێشـهاتێک بوو دنیای سـەراوژێر دەکرد. ئـەو هێـزە شۆڕشـگێڕانە لـە ڕووسـیا یـەک لـەدوای یـەک شکسـتیان بـەو

13. Şevket Süreyya, a.g.e., s. 365-366

سـوپا و هێزانـە دەهێنا کـە لەلایـەن ئینگلیـز و فەرەنسـییەکانەوە پڕچـەک دەکـران و بـۆ رووخاندنـی رژێمـی (تـازەی رووسـیا) وەگەڕیانخسـتبوون. ئـەو دۆخـەش لەگـەڵ بەرژەوەنـدی دەوڵەتانـی هاوپەیمان نەدەگونجـا. کەوابوو بـۆ ئـەوەی ئـەو دەوڵەتانـە پێشـڤەچوونی بەلشـەڤییەکانی رووسـا بـە ئاراسـتەی باشـووردا بوەسـتێنن، پێویسـت بـوو تورکیایەکـی بەهێـز لەسـەر پێـی خـۆی بمێنێـت.

دابەشـکردنی تورکیـا بـە سـوودی وڵاتانـی هاوپەیمـان، بەریتانیـا، فەرەنسـا و ئیتاڵیـا نەبـوو. لـەو دابەشـکردنە تەنیـا بەلشـەڤییەکان سـوودمەند دەبـوون. ئـەوەش لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی دەوڵەتانـی رۆژئـاوادا نەدەگونجـا. داگیرکردنـی ئیسـتەنبووڵ و ئەنـادۆڵ لەلایـەن دەوڵەتانـی هاوپەیمانـەوە هەڵـە بـوو. چـۆن دەکـرا دەوڵەتانـی هاوپەیمـان بکەونـە هەڵـەی بەوشـێوەیە؟ لـەو روانگەیـەوە پێویسـتە بـاس لـەو هەڵەیـە بکرێـت کـە دەوڵەتانی رۆژئـاوا تێیکەوتـن. پێویسـتە بـاس لـەوە بکرێـت کـە بەقوربانیکردنـی تورکیـا هەڵـە بـوو. ئیـدی هـەوڵ و بیرکردنـەوەی بەریتانیـا، فەرەنسـا و ئیتاڵیـا بـە ئاراسـتەی راسـتکردنەوەی ئـەو هەڵەیـە بـوو کـە تێیکەوتبـوون.

دۆغان ئاڤجیئۆغڵو سەبارەت ئەو هەڵوێست و مەیلانە ئەمەی نووسیوە:

"... مسـتەفا کەمـاڵ کـە لـە رۆژانـی ئاگربەسـتدا بیـری لە هەمـوو ئەگەرێک کردبـووەوە، گرنگـی بـەوە دەدا کـە وەک کەسـایەتییەکی نزیـک لـە ئینگلیـز ببینرێـت. لەگـەڵ سـیخوڕی بەنێوبانـگ قەشـە فریـو دۆسـتایەتی دەکـرد، هەوڵیـدەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ بەرپرسـانی ئینگلیـز هەبێـت. داوای لـە وارد پرایـس، ریپۆرتـەری دەیلـی مەیـڵ کردبـوو هـاوکاری بـکات بۆئـەوەی بتوانـێ لەگـەڵ بەرپرسـانی ئینگلیـز قسـە بـکات. بـە قسـەی وارد پرایـس، ئەتاتـورک پێیدەڵێـت: 'ئەگـەر ئینگلیـزەکان بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر ئەنـادۆڵ قەبـووڵ بکـەن، ئـەوا دەتوانـن وای دابنێـن کە لەلایـەن والییەکـی نێو دەسـەڵاتدارێتی ئینگلیـزەوە خزمـەت دەکرێـن، دەمـەوێ بزانـم ئایا شـوێنێکی شـیاو هەیە بۆ ئـەوەی بتوانـم خزمەتەکانـم پێشـکێش بکـەم. وارد پرایـس ئـەو داواکارییـە

دەگەیێنێتــە ئەفســەری هەواڵگــری ئەویــش بــۆ بایەخــدان بــەو قســانە دەڵێـت: "ژەنەراڵـە بێکارەکانـی تـورک بـەدوای کارەوەن".
ئەتاتــورک بــە ئامانجێکــی دیاریکــراو قســە بــۆ ڕۆژنامەنووســەکان دەکات و پەسـنی ئینگلیـز دەدات. بـۆ نموونـە لـە 17ی تشـرینی دووەمـی 1918 لـە ڕۆژنامـەی مینبـەر-Minber ئـەو گوتانـەی بڵاودەکرێنـەوە: "شـتێکی سرووشـتییە کـە لەبەرانبـەر ئـەو ڕێـز و بایـەخ و مرۆڤایەتییـەی ئینگلیـز بـۆ ئازادیـی گەلـی عوسـمانی نیشـانیداوە، نـەک تەنیا مـن، بەڵکو تـەواوی گەلی عوسـمانی زیاتـر لـە ئینگلیـزەکان چاکـەی ئـەوان و دۆسـتایەتییان بوێـت". لـە 18ی تشـرینی دووەم دا لـە ڕۆژنامـەی (ڤاکیـت-Vakit) دەڵێـت: "نامـەوێ گومـان لـە نیازپاکیـی حکومەتی بەریتانیا بەرانبەر عوسـمانییەکان بکـەم". ئـەوەش بـەدرۆ دەخاتـەوە کـە چووبێتـە نێـو (پارتـی تەجـەدود) ی ئیتیحادییـەکان. پیرۆزبایـی لـە وەزیرانـی دامـات فەریدیـش دەکات کـە دەگوتـرێ هـاوڕای ئینگلیزەکان بووە. وای دەردەخـات کە زۆر بەمە دڵخۆش بـووە. دامـات فەریـد بـە وەرگێڕە سـەرەکییەکەی ڕیان کە لەگەڵ مسـتەفا کەمـال لەسـەر خوانێـک دانیشـتوون، دەڵێـت تـەواو دڵنیایـە لـە دڵسـۆزیی ئـەو، گوتوویەتـی کـە وەک ئەفسـەرێکی دڵسـۆز و بەڕێـز سـەیری دەکات. بـەم شـێوەیە ڕێگـەی سامسـوون دەکرێتـەوە. ئەفسـەری پەیوەندییـەکان دوودڵ دەبێــت لــەوەی ڤیــزا بداتــە ڕێبوارانــی سامســوون. پرســیار لــە کۆمیسـیاری بـاڵا کالسـرۆپ دەکات. ئەویـش دەڵێـت کـە مسـتەفا کەمـال متمانـەی تـەواوی لای پاشـامان هەیـە. بەوجـۆرە ڤیـزای پێـدەدەن.
ڕۆژنامەنـووس کلێـر پرایـس، سـەبارەت مسـتەفا کەمـال دەڵێـت: "ئێمـە دەزانیـن بـۆ هاوپەیمانـەکان نوێنـەری دەوڵەتـی عوسـمانی بـووە و دواتر بیر لـەوە کراوەتـەوە بکرێتـە والـی ئـەرزڕووم". لـە 5ی ئاداری 1920 لۆیـد جۆرج وەک پارێـزگاری ئـەرزڕووم نـاوی مسـتەفا کەمـال دەبـات" [14].
گێڕانـەوە و باسـەکانی شـەوکەت سـوورەییا ئایدەمیر و دۆغـان ئاڤجیئۆغڵو

14 - Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, 1838'den 1995'e, Cilt I, İstanbul 1974, s. 121-122

ئاڵۆزییەکیان تێدایە. لەو نامەیەی کە بۆ پاشای نووسیوە تاوەکو ببێتە وەزیری بەرگری، بانگهێشتکردنی مستەفا کەمال لەلایەن عیزەت پاشای سەدری ئەعزەم بۆ ئیستەنبووڵ، هەوڵەکانی بۆ ئەوەی دووبارە عیزەت پاشا ببێتەوە بە سەدری ئەعزەم، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ نوێنەری سیاسیی ئیتاڵیا کۆنت فرۆزا لە ئیستەنبووڵ و پەیوەندی لەگەڵ سیخوڕی ئینگلیز قەشە فریو، پێشکێشکردنی خزمەتەکانی بە ئینگلیز و.. تاد، دەرئەنجامی گرنگی لێ وەدەست دێت. دەکرێ بە کورتی بەم شێوەیە ئاماژە بەو دەرئەنجامە بکەین: مستەفا کەمال لایەنگری ئینگلیز و بەگشتی لایەنگری رۆژئاوا بوو. واتە لایەنگری سیستمی ئابووری و سیاسییەکەی رۆژئاوا بوو. لایەنگری سیستمی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەک کە موڵکایەتی تایبەت تێیدا رۆڵ دەبینێت، واتە سیستمی سەرمایەداری. ئەو هەڵوێستە لە دوادواییەکانی ساڵی 1918 و سەرەتای 1919دا زۆر جێی سەرنجە. لەکاتێکدا بوو کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لە دنیادا سیستمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تازە سەریهەڵدەدا، سیستەمێک کە موڵکایەتیی تایبەتی رەتدەکردەوە. سیستمی سۆسیالیستی هەڕەشەی لە پایەکانی سیستمی داگیرکاری و ئیمپریالیزمی ئابووریی رۆژئاوا دەکرد. لە دۆخ و رەوشێکی وەهادا بڕیارەی مستەفا کەمال بۆ ئەوەی لایەنگری سیستمی رۆژئاوابێت، خاڵێکی گرنگە.

بەڵام رۆژئاوا "لەبەر شەڕێک کە مستەفا کەمال هۆکارەکەی نەبووە"، دەیەوێ دەوڵەتی عوسمانی سزا بدات، چونکە لەپاڵ ئەڵمانیا چووبووە نێو جەنگەوە و هۆکار بوو بۆ ئەوەی جەنگەکە چەند ساڵێک زیاتر درێژە بکێشێت. لەوبارەدا ئینگلیزەکان بە دڵنیاییەوە نیازی ئەوەیان هەبوو دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی کە بە تاوانباری شەڕیان دەزانین، سزا بدەن. شتێکی سرووشتییە ئەوانەی دژی دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی بوون، پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز دابمەزرێنن و هەوڵی یارمەتیدانیان بدەن. هەرچی مستەفا کەمال بوو، لەسەرووی ئەوانەوە بوو کە دژی ئەنوەر پاشا، تەڵعەت پاشا و جەمال پاشا و هەروەها دژی ئەڵمانیاش

بـوون. مسـتەفا کەمـال بەهـۆی تایبەتمەندیـی خۆیـەوە پەیوەندییەکـی نزیکـی لەگـەڵ ئینگلیـز دامەزراندبـوو. هـەر بۆیە دەیویسـت پرسـێکی گرنگ بـۆ بەریتانیـا بخاتـەڕوو. خـۆی لایەنگـری ڕۆژئـاوا بـوو، لایەنگـری سیسـتمی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی ڕۆژئـاوا و لایەنگـری سیسـتمی سـەرمایەداری بوو. مامۆسـتای مێـژووی سیاسـی پ. د.هالـوک ئولمـان و د.ئـۆراڵ سـاندەر لـە وتارێکـدا کـە پێکـەوە نووسـیویانە ئـەم دۆخـە وەهـا دەخەنـەڕوو:

"... مسـتەفا کەمـال لـە مـاوەی شـەڕی ڕزگاریـدا مـاوە مـاوە هەنـدێ کاری دژە ئیمپریالیسـتانەی دەکـرد. بزووتنەوەکـەی لـە ئەنـادۆڵ دژی دەوڵەتانـی ڕۆژئـاوا بـوو، بـەڵام خـۆی دژی سیسـتەمی سیاسـی ڕۆژئـاوا نەبـوو. دەسـتتێوەردانی ڕۆژئـاوا لـە کاروبـاری دەوڵەتـی عوسـمانی کـە لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەوە دەسـتیپێکرد، پەیکـەری نێوخۆیـی دەوڵەتـی لەرزانـد و لاوازی کـرد. ئیمپریالیزمـی ڕۆژئاوایـی کـە لـەو دەرگایـەوە و هەروەهـا لـە دەرگای ئـەو ئاڵۆزییـە کۆمەڵایەتییانـەی بەهـۆی بیـری لیبراڵی ڕۆژئـاواوە سـەریانهەڵدا (تەنزیمـات، هەوڵـی یەکەم و دووەمی مەشـروتە) کاریگـەری بەسـەر یـەک دوو نـەوەی عوسـمانییەکانەوە هەبـوو. لەنێـو بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی تورکیـادا ئـەو گرووپـە پێشـڤەڕۆ و لیبراڵـە نەتەوەییانەشـی تێـدا بـوون کـە بـە بیـری ڕۆژئاواییـەوە لـە خەباتـدا بـوون. مسـتەفا کەمـال ئـەو ڕێبەرەیـە کـە لەنێـو گرووپەکانـی بەوشـێوەیەدا پـەروەردە بـووە. لـەو ڕوانگەیـەوە کاتێـک مسـتەفا کەمـال دەڵێـت "ئیمپریالیـزم دەبەزێنیـن" مەبەسـتی لـە ڕەتکردنـەوەی سیسـتمی ئابـووری و سیاسـی ڕۆژئـاوا نییـە، بەڵکـو مەبەسـتی نەهێشـتنی باڵادەسـتی ئابـووری و سیاسـییە" [15].

مامۆسـتایەکی دیکـەی مێـژووی سیاسـی پ. د.عومـەر کورکچوئۆغڵـو وەک پشـتیوانییەک لـەو ڕوانگەیـە، دەنووسـێت: "... لەلایەکـەوە بەریتانیـا نوێنەرێکـی بەهێـزی شارسـتانێتیی ڕۆژئاوایـە، بۆیـە ئـەو مۆدێلـی دەوڵەتـە

15 - Halük Ülman, Oral Sander, Türk Dış Politikasına Yon Veren Etkenler, 1923-1968, II. SBFD, Cilt 27, No. 1, 1972, s. 2-3

ڕۆژئاواییـەی کـە مسـتەفا کەمـاڵ لـە سـەرەتاوە بیـری لێکردبـووەوە و هەنـگاو بـە هەنـگاو هەوڵـی دامەزراندنـی دەدا، بەریتانیـا نموونـەی بـاڵا بـوو. لەلایەکـی دیکـەوە مسـتەفا کەمـاڵ بـەو ئەزموونەی لـە مەیدانەکانی شـەڕدا پەیـدای کردبـوو، لـە ناسـینی سـەربازانی وڵاتـان و ئـەو زانیارییانـەی لەبـارەی وڵاتەکانیانـەوە کۆیکردبوونـەوە، بەریتانیـا بـۆ ئـەو پێگەیەکـی تایبەتـی هەبـوو. لای مسـتەفا کەمـاڵ بەریتانیـا ڕێـز و پێگەیەکـی تایبەتـی هەبـوو" [16].

هەروەهـا دەنووسـێت: ".. مسـتەفا کەمـاڵ پـێ بەپـێ لەگـەڵ پێشـهاتە مێژووییـەکان، دەیویسـت بەریتانیـا بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ، بـۆ ئەمـەش ڕووسـیای بەکاردەهێنـا. شۆڕشـی 1917 و پێکهێنانـی ڕژێمێکـی دژە ڕۆژئاوایـی لـە ڕووسـیا و دەسـتتێوەردانی بەریتانیـا لـە شـەڕی نێوخـۆی ڕووسـیا و ئـەو ململانێیـەی لەنێـوان ڕووسـیا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا هاتەئـاراوە، بـۆ جەنگـی ڕزگاریـی تورکیـا وەکـو دەرگای بەخـت بـوو. مسـتەفا کەمـاڵ دەیزانـی کـە وڵاتانـی هاوپەیمـان ئـەوە دەبینـن و پێویسـتە وریابـن لـە حاڵەتـی دابەشـبوونی تورکیـادا بەلشـەڤییەکان بـە ئاسـانی دەتوانـن بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی نزیـک بێنـە خـوارەوە، بۆیـە وڵاتێکـی بەهێـز لـە ئەنادۆڵ کـە بەر بـەو تەوژمـە بگـرێ، گرنگـە. پێداگریـش لەسـەر هێنانـی مسـتەفا کەمـاڵ و کردنـی بـە وەزیـری بەرگـری، هـاوکات پێداگریـی سـوڵتان وەحیدەدینیـش لە سـاڵی 1918دا بەهەمـان ئامانـج بـوو. دەیویسـت دەسـتبەجێ دەسـت بـە دیدارەکانی ئاشـتی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بکرێت و لەنێو سەرمەسـتیی سـەرکەوتنیاندا لـە جەنگ، دێوەزمەی بەلشـەڤیزمیان بەبیربهێنێتـەوە" [17].

هەرچی عەلی فوئاد پاشا، هاوڕێ نزیکەکەی مستەفا کەماڵە دەڵێت:

"... ئامانجـی خەباتـی ئێمـە بەرانبـەر ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـا و سـەرمایەداری ڕوون و دیـارە. نـەک وەک ئامانجـی بەلشـەڤییەکان ئەزەلـی و هەمیشـەیی بێـت. ئەگـەر لێکتێگەیشـتنمان هەبێـت، دەتوانیـن لەگـەڵ

16 - mer Kürkçüoğlu, Türk İngiliz İlişkileri (1919-1926), SBF, Ankara 1978, s. 78

17 - mer Kürkçüoğlu, a.g.e., s. 88

ئیمپریالیزمــی رۆژئاوایــی و ســەرمایەداری هاوئاهەنگــی بکەیــن. لەنێــوان ئێمــەدا شــەڕی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی روونــادات" [18].

مســتەفا کەمــاڵ و هاوڕێیەکانــی و لایەنگرییان بــۆ رۆژئاوا، لــە دوو رووداودا زۆر بەڕوونــی دەردەکەوێــت. یەکەمیــان پەیوەنــدی هەیــە بــە بەیاننامــەی کۆمۆنیســتی نێودەوڵەتــی کــە لــە یەکــی مایســی 1919 راگەیێنــدرا. لــەو بەیاننامەیــەدا کــە بــە ناونیشــانی "بــۆ کرێــکار و رەنجدەرانی جیهــان" لەلایەن کۆنســەی ســەرۆکایەتی کۆمۆنیســتی نێودەوڵەتییــەوە بڵاوکرایــەوە، تێیــدا داوا لــەو گەلانــە دەکات کــە ژێردەســتەن و لــە ژێــر چەپۆکــی داگیرکاریــی ئیمپریالیســتی و ســەرمایەداریدان، راپــەڕن. بەڕاشــکاوی باســی ئەوەشــی کــردووە کــە بەلشــەڤییەکان هەمــوو هاوکارییەکــی مــاددی، ئایدیۆلــۆژی و سیاســییان دەکــەن. لــەو بەیاننامەیــەدا وڵاتانــی دنیــا بەســەر چەنــد گرووپێکــدا دابەشــکراون و وەک " کرێــکار و ســەربازان" ناودێــر کــراون. لــە بەیاننامەکــەدا  پەرەگرافێکیــش بــۆ ئەنــادۆڵ تەرخانکــراوە. "جووتیــار، ســەرباز و کرێکارانــی ئەنــادۆڵ" لەژێــر ئــەو ناونیشــانەدا و بــە ئاماژەکــردن بــۆ جوڵانــەوە نەتەوەییــەکان، داوا دەکات ئــەوەی دەســتیپێکراوە بگەیێندرێتــە ئامانــج و ســۆڤیەتی خۆیــان دامەزرێنــن [19].

هیــچ گومانێــک لــەوەدا نییــە کــە ئــەم بەیاننامەیــە هاوشــێوەی ئەوانــی پێشــتر کاریگــەری زۆری لەســەر دنیا دانا. بەبۆچوونــی ئێمــە پەیوەندییەکــی زۆر مکــووم هەیــە لەنێــوان ئــەو تەلەگرافانــەی مســتەفا کەمــال لــە 23ی حوزیرانــی 1919 لــە ئەماســیاوە بــۆ ئــەرزڕووم، بــۆ کازم قەرەبەکــر، فەرمانــدەی فەیلەقــی 15ی نــاردووە. لــەو تەلەگرافــەدا و لــە بەنــدی ســێیەمدا مســتەفا کەمــال وەهــای گوتــووە:

"لەڕاســتیدا کاتێــک بەلشــەڤییەکان بەهێزتربــن، وا گونجــاوە هێزەکانــی

18 -  Ali Fuat Cebesoy, Moskova Hatıraları, Vatan Neşriyatı, İstanbul 1955, s. 182

19 - بۆ بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنال بڕوانە:

Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih, s. 629; Sabahattin Selek, Anadolu İhtilâli, s. 424.

Mete Tunçay, Türkiye'de Sol Akımlar, (1908-1925), 2. Baskı, Bilgi Yayınevi, s. 65-66

هاوپەیمانــان ناچــار بکەیــن لــە وڵاتەکەمــان دووربکەونــەوە، ئەگەرنــا بەپێچەوانــەوە باشــترە بانگەشــەی ئــەوە بکەیــن کــە وڵاتەکەمــان لەژێــر کاریگــەری و گوشــاری داگیرکاریــی بەلشــەڤییەکاندایە، بەوپێیــەش ڕێوشــوێنی پێویســت بگیرێتەبــەر. لەلایەکــی دیکــەوە بەبــێ چاوەڕێکردنــی پێشــنیازی بەلشــەڤییەکان، چەنــد کەســێک بنێردرێــن و بەنهێنــی کۆببنــەوە و ڕێکبکــەون، ئەمــە زۆر ســەرکەوتوو دەبێــت. بــۆ ئەمــەش پێویســت نــاکات بەلشــەڤییەکان بــە زۆر و بەهێــزەوە بێنــە نێــو وڵاتەکەمــان. بــۆ ئەمــەش بــاس لــەوە دەکرێــت کــە هەندێــک لــە هێــزە نیشــتمانییەکان ئامــادەن، بــەڵام بــۆ ئێســتا دەشــێ بەشــێوەیەکی نهێنــی کۆبوونــەوە بــۆ پێدانــی ســەرباز و پێداویســتی و چــەک و جبەخانــە بکرێــت. دوای ئــەوەی بەوشــێوەیە ڕێککەوتیــن، ئــەوان لەســەر ســنوور دەهێڵینــەوە و بۆ دەرکردنــی هێزەکانی هاوپەیمانانیــش زۆر کاریگــەر دەبێــت. دوا خاڵیــش زۆر گرنگــە بزانیــن بەلشــەڤییەکان چ لەبــارەی ئەرمەنەکانــەوە دەزانــن و چــۆن بیریــان لــێ دەکەنــەوە کــە خۆیــان داوەتــە پــاڵ ئینگلیــز. هەروەهــا بەوپێیــەی بــۆ خەبات دژ بــە بەلشــەڤیزم و ئامانجەکانیــان پــارە پێویســتە، ئایــا دەکــرێ ســوود لــە پــارەی هەڵگیــراو وەربگیرێــت؟".

ئــەو تەلەگرافــە وەک وەڵامێکــە بــۆ بەیاننامــەی یەکــی مایســی 1919ی کۆنســەی بەڕێوەبەریــی کۆمۆنیســتی ئینتەرناســیۆناڵ، بــەڵام ئــەو وەڵامــە وەڵامێکــی دووســەرە بــوو. بێگومــان بەیاننامــەی کۆمۆنیســتەکان و هەوڵەکانیــان لەلایــەن بەریتانیــاوە لێکۆڵینــەوەی لەبــارەوە دەکــرا. هــەر بەهــۆی ئــەو بەیاننامەیــەوە، ئــەو پەیوەندییــەی کەمالیســتەکان لەگــەڵ یەکێتــی ســۆڤیەت دروســتی دەکــەن، لەلایــەن ئینگلیــزەوە دیســان هەڵدەســەنگێنرێ و دووبــارە چــاو بــە سیاســەتی خۆیانــدا بەرامبــەر بزووتنەوەکــەی مســتەفا کەمــال لــە ئەنــادۆڵ دەخشــێننەوە. یاخــود بابڵێین مســتەفا کەمــال پاشــا وای بیردەکــردەوە. ئەگــەر ســەرنج بدرێتــە ئــەو تەلەگرافــەی بــۆ کازم قەرەبەکــر نێــردراوە، جەخت لەســەر ئــەوە کراوەتەوە کــە تۆکمەکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ بەلشــەڤییەکان وەک ئامرازێکــی

گوشـار دەبێـت لەسـەر وڵاتانـی هاوپەیمـان و بەتایبەتیـش بەریتانیـا. بەنهێنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ بەلشـەڤییەکان دەبەسـتن، هـاوکاری مـاددی و مانـەوی، چـەک، جبەخانـە، کەلوپـەل و ئامـراز و هۆکارەکانـی گواسـتەوە و .. تـاد وەردەگیرێـن. ئەگـەر پێویسـت بـکات سـوود لـە هێـزی مرۆییـش وەردەگیرێـت، بـەڵام بەشـێوەیەکی سـنووردار. لـەو نێوەشـدا مسـتەفا کەمـال ئـەوە فەرامـۆش نـاکات کـە لەبـارەی بـوون و نەبوونی سـەرچاوەی مادد‌ییـەوە پرسـیار بـکات، کاتێـک لـە ئەنـادۆڵ و ئەرمینیـا و شـوێنانی دیکـە بەرەنـگاری جوڵانـەوە کۆمۆنیسـتییەکان دەبێتـەوە. یەکێـک لـە پرسـە گرنگەکانـی دیکـە کـە دەیـەوێ لەبارەیـەوە زانیـاری هەبێـت، هەڵوێسـتی بەلشـەڤییەکانە لـە مەسـەلەی ئەرمـەن. بەپێی ئەو هەڵوێسـتانە مسـتەفا کەمـال لەڕاسـتای بیـر و هەوڵەکانی خۆیـدا هەوڵی گرتنەبەری ئاراسـتەیەک دەدات.

چەنـد رۆژێـک دوای تەواوبوونـی کارەکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس، بەلشـەڤییەکان بەیاننامەیەکـی دیکەیـان بڵاوکـردەوە. ئـەو بەیاننامەیـەش رۆژی 13ی ئەیلوولـی 1919 دەرچـووە. ئـەو بەیاننامەیـە لەلایـەن کۆمۆنیسـتی نێونەتەوەییـەوە نەبـوو، بەڵکـو بـە واژۆی وەزیـری دەرەوە و فەرمانگـەی وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەت بـۆ کاروبـاری موسـڵمانانی رۆژهەڵاتـی نزیـک نەریمانـۆڤ بڵاوکرایـەوە. بەیاننامەکـە "بـۆ کرێـکاران و جووتیارانـی تورکیـا" بـەم شـێوە دەسـتی پێدەکـرد. لـە بەیاننامەکـەدا بـاس لـە مەترسـییەکانی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی کرابـوو، ئامـاژە بـەوە کرابـوو ئەگەر بەریتانیا دەسـت بەسـەر ئیسـتەنبووڵ و گەرووی بۆسـفۆڕدا بگرێت، تورکیـا، ئێـران، ئەفغانسـتان و قەفقاسـیا دەخاتـە ژێـر هەژموونـی خۆیەوە. بەیاننامەکـە بـە دەسـتەواژەی "وەزیر و پاشـا فرۆشـراوەکان" هێرشـی کردە سـەر حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ. باسـی ئـەوەش دەکات کـە ئامـادەن بـۆ هاوکاریـی ئـەو بزووتنـەوە نەتەوەییـەی لـە دوای کۆنگرەکانـی سـیڤاس و ئـەرزڕووم ژیاوەتـەوە. بەیاننامەکـە بـە ئامـاژەدان بـەوەی کـە "رزگارکردنـی نیشـتمانی تـورک" تەنیـا بـە هەوڵـی کرێـکاران و جووتیارانـی تـورک بەدیدێت،

دەشـڵێت "حکومەتـی کرێـکاران و جووتیارانـی رووسـیا،" ئامادەیـی تێدایـە "دەسـتی برایەتـی" درێـژ بـکات [20].

لەو یاداشـتەدا کە مسـتەفا کەمال لـە 24ی ئەیلوولـی 1919 دایە هاربۆرد، ژەنەراڵـی ئەمریکـی، لەبەرانبـەر ئـەو بەیاننامانـەی سـۆڤێتییەکاندا کـە لـە سـەرەوە ئامازەمـان بـۆ کـردن، نیشـاندانی هەڵوێسـتی کەمالیسـتەکان زۆر گرنـگ بـوو. لـەو یاداشـتەدا هاتـووە:

"... سـەبارەت بـە بۆڵشـەڤیکەکانیش، لـە وڵاتـی ئێمـەدا هەرگیـز جێـی ئـەو بڕوایـە نابێتەوە. ئایینەکەمـان، نەریت و هاوکات پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیمان، رێ بـە جێگیربوونـی بیـری بەوشـێوەیە نـادات. لـە تورکیـا نـە سـەرمایەداری گـەورە، نـە بـە ملیۆنـان پیشەسـاز هـەن، لەلایەکـی دیکەشـەوە کێشـەی کشـتوکاڵمان نییـە. وەک دوا خاڵـیش پرەنسـیپە ئایینییەکانمان لـە روانگەی کۆمەڵایەتییـەوە وامـان لێـدەکات بیـری بۆڵشـەڤی لـە خۆمـان بـەدوور بگریـن. باشـترین بەڵگـە بـۆ ئـەوەی کـە میللەتی تـورک هیچ هاوسـۆزییەکی لەگـەڵ ئـەو بڕوایـە نییـە و بگـرە ئەگـەر پێویسـت بـکات بەرەنگاریشـی دەبێتـەوە؛ ئـەو هەسـتی تووڕەییەیـە کـە خەڵـک بەرانبـەر قسـەکانی فەرید پاشـا دەریانبـڕی گوایـە بەلشـەڤیزم وڵاتـی ئێمـەی تەنیـوە" [21].

وەک دیـارە، مسـتەفا کەمـال پاشـا دەیـەوێ بـە بایەخـەوە ئـەوە بخاتـەڕوو کـە نـە خـۆی و نـە میللەتەکـەی مەیلیـان بـەلای پرەنسـیپەکانی بۆڵشـەڤیزمدا نییـە. چونکـە ژەنـەڕاڵ هاربـۆرد لەلایـەن حکومەتـی ویلایەتە

---

20 - بـۆ ئـەو بەیاننامەیـەی وەزیـری دەرەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت و وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەت لەگـەڵ سـەرۆکی فەرمانگـەی موسـڵمانانی رۆژهەڵاتـی نزیـک نەریمـان نەریمانـۆڤ بڕوانـە:
Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih, s. 629-630; Sabahattin Selek, Anadolu İhtilâli, s. 424-425; Mete Tunçay, Türkiye'de Sol Akımlar, s. 66.
ئـەو بەیاننامەیـە کـە رێکەوتـی 13ی ئەیلوولـی 1919ی بەسـەرەوەیە، لـە کانوونـی یەکەمـی 1919دا پێشکێشـی 27میـن کۆنگـرەی نوێنەرانـی کرێـکاران و سـەربازانی یەکێتـی سـۆڤیەت کـرا. چیچریـن لـەو راپۆرتـەدا بـاس لـە "هەسـتانەوەی رۆژهـەڵات" دەکات و بـاس لـەوە دەکات کـە لـە تورکیـا، کۆریـا و میسـر، بـەردەوام بزووتنـەوە و جوڵانـەوەکان دژی "ئیمپریالیـزم و سـەمایەداریی ئەوروپـا و ئەمریـکا" زیاتـر دەبـن. ئـەوەش خراوەتـەڕوو کـە "بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی ئـەو ئازادییـەی زەوت کـراوە، لـەو خەباتـەی دەیکـەن پێویسـت دەکات هاوکاریـی دنیـای ئیسـلام و تورکـەکان بکـەن.
(Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih; s. 630)

21 - Mustafa Kemal'in Tamim Telgraf ve Beyannameleri IV, s. 78-79

یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە راسپێردراوە بۆ ئەوەی راپۆرتێک سەبارەت پرسی ئەرمینیا ئامادە بکات. خۆی بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکە هاتبوو چاوی بە ناوچەکانی ئەرمینیا، کوردستان و ئەنادۆڵ بکەوێت. لە داهاتوودا باس لە ژەنەراڵ هاربۆرد و هەوڵەکانی دەکەین.
بێگومان ژەنەراڵ هاربۆرد ئاگای لە هەوڵی بۆڵشەڤیکەکان و پەیامەکانیان هەبوو بۆ گەلانی دنیا. ئەوەتا مستەفا کەمال لەو یاداشتانەی دەیدانە ژەنەراڵ هاربۆرد، هەوڵیدەدا وای دەربخات کە ئەو پەیامانە بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەوان بایەخیان نییە. بژارەکە لای ئەو سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژئاوا و سیستمی سەرمایەداری بوو. لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە کە نابێ نادیدە بگیرێت. لەو تەلەگرافەی مستەفا کەمال لە 23ی حوزیرانی 1919دا بۆ کازم قەرەبەکری دەنێرێ، داوای لێدەکات بە نهێنی پەیوەندی بە بۆڵشەڤیکەکانەوە بکەن، کەچی لەو یاداشتەدا کە پێشکێشی ژەنەراڵ هاربۆردی دەکات، دەڵێ ئەگەر پێویست بکات بەرەنگاری بۆڵشەڤیکەکان دەبنەوە.
بە ڕوونی دیارە کە مستەفا کەمال چاوی لە دامەزراندنی سیستمێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژئاوایی بوو، بەڵام بۆ ئەوەی سیستمی رۆژئاوایی بەشێوەیەکی بەهێز لەسەر پێی خۆی بوەستێ، دەوڵەتێکی بەهێزی لایەنگری رۆژئاوا لە ئەنادۆڵ مەرجی لەپێشینە. بەپێچەوانەوە سیستمی سۆسیالیستی کە لە باکوورەوە دەهات و بە دنیادا بڵاودەبووەوە، ئەنادۆڵیشی دەخستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەو دیدگایەی مستەفا کەمال پاشا دەیویست بیگەیێنێتە ئینگلیزەکان، ئەمە بوو [22].

22 - دەبێ ئەوەش بڵێین، ئەمڕۆ لە پرسی گەمارۆی چەکی ئەمریکی هەمان هەڵوێست هەیە. ئەو حیزبە سیاسیانەی لە پەرلەمانی تورکیان، هەروەها بەشێکی زۆری نووسەرانی تورک، دەڵێن تاوەکو گەمارۆ هەڵنەگیرێت، ئەمریکا و ناتۆ زیاتر لە تورکیا زیانیان بەردەکەوێت. (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدوای ئۆپەراسیۆنی قوبرس لە ساڵی 1974 گەمارۆی چەکی بەسەر تورکیادا سەپاند).

بۆ ئەوە سوودی لە هەموو دەرفەتێک دەبینی. دۆغان ئاڤچیئۆغڵو بەم شێوەیە باسی ئەو دۆخە دەکات:

"... مستەفا کەمال کە تەکنیککارێکی کارامە بوو، ئەو روانگەیەی دابووە ژەنەراڵ هاربۆرد کە لایەنگری ئینتیدابی ئەمریکایە. لەگەڵ رووسەکان هەوڵی پەرەپێدانی ئەدەبیاتی بۆڵشەڤیکەکانی دەدا، بەڵام هەرگیز پاشەکشەی لە پرەنسیپی پەیمانی نەتەوەیی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی تەواو لە سنوورە میللییەکانی میساقی میللی نەکرد". [23]

وەک دیارە، مستەفا کەمال بەدەم ئەدەبیاتی بۆڵشەڤیکەوە هەوڵیدەدا وادیاربێت کە لایەنگری بەریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، هاوکات کاریگەری لەسەر بۆڵشەڤیکەکان دادەنا تاوەکو دڵنیابێت لە هاوکارییە ماددی و مانەوییەکانیان. ئەو تاکتیکە، مستەفا کەمال پاشا وەک بلیمەتێک، وەک شۆڕشگێڕێکی گەورە نیشاندەدات. لەو باسانەشدا زیاتر قسەی بە باقوبریق دەکرێن. بێگومان لەو باسانەدا زیاتر قورسایی خراوەتە سەر تاکەکەس. هەربۆیە هەندێک چەمک زیاد لە پێویست و بە زیادەڕۆییەوە قورساییان خراوەتە سەر و هەندێکیشیان بە زانایییەوە هەوڵدراوە نادیدە بگیرێن. بێگومان هەڵوێستی زانستیانە ئەوەیە کە راستییەکان نەشاردرێنەوە و وەک نەبوو حیسابیان بۆ نەکرێت. کامە هۆکار کاریگەری لەسەر ئەویتر داناوە و چۆن ئەمیان بەویان کاریگەر بووە، لێیان تێبگەین.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن بەو تاکتیک و مانۆڕە زیرەکانە 'سنووری میللی' دیاریکرا. هەوڵدەدەین لەوە تێبگەین میساقی میللی مانای چییە. گرنگترین پرسیش کە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چۆن لەو مانۆڕە ژیرانەیەدا کوردستان لە چوارچێوەی سنووری 'میللی' دا مایەوە. هەروەها تێگەیشتن لەوەی چۆن خۆیان لە کێشەی ئەرمینیا لادا. لەو قۆناخەدا

---

23. Doğan Avcıoğlu, a.g.e., s. 122

راسـتیی خەباتـی کوردسـتان دژ بـە دابەشـکاریی ئیمپریالیـزم، پارچەکردنـی کوردسـتان و دابەشـکردنی نەتـەوەی کـورد دەخەینـە بەربـاس.

## 2 - ئەو بزاڤانەی لەدوای ئاگربەستی مۆندرۆس لە ئەرمینیا و کوردستان هاتنەئاراوە

### 1 - دامەزراندنی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) و کاری رێکخراوەیی لە کوردستان

وەک چـۆن لـە داهاتـوودا بەشـێوەیەکی بەرفراوانتـر باسـی دەکەیـن، لـە دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لـە بەشـی رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ دا، لـە ئیجـە، لـە ئیسـتەنبووڵ و ناوچـەی دەریای سـپی نێوەڕاسـت هیچ رووداوێـک نەقەوما. ئـەو دۆخـە تاوەکـو دوو سـێ مانـگ دوای داگیرکردنـی ئیزمیریـش لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە، هـەروا بـەردەوام بـوو، بـەڵام لـە کوردسـتان و ئەرمینیـا رووداوی گرنگـی سیاسـی و بزاڤـی رزگاریخـوازی هەبـوون. پێشـتر باسـمان لـەو بزاڤـە نەتەوەییانـە کـرد کە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی ئیمپراتۆری دا لـە باڵـکان هەبـوون، بەتایبـەت لـەو شـوێنانەی زۆرینەیـان کریسـتیانن، لەگـەڵ گەشەسـەندنی هەسـتی نەتەوەیـی لای تـورک، ئـەو بزاوتـە نەتەوەییانـەش هاوتـای نەتەوەخوازیـی تـورک خێراتـر دەبـوون. لـەو دەمەدا عێراقیـش بـە هاوکاریـی ئینگلیـز لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیابـووەوە. لەگـەڵ گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایەن ئیتیحـاد و تەرەقییـەوە، تواناکانی دەوڵەتیـان بـۆ نەتەوەپەرسـتی خسـتەگەڕ، هـاوکات هەسـتی نەتەوەیی لای کوردیـش جـوڵا. هـەر دوای بڵاوبوونـەوەی چـوارده پرەنسـیپەکەی ویڵسـن، لـە کوردسـتان لـە سـاڵی 1918 کۆمەڵـەی تەعالـی دامـەزرا [24].

24 - بۆ زانیاری سەبارەت کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بڕوانە:
-Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasi Partiler, 1859-1952; İstanbul 1952, s. 429-431.
-Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler, Cilt II, Mütareke Donemi, Hürriyet Vakfı Yayınları, İstanbul 1986.

تەعاونی کورد لە ساڵی 1908 دامەزرا، کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بوو کە کاریگەر بوون بە ئایدیاڵەکانی عوسمانی. هەرچی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) بوو، وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی دامەزرا. کۆمەڵەیەک بوو لە هەناوی نەتەوەخوازیی کوردەوە هاتبوو. دامەزراندنی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) لە ئیستەنبووڵ هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی 'کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان' لە قاهیرە، لەلایەن سوورەییا بەدرخان و براکانی. وەک لە گۆڤارەکانی ژین و کوردستان دا هاتووە، ئەم کەسانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوون: سەرۆک: "شێخ عەبدولقادر ئەفەندی، د. محەممەد شوکرو، ئەفسەر ئەمین بەگی دێرسمی، نامی بەگی بتلیسی، کامەران عالی بەدرخان، نەجمەدین حوسێن، رەشید ئاغای سەرۆکی کرێکاران، قازیزادە م شەوقی، سەرنووسەری گۆڤاری کوردستان، ئارڤاسی زادە محەممەد شەفیق بەڕێوەبەری گۆڤاری کوردستان، محەممەد میهری، بەڕێوەبەری ژین لە مێرسین، ئەمین فەوزی، م. سەلیم بەگی وان، عەبدولواحید بەرزنجی زادە، د. حامید شاهید، لاو رەشید، د. ف. بەحرۆ، عەبدولڕەحمان

---

-İsmail Goldaş, Kürdistan Teali Cemiyeti, Doz Yayınları, İstanbul 1991.
- M. Şükrü Hanioğlu, Bir Siyasal Düşünür Olarak Abdullah Cevdet ve Donemi, İstanbul, ـçdal Neşriyat, 1981.
-Malmisanij, Yüzyılımızın Başında Kürt Milliyetçiliği ve Abdullah Cevdet, Uppsala, Jina Nû Yayınları, 1986.
- Koçgiri Halk Hareketi, Komal Yayınevi, Ankara 1977.
-Nuri Dersimi, Kürdistan Tarihinde Dersim, Koln, Komkar Yayınları, 1988, (yeni bir baskısı için bk. Dilan Yayınları, Diyarbekir, 1992).
-M. Emin Zeki, Kürdistan Tarihi, Komal Yayınları, İstanbul 1977.
-Hasan Yıldız; Fransız Belgeleriyle Sevr-Lozan-Musul ـçgeninde Kürdistan, Koln, Heviya Gel Yayınları, 1990, (Yeni baskı için( bak Zinnar Silopi, Doza Kürdistan-Kürt Milleti'nin 60 Seneden beri Esaretten Kurtuluş Savaşı Hatıratı
-Stewr Basımevi, 1969 (yeni baskı için bk. Kedri Cemil Paşa (Zinnar Silopi) Doza Kürdistan "Kürdistan Davası" 60 yıllık Esaretten Kurtuluş Savaşı Anıları, zge Yayınları, sadeleştirerek ve notlayarak yayına hazırlayan Mehmet Bayrak, Ankara, 1991.
-Ali Birinci, Hürriyet ve İtilâf Fırkası, Dergah Yayınları, İstanbul 1990.
-Mehmet Emin Bozarslan, Jin, 1918-1919, Cilt 1, Weşanxana Deng, Sweden, 1985 sunuş yazısı, s. 95-177.
- Şerif Paşa, Bir Muhalifin Anıları, (İttihat ve Terakki'ye Muhalefet), Nehir Yayınları, İstanbul 1990.

رەحیمـی هـەکاری، عەزیـز یامولکـی زادە، کەمـال فـەوزی هەیزانـی زادە.
دەتوانیـن ئـەو رێکخراوانـەی لـە سـاڵی 1900ـــەوە لەلایـەن کـوردەوە دامـەزراون بـەم شـێوەیە ریـز بکەیـن:

کۆمەڵەی عەزمی کوردستان 1900
کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد 1908
کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کورد 1910
کۆمەڵەی هاوکاریی کوردستان 1912
کۆمەڵەی هێڤی کورد 1912
کۆمەڵەی مەعاریف و نەشریاتی کورد 1918
کۆمەڵەی تەعالی کوردستان 1918
کۆمەڵەی کوردستان 1920
کۆمەڵەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی 1920

ئـەوەی جێـی سـەرنجە کـە ئـەو کۆمەڵانـە زیاتـر لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی 1908-1912، واتـە دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس دامـەزراون. لەنێـو ئامانجەکانـی دامەزراندنـی ئـەو کۆمەڵانـەدا مێـژووی کـورد، زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی کاری لەپێشـینەن.
زنـار سـلۆپی، لـەو بیرەوەرییانـەی کـە بـە ناونیشـانی (دۆزا کوردسـتان) کۆیکردوونەتـەوە، سـەبارەت کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتانەوە نووسـیویەتی:
"... دوای ئـەوەی بـە ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس شـەڕ کۆتایـی هـات، ئـەو نیشـتمانپەروەرە کوردانـەی لـە ئیسـتەنبووڵ دەژیـان، بـە ئامانجـی ئـەوەی مافـە نەتەوەییەکانـی کوردسـتان بەدەسـتبێنن، کۆمەڵەیەکـی سیاسـییان بەنـاوی کۆمەڵـەی تەعالیـی کوردسـتان دامەزرانـد. ئەوانـەی کـە لـە دامەزرێنەرانـی ئـەو کۆمەڵەیـە بـوون: بەدیعولزەمـان مـەلا سـەعید [25]،

25 - پێویسـتە مـەلا سـەعید و بەدیعولزەمـان سـەعیدی نوورسـی تێکـەڵ نەکەیـن. مـەلا سـەعید لـە دەورانـی ئاگربەسـت دا وەک سـیخوڕی ئینگلیـز کاری دەکرد. هەرچی بەدیعولزەمان سـەعیدی نوورسـییە لـەو رۆژنامەیەدا

هەمـزە میکسـیلی و خەلیـل خەیاڵـی دەسـتبەکاربوون بـۆ تۆمارکردنـی ناوی ئەندامـان. ڕۆشـنبیرانی کـورد کـە زۆرینەیـان لـە ئیسـتەنبووڵ بـوون و ئەوانـەی کـە دەیانویسـت شـانازی و شـکۆی کـورد بپارێـزن و مەیلیـان بـەلای دۆزی نەتەوەکەیانـدا هەبـوو، هاتنـە نێـو کۆمەڵەکە. لـە هەڵبژاردنی دەسـتەی بەڕێوەبەریـدا ئـەم کەسـانە هەڵبژێـردران:

سـەرۆک: سـەید عەبدولقـادر ئەفەنـدی، کـوڕی سـەید عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی شەمزینی.

جێگری سەرۆک: ئەمین عالی بەدرخان بەگ، لە میرانی بۆتان.

جێگـری دووەمـی سـەرۆک: فەریـد فوئـاد پاشـا، کـوڕی سـەعید پاشـا سـلێمانی، وەزیـری پێشـووی کاروبـاری دەرەوە.

نووسیاری گشتی: فەریق حەمدی پاشا

ژمێریار: سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید عەبدولقادر ئەفەندی

ئەندام: عەقید خەلیل بەگی دێرسمی

ئەنـدام: محەممـەد ئەمیـن بەگـی سـلێمانی، قایمقامـی سـەربازیی خانەنشـینکراو

ئەندام: خواجە عەلی ئەفەندی لە زانایانی ئیسلام

ئەندام: لە مامۆستایان شەفیق ئەفەندی ئەرڤاسڵی

ئەندام: سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرجومان شوکرو بەگی بابانزادە [26]

ئەو کەسـانە کـە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبـاری کۆمەڵە هەڵبژێردران، سـەردانی فەرمانـدە ئەمریکـی، ئینگلیـز و فەرەنسـییەکانیان کـرد کە لە ئیسـتەنبووڵ بـوون و هەوڵیانـدا خواسـت و ویسـتەکانی کوردیـان پێبگەیێنـن. لـە یەکێـک لـەو کۆبوونەوانـەی لەگـەڵ فەرماندەی سـوپای ئەمریـکا کردیـان، سـەید عەبدولقـادر ئەفەنـدی، ئەمیـر عالـی بەدرخـان بـەگ، بەدیعولزەمـان، د. محەممـەد شـوکرو بـەگ یاداشـتێکی درێژیـان پێشـکێش کـرد و لەسـەر

---

کـە کۆمەڵـەی تەعـاون و تەرقـی کـورد لـە سـاڵی 1908 دەریدەکـرد، بـە نـاوی سـەعیدی کـوردی دەینووسـی. ئـەوەی زنـار سـلۆپی باسـی دەکات دووەمیانـە.

26 - شوکرو بابانزادە تاوەکو دەیەی 1970 لە زانکۆی ئیستەنبووڵ لە بەشی ئابووری پڕۆفیسۆر بوو.

نەخشـە سـنووری کوردسـتانیان بـۆ کێشـا و باسـیان لـە دەرچەیەکـی دەریایـی کـرد، بـەڵام کۆمیسـەرە ئەمریکییەکە گوتبـووی بڕیاردراوە لەسـەر بەشـێکی گـەورەی ئـەو خاکـە ئەرمینیـا ئاوابکرێـت [27].

بەدیعولزەمـان لـە وەڵامـدا گوتبـووی: "ئەگـەر کوردسـتان لەسـەر دەریا بووایـە، دەکـرا بـە کەشـتیگەلەکانتان ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام کەشـتیگەلی ئێـوە ناگاتـە چیاکانـی کوردسـتان، بۆیـە ناتوانـن ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ بکـەن".

کاتێکیـش داوایـان لـە ئەمریـکا کـرد کـە هاوکاربێـت لـە بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد، فەرمانـدە ئەمریکییەکـە گوتبـووی: "تـۆ یارمەتـی خـۆت بـدە، خـوداش یارمەتیـت دەدات" و، بەوجـۆرە کۆتایـی بـە کۆبوونەوەکـە هێنابـوو.

پەیوەنـدی کـورد زیاتـر لەگـەڵ ئەفسـەری بەریتانیـا بـووە. ئەفسـەری بەریتانـی کـە بەڵێنـی دابوو دان بە مافـە نەتەوەییەکانی کورد دابنێـن، داوای لـە کـورد کردبـوو بـە ئارامـی بجوڵێنـەوە و دانبەخۆیانـدا بگـرن. گوتوویەتـی ئەمـە بەسـوودی خۆتانـە و بـەم شـێوەیە کـوردی رازی کـردووە [28].

دەسـتەی بەڕێوەبەریـی کۆمەڵـە، بۆ بەشـداری لـە کۆبوونەوەی ئاشـتەوایی کـە لـە پاریـس بەسـترا، شـەریف پاشـای خەندانـی وەک نوێنـەری کـورد، بـە یاوەریـی فەخـری بەگـی دیاربەکـری، رەوانـە کردبـوو، ئـەم دوو کەسـایەتییە داوای مافـی سـەربەخۆیی نەتەوەی کوردیان دەخسـتە بەردەم کۆنفرانسـی ئاشتەوایی [29].

شـەریف پاشـا لـە سـاڵانی 1919-1920 لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی راپۆرتێـک و

27 - پـڕۆژەی دروسـتکردنی ئەرمینیـا کـە بەشـێکی گـەورەی کوردستانیشـی لەخـۆ دەگـرت، یەکێکـە لـەو پرسـانەی کـە بـەرەی رزگاریخوازیـی تـورک بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا کەمـال هەڵوەسـتەیان لەسـەر کـردووە. وەک لـە داهاتـوودا دەیبینیـن، هەوڵـدەدەن بـە دەنگـۆی ئـەوەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیا، لەگـەڵ ئێمـە هاوئاهەنگـی بکـەن و کوردسـتان بپارێـزن"، ویسـتوویانە کـورد بـەلای خۆیانـدا رابکێشـن.

28 - گرنگینەدانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا بـە داخوازییەکانـی کـورد یەکێکـە لـەو خاڵانـەی شـایانی هەڵوەسـتەیە. لـە داهاتـوودا ئـەم پرسـە روونده‌کەینـەوە.

29 - کاتێـک لـە دەسـتەی دامەزرێنـەران و ئـەو نوێنەرانـەی بـۆ کۆنفرانسـی پاریـس نێـردران ورد دەبینـەوە، دەبینیـن ئەوانـەی شـاندەکەیان پێکهێنابـوو، لـە هەمـوو ئـەو ناوچانـەی کوردسـتانەوە هاتبـوون کـە دەکەوتنـە سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانی: سـلێمانی، مووسـڵ، هـەکاری، دیاربەکـر، دێرسـم، جزیـرە و... تـاد.

نەخشـەی کوردسـتانی پێشکێشـی کۆنفرانسـەکە کرد و داوای یەکخستن و سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـرد. بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـەش کـە لەگـەڵ نۆبار پاشـا، سـەرۆکی نوێنەرایەتـی ئەرمینیا کردبـووی، لە ئەرمینیا کوردسـتانێکی سـەربەخۆی جیاکردبـووەوە و بەیەکـەوە یاداشـتێکیان پێشکێشـی کۆنفرانسـی ئاشـتی کـرد [30].

ناوەنـدی کۆمەڵـەی (تەعالـی کوردسـتان) کـە سـاڵی 1918 دامـەزرا و لـە سـەرەتای 1919دا پـەرەی بـە چالاکییەکانـی دا، لـە ئیسـتەنبووڵ بـوو. جگـە لـە ناوەنـد، لـە دیاربەکـر، بەدلیـس و ئەلعەزیزیـش لقـی کردنـەوە. ئامانجی کۆمەڵەکـە "پێشخسـتنی کوردسـتان و گەشـەپێدانی و پەروەردەکردنـی نەتـەوەی کـورد بـە پـەروەردەی ئیسـلام و کارکـردن لەسـەر تایبەتمەندییـە فکـری و ڕۆحییەکانـی نەتـەوەی کـورد" بـوو.

کۆمەڵـەی تەعالـی لەپێنـاوی گەڕاندنـەوەی ئـەو کوردانـەی بەرپرسـانی ئیتیحـاد و تەرەقی ئـاوارەی ناوچە جیاوازەکانی ئەنادۆڵیـان کردبوون، هەوڵی زۆری دا و کاری بـۆ ئـەوەش دەکـرد فەرمانبەرانـی کـورد دابمەزرێـن. لـەو سـەروبەندەدا لـە هەوڵـی پەیوەندیگرتنـدا بـوو بـەو حکومەتـەی لەلایـەن شـێخ مەحمـوودی حەفیـدەوە لـە سـلێمانی دامەزرابوو. کۆمەڵـەی تەعالی هەریەکـە لـە "کۆمەڵـەی مەعاریفـی کـورد"، "کۆمەڵـەی قوتابیانـی هیـوا"، "کۆمەڵـەی تەعالـی ژنانـی کـورد"ی پێکهێنـان و کاری لەسـەر دەکـردن.

دوو گـرووپ لەنێـو کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان دا هەبـوون. یەکـەم: ئەوانـەی دەیانویسـت مافـە نەتەوەییەکانـی کورد بە مانەوە لـە چوارچێوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دا دەسـتەبەر بکرێـن، لەوانـەش سـەید عەبدولقـادر و براکانـی. گرووپـی دووەم: بڕوایـان وابـوو مافەکانـی گەلـی کـورد تەنیـا لـە چوارچێـوەی کوردسـتانێکی سـەربەخۆدا بەدیدێـن، ئەوانـەش کامـەران بەدرخـان و براکانـی بـوون. ئـەم گرووپـە کـە بـە "ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتـی" ناونرابـوون، هـاوکات لەگـەڵ ئـەو نوێنەرانـەی لـە کۆنفرانسـی پاریـس

30 - Zinnar Silopi, Doza Kürdistan, Kürt Milletinin 60 Senedenberi Kurtuluş Savaşı Hatıratı, Stevr Basımevi, 1969, s. 52-56

بـوون و لەگـەڵ شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی کـە لـەو سـەروبەندەدا لـە سلێمانی حکومەتـی دامەزراندبـوو، لـە پەیوەندیـدا بـوون، بـەڵام ئەوانـەی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دا داوای مافەکانـی کوردیـان دەکـرد، لەپـاش هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی و بەهێزبوونـی حکومەتـی ئەنقـەرە، پەرتـەوازە بـوون. بەشـێکیان چوونـە نێـو ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتی و بەشێکیشـیان چوونـە پـاڵ حکومەتـی ئەنقـەرە. هەریەکـە لـە سـلێمان نەزیـف و زیـا گۆکئاڵـپ وێـڕای ئـەوەی کـورد بـوون، کوردبوونـی خۆیـان ڕەتدەکـردەوە و شـانازییان بـە تورکبوونـەوە دەکرد،هەربۆیـە شـەڕێکی گەرمیـان لـە دژی ئـەو ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتییـەی نێـو کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان ڕاگەیاندبـوو کـە پێیانوابـوو تەنیـا بـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆ مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بەدیدێـن. سـلێمان نەزیـف و زیـا گۆکئـاپ زیاتر مەیلیـان بـەلای کۆمەڵـەی ئـازادی و هاوپەیمانیـدا بـوو نـەک ئیتیحـاد و تەرەقـی کـە تێیـدا ئەنـدام بـوون.

خاڵێکـی دیکـە کـە لەبـارەی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان گرنگـە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن، ئەوەیـە کـە ئیسـماعیل گۆڵـداش ئامـاژەی بـۆ دەکات. گۆڤـاری (ژیـن) کـە ئۆرگانـی ئـەو کۆمەڵەیـە بـوو، بۆچـوون و ڕوانگـەی کۆمەڵـەی بڵاودەکـردەوە. محەممـەد ئەمیـن بۆزئەرسـڵان کـە (ژیـن)ی لـە پێنـج بەرگـدا چاپکـردەوە، دەڵێـت: هەریەکـە لـە "کۆمەڵـەی مەعاریفـی کـورد"، "کۆمەڵـەی قوتابیانـی هیـوا"، "کۆمەڵـەی تەعالـی ژنانـی کـورد" لەلایـەن کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتانەوە پێکهێنـراون.

ئـەم کۆمەڵەیـە لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی کـوردی دانیشـتووی ئیسـتەنبووڵەوە دامـەزرا و پەیوەندییـان بـە کـوردی دانیشـتووی کوردسـتانەوە نەبـوو. ئیسـماعیل گۆڵـداش و محەممـەد ئەمیـن بۆزئەرسـڵان لـەو دوو کارەی ئاماژەمـان بـۆ کـردن، سـەرنجی گرنـگ لەوبارەیـەوە دەخاتـەڕوو.

محەممـەد ئەمیـن بۆزئەرسـڵان دەڵێـت: "... لـە کاتێکـدا کـە دەسـتەبژێرە هەرە لەپێشـینەکانی کورد و کۆمەڵەی تەعالی کوردسـتان لە ئیسـتەنبووڵ دانیشـتبوون و هیوایـان لەسـەر کۆنفرانسـی پاریـس هەڵچنیبـوو، لـەو

دەمــەدا مســتەفا کەمــاڵ لــە کوردســتان کاری دەکــرد. ســەرەتا لــە ئەرزڕووم، دواتریش لە سـیواس کۆنگرەی سـازکردن و لەلایەنی سیاسـی و سـەربازییەوە خـۆی بەهێزکـرد. بـەم شـێوەیە کۆمەڵەی تەعالی کوردسـتان خاکـی خـۆی و مەیدانـی کارکردنـی سیاسـی خـۆی دابـووە مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا، واتـە بـۆ دووژمنـی گەلەکـەی خـۆی بەجێهێشـتبوو، لـە دەرەوەی خاکـی کوردسـتان، لـە ئیسـتەنبووڵ بێخەم لێـی دانیشـتبوون". (ژیـن بەرگـی 1، ل.125)

## 2 - شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان

### خەباتی بەرزنجی لە دژی بەریتانیا

کاتێـک لـە باکـووری کوردسـتان ئـەو پێشـهاتانە هەبـوون، لـە باشـووری کوردسـتان بزاڤێکـی چەکـداری سـەری هەڵدابوو. دەشـێ ئەو پەرەسـەندنە بـەم جـۆرە کـورت بکەینـەوە:

پەیمانــی بەلفــۆڕ (9ی تشــرینی دووەمــی 1917) وەک چــۆن کاریگــەری بەسـەر عەرەبەوە هەبوو، بەهەمان شـێوە کاریگەری بەسـەر کوردیشـەوە هەبــوو. کوردیــش ماوەیەکــی زۆر بــوو بــۆ دروســتکردنی کوردســتانی ســەربەخۆ هەوڵیــدەدا. پرەنســیپەکانی شــۆڕشــی ئۆکتۆبــەر لــە پرســی دیاریکردنـی مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس بـۆ ئـەو نەتەوانـەی داگیرکرابـوون، کاریگـەری گـەورەی هەبـوو. لەلایەکـی دیکەشـەوە 14 خاڵەکـەی ویڵسـن، ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، بەتایبــەت لەســەر ئــەو نەتەوانـەی لەژێـر سـایەی دەوڵەتی عوسـمانی دا بوون، کاریگەریـی گەورەی هەبـوو. دوانزەیەمیـن خاڵـی پرەنسـیپەکانی ویڵسـن دەڵێت لـەو ناوچانـەی تــورک تێیانــدا دەژیــن، دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ بــۆ تــورک دابمەزرێــت. بــۆ ناوچەکانــی دیکــە پێشــنیازی ئــەوەی دەکــرد کــە تــەواوی ئــەو گەلانــەی لەلایـەن تورکـەوە دەچەوسـێنرێنەوە، بگەنـە ئـازادی.

سـەرخێڵانی هەمەوەنـد و دەستڕۆیشـتووانی سـلێمانی کـە هێشـتا لەنێـو شـەڕدا بـوون، لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتبـوون حکومەتێکـی کاتـی بـە سـەرۆکایەتی شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی دابمەزرێـت. سـوپای ئینگلیز کاتێک لـە 7ی مایسـی 1918 کەرکووکیـان داگیرکـرد، کورد باسـی ئـەو پڕۆژەیەیان بـۆ ئینگلیـزەکان کـرد. لـەو سەروبەندەشـدا، حکومەتـە کاتییەکـەی کـورد لەجیاتـی فەرمانبـەرە بیانییـەکان، کوردیـان وەک کرێـکار و کارگێـڕ دادەمەزرانـد. لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی 1918دا سـوپای عوسـمانی لەبەرانبـەر سـوپای ئینگلیـز وەک چـۆن لـە سـووریا شکسـتی خواردبـوو، لـە باشـووری کوردسـتان و بـەرەی عێراقیشـدا تووشـی شکسـتی گـەورە هاتبـوو. ناوچەکـە کەوتبـووە ژێـر دەسـتی ئینگلیـز. ئـەودەم ئارنۆڵد ویڵسـن حاکمـی بەریتانیـا بـوو لـە عێـراق. مێجـەر نوئێـڵ، مێجـەر سـۆن و مێجـەر گریـن هـاوس یاریـدەدەری بـوون. ویڵسـن لەڕێگـەی مێجـەر نوئێڵـەوە لەبـارەی پێشـهاتەکانی کوردسـتان زانیـاری وەردەگـرت [31].

ئینگلیـز دانیـان بـە حکومەتـە کاتییەکـەی کوردسـتان دانا و حاکمـی بەریتانیا لـە عێـراق لـە یەکـی کانوونـی یەکەمـی 1918 سـەردانی شـێخ مەحمـوودی کـرد. شـێخ مەحمـوود بەڵگەنامەیەکـی دایـە حاکمـی بەریتانـی کـە واژۆی نزیکـەی پەنجـا سـەرۆک خێڵـی کـوردی لەسـەر بـوو، تێیـدا داوا کرابـوو کورد بەڕێگـەی ئاشـتی بتوانێـت چارەنووسـی خـۆی دیـاری بـکات و ئیدارەیەکـی مۆدێـرن و مەدەنـی لەسـەر خاکـی خـۆی دابمەزرێنـێ [32].

شـێخ مەحمـوود لـەو بەڵگەنامەیـەدا داوای دەوڵەتێکـی ئۆتۆنۆمـی دەکـرد کـە لەژێـر پارێزبەندیـی ئینگلیـزدا بێـت، بـەڵام ئینگلیـزەکان لەجیاتـی بەجێهێنانـی ئـەو خواسـتەی کـورد، هەوڵـی خافڵانـدن و ڕاگرتنیـان دەدا. مێجـەر نوئێـڵ لـەو سـەروبەندەدا لـە ناوچەکـە ڕۆیشـت و مێجەرسـۆن شـوێنی گرتـەوە. حاکمـی بەریتانیـا لەڕێـی مێجەرسـۆنەوە، کـورد و

31 - وەک دەردەکەوێت، مێجـەر نوئێـڵ سـیخوڕی بەریتانیـا بـوو. لـە کورسـتان یاریـدەدەری سـێر ئارنۆڵـد ویڵسـن بـوو. لـە پرسـی کێشـەی باکـووری کوردسـتان دا زوو زوو نـاوی دەبیسـتینەوە.

32 - S. S. Şivan, Kürt Millet Hareketleri ve Irak'ta Kürdistan İhtilali, 1970, (Teksir), s. 44-45.

بەرپرسـانی ئینگلیـزی لـە دژی شـێخ مەحمـوود هانـدەدا. لەبەرانبەریشـدا، شـێخ مەحمـوود نـە کـوردە هاونیشـتمانییەکانی خـۆی و نـە بەریتانییەکانی رازی دەکـرد. لـەو دۆخـەدا، شـێخ مەحمـوود لـە نزیـک سـنووری ئێـران بـەو چەکـدارە کوردانـەی کۆیکردبوونـەوە، لـە 19ی مایسـی 1919دا هێرشـی کـردە سـەر ئینگلیـزەکان لـە سـلێمانی. مێجەرسـۆن لەونێـوە نەمابـوو. ئەفسـەر گرینهـاوس شـوێنی گرتبـووەوە. ئـەوی دەستبەسـەر کـرد و خـۆی وەک حاکمـی کوردسـتان راگەیانـد [33].

دەسـتگیرکردنی گرینهـاوس و کارمەندانـی دیکـەی ئینگلیـز و خۆناوەزەدکردنـی شـێخ مەحمـوود وەک مەلیکی کوردسـتان، ئینگلیزەکانی تـووڕە کـرد. شـێخ مەحمـوود دانـی بـە داگیرکاریـی میسـریش دانەنـا لەلایـەن  بەریتانییەکانـەوە.

"... بڕیـاری سـزادانی درا. لـە 17ی حوزەیرانـی 1919، ژەنـەراڵ فرایـزەر هێـزی بـە ئاراسـتەی ئـەو چەکـدارە کوردانـە جوڵانـد کـە لـە دەربەنـدی بازیـان بـوون. لـە 18ی حوزەیـران هێزەکەمـان شـێخ مەحموودیـان بـە برینـداری دەسـتگیرکرد و لـە 19ی حوزەیـران دا چوونە نێو سـلێمانی. بەچۆکداهێنانی ئـەو کوردانـەی هێشـتا لـە شـاخەکان مابـوون، شـەش هەفتـەی خایانـد. دوای ئـەوەی شـێخ مەحمـوود لـە 29ی تەممـووزی 1919 برایـە بەغـدا، حوکمـی لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو. دواتـر سـزاکەی کرایـە زیندانـی هەتاهەتایـی و بـۆ هیندسـتان دوورخرایـەوە [34]

رۆژ بـە رۆژیـش ناکۆکیـی نێـوان کـورد و ئینگلیـز زیاتـر دەبـوو. بەهـۆی نیگەرانـی لـەو دۆخـە، ئۆفیسـی هیندسـتان لـەو تەلەگرافـەدا کـە لـە

---

33 - مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە رۆژی 19ی مایسـی 1919 گەیشـتە سامسـوون، ئـەم رۆژە هاوکاتـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانەکەی شـێخ مەحمـوود لـە کوردسـتان دژی ئیمپریالیزمـی بەریتانـی. بـۆ سـەرهەڵدانەکەی شـێخ مەحمـوود دژ بـە ئینگلیـز بڕوانـە:

Cemal Kutay, Türkiye İstiklâl ve Hürriyet Mücadeleleri Tarihi, Cilt 19, (1919-1923), s. 10657-10698.

34 - تاوانبارکردنـی سـەرکردەی نەتـەوەکان و سـزادانیان بـە لەسـێدارەدان و دواتـر گۆڕینی سـزاکە بـۆ بەندکردنی هەتـا هەتایـی یـان دوورخسـتنەوە لـە سیاسـەتە بنچینەییەکانـی ئیمپریالیزمـی بەریتانییـە کـە لـە هەمـوو کۆلۆنییەکانـدا جێبەجـێ دەکـرا.

24ی ئـاب بـۆ ئارنۆڵـد ویڵسـن دەینێرێـت، دەپرسـێت: "بەگوێـرەی ئـەو هەلومەرجـەی ئێسـتا ئەفسـەرەکانمان پاشەکشـە بکەن و کورد بـە پلان و بەرنامـەی خۆیانـەوە جێبهێڵـن، کارێکـی دروسـتە یـان نـا". هـەر بەڕاسـتیش لـە باکـوور هێشـتا کارەکان بەچاکـی نەدەچوونـە پێشـەوە. لـە مانگـی ئـاداردا ئەفسـەرێکی ئینگلیـز لـە زاخـۆ لەلایـەن کـوردەوە کـوژرا. لـە 14ی تەمموزیـش فەرماندەیـەک لـە ئامێـدی کـوژرا. هەربۆیـە بەریتانیـا هێـزی نـاردە ئامێـدی و بـەرواری و سـەرۆک خێڵـە تۆمەتبارەکانـی لەسـێدارەدان. ویڵسـن ئـاوا وەڵامـی تەلەگرافەکـەی داوەتـەوە: "ڕووداوەکانـی ئـەم دواییە بەهیـچ شـێوەیەک ڕوانگـەی بەڕێزیانـی بەرانبـەر سـەختیی قەبووڵکردنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد نەگۆڕیـوە، بـەڵام ئاسـتی کۆنتـڕۆڵ پەیوەسـتە بـە پێداویسـتی وڵاتەکـە و سـەرنجە سـتراتیژییەکان. پێویسـتە لـە ناوچـەی سـلێمانی کۆنتـڕۆڵ تووندتـر بکـرێ. چونکە پێگـەی سـتراتیژی و هەڵکەوتەی جوگرافـی ئـەو ناوچەیـە زۆر گرنگـە. سـلێمانی شـارێکی دەوڵەمەنـدە. بـۆ پیشەسـازی گونجـاوە. ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی لەوەڕانـدن و ناوچەیەکـی بەرفراوانـی دارسـتانی هەیـە." [35]

وەکـو دیـارە بـاس لـە دەوڵەتـی کـوردی دەکرێـت. ئەمـە هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی خێڵـەکان وەک گرووپـی سیاسـی جیـاواز مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێت، لـە کاتێکـدا هەوڵـی کـورد بـۆ دروسـتکردنی ناوەندێکـی هاوبـەش بـوو.

لـە مـاوەی سـاڵی 1919دا زۆر شـتی دیکـە لەنێـوان ئینگلیـز و کـورد ڕوودەدەن.

"بـای بیلـی کە بـۆ پێکهێنانەوەی سـەرۆک خێڵەکانـی زێبار دەچێتـە ئاکرێ، لە یەکـی تشـرینی دووەم دا دوای ئـەوەی لـە ئـاوی زێ دەپەڕێتـەوە، دەکەوێتـە بۆسـەوە و خـۆی و ئەفسـەر سـکۆت دەکوژرێـن. بارزانـی و زێبارییـەکان ئاکـرێ تـاڵان دەکـەن، ئەفسـەر کـرک بـۆ ئـەوەی ئـەوان ملکـەچ بـکات،

35 - Wilson, (Mezopotamia, 1917-1920, 1931, s. 144)'den soz eden Rambout, Kürtler ve ağdaş Kürdistan Tarihi, (1918-1946), ev. Ronahi, Ronahi Yay., 1972, s. 69-71

بەبێ ئازاردانی دێهاتییەکان (!) ماڵی سەرۆک خێڵەکان دەسووتێنێ. ئینگلیزەکان لە ئامێدی و رواندز پاشەکشە دەکەن: بەڵام لە تەلەگرافی 15 ی تشرینی دووەمی 1919دا نووسراوە: گومانم هەیە شیعەکان حکومەتێک قەبووڵ بکەن کە سوننە تێیدا باڵادەست بن، بەڵام دڵنیام کورد قەبووڵی ناکەن. بەپێی ئەو شەرت و مەرجەی هەیە، دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی وەک مەحاڵ دێتە بەرچاو. تاوەکو سنووری باکووری عێراقیش دیاری نەکرێ، ناتوانین دڵنیایی ئەوە بدەین کە بەرپرسانی ئەو دەوڵەتانە پشتیوانی لە سیاسەتی ئێمە دەکەن" [36]

لە کۆتایی 1919 دا هەڵوێستی بەریتانیا بەرانبەر کورد روونتر دەرکەوت. ئینگلیزەکان تەواو لەوە دڵنیابوون کە کورد دەوڵەتێک قەبووڵ ناکات بە ناسنامەی عەرەبییەوە دابمەزرێت. بەتەواویش وازیان لە بیرۆکەی دامەزراندنی "دەوڵەتی خێڵەکان" هێنابوو. بۆ ئەمە دەستیان بەوە کردبوو پلانێک دابرێژن تاوەکو لە سەروبەندی دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبیدا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد بکەن. ئەویش بەهێنانە رۆژەڤی پرسی "سنووری باکووری عێراق" [37].

وەک دیارە، دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان، شتی زۆر روودەدەن. ئەو پێشهاتانە ئیمپریالیزمی ئینگلیز و کوردیان رووبەرووی یەکدی کردەوە. ئینگلیزەکان دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمی بوون بۆ کورد. دامەزراندنی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە

---

36 - Rambout, a.g.e., s. 72-73

37 - لەبارەی رووداوەکانی باشووری کورستان بڕوانە:

Şivan, Kürt Millet Hareketleri ve Irak'ta Kürdistan İhtilâli, s. 38-47.

Zinnar Silopi, Doza Kürdistan, Kürt Milletinin 60 Senedenberi Esaretten Kurtuluş Savaşı Hatıratı, s. 63-75.

Rambout; Kürtler ve ağdaş Kürdistan Tarihi, (1918-1946), s. 56-86.

William Eagleton, Mehabad Kürt Cumhuriyeti, ev. Mehmet Emin Bozarslan, Koral Yayınları, İstanbul 1976, s. 37-45.

Heinz Gstrein, Avukatsız Halk Kürtler, ev. Selçuk Barlas, ̠çüncü Dünya Yay., İstanbul 1907, s. 12-15.

Dana Adam Schmidt, Barzani'yle Konuşmalar, ev. Ahmet Dere, Yontem Yay., İstanbul 1977, s. 15.

Edgar O'Ballance, 1961-1970 Irak Kürdistan'ı Kurtuluş Mücadelesi, ev. Mehmet Goreli, Yontem Yay., İstanbul 1977, s. 18-21.

ساڵی 1918 لە ئیستەنبووڵ و کردنەوەی لقەکانی دیاربەکر، ئەلعەزیز و بەدلیس لە رووداوە گرنگەکان بوون. لە سەرەتای 1919دا یەکێک لەو شوێنانەی کە کێشەی کوردستانی تێدا هاتبووە بەرباس، کۆنفرانسی پاریس بوو. باسکردنی ئەمە هەڵدەگرین بۆ دواتر و دەچینە سەر باسی ئەو رووداوانەی کە لە ئەرمینیا و کوردستان گەرم بوون.

## 3 - گەڕانەوەی ئەرمەن بۆ مەڕەش، عەنتاب و کلیکیا و دووبارە سەرهەڵدانەوەی پێکدادانی تورک و ئەرمەن

شکستی دەوڵەتی عوسمانی و واژۆکردنی ئاگربەستی مۆندرۆس، دڵخۆشییەکی زۆری بۆ ئەرمەنەکان هێنا. وەک دەزانرێ ئەرمەن لە ساڵی 1915دا لە ئەرمینیا، ئەنادۆڵ و کوردستان دەرکران و راگوێزران، بەڵام ئەمەیان بەهەل زانی و گەڕانەوە سەر وار و زێدی خۆیان و کەوتنە یەکلاییکردنەوەی حیسابی ئەو موڵک وماڵانەی بەجێیانهێشتبوون. ویستیان دووبارە وەریانگرنەوە. ئەوە لە کاتێکدا کە هەر ئەوکاتەی راگوێزران، موڵکەکانیان لەلایەن کورد و تورکەکانی ئەو شوێنانە کەوتنە بەر تاڵان. ئەرمەنەکان هەر کە گەڕانەوە داوای ئەو موڵک و ماڵانەی خۆیان کردەوە، بەڵام گەڕانەوەی ئەرمەنەکان بۆ ئورفا، مەڕەش و ئەدەنە جیاواز بوو لە گەڕانەوەیان بۆ قەرس و ئەرزڕووم و ناوچەکانی دیکە. دۆغان ئاڤجیئۆغڵو بەم شێوەیە باس لە گەڕانەوەی ئەرمەنەکان بۆ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەکات:
"... یەکەم کاردانەوەی تورکەکان بەرانبەر بە داگیرکاریی فەرەنسا، کاردانەوەیان بوو بەرانبەر ئەرمەن. هیچ کاردانەوەیەکی راستەوخۆیان لەدژی فەرەنسییەکان نەبوو. نەجیبزادەکانی بایەزید، بەخوانی رازاوە و داوەتەوە پێشوازییان لە فەرەنسییەکان کرد. بەشێک لە نەجیبزادەکانی مەڕەش، لە سەرووی هەموویانەوە موتەسەڕیف، بە واژۆی دەمڕاستەکانی مەڕەش تەلەگرافێکی بۆ وەزارەتی

دەرەوە نـارد و داوای کـرد پاراسـتنی مـەڕەش لـەڕووی سـەربازییەوە رادەسـتی ئەندریـا، فەرمانـدەی سـەربازیی فەرەنسـی لـە عوسـمانییە بکرێـت. نەجیبزادەکانـی کـۆزان بـە داگیرکاریـی فەرەنسـا رازیبـوون، بـەڵام بەبـێ ئەرمەنـەکان. بـە قسـەی فالـح ریفقـی ئاتـای، ئەوانـەی لـە ئیسـتەنبووڵ پێشـەنگی قـوەی میللییـە بـوون، ئەوانیـش دڵخۆشـبوون بـەوەی لـە مـەڕەش و عەنتـاب پێشـوازی لـە فەرەنسـییەکان کـراوە و پەسـنی ئەمەیـان دەدا. نەجیبزادەکانـی ئـەو ناوچانـە بەرلـەوەی کۆتایـی بـە داگیرکاریـی فەرەنسـی بێـت، پێشـنیازی ئـەوە دەکـەن لەجیاتـی سـەربازی ئەرمەنـی سـەربازی فەرەنسـایی یاخـود سـەربازی موسـڵمانی ئەفریقیـای باکـوور بهێنرێـن. کاتێـک فەرەنسـییەکان لـە 21ی شـوباتی 1920 بـە نامەیـەک داوا لـە موتەسـەڕیفی عەنتـاب دەکـەن رێگـەی نێـوان کلیـس و عەنتـاب بکاتـەوە، کەسـانی دیـاری ئـەو شـارۆچکە قارەمانـە، بۆئـەوەی موتەسـەڕیف پاشەکشـێ بـە هێزەکـەی بـکات، داوا دەکـەن بـەر لـە هەرشـتێک ئـەو یەکانـەی خۆبەخشـە ئەرمەنەکانـی تێدان دووربخرێنـەوە و دەڵێـن بـا ئـەوان دەسـت لـە کاروبـاری نێوخۆیـی تـورک وەرنـەدەن. فەرەنسـییەکان هەوڵیانـدا تاڕاددەیـەک ئـەو داواکارییـە جێبەجـێ بکـەن، هەوڵیانـدا لەجیاتـی ئەرمەنـەکان سـەرباز لـە ئەفریقیـای باکـوورەوە بهێنـن. بگـرە لـە سـەرەتای مانگـی کانوونـی یەکەمـی 1919 و لەسـەردانیدا بـۆ سـیڤاس بـۆ لای مسـتەفا کەمـال، فەرمانـدە فرانسـوا جـۆرج پیکـۆت دەڵێـت بەرلـەوەی بەڕێبکەوێـت، فەرمانـی کـردووە سـەربازە ئەرمەنـەکان پاشەکشـێ بکـەن. بەمـەوە بەڵێنـی فەرەنسـییەکان هـەر زارەکـی دەبێـت. ئەرمەنـەکان بـەردەوام دەبـن لـەوەی کۆڵەگـەی سـەرەکی داگیرکارییەکـەی فەرەنسـا بـن. بـە کورتییەکـەی ئـەو بەرەنگارییـە چـوار ساڵەییەی باشـوور هێنـدەی لەدژی ئەرمـەن بـوو، هێنـدە لـە دژی دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان نەبـوو. بنپێکردنی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لەلایـەن ئـەو دەوڵەتانـەوە هیـچ کاردانـەوەی لێنەکەوتـەوە. بەتایبـەت هیـچ کاردانەوەیـەک بەرانبـەر داگیرکارییەکـەی

بەریتانیا نەبینرا [38]. "... فەرەنسـییەکان ورەیـان دایـە بـەر ئەرمەنـەکان بـۆ تۆڵەسـەندنەوە. ئینگلیزەکانیـش بە ناوی جیاوازبوونیان لە فەرەنسـییەکان، لـە داگیرکردنـی عەنتـاب، مـەرەش و رووهـادا چاوپۆشـییان لـە زوڵمـی ئەرمەنـەکان کـرد. فەرمانـدەی بـاڵای بەریتانیـا لـە ئیسـتەنبووڵ ئەدمیـراڵ کارڵهـۆپ، ژەنـەراڵ ئاڵەنبـەی ئـاگادار دەکاتـەوە کـە حکومەتـی تورکیـا ئـەو کوشـتارەی ئەرمەنـەکان لـە پایاسـا و دۆرتیـۆڵ کردوویانـە، شـەرمەزار دەکات. ژەنـەراڵ ئاڵەنبـەی دەسـت بـە دوورخسـتنەوەی ئەرمەنـەکان لـە سـەنگەرەکانی پێشـەوە دەکات. چـوار تیپـی ئەرمەنـەکان پەرتـەوازە دەکات و لـە یەکـی ئـاداری 1919دا بـە کەشـتییەکی ئینگلیـز دەیانباتـە پۆر سـەعید. ئالەنبـەی لـە 3ی ئـاداردا پێشـنیازی ئـەوە دەکات هەمـوو فەیلەقەکانـی ئەرمـەن بـەرەو فـاس بگوازرێنەوە. فەرەنسـا ئەمە رەتدەکاتـەوە. هەربۆیە هیـچ کاردانەوەیـەک لـە عەنتـاب، مـەرەش و رووهـا کـە لەژێـر داگیرکاریـی ئینگلیزدایـە، روونـادات. دواتـر ئـەو رۆشـنبیرانەی داسـتانی قارەمانێتیـان داهێنـاوە، بەپێویسـتیان نەزانـی لـە مـاوەی داگیرکارییەکـەی ئینگلیـزدا بەشـداری کۆنگـرەی سـیڤاس بکـەن. بەرخـۆدان لـە مانگـی ئۆکتۆبـەری 1919ـەوە دەسـت پێدەکات. چونکـە بەگوێرەی رێککەوتننامەی سـایکس-پیکـۆ ئینگلیـزەکان ناوچەکەیـان رادەسـتی فەرەنسـییەکان دەکـرد" [39].

دۆغـان ئاڤچیئۆغڵـو دوو هـۆکار بـۆ گەڕانـەوەی ئەرمەنـەکان دەستنیشـان دەکات [40]، یەکەمیـان بەکارهێنانـی یەکـە سـەربازییە ئەرمەنییـەکان وەک هێـزی داگیرکـەر و دووەمیـان هەسـتی تۆڵەسـەندنەوە لای ئەرمەنـەکان. ئەمـە راڤەیەکـە لەهەنـاوی شـەڕی نێـوان تـورک- ئەرمەنـەکان دێـت لـە

38 - Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 1, s. 8-9

39 - Doğan Avcıoğlu, a.g.e., s. 6-7

40 - ئەو سەرچاوانەی دۆغان ئاڤچیئۆغڵو بەکاریهێناون ئەمانەن:

Türk İhtilâl Harbi, Cilt IV, Güney Cepheleri (1919-1921), Genelkurmay Başkanlığı Yay., Ankara 1966, s. 59-182

Kasım Ener, ukurovanın İşgali ve Kurtuluş Savaşı, İstanbul 1963, s. 31.

Falih Rıtkı Atay, lankaya, İstanbul 1969, s. 182.

Kazım Karabekir, İstiklâl Harbimiz, İstanbul 1969, s. 381

ساڵانی 1921-1919. ئەگەر سەرنج بدەین، هیچ کەسێک لەبەرانبەر داگیرکارییەکەی ئینگلیزدا دەنگ ناکات. بگرە هانی داگیرکارییەکەیان دەدرێت و مەبەستیانە. تاوەکو ئەوکاتەی لەگەڵ ئەرمەنەکان نەهاتبوون و لەگەڵیان نەبوون بەهەمان شێوە هانی داگیرکاری فەرەنسییەکانیش دەدرا. بگرە پێشنیازی ئەوە بۆ فەرەنسییەکان دەکرا کە یەکە سەربازییە داگیرکەرەکانی فاس بهێنن. هەموو کاردانەوەکان دژی ئەرمەنەکان بوون. بۆچی کاردانەوەیان بەرانبەر ئەرمەنەکان دەنواند؟ ئەمە پەیوەندی بە موڵک و ماڵی ئەو ئەرمەنانەوە هەیە کە لە ساڵی 1915 راگوێزران و پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و چینبەندی شەڕی بۆرژوازییەوە هەیە. ماڵ و موڵکی ئەو ئەرمەنانەی لەلایەن دراوسێ موسڵمانەکانیانەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو. بێگومان ئەمانە ماڵباتی دەستڕۆییشتوو و دەوڵەمەندی ئەو ناوچەیە بوون. کە ئەرمەنەکان گەڕانەوە، ویستیان ماڵ و موڵکی خۆیان وەرگرنەوە. هەرچی خاوەنە تازە کورد و تورکەکانی ئەو موڵک و ماڵانەش بوون ئەمەیان نەدەویست. بۆیە ئەوانەی لە دژی داگیرکاریی ئینگلیز و فەرەنسا دەنگیان هەڵنەبڕی و بگرە بەدڵیشیان بوو، کەچی لە دژی ئەرمەنەکان وەستانەوە. راستتر بڵێم بۆ ئەوەی درێژە بە داگیرکاریی ئەو ماڵ و موڵکە بدەن کە دەستیان بەسەردا گرتبوون، بۆ ئەوان وەها گونجاو بوو ئەرمەنەکان نەگەڕێنەوە. ئەگەر ئەرمەنەکان لەگەڵ فەرەنسییەکان هاتبانەوە نەک لەگەڵ بەریتانییەکان، ئەوکاتە ئەو گەڕانەوەیە تەنیا رێکەوتێک نەدەبوو. چونکە لە ساڵی 1915دا ئەوانەی لە ناوچەکانی ئەدەنە، عەنتاب، مەرەش راگوێزرابوون، یاخود ئەوانەی بەزۆر کۆچیان پێکرابوو، زیاتر روویان لە سووریا و لوبنان کردبوو. لەو ناوچانەش فەرەنساییەکان باڵادەست بوون.

حەسەن عیززەدین دینامۆ لە کتێبەکەیدا (رابوونی پیرۆز) بەوشێوەیە باسی مەترسی ئەرمەنەکان دەکات بۆ سەر ئەشرافە خۆجێیەکانی ئەو ناوچانە:

"... رۆژە رەشەکانی ناوچەی سەر دەریای سپی نێوەڕاست کە بە باخە

پرتەقــاڵ، لیمــۆ و مــۆز و کێڵگــە دەوڵەمەندەکانــی پەمــوو داپۆشــرابوو، هــات. ئاگربەســتەکەی مۆنــدرۆس ئــەو نــاوەی خســتە ژێــر دەســتی دەوڵەتــە ســەرکەوتووەکانی شــەڕ. لــە 17ی کانوونــی یەکەمــی 1918، مێرسـین. لـە 19ی کانوونی یەکەمی 1918، تارسـووس و لـە 20ی کانوونی یەکەمــی 1918، ئەدەنــە لەلایــەن دەوڵەتانــی هاوپەیمانــەوە داگیرکــران. کۆزانیــش لەبــەردەم کەوتنــدا بــوو. خەڵــك بێچــارە بــوون و لەبــەردەم ئــەو داگیرکارییــەدا هیچیــان لەدەســت نەدەهــات. نەجیبــزادە تــورک و دەمڕاســتەکانی شــارۆچکەکە درکیــان بــە گەورەیــی مەترســییەکە کــرد و پاڵیــان دایــە پــاڵ یەکــدی. ڕەنگــە ئەگــەر تەنیــا وڵاتــە گەورەکانــی ئەورووپا بــۆ داگیــرکاری هاتبــان، کاردانەوەیــان هێنــدە گــەورە نەبووایــە. ئەوانــەی هاتبــوون، ئــەو ســەربازانە بــوون کــە بەنــاوی ســەربازی فەرەنســییەوە هاتبـوون و جلوبەرگـی سـەربازی فەرەنسـیيان پۆشـیبوو. ئەوانـە هاتبـوون ببنــە خاوەنــی خاکــی تــورک" (41).

بــەم دەربڕینانــە، بەڕوونــی بنەمــا چینایەتییــەکان لــە شــەڕی نێــوان تــورک- ئەرمەنــدا دەردەکــەون. هیــچ کێشــەیان لەگــەڵ ئیمپریالیزمــی بەریتانــی و فەرەنســی نییــە و لــە بوونــی ســوپاکانیان نیگــەران نیــن، خەمــی ئەوەیــان نییــە ئــەوان بــۆ ســەر "خاکــی تــورک" ببنــە مەترســی. بەپێچەوانــەوە بانگهێشـتیان دەکـەن، بـەڵام لـە هاتنـی ئەرمەنەکان قەڵسـن. بۆچـی دەبێ لەوانـە بترسـێن کـە هـەزاران زوڵمیـان بەرانبـەر کـراوە، ڕاگوێـزراون و ژیانـی غوربـەت ژیـاون؟ چونکـە ئەوانـە دەگەڕێنـەوە سـەر وار و وڵاتـی خۆیـان. دێن بـە خاکـی خۆیـان شـاد ببنـەوە. چونکـە زیاتـر ئـەوان مافیـان بەسـەر خاکەوە هەیــە. یاخــود دەشــێ دوای ڕاگواســتن و کۆمەڵکــوژی هێشــتا ئەرمەنــی لێـرە هەبـن، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی بێچـەک بـوون و نەیانتوانیـوە بەرگری لە خۆیـان بکـەن، بۆیـە موڵـک و ماڵیان بەتـاڵان بـراوە. بۆیە هاتنـەوەی ئەرمەن و سـەربازانی ئەرمەنـی دەشـێ یەکێـک بێـت لـە هۆکارەکانـی وەبەرنانەوەی

41 - Hasan İzzettin Dinamo, Kutsal İsyan Milli Kurtuluş Savaşının Gerçek Hikayesi, Cilt5, May Yayınları, İstanbul 1967, s. 163-164.

وره بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. لەو روانگەیەوە دەڵێین: شەڕی ئەرمەن و تورک هەر لە سەرەتاوە شەڕێک بوو بە پێشنیازی بۆرژوازییەکان. شەڕی تورک و یۆنانییەکانیش کە لە داهاتوودا باسی دەکەین، هەمان پاڵنەر و هۆکاری هەبوو. ناشێ وای ناوبنێین شەڕێک بووە لە دژی ئینگلیز و فەرەنسییەکان. با بەردەوام بین:

"... نەجیبزادە و دەسترۆیشتووەکانی کۆزان لای موتەسەریفی ئێستا کۆدەبنەوە و ئەو مەترسییەی لەسەریانە دەخەنە بەرباس. دواجار ئەم بڕیارە دەدەن: دەستەیەکی سێ کەسی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ناوەندە داگیرکەرانەی لە ئەدەنە بنەجێ ببوون پێکهات. یان نەدەبوو کۆزان داگیربکرێت، یاخود ئەگەر داگیرکرا، نابێ سەربازانی ئەرمەنی بنێردرێن. بۆ دەستەکە هەریەکە لە داواکار روقعی، پارێزەر تۆپاڵ مستەفا، ئەفسەری پلە یەک سایم بەگ هەڵبژێردران [42].

ئەو دەستە سێ کەسییە کە چوونە ئەدەنە، زۆر ژیرانە داواکاریی کۆزانییەکانیان گەیاند. فەرماندە فەرەنسایی و بەریتانییەکانیش بە تێگەیشتنەوە پێشوازییان لێکرد. پێیانڕاگەیاندن کە داگیرکردنەکە هەر دەبێت. ئەگەر بەشێوەی کاتییش بووە، بەڵام بۆئەوەی دڵیان خۆش بکەن، بەڵێنیان دا سەربازی ئەرمەنی نەنێرن. ئەو دەستەیە کاتێک گەڕانەوە کۆزان، باری نائومێدی لەدڵیاندا هێندەی دیکە قورس بوو"[43].

حەسەن عیززەدین دوای راگواستنی ئەرمەنەکان، بەم شێوەیە باس لە تاڵانکردنی موڵک و ماڵی ئەوان دەکات:

"... بۆ ئەوەی دەستەبەری گەڕاندنەوەی ئەو موڵک و ماڵەی لەکاتی راگواستنی ئەرمەنەکان کەوتبووە دەست تورکەکان بکرێت، کۆمیسیۆنی تەسویەی مەسالیک (رێخکستنەوەی سنوورەکان) بێ سرەوتن کەوتە کار. ئەو هاونیشتمانییە ئەرمەنانەی لە ئاوارەیی دەگەڕانەوە، موڵک

---

42 - شێوازی دروستکردنی شاندەکەش سەرنجڕاکێشە. داواکاری گشتی، پارێزەر و نەقیبی یەدەگ. ئەوانە دەچوون بۆ نوێنەرایەتی "مافە نەتەوەییەکان"!

43 - Hasan İzzettin Dinamo, a.g.e., s. 164

و ماڵیـان لەژێـر دەسـتی هــەر کام لــە تورکــەکان بووایــە، دەچــوو لای کۆمیۆسـیۆنەکە دۆزێکـی دەکـردەوە:

- کاتێـک ڕۆیشـتم، مانگاکـەم کـە 20 لیـرەی زێـڕی دەکـرد، ئەحمـەد ئاغـا بـە سـێ لیـرە لێیکـڕیـم [44].

ئـەو مانگایـە لەمـاوەی سـێ سـاڵدا سـێ گۆلکـی بـووە. ئەگـەر ڕۆژێـک سـێ کیلۆ شـیری دابن، ئەوا سـاڵێ هەزار کیلۆ شـیر دەکات. لەمەشـدا بەلایەنی کەمــەوە ســەت کیلــۆ ڕۆنــی گرتــووە کــە ســەت کیلــۆ پەنیــر دەکات. بــە هەرسـێ گوێرەکەکانییـەوە 500 لیـرە دەکات. بەپێـی بەهـای دراوی ئێسـتا دەکاتـە 2500 لیـرە. پێویسـتە ئەحمـەد ئاغـا ئـەو پارەیـەم بداتـەوە.

کەسـێکی دیکــە لەســەر ڕێگــەی گاڕان دەوەســتێ، کــە گوایــە خاوەنــی موڵـک و ماڵەیـە، ئامـاژە بـۆ جوانتریـن و باشـترین ئاژەڵـەکان دەکات و دواتـر دەچێتـە کۆمیسـیۆن:

- ئەوانــە موڵکــی مــن بــوون، کــە ڕۆیشــتم بــە ئەمانــەت دامــە دەســت حەســەن ئاغــا. گوتــم ئەگــەر گەڕامــەوە لێــت وەردەگرمــەوە، ئەگــەر نەگەڕامــەوە حەڵاڵــت بــن، مــادام گەڕامــەوە ماڵــی خــۆم دەوێتــەوە.

- گـەورەم، کاتێـک ڕۆیشـتم ئـەو فڵانـە موڵک و ماڵـەم لەنێـو خانووەکەم دا بەجێهێشـت. ئێسـتا ئەوانـەم لە ماڵـی سـلێمان ئاغـا بەرچاوکەوتوونەتەوە. مـن پێویسـتم بـەو کەلوپەلانەیـە. مـاڵ پێکـەوە دەنێمـەوە و زەوییەکـەم ئامـادە دەکەمـەوە. لـە بەرانبـەر ئـەوەش کـە تائێسـتا بەکاریهێنـاون دەبـێ 1280 لیـرەم بداتـێ.

کۆمیسـیۆنیش هەموو جارێک داوای هاونیشـتمانییە ئەرمەنەکانی بە هەق داناوە و لـە پێدانـەوەی موڵک و ماڵیـان دوانەدەکەوت. هاونیشـتمانییەکی دیکـەی ئەرمەنـی چـارەی بوونـەوە بـە خاوەنـی موڵـک و ماڵـی لـە شـتێکی دیکـەدا دەدۆزێتـەوە: بەنێـو بـاخ و ماڵی تورکەکانـدا دەگەڕا، هـەر کەلوپەل

44 - Sürgüne gonderilenlerin mallarının yok pahasına satılacağı kuşkusuzdur. O da eğer satış için zaman ve alacak kişi varsa sürgüne gonderilen ailelerin çok darda, bunalımda oldukları bilindiği için malları yok pahasına kapatırlar.

و ئامرازێـک کـە پێویسـتی بووایـە و حەزیـان لێکردبووایـە چاویـان تێدەبـڕی و شـکاتیان دەکـرد و دەیانگـوت ئـەوە ماڵی ئێمەیـە" [45].

وەک دەردەکەوێت، حەسـەن عیزەدیـن دینـۆ بـە دووژمنایەتییەکـی زۆرەوە بەرانبـەر ئەرمەنـەکان دەڵێـت: "ئەرمەنـەکان دەسـتیان بەسـەر موڵـک و ماڵـی تورکەکانـدا دەگـرت".. خـۆی لـە راسـتییەکە دەدزێتـەوە. دۆزە بنچینەییەکـە لـە مانـگا، مـاڵات، قـاپ و قاچاخـدا نییـە. لـە مـاڵ، باخـی زەیتـوون و پرتەقـاڵ، دووکانـی مسـگەری، کێڵگـە و زەویدایـە. هەمـوو ئەوانـەش بـە تاپـۆ سـەلمێنراون. وێـڕای ئەمـە، لـە 1915 تاوەکـو 1918-1919 سـێ چـوار سـاڵ تێپەڕیبـوون.

هەمـوو ئەمانـە لـە پەیوەنـدی نێـوان راگواسـتنی ئەرمەنـەکان لـە سـاڵی 1915 و گەڕانەوەیـان لـە 1918 و دواتـری، لێوردبوونەوەمـان لـە شـەڕی نێـوان ئەرمـەن و تورکـەکان لـێ دەخوازێـت.

## 4 - دۆخی ئەرمەنەکان لە یەریڤان، قەرس، ئەرزڕووم و دەوروبەری

لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا، دەوڵەتـی عوسـمانی کـە لـە رۆژهەڵات لەگەڵ رووسـیای قەیسـەری لەشـەڕدا بوو، لە ساڵانی یەکەمی شـەڕدا بەرانبـەر رووسـەکان شـکان. سـوپای عوسـمانی بـە فەرماندەیـی ئەنـوەر پاشـا، لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکەمـی 1914دا لـە بەرانبـەر رووسـەکان شکسـتێکی گـەورەی خـوارد. لـە سـەرەتای مانگـی کانوونـی دووەمـی 1915دا لـە ناوچـەی سـاریقامیش هەمـوو سـوپای عوسـمانی لەنێودەبردرێت. لـە مانگـی شـوباتی 1916دا ئـەرزڕووم، لـە مانگی نیسـاندا ترابـزۆن، لـە مانگـی تەممـووزدا ئەرزنجـان، گوموشـهانە و بایبـورت کەوتنە دەسـت سـوپای رووس. پاشـان تاوەکـو بایەزیـد، وان و بەدلیـس دێنـە خـوارەوە و بـەم شـێوەیە ئەرمینیـای نێـو سـنووری عوسـمانی و بەشـێکی

---

45 - Hasan İzzettin Dinamo, a.g.e., s. 167-168

گـەورەی کـوردسـتان دەکەونـە دەسـت رووسـەکان. کـورد هاوئاهەنگـی لەگـەڵ سـەربازانی رووسـیای قەیسـەری ناکـەن و شـەڕ دەکـەن. کاتێکیش داگیرکارییەکـە بەرفـراوان دەبێـت، ناوچەکانـی خۆیـان جێدەهێڵـن و روو لـە باشـووری کوردسـتان، رۆژهەڵاتی کوردسـتان، عێراق، سـووریا و نێوەڕاستی ئەنـادۆڵ دەکـەن. هەرچـی ئەرمەنەکانـن، هاوئاهەنگـی لەگەڵ رووسـەکان دەکــەن. لەگــەڵ رووســەکان لــەو شــوێنانەوە کــە بــۆی راگوێزرابــوون دەگەڕێنـەوە، ئەوانـەش کـە لـە شـوێنی خۆیـان مابوونـەوە بـە شـادییەوە پێشـوازی لە سـوپای رووس دەکـەن. داگیرکردنی تـەواوی ناوچەکە لەلایەن رووســەوە، هــاوکات هەڵوێســتی لایەنگرانــی دەســەڵاتدارە رووســەکان بەرانبــەر ئەرمــەن رێگــر بــوو لــە ناکۆکــی نێــوان تــورک و ئەرمەنــەکان، بـەڵام سیاسـەتی (پەرتکـە و زاڵبـە) کـە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم دەسـتیپێکرد و ئیتیحـاد و تەرەقـی درێـژەی پێـدا، بەخێراییەکـی زۆرەوە کاری لەسـەر دەکـرا. وەک دەزانرێـت بەگوێـرەی رێککەوتننامـەی سـایکس-پیکۆ تـەواوی ئـەو ناوچەیـە بـۆ رووسـیای قەیسـەر بەجێمابـوو.

بارودۆخـی ئەرمەنەکانیـش تاوەکـو شۆڕشـی 1917 کـەم تاوەکـو زۆر لەژێـر ئـەو هەلومەرجـەدا مایـەوە. بـە سـەرهەڵدانی شۆڕشـی 1917 لە رووسـیا، دوای ئـەوەی حکومەتـی کرێـکاران- جووتیـاران دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت، ئاگربەسـتێک لەگەڵ دەوڵەتی عوسـمانی واژۆکرا کە پێشتریش باسمانکرد. بەگوێـرەی ئـەو ئاگربەسـتە کـە لـە ئەرزنجـان واژۆکرا، پێویسـت بوو سـوپای رووسـیا لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانەی داگیریـان کردبـوون بکشـێنەوە. هـەر دوای کشـانەوەی سـوپای رووس، سـوپای عوسـمانی جێگەیانـی گرتـەوە، بــەڵام لەژێــر پارێزبەنــدی بۆلشــەڤییەکاندا بــوون. دوای هاتنــی ســوپای عوســمانی دووبــارە ناکۆکــی نێــوان ئەرمــەن و تــورک، ئەرمــەن و کــورد ســەریهەڵدایەوە. دوای رێککەوتننامــەی برێســت- لیتۆڤســک کــە لــە 3ی ئـاداری 1918 لەنێـوان بۆڵشـەڤییەکان و حکومەتـی عوسـمانی دا واژۆکـرا و هەریەکـە لـە قـەرس، ئەردەهـان و باتوومـی بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی بەجێهێشـت، ئـەو ناکۆکییـە زیاتـر تەشـەنەی سـەند.

دوای واژۆکردنـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، دووبـارە ئەرمەنـەکان بەرانبـەر دەوڵەتـی عوسـمانی کەوتنـەوە خـۆ و بەهێزبوونـەوە، ئەرمەنـەکان دەوڵەتـی عوسـمانیی شکسـتخواردووی بەرانبـەر دەوڵەتانـی هاوپەیمانیـان کـردە پرسـی بەرباسـی نێـو زۆر دامـەزراوەی نێودەوڵەتـی، ئامانجیشـیان لەو کارە دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی ئەرمینیـا بـوو.

دۆخەکـە بـۆ یەریڤـان کـە کەوتبـووە نێو سـنووری رووسـیای قەیسـەرەوە، زۆر جیـاواز بـوو. هـەر دوای شۆڕشـی 1917، جۆرجـی، تاتـار و ئەرمەنـەکان لەژێـر نـاوی فیدراسـیۆنی باشـووری قەفقـاس دەوڵەتێکیـان دروسـتکرد. ئـەو دەوڵەتـە لـە سـەرەتای سـاڵی 1918 دامـەزرا، بـەڵام دوای ماوەیەکـی کـورت بەهـۆی ناکۆکییـە نێوخۆییەکانیـان هەڵوەشـایەوە. ئەرمەنـەکان لـە 28ی مایسـی 1918 لـە یەریڤـان دامەزراندنـی دەوڵەتـی کۆمـاری ئەرمینیایـان راگەیانـد. ئاخۆریـان یەکـەم کـەس بـوو بـۆ سـەرۆکی کۆمـار هەڵبژێـردرا. ئەرمینیـا لـە کۆتایـی کانوونـی دووەمـی 1920 لەلایـەن دەوڵەتانـی هاوپەیمانـەوە دانـی پێدانـرا [46].

وا دەردەکـەوت کـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، لە بەشـە جیاوازەکانی ئەرمینیـادا رووداوی جیـاوازی سیاسـی روودەدەن. لـە کلیکیا شـەڕی تـورک و ئەرمەنـەکان روویـدا. لـە رۆژهەڵاتـی ئەرمینیـا، واتـە لـە ئەرمینیـای نێـو سـنووری رووسـیا ئەرمینیـای سـەربەخۆ دامـەزرا. لـە بەشـی رۆژئـاوای ئەرمینیـا، واتـە ئـەرزڕووم و قـەرس ناکۆکـی تـورک ـ ئەرمـەن و کـورد-ئەرمـەن تەشـەنەی کردبـوو.

## 5 - بەرگری لە داخوازییەکانی ئەرمینیا و کوردستان لە کۆنفرانسی پاریس

لـە کۆنفرانسـی پاریـس دا، کاریگەرتریـن پڕوپاگەنـدە بەرانبـەر دەوڵەتانـی

---

46 - Yahya Akyüz, Türk Kurtuluş Savaşı ve Fransız Kamuoyu (1919-1922), TTK, Ankara 1975, s. 81

هاوپەیمـان لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە دەکـرا. یۆنانییـەکان داخوازییەکانیـان بەڕێگـەی کۆنفرانـس، کاری کۆمەڵەکانـی هاریـکاری، خـوان، نمایـش، کتێب، بروشـور و ئـەو ڕۆژنامانـەی کـە زۆرینەیـان بـۆ لای خۆیـان ڕاکێشـابوون، بـە جیهـان دەگەیانـد [47].

ئـەوکات یۆنـان لەلایـەن سـەرۆکوەزیران ڤەنیزەلـۆس نوێنەرایەتـی دەکـرا کـە لـەلای ڕای گشـتیی ئەورووپـا زۆر خۆشەویسـت و ڕێزلێگیـراو بـوو. داواکارییەکانـی یۆنـان لـە 4-3ی شـوباتی 1919 لـە کۆنفرانسـەکەدا خرانـەڕوو. پڕوپاگەنـدەی ئەرمەنـەکان لـە کۆنفرانسـی پاریـس زۆر توونـد بـوو، بـەڵام هێنـدەی پڕوپاگەنـدەی یۆنانییەکان بەرفـراوان و کاریگـەر نەبوو. ئەرمەنـەکان بـۆ ئـەوەی کێشـەی خۆیـان بگەیێننـە کۆنفرانسـەکە، زۆر شـاندیان نـاردن. یەکێـک لەوانـە شـاندی کۆمـاری ئەرمینیا بـوو. سـەرۆکی کۆمار ئاخۆریان، سـەرۆکایەتی ئەو شـاندەی دەکرد. شـاندی دووەم شـاندی ئەرمینیـای میللـی بـوو بـە سـەرۆکایەتی بۆغـۆس نوبـار. سـێیەمیان بـە سـەرۆکایەتی تەرزیـان، مسـیۆنەری پاتریارکـی ئەرمەنـی کە لـە پیاوانی ئایینی پێکهاتبـوون، بـەڵام "ئەرمەنـەکان هاوشـێوەی ڤەنیزەلـۆس، کەسـێکی خۆشەویسـت لـە فەرەنسـا و فێڵبـاز و دیپلۆماتیـان نەبـوو. ئەوانـەش کـە بانگەشـەیان دەکـرد بەشـێوەیەکی گشـتی دەسـتەپاچە بـوون" [48].

جگـە لـەوەش، ئەرمەنـەکان بانگهێشـتی کۆنفرانسـەکە نەکرابـوون. واتـە لەنێـو ئـەو 32 وڵاتـەدا نەبـوون کـە شـاندەکانی کۆنفرانسـی پاریسـیان پێکهێنابـوو. شـاندی ئەرمەنـی لەلایـەن شـاندی کۆنفرانسـەوە لـە 26ی شـوباتی 1919 قەبووڵکـرا. داواکاریـی ئەرمەنـەکان بریتیبـوون لـە ویلایەتەکانـی وان، بەدلیـس، دیاربەکـر، بایەزیـد، مـوش، بینگـۆل، قـەرس، خەرپێـت، سـیڤاس، ئـەرزڕووم، ترابـزۆن. تەنیـا ناوچـە کوردییەکانـی باشـوور و هەروەهـا هێڵـی ئـۆردوو و سیڤاسـی بـۆ تـورک بەجێدەهێشـت.

47 - Yahya Akyüz, a.g.e., s. 71
48 - Yahya Akyüz, a.g.e., s. 81-83

ناوچـەی کلیکیاشـیان دەویسـت. وەک دەردەکەوێـت ئـەو داخوازییانـەی ئەرمەنـەکان پێشـکێشـی کۆنفرانسـی پاریسـیان کـردن و کاریـان بـۆ دەکـرد، باکـووری کوردسـتانی بەتـەواوی لەخۆدەگـرت. نزیکـەی هەمـوو باکـووری کوردسـتانیان دەخسـتە چوارچێـوەی ئـەو ئەرمینیایـەی دەیانویسـت دایمەزرێنـن. لـە کۆنفرانسـەکەدا کێشـەی رۆم و ئەرمەنـەکان بەگوێـرەی پرەنسـیپی گـەلان بەرگرییـان لێدەکـرا، بـەڵام هـەردوو نەتـەوە پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی دیکەیـان لەسـەر نەتـەوەی خۆیـان حیسـاب دەکـرد. بەتایبـەت ئەرمەنـەکان لـەم پرسـەدا کەوتبوونـە نێـو دژوازییـەوە. بۆئەوەی ئـەو ئەرمینیایـەی بیریان لە دروسـتکردنی دەکـردەوە سـنوورەکانی فراوانتر بکـەن، زێدەڕۆییـان لـە ژمـارەی راسـتەقینەی ئەرمەنـەکان دا دەکـرد، بـەڵام بـۆ ئـەوەی کۆمەڵکوژییەکـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی گـەورە نیشـان بـدەن، دەیانگـوت "کـەس نەمـاوە نەیکـوژن" و ژمـارەی زیندووانیـان کەمتـر نیشـاندەدا.

بێگومـان ئـەم دژوازییـە کاریگـەری دەکـردە سـەر بانگەشـەی ئەرمەنـەکان، بـەڵام درێـژەدان بـە پڕوپاگەنـدە بەوشـێوەیە، واتـە دانانـی خاکـی باکـووری کوردسـتان لەنێـو سـنووری ئەرمینیـا کاریگەرییـە سـەرەکییەکەی لەسـەر خاکـی کوردسـتان و ئەرمینیـا نیشـان دەدا. کەمالیسـتەکان هاوشـێوەی دەوڵەتـی عوسـمانی، هاوشـێوەی ئیتیحـاد و تەرەقـی دەیانویسـت دەسـتباڵایی خۆیـان بەسـەر هـەردوو نەتـەوەی ئەرمـەن و کـورد رابگـرن. لـەو روانگەیـەوە بەگژیەکدابردنـی هەردوو نەتـەوە و زیاترکردنی پێکدادان و گرژییەکانـی نێوانیان سیاسـەتێکی بنچینەیی بوو. پڕوپاگەنـدەی ئەرمەنەکان بـەوەی خاکـی باکـووری کوردسـتان بـۆ ئـەوان دەبێـت، بیانوویەکـی بـاش بـوو بـۆ پڕوپاگەنـدەی کەمالیسـتەکان کـە دەیانگـوت "کوردسـتان دەدەنـە ئەرمـەن". کەمالیسـتەکان ئـاوا پڕوپاگەندەیـان بڵاودەکـردەوە: "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمـەن. بـۆ ئـەوەی نەبێتـە موڵکـی ئەرمـەن بـا پێکـەوە بەگژیاندا بچینـەوە، ئێمـە هەردوولامـان موسـڵمانین".

لـە پاریس کە کۆنفرانسـەکەی تێـدا بەڕێوە دەچوو، تورکـەکان پڕوپاگەندەی

خۆیـان دەکرد.هەوڵیـان دەدا پاسـاوی یۆنانـی و ئەرمەنـەکان بێبایـەخ بکـەن. وەک چـۆن تورکـەکان خۆیـان پڕوپاگەنـدەی خۆیـان دەکـرد، هـاوکات پیـرە لۆتـی، کلاود فێـراری و مـادام گاولیسـیش کـە لایەنگـری تورکـەکان بـوون، پروپاگەندەیـان بـۆ دەکـردن. ئەمانـە ماوەیەکـی زۆر لـە ئیسـتەنبووڵ ژیـاون و لـە دۆسـتانی تـورک بـوون. لە فەرەنسـا و ئەوروپا دەیانتوانـی کاریگەرییان لەسـەر رای گشـتی هەبـێ [49].

کوردیـش شـاندێکی ناردبـووە کۆنفرانسـی پاریـس، بـەڵام پڕوپاگەنـدەی شـاندەکەی ئـەوان زۆر لاواز بـوو. دیپلۆماتێکـی کارامەیـان نەبـوو. رۆژنامـە و گۆڤارەکانیـان لـە ئاسـتێکدا نەبـوون کاریگـەری دروسـتبکەن. هێنـدەش دارا و دەوڵەمەنـد نەبـوون خۆیـان کۆنفرانـس رێکبخـەن، کۆمەڵـەی دۆسـتایەتی پێکبهێنـن و خـوان ئامادە بکـەن. نەیاندەتوانی کتێب و بروشـور بڵاوبکەنـەوە. بۆیـە نەیاندەتوانی کێشـەی کورد بـۆ ئەندامانـی کۆنفرانس و رای گشـتی بەباشـی و بەشـێوەیەکی کاریگەرانـە بخەنـەڕوو.

شـاندی کـورد لـە 29ی کانوونـی یەکەمـی 1919 داخـوازی و روانگـەی خۆیـان خسـتە بـەردەم ئەندامانـی کۆنفرانـس. نەخشـەی کوردسـتانیان بـۆ کۆنفرانسـەکە خسـتەڕوو [50].

شـەریف پاشـا لـە نزیکـەوە ئـاگای لەوەبـوو کـە لـە باشـووری کوردسـتان، شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی لەپێنـاو کوردسـتانی سـەربەخۆ لەگـەڵ ئینگلیـز لەشـەڕدا بـوو. ئـەو پەیوەندییـەش کـە شـەریف پاشـا دەیویسـت لەگـەڵ نوێنەرانـی ئەرمـەن دروسـتی بـکات جێـی سـەرنج بـوو. رۆژنامـەی لـۆ ماتیـن لـە 8ی ئـاداری 1920 ئـەم هەواڵـەی بڵاوکردووەتـەوە:

"... دوای ئاگربەسـتەکەی عوسـمانی، ئـەوەم بەدیکـردووە کـە هەندێـک جار ئەرمەنـەکان و هەندێـک جاریـش هاوپەیمانـان چاویـان بڕیوەتـە خاکـی کورد و ویسـتوویانە دابەشـی بکـەن. لەوکاتـەدا بیـرم لـەوە کردەوە کە پێویسـتە

49 - Yahya Akyüz, a.g.e., s. 20-31

50 - Şivan, a.g.e., s. 46

هاوشـێوەی ئەرمەنـەکان بـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی مافـە ڕەواکانـی گەلەکـەم بپارێـزم و ئەرکـی سەرشـانم بێـت.

بەهـۆی نەشـارەزایی و نەزانیـی زۆر لایـەن لـە ئەوروپـا و لەژێـر کاریگەریـی پڕوپاگەنـدەی ئەرمەنەکانـدا، وایـان دادەنـا کـە کوردسـتان جوگرافیایەکـی هەڵبەسـتراوە. ئـەم نارێکخراوییـەی ئێمـە پاڵـی بـە ئێمـەوە نـا بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـە نەیارەکانمـان بناسـێنین، بۆیـە بەڵگەنامەیەکـم لەگـەڵ نوێنەرانـی ئەرمـەن لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی واژۆ کـرد. لەبەرانبـەر ئەوەشـدا سـەربەخۆیی ئەرمینیـام بەبـێ گەنگەشـە قەبووڵکـرد" [51].

وەک پێشـتریش باسـمکرد، کۆنفرانسـی پاریـس ئامـادەکاری بـوو بـۆ پێشکێشـکردنی ڕێککەوتننامـە ئاشـتەواییەکان بـۆ ئـەو دەوڵەتانـەی لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا دۆڕابـوون. گوێگرتـن لـە نوێنەرانـی ڕۆم، ئەرمـەن و کـورد لـەو کۆنفرانسـەدا ئامـادەکاری بـوو بـۆ ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر.

## 6 - دامەزراندنی (کۆمەڵەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بۆ پاراستنی مافە میللییەکان) و پڕوپاگەندەی "کوردستان دەدرێتە ئەرمینیا"

دامەزراندنـی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان و زیاتربوونـی ژمـارەی ڕێکخـراوەکان لـە کوردسـتان، بـووە هـۆی نیگەرانییەکـی زۆر لای تورکەکان. چ ئیتیحـاد و تەرەقـی و قـوەی میللییـە، یـان کەمالیسـتەکان کـە دەکـرێ بە درێژکـراوەی ئەوانیـان بزانیـن، بەهیچ شـێوەیەک سـەربەخۆیی کوردسـتان و ڕزگاریی گەلی کوردیان نەدەویسـت. کوردسـتانیان لە چوارچێوەی سـنوورە سیاسـییەکانی ئـەو دەوڵەتـەدا دەویسـت کـە بیریـان لـە دامەزراندنـی دەکـردەوە. بـەم شـێوەیە دەیانتوانـی درێـژە بـە سـەرداریی خۆیـان بەسـەر

51 - Yahya Akyüz, a.g.e., s. 90-91

نەتـەوەی کـوردەوە بـدەن. دەشـێ هەمـان شـت بـۆ ئەرمینیـا و نەتـەوەی ئەرمـەن بڵێیـن. لەبـەر ئـەوەش کـە ژمارەیەکـی زۆری ئەرمەنـەکان بەهـۆی راگواسـتن و کۆمەڵکوژییەکـەی سـاڵی 1915 لەنێوچووبـوون، بۆیـە پاشـماوەکانیان کێشـەیەکی وایـان دروسـت نەدەکـرد. دەردەکەوێـت کـە دەوڵەتـی عوسـمانی، ئیتیحـاد و تەرەقـی، قـوەی میللییە و کەمالیسـتەکان پەیوەندییـان لەگـەڵ عەرەبەکانـی نێـو ئیمپراتـۆری عوسـمانی پچڕانـد، بـەڵام پێداگربـوون لەسـەر باڵادەسـتی بەسـەر ئەرمینیـا و کوردسـتان دا. لـەو روانگەیـەوە دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس کێشـەیەک بـە نـاوی کێشـەی عـەرەب لەبـەردەم کەمالیسـتەکاندا نەمـا. تەنیا کـورد، ئەرمەن و تاڕاددەیـەک رۆمـەکان وەکـو کێشـەی هەسـتیار مابـوون. کەمالیسـتەکان دژی ئـەوە بـوون ئەرمـەن و کـورد چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن. بەدڵنیاییـەوە پلانیـان ئەوەبـوو رۆژئـاوای ئەرمینیا و کوردسـتان بخەنە سـەر خاکـی خۆیـان و درێـژە بـە باڵادەسـتی بەسـەر گەلـی کـوردەوە بـدەن. لـەم سـۆنگەیەوە پێویسـتی دەکـرد کاریگـەری کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان بشـکێنن کـە ئامانجـی ئەوەبـوو لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیاببنـەوە و کوردسـتانی سـەربەخۆ دابمەزرێنـن. وەک پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد، کۆمەڵـەی تەعالـی کۆمەڵەیـەک بـوو لـە رۆشـنبیرانی کـوردی ناوچـەی جیاجیا پێکهاتبـوو. ئـەو کۆمەڵەیە لـە سـاڵی 1918 لە سـەروەختی شـەڕدا دادەمەزرێـت، لـە ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە باکـووری کوردسـتان خـۆی رێکدەخسـت.

دووەم پـرس کـە تورکەکانـی نیگـەران دەکـرد، پرسـی ئەرمینیـا بـوو. ئەرمەنـەکان لـە ئەرمینیـا داوای مافیـان دەکـرد، قسـە هەبـوو سـەبارەت ئـەوەی دەوڵەتانـی هاوپەیمـان لـە نزیکـەوە ئـاگاداری کێشـەی نەتـەوەی ئەرمەنـن و رۆژئـاوای ئەرمینیـا لـە چنـگ تورکـەکان رزگار دەکـەن. چالاکیـی ئەرمەنـەکان لـە کۆنفرانسـی پاریـس درێـژەی هەبـوو. لـەو هەلومەرجـەدا، بـۆ پووچەڵکردنـەوەی داخوازییەکانـی کـورد و ئەرمـەن "کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات بـۆ پاراسـتنی مافـە میللییـەکان" لـە 4ی کانوونـی

یەکەمی 1918 لە ئیستەنبووڵ دامەزرا. "... رۆشنبیرانی ئەو ناوچەیەی بە شەش ویلایەت ناونراوە؛ ئەلعەزیز، دیاربەکر، وان، بەدلیس، ئەرزڕووم و سیڤاس کە لە ئیستەنبووڵ نیشتەجێن، والی بەدلیس نەدیم خەرپێتی، سلێمان نەزیفی دیاربەکری، والی پێشووتر ئیسماعیل حەقی دیاربەکری، نوێنەری دیاربەکر فەوزی، راسم نوێنەری سیڤاس، ئەفسەری یەدەگی گەنجی سیڤاسی عەبدولموتەلیب، ئەفسەری یەدەگی گەنجی دیاربەکری جاوید و بەگوێرەی هەندێک کەس نوێنەری ئەرزڕووم خواجە راهیب و نوێنەری دیاربەکر زولفی بەگ، بە مەبەستی درێژەدان بە پابەندی و پەیوەستییان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە، لەپێناو پاراستنی مافی خەڵکی ناوچەکە، کۆمەڵەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ پاراستنی مافە میللییەکانیان دامەزراند" [52].

پەیڕەو (نیزامنامە)ی کۆمەڵەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ پاراستنی مافە میللییەکان بەم شێوەیە بوو:

ماددەی یەک: کۆمەڵەیەک بەناوی کۆمەڵەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ پاراستنی مافە میللییەکان دامەزرا.

ماددەی دوو: ئامانجی کۆمەڵەکە لە ویلایەتی شەرقییە (ویلایەتی رۆژهەڵات) دەستەبەرکردنی ئازادانەی مافە سیاسی و یاساییەکانی ئەو پێکهاتانەن کە لە نیشتمان دادەنیشن، لەو ویلایەتانەدا لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە لەو کوشت و کوشتارەی بووە بکرێت، هۆکاری رووداوەکان و ئەوانەی بوونەتە هۆی رووداوەکان و سزادانیان، چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ ئەو ویلایەتانەی کە شەڕ تێیاندا روویداوە.

ماددەی سێ: خەڵکی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات ئەندامی خواسایی کۆمەڵەی پارێزگاری لە مافە میللییەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتن. بە کورتییەکەی مەبەست ئەوەیە: کۆمەڵەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ پاراستنی مافە میللییەکان مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی ئەو

---

52 - Mahmut Goloğlu, Erzurum Kongresi, Ankara 1968, s. 13

گەلانـە دەپارێزێـت کـە لێـرە دەژیـن. لـە بەرانبـەر جیهانـی مەدەنیـەت دا مێـژووی خەڵکـی موسـڵمان و مافـە نەتەوەییەکانیـان دەپارێزێـت. بـۆ ئـەوەی کەشـێکی سەربەسـتانەش بـۆ ئـەو گەلانـە بێتـە ئاراوە، ڕێوشـوێنی پێویسـت دەگیرێتەبـەر. پێویسـتە هەڵوەسـتە لەسـەر "مافـە سیاسـی و نەتەوەییەکانـی پێکهاتـەکان" ، "مافـی گەلانـی موسـڵمان" لـە دەسـتووری کۆمەڵەکـەدا بکرێـت. جـەواد دورسـونئۆغڵو، لـە کتێبەکەیـدا "میللـی موجادەلـە، ئـەرزڕووم" دەڵێـت: "کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات بـۆ پاراسـتنی مافـە میللییـەکان بەبـێ ئـەوەی لایەنگریـی هیـچ نەتەوەیـەک بـکات، بەبێ ئـەوەی جیـاوازی لەنێـوان کـورد و تـورک دا بـکات، بەهێزێکـی وەهـاوە کـە هەمـوو گەلانـی ویلایەتـەکان لەخۆبگرێـت، بـە لۆژیـک و زمانێکـی زینـدووەوە گوزارشـتی لێکـردن" [53].

پڕوپاگەنـدەی بنچینەیـی لـەو پرسـەدا بریتییـە لـە "بەبـێ ئـەوەی جیـاوازی لەنێـوان کـورد و تـورک دا بـکات".. تـورک و کـورد یەکدەگـرن و لـە دژی ئەرمـەن شـەڕدەکەن [54].

کـوێ ڕزگار دەکات، بـۆ کـێ ڕزگاری دەکات و بـە نـاوی کێـوە ڕزگاری دەکات، وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە دواتـر ڕووندەکەینـەوە... لـەو سـەروبەندەدا، لـە هەمـوو بەڵگەنامەکانـدا ئـەوە بـەدی دەکرێـت کـە زوو زوو جەخـت لەسـەر یەکسـانیی تـورک و کـورد کراوەتـەوە.

"... دەوڵەتـی عوسـمانی لەگـەڵ ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لـە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918، بـە قەبووڵکردنـی مەرجـی قورسـەوە لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی هاتـە دەرەوە. دوای ئـەو ڕێککەوتننامەیـە کـە لەگـەڵ سـەربەخۆیی وێکنەدەهاتـەوە، تادەهـات نیگەرانـی لەبـارەی داهاتـووی وڵات زیاتـر دەبـوو. بـە تایبـەت دەوڵەتانـی سـەرکەوتوو لـە شـەڕدا بەبـێ ئـەوەی خۆیـان وابەسـتەی مەرجەکانـی ئاگربەسـت بکـەن، گومانـی هەموو

53 - Cevat Dursunoğlu, Milli Mücadelede Erzurum, Ankara 1946, s. 143

54 - Cevat Dursunoğlu, a.g.e., s. 18-19

وڵاتپارێزەکانیـان ورووژاندبـوو. لـەو دۆخـەدا چەنـد کۆمەڵەیەکـی جیـاواز کـە هەڵگـری ئامانجـی جیـاواز بـوون، پێکهاتـن. یەکێـک لەوانـە کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات بـۆ پاراسـتنی مافـە میللییـەکان بـوو. ئامانجـی ئـەو کۆمەڵەیـە ئەوەبـوو ناوچەکانـی ڕۆژهـەڵات لـە ئیمپراتۆریی عوسـمانی جیانەبنـەوە. بـە تەواویـش ئـەوە روون بـوو کـە زلهێـزەکان لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـوون ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ببەخشـنە دەوڵەتـی ئەرمینیـا. هەربۆیـە کۆمەڵەکـە بـۆ بەرگرتـن لـەو مەترسـییە، بڕیاریـدا لـە نزیکـەوە چاودێریـی پێشـهاتەکان بـکات و بـۆ گرتنەبـەری ڕێوشـوێنیش، بڕیـاری دا لقێکـی خـۆی بباتـە ئـەرزڕووم" [55].

ئەگـەر سـەرنج لە کۆمەڵـەی داکۆکی لە مافـە نەتەوەییەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهـەڵات بدەیـن، دەبینیـن ڕێکخراوێکـە تورکـەکان تێیـدا کوردبوونی کورد ڕەتدەکەنـەوە و لەگـەڵ ئـەو کوردانـە کار دەکـەن کـە خۆیـان بـە تـورک دەزانـن. بـە وردی کار لەسـەر ئـەوە کـراوە کەسـانی کوردسـتانی لەنێـو دامەزرێنەرانـی ئـەو ڕێکخـراوەدا نەبـن، بەڵام ئەمـە زیاتر شـارەکانی باکووری کوردسـتان دەگرێتـەوە. چونکـە کاریگەریـی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان لەسـەر گەلـی کـورد تەنیـا بـە پێکهێنانـی کۆمەڵـەی دژە کـوردی لەلایـەن کەسـانی کـورد کەمڕەنـگ دەبـوو. هەرچەنـدە کۆمەڵـەی داکۆکـی لە مافە نەتەوەییەکانـی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات داوای یەکخسـتنی ڕێکخراوەکانـی لــە کۆمەڵــەی تەعالــی کوردســتان دەکــرد، بــەڵام لەلایــەن کــوردەوە قەبـووڵ نەکـرا.

گرنگتریــن پڕوپاگەنــدەی کۆمەڵــەی داکۆکــی لــە مافــە نەتەوەییەکانــی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، بریتـی بـوو لـە "کوردسـتان دەدەنـە ئەرمـەن". بێگومـان ئـەوە پڕوپاگەندەیـەک بـوو دژی داخوازیـی ئەرمەنـەکان. ئامانـج لـەوە ورووژاندنـی کـورد بـوو. کەمالیسـتەکان وا بیریـان کردبـووەوە بـەو پڕوپاگەندەیـە کـورد بـۆ لای خۆیـان ڕادەکێشـن و هێرشـیان پێدەکەنە سـەر

---

55 - Bekir Sıtkı Baykal, Erzurum Kongresi ile İlgili Belgeler, TİTE, Ankara 1969, s. XVIII

ئەرمەنـەکان. یەکێـک لەوانەی ئـەو پڕوپاگەندەیـەی دەکرد و پـەرەی پێدەدا، فەرمانـدەی فەیلەقـی پانـزەی ئـەرزڕووم کازم قەرەبەکـر پاشـا بـوو.

"... دووبـارە سـێ لیواکـە (قـەرس، ئەردەهـان، باتوومـی) وەردەگرینـەوە. بـۆ ئـەوەی ئاشـتی ناوچەکـە دەسـتەبەر بکەیـن، تـەواوی ئەرمینیـا داگیـر دەکەیـن. دۆخـی گشـتی بـۆ ئەمـە لەبـار بـووە. دەوڵەتانـی هاوپەیمـان (بەریتانیـا، فەرەنسـا، ئیتاڵیـا) ئیـدی لەشـەڕ بێـزار بوونـە. بـە تایبـەت لـە وڵاتـی ئێمـەدا نایانـەوێ تاکـە یـەک کـەس بکوژرێـت. هەرچۆنێـک بێـت حیسـابمان لەگـەڵ ئەرمـەن و ڕۆمـەکان پـاک دەکەینـەوە. بـە تایبـەت بەلشـەڤیکەکان کـە لەگـەڵ وڵاتانـی هاوپەیمـان لەشـەڕدان، لـە قەفقاس پـەرە بـە پێشـڕەوییەکانیان دەدەن. بـەم زووانـە نـە لـە قـەرس نـە لـە باتوومـی هێزەکانـی ئینگلیـز نامێنن. بڕیارەکـەی مـن ئەوەیە: لـە ئێسـتاوە کۆمەڵەکانـی مافـی پارێـزگاری هاوئاهەنـگ بـن و لـە ئـەرزڕووم کۆنگرەیەک ببەسـتن و بڕیارەکانیـان لەگـەڵ ئـارەزووی گـەل بسـازێنن. لەهەمـان کاتـدا هێزەکانمـان بـۆ شـەڕێکی درێژخایەن ئامـادە بکـەن. هیـچ شـتێک نەدرێتـە ئەوانـەی لـە ترابـزۆن کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی ئینگلیـز [56].

ئەگـەر لەلایەکـی وڵاتەکەمانـەوە هێـرش بکرێت دەسـتبەجێ ئۆباڵی بخرێتە ملـی ئەرمینیـا. پرسـێکی دیکـەی گرنـگ کە پێویسـتە چاومان لەسـەری بێت، پرسـی کوردایەتییـە. لە ئیسـتەنبووڵ لەوبارەیـەوە چالاکی زۆرم بینـی [57].

دەتوانـم خێڵەکانـی ئـەو ناوچەیـە ڕێکبخـەم و گەورەکانیـان بانـگ بکـەم و وابەسـتەیان بکـەم. بـە باسـکردنی ئـەوەی کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیـا پرسـەکە بـە ئاسـانی چارەسـەر دەبێـت. لـە ترابـزۆن چـاوم بـە (نوێنـەری) مافـی بەرگـری لەخـۆ کـەوت. پێمگـوت هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە ئیسـتەنبووڵ ناتوانـن هیـچ بکـەن و دەترسـێن [58].

56 - کەمالیسـتەکان هیـچ پاکحسـابییەکیان لەگـەڵ ئینگلیـزەکان نەبـوو. کێشـەی ئـەوان تەنیا ڕۆمـی، ئەرمـەن و کـورد بـوون.

57 - ئـەوەی کازم قەرەبەکـر وەک چالاکـی باسـی دەکات، پەیوەنـدی بـە کۆتایـی سـاڵی 1918 و سـەرەتای سـاڵی 1919ـەوە هەیە.

58 - Kazım Karabekir, İstiklâl Harbimiz, s. 22-23

دەست بەسەر ئەرمینیادا دەگرم. بۆ ئەو ئاشتییەی مەبەستمانە، ئەمە وەک کلیلە" (59)

"... رۆژی دواتر سەردانی کۆلۆنێلی ئینگلیز راڤلینسنم کردەوە. (60)

زۆر خاکەڕایانە هەڵسوکەوتی دەکرد. باسی هێنایە سەر بەلشەڤیکەکان. گوتی لەبەرئەوەی رێکار و دیسپلینی کارگێڕی دەستیپێکردووە، دۆخەکەیان سەخت بووە. گوتم سەبارەت بە قەفقاسەکان ترسم نییە، چونکە کازاخەکان لایەنگری قەیسەرن. گوتی "بەداخەوە ئەوانیش ئاڵۆزییان تێکەوتووە". لەسەرئەوەی کە گوتی دەوڵەتانی هاوپەیمان بە سوپایەکی بەهێز دەتوانن پرسەکە چارەسەر بکەن، گوتم 'ناومکینە! ناومکینە! دووبارە هێنانەوەی هێز ناومکینە! وێڕای ئەمە، بەلشەڤییەکان چەند سوپایەکی دیکەیان هەن. ئەو شتانەی کراون و دەکرێن بۆ ئەوەیە بەلشەڤیزم لە ناوچەی دیکە تەشەنە نەستێنێ. پڕوپاگەندەچی زۆر بێ وێنە بۆ زۆر لای دنیا نێردراون" (61).

راڤلینسن نە باسی خالید بەگ و نە باسی چەکی کرد. (62)

لە کاتێکدا من هەوڵمدەدا فەرماندە و چەکیان نەدەمێ، هەستم دەکرد کە بەر لەوەی بەلشەڤییەکان بگەنە قەفقاس دەبێ کارێک بکەم.

یەکەم کاری گرنگ وەرگرتنی زانیارییە. بەتایبەت لەوەی لە رووسیا چی دەگوزەرێت، گرنگ ئەوەبوو راستییەکە لەکاتی خۆیدا بگات. وێستگەی تەلەگرافی بێتەلم خستەکار. سیخوڕی و هۆشداری بە زمانەکانی رووسی و فەرەنسیم لە تەبرێز خستنەکار (63).

59 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 23

60 - کازم قەرەبەکر لە کۆتایی مانگی نیسانی 1919دا بەرپرسیارێتی فیرقەی 15ی سوپای وەرگرت. لەو کەسە بەراییانەی سەردانیان کرد کۆلۆنێل راڤلینسن بوو. راڤلینسن یەکێک بوو لەوانەی چاودێریی جێبەجێکردنی ئاگربەستی دەکرد لە کوردستان و ئەرمینیا.

61 - باس لە نیگەرانییەکانی راڤلینسن دەکات لەبارەی پێشڕەویی بەلشەڤییەکان.

62 - راڤلینسن داوای ئەوەی دەکرد سوپای عوسمانی رێوشوێن لەبەرانبەر پێشڕەویی بەلشەڤییەکان بگرێتەبەر و شەڕ بکات.

63 - کازم قەرەبەکر پاشا لە ساڵانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە رۆژهەڵات بوو. لەلای ئێران لە ئەرکدا بوو. لە سوپای تورانی موسڵمانان بوو.

ئەگــەر بێتەلەکانــی مۆســکۆ بــە ڕێکوپێکــی پەیوەنــدی بگــرن، ئاژانســی بەرلیــن یاخــود پاریــس و هەندێــک جــار لــە ئیســتەنبووڵ یــان دەریــای ڕەشــەوە هەواڵنێریــی نێــوان کەشــتیگەلەکانم وەردەگــرت. بــۆ ئــەوەی لــە قەفقــاس و قــەرس زانیــاری وەربگــرم ڕێوشــوێنی پێویســتم گرتەبــەر. لەهەمــان کاتــدا خێڵەکانــم ڕێکخســتنەوە. فەرمانــدەی ئــەو خێڵانــەم بانگ کــرد کــە لەشــەڕدا بــوون و بەڕوونــی باســی دەرئەنجامــی کوردایەتــی و لەنێوبردنــی ئەرمەنەکانــم لەلایــەن کــوردەوە کــرد. پێمگوتــن ئەگــەر هاوئاهەنگــی و هــاوکاری نەکەیــن لــە هــەردوو دنیــادا بــەر نەفــرەت دەکەویــن. بەڵێنیــان دا. ســوێندیان خــوارد. بــۆ کوردایەتــی پڕوپاگەنــدەی زۆر گرنــگ هەبــوون. ڕۆژنامــەی (ژیــن) بێنامووســانە دەنووســرا. تەنیــا بــە جیابوونــەوە ڕازی دەبــوون" [64].

وڵاتێــک ڕزگار دەکرێــت. جــارێ نــاوی لــێ نانرێــت. دواتــر ناودەنرێــت وڵاتــی تــورکان. نیشــتمانی تورکــەکان. بــۆ دامەزراندنــی نیشــتمانی تورکــەکان "دەســت بەســەر ئەرمینیــادا دەگیرێــت"، "دەستبەســەرداگرتنی ئەرمینیــا دەبێتــە کلیلــی ئاشــتی".. لــە داهاتــوودا بــە هەمــوو وردەکارییەکانییــەوە ئــەوە دەخەینــەڕوو کــە چــۆن ئــەو دەستبەســەرداگرتنە دژی بەلشــەڤی و ئینگلیــزەکان بەکاردەهێنرێــت. ئێســتا بــا ئــەوە بخەینــەڕوو کــە چــۆن کەمالیســتەکان خەریــک بــوون پەیوەنــدی لەگــەڵ بەلشــەڤییەکان دابمەزرێنــن کــە ئینگلیــزەکان لێــی بــە گومــان بــوون. بــۆ دەســتگرتن بەســەر ئەرمینیاشــدا گرنگتریــن پڕوپاگەنــدە کوردســتان بــوو. بــە کوردیــان دەگــوت کوردســتان دەدرێتــە ئەرمینیــا. کوردیــش بــۆ ئــەوەی کوردســتان نەدرێتــە ئەرمینیــا، کەوتبوونــە خــۆ بــۆ شــەڕێکی گــران لەگەڵ ئەرمەنــەکان وماڵەکانیــان دەســووتاندن.

"کوردســتان دەدرێتــە ئەرمینیا"، مانــای چییــە؟ هەڵبەتــە لێرەدا پێویســتە لەڕاســتای ڕاســتی دا بیــن. یەکــەم بەشــێک لــە جوگرافیایەکــی پارچەکــراو

64 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 24-25

هەیـە کـە نـاوی کوردسـتانە و کـوردی لەسـەر دەژیـن. دووەم ڕەگـەز و نەتەوەیەکـی جیـاواز هەیـە کـە نـاوی کـوردە. سـێیەم ناوچەیەکـی جوگرافـی هەیـە کـە بـە ئەرمینیا ناسـراوە و نەتـەوەی ئەرمەنـی لەسـەر دەژیـن. چـوارەم جوگرافیـای کوردسـتان و ئەرمینیـا جوگرافیایەکـی جیـاوازە لـە جوگرافیـای ئەنـادۆڵ. پێنجـەم ئـەو تورکانـەی لـە ئەنـادۆڵ زۆرینـەن، لەگـەڵ ئـەو ئەرمەنانـەی لـە ئەرمینیـا دەژیـن و ئـەو کوردانـەی لـە کوردسـتان دەژیـن، نەتـەوەی جیـاوازن. شەشـەم ناڕەزایـی هەیـە لـەوەی کوردسـتان ببێتـە خاکـی ئەرمینیـا و داوا دەکرێـت کوردسـتان هـەروەک کوردسـتان بمێنێتـەوە.

دروشـمی "کوردسـتان دەبێتـە بەشـێک لـە ئەرمینیـا"، هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانە قەبـووڵ دەکات. بـە بنەماگرتنـی ئـەو ڕاسـتیانە دەبـێ بگەینـە سـەنتێزێکی نـوێ. ئەمـەش پەیوەسـتە بـە پراکتیکـەوە. بـە کـورد دەڵێـن "ئەگـەر دەتانـەوێ کوردسـتان وەک خـۆی بمێنێتـەوە لەگـەڵ ئێمـە بـن، ئەگەرنـا ناوچەکەتـان دەدرێتـە ئەرمـەن و دەبنـە کۆیلـەی ئەرمەنـەکان". هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە ئـەو پڕوپاگەندەیـە زۆر کاریگـەرە. کازم قەرەبەکـر پاشـا لـە کتێبەکەیـدا (شـەڕی ڕزگاری) هەڵوەسـتەی زۆر لەسـەر ئـەو پرسـە دەکات.

"... ئینگلیـز لـە هەموو لایەکی کوردسـتانەوە خەریکی پیلانگێڕی بوون... [65]

چ لـە دیاربەکـر بێـت، لـە فەرمانـداری یەکـەم لـە سـاڵی 1333 (1817)، چ لـە فەرمانـداری یەکـەم لـە سـاڵی 1334 (1918) لـە ئـەرزڕووم و قەرس بـە ئاراسـتەی نێوخـۆی ئێـران، دەسترۆیشـتوو بـووم لەسـەر نزیکـەی سـەرجەم خێڵەکانـی کـورد [66]. سـەرۆکەکانیانم لـە نزیکـەوە دەناسـین.

---

65 - بینیمـان چ جـۆرە وروژاندنێـک هەبـووە لەوکاتـەدا کـە شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی بـۆ سـەربەخۆیی، لـە باشـووری کوردسـتان دژی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز لـە خەباتـدا بـوو.
66 - ئـەو بەیاننامەیە لـە ڕوانگـەی بەکارهێنانی کـورد لـە هەمـوو بەرەکانی پێشـەوەی جەنگی جیهانیـی یەکەم، گرنگە.

کاتێک لە ئەرزڕووم بووم، لەپای ئەو شتانەی لە رابردوودا سوودیان لێ بینیبوون [67]، فەرمانبەری شیاوم نارده لایان [68]. بارودۆخەکەم، بەتایبەت بەخشینی رۆژهەڵاتم بە ئەرمەنەکان بۆ روونکردنەوە، بەڵام گوتم بە هاوئاهەنگی، هاوشێوەی ساڵی رابردوو سەرکەوتوو دەبین. حەیدەر بەگ، فەرمانەدەی چوار گوردانی خێڵەکان لە نێوان حەسەنقەڵا و هاستسی گوتی: هەرچەند ئینگلیزەکان پارەی زۆریان خەرجکردووە [69] بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام هیچیان پێنەکراوە. بە ناموسم سوێند دەخۆم ئەوەی رێگرە لەبەردەم ئەمەدا کەسایەتی ئێوەیە. تۆ نەهاتبای لە رۆژهەڵات پرسی کوردایەتی دەتەقییەوە". [70]

هەرچەندە لەوەتەی هاتوومەتە فەیلەقی 13ی دیاربەکر کارەکە بە رژدی دەکەم، ئێستا بەهۆی سەرپەرشتیارییەوە پەیوەندییەکی نزیکترم لەگەڵ تەواوی رۆژهەڵات هەیە. سمکۆم لە ئینگلیزەکان وەرگرتەوە [71] و هاوکاریم کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەرمەنی و نەستوورییەکان شەڕ بکات. ئەو هێزە ئەرمەنی و نەستوورییانەی بە ئاراستەی وان هاتبوون، تەفروتونام کردن" [72].

ئەگەر سەرنج بدەی، کازم قەرەبەکر پاشا دەڵێت من سمکۆم لە دەستی ئینگلیزەکان وەرگرتەوە. ئەو سمکۆیەی لە دەستی ئینگلیزەکان وەریدەگرێتەوە، لەگەڵ ئەرمەنی و نەستوورییەکان بەشەڕی دەدات.

---

67 - لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و کۆتاییەکانیشیدا، کەمالیستەکان گازندەی ئەوەیان دەکرد کە بەشێک لە سەرۆک خێڵەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە پارە کڕدراون. نووسەرە کەمالیستەکانیش بەردەوام ئەمە دووپات دەکەنەوە. کازم قەرەبەکر دەڵێت بۆ خەڵەتاندنی کورد ئەوانیش پارەیان داوەتە بەشێک لە سەرۆک خێڵەکانی کورد.
68 - مەبەستی لە فەرمانبەری شیاو، سیخورە.
69 - ئەو ئینگلیزانەی بە گیان و ماڵ هەوڵی سەربەخۆیی تورکیان دەدا، ئەدی بۆچی بۆ رووخاندنی حکومەتی کوردستان، حکومەتەکەی شێخ مەحموود ئەو هەموو شەڕە خوێناوییەیان کرد؟
70 - دەردەکەوێ کە کازم قەرەبەکر پاشا بۆ رێگری لە پەرەسەندن و کاریگەریی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد، نێردراوەتە ناوچەکانی کوردستان و ئەرمینیا.
71 - سمکۆ، سەرکردەی ئەو کوردانە بوو کە کەوتبوونە نێو سنووری ئێرانەوە. جار جارە باسی سەربەخۆیی کورد و کوردستانی کردووە.

72 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 80-81

لێـرەدا بەڕوونـی دەردەکـەوێ کـە پڕوپاگەنـدەی کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیـا، کاریگـەری خـۆی هەبـووە. "دەگوتـرێ بـۆ ئەوەی سـمکۆ ئـەو کارە بـکات، بەرتیلـی لـە حکومەتـی عوسـمانی وەرگرتـووە" [73]

لێرەدا پێویسـتە سـەرنج بخرێتە سـەر شـێوازی باسـکردنی عوسـمانییەکان. کەمالیسـتەکان دەیانگـوت ئەرمـەن، نەسـتووری، تورکـەکان و ئەوانی دیکە بـەردەوام لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە دنـە دراون و لـەو کارەشـدا پارەیەکـی زۆریـان خـەرج کـردووە. لێرەدا دەردەکـەوێ کـە کازم قەرەبەکـر "سـمکۆی لەدەسـتی ئینگلیـز" وەرگرتووەتـەوە، بـەڵام دیسـان دژی ئـەو ئەرمـەن و نەسـتووریانە بەکاریدەهێنێـت کـە لەلایـەن ئینگلیـزەوە دنـەدراون. ئەمـە بیرکردنەوەیەکـی پراگماتیکییـە. بەگوێرەی شـوێن و کاتەکەی چی بە سـوود و قازانـج دەزانێـت، وەک "راسـتی" دەیخاتـەڕوو. بەشـێوەیەکی سرووشـتی بـەردەوام دەکەونـە نێـو دژوازییـەوە، بـەڵام ئـەم پرسـە بەشـێوەیەکی روون دەردەکەوێـت. دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس کێشـەی سـەرەکی کەمالیسـتەکان بریتیبـوو لـە ئەرمـەن، کـورد و رۆم. کەمالیسـتەکان هیـچ کێشـەیەکیان لەگـەڵ بەریتانیـا، فەرەنسـا و لەگـەڵ ئیمپریالیزم نەبـوو. ئەم مەیلـە بەشـێوەیەکی روونتـر و بەرچاوتـر دەردەکەوێـت.

"روون بـوو کـە پروپاگەنـدەی سـەربەخۆیی کوردسـتان ناوەسـتێنن. لەبەرانبـەر ئـەو ژەهـرەدا مـن هەر لـە زووەوە گوتـم: دەیانەوێ کوردسـتان بکەنـە ئەرمینیـا، بـەڵام رێگـە نادەیـن بـرا کوردەکانمـان ئـەو جـەورە ببینـن و هەمـوو کـوردم شـەربەتخوارد کـرد". [74]

لـەو قسـانەدا بەتـەواوی روونەبێتـەوە کـە چـۆن کەمالیسـتەکان کوردیـان هەڵخەڵەتانـدووە. پێویسـتە بـە وردی هەڵوەسـتە لەسـەر "شـەربەتخواردکردن" بکەیـن. ئەمـە کرۆکـی ئـەو سیاسـەتە فێڵبـاز و دووڕووانەیـە کـە دژی کـورد پەیـڕەو دەکـرا. ئەمـە نیشـانیدەدات کەمالیسـتەکان کامـە رێگەیـان گرتووەتەبـەر بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر

73 - Wiliam Eagleton, Mehabat Kürt Cumhuriyeti, 1946, s. 38.
74 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 119

کوردسـتاندا بگـرن. کازم قەرەبەکـر پاشـا لـە یەکێـک لـە قسـەکانیدا کـە رووی لـە کـوردە و قسـە لەسـەر کوردسـتانی سـەربەخۆ دەکات، دەڵێـت: "... کوردسـتانی سـەربەخۆ مانـای چییـە؟ بەوپێیـەی بـاس لـە ئەرمینیـا ناکرێـت، کەوایـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات چارەنووسـیان چـی دەبێـت؟ کوردسـتان جیادەبێتـەوە و دەبێتـە موڵکـی ئەرمینیـا؟ بەوپێیـەی ئەرمەنـەکان هەوڵیانـدا پەیوەندییەکـی برایانـە لەگـەڵ کـورد پێکبێنـن، [75] لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات کوردیان بە سـەربەخۆیی هەڵخەڵەتانـد و دوای ئـەوەی کونجێکیـان بـۆ جیاکردنـەوە، هیـچ گومانێـک لـەوەدا نامێنـێ کـە دەبێتـە موڵکـی ئەرمـەن". [76]

کازم قەرەبەکـر پاشـا پرەنسـیپی مافـی گەلانیشـی قەبووڵـە کـە دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس هاتەئـاراوە:

"... لـە 13ی کانوونـی دووەمـی 1919 سـەردانی شـاندی فـەوزی پاشـام کـرد... [77]

"دوای باسـی فرەنەتەوەیـی، قسـەم هێنایـە سـەر باسـی کوردسـتان. فـەوزی پاشـا زۆر قسـەی نەدەکـرد. هیـچ گومانـم لـەوەدا نەمـا کـە ئیلهام بـەگ سەرپەرشـتی کاروبـاری نهێنـی شـاندەکە دەکات. دوای چەنـد پرسـیار و گەنگەشـەیەک بـە کورتـی گوتـی: پێمانوایـە ناوەنـدی کوردایەتـی لـە ئیسـتەنبووڵ خـراپ کار ناکات. بەهـۆی ئـەوەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە دژی تـورک، ئەگـەر بڵێـن بـا تـورک لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات بکشـێنەوە، نەتەوەپەروەرەکانـی کـورد هەوڵـدەدەن ئەرمەنـەکان نەهێڵـن. وەک دیـارە ئێسـتا پرەنسـیپی مافـی گـەلان هەیـە. کۆمەڵـەی کـوردی لـە ئیسـتەنبووڵ لـە کەسـانی بەڕێـز پێکهاتـووە.

گوتـم ئەمـە بیرکردنەوەیەکـی هەڵەیـە. هیـچ گومانـم لـەوە نییـە ئـەو خانە

75 - لـە داهاتـوودا ئـەو داواکارییـەی لـە نامەیەکـدا خاچـەدۆری ئەرمەنـی لـە 30 ئابـی 1919 دا بـۆ کـوردی نـاردووە و داوای هاوئاهەنگـی لـێ دەکات، هەروەهـا ئـەو وەڵامـەی کـورد لـە چـواری ئەیلوولـی 1919دا داویەتییـەوە دەخرێتـە بەربـاس.

76 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 384

77 -شاندەکەی فەوزی پاشا ئەو شاندە بوو کە حکومەتی ئیستەنبووڵ ناردیە ئەرزڕووم.

کوردییەی ئیستەنبووڵ و پرسی کوردایەتی، کۆمەڵەی حکومەتی پێشوو دەیکات. ئێوەی بەڕێزیش کە بە ئەرکێکی گرنگەوە هاتوون، بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن هەڵەیەکی گەورە دەکەن. ئەوەی ئەمڕۆ پرەنسیپی گەلان نییە، بە ناوی گەلان دەیخەنەڕوو، بەڵام پرەنسیپی داگیرکارییە. بڕوانن عەرەبەکان چییان لێهات و ئەوەی داهاتووش دەبینن چییان بەسەردێت. گومانتان لەوە هەیە ئەگەر تورک لە رۆژهەڵات بکشێنەوە ئێرە دەبێتە خاکی ئەرمەن؟". [78]

"کورد دەزانن کە بەبێ تورک مافی ژیانیان نییە [79]، هەربۆیە وەک هەر تاکێکی گەلی تورک، بەهەمان سووربوونەوە بەرەنگاری هەموو هێزێک دەبنەوە. بۆ جیاکردنەوەی کورد لە تورک سەربەخۆیی وەک خۆراکی راوی ماسی بە قولابەوە دەکەن. ئەمڕۆ کە ئێمە ئەو هەموو فەرماندە بە ئەزموون و ئەفسەرانەمان هەن و سوپا سەتان ساڵە بەدەست گەلی تورکەوەیە، سەرباری ئەوەش بەرەوڕووی لەدەستدانی سەربەخۆیی بوونەتەوە، گەلێکی بێچارەی وەک کورد کە هیچ هێزێکی نییە، چۆن دەتوانێت حکومەتی خۆی دامەزرێنێ؟". [80]

"ئەوانەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەرمەنەکان بەتەنیا ماونەتەوە لە مەیدان دا هیچ پرس و باسێک هەڵناگرێت. بەدرێژایی سنوور ئەرمەنەکان هاوار بۆ سیڤاس دەکەن. کورد ئەمە بە گوێی خۆیان دەبیستن و دەبینن

---

78 - ئەوە جێی سەرنجە، کەمالیستەکان کە بە رزگارکەری نەتەوەیی دادەنران، هەر کاتێک لە بەرژەوەندییان نەبووایە پرەنسیپە میللییەکانیان رەتدەکردەوە. دەگوترێ پرەنسیپەکانی میللی رەوتێکی سیاسیی هەڵبەستراو بووە بۆ بەدەستهێنانی کۆلۆنیی زیاتر. لەڕاستیدا کەمالیستەکان لەگەڵ جیابوونەوەی دەوڵەتانی عەرەبی نەبوون لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام سەختی و ناهەمواریی هەلومەرجەکە بووە هۆی پچڕانی تەواوی پەیوەندی. بۆیە لەنێوان ساڵانی 1919 - 1922دا هیچ کێشەیەک بەناوی "جیابوونەوەی تورک - عەرەب" لەئارادا نەبوو، بەڵام کەمالیستەکان چاویان بڕیبووە کوردستان و ئەرمینیا. ئەرمەنەکانیان راگواستبوو. ئەوەی بۆیان گرنگ بوو ئەوەبوو بەربەست بخەنە بەردەم گەڕانەوەیان و وەرگرتنەوەی ماڵ و موڵک و کارەکانیان. لەوکاتەدا دروشمەکە بریتیبوو لە "جیاکردنەوەی کورد و تورک جیاکارییە"، کەمالیستەکان لکاندنی کورستان و ئەرمینیایان وەک ئامانجێکی بنچینەیی دادەنا. کاتێک خوێنەران ستاتوی سیاسیی عەرەب، کورد و تورک دەهێننە بەرچاویان، بیری ئەوسای کەمالیستەکانیان بۆ روونتر دەبێتەوە.

79 - بۆچی دەبێ مانەوەی کورد بە تورکەوە بەسترابێتەوە؟ مەگەر ئەمەش رێگەیەک نییە بۆ بەخۆوەلکاندن؟ دەگوترێ "تۆ پێویستت بە پارێزەرێک هەیە، ئەویش منم".

80 - گوتەی "گەلی بێچارەی کورد کە هیچ هێزێکی نییە"، دەبێتە بیانوو بۆ لکاندن و داگیرکردنی کوردستان.

داهاتوویـان لەکـوێ دەبێـت. دەشـێ لـە ئیسـتەنبووڵ کەسـانی شـکۆدار لەنێـو ئەوانـەدا هەبـن کـە سـەرقاڵی کوردایەتیـن.[81]

کاتێـک ئەوانـە بـۆ رزگارکردنیـان دەچـن و کارێکـی چاکەیـان لەدەسـت نایێـت، هیـچ نەبێـت بـا دەسـت لـە هیـچ باسـێک وەرنـەدەن. کوردایەتـی لـە رۆژهـەڵات تورکبوونـی ملیۆنـان ساڵەی تـورک و ئـەو کـوردە بێچـارە و نەزانانـەش کـە سـەرقاڵی ژیانـی خۆیانـن، وێـران دەکات". [82]

لقـی ئەرزڕوومـی کۆمەڵـەی داکۆکی لـە مافە نەتەوەییەکانـی ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات لـە چەنـد بەیاننامەیەکـی جیـاوازدا، بۆئـەوەی رێککەوتنـی خۆیـان لەگـەڵ کـورد دژی ئەرمـەن مسـۆگەر بکـەن، چەندیـن پڕوپاگەندەیـان کـرد[83].

سیاسـەتی فێڵبازانـە و دووڕووانـەی کەمالیسـتەکان بۆئـەوەی ئەرمینیـا و کوردسـتان بخەنـە سـەر خاکـی خۆیـان، لەلایـەن کەمالیسـتەکانی ئەمڕۆوە بـە خرۆشـانەوە چەپڵـەی بـۆ لێدەردرێـت. کەمالیسـتەکانی ئەمـڕۆ وەک تەکتیکێکـی شۆڕشـگێڕانە بـاس لەمـە دەکـەن، دەرکردنـی ئەرمـەن و لکاندنـی کوردسـتان بـە خۆیانـەوە و بەکۆیلەکردنـی گەلـی کـورد وەک (شۆڕشـگێڕی) دەبینـن.

"ئینگلیـزەکان، بـۆ نانـەوەی جیـاکاری لـە نێـوان تـورک و کـورد و بـۆ دەسـتەبەرکردنی رێککەوتنـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن هەوڵێکـی زۆریـان دا. بـە بەڵێنـی ئۆتۆنۆمـی پارەیەکـی زۆریان هەڵڕشـت و هەوڵیانـدا بەمە مەیلی سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد بـەلای خۆیانـدا رابکێشـن. بەهـۆی ئـەوەی ئـەو هەوڵانـە زۆر لـە شـەڕی کـورد و ئەرمـەن، هەروەهـا ئەرمـەن و تورکـەکان تووندوتیژانەتـر بـوو، بۆیـە سـەرکەوتوو نەبـوو. مەترسـی ئەرمەنـەکان وایکـرد پێشـنیازە هەڵخەڵەتێنـەر و بریقەدارەکـەی ئینگلیـز بـێ کاریگـەری

81 - وەک دەردەکـەوێ کوردبـوون و پابەندبـوون بـە کوردایەتییـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی بـە "بێناموسـی" لـە قەڵـەم دەدەن.

82 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 385-386

83 - Bekir Sıtkı Baykal, Erzurum Kongresi ile İlgili Belgeler, Belge I-II

بێت. 'کێشەکە بە لکاندنی کوردستان بە ئەرمینیاوە چارەسەر دەبێت' کازم قەرەبەکر پاشا کە وایدەگوت لەسەر حەق بوو". [84]

لێرەدا جارێکی دیکە قسە پڕ لە درۆکانی کەمالیستەکان دەبینین. ئەگەر بەریتانیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەوڵیدەدا و پارەی زۆری خەرج دەکرد و سەرۆک خێڵەکانی بەلای خۆیدا رادەکێشا، بۆچی لە باشووری کوردستان بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموود ئەو شەڕە خوێناوییەی بەرپا کرد؟ بەپێچەوانەی ئەوەی کەمالیستەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، هەرگیز ئینگلیز بەشێوەیەکی رژد بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکردووەتەوە، بەڵام بۆ ئاستەنگدانان لەبەردەم شۆڕشەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کوردیان کردە قوربانی. کوردستانیان دابەشکرد. لە دژی گەلی کورد سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) یان جێبەجێکرد. ئەمەش بە هاوئاهەنگیی نێوان ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و کەمالیستەکان و هێزەکانی دیکە کرا.

هەروەها شەڕی کورد و ئەرمەن زۆر لە شەڕی نێوان تورک و ئەرمەن خوێناویتر نەبووە، قسەیەکی بەوشێوەیەش راست نییە. هیچ بەڵگەیەکیش نییە ئەمە بسەلمێنێ. سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە کە ئیتیحادییەکان لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە وەریانگرت، بەشێوەیەکی خوێناوی جێبەجێکرا. عوسمانییەکان شەڕی نێوان ئەرمەن و کوردیان هەڵگیرساند، هەروەها ئاگرەکەیان خۆش دەکرد. ئامانجی کەمالیستەکان هەر ئەوەبوو کە شەڕی کورد و ئەرمەن قووڵتر ببێت. دەشێ پڕوپاگەندەی "کوردستان دەدرێتە ئەرمەن" لەو چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێنین. لێرەدا نابێ بەهیچ شێوەیەک راگواستن و کۆمەڵکوژیی ئەرمەن لە ساڵی 1915 نادیدە بگرین. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیتیحاد و تەرەقیدا، ئەرمەنەکان لە بەشی رۆژهەڵات راگوێزران و ناچاربوون دەستبەرداری موڵک و واری خۆیان ببن. زۆربەیان کۆمەڵکوژکران. موڵک

84 - Doğan Avcıoğlu, Milli Mücadele Tarihi, Cilt 1, s. 11

و ماڵـی ئـەو ئەرمەنانـەی بـە هـەر هۆکارێـک بـووە، تەرکـە مەملەکـەت و زێدی خۆیـان کـران، لەلایەن ماڵباتـە دەوڵەمەنـد و دەسـەڵاتدارەکانی کورد و تورکـەوە دەسـتیان بەسـەرداگیرا. یـان بـا بڵێیـن بەدەستبەسـەرداگرتنی موڵـک و ماڵـی ئەرمەنـەکان دەوڵەمەنـدی تـازە دەرکەوتـن. ئەوانـەی دەوڵەمەنـد بـوون رەوشـی ژیانـی خۆیـان باشـتر کـرد. بێگومـان ئـەم جـۆرە کەسـانە نەیاندەویسـت ئەرمـەن بگەڕێنـەوە. چونکـە ئەگـەر گەڕابانـەوە داوای موڵـک و ماڵـی خۆیـان دەکـردەوە. بـەدوای ئـەوەوە دەبـوون درێـژە بـە کاروبـاری پێشـوویان بـدەن. دیـارە ئـەو پێشـهاتانەی لـە کلیکیـا روویانـدەدا، ئەگـەر بـە شـێوازێکی جیاوازیـش بووایـە، لـە رۆژهـەڵات و لـە ئەرمینیـا و کوردسـتانیش دووبـارە دەبوونـەوە. بێگومـان ئـەو پێکدادانـەی لەنێـوان کـورد و ئەرمـەن هەبـوو، عوسـمانییەکانی لەپشـت بـوو، لەلایـەن کەمالیستەکانیشـەوە بەهەمـان شـێوە درێـژەی پێـدرا، بـەڵام ئـەوەی بگوتـرێ ناکۆکیـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن زۆر خوێناویتـر بـوو لـە ناکۆکـی نێـوان تـورک و ئەرمـەن، هیـچ بنەمایەکـی نییـە.

کەمالیسـتەکان لەپاڵ پڕوپاگەندەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیا"، لەگەڵ ئـەو کوردانـەش دا کـە پشـتیوانییان لـە تورکچێتـی دەکـرد، دەیانگـوت "ئەرمـەن ئەوەلاتـر بچـن"، بـەم شـێوەیە دەیانویسـت هاوئاهەنگـی و یەکڕیزیـی کـورد و تـورک پتـەو بکـەن. لـەو روانگەیـەوە ئـەو راپۆرتـەی لـە 17ی حوزیرانـی 1919 پێشکێشـی کۆنگـرەی ویلایەتـی ئـەرزڕووم کـرا، زۆر گرنگـە. سـەرباری ئـەوەی درێـژە، بـەڵام بـە چاکـی دەزانیـن وەک خـۆی دایبنێینـەوە. (85)

"ئامانجـی ئەو پڕوپاگەندانەی لە پارێزگاکانی رۆژهەڵات دەکرێن، پێشـکەوتنی خەڵـک، پەرەپێدانـی هەسـتی نەتەوەیی، رسـکاندنی عەشـقی ئازادی لە دڵی خەڵـک دا، گوشـار و هێـز کاریگەرییـان لاواز بـووە و ئەمـڕۆ مسـۆگەرکردنی باڵادەسـتیی سـەربازی و حوکـم و درێژەپێدانـی بووەتـە کارێکـی سـەخت.

85 - Bekir Sıtkı Baykal, a.g.e., Belge 47, s. 40-52

ئەوروپا کـە لـە هەمـوو شـتێکدا شـارەزاییان پەیـدا کـردووە و لێزانـن، دەسـتیان بـە داهێنانـی ڕێگـە و ڕێبـازی تـازە کـردووە بـۆ ئـەوەی گەلانـی دیکـە بخەنـە ژێـر بانـدۆری خۆیـان و داگیریـان بکـەن، ئـەم ئامرازانـە بـۆ ئـەوەن ئـەو گەلانـە ناڕەزایـی دەرنەبڕن و کاردانەوەیـان خەفـە بکـەن. ئـەم شارسـتانییەی ئەوروپـا بـە نـاوی دیپلۆماسـیی بەشارسـتانیکردنی گەلانـی دیکـە نـاوی دەرکـردووە و پێگـەی وەرگرتـووە. ئەمانـە بنچینـە تازەکانـی زوڵـم و کۆنترۆڵکردنـی دیپلۆماسـیی نوێـن.

ئـەو پرەنسـیپەی ئـەو گەلـە وەک بنەمـا پشـتی پێبەسـتووە ئەمەیـە: "جیاکاری بکـە، دواتـر دەسـتخەڕۆی بکـە. بـۆ ئـەوەی بنەمـا بنچینەییەکانـی وەک ئاییـن، زمـان و نەریتەکانیـان بـێ کاریگـەری بکەیـت، وێرانیـان بکـە"، حکومەتـە ئیسـلامییەکان لـە هیندسـتان، فـاس، جەزائیـر، تونـس، میسـر، ئەندەلـووس و ئەوانیدیکـە هەموویـان بوونـە قوربانیـی ئـەم شـێوازە. ئەمـڕۆ ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتیشـمان لەبـەردەم هەمـان مەترسـیدان. بـۆ ئـەوەی لێـرە جوداخـوازی بێننـە ئـاراوە و تێگەیشـتنی نەتەوەییانـە وێـران بکـەن، پڕوپاگەنـدەی زۆر بڵاودەکەنـەوە. بـۆ ئەوەی تێگەیشـتنێکی دروسـت بێتـە ئـاراوە و بەسـەر ئەو وێرانکارییەدا زاڵ ببین، پێویسـتە میتۆدی زانسـتی پەیـڕەو بکەیـن.

پڕوپاگەندەکەی ڕۆژهەڵات لە سێ سەرچاوەوە هاوکاری وەردەگرێت:

1. پڕوپاگەندەی ئەرمەنی.
2. ڕێنمایی ئەوروپاییەکان.
3. پڕوپاگەنـدەی ئـەو کەسـانەی دەیانـەوێ داهاتوویەکـی گـەورە و دەسـتکەوتی باشـیان هەبێـت.

ئـەو بیـر و خواسـتانەی لـە خـوارەوە دێـن، لـەو سـێ سـەرچاوەیەوەن کـە مەبەسـتیانە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی ئێمـە وێـران بکـەن و لە ئەنجامیشـدا ئـازادی و سـەربەخۆییمان زەوت بکـەن: [86]

---

86 - کاتێـک خوێنـەر ئـەم وشـانە دەخوێنێتـەوە، پێویسـتە بیـر لـە دۆخـی ئێسـتای پارچەکـردن و دابەشـکردنی کـورد بکاتـەوە.

1. دروستکردنی کێشەیەک لەنێوان کورد و تورک.
2. دروسـتکردنی کینـە لەنێـوان کـورد و تـورک و، ئۆباڵـی فەرامۆشـکردنی ئەنـادۆڵ لەلایـەن ئیسـتەنبووڵەوە بخرێتـە ملـی تـورک.
3. رێگـری لـەوەی گەنجانـی شـارەکانی رۆژهـەڵات لەژێـر چەتـری حکومەتـی نـویّ دا یەکبگـرن. [87]
4. بەهـۆکاری جیـاواز ناکۆکـی لەنێـوان کـورد و تـورک دروسـتبکرێت، بـۆ ئـەوەی کات و مەیـدان بدرێتـە کەمینـەی ئەرمـەن. [88]

بـۆ ئـەوەی ئـەم پرسـە زیاتر رۆشـن بکرێتـەوە، ئـەو چـوار بنەمایـە بەگوێرەی چالاکـی و کاری ئـەو سـێ هـۆکارەی لەسـەرەوە باسـیان لێـوە کـرا، روون دەکەینەوە.

## پرسی کوردچێتی و تورکچێتی

چالاکیـی ئەرمەنـەکان لـەم بارەیـەوە زۆر جێـی بایەخـە. ئەرمەنـەکان بـۆ ئـەوەی دنـەی هەسـتی کـوردە گەنـج و خێرخـوازە دینـدارەکان بـدەن، جـار جـارە ئـەوە دەورووژێنـن کـە کـورد و ئەرمـەن لـە هەمـان نـەژادن. وەک چـۆن ئـەو بانگەشـەیەی ئەرمەنـەکان تەنیـا بـۆ خەڵەتاندنـە و هیـچ بنەمایەکـی زانسـتی و مێژوویـی نییـە، خۆشـیان تۆسـقاڵێک ئەگـەر بـۆ ئـەم گریمانەیـە دانانێـن. [89]

وەک دەزانرێـت بنەمـاکان بـۆ جیاکردنـەوەی گەلێـک لە گەلێکـی دیکە ئایین، کەسـێتی (ئـاکار، خـوو، کاراکتـەر) نەریـت و جیاوازیـی زمانـە. لەبەرئـەوەی لـە دنیـادا نەژادێکـی ریزپـەڕ نییـە، بۆیـە تیـۆری نـەژادی لەلایـەن هەمـوو

87 - هەرکاتێـک کـورد گرنگـی بـە کێشـە سـەرەکییەکانی خـۆی داوە، ئـەو تۆمەتـەی خراوەتـە پـاڵ: "لەمپـەر دەخەنـە بـەردەم یەکبوونـی کـورد و تـورک". گرنگـە لـەو رەهەنـدەوە، ئـەو راپۆرتـە کـە لـە سـاڵی 1919 ئامادەکـراوە، هـەردوو بارەکـەی بـەراورد بکـەن.
88 - لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و ئیتیحـاد و تەرەقـی دا بـەم رێگەیـە کـورد و ئەرمەنیـان دژی یەکتـری هانداوە.
89 - زانیارییەکی باوە کە ئەفغان، فارس، ئەرمەن و کورد لە نەژادی ئارین.

زانایانــی کۆمەڵناســەوە رەتکراوەتــەوە. لەنێــوان کــورد و ئەرمەنیــش دا نــە ئاییــن، نــە کەســێتی، نــە نەریــت و هیــچ پەیوەندییــەک نییــە و لــەڕووی مێژووییشــەوە خزمایەتییەکیــان لەنێوانــدا نییــە. بــا کەمێکــی دی ئــەم لایەنە روونتــر بکەینــەوە.

## جیاوازیی ئایینی
## ئەرمەن کریستیانن، کورد موسڵمانن

لەوکاتــەوەی ئایینــی کریســتیانی لێــرە بڵاوبووەتــەوە، واتــە لــە ســەرەتای ســەدەی دووەمــی زایینییــەوە، ئەرمــەن و کــورد هــەر جیــاواز بــوون. [90] ئەگــەر وەک چــۆن ئەرمەنــەکان دەڵێــن؛ کــورد بەشــێک بــوون لــە ئەرمــەن، پێویســت بــوو ئەوانیــش کریســتیان بــن. بەدرێژایــی مێــژوو ئــەوە نەبینــراوە گەلێــک کــە لەهەمــان ناوچــە دەژیــن و ســەر بــە هەمــان یەکــەی کارگێڕی و کولتــوورن، نیوەیــان لەســەر ئایینێــک و نیوەکــەی دیکەیــان ســەر بە ئایینێکی دیکــە بــن. ئــەوە وەک ئەگەریــش دانانرێــت. بۆیــە بــە رێژەییــش بێــت هیــچ نزیکایەتییەکــی نــەژادی لەنێــوان کــورد و ئەرمــەن نییــە.

## کەسێتی (ئاکار، خوو، کاراکتەر)

لــەڕووی کەســێتی (سرووشــت)ــەوە، جیاوازییەکــی گــەورە لەنێــوان ئەرمــەن و کــورد دا هەیــە. ئەگــەر کەســێتی ئــەو دوو نەتەوەیــە بــەراورد بکرێــت، دەردەکەوێــت کــە هیــچ پەیوەســتییەکیان نییــە. ئــەو سرووشــت و بۆماوەییــەی لەنێــو گــەلان دا هەیــە، بەهــۆی کەڵەکەبــوون و بۆماوەیــی زۆرە، بەگوێــرەی تایبەتمەندیــی کەســایەتی لــە نەتــەوەکان دا، بەهــۆی پێکهاتــە بۆماوەییــەکان ناتوانرێــت ئــەوە قەبــووڵ بکرێــت کــە ئــەو گەلانەی

90 - پێویســتە خوێنــەران ســەرنجی ئــەوە بــدەن کــە لــە راپۆرتەکــەدا کــورد وەک کۆمەڵگەیەکــی جیاوازی سیاســی قەبووڵکراوە.

هیچ لێکچوون و هاوبەشییەکی بۆماوەییان نییە، رەچەڵەک و ریشەی بابوباپیرانیان ببڕێنەوە سەر یەک. لێکۆلینڤانێک سەبارەت لێکچوونی سرووشت و کەسێتی و دەرئەنجامەکانی، سرووشتی تورکیشی خستووەتە پاڵی و لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

| | کورد | ئەرمەن | تورک |
|---|---|---|---|
| 1 | دانبەخۆداگرن | دانبەخۆداگر نین | دانبەخۆداگر نین |
| 2 | تووڕە | ناجێگیرییەکی زۆر | جێگیر و رژدی |
| 3 | جەوهەری | رووکەشی | جەوهەری |
| 4 | چالاکیی جەستەیی | چالاکیی زەینی | چالاکیی جەستەیی و زەینی |
| 5 | دوورن لە بازرگانی | بازرگانن | جووتیار و بازرگانن |
| 6 | خاوەنی رابردوون | رابردوویان نییە | خاوەنی رابردوون و پێیەوە پەیوەستن |
| 7 | کەمدوون | بەهاتوهاوار و دەنگەدەنگن | کەمدوو و هێمنن |
| 8 | درکبەرزی | هۆشمەندیی سنووردار | درکبەرزی و بە توانا |
| 9 | جێگیر | ناجێگیر و ئەفسانەچی | جێگیر و وەفادار، هەقپەرست |

ئەم لیستە دەریدەخات کە سرووشتی ئەرمەن تەواو دژی سرووشتی کوردە. ئەوە لە کاتێکدا سرووشتی تورک و کورد بەوپێیە تاوەکو ئاستی وەکیەکی لێک نزیکن. بۆیە پێویستە لەنێو تورک و کورد دا وێڕای هاوبەشیی ئایینی، هاوبەشیی بنەچەییش کاری لەسەر بکرێت. [91]

91 - کازم قەرەبەکر لەو نووسینانەی بۆ چەند ناوەند و دەزگایەکی ناردووە، کورد بە "داماو" و "بێچارە" ناودەبات. ئێستا پەسنی کورد دەدات، کوردە ژیرەکان، "خاوەن رابردوو"، لە دوای کۆمار، واتە دوای ئەوەی کە کوردستان لەڕووی سیاسییەوە بەخۆیانەوە دەلکێنن و سیاسەتی داگیرکاری دەست پێدەکەن، بە کورد دەڵێن "بێنرخ"، " کوردی گەمژە"، "کوردی بێچارە" ، "کوردی کلکدار". لەلایەکی دیکەوە ئەم راپۆرتە پڕە لە نیشاندانی ئەو دژوازییانە و پێکەنیناوین. کورد وا نیشاندەدەن کە هەر لەو کارانەی جەستەیین "وەک شوانی" کارامەن و بۆ ئەرمەنەکانیش لەو کارانەی کە بە هۆش و بیر دەکرێن کۆڵەوارن.

## داوونەریت

بەهیـچ شـێوەیەک پەیوەنـدی لەنێـوان داسـتان و نەریتەکانـی ئەرمـەن و کـورددا نییـە. ئـەوە لە کاتێکـدا نەریت و داسـتانەکان لەنێوان کـورد و تورک هاوبەشـن. وەفـاداری، قارەمانێتـی، سـادەیی و راسـتگۆیی لـە عەشـقدا کـە لـە داسـتانە تورکـی و کوردییـەکان دا هەیـە، بەتـەواوی وەکـو یەکـن. ئاهەنـگ، جـەژن و ئـەو نەریتانـەی پەیوەسـتن بـە خێزانـەوە تاڕاددەیەکی زۆر وەکـو یەکـن. ئەمانـەش دەرخـەری ئـەوەن کـە کـورد و تـورک لـە هەمـان پێکهاتـەن، بـەڵام بەهیـچ شـێوەیەک ئەرمەنـەکان لەمـەدا هاوبـەش نیـن.

## مێژوو

بێینـە سـەر مێـژوو: ئەرمەنەکان کە سـەر بە نـەژادی ئارییاین، دوای هێرشـی ئێـران هاتنـە ئێـرە. ئـەوە لەکاتێکـدا چەندین سـەدە پێشـتر (ئۆردەهـوو) کە تورانـی بـوون، لێـرە نیشـتەجێبوونە و سـەرکەوتووبوون لـە دروسـتکردنی شارسـتانێتی، بەجۆرێـک هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە کـورد پاشـماوە و درێژەپێـدەری ئەوانـن. ئـەو لێوردبوونـەوە و توێژینـەوە کورتەی سـەرەوە لە بـواری ئاییـن، کەسـێتی و نەریتـەکان دەیسـەلمێنێ کـە کـورد و تۆرانییەکان پەیوەندییـان پێکەوە هەبـووە. [92]

دوای هاتنـی ئیسـلام مێـژووی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات مێـژووی چالاکیـی هاوبەشـی نێـوان کـورد و تورکـە. [93]

ئێسـتاش ناسـنامەی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات لە ناسـنامەی ئـەو دوو گەلە

---

92 - هەوڵـدەدەن ئـەوە بسـەلمێنن کـە کـورد تورکـی تورانیـن، بـەڵام بەڵگـەکان وەک لەسـەرەوە نیشـاندراون، وای دەردەخـەن شـتێکی دیکـەن.

93 - وەک دەردەکەوێـت، بەبـێ ئـەوەی ئامـاژە بـەوە بکـەن کـەی تورکـەکان بـۆ ئێـران، کوردسـتان، ئەرمینیـا و ئەنـادۆڵ هاتـوون، بـاس لـە مێـژووی دوای ئیسـلامی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات دەکـەن.

برایە پێکدێت. ئێرە کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر داگیرکاریی ئێران دا بووە، بەشێوەیەکی سرووشتی ملیان بۆ خووی ئێران داوە و زمانەکەشیان خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیان و بەوهۆیەوە کورد تاوەکو رادەیەک زمانە کۆنەکەی خۆی لەبیرچووەتەوە. وردبوونەوە و توێژینەوە لە زمانی کوردی دەریدەخات کە ئەو زمانەی ئێستا زمانە رەسەنەکەی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی زمانی کوردی و زمانی تورکی زۆر فراوان و بەرچاوە.

بەگوێرەی کتێبی (کوردی - رووسی - ئەڵمانی) د.کاریچ (مەبەستی لەفریچە).[94]

لە زمانی کوردی دا کە لە 8307 وشەی بەکارهاتوو پێکهاتووە، 3080 وشەی تورکی، 2000 وشەی عەرەبی هەن کە لە زمانی تورکییەوە پەڕیوونەتە نێو زمانی کوردی.[95]

واتە دوای ئەوەی بۆمان ئاشکرا دەکات کە 3080 وشەی کوردی لە بنەڕەتدا تورکین و ئەو وشانەی لە چیا و زۆزانان بەکاردەهێنرێن تورکین، ئینجا دەڵێ: 'بەپێی بنەماکانی زمان، ئەو زمانە سەر بە لقی هیندۆئەوروپییە و وادەردەکەوێت کە کەوتووەتە نێوان زمانی فارسیی کۆن و فارسیی ئێستا لەگەڵ زمانی ئێرانیی سەردەمی شاعەباس. زیاتر لەوەی زمانی نەتەوەیەک بێت، زمانێکە کەوتووەتە ژێر چەندین کاریگەرییەوە. بەتایبەت شایەنی ئاماژەیە لەنێو خێڵەکانی کورد دا وشەی کورد، پەهلەوی، زەنت، قەدیم وشەی فارسی نین. بەڵکو تورکین یاخود

---

94 - د.فریچ، کەسێکە لە سەردەمێکدا کە پەیوەندیی نێوان ئیتیحاد و تەرەقی و ئەڵمانیا زۆر پتەو بووە، لەلایەن ئەڵمانیاوە نێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت کورد. بێگومان ئەو لێکۆڵینەوەیە بەخواستی ئیتیحاد و تەرەقی نووسراوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (کورد، مێژوو و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی) لە ساڵی 1918 لە ئیستەنبووڵ نووسراوە. ئەم کتێبە لەلایەن "وەشانی دەستەی خێڵ و موهاجیرەکان" بڵاوکراوەتەوە. وەک دیارە ئەمە بڵاوکراوەی دەوڵەتە.

Tarihi Yayınların Bibliyografyası 1729-1955, Hazırlayan Enver Koray, MEB, İstanbul 1959, s. 192)

95 - وەک دەردەکەوێت، عوسمانییەکان، ئیتیحاد و تەرەقی و کەمالیستەکان کە یەک زنجیرەن، بۆ ئەوەی کوردستان بە خۆیانەوە بلکێنن بیر لە شتی زۆر سەمەرە دەکەنەوە. "ئەو وشە عەرەبیانەی لە تورکییەوە چوونەتە نێو کوردی"، هەوڵدەدەن بەمە پەیوەندییەکی پێکەنیناوی بسازێنن.

وشــەی عەرەبــی و فارســی ســەردەمی شاعەباســن کــە لــە تورکییــەوە پەڕیونەتــە نێــو زمانــی کــوردی. ســەرباری ئەمــە لــە فەرمانــی زمانەکەشــدا جیـاوازی هەیـە. تەنیا زمانـی فارسـی نـوێ بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو درێـژەی هەیـە. فەرمـان لـە زمانـی کـوردی دا چەنـد وشـەیەکی پەرتـن کـە زیاتـر لـەوەی فەرمـان بـن، وەک نـاو قەبـووڵ دەکرێـن. [96]

بــەم جــۆرە شــێوەی زمانەکــە ونبــووە و لەژێــر کاریگەریــی داگیرکاریــدا زمانێکــی تێکەڵوپێکــەڵ دروســتبووە.[97]

وەک دەردەکــەوێ، ئــەم زمانــە هیــچ دەرئەنجامێــک لەبــارەی ریشــە و ڕەچەڵەکــی کــوردەوە بەدەســتەوە نــادات. ناکــرێ بــەوەی کــە لــەڕووی زانســتی زمانــی و پێکهاتنــی وشــەوە هیندوئەوروپییــە، بڵێیــن لەوێــوە دەتوانرێـت ڕەچەڵەکـی ئـەو نەتەوەیـە دیـاری بکرێـت. بـۆ ئەمـەش ناکرێ لە فەرمـان بـەولاوە بـۆ هیـچ هۆکارێکـی دیکـە بگەڕێیـن. لـە زمانـی کـوردی دا فەرمـان دیـار نییـە.

ئـەوەی لـە سـەرەوە شـارەزایانی زمانەوانـی خسـتیانەڕوو، دەریدەخـات کـە هیـچ پەیوەسـتییەک لەنێـوان کـورد و ئەرمـەن دا نییـە، بـەڵام لەگـەڵ تورک لـە پەیوەندییەکـی تووندوتۆڵـی زمانـی و نەریتیدان.

ئــەو ڕوانگەیــە لەبــارەی پەیوەندیــی کــورد بــە تورانییەکانــەوە، ئەمــڕۆ لــە مەعاریفــی گــەلان دا وەک بنەمایــەک قەبــووڵ دەکرێــت کــە بۆچــی پێچەوانەکــەی ڕاســت نەبێــت. دوای ئــەو ڕوونکردنەوەیــە، بانگەشــەی کوردچێتـی- تورکچێتـی کە لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵات دەهێنرێتـە بەرباس، دەریدەخـات کـە تاوەکـو چەنـدە نیازپاکـی تێدایـە. ئامانـج لـەو پڕوپاگەندانـە کــە تــەواو پێچەوانــەی بنەمــای زانســتی، مێژوویــی، بنەمــا و دۆخــە کۆمەڵایەتییەکانـن، جگـە لـەوەی یەکێتی ئیسـلامی پارچـە پارچـە دەکات [98]

---

96 - دەیانەوێ بڵێن لە زمانی کوردی دا فەرمان نییە.

97 - پێـش ئێسـتا بـە کوردیـان دەگـوت "خـاوەن رابـردوو"، ئێسـتا دەڵێـن "زمانیـان نییـە". گەلێـک کە زمانـی نەبێت چـۆن ڕابـردووی هەیە؟

98 - لـە داهاتـوودا دەبینیـن چۆن کەمالیسـتەکان هەموو هەلێکیان قۆسـتەوە بۆ سـوودبینین لـە ئایدیۆلۆژیای "ئیسلامگەرایی.

و دڵنیایـی بـۆ باڵادەسـتیی ئەرمەنـەکان دەسـتەبەر دەکات، هیـچ شـتێکی دیکـە نییـە. یەکێـک لـە ئەرکـە نیشـتمانییەکانمان ئەوەیـە ئـەو گەنجانەمان وەئـاگا بهێنینـەوە کـە بەبـێ ئاگایانـە کەوتوونەتـە دوای هەندێـک خەیـاڵ و هەسـت و بیـر و لـە راسـتی دوورخراونەتـەوە.

ئەرمەنـەکان بـۆ ئـەوەی نوێنەرایەتـی کـورد بکەن، سـەرەتا بە سـەرۆکایەتی نورادۆنگیـان کۆمەڵەیەکـی زانسـتییان پێکهێنـا و پارەیەکـی خەیاڵییـان کۆکـردەوە، ویسـتیان بیـروڕای پـووچ لەنێـو گەنجانـی کـورد بڵاوبکەنـەوە و بەم شـێوەیەش کۆتایی بە باڵادەسـتیی ئیسـلام لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بهێنـن. خسـتنەڕووی جەوهـەری ئـەو پڕوپاگەنـدە جوداخوازییـە بەسـە بـۆ نیشـاندانی ئـەو ئامانجـەی هەیانـە. هـەر بـە تەنیـا نورادۆنگیـان بـە کۆمەکی شـەش هـەزار لیـرەوە چووەتـە نێـو کۆمەڵەکـە. بـا ئەمـەش بخەینـەڕوو کـە ئەگـەر مێـژوو و پەیوەندیـی نـەژادی لەبەرچـاو بگریـن، لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات کـورد و تـورک لەیەکتـری جیانابنـەوە. کـورد و تورک کـە لەڕووی ئابـووری، ئایینـی و کولتوورییـەوە ریشـەیان چووەتـە نێو یەکـدی، بەهۆکاری کۆمەڵایەتیـش لـە تێکەڵبوونـی خوێـن و ژن و ژنخوازییـەوە کوردێـک خاڵـی تورکێکـە، کـوڕی پووریەتـی، یـان زاوایەتـی. شـکاندنی ئـەو پەیوەسـتییە خێزانیانـە دەسـتدرێژی بـۆ سـەر پیرۆزییـەکان نییـە؟ کوردێـک چـۆن بەهـۆی تورکبوونـەوە کوڕەپـوور، خـاڵ و زاوا و نەوەکانـی خـۆی رەتدەکاتـەوە؟ [99] ئەوانـەی ئـەو دابەشـکارییەیان مەبەسـتە، خەریکـن یـاری بـە ژیانـی گەلـەوە دەکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات تـورک بەبـێ کـورد و کـورد بەبـێ تـورک ناژیـن. لـەو خاکـەدا کـە لـە باشـووری مووسـڵەوە دەسـتپێدەکات تاوەکـو رووهـا (ئۆرفـا) و حەلـەب، لـە دەریـای خـەزەرەوە دەسـتپێدەکات تاوەکـو ئاسـیای بچـووک، تورکـەکان زۆرینـەن. کۆمەڵـە

99 - کەمالیسـتەکان کـە زۆر هەسـتیار بـوون بەرانبـەر پەیوەسـتیی خێزانـی، لـە لـۆزان، لـە سـایەی هاوئاهەنگیـی ئینگلیـز و فەرەنسـییەکاندا دێهاتەکانـی کوردسـتانیان کـردە دووبـەش، بەمـەش ئەندامانـی هەمـان خێـزان بەشـێکیان کەوتنە نێـو خاکـی دەوڵەتـی تورکیا و بەشـێکیان کەوتنـە سـووریاوە. ویسـتیان کـورد لـە کوردبوونی خۆیـان بێبـەش بـن و بیانکەنـە تـورک. بـۆ ئەمـەش هەمـوو رێگەیەکیـان گرتەبـەر.

کوردییەکانیـش لەنێـوان ئـەو دوو هێڵـەدا بەشـێوەیەکی تێکـەڵ لەگـەڵ تـورک دەژیـن. [100]

ئەگـەر ئـەو دۆخـە سرووشـتییە لەبەرچـاو بگیرێـت، وەک چـۆن لە رابـردوودا وابـووە، لـە داهاتووشـدا مومکیـن نییـە ئـەوە قەبـووڵ بکرێـت. کـورد و تـورک خاوەنـی هەمـان مێـژوون، هەمـان بەرژەوەنـدی و هەمـان ژیـان. جیاکردنـەوەی کـورد و تـورک لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات کـە بـە ریشـەی هێنـدە قـووڵ و پتـەو پێکـەوە بەسـتراون، مەحکومکردنـی هەرکامیانـە بـە مـەرگ. [101]

وەک چـۆن رووسـەکان بـۆ ئـەوەی هیـچ دەرفەتێـک لەبـەردەم یەکبوونـی تورکـەکان نەهێڵنـەوە تورکە سـیماڤییەکانیان بە ناوە تاتارەکـەی خۆیانەوە دەهێنـا و هەوڵیـان دەدا ئـەو بڕوایـە بسـەپێنن کـە هیـچ پەیوەندییەکیان بە تورکەکانـی باشـوورەوە نییـە، ئەرمـەن و دۆستەکانیشـیان بـۆ ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات بـە پڕوپاگەنـدەی کوردچێتـی و تورکچێتـی دەیانـەوێ هەمـان سیاسـەت پەیـڕەو بکـەن. [102]

شــتێکی سرووشــتییە کــە بەشــێک لــە گەنجەکانمــان بــە تەڵــەی ئــەو فیتنەیـەوە بووبـن، بەڵام ئەوانەی راسـتی دەبینن، لەسـەریانە بیریان رۆشـن بکەنـەوە و هەوڵـی رزگارکردنیـان بـدەن، تێیانبگەیێنـن کـە ئـەو رۆژەی لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات یەکپارچەیـی و یەکانگیریـی ئیسـلامی کۆتایی دێت، ئـەو ناوچەیـە دەبێتـە ناوچەیەکـی نامـۆ.

سـەرچاوەی ئـەو پروپاگەندانـە هەمەجـۆرن. یەکێکیـان لـە ئەوروپـاوە دێـت. چونکە پایەداری و باڵادەسـتیی هەندێک وڵاتی ئەوروپایی لە هەژموونیانەوە

---

100 - ئێسـتاش هەوڵـدەدەن حاشـا لـە بوونـی جوگرافیایـەک بکـەن بەنـاوی کوردسـتان. کەواتـە چ پێویسـت بـە پڕوپاگەنـدەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمـەن" دەکات؟

101 - بووڵـگار، یۆنانـی و رۆمـەکان لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیادەبنـەوە و تورکچێتـی بـە مـەرگ مەحکـووم نابێـت. عەرەبـەکان لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیادەبنـەوە، نـە تـورک و نـە عـەرەب بـە مـەرگ لەنێوناچـن. ئەرمـەن رادەگوازرێـن، دەردەکرێـن، تـورک بـە مـەرگ مەحکـووم نابـن، بـەڵام ئەگـەر کـورد لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیاببنـەوە، تـورک دەمـرن.

102 - کەمالیسـتەکانیش کـە کوردسـتان پارچـە پارچـە دەکـەن و سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە بەسـەر نەتـەوەی کـورددا جێبەجـێ دەکـەن، هەمـان سیاسـەتیان هەیـە. دەڵێـن ئـەوەی لـە باکـووری عێـراق روودەدات هیـچ پەیوەنـدی بـە تورکیـاوە نییـە و ئـەو کوردانـەی لـە تورکیـان تورکـن و ئەوانـەی لـە عێراقـن عەرەبـن.

بەسـەر وڵاتانـی ئیسـلام دا سـەرچاوە دەگرێت. دامەزراندنـی حکومەتێکـی بەهێـزی ئیسـلامی پێگـەی داگیرکارانـەی ئـەوان دەلەرزێنێـت. بەتایبـەت بـۆ ئـەوەی ئـەو رابوونـەی تـازە بـە تـازە لـە ئاسـیا سـەریهەڵداوە هـەر لـە بێشـکەکەیدا بخنکێنـن، پێویسـتە هیـچ حکومەتێکـی بەهێـزی ئیسـلامی نەبێـت. ئەوەتـا بـە پشتبەسـتن بـەو بنەمایـە، ئـەو دەوڵەتانـە بـۆ ئـەوەی جیاکاری لەنێـوان موسـڵماناندا بکـەن، ئەمـە دەکەنـە بنەمـای سیاسـەتیان لـە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات.

سـەرچاوەیەکی دیکـەی ئـەو پروپاگەندانـە ئەرمەنەکانـن: چونکـە ئەگـەر لە ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات یەکێتـی کـورد و تـورک پێکبێـت، ئەرمینیا دروسـت نابێـت. رۆشـنبیرانی ئەرمـەن کـە ئەمـە بـاش دەزانـن و دەبینـن، بـۆ ئـەوەی کەلێـن بخەنـە نێـوان تـورک و کـورد، هەموو جـۆرە هەوڵێک دەدەن. پرسـی زەویـوزار و شـکایەتکردن لـە کـورد هـەر بـۆ ئەمـە بـووە. ئـەوەی ئەمـڕۆش بـە نـاوی کوردچێتـی و تورکچێتـی هاتووەتـە ئـاراوە ئەرمەنـەکان کاریگـەریـی زۆریـان هەبـووە لەسـەر هاتنەئـارای. لـەو پێناوەشـدا خەرجیـی زۆریـان کـردووە.

سـەرچاوەی سـێیەمیان چەنـد کەسـێتییەکن. لـە ناوچەکەمان دا کەسـانێک هـەن کـە لەسـەر پشـتی کـورد و تورک دەژیـن و درێژە بە پێگە و دەسـەڵاتی خۆیـان دەدەن. ئـەو مەراییکەرانـە لاوازیـی دەوڵـەت بـە هـەل دەزانـن و هاوتـای بێگانـەکان ئـەو ئاڵۆزییانـە دروسـت دەکـەن و لـە دەرئەنجامیشـدا خەڵـک فریـو دەدەن. ئەوەتـا یەکێـک لەوانـەی فیتنـەی کوردچێتـی و تورکچێتـی دروسـت دەکـەن، ئـەو جـۆرە کەسـانەن. کەسـانێک کـە ئـەو بیرۆکەیـان لـە ئەوروپـا وەرگرتـووە و بـۆ تاکـە جارێکیـش نەیانویسـتووە چاویـان بـە ویلایەتەکانمـان بکەوێـت، بەهیچ شـێوەیەک کـوردی نازانـن و لە ئیسـتەنبووڵ لـە شـوێنی کەیـف و ئێگلەنجـە درێـژە بـە ژیانیـان دەدەن، بەم حاڵەیانـەوە چـۆن دەکـرێ قیمـەت بدرێتـە ئەو فیتنەیـەی بڵاوی دەکەنەوە؟

***

## دەرئەنجامی 'فەرامۆشکردنی ئەنادۆڵ لەلایەن ئیستەنبووڵەوە' دەخرێتە سەر تورکەکان و رق لەنێوان کورد و تورک دا بڵاودەکرێتەوە

حکومەتی عوسمانی لە ناوچەکانی بیزانس پێکهات و بۆ یەکەم جار دامەزرێنەرانی دەوڵەت لە ناوچەی بیزانس هێزیان پەیدا کرد و باڵادەست بوون، سەرباری ئەوەی فیداکارەکان تورک بوون، ئەوانەش کە تورک نەبوون ئەگەر ئارەزوویان کردبێت پێگە و پایەی باشیان پێدراوە. لە سەردەمی فاتیحدا ئەوکاتەی بەتەواوی ناوچەی رومەلی لە ئیستەنبووڵ رزگارکرا، لەوکاتەدا گرنگیی هێزی ئەوانەی تورک نەبوون دەرکەوت. پێکهاتەی تورک کە بنەمای دەوڵەت بوو، بەتەواوی فەرامۆش کرا. سیاسەتی دەوڵەت لە رومەلی مۆنۆپۆڵ کرا. تەنیا بەخشین و دابەشکردن بووە بەشی ئەنادۆڵ. تەڵەکەبازیی کۆشک، ئابڕووبەریی نێو یەنیچەری و گەندەڵیی هەمەجۆر هەمیشە لەلایەن ئەو کەسانەوە روویدەدا کە تورک نەبوون. ئەو دۆخە کە سێ سەتەی خایاند، تورکی نوقمی ئەوپەڕی نابووتی کرد. لەو سەتەیەی دواییشدا مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەنادۆڵ نەکرا. رێگەکان لە روومەلی، خوێندنگەکان هەر لەوێ، بەگشتی هەر شتێک هۆکاری پێشکەوتنە لەوێبوون. ئەنادۆڵ کە ناونراوە دڵی دەوڵەت، فەرامۆش دەکرێت و لەمەشدا هەرە زۆر تورکەکان زیانیان بەردەکەوێت.

چەند قسەیەکیش سەبارەت ئەو مێژووەوە دەریدەخەن کە هۆکاری ئەو سیاسەتەی ئەنادۆڵی فەرامۆش دەکرد، ناتورکەکان بوون. بۆیە ئەوەی بەناوی سیاسەتی ئیستەنبووڵ یادی دەهێنینەوە و ئۆباڵەکەی دەخرێتە ملی تورک، بوختانێکی بەئازارە. بێگومان نابێ بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە ناسرووشتیەی هاتووەتە ئاراوە بخرێتە ملی تورک. لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا چۆن دەکرێ دووژمنایەتی ئەرمەن و چەند کەسێتییەک بەرانبەر بە تورک بەڕەوا ببینرێت؟ هەمیشە بێگانەکان بوونەتە هۆکاری

ئەو نابووتییەی ئەمڕۆ ناوچەکەی ئێمەی تێدایە. تورکیش هاوشێوەی کورد دابڕکراوە و وێران بووە. تورکیش هاوشێوەی کورد بێ ڕێگەوبان، بێ خوێندنگە و رووناکی کراوە.

دووژمنەکانمان هەمیشە ئامانجیان ئەوەبووە هۆکارەکانی ئەم نابووتییە بخەنە پاڵ تورک و سیاسەتی ئیستەنبووڵ وەک سیاسەتی تورک نیشانبدەن، لەبەرانبەردا ئەو یەکێتییە ئیسلامییەی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات ماوە، تێکبدەن و بە ئاسانی مرخ لەم ناوچەیە خۆشبکەن.[103] لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا ڕۆڵەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات دوای ئەو بێگانانە کەوتوون کە لێرە و لەوێوە هاتوون، بۆیە هیچ پێویستییەکی ئێمە بەجێنەهاتووە و بەبێ ویستی خۆیان پێگەمان پێداون. ئەمڕۆ بەکردنەوەی چاومان و تیمارکردنی برینەکانی خۆمان بەدەستی خۆمان، ئەگەر گوێ بە قسەی وەک کوردچێتی و تورکچێتی نەدەین کە لە دەرەوەڕا بۆمان دێن، دەتوانین وڵاتەکەمان ڕزگار بکەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ دەستڕاگەیشتن بەو بنەمایانەی لە داهاتوودا دەستەبەری بەختەوەریمان دەکەن. تورکەکان زیاتر لە هەمووان گازەندەیان لەدەست ئەو سیاسەتە هەیە کە ئەنادۆڵ فەرامۆش دەکات و دەیخاتە پێگە و هەلومەرجێکی دژوارەوە. ئەگەر بەبێ گوێدانە قسەی ئەو بێگانانەی جیاکاریمان لەنێواندا دەکەن یەکێتی نێوانمان بپارێزین، بۆهەمیشە لەژێر بەندی ئەوە دەردەچین کە ئامرازی داگیرکاری و بەرژەوەندیی ئەم و ئەو بین.

103 - دەگوترا ئەوە تورک نەبوون ڕۆژهەڵاتیان (مەبەست لێی ئەرمینیا و کوردستانە) بە دواکەوتوویی هێشتەوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بوون. ئەو دەسەڵاتدارانەش هەمیشە لە پێکهاتەکانی دیکە بوون و تورک نەبوون. ئەوە لەکاتێکدا کازم قەرەبەکر دەیگوت تەنیا ئێمەی تورک دەتوانین کورد بەڕێوەببەین، چونکە ئەزموونێکی فراوان و قووڵی بەڕێوەبردنی دەوڵەتمان هەیە.

## ڕێگەنەدان بەوەی لەژێر پەردەی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی دا، گەنجانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات لەخشتە ببەن

ڕووسـەکان بـۆ ئـەوەی کریمیـا بەگـژ ئێمـەدا بکـەن، سـەربەخۆییان دایـە خانەکانـی کریمیـا، دواتـر هـەر کـە حکومەتـی ئێمـە سـەربەخۆیی ئەوێـی قەبـووڵ کـرد، کریمیای داگیرکرد و حکومەتەکەی هەڵوەشـاندەوە. جەزائیر و تونسـیش هەمـان چارەنووسـیان هەبوو. کـە بەریتانی و فەرەنسـاییەکان نەیانتوانـی میسـر پارچـە پارچـە بکـەن، هاوکاریـی والـی میسـریان کـرد بـۆ ئـەوەی سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیێنێـت، سـەرئەنجام بەهـۆی کاریگەریـی سیاسـییەوە، فەرەنسـییەکان لـە میسـر دەسـتبەرداری مافـی خۆیـان بوون و ڕادەسـتی ئینگلیزەکانیـان کـرد.

ڕووسـەکان لـە بوخارا سـەرکەوتوو بوون لـەوەی خانەکانی خیـوە بەهەمان بنەمـا بخەنـە ژێـر دەسـتی خۆیـان. بۆیـە بڕواکـردن بـەوەی حکومەتێکـی کـوردی دادەمەزرێـت و ڕێگـە بدرێـت ئـەو حکومەتـە لەسـەرپێ بوەسـتێ، ئـەوە یـان گەمژەییـە یاخـود لـە نیازێکـی خراپەوەیـە.

ئـەوەی وادەکات ئـەو حکومەتـە لەسـەر پێـی بوەسـتێ، ئـەم بنەمایـە سـەرەکییانەن: پـەروەردە، سیاسـەت، بیرۆکراسـی، کارگێـڕی، دادگـە، ئابـووری، پێکهاتـەی زانسـتی و دامەزراوەکانـی، هونـەر، پیشەسـازی و زمانێکـی دەوڵەمەنـدی وا کـە پـەروەردەی پـێ بکرێـت. سـوپایەک کـە ئامـرازی تەکنیکـی بەهێـزی هەبێـت. پۆلیسـی وابەسـتە بـە یاسـاوە. داراییەکـی بـاش، بـەڵام ئەگـەر کـورد و تـورک لێـک جیاببنـەوە هیـچ کام لەمانـە بـەدی نایێـن[104].

بەبـێ ئەمانـە هیـچ حکومەتێـک تەمـەن درێـژ نابێـت. دەسـتبەجێ دەبێتـە نێچیـری دژبەرەکـەی. کـورد کـە ئێسـتا شـێواوە، بـێ دەربـاز، بـێ عیرفـان، بێ

---

104 - دوای ئـەوەی کازم قەرەبەکـر ئـەم جـۆرە قسـانە ڕیـز دەکات، دەڵێـن "کـوردە بێچـارەکان"، ئەمانـە هیـچ شـتێکیان نییـە، ناتوانـن خۆیـان بەڕێوەبـەرن، ئـەوان بێتوانـان و ئێمـە بەڕێوەیـان دەبەیـن. هەرچـی ئێسـتایە ئەگـەر باسـی جیابوونـەوەی کـورد و تـورک بێتـە ئـاراوە، دەڵێـن ڕێگـە نادەیـن و نابێـت.

هونـەر و زمـان چـۆن دەتوانـێ بەتەنیا پارێـزگاری لـە مانـەوەی خـۆی بـکات؟ حکومەتێکــی بەوشــێوەیە کــە لەبەرانبــەر کۆمیتــە و کڵێســای تۆکمــەی ئەرمــەن و رێکخــراو و پڕوپاگەنــدەی لێزانانــەی ئەوروپــادا وەک گیانێکــی ناتـەواو، کەفتـەکار و شـێواو چـۆن دەتوانێـت درێـژە بـە مانـەوەی خـۆی بـدات؟

ئـەو پڕوپاگەندانـە بـۆ ئـەوە دەکرێن تاوەکـو ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات بکرێنە کریمیـای دووەم بـە خەڵەتانـدن و حەبـی ژەهـراوی. داهاتـووی ویلایەتەکانی رۆژهــەڵات لــە مانــەوەی ئیســلام و پێکەوەمانــەوەی تــورک و کورددایــە. هـەر کاتێـک ئـەو پێکەوەییـە تێکچـوو، ئـەوە ئیـدی وادەی مردنمـان هاتووە. لەبەرئـەوە بەرپەرچدانـەوەی هــەر جــۆرە هەوڵێــک بــۆ تێکدانــی یەکێتیــی ئیســلامەتیمان و یەکتەنیمــان بنەمایــە بــۆ داهاتوومــان. لەکاتێکــدا ئــەو هەمــوو نموونــە خوێناوییانەمــان لەبەرچــاون، ئەگــەر هــەروا بــەدوای خەیاڵپڵاویـدا رابکەیـن، ئـەوەی دووچارمـان دەبێـت هـەر تەنیـا شکسـتێکی سـەختە. [105]

## بەهۆکاری جیاجیا کورد و تورکیان بەگژ یەکدیدا کرد بۆ ئەوەی کات و مەیدان بۆ کەمینەی ئەرمەن لەبار بکەن تاوەکو باڵادەستیی خۆیان بسەپێنن

تـورک و کـورد کە لـە ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات بەڕێگەی ژنخـوازی، ئابووری و ئایینـەوە تێکـەڵ بوونـە، ئەگـەر کەلێـن بکەوێتە نێوانیـان گەورەتریـن ئاڵۆزی و کەرتبـوون دێتەئـاراوە. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هەمـوو هێـزی

105 - لێرەدا بە کورتییەکەی دەڵێ: "هەرگیز متمانە بە کورد و دەوڵەتی کوردی مەکەن، ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروستببێ ئێوە وەک ژەمی راو بەکاردەهێنن، دەبەزن و قووت دەدرێن. لەگەڵ ئێمە یەکبگرن پارێزراو دەبن". ئێستاش بە کردەیی کوردستان بەلایەنی کەمەوە لەلایەن چوار دەوڵەتەوە قووتدراوە. پێویستە خوێنەران ئەم راپۆرتە کە لەلایەن لقی ئەرزڕوومی کۆمەڵەی پاراستنی مافە میللییەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە ئامادەکراوە، لەگەڵ دۆخی راستەقینەی ئێستای کورد بەراورد بکەن. ئەمە دەریدەخات کە کەمالیستەکان وەک ژەمی راو کوردیان بەکارهێناوە، بەتەواوی روون دەبێتەوە کە بۆئەوەی بیانخەڵەتێنن، چ جۆرە سیاسەتێکیان پەیڕەوکردووە.

گـەل وێـران ببێـت. بـەم شـێوەیە ئەرمەنـەکان هێـزی خۆیـان دەسـەپێنن. ئیسـلام پارچـە پارچـە دەکـەن و وێرانی دەکـەن. دەبنە خاوەنی ئـەو دەرفەت و توانایيـە. ئەرمەنـەکان بـە هـەزار و یەک تەڵـە و غایەلـەوە دەجووڵێنەوە و دەیانـەوێ ئـەو ئامانجەیـان بەدیبێنـن. هاندانـی دابەشـکاری و دەسـتدرێژیی ئەرمـەن کـە لەسـەرەوە باسـمانکردن هەموویـان لەپێناو ئـەوەن رۆڵەکانی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات بـە گـژ یەکدیـدا بکـەن و داگیرمـان بکـەن و هەمـوو ئـەو هێزانـەش کـە دەبنە بەربەسـت لەبـەردەم تووڕەیـی و زوڵمی ئـەوان، لەنێوبـەرن. پێویسـتە ئێمـە ئەمـە بـە شـیاو نەزانیـن و لێـی بەئـاگا بیـن. ئەگـەر نامانـەوێ بەدەسـتی خۆمـان ژیـان و ئاییـن و ناموسـی خۆمـان بدۆڕێنیـن دەبـێ هاوئاهەنـگ و رێـک بیـن لەسـەر رەتکردنـەوەی ئـەو پیلانـە. ئەگـەر قسـەکانمان کورتبکەینەوە، دەگەینە ئـەو دەرئەنجامە کە لەبەردەم دووژمنێکـی شـارەزا و کارامەدایـن، دەیانـەوێ ئیسـلام پارچـە پارچـە بکـەن و لـە منارەکانـەوە لەجیاتـی دەنگـی بانـگ، گوێمـان لـە زەنگـی کڵێسـا بێـت. هـەم لەبەرئـەوەی رای گشـتیی جیهـان رێگـە نـادات، هـەم لەبـەر لاوازیـی ئـەو هێـزەی (کـورد) کـە بـە ئێمـەوە پەیوەسـتن، بۆیـە سیاسـەتی "لێدانـی تـورک بـە کـورد" لـە دژی ئێمـە پەیـڕەو دەکـەن. بۆئـەوەی بگەنـە ئـەو ئامانجـە، سیاسـەتی (پەرتەوازەکـردن) پەیـڕەو دەکـەن، کە هەر لـە زووەوە ئەوروپـا لـە رۆژهـەڵات پەیـڕەوی کـردووە. کاتێـک ئەمـە بەدیهـات، ئیـدی موسـڵمانێتی خامـۆش دەبێـت و ویلایەتەکانـی رۆژهەڵات دەبنە گۆڕسـتانی ئیسـلام. بـۆ ئـەوەی لەکاتـی خـۆی دا بـەو ژەهـرە کوشـندەیە نەزانیـن کـە دووژمنەکانمـان دەیانـەوێ بیکەنـە نێـو دەمارەکانمانەوە، هەندێـک رووداو کـە خۆشـمان حەزیـان پێناکەین، گەورە دەکـەن [106] و دنەی هەسـتەکانمان دەدەن بـۆ ئـەوەی برایەتـی خاکەڕایانەمـان وەربچەرخێننـە سـەر کینـە و دڵڕەشـی. هـەر کـە جارێـک چاوەکانمـان بـە کینـە و سـۆز داپۆشـران، ئیـدی کوشـتنی رۆڵـە و کوشـتنی براکانیشـمان کاریگـەری ناکاتـە سـەر ویژدانمان.

---

106 - مەبەسـت لـەو رووداوانـە راگواسـتنی کـورد و ئەرمـەن، کۆمەڵکوژیـی ئەرمـەن و کـورد و پاکتـاوی نەژادیی ئەرمەنەکانە.

ئـەو رۆژەی ئەمـە مەیسـەر دەبێـت، ویلایەتەکانی رۆژهـەڵات دەبنە کێڵگەی ئەرمـەن.

لـە سـاتێکی مێژوویـی وەهادایـن کـە پێویسـتە چاوەکانمـان بکەینـەوە و بـە وردی چاودێریـی پێشـهات و رووداوەکان بکەیـن. ئێمـە لەبـەردەم نواندنـی ئەرکـی خۆمانداییـن بـۆ ئـەوەی بـە دەرگیربوونمـان بـە هەسـتەکانمان سـەرکەوتن نەبەخیشـنە دووژمنمـان. ئێمە لەبـەردەم دوایین دەرفەتداین. ئەگـەر ئەمـە لەدەسـت بدەیـن دەکەوینـە نێـو زیللەتـەوە و قورئـان بەدەسـتی خۆمـان دەنێژیـن.

شکسـتهێنان بـەو تەڵزگـە و کارەسـاتانەی بۆمـان دەچنـن، تەنیـا بـە سـەرکەوتنی تاکـە یـەک شـت دەبێـت: ئەویـش پێشـکەوتن و یەکگرتوویـی موسـڵمانانی ویلایەتەکانـی رۆژهەڵاتـە. هەربۆیـە:

1. ئەگـەر ئێمـە یەکبگریـن، ئـەو ئەرمەنانـەی دەگەڕێنـەوە ئێـرە [107]، ناگەنـە ٪3ی ژمـارەی دانیشـتووانیش، بەمـەش سەردەسـتەیی کارگێـڕی و ئابـووری بـۆ ئێمـە دەبێـت.
2. ئـەو سیاسـەتەی ئەرمەنـەکان بـە ئاگـر و ئاسـن و زوڵـم و رقـەوە پەیـڕەوی لێدەکـەن بـۆ لەنێوبردنـی ئیسـلام، لەبـەردەم یەکگرتوویـی ئێمـەدا کاریگـەری نابێـت.
3. ئەوروپـا چەنـدە بەخششـیان بدەنـێ، لەبـەردەم زۆرینەیەکـی یەکگرتـوودا سـەپاندنی باڵادەسـتیی کەمینـەی ئەرمـەن دەبێتـە مەحـاڵ.
4. یەکگرتـوو نەبین، ناسـنامەی ویلایەتەکانـی رۆژهەڵات لە مەملەکەتی ئیسـلامەوە دەچێتە سەر ناسـنامەیەکی دیکە.
5. لەبـەردەم یەکگرتنـی ئێمـەدا هەمـوو دنیـا لـەوە تێدەگـەن کـە بیرکردنـەوەلـەدامەزراندنـیئەرمینیـاشـتێکیسـەمەرەوناائاسـاییە.

---

107 - مەبەسـت لـەو رووداوانـە راگواسـتنی کـورد و ئەرمـەن، کۆمەڵکوژیـی ئەرمـەن و کـورد و پاکتـاوی نەژادیی ئەرمەنەکانە.

6. ئەو بنەمایانە وا لە هەموو ئەو هێزانە دەکەن کە لە تێکدانی یەکێتی نەتەوەییمان بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن، ناچاربن بە ویژدانەوە بیر بکەنەوە و راستی ببینن.

بەم حاڵەوە ئەو بنەما و رێکارانەی کە دەتوانن وڵاتەکەمان رزگار بکەن، لە دوو وشەدا کورت دەکەینەوە: یەککگرتن، دوورکەوتنەوە لە جیابوونەوە.

***

## کارەکانی داهاتوومان

دوای ئەو روونکردنەوەیە

### 1. هەرگیز کۆچنەکردن

کۆچکردن واتە تەرکی وڵات و ماڵ و موڵک. هەر بەو هۆکارە بوو گەلی ئێمە گەیشتنە ڤیەننا، بەڵام هەر کە دەستباڵایی سیاسیمان لەدەستدا، دەستبەجێ نەماین. دەرئەنجامی ئەو فیداکارییە بووە هیچ. دوای 150 ساڵ لە نۆبەتگیری لە هەنگاریا، ناچاری کشانەوەی سەربازی بووین. سربیا، دانووب، بۆسنە - هەرسک، مەسەدۆنیا و بگرە بەشێک لە ناوچەکانی قەفقاسیاش بەوشێوەیە بوون، بەڵام ئەگەر باوک و باپیرانی ئێمە لە وڵاتی خۆیان بمابانەوە و یەکێتییەکی نەتەوەییان پێکهێنابا، چونکە بڕیاربوو بۆ مرۆڤایەتی و هەق هەنگاو هەڵبێنن، ئیسلام لەو کیشوەرە خامۆش نەدەبوو، ئێمەش نەدەکەوتینە دۆخێکی بەوشێوەیەوە. [108]

108 - لە راپۆرتەکەدا ئەو ناوچانە دەژمێردرێن کە ئیمپراتۆریی عوسمانی بە تێپەڕبوونی کات لەدەستیداون. روونە کە زۆر نیگەرانی ئەو لەدەستدانەن... دەڵێن: ئەگەر باپیرانمان لە هەنگاریا و سڕبیاوە کۆچیان بەرەو ئێرە نەکردبایە و لەو شوێنانە مابانەوە و یەککگرتوویی ئیسلامیان پتەو کردبایە، نەدەکەوتینە نێو ئەم دۆخەوە.

لەبەر ئەو هۆکارە، رۆژئاواییەکان ئێمەیان وەک سوپایەک دەبینی کە هیچ پەیوەندییەکی بەو خاکەی ئەوێوە نییە و بەوجۆرەش بووینە نێچیرێکی ئاسان، لە ئەنجامیشدا ئەو کۆمەڵکوژی و زوڵمەیان بۆ ئێمەیان بە رەوا بینی. لەو ناوچانەی لەدەستمانداون، بە کوشتنی یەک دوو کەس بە دەستی چەند چەتەیەک و نیشاندانی رووی گوشار و زۆر، سەرەتا ئەو ناموسڵمانانەی کە هەمیشە کەمینە بوون، ئێمەیان ناچارکرد کۆچ بکەین و توانییان ببنە زۆرینە.

وەک دەزانرێت، کۆچ کارەساتی بەدواوەیە. لەکاتێکدا کە موسڵمانەکان زۆرینە بوون، لە کاتێکدا نەدەکرا کریستیانەکان باڵادەست ببن و موسڵمانەکان بکوژن، سوودیان لە لاوازترین خاڵی ئێمە بینی و وایان لە رووناکبیر و دەوڵەمەندەکانی ئێمە کرد کۆچ بکەن. بەم شێوەیە ئەو خەڵکەی بێ سەر و بێ رێکخستن مانەوە لەنێوبران. کارەساتەکەی کریت یەکێکە لە نموونە خوێناوییەکان. پەنجا ساڵ پێشتر لە کریت موسڵمانان زۆرینە بوون. بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئەمڕۆ لە موسڵمان چۆڵ بووە. ئەوە لە کاتێکدا بەهۆی ئەوەی موسڵمانانی بۆسنە و میسر کۆچیان نەکرد، ئیسلام هێشتا لەو شوێنانەدا هەیە. بۆیە لەهەر دۆخێکدا بووە کۆچنەکردن و بەجێنەهێشتنی موڵک و ماڵ ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی و ئایینییە. هەرکاتێک توانیمان کۆچ نەکەین و هاوفکریمان نەشێواند و لەسەر کاروباری خۆمان ماینەوە، هەموو ئەوانە موڵکی ئێمەن. کۆنفرانسەکە هەر بڕیارێک دەدات با بیدات، بەهای ئەو بڕیارانە لە نووسینی سەر بەفر زیاتر نییە. پێویستە ئەوەش لەبیر نەکرێت کە لەبەرانبەر زۆرینەی رێکخراودا، چەتەگەری، کۆمەڵکوژی و لەنێوبردن هەروا بە ئاسانی ناکرێن. مافی گەل وا بە ئاسانی ناخرێتە ژێرپێ.[109]

---

109 - لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر دۆخی ئەرمەنەکان لە ساڵی 1915 بکەین. ئەرمەنەکان لە ماوەی کۆمەڵکوژی و راگوێزاندا وار و ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێهێشت و رۆیشتن. ئەو ماڵ و موڵکە کەوتە دەستی تورک و کوردانی ناوچەکە.

## 2. ڕێکخستنی دەستبەجێی زانستی، ئابووری و ئایینی

ئـەو گەلانـەی پەیوەندیـی نێوخۆییـان لەنێـودا نییـە، ئەوانـەی کـە بیـر و هیواکانیـان یەکنەخـراون، زۆر بەزوویـی پەرتـەوازە دەبـن و دەکـرێ بـە مێگـەل بچوێنرێـن. تاکـە یـەک گـورگ دەتوانـێ مێگەلێـک لەنێـو ببـات. بـۆ ئـەوەی گەلەکەمـان لـەوە بپارێزیـن کـە هێنـدە بـە ئاسـانی لەنێوبچێـت، بـۆ ئـەوەی پاڵپشـتی و کۆڵەگـەی ئـەوەی پێبدەیـن بەرگـەی هەمـوو جـۆرە زەبرێـک بگرێـت، پێویسـتیمان بـە ڕێکخسـتنی مۆدێرنـی ئایینـی، کۆمەڵایەتی، زانسـتی و ئابوورییـە.

ئەوانـەی نموونـەی نێو گەلن، پێویسـتە بخرێنە بەر بەرپرسـیارێتی خوێندنگە، مزگـەوت، ناوەنـدە بازرگانییـەکان و ڕۆژنامـەکان، بـۆ ئـەوەی هیواکانـی یەکبـوون و کار بەهێـز بکـەن و ئـەو هێـزەش کـە لـەم هەوڵـەوە بـەدی دێـت، بـۆ کردنـەوەی ڕێگـەی ڕزگاریـی گـەل بەکارببرێـت. [110]

ئەمـە تاکـە بنەمایـە بـۆ پێگەیاندنـی گـەل، دەسـتەبەرکردنی ژیـان و درێژەپێدانـی. ئەمـەش وەک ئاماژەمـان بـۆ کـرد تەنیـا بـەوە دەکرێـت کـە سـەرجەم هێـزە نەتەوەییـەکان لـە دەوری تاکـە یـەک ئامانـج کۆبکرێنـەوە و ئاراسـتە بکرێـن. پەنـا بەخـوا کارە هاوئاهەنگییەکەمـان ناچنـە دەرەوەی هاوئاهەنگی و یەکانگیریی عوسـمانییەوە. بۆ ئەمەش پێویسـتی زۆرمان بە ڕێکخسـتنی زانسـتی، ئابـووری و نەتەوەییـە. بەوەی چاوەڕێی هەموو شـتێک بیـن لـە حکومـەت، ئـازار و هـەژاری بەدواوەیـە. ئـەو گەلانـەی دەیانـەوێ بژیـن، بەخۆیـان پێداویسـتییەکانیان دابیـن دەکـەن. بـۆ ئـەوەی مافـی ژیان و داهاتوومـان لـە گەندەڵـی و نابووتـی بپارێزیـن، گەلەکەمـان بە پێشـکەوتنی زانسـتی و ئابـووری بگەیێنیـن، دەبـێ ڕاسـتەوخۆ ئەرکـی ئـەوە هەڵگریـن کە شارسـتانییەک بهێنینـە ئـاراوە.

---

110 - لـە داهاتـوودا ئامـاژە بـە جیاوازیـی نێـوان میللـەت و نەتـەوە دەدەیـن. چەمکـی میللـەت هەڵگـری نێوەڕۆکێکـی ئیسلامیانەشـە.

## 3. بۆ پاراستنی هەر بەشێک لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات لە هەر هێرشێک، پێویستمان بە یەکگرتووییە

پێمانوایە ئەم بنەمایە پێویستی بە روونکردنەوە نییە.
ئـەم بنەمایانـە دەخەینە بەر سـەرنجی ئەندامانی کۆنگرەکەمـان و دەخوازین جێـی بایەخیـان بێـت و دووپاتـی دەکەینـەوە ئـەو نەتەوانـەی رێکخسـتنی ئایینـی، زانسـتی و ئابووریـیـان نییـە، ژیـان و داهاتوویـان نابێـت و بەمـەش کۆتایـی بـە قسـەکانمان دەهێنیـن".
ئـەم راپۆرتـە کـە لـە هەشـتی حوزەیرانـی 1919 دا ئامادەکـراوە، لەلایـەن خانـەی چاپـی تورکـەوە لـە ئـەرزڕووم چاپکـراوە و لـە 17ی حوزەیرانـی 1919دا لەلایـەن کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە میللییەکانـی ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات- لقـی ئـەرزڕووم قەبـووڵ کـراوە. ئەگـەر سـەرنج بدرێـت، لـەو نووسـینانەی کازم قەرەبەکـر لـە چەنـد شـوێنێکی جیـاواز نووسـیونی، یاخـود لـەو گوتارانـەی داونـی، پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی دەکـرد کـە "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیا"، بـەڵام لێرەدا خۆیـان لـە وشـەی کوردسـتان دەدزنـەوە و "ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات" بەکاردێنـن. دەڵێـت ئـەو رێکخراوانـەی کـورد دروسـتیانکردوون (بـۆ نموونـە کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان) ناتوانـن کـورد رزگار بکـەن و ویلایەتەکانـی رۆژهـەڵات رادەسـتی ئەرمـەن دەکـەن. بۆیـە پێویسـتە تـورک و کـورد لەنێـو یـەک رێکخـراوی ئیسـلامی (میللـی)دا یەکبگـرن و پێویسـتە ئـەو یەکگرتنـەش بـە پێودانگـی یەکسـانی بێـت.
کەمالیسـتەکان کـە بەوپـەڕی وردییـەوە حیسـابی سیاسـەت و جوڵانـەوەی دژی ئەرمەنەکانیـان کردبـوو، پەیوەنـدی توونددوتۆڵیـان لەگـەڵ ئینگلیزەکان هەبـوو. ئەرمەنەکانیـش لەبەرئـەوەی بـە پەیوەنـدی ئینگلیـزەکان و تورکەکانیـان دەزانـی، بۆیـە زۆرجـار بـە پۆشـاکی ئینگلیزییـەوە هەوڵـی درێـژەدان بـە پەیوەندییەکەیـان دەدا. [111]

111 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 67

بەگوێـرەی کازم قەرەبەکـر بـۆ ئـەوەی ئەرمەنـەکان کاریگـەری لەسـەر تورکـەکان دابنێـن، بـەردەوام ئـەو ڕێگەیەیـان بەکاردەهێنـا. [112]
هەنـدێ بەسـەرهات لەنێـوان ڕەشـید پاشـا، والـی ئـەرزڕووم و (ڕاوێڵنسـن) و کازم قەرەبەکـردا لەوبارەیـەوە جێـی سـەرنجن. دوای ئـەوەی ئینگلیـز و دەوڵەتانـی دیکـەی هاوپەیمـان لـە 15ی ئـاداری 1920 بەتـەواوی ئیسـتەنبووڵ داگیـر دەکـەن، مسـتەفا کەمـال پاشـا داوا دەکات ئەفسـەری ئینگلیـز لـە ئـەرزڕووم دەستبەسـەر بکرێـت.
لەوکاتـەدا فەیلەقێکـی 15 هـەزار سـەربازی لـە ئـەرزڕووم بـوو، بـەڵام ڕاوڵینسـن تەنیـا 10 سـەربازی ئینگلیـز و وەرگێڕێکـی ڕووسـی لەگـەڵ بوون. لەسـەر خواسـتی مسـتەفا کەمـال پاشـا، کازم قەرەبەکـر لـە 16ی مـارت دا بـۆ فەرماندەیـی هەرێمەکـە وەهـای نووسـیوە:
"... دوای دەستبەسـەرداگرتنی حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ لەلایەن ئینگلیزەوە و دەسـتگیرکردنی چەنـد کەسـانێک، دەشـێ خەڵکـی ئـەرزڕووم تـووڕە ببـن و بجۆشـێن و بـە دژی ڕاوڵینسـن، نوێنـەری ئینگلیـز لێـرە هەڵسـوکەوتێکی نەخـوازراو بنوێنـن. بۆیـە ئەفسـەرێک و چەنـد سـەربازێک بنێرنـە قـەرارگای ئـەو کەسـەی نـاوی هاتووە و سـەلامەتی بپارێـزن و خۆی و ئەو سـەربازانەی لەگەڵیـدان، بەشـێوەیەکی کاتـی چـەک بکـەن و لە شـوێنێکی شـیاو دابنرێن، ئـەوەش بـە ڕاوڵینسـن ڕابگەیێنـن کـە ئـەو کارە لەپێنـاوی پاراسـتنی ژیانـی خـۆی و شـکۆیەتی.
لەسـەر ئـەو پێشـنیازەی مسـتەفا کەمـال، کازم قەرەبەکـر فەرمانـی دەستبەسـەرکردن دەردەکات و ڕێـکار بـۆ پاراسـتنی ژیانـی ئەفسـەرەکەی ئینگلیـز دەگرێتەبـەر. کازم قەرەبەکـر پاشـا پاشـماوەکەی وەهـا بـاس دەکات:
"... مـن ئـەو فەرمانـەم کاتێـک نووسـی کـە لەگـەڵ ئەنقـەرە لەسـەر هێـڵ بـووم. والی ڕەشـید پاشـا کـە بەهـۆی دۆخی ئیسـتەنبووڵەوە زۆر ترسـابوو،

112 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 295-299

هاتـە لام و گـوتـی: تۆبڵێـی ئەگـەر راوڵینسـن لەگـەڵ داگیرکردنـی بنکـەی تەلەگرافـی ئـەرزڕووم، بـەم کارەمـان بزانـێ چـی دەکـەیـن؟.. گـوتـم: منیـش بـەدەم بیرکردنـەوە لەمـە ئـەم فەرمانـە دەردەکـەم. والـی رەشـید پاشـا هـەر کـە خوێندییـەوە حەپەسـا و نـزای بـۆ ئاقیبەتـی خێـر کـرد. هەواڵـی دەسـتبەجێ جێبەجێکردنـی فەرمانەکـە گەیشـت. راوڵینسـن وای بـۆ نووسـیبووم: پاشـام بەهـۆی ئـەو پێشـهاتانەی ئاماژەتـان بـۆ کـردوون، زۆر نیگـەران بـووم. خـۆم و ئەوانـەی لەژێـر فەرمانمـدان ئامـادەی فەرمانـی ئێوەیـن. زۆر سـوپاس بـۆ بایەخدانتـان. بڕیـار و کارتـان لـەم دۆخـەدا زۆر دروسـت و باشـە. منەتبـاری هەڵسـوکەوتی ئێـوەم. تکایـە رێـزی زۆرم قەبـووڵ بکـەن." (113)

دۆخـی کازم قەرەبەکـر پاشـا کـە فەرماندەیـی 15 هـەزار کەسـی دەکـرد و دۆخـی والـی رەشـید پاشـا زۆر جێـی سـەرنجە. لـە راوڵینسـنی ئینگلیـز خۆیـان دەپاراسـت کـە تەنیـا 11 کەسـی بـەدەورەوە بـوون. پێیانوابـوو راوڵینسـن بـە 11 کەسـەوە دەسـت بەسـەر پۆسـتەخانەدا دەگرێـت و گـوێ لـە پەیامەکانیـان دەگرێـت. کەمالیسـتەکان کـە حیسـابی وردیـان بـۆ کـورد و ئەرمەنـەکان کردبـوو، بۆچـی لەبەرانبـەر ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز هێنـدە بێدەسـەڵات بـوون؟ بـۆ ئەو سیاسـەتەی لـە ئەرمینیـا و کوردسـتان بەرانبەر نەتەوەکانـی کـورد و ئەرمـەن پەیڕەویـان دەکـرد، هێز و پشـتیوانییان لە کێ وەردەگـرت؟

## 4. دۆخی بەشی رۆژئاوای ئەنادۆڵ لە دوای ئاگربەستی مۆندرۆس و داگیرکردنی ئیجە لەلایەن یۆنانییەکانەوە

ئـەوە روونـە کـە ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس چەنـدە حوکم و بەندی سـەختی بۆ دەوڵەتـی عوسـمانی لەگـەڵ خۆیـدا هێنان، سـەرباری ئەمـەش رەئوف بەگ

113 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 502

کـە ئاگربەسـتەکەی واژۆ کـرد و هەروەهـا دواتـر لـە کۆنگرەکانـی سـیڤاس و ئەرزڕوومـدا لـە دوای مسـتەفا کەمـال دووەم کەسـی گرنـگ بـوو لـە دەسـتەی نوێنەرانـدا، لای ئـەو بەندەکانـی ئـەو ئاگربەسـتە هێنـدەش جێـی بایـەخ نەبـوون. رەئـوف بـەگ لـە بیرەوەرییەکانیـدا بـەم شـێوەیە لەبـارەی ئاگربەسـتی مۆندرۆس نووسـیویەتی:

"... کاتێک لە بنکەی دەریایی سـەرقاڵی رزگارکردنی یاووز بووم، دەسـتەیەک بـە نـاوی رۆژنامەنووسـان کـە ئەحمـەد ئەمیـن یاڵمانیشـیان لەنێـودا بـوو، هاتـن. کـە لەگـەڵ دەسـتەکە دانیشـتم، سـەرەتا گوتـم: لەبـەر چەنـد هۆکارێکـی گرنـگ نامـەوێ قسـەکانم وەک خـۆی بڵاوببنـەوە، بـە شـیاوی دەزانـم بـە نهێنـی بیانهێڵمەوە و هەرکات پێویسـت بوو سـوودی لێ ببینم، پێموایـە ئـاوا شـیاوترە. ئەگـەر ئێـوەش ئەمەتـان قەبووڵـە دەتوانـم وەڵامی پرسـیارەکانتان بدەمـەوە. قەبووڵیـان کـرد. گەڵاڵەنامەکانمـان کـورت و پوخـت کردنـەوە و رێنماییـم پێـدان، پێمڕاگەیانـدن کـە ئینگلیزەکانیـش رێزیـان لـە نیگەرانییەکانمـان سـەبارەت بـە چەنـد خاڵێـک گرتـووە. هیـوای زۆر لەسـەر ئـەوە هەڵدەچنـم کـە لـە جێبەجێکردنیـدا راسـتگۆیانە و ژیرانـە هەڵسـوکەوت دەکـەن و خۆیـان لـە شـکاندنی شـکۆی میللیمـان دەپارێزن، وامگـوت. ئەوانـەی لـە بەرانبـەرم بـوون هەموویـان لـەم خاڵـە نیگـەران بـوون: ئـەدی ئەگـەر هێـزی زەوینـی و دەریایـی یۆنانییەکانیش بەشـداربن لە جێبەجێکردنـی بەندەکانـی ئاگربەسـت، ئەودەمـە چـی دەبێت؟ بـە مەراقەوە دەیانپرسـی و وەڵامـی گومانڕەوێـن و دڵنیاکەرەوەیـان دەویسـت.

بـۆ ئـەوان باسـم لـە هەوڵـەکان کـرد و روونمکـردەوە کـە ئەدمیراڵـی بەریتانـی بەڵێنیـداوە رێگـە بـە یۆنانییـەکان نـەدا بەشـداری لـە بەڕێوەبردنـی گـەرووی ئیسـتەنبووڵ بکـەن، کەشـتیگەلی جەنگیـی یۆنانی تەنیـا کاتێک کە پێویسـت بـوو دەتوانـن بجووڵێـن، ئەویـش تەنیا بـە شـەوان. ئەوانیش بەمە ئاسـوودە و دڵنیـا بـوون. نیگەرانییـان نەمـا، دڵخـۆش بـوون و ئەمەیـان بـە سـەرکەوتن زانـی. قسـەکانمان - بێگومـان بـەو مەرجـەی کـە وەکـو خـۆی بڵاونەکرێنـەوە- درێـژەی پێـدرا. پێویسـتبوو کەمێـک زیاتـر روونکردنەوەیـان

بـۆ بـدەم. هەرچەنـدە بـە ئاگربەسـت شـەڕ نەمابـوو، بـەڵام ئاگربەسـت بـە تـەواوی مانـای ئاشـتی نەبـوو. ئـەو مەترسـییانەی هەبـوون و لـەوەدا بـوو کتوپـڕ سـەرهەڵبدەنەوە، بەتـەواوی نەڕەویبوونـەوە. بـۆ ئەمـەش بەبـێ ئـەوەی هـۆکاری کات لەبیـر بکرێـت، لـەو رۆژانـەدا کـە بەندەکانـی ئاگربەسـتەکە جێبەجێدەکرێـن، زۆر گرنگـە سـەرنج بدرێتـە پاراسـتنی ئارامـی و ئاسـایش. حکومـەت بـە هەمـوو هێـزی خۆیـەوە هەوڵـی بەدیهێنانـی ئەمـە دەدات. ئێـوەش بەرژەوەندیـی وڵات لەبەرچـاو بگـرن و بـە تـەواوی ئارامییـەوە، بەبـێ ئـەوەی کەمینـەکان ئـازار بـدەن، بـە خۆدوورگرتـن لـە کێشمەکێشـی مـن یان تـۆ، بە لەبەرچاوەنەگرتنـی خەباتی حیزبایەتـی، لەگەڵ حکومـەت هاوئاهەنـگ بـن و راسـتگۆیانە یارمەتـی بـدەن. گوتـم بـۆ ئەمـە بەتایبـەت تـکا لـە ئێـوە دەکـەم". [114]

رۆژی دوایـی، رۆژنامەکانـی ئیسـتەنبووڵ رووبەرێکـی فراوانیـان دابـووە ئـەو قسـانەی رەئـوف بـەگ.

"ئەگـەر بشـێ بـڕوا بـەو هەواڵانـە بکرێـت، ئـەوا بـە تـەواوی سـەربەخۆیی دەوڵـەت و مافـی دەسـەڵاتدارێتی و شـکۆ و شـەرەفی گەلـی پاراسـتووە، ئـەو ئاگربەسـتەی کرابـوو زۆر لــە سـەرووی ئەوەبـوو کـە هیـوای بـۆ دەخــوازرا". [115]

هـەر بەڕاسـتی رەئـوف بـەگ ئاگربەسـتی مۆندرۆسـی وەک سـەرکەوتنێک دەبینـی. بەگوێـرەی ئـەو لێدوانانـەی لـە دووی تشـرینی دووەمـی 1918 لـە رۆژنامەکانـی (تەفسـیری ئەفـکار) و (یەنـی گویـن Yenigün-Tasvir-i Efkar)دا بڵاوکرابوونـەوە، واتـە دوو رۆژ دوای واژۆکردنـی ئاگربەسـتە، وەها هاتبـوو.

"... سـەرئەنجام ئـەو ئاگربەسـتەی واژۆمـان کـردووە، سـەربەخۆیی دەوڵەتەکەمـان و تـەواوی مافەکانی سـەڵتەنەتی پاراسـت. ئەم ئاگربەسـتە

114 - Yakın Tarihimiz, (1962) Rauf Orbay'ın Hatıraları, Cilt 2, s. 81-82
115 - Nurdoğan Taçalan, Egede Kurtuluş Savaşı Başlarken, s. 39

ئاگربەسـتێک نییـە لەنێـوان سـەرکەوتوو و شکسـتخواردوودا واژۆکرابێـت، بەڵکـو لەنێـوان دوو دەوڵەتـی هاوتـا واژۆکـراوە بـۆ دەرچـوون لـە دۆخـی شـەڕ، بەهـای بەڵگەنامەیەکـی هەیـە کـە کۆتایـی بـە ناکۆکییـەکان دەهێنێـت".

دیسـانەوە لـەو رۆژنامانـەوە کـە ناویـان هـات، کاتێـک رەئـوف بـەگ واژۆ لەسـەر ئاگربەسـت دەکات، بەرێگـەی ژەنـەراڵ تاونسـەند ئـەم پەیامـە بـۆ لەنـدەن دەنێرێـت: "تـکا دەکـەم کـە گەڕانـەوە چاوتـان بـە لـۆرد کـورزن بکەوێت و پێیبڵێـن کـە تورکیـا دەتوانـێ ببێتـە یەکێک لـە هاوپەیمانـە هەرە راسـتگۆیەکانی بەریتانیـا". [116]

رەئـوف بەگ بەردەوام باسـی دۆسـتایەتی خۆی دەکـرد لەگەڵ ئینگلیزەکان. دەیگـوت ئینگلیـزەکان بـە تایبـەت لـە نێوەڕاسـتەکانی سـەتەی 19ــەوە بـەردەوام هەوڵـی پاراسـتنی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیان داوە و رێگرییـان کـردووە لـە هاتنەخـوارەوەی رووسـەکان بـۆ دەریـای سـپی نێوەڕاسـت. روانگـەی گشـتیی رەئـوف بـەگ بەرانبـەر بـە ئینگلیـزەکان بەشـێوەیەکی گشـتی بـەم شـێوەیە:

"... بەریتانیـا لەجیاتـی سیاسـەتی لەنێوبردنـی تورکیـا لـە ئاسـیای نزیـک، زیاتـر پەیـڕەوی لـەو سیاسـەتە دەکـرد کـە بەشـێوەیەکی ئـارام و بـێ کێشـە پێشـبکەوێت و بـە سـەربەخۆیی خـۆی بگات. دۆسـتایەتیمان لەگـەڵ ئینگلیز لـە هاوسـەنگەربوونمان لەگەڵیـان لـە شـەڕی کریمیـاوە دەسـتیپێکرد. ئەمـەش لـەو بڕوایـەوە سـەرچاوەی گـرت کـە زیانـی رووس بـە قازانجـی ئینگلیـز و تـورک دەبێـت. ئـەو بڕوایـەش لەوکاتـەوە شـوێنی خـۆی لـە دڵـی گەلـی تـورک دا گرتووە.هەرچەنـدە لـە جەنگـی جیهانیـی یەکـەم دا ئینگلیـزەکان بـۆ بەرگرتـن لـە مەترسـیی ئەڵمانیـا لای رووسـیای دووژمنـی ئەزەلیشـمانی گـرت، بـەڵام هەسـتی کینـە و تووڕەیـی لای تورکـەکان دژی ئینگلیـز دروسـت نەبـوو. شـەڕمان لـە دژی ئـەوان لـەوەوە هـات کـە بوونـە

116 - Soz eden Doğan Avcıoğlu, Milli Mücadele Tarihi, Cilt 1, s. 15-16

هاوپەیمانی رووسـەکان، ئەوە شـەڕی بەرگری بوو لە وڵات و خۆپاراستنمان.
لـە مـاوەی نیـو سـەدەدا، لـەو کاتـە سـەختانەدا کـە هەبوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی لەبـەردەم مەترسـی و هەڕەشـەی رووسـەکان دا بـوو، ئینگلیـز هەندێـک جـار بەشـێوەیەکی کردەیـی و هەندێـک جاریش سیاسـیانە بە ناوی هـاوکاری، سیاسـەتی ئینگلیز-عوسـمانییان پەیـڕەو کردووە. بـە فەرمی بێت یاخـود بەشـێوەی تایبەتـی، بـە پەیڕەوی لـەو رێککەوتننامانـەی لەنێوانمان دا هەبوونـە، بەڵێنـی خۆیـان بردووەتە سـەر. وەک چۆن لەسـەرەوە ئاماژەمان بـۆ کـرد، ئەدمیـراڵ گاڵترۆپیـش بـە جووڵـە و بەڵێنەکانـی دڵنیایـی پێدایـن. لـە مـاوەی رێککەوتـن دا ئـەو داخوازیانـەی بـۆ سـڕینەوە و چاککردنـەوە خسـتبوومانەڕوو، بـە چاکـی پێشـوازییان لێکـردن و ئـەو یاریـەی ئیتاڵـی و یۆنانییـەکان لـە دوای ئاگربەسـت دەسـتیانپێکردبوو، لـەو دیدارانـەدا بـۆ لێکەوتەکانـی ئـەو یارییـە کـە دەمانزانـی ئاڵـۆزی دەنێتـەوە، زۆر راشـکاوانە گوێیـان بـۆ گرتیـن. لـەو بەیاننامانـەدا ئێمەشـیان بـە راشـکاو دانـا". [117]

وەک دیـارە رەئـوف بـەگ هەسـتێکی زۆری دۆسـتایەتی و متمانـەی بەرانبەر ئینگلیـزەکان هەیـە. ئـەو کەشـوهەوایە زیاتـر لـە ئیسـتەنبووڵ، ئیجـە و دەریـای نێوەڕاسـت، واتـە بەگشـتی لـە ناوچەکانـی رۆژئاوای تورکیا هەسـتی پێدەکرێـت. هەرچەنـدە لـە یەکـی کانوونـی یەکەمـی 1918دا لـە ئیزمیـر (کۆمەڵـەی پارێـزگاری لـە مافـی عوسـمانی)، لـە دووی کانوونـی یەکەمـی 1918 لـە ئەدرنـە رێکخـراو بـەو نـاوە دامـەزران. لـە 21ی کانوونـی یەکەمـی 1918 لەگـەڵ داگیرکردنـی کلیکیـا لەلایـەن فەرەنسـی و ئینگلیزەکانـەوە و گەڕانـەوەی ئەرمەنـەکان "کۆمەڵـەی کلیکیاییـەکان" دامـەزرا، بـەڵام ئەمانـە چالاکـی سیاسـییان نەبـوو. هیـچ داواکارییەکـی دیموکراتانەشـیان نەبـوو. تەنیـا دەیانویسـت مافـی عوسـمانی، واتـە مانـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی بپارێـزن. ئەمـەش هەرخـۆی لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە پارێـزراو بـوو. لـەو روانگەیـەوە تاوەکـو واژۆکردنـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس (لە 30ی

117 - Yakın Tarihimiz, Cilt 2, s. 18.

ئۆکتۆبەری 1918) تاوەکو داگیرکردنی ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە (لە 15ی مایسی 1919)، بگرە چەند مانگێکیش لە دوای ئەو داگیرکارییە، هیچ بەرەنگارییەک نەبوو. ئێستا بە کورتی سەرنج بخەینە سەر ئەو پێشهاتانەی داگیرکردنی ئیزمیر و پاشهاتەکانی دواتری:

بەریتانیا لە مانگی نیسانی 1917دا سەرباری رێککەوتننامەی سانت جان دێ مارین، گوێناداتە داواکارییەکانی ئیتاڵیا. وەک دەزانرێت بەگوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە، رووبەرێکی بەرفراوان لە ئیجە و دەریای سپی نێوەڕاست دەدرایە ئیتاڵیا، بەڵام یۆنانییەکانیش چاویان لە هەمان پارچە جوگرافیا بوو، بەتایبەتی ئیزمیر. داگیرکردنی ناوچەی ئیجە لەلایەن یۆنانییەکان و پێشڕەوییان بە ئاراستەی ناوەندی ئەنادۆڵ، لەنێوان یۆنان و بەریتانیا بووە پرسێکی گەرم. ڤەنیزەلۆس، سەرۆکوەزیرانی یۆنان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ فراوانخوازیدا بوو، بەڵام شا کۆنستانتین رای وابوو تاوەکو هەڕەشەیەک لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نەیێتە سەریان، شەڕ نەکەن. ئەو جیاوازییە لەنێوان شا کۆنستانتین و سەرۆکوەزیران بووە هۆی ئەوەی یۆنان درەنگ بچێتە نێو جەنگی جیهانی یەکەمەوە. هەرچی لوید جۆرج بوو لە بەریتانیا، بەدڵنیاییەوە لایەنگری یۆنان بوو. سەرۆکوەزیران لوید جۆرج ئەندامی پارتی لیبراڵ بوو. بەڵام لۆرد کروزۆن لەگەڵ رای ڤەنیزەلۆس و لوید جۆرج نەبوو بۆ "پاکتاوکردنی تورکەکان". دەردەکەوێت کە لە یۆنان و هەروەها لە بەریتانیا بۆچوونی جیاواز هەبوون. کرۆکی جیاوازیی بۆچوونیش لەنێوان یۆنان و ئیتاڵیادا بوو، بەڵام پشتیوانیی بەریتانیا لە یۆنان و ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان لوید جۆرج و ڤەنیزەلۆس، لە ململانێی نێوان ئیتاڵیا و یۆنان دا، ئیتاڵیای لاواز دەکرد.

لە مانگی نیسانی 1919دا کە کارەکانی کۆنفرانسی ئاشتی پاریس بەردەوام بوو، زوو زوو ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن لەنێوان ئیتاڵیا و هاوپەیمانەکانیدا پەیدا دەبوو. ئۆرلاندۆی نوێنەری ئیتاڵیا لە کۆنفرانسەکە بەهۆی کێشەی فیومەوە ناچاربوو بۆ ماوەیەکی کورت

کۆنفرانسەکە بەجێبهێڵێت. لەوکاتەدا ڤەنیزەلۆس دەرفەتی هێنا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی رازیکرد کە سەربازانی یۆنانی بچنە نێو ئیزمیرەوە. لوید جۆرج پێشتریش هەر پشتیوانی ڤەنیزەلۆس بوو. ویدرۆ ویڵسن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کلیمانسۆ، سەرۆکوەزیرانی فەرەنساش دوای بۆچوونی لوید جۆرج کەوتن. بەم شێوەیە لە 15ی مایسی 1919دا یۆنانییەکان چوونە ئیزمیر. لە دوای ئاگربەستی مۆندرۆس ئەمە یەکەم داگیرکاری ناوچەی ئیجە بوو. ئیستەنبووڵ داگیر نەکرا، بەڵکو ئەوێیان لە مانگی ئاداری 1920 داگیرکرد، بەڵام لەدوای ئاگربەستی مۆندرۆس چەند هێزێکی کەمی داگیرکەریان ناردە ئەوێ. لە قسەکانی رەئوف بەگ، وەزیری کاروباری دەریاییەوە دەردەکەوێت کە هیچ نیگەرانی و گومانێکیان لە بەریتانیا و فەرەنسا نەبووە. تاکە لایەنێک کە لێی بە گومان بن یۆنانییەکان بوون. ئێستا با لەسەر ئەو هەڵوێستە چەند نموونەیەک بخەینەڕوو. ئەفسەرێکی گەنج لەبارەی داگیرکردنی ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە وەها بە ئینگلیزەکان دەڵێت: "دەمەوێ پێتان بڵێم کە ئێمە گەلێکی مەزنین و هێشتا زیندووین، دەشێ وادیاربین کە لەخەودابین، بەڵام خەبەرمان دەبێتەوە. بەریتانیا وەک دەوڵەتێکی مەزن دەیتوانی رێگربێت لە داگیرکردنی ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە. دەمەوێ ئەوە بزانن کە ئێمە تەنیا لەژێر حوکمی دەوڵەتێکی مەزندا دەمینێینەوە. بەرگەی ئەوە ناگرین کە ئێستا ئێوە دەیکەن." (118)

سەدری ئەعزەم دامات فەرید پاشاش لەو دیدارەیدا کە لە ئیستەنبووڵ لەگەڵ کۆمیسەری سیاسی ئیتاڵیا کۆنت فرۆزا کردی، گوتی جگە لە یۆنانییەکان هەموو کەسێک دەتوانێ بێتە ئیزمیر. فرۆزا وەها باسی دەکات:

"... رۆژێک سرووشێکی ژیرانە بۆ سەدری ئەعزەم فەرید پاشا هات.

118 - Amiral Calthorpe'un 20 Mayıs 1919 tarihli raporu, soz eden Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 1, s. 20

دوو هەفتــە دوای داگیرکردنــی ئیزمیــر لەلایــەن یۆنانییەکانــەوە، داوای ڕێککەوتنێکــی نهێنــی لێکــردم. بانگهێشــتی ترابیــا لــە بۆغازیچیــم کــرد کــە کۆنســوولخانەی هاوینــەی ئیتاڵیــا بــوو. دامــات فەریــد پاشــا بــە خرۆشــانەوە وەک ئــەوەی نهێنییەکــم پێبڵــێ، گوتــی: ئاهــ، ئەگــەر ئیزمیــر لەلایــەن دەوڵەتێکــەوە داگیرکرابووایــە کــە تورکــەکان خۆشــیاندەوێن، ئەوکاتــە هەمــوو شــتێک زۆر جیــاواز دەبــوو". [119]

وەک دەردەکەوێــت دامــات فەریــد پاشــا لەجیاتــی یۆنانیــەکان ئیتاڵیاییەکان بانگهێشــتی داگیــرکاری دەکات. هــەر لــە یەکــەم ڕۆژی داگیرکارییــەوە، ســەدری ئەعــزەم لــەو تێبینییــەی دەیداتــە ئەدمیــراڵ وێــب، یاریــدەدەری کۆمیســاریای بــاڵا، هاتــووە: "دەوڵەتــی عوســمانی ڕێگــە لــە داگیــرکاری ســوپای دەوڵەتانــی هاوپەیمــان ناگرێــت، بــەڵام بــە داگیرکاریــی یۆنانیــەکان ڕازی نابێــت". [120]

لــە 22 ی مایســی 1919دا دیســانەوە لــەو تێبینیانــەی لەلایــەن ســەدری ئەعزەمــەوە درانــە کۆمیســەرەکانی بەریتانیــا، فەرەنســا، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا و ئیتاڵیــا، داوا دەکات "بــێ دواکەوتــن ئــەو ســەربازە یۆنانیانــەی ئیزمیریــان داگیرکــردووە، پاشەکشــێیان پــێ بکرێت و بە سوپاســەوە ڕەزامەندین لەســەر ئەوەی ســەربازانی وڵاتانی زلهێز شــوێنیان بگرنــەوە". [121] هەڵوێســتی ئــەو گرووپــە چەکــدار و کۆنگــرە خۆجێیانــەی کاردانەوەیــان بەرانبــەر داگیرکردنــی ئیزمیر هەبــوو لەلایــەن یۆنانییەکانەوە، لــە هەڵوێســتی دامــات فەریــد پاشــا جیــاواز نەبــوو.

بــۆ قســەکردن ســەبارەت ئــەو ڕێوشــوێنانەی پێویســت بــوو بەرانبــەر داگیرکاریــی یۆناییــەکان بگیرێنەبــەر، لــە 26ی تەممــووزی 1919دا لــە باڵکەســیر، لــە 16ی ئابــی 1919دا لــە ئالاشــەهیر کۆنگرەیــان ســازکرد. [122]

---

119 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Milli Mücadeleye Giriş, Cilt 6, İstanbul 1968, s. 1817

120 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 6, s. 1789

121 - Celal Bayar, a.g.e., s. 1875

122 - Balıkesir ve Alaşehir Kongreleri ve Hacim Muhittin Iarıklı'nın Kuva-i Milliye Hatıraları (1919-1920) TİTE, Ankara 1967

بـۆ نموونـە کۆنگـرەی ئاڵاشـەهیر کـە تـەواوی ناوچـەی ئیجـەی دەگرتـەوە، لـە 23ی ئابـی 1919دا تەلەگرافێـک کـە واژۆی هەمـوو ئەندامانـی کۆنگرەی بەسـەرەوە بـوو، بـۆ فەرمانـدەی ئاسـیای بچـووک، ژەنـەراڵ میلـن بـەم نێوەڕۆکـە دەنێرێـت:

"... ئیزمیر و بالکەسـیر وەک سـنجاقێکی سەربەخۆی تورک و موسڵمانەکان، بـە هاودەسـتی و پەیوەسـت بـە هێـزە میللییـە ڕێکخراوەکانیـان، تەنیـا ویسـتوویانە لەبەرانبـەر هێرشـە ناحـەق و فێڵبازانەکـەی یۆنانییـەکان و ئـەو کوشـتار و خراپەکارییـەی دەیکـەن بەرگـری بکـەن. بیـری ڕاپەڕیـن دژی هێـزی هاوپەیمانـان بیرێکـی بەتـاڵ بـووە و بەمێشـکی کەسـدا نەهاتـووە. بۆیە کۆنگـرەی بەرفراوانـی ئاڵاشـەهیر بە ناحەقییەکـی گـەورەی دەزانێـت، کاتێـک چالاکیـی قـوەی میللـی کـە لەلایـەن هـەر کەسـێک بیربکاتـەوە قەبووڵکـراوە، وەک مەترسـی بـۆ سـەر هێـزی هاوپەیمانـان (بەریتانیـا، فەرەنسـا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و ئیتاڵیـا) دابنرێـت. کۆنگـرە بـەو هـۆکارەوە نیگەرانـی زۆری خـۆی دەخاتـەڕوو. بەهـۆی ئـەوەی فەرمانـدەی هێـزی هاوپەیمانانـن لـە ئاسـیای بچـووک، بـە ئامانجـی ئـەوەی ڕێ لـە ڕژانـی خوێنـی زیاتـر بگـرن، بڕیاردانتـان بـۆ ئـەوەی هێـزی یۆنانییـەکان لـەو شـوێنەی تاوەکـو ئێسـتا پێیگەیشـتوون زیاتـر پێشـڕەوی نەکـەن و ئـەو ڕاگەیاندنـە پـڕ شـکۆیەتان ئەندامانـی کۆنگـرەی منەتبـار کـرد. ئەم ئـارەزووە بـەرزە کـە زۆر شـەریف و زۆر مرۆییانەیـە، بێگومان بەرهەمی سرووشـتێکی بـەرزە و شـایەنی ستایشـێکی زۆرە".

زۆر بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە نیگەرانیـی کۆنگـرەی ئاڵاشـەهیر تەنیـا لـە یۆنانییەکانـە. ئـەو بەیاننامەیـەی کـە بـە "بـۆ جەنابـی ژەنـەراڵ میلـن" دەسـتپێدەکات، بـە زمانێکـی پـڕ ڕێـزەوە نووسـراوە. کۆتایـی ئـەو بەیاننامەیـەش بـەم شـێوەیەیە:

"... ئەگـەر دەوڵەتـە گەورەکانی هاوپەیمـان داگیرکردنی ئیزمیر و ناوچەکانی دەوروبـەری بـە پێویسـت دەزانـن و وەک ناچارییەکـی سیاسـی سـەیری دەکـەن، وەک چـۆن ئەدمیـراڵ کالتـرۆپ لـە یەکـەم لێدوانیدا روونیکـردەوە،

ئـەو هێـرش و داگیرکارییـە لەلایـەن سـوپای زاڵـم و زۆرداری یۆنانییـەوە نـا، بەڵکـو لەلایـەن سـوپای هێزەکانـی هاوپەیمانـەوە کـە بـە شارسـتانی و مرۆڤایەتـی زاخـاو دراوە، ئـەوا کۆنگـرە بـە پەسـندانەوە ئـەم داواکارییـەی دەخاتـەڕوو بـۆ بـەردەم کەسـێتی بەرزتـان". [123]

لـەو تەلەگرافەشـدا کـە شـاندی میللـی نازیلـی لـە 27ی ئابـی 1919 بـۆ ژەنـەراڵ میلـن دەینێـرن، هاتـووە:

"... کاتێـک هێرشـیان کـردە سـەر قـەزای ئایـدن و بەتایبـەت دوای ئـەو هەمـوو زوڵـم و خوێنڕێژییـەی کردیـان، خەمگیـن بووین و سـوێندمان خوارد کـە یۆنانییـەکان لێـرە وەدەربنێیـن. ئێمـە هەسـتی دووژمنایەتـی بەرانبـەر هاوپەیمانـان پـەروەردە ناکەیـن. بـە هەمـوو هەڵسـوکەوتێکمانەوە ئەوەمـان سـەلماندووە. بەوهۆیـەوە بـۆ ئێسـتا بـەدەم چاوەڕوانیمـان لـەوەی ئینگلیـزەکان دادمەندانـە هەڵسـوکەوت بکەن و شـارۆچکەی ئایدن لـە یۆنانییـەکان پـاک بکەنـەوە، واز لـە هێـرش دەهێنیـن.

ئەگـەر هاوپەیمانـان، یۆنانییـەکان لـە شـارۆچکەی ئایـدن دەربکـەن، سوپاسـیان دەکەیـن و دەگەڕێینـەوە دێیەکانمـان و دەسـت بـە کاروبـاری خۆمـان دەکەینـەوە. ئەگـەر فەرمانـدەی ئینگلیـز دەیـەوێ بـەر لـە ڕژانـی خوێنـی زیاتـر بگرێـت، پێویسـتە یۆنانییـەکان لـە ئایـدن و دەوروبـەری و لـە ئیزمیـری جـوان دەربـکات. دوای دەرچوونـی یۆنانییـەکان لـە ئایدن و ئیزمیـر، ئەگـەر دەوڵەتانـی هاوپەیمـان وای بـە چـاک بزانـن تاوەکـو پەیمانـی ئاشـتی واژۆ دەکرێـت لـەوێ بمێننـەوە، ئـەوا دەتوانـن سـەربازی ئینگلیـز بێنـن". [124]

وەک دەردەکـەوێ، قـوەی میللییـە داوای ئـەوە دەکـەن یۆنانییـەکان بکشـێنەوە، لـە شـوێنی ئـەوان هێـزی ئینگلیـز بنێردرێـن. حاجـی محیەدیـن، سـەرۆکی کۆنگـرەی ئالاشـەهیریش لـە 21ی ئابـی 1919 و لـەو گوتانەی لە کەشـی ئـەو ڕۆژەدا پێشکێشـیان دەکات، "بەڵـێ بۆ دەوڵەتانـی هاوپەیمان و نەخێـر بـۆ یۆنانییـەکان" دەڵێتـەوە.

---

123. Balıkesir ve Alaşehir Kongreleri, s. 216-218

124 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 7, İstanbul 1969, s. 2391-2392

"... ئێمـە بـە واژۆکـردنـی ئاگربەسـت و قەبووڵکردنـی ئـەو دۆخـە سیاسـییە ناچاربوویـن ئـەو شـوێنانە رادەسـتی هاوپەیمانـان بکەیـن کـە دەیانویسـت وەک پێویسـتییەکی سـەربازی داگیـری بکـەن و دەبـوو لەبەرانبـەر ئـەو داگیرکارییـەش بێدەنـگ بین، بـەڵام کاتێک یۆنانییەکان دێنە نێو پرسـەکەوە، رای گشـتی ناتوانـێ بەرانبـەر ئەمـە بێدەنـگ بێـت و ئەنجامـی ئەمـەش خرۆشـانی نەتەوەیـی بـوو. ئەگـەر ئـەو داگیرکارییـە بەهـۆی پێویسـتیی سـەربازییەوە کرابـا و لەلایـەن ئینگلیـز، فەرەنسـی و ئەمریکاییەکانـەوە کرابا، کـەس دەنگـی نەدەکـرد. ئێسـتاش مـادام لـە کۆنفرانسـی (پاریـس) بڕیـاری ئـەوە دراوە داگیرکارییەکـە سـنووردار بکـرێ و لێکۆڵینـەوە لـە زوڵم و زۆرداریيـە بکرێـت، ئێمـە سوپاسـگوزاری ئـەو بیـرە مرۆڤدۆسـتانەیەین. ئەگـەر دەخـوازن کۆتایـی بـە خوێنڕشـتن بێـت، بـا (دەوڵەتانـی هاوپەیمـان) دەسـتەیەکی سـەربازی بنێـرن، بـەڵام هەرچۆنێـک بـووە نابـێ یۆنانییـەکان لەوێبـن. لـەو دۆخـەدا ناتوانیـن سـەرکەوتووبین لـە بێدەنگکردنـی قـوەی میللـی و فەرماندەکانـی. ئێمـە دەڵێیـن؛ ئەگـەر ئێـوە خزمەتتـان بـە بیـری مرۆڤدۆسـتی کردبووایـە، ئەمانەتـان نەدەنـاردە گـژ ئێمـە". [125]

ئـەو رۆژانـە ئینگلیـزەکان هانبـووری- یـان ناردبـوو بـۆ ئـەوەی سـنوور لـەلای نازیللـی و هێزەکانـی یۆنـان بکێشـێت. ژەنـەراڵ هانبـووری لەلایـەن ژەنـەراڵ میلنـەوە نێردرابـوو. حاجـی شـوکرو، فەرمانـدەی دەسـتەی قـوەی میللـی لـە نازیللـی سـەرۆکایەتی دەسـتەیەکی دەکـرد. جـەلال بایـار کـە ئـەوکات خۆیشـی قـوەی میللیچـی بـوو، لـە زاری عەقید شـەفیق ئاکـەرەوە باسـی دەکات کـە فەرمانـدەی قـوەی میللـی حاجـی شـوکرو چـۆن باسـی چالاکییەکانیـان دەکات:

"... حاجـی شـوکرو بـەگ دەفتـەری تێبینییەکانـی لـە گیرفانـی دەرهێنـا و ئـەو رسـتەیەی کـە زۆر بـە گرنـگ و مانـاداری دەزانـی، نووسـی: "بـێ شـەرت و مـەرج داگیرکاریـی ئینگلیـز قەبـووڵ دەکەیـن". ئـەم رسـتەیەی بەنـاوی

125 - Balıkesir ve Alaşehir Kongreleri, s. 170

شـاندی نازیللییـەوە گـوت. ژەنـەراڵ ئەمـەی زۆر بـەلاوە گرنـگ بـوو. جـا بـە باشـی بیـرم نایێتـەوە داخـۆ نووسـیبووی "داگیرکاریـی ئینگلیـز، یـان پارێزبەندیـی ئینگلیز"مـان دەوێت. لـە دەفتـەری تێبینییەکانی شـوکرو بەگدا دەردەکەوێـت کـە ئایا کامـە لـەم دوو وشـەیەی بەکارهێنـاوە، بـەڵام مـن ئـەوە قەبـووڵ دەکـەم کـە دەسـتەی نازیللـی لـەم رسـتەیە، بـە ئەگـەری زۆر لەجیاتـی داگیرکاریـی یۆنانییـەکان، بەشـێوەیەکی کاتـی داگیرکاریـی ئینگلیزیـان مەبەسـت بووبێـت، ئەمەشـیان بـە نیازپاکییـەوە گوتـووە". [126]

فەرمانـدەی بـەرەی سـاڵحلی قـوەی میللیـش بـە زمانێکـی بەجۆشـترەوە باسـی نزیکایەتیـی خـۆی لەگـەڵ ئینگلیـزەکان دەکات و دەڵێـت:

"... ئافیـۆن کاراهیسـار وەک ناوەندێکـی ئینگلیزەکانـە. نابـێ وا لەخەڵـک بکرێـت ئیرەیـی بـە باڵادەسـتیی ئینگلیـز ببـەن". [127]

کاپتـن هادکینسـن، ئەفسـەری هەواڵگریـی بەریتانیـا، وەک چـۆن دەمیرجـی ئێفـە "فەرماندەی قـوەی میللـی لـە ئایـدن و موغـڵا" لـە چەنـد راپۆرتێکـی جیـاوازدا بـۆی باسـکردووە. بەگوتـەی کاپتـن هادکینسـن، دەمیرجـی محەممـەد ئێفـە گوتبـووی: "... هەرچەنـد بەهـۆی ئـەوەی زۆر بەرێـزەوە مامەڵەیـان کـردووە و هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکیان کردوویـن، هەرچەندە هیـچ شـتێک نییـە لـە ئیتاڵییەکانـەوە بێـزاری کردبیـن. ئەگـەر بڕیاربێـت دەوڵەتێـک داگیرمـان بـکات، ئـەوا پێـم باشـە دەوڵەتێکـی مەزنتـر و خـاوەن شارسـتانی بێـت". [128]

ئـەم شـتانە کـە لـە راپۆرتـە هەواڵگرییـە جیاوازەکانـی بەریتانییەکانـدا تۆمارکـراون، بـە ئاشـکرا روانگـەی "نـا بـۆ یۆنانییـەکان، بەڵـێ بـۆ ئینگلیـز" دەردەخـەن.

ئەدمیراڵ وێب، ئەم نامەیە بۆ لۆرد کورزن، وەزیری دەرەوە دەنێرێت:

"... ئـەو ئەفسـەرە لە گەشـتەکەیدا لە ئاکهیسـارەوە تاوەکـو نازیللی، چاوی

126 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 7, s. 2249

127 - Tayyip Gokbilgin, Milli Mücadele Başlarken, Cilt 2, İş Bankası Yayını, Ankara 1965, s. X

128 - Soz eden Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 1, s. 24,

بـە بەرپرسـە سـەربازییەکان و ئەشـرافەکان و سـەربازە خۆبەخشـەکان و خەڵکی ئاسـایی کەوت و لە ئەنجامدا تێگەیشـت کە چەتە بێسـەروبەرەکانی (قـوەی میللـی) تەنیـا بـۆ شـەڕکردن لـەدژی یۆنانییـەکان دروسـتکراون. هـەر تورکێـک لـەلای خۆیـەوە هەوڵیـدەدا ئـەوە روونبکاتـەوە کـە ئەمانـە دژی دەوڵەتانـی هاوپەیمـان نیـن. تاوەکـو ئەوکاتـەی کۆنفرانسـی ئاشـتی دوایـن بڕیـاری یەکلاکـەرەوە دەدات، لـەوە دەچێ رەزامەندبن بـەوەی لەژێر کۆنترۆڵـی هـەر دەوڵەتێکـدا بمێننـەوە. بـۆ دەرخسـتنی ئـەو راسـتییەش، ماوەیەکـی زۆر پێـش ئـەوەی داگیرکارییەکـە رووبـدات، ئـەوە دەزانـرا کـە تورکیـا دەکەوێتـە ژێـر داگیرکارییـەوە، بـەڵام هیـچ ئامادەکارییـەک بـۆ بەرگـری نەکرابـوو، کەسـیش پێـی وانەبـووە و ئەگـەری ئـەوەی دانەنـاوە کە یۆنانییـەکان بەتەنیـا بتوانـن هێـرش بکەنـە سـەر ئیزمیـر. بگـرە ئەوکاتـەی هێرشـی یۆنانییەکانیـش دەسـتیپێکرد، بەرگرییەکی رێکخراو نەبـوو. بەرگری تەنیـا دوای ئـەوە دەسـتیپێکرد کـە یۆنانییـەکان کەوتنـە زوڵمکـردن و وێرانکردنـی دێهاتـەکان و کوشـتنی تـورک و دەسـتدرێژی بـۆ سـەر ژنانیـان. ئێسـتا رقـی تـورک بەرانبـەر یۆنانییـەکان هێنـدە زیادی کـردووە کـە هەرگیز ئەگـەری ئـەوە بەخەیاڵـدا نەیێـت بچنـە ژێـر کۆنترۆڵـی یۆنانییەکانـەوە. ئەوانـەی بایـەخ بـە مانـەوە و ژیانیـان نـادەن، وایـان پـێ باشـترە مـەرگ هەڵبژێـرن، نـەک وڵاتەکەیـان ببێتـە مەسـەدۆنیای دووەم.

وەک پێشـتریش گوتـم، ئـەوان تەنیـا دژی رەفتـاری ناڕێکـی یۆنانییەکانـن و لـەم دۆخـەی ئێسـتادا هیـچ دژایەتییەکـی موسـڵمانان بەرانبـەر بـە کریسـتیانەکان لـە ئارادا نییـە، ئەمە بەڵگـەی ئەوەیە کـە ئـەوان داگیرکاریی هـەر دەوڵەتێکـی کریسـتیانی هاوپەیمـان قەبـووڵ دەکـەن.

کاتێـک قسـە دێتـە سـەر ئـەوەی کـە کام دەوڵـەت قەبـووڵ دەکـەن وڵاتەکەیـان داگیربـکات و فەرمانڕەوایـی بـکات، هیـچ گومانـی تێـدا نییـە سـەرەتا بەریتانیا، لە دوای ئەویش ئەمریکا هەڵدەبژێرن. بەپێی سـەرنجدانی ئـەو ئەفسـەرە بەریتانییـە، ئیتاڵیایـان بـەلاوە باشـترە لـە فەرەنسـا. گەشـتەکەی ژەنـەراڵ میڵـن کاریگـەری زۆری لەسـەر نێوخـۆی وڵاتەکـە

هەبـوو. هەمـووان دڵخـۆش و ڕەزامەنـد بـوون و ئەو هێزی پشـتیوانییەش کـە بەڕێگـەوە بـوون و لەلایـەن هێـزە بێسـەروبەرەکانی (قـوەی میللـی) نێردرابـوون، ڕاگیـران. ئاغایـەک کـە بـە یـاوەری 300 چەکـدار لـە پیاوەکانـی هاتبـووە سـاڵحلی، کاتێـک بیسـتوویەتی کـە ئینگلیـز هاتوونەتـە ئیزمیـر، هیـوای ئەوەیـان خواسـتووە کـە یۆنانییـەکان ناچـار بکـەن پاشەکشـە بکەن و ئیتـر پێویسـت بـە شـەڕکردن نـەکات. باوەڕی گشـتیش ئەمـڕۆ وەهایە کە پێیانوایـە بەریتانیـا لـەو بارودۆخـەی ئێسـتادا یارمەتـی تورکیـا دەدات". [129]

ئەدمیـڕاڵ وێـب، یاریـدەدەری ئەدمیـڕاڵ کاڵتـرۆپ، کۆمیسـیاری بـاڵای ئینگلیـز لـە ئیسـتەنبووڵ، لـەو ڕاپۆرتـەدا کـە لـە 28ی تەمـووزی 1919 بـۆ لـۆرد کـروزۆن، وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا دەینێرێـت، ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە بەرگـری لـە ناوچـەی ئیجـە لەگـەڵ داگیرکاریـی یۆنانییـەکان دەسـتیپێکرد. ئـەو نامەیـە بـە کورتـی دەڵێـت:

"... دوای داگیرکردنـی ئیزمیـر لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە، ناکۆکیـی نێوان تورک و یۆنانییـەکان زیـادی کـرد. خوێنڕێـژی لـە هەمـوو ڕووێکـەوە کاریگـەری خراپـی بەسـەر تورکیـاوە هەبـوو. تورکـەکان لەڕاددەبـەدەر لـەو پێشـهاتە دەترسـان. هـۆکاری ئـەو بارگرژییـەش ئـەو دۆخـە بـوو کـە تێیکەوتبـوون. هـەردوولاش هەوڵـدەدەن بـە دروسـتکردنی "دۆخێکـی ئاوارتـە" وابکـەن بڕیـارەکان لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان بشـکێننەوە. یۆنانییـەکان بـەرەو ناوەوە پیشـڕەوییان دەکـرد و تورکەکانیـش دەیانویسـت بـە نیشـاندانی بەرگـری هەسـتی نەتەوەییـان نیشـانبدەن. ئێمە تاوەکـو واژۆکردنی پەیمانی ئاشـتی، بـەو جـۆرەی کـە دەمانویسـت حوکمـی تورکیامـان کـرد، بـە گۆڕینـی حاکـم و موتەسـەریفە خراپـەکان وامـان لـە تورکـەکان کـرد کـە ئـەوەی ئێمـە بمانـەوێ بیکـەن، بەڵام داگیرکردنـی ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەکانـەوە هەموو شـتێکی خـراپ کرد. تـورک و یۆنانییـەکان یەکتری دەکوژن. مسـتەفا کەمال لـە دەوروبـەری سامسـۆن درێـژە بە چالاکییەکانـی دەدات و نایـەوێ ملکەچ

129 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 7, s. 2361-2367

بێت. داگیرکردنی ئیزمیر تۆوی ناتەبایی لەنێوان لایەنەکاندا چاندووە. ئەو هاوپەیمانییە لاپەڕەی مەترسیداری هەڵداوەتەوە. لایەنەکان چاوەڕێی ئەوە لە هاوپەیمانان، بەتایبەت لە بەریتانیا دەکەن کە دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و چارەسەرێک بدۆزێتەوە.

هەموو شتێک بە لایەک، ئەگەر بەم شەڕەی دوایی چارەنووسی دەوڵەتی تورک لەڕووی ئابووری و داراییەوە بگەیێنینە لێواری هەڵدێر، ئەوا چارەنووسی هەزاران کریستیان کە ئاسایش و خۆشگوزەرانییان لە ئەستۆی ئێمەیە، دەکەوێتە مەترسییەوە و بۆ ماجەرای زۆر مەترسیدار بەجێیاندەهێڵین. هەربۆیە پێویستە زۆر بەزوویی ئاشتی بەدیبێت و چەندەش گوشار زیاتربێت، دەبێ بەزوویی مەرجەکانی ئاشتی دیاری بکەین". [130]

ژووری بازرگانیی بەریتانیا کە لە ئیزمیر کاری دەکرد، نەیدەویست ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە داگیربکرێت. لەو راپۆرتەدا کە ژووری بازرگانی بەریتانیا لە ئیزمیر لە 26ی مایسی 1919 لە رۆژنامەی (تایمز) دا بڵاویانکردووەتەوە، بەڕوونی باسی ئەو دۆخە کراوە. "هاوشێوەی کریستیانەکان، تورکەکانیش بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لەوە دەکەن لەژێر پارێزگاریی ئینگلیز، ئەمریکا یاخود فەرەنسادا بن". [131]

وینستن چەرچڵ لەبارەی ئەو دۆخە دەڵێت: "تورکیا کە بە دۆستی لەمێژینەمان دەزانێت، ئامادەیە لەلایەن بەریتانیاوە سزابدرێت، بەڵام گەلی تورک لەوکاتەوە کە هەستیان کرد خەریکە بۆ یۆنانی دووژمنی چەندین نەوەیان ملکەچ دەکرێن، چوونەتە دۆخێکەوە کۆنترۆڵ نەکرێت"[132]

جەلال بەیار لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (منیش نووسیم)، ئەمەی نووسیوە:

130 - Taner Baytok, İngiliz Kaynaklarında Türk Kurtuluş Savaşı, s. 28-29

131 - Soz eden Doğan Avcıoğlu, a.g.e., s. 27

132 - Gotthord Jaesehke, Kurtuluş Savaşı ile İlgili İngiliz Belgeleri, ev. Cemal Koprülü, TTK, 1971, s.

"... ئیمیلینـگ، کـە دەگوتـرا قەشـەی سـوپایە و پلـەی عەقیـدی هەیـە، هاتبـووە چینـە. مەبەسـتی بـوو سـەرەدەری لەگـەڵ داخوازیـی کەسـانی دیـاری ئـەوێ بـکات. سـەردانی فەرمانـدەی فیرقـەی کـرد. گوتـی بـۆ ئـەوە هاتـووە لـەو یارمەتییـە بکۆڵێتـەوە کـە پێویسـت دەکات بـۆ ئـەو خەڵکـە بـێ سـەرپەنایە پێشـکێش بکرێـت، بـەڵام بەرگـەی نەگـرت و قسـەکانی بـە ئاراسـتەی هـەوای سیاسـەت گـۆڕی. بارێکـی وای نوانـد وەک ئـەوەی بیـەوێ مژدانەیەکـی گـەورە رابگەیێنێت. بـە فەرمانـدەی گـوت: تاوەکـو 15 رۆژی دیکـە لـە لیـوای ئایدنـەوە تاوەکـو قـەزای سـەلجووک یۆنانییـەکان وەدەردەنرێـن و سـەربازانی ئینگلیـز و فەرەنسـایی شـوێنیان دەگرنـەوە، بـۆ ئەمـڕۆش بێرگامـا (لێـرەش قـوەی میللـی دەسـتی بـە چالاکـی کردبـوو) چـۆڵ دەکرێـت. ئـەوە لەکاتێکـدا قسـەکانی هیـچ بنەمایەکـی راسـتیان نەبـوو.

لەکاتـی ئـەو قسـانەدا، ئەو قەشـە سـیخوڕە ئینگلیـزە گوتی کە دەیـەوێ لە نازیللییـەوە تاوەکـو دەنیزلـی بچێـت و لـەوێ یارمەتـی ئـەو خەڵکە بـدات کە لێقەومـاون. پرسـی کـە ئایا لـەوێ ئاسـایش بەرقـەرارە یاخـود نـا؟ گوتیـان دەتوانـن بچـن، بـەڵام پێشـنیازی ئـەوەی بۆکـرا خـۆی لەو قسـانە ببوێـرێ کە کار لـە وروژاندنـی هەسـتی نەتەوەیـی خەڵـك دەکەن.

دوای ئـەوەی ئـەو سـیخوڕە ئینگلیـزە رۆیشـت، لـە چینـە سـەردانی ئەفسـەرێکی هێـزە سـەربازییەکانی ئیتاڵیـام کـرد. لەبـارەی ئـەو عەقیـدە ئینگلیـزە گوتـی: هاتـووە خەڵـک بخەڵەتێنێ بـەوەی کە ئـەوان ئیتاڵییەکانیان نـاوێ و داوای هاتنـی ئینگلیـز دەکـەن، بـەڵام خەڵکەکـە روویـان نەدایـێ...

روون بـوو کـە ئیتاڵییـەکان و هاوپەیمانەکانیـان لـە کێبڕکێـدا بـوون.

کاتێـک ئیمیڵینـگ هاتـە چینـە، لەگـەڵ شـاندی میللـی کۆبـووەوە. لـەو سـەروبەندەدا -جگـە لـە یۆنانییـەکان- هـەر کـە فەرمانبەرێکـی دەوڵەتێکـی بیانییـان دەبینـی، خەڵکەکـە دەسـتبەجێ دەرد و کێشـەی خۆیـان پێدەگـوت و هیواخـوازی ئـەوە دەبـوون چارەیەکیـان بکـەن. خەڵـک لـە دۆخێکـی دەروونیـی بەوشـێوەیەدا بـوون.

دەسـتەی میللـی لەگـەڵ ئینگلیزەكانیـش لەچوارچێـوەی ئـەو گاڵتەیـە قسـەیان كردبـوو. قەشـە ئـەو پرسـیارەی ئاراسـتە كردبوون: ئەگـەر ئینگلیز و فەرەنسـییەكان لیـوای ئایـدن داگیربكـەن، ئـەو خەڵكـە پەرتـەوازە بـووە دەگەڕێنـەوە وار و وڵاتـی خۆیـان؟ ئەوانیـش ئـاوا وەڵامیـان دابـووەوە: ئینگلیـز و فەرەنسـییەكان رێگـە بـە هێـزە نیشـتمانییەكانمان دەدەن لـە سـەلجووک سـەنگەر بگـرن؟

ئیمیڵینگ لە وەڵام دا دەڵێت: پێموایە رێگەیان نادەن.

لەسـەر ئەمـە پێیگوترابـوو تاوەكـو ئەوكاتـەی یۆنانییـەكان لـە ئیزمیـر دەرنەچـن، ناگەڕێنـەوە". [133]

وەک دەردەكەوێـت شـاندی میللـی هیـچ كێشـەیەكی لەگـەڵ ئینگلیـز و فەرەنسـاییەكاندا نەبـووە. لـەوان داوای رێگەپێـدان دەكـەن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یۆنانییـەكان شـەڕبكەن. ئینگلیـزەكان رزگاركەرێكـی گـەورەن. بۆیـە هـەر سـیخوڕێكی ئینگلیـز رووی لـە هەركـوێ كردبێت، بە جۆشوخرۆشـێكی زۆرەوە پێشـوازی لێكـراوە.

جەلال بایار ئاوا دەنووسێت:

"... ماوەیەكـی زۆری بەسـەردا تێپـەڕی، لـە بەرەكانـی جەنـگ و لـە نازیللـی شـڵەژان و نیگەرانـی هەبـوو. ژەنەراڵێكـی ئینگلیـز بەنیازبـوو بێـت، هەبێ و نەبێ پێشـنیازێكی گرنگـی دەوڵەتـی بەریتانیـا دەهێنێـت كـە رەنگـە بریتـی بێـت لـە دەركردنـی یۆنانییـەكان لـە ئیزمیـر، ئـەم قسـانە كەشـەكەیان داگرتبـوو. هەرخـۆی لـە نازیللـی دەسـتەیەک هەبـوون كەشـێكی وەهایـان بـۆ پڕوپاگەنـدە دەخوڵقانـد، بـەردەوام پڕوپاگەندەیـان دەكـرد، دەیانویسـت ئـەوە بگەیێننـە گوێـی هەمـووان كـە تەنیا ئینگلیـزەكان دەتوانـن رزگارمـان بكـەن و ئەوانیـش بـۆ دەسـتەبەركردنی رزگاریمـان ئامـادەن". [134]

عەقیـد بەكـر سـامی، فەرمانـدەی فیرقـەی 17 كـە دواتـر لـە سـەردەمی مسـتەفا كەمـال پاشـا بـووە وەزیـری دەرەوە، ئەویـش هەمـان بۆچوونـی

133 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 7, s. 2198-2199

134 - Celal Bayar, Ben de Yazdım, Cilt 7, s. 2247

هەبـوو. لەکاتێکـدا یۆنانییـەکان بـە وەرگرتنـی گەرەنتـی لـە ئینگلیـزەکان خەریـک بـوون ئایڤاڵـک داگیـر بکـەن، عەقیـد بەکـر سـامی راپۆرتێـک بـۆ سوپاسـالار دەنێرێـت. ئـەو راپۆرتـە کـە رێکەوتـی 27ی مایسـی 1919ی بەسـەرەوەیە، بـەم شـێوەیەیە:

"... هـەر لـە زووەوە و بەتایبـەت لـە دوای ئاگربەسـتەوە.. بـە سـوودبینین لـەو پڕوپاگەندانـەی بـۆ خۆشویسـتنی ئینگلیـز و بەنـاوی دادپەروەرییـەوە دەکـران و لەنێـو کۆمەڵگـەی تورکیـدا متمانەیـان پەیداکردبـوو، نوێنەرانـی ئینگلیـز بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵیانـدەدا رای گشـتی بـۆ داگیرکاریـی یۆنانییـەکان ئامـادە بکـەن". [135]

لـە سـاڵانی 1919-1918دا هیـچ بەرگرییـەک دژی بەریتانیـا و فەرەنسـا نەبـوو کـە بەهێزترین ئیمپریالیسـتی سـەردەمەکە بـوون. بەرگـری دژی رۆم و ئەرمەنـەکان بـوو. دۆغـان ئاڤجیئۆغڵـو دەڵێـت:

"... لـەدژی بەریتانیـا و وڵاتانـی هاوپەیمانـی کـە بڕیاریانـداوە تورکیـا دابەشـبکەن، شـەڕی رزگاری دەسـتپێدەکات. هیـچ بەرگرییـەک بەرانبـەر ئیمپریالیسـتە بەهێـزەکان نییە. بەرگری تەنیـا دژی رۆم و ئەرمەنەکانـە".[136]

لەکاتێکـدا هیـچ بەرگرییـەک دژی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـا نەبێـت چۆن خەبات دژی ئەو هێزە ئیمپریالیسـتانە دەکرا؟ "بەبێ بەرەنگاربوونەوەی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان شـەڕ دژی ئیمپریالیـزم" ئەمـە چـۆن دەکرێـت؟ جـا نووسـینەکانی فالـح رفقـی ئاتای سەرنجڕاکێشـترن:

"... ئەگـەر سـوپای یۆنـان لـە 16ی مایسـی 1919 نەهاتبایـە ئیزمیـر، هیـچ گومانێـک لـەوەدا نەبـوو کـە بەرەنگاربوونـەوەی ئێمـە لەگـەڵ وڵاتـە زلهێـزەکان زۆر سـەخت و بگـرە مەحـاڵ دەبـوو. چەتـەکان لـە کێـوەکان دادەبەزیـن و بەشـدارییان لـە شـەڕی رزگاریـی وڵات دا دەکـرد، هەمـوو هێـزە پەرتەوازەکانـی ئەنـادۆڵ تاکـە ئامانجـی رزگاری کۆیاندەکاتـەوە". [137]

---

135 -  Soz eden Doğan Avcıoğlu, a.g.e., s. 28-29

136 - Doğan Avcıoğlu, a.g.e., s. 32

137 - Falih Rıfkı Atay, a.g.e., s. 168

داگیرکردنـی ئیزمیـر وەک دەسـتی خـودا بـوو لـە ئاسـمانەوەبێت و لەنێـو ئـەو پشـێوییەدا تورکایەتـی لـەو خنکانـە رزگار بـکات". [138]

ئـەو کاردانەوەیـەی بەرانبـەر رۆم و ئەرمەنـەکان نیشـاندرا، بۆچـی بەرانبـەر ئیمپریالیزمــی بەریتانــی، ئیمپریالیزمــی فەرەنســی و ئیتاڵییــەکان نەبــوو، "چەتەکانـی کێـوان" بۆچـی دابەزیـن و شـەڕیان لـە دژی یۆنانییـەکان کـرد؟ بۆچــی داگیرکردنــی ئیزمیــر و هەوڵەکانــی داگیرکردنــی ئیجــە لەلایــەن یۆنانییەکانـەوە وەک "نیعمەت"ێکـی خودایـی سـەیر دەکـرا و وەک "دەسـتی درێژکـراوی خـودا لـە ئاسـمانەوە" وابـوو؟

لـە بەشـەکانی پێشـوودا ئـەوەی سـەبارەت هەرێمـی کلیکیـا، کوردسـتان و ئەرمینیـا گـوتـران، بەهەمـان شـێوە دەکـرێ سـەبارەت ئـەم ناوچەیـەش بگوترێـت. لـەو ناوچانـەدا، بەتایبـەت لـە کلیکیـا، هـاوکات لەگـەڵ شکسـتی دەوڵەتــی عوســمانی، ئەرمەنــەکان لــە ئاوارەیــی گەڕانــەوە و ویســتیان ئـەو موڵـک و ماڵانـە وەرگرنـەوە کـە لـەدوای خۆیـان بەجێیانهێشـتبوون، ئەمــەش لای ئــەو کەســانەی دەســتیان بەســەر ئــەو موڵــک و ماڵانــەدا گرتبـوو، بەهیـچ شـێوەیەک قەبـووڵ نەدەکـرا.

لـە ئیجـەش دۆخەکـە بەهەمـان شـێوەبوو. لـە سـاڵانی 1914 و 1916دا، بەتایبەتـی لـە ناوچـە کەناراوییـەکان، ئـەو رۆمیانـەی لـەوێ نیشـتەجێبوون، لەژێــر گوشــاری ئیتیحــاد و تەرەقــی راگوێــزران. ئەوانــە روویــان لــە دوورگەکانـی ئیجـە و یۆنـان کـرد. ئـەو رۆمیانە سـەروەتێکی زۆریـان لەدوای خۆیــان بەجێهێشــتبوو. باخــی بەرفراوانــی زەیتــوون، پرتەقــاڵ، کێڵگــە، کارگـەی هەمەجـۆر، دووکان، مـاڵ و زەوی و... تـاد، لەلایـەن تورکەکانـی ناوچەکـەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـرا. ئەمـە سیاسـەتێکی مەبەسـتدار بوو، بەشـێکبوو لـە پرۆگرامـی ئیتیحـاد و تەرەقـی بـۆ بەمیللیکردنـی ئابـووری و بەتورککردنــی. وا بیــری لێکرابــووەوە کــە راگواســتنی رۆمــەکان ئاســانتر و سـادەترین ئامـرازی جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەیە. ئەو راسـتییەش هەیە کــە لەپــاڵ موڵــک و ســامانی نەگــوازراوەدا، دەســتیان بەســەر نەختینــە، گرێبەسـت، تاپـۆ و کەلوپەلـی هەمەجـۆردا گـرت و تاڵانیـان کـرد.

شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگ، هاوشێوەی پێکهاتەکانی دیکە ڕۆمییەکانی خۆشحاڵ کرد. چونکە ئیدی دەگەڕانەوە سەر موڵک و ماڵی خۆیان. لە بنەڕەتدا لە پلانی داگیرکردنی ئیزمیر و ناوچەی ئیجە لەلایەن یۆنانەوە، دەشێ ئەو کەسانە دژی ڤەنیزەلۆس و حکومەتەکەی ڕۆڵیان هەبووبێت. بەتایبەت لە مانگەکانی دووەم و سێیەمی داگیرکارییەکەدا، ئەو کەسانە کە بەرەو دوورگەکانی ئیجە و یۆنان راگوێزرابوون بە کۆمەڵ دەگەڕانەوە. یەکەم کاری ئەو ڕۆمییانەش کە دەگەڕانەوە، بەدەستهێنانەوەی موڵک و ماڵەکانیان بوو. ئەوانەی دەستیان بەسەر موڵکەکاندا گرتبوو، ئەوانەی کە کتوپڕ ببوونە خاوەنی ماڵ و موڵک و دەوڵەمەند ببوون، ئاسایی بوو شەڕ لەپێناوی هێشتنەوەی تاڵانییەکە لەژێر دەستی خۆیاندا بکەن. سەرباری ئەوەی بۆ ئەمە کەشێکی سیاسی هاوکاریش نەبوو. دەکرێ لێرەدا بەدوای بنەمای چینایەتی شەڕی نێوان تورک و یۆنانییەکاندا بگەڕێین. ئەمە بنەمای دروشمی "بەڵێ بۆ ئینگلیز، فەرەنسا و ئیتاڵیا، نەخێر بۆ یۆنان" بوو. چونکە ئەگەر ئینگلیزەکان ئیجە و ئیزمیریان داگیرکردبا، بێگومان پرسیار لەبارەی چارەنووسی موڵک و ماڵی ئەو ڕۆمیانە نەدەکرا کە راگوێزرابوون. دەکرا ئەو موڵک و ماڵە لەسایەی داگیرکاریی ئینگلیزدا هەر بۆ خۆیان بمێنێتەوە. ئەگەر فەرەنسا، ئیتاڵیا یاخود ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش داگیریان کردبان، هەمان دۆخ دەبوو، بەڵام کە داگیرکەر یۆنانییەکان بن بارەکە دەگۆڕێت. چونکە ڕۆمییەکان تەنیا دەیانتوانی لەگەڵ یۆنانییەکان و لەژێر پارێزبەندیی ئەواندا بێنەوە و دووبارە ببنەوە خاوەنی موڵکی خۆیان.

ئەو هۆکارە چینایەتییەی شەڕی نێوان تورک - یۆنان نابێ نادیدە بگرین. بە گوزارشتی فالح رفقی ئاتای، "چەتەکانی کێوان" بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و موڵکەی لە ڕۆمییەکان داگیریان کردبوو نەگەڕێننەوە، دابەزیبوون و شەڕیان دەکرد. ناچاربوون شەڕ بکەن. بۆ ئەمەش شەڕی یۆنان وەک "دەستی خوداوەند کە لە ئاسمانەوە درێژکراوە"، وابوو. ئەو ئاغا و بەگانەی بەرپرسی قوەی میللی بوون، حاجی محیەدین بەگ، کە

سـەرۆکی کۆنگـرەی ئاڵاشـەهیر بـوو، زوو زوو نـاوی لەسـەر زاران بـوو، یـان حاجـی شـوکروی سـەرۆکی قـوەی میللـی لە نازیللـی. ئەمانـە تەنیا بەرانبەر یۆنانـی و رۆمییـەکان لـە بەرگریـدا بـوون. قـوەی میللـی زۆر بـە سـانایی دەیانگـوت "بەڵـێ بۆ ئینگلیز و فەرەنسـاییەکان و نا بۆ یۆنانییـەکان". ئیرادەی شـەڕکردنی کەسـایەتییە دیارەکان دژی یۆنانییەکان بۆ پاراسـتنی ئەو موڵک و ماڵـە بـوو کـە موڵکـی رۆمییـە راگوێـزراوەکان بـوون و ئـەوان دەسـتیان بەسـەردا گرتبـوون. ئەمـە هـۆکارە بنچینەییەکـە بوو. ئـەوەی کـە "بەریتانیا، فەرەنسـا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا شارسـتانی و مرۆڤدۆسـتن، ئەگـەر ملکەچیـش بیـن، با لەژێـر سـایەی ئەواندابیـن" ، "ئەگەر لەژێر سـایەی دەوڵەتێکـی گـەورەدا بیـن شـکۆی نەتەوەییمـان ناشـکێ، بـەڵام دەوڵەتێکی بچووکـی وەک یۆنـان شـکۆ و شـەرەفی نەتەوەییمـان دەشـکێنێ"، ئـەم جـۆرە قسـانە لەشـوێنی خۆیانـدا نیـن، هـۆکاری لاوەکیـن بـۆ شـاردنەوەی ریشـەی سـەرەکی هۆکارەکـە.

بەشی شەشەم

# چوونی مستەفا کەمال پاشا بۆ سامسۆن

## کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سیڤاس و شاندی نوێنەران

### ا. بۆچی ئاراستەی "ڕۆژهەڵات"؟

وەک چـۆن لە بەشـەکانی پێشـتردا ئـەوە ڕوونکرایەوە، لە دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لـە ئەنـادۆڵ، دۆخێکـی جیـاواز لـە ئەرمینیـا و کوردسـتان هەبـوو. سـەرباری ئـەوەی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی ئاگربەسـتێکی زۆر قـورس بـوو، بـەڵام هیـچ کاردانەوەیـەک بەرانبـەر ئاگربەسـت نیشـان نـەدرا. هاتنـی هێزەکانـی فەرەنسـا، بەریتانیـا، ئەمریـکا و ئیتاڵیـا بـۆ ئیسـتەنبووڵ هیـچ کاردانەوەیەکـی بـەدوای خۆیـدا نەهێنـا، بەپێچەوانـەوە سـەربازانی بەریتانیـا و فەرەنسـا وەک ڕزگارکـەری مـەزن پێشـوازییان لێکـرا. خەڵـك کێشـەکانی خۆیـان بـەوان دەگـوت، خوازیـاری ئەوەبـوون هاوکارییـان بکـەن. لـەو دۆخـەدا هیـچ هەوڵێک بۆ خۆڕێکخسـتن نـەدرا. بڕوایـان بـەوە هەبـوو کـە کێشـەکانیان لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە چارەسـەر دەکرێـن. ئـەوە لەکاتێکـدا لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی وڵات دۆخەکـە

بەوشـێوەیە نەبـوو. خۆڕێکخسـتن هەبـوو. کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان کـە لـە ئیسـتەنبووڵ دامـەزرا و هەوڵیـدەدا لـە کوردسـتان خـۆی ڕێکبخـات، لەلایـەن ئیتیحادییـەکان و درێژەپێدەرانـی ڕێبازەکەیـان، بـەرەوڕووی ناڕەزایی دەبوونــەوە. لــە دژی کۆمەڵــەی تەعالــی کوردســتان کــە کوردســتانی ســەربەخۆی کردبــووە ئامانــج، بـۆ ئـەوەی کاریگـەری ئەو ڕێکخراوە بشـکێنن و ڕێ لــە بڵاوبوونــەوەی بگــرن، هاتــن ڕێکخراوێکیــان دامەزرانــد بەنــاوی "کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵات بۆ پاراسـتنی مافە مىللییـەکان". چ ئەو ڕێکخـراوە، چ لقەکـەی کـە لـە ئەرزڕووم دامـەزرا، پێگـەی خۆی پتـەو دەکرد و بـەردەوام بـوو. ئـەو ڕێکخـراوەش کـە لـە ترابـزۆن دامـەزرا، "کۆمەڵـەی ترابـزۆن بـۆ پاراسـتنی مافـە میللییـەکان"، دیسـان ڕێکخراوێکـی کاریگەربـوو بەسـەر دەوروبەرەکەیـەوە. بێگومـان هەوڵەکانیـان بـۆ خۆڕێکخسـتن گرنگ بـوو. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نەبـوو کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا سـوود لـەو ڕێکخراوانـە دەبینێـت.

زیاتریـش ئـەو کەسـانەی کـە پێشـتر لـە سـوپادا بـوون سـەرۆکایەتی ئـەو ڕێکخراوانەیـان دەکـرد. ئـەوەش ئاشـکرایە کـە مسـتەفا کەمـال خۆیشـی سـەرباز بـوو، دەیتوانـی پەیوەندییەکـی نزیکتـر و توندوتۆڵتـر لەگـەڵ ئـەو کەسـانە دابمەزرێنێـت. ئـەو ڕێکخراوانـە نیـازی ئەوەیـان هەبـوو خەڵکەکـە بــە سیاســی بکــەن و هانیــان بــدەن بــۆ ئــەوەی بەشــداری چالاکییــە ســەربازییەکان ببــن. هیــچ گومانــی تێــدا نییــە ئەمــە لەچــاو ناوچەکانــی ڕۆژئـاوای وڵات زۆر دینامیکیانەتـر بەڕێوەدەچـوو. ئـەو چالاکییـە سیاسـییانە کــە ئامانــج لێیــان ڕێگریبــوو لــە گەڕانــەوەی ئەرمەنــەکان و بەتــەواوی مانـا کۆنترۆڵکردنـی کوردسـتان بـوو، بـۆ خەڵکەکـەش جێـی بایـەخ بـوون. خۆڕێکخسـتن لـە ئیجـە پـاش داگیرکردنـی ئیزمیـر لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە ئینجــا دەســتیپێکرد، بــەڵام ئەمــە نزیکــەی دوو ســێ مانــگ لــە دوای داگیرکارییەکـەوە دەسـتیپێکرد. واتـە ئەوکاتـەی کـە ڕۆمییە ڕاگوێـزراوەکان دەسـتیان بـە گەڕانـەوە بـۆ شـوێنەکانیان کـرد. تاوەکـو گەڕانـەوەی ئەمانـە خێراتـر و زیاتـر دەبـوو، خۆڕێکخسـتنیش خێراتـر و بەرفراوانتـر دەبـوو. هیـچ

مایەی سەرسامیش نییە کە ئەو جۆرە خۆڕێکخستنە لەلایەن کەسایەتییە دیارەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، چونکە ماڵ و موڵکی رۆمییەکان زیاتر لەلایەن ئەو کەسە خاوەن دەسەڵاتانەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو. ئەوەش روونە ئەو خۆڕێکخستنە جیاوازبوو لە خۆڕێکخستنی رۆژهەڵات. رێکخراوەکان لە رۆژهەڵات زیاتر لەلایەن کەسانی بیرۆکرات، یان سیڤیل و سەربازەوە سەرپەرشتی دەکران، بەڵام لە رۆژئاوا زیاتر کەسایەتییە دیارەکان پێشەواییان دەکرد. لە رۆژئاوا رێکخراوەکان هیچ داواکارییەکی سیاسی و دیموکراسییان نەبوو. هەرچی رۆژهەڵات بوو، لەگەڵ پڕوپاگەندەی "کوردستان دەدرێتە ئەرمینیا"، لە کوردستان و لە ئەرمینیا کار لەسەر ئامانجی سیاسی دەکرا، بەڵام ناشکرێ لێکچوون لەنێوان خۆڕێکخستنەکاندا لەبەرچاو نەگرین. هیچ پاکحسابییەکیان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسایی نەبوو، هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوان نەبوو. لە رۆژئاوا دژی رۆمییەکان و لە رۆژهەڵات دژی کورد و ئەرمەن و لە باشووریش دژی ئەرمەن لە شەڕدا بوون. بۆ ئەوەی باشتر ئەو شەڕانە بەڕێوەبەرن، لای بەریتانیا، فەرەنسا و بگرە بۆڵشەڤیکەکانیش بەدوای هاوکاریدا دەگەڕان.

یەکێک لە کاریگەرییە گرنگەکانی چوونی مستەفا کەمال پاشا بۆ رۆژهەڵات، ئەرکە سەربازییەکەی بوو لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەتایبەت لە ساڵی 1916 کە لە دیاربەکر و بەدلیس و مووش فەرماندەی فەیلەقی 16 بوو. وەک چۆن دواتر خۆیشی باسی دەکات، ئەوە دەرفەتی ناسینی کەسایەتییە دیارەکان بوو لە نزیکەوە. پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ ئەو کەسانە دروستکرد. زنار سیلۆپی لە کتێبەکەیدا (دۆزا کوردستان) کە کۆکراوەی بیرەوەرییەکانیەتی، وای نووسیوە:

"... مستەفا کەمال لە ماوەی جەنگدا، ئەوکاتەی لە دیاربەکر فەرماندەی فەیلەقی دوو بوو، پەیوەندی زۆری لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی کورد دا هەبوو، ئەو دۆستایەتی و پەیوەندییەی گەیاندبووە ئاستی برایەتی...

بە هاوکاریی ئیدریس بەدلیسی، میر و سەردارەکانی کورد بە رێککەوتن لەسەر بەخشینی بڕێک پارە بە خەزێنەی عوسمانی و بەشداریکردن لەو شەڕانەدا کە دەکران، دانیان بە سەروەریی دەوڵەتی عوسمانیدا دەنا. دەوڵەتی عوسمانی لەپای ئەوە دەستی لە کاروباری نێوخۆییان وەرنەدەدا. میر و سەردارەکانی کورد دژی شا ئیسماعیلی سەفەوی یارمەتی تورکەکانیان دا و سەرکەوتنیان لەو شەڕانەدا بۆ دەستەبەر کردن. دوای سەرکەوتن لە شەڕی چاڵدێران لە ساڵی 1514، بە فڕوفێڵ میرنشینە کوردییەکانیان لەنێوبرد. مستەفا کەمال بەپێچەوانەی سیاسەتی لەنێوبردنی کورد، تابوورێکی سەربازیی دروست دەکرد بە جلوبەرگی کوردییەوە بارەگاکەی بپارێزن. حەسەن بەگی دێرسمی بووە فەرماندەی ئەو تابوورە. ئەو هەڵسوکەوتە بەشێوەیەکی سرووشتی لەگەڵ سیاسەتی حکومەتەکەی ئیتیحاد و تەرەقی جیاواز بوو. مستەفا کەمال بەردەوام دوو منداڵی هەتیوی کوردی، لەسەر تەرز و شێوازی تابوورە سەربازییەکەی، جلوبەرگی لەبەرکردبوون و بەردەوام لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لەگەڵی بوون.

کەچی سەدان منداڵی ئاوارە (منداڵی ئەو کوردانەی راگوێزرابوون)، کە بێ دایک و باوک بوون و لە کۆڵانان بوون، لە برسان دەمردن و هەر ئێسک و پێست مابوونەوە و باری ناهەمواریان دەبینی. وەک سەربارێک بۆ ئەو دیمەنە بەرگەنەگیراوە، ئەو منداڵە بێچارانە لە سەرمای سەختی زستاندا بۆئەوەی لەژێر بەفر و باراندا خۆیان بپارێزن، لەژێر دیوار و پەسێوان پاڵیان بە پاڵی یەکدییەوە دەنا و گوایە خەوتوون. نیوەڕووت بوون. دەشێ گوێمان لە ناڵەی ئەو منداڵانە بێت و نەفرەت لە کاربەدەست و بەڕێوەبەرانی ئەو حکومەتە تورکییە زاڵم و دڕەندەیە نەکەین و بە رەفتاری زاڵمانە و ناهەقییەکانیان نیگەران نەبین؟ مرۆڤ ئەم دۆخە بۆ دووژمنەکەیشی بە رەوا نابینێت کە بە خوێنیشی تینووە. هەرچەندە ئەو دۆخە نالەبارە لەلایەن گەنجە بە ژمارە کەمە نەتەوەپەرستەکانی کوردیشەوە درکی پێدەکرا، بەڵام چاوی پیرەکان کە

بە پەردەی ئەستوور بەریان گیرابوو، دڵیان کە پڕبوو لە خۆشەویستی بۆ خەلیفە، ڕێگربوو لەوەی ئەو زوڵمە ببینن. ئەوەی مستەفا کەمال پاشا جلوبەرگی پاک بکاتە بەر دوو منداڵی هەتیوی کورد و لەگەڵ خۆی بیانگێڕێت، بەس بوو بۆ خەڵەتاندنی کوردە ساویلکەکان. ئەو نمایشە لەلایەک بۆ شاردنەوەی سیاسەتی وەحشەتناکی لەنێوبردنی گەلی کورد بوو، لەلایەکی دیکە، بۆئەوەی وای نیشانبدەن کە پاشا کوردی خۆشدەوێت. ئەو نزیکایەتییەی مستەفا کەمال پاشا بە رووکەشانە نیشانیدەدا، هێندە کاریگەر بوو کە کەسانێکی وا پەیدابوون دەیانگوت مستەفا کەمال پاشا کوردە.

سەرۆکەکانی ئیتیحاد و تەرەقی کە بەهیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی لەگەڵ یەک هەڵبکەن، بەتایبەت ئەنوەر پاشا و جەمال پاشا، ئەگەر لە دوای شەڕیش لەسەر کار و پێگەی خۆیان مابانەوە، پێموایە مستەفا کەمال پاشا بە سوودوەرگرتن لەو خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەی لەگەڵ کورد هەیبوو، بۆخۆی کوردستانێکی دادەمەزراند". [1]

ئەم گێڕانەوەیەی زنار سیلۆپی لەبارەی پەیوەندیی مستەفا کەمال پاشا و کورد، سەرەداوی گرنگ بەدەستەوە دەدات. بەهەمان شێوە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کازم قەرەبەکر پاشادا هەبوو کە وەک فەرماندەی فەیلەقی 15ی سوپا بۆ ئەرزڕووم نێردرابوو. لە کۆتایی 1918 و سەرەتای 1919دا چەندین جار لە ئیستەنبووڵ دەرکەوتن. [2]

بەم بیرکردنەوەیەوە، سەرەتای مانگی مایسی 1919 خۆی وەک یەکەمین پشکنەری سوپا جێگیر دەکات و لە 16ی مایسی 1919دا بە کەشتی خۆی دەگەیێنێتە سامسۆن. [3]

لەو کتێبەدا بەجیا چیرۆکی ئەو 18 کەسە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ مستەفا کەمال پاشا دەچنە سامسۆن. لەنێو ئەوانەدا ڕەفعەت بەگ، کازم بەگ،

---

1 - Zinnar Silopi, Doza Kürdistan, s. 43-44

2 - Şevket Süreyya Aydemir, Tek Adam, Cilt 1, s. 330 vd. Sabahattin Selek, Anadolu İhtilali, s. 152

3 - Fethi Tevetoğlu, Atatürk'le Samsun'a çıkanlar, Ayyıldız Matbaası, Ankara 1971, s. 13.

عەقید ئیبراهیم تالی بەگ، رائید خوسرەو بەگ، رەفیق بەگ هەبوون.

## 2 - ئەو بنەما سەرەکییانەی کە دەبێ جێبەجێ بکرێن

مستەفا کەمال پاشا لەنێوان ساڵانی 1920-1919دا گرنگییەکی زۆری بە جێبەجێکردن و شیاندنی چەند پرەنسیپێکی بایەخدار داوە. دەشێ بەم شێوەیە بیانخەینەڕوو:

### ئەلف: بایەخدانێکی مەزن بەوەی کە خەبات لە دژی ئینگلیز و فەرەنسییەکان نییە، بەڵکو دژی رۆمی و ئەرمەنەکانە

کەمالیستەکان هیچ پێکدادان و دژوازییەکیان لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکان نەبوو. هەموو کێشەی ئەوان رێگری بوو لە گەڕانەوەی ئەو رۆمی و ئەرمەنانەی لە ساڵانی 1916-1914 دا راگوێزرابوون، هاوکات پێشگرتن بوو لەوەی داوای خاوەندارێتی و مافی خۆیان بکەن بەسەر ئەنادۆڵ، کوردستان و ئەرمینیادا. یەکێکی دیکە لە کێشەکانیان ئەوەبوو پێشگیری بکەن لە هەر جۆرە چالاکی و بیرێک کە بە ئاراستەی دیاریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بچێت. سەرەتا با سەرنج بخەینە سەر روانگەکانی پەیوەست بە ئەرمەنێتی و رۆمێتی. لەوبارەیەوە بەڵگەی گرنگ لە کۆنگرەی سیڤاس خرانەڕوو:

- مەزهەر موفید بەگ: دەقی ماددەی یەکەم تەنیا باسی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات دەکات. رەنگە ئەمە وا پێویست بکات هەموار بکرێتەوە و بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر تەواوی مەمالیکی عوسمانی (خاکی دەوڵەتی عوسمانی) بگرێتەوە. [4]

4 - Mazhar Müfit'in Vilayet-i Şarkiye değil de, "Memalik'i Osmaniye" terimi üzerinde ısrar etmesi dikkate değer bir noktadır. İleride Misak-ı Milli ile birlikte ele alınacaktır.

- پاشای ڕێبەر (مستەفا کەمال پاشا): لەسەر هەقە
- مەزهەر موفید بەگ: لە سەرەتای ماددەی دووەم دا "هەر داگیرکاری و دەستتێوەردانێک بە ئاراستەی خزمەتکردنی ئامانجی دامەزراندنی ناسنامەی ڕۆمی و ئەرمەنی دەزانین...". کەوابێ ئەمڕۆ ئەوی کە بۆ نموونە ئەنتالیا و کۆنیا لەژێر هەژموونی داگیرکاریی ئیتاڵیادان، پەیوەندی بە ناسنامەی ئەرمەنی و ڕۆمییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ناسنامەی ئیتاڵیاییەوە هەیە. هەر بۆیە ئاخۆ ئێمە تەنیا بەرانبەر ڕۆم و ئەرمەنەکان وڵاتمان دەپارێزین؟ بڕوام وایە دەشێ ئەم ماددەیەش شێوەیەکی گشتگیرتری پێبدەین.
(قسەیەکی زۆر ڕاستە)
- پاشای ڕێبەر: ئەگەر دەرفەت بفەرموون چەند ڕوونکردنەوەیەک دەخەینەڕوو. لە کۆنگرەی ئەرزڕوومدا کاتێك ئەو ماددەیە نووسرایەوە هەمان بۆچوون هەبوو، بەڵام ئەگەر ئەوکاتە گوتبامان دژی فەرەنسا، ئینگلیز و ئیتاڵییەکان خەبات دەکەین، ئەگەری ئەوە هەبوو گەل خۆی لێ بەدوور بگرێت. ئەو خاڵە لەبەرچاو گیرا و باسمان لە وڵاتانی هاوپەیمان نەکرد. تەنیا دەستتێوەردانی ئەوانمان بە دەرئەنجام وەک خزمەتکردنی پایەی ڕۆمێتی و ئەرمەنچێتی حسێب کرد، بەڵام ئێستا ئیتر چۆنتان بوێ وای دەنووسین. پێمانوایە ناکرێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە ئەگەر ئێستا ئەنتالیا داگیرکرابێت، تاکە هۆکارێک بۆ ئەمە ئەوەیە یۆنانییەکان ئیزمیریان داگیرکردووە. گەلەکەمان خەبات لە دژی ئەرمەنی و ڕۆمییەکان بە ئەرکێکی ناچاری دەبینێت.
- فازڵ پاشا: لە قسەکانی مەزهەر موفید پاشادا دڵنیایی هەبوو. مەرج نییە لە پشت هەر هێرشێکی بیانییەوە هەوڵی ڕۆمێتی و ئەرمەنێتی هەبێت. پێموایە دەشێ پێشنیازی بەڕێز مەزهەر قەبووڵ بکرێت.
- پاشای ڕێبەر: بۆیە دەمەوێ چەند ڕوونکردنەوەیەک بخەمەڕوو:

بێگومــان نامانــەوێ وڵاتەکەمــان لەلایــەن هیــچ دووژمنێکــەوە داگیربکرێــت. بــۆ نموونــە ئەگــەر ئــەو هێزانــەی ئەمــڕۆ لــە ئافیــۆن کاڕاهیسـار و سامسـۆنن، ئەگـەر بـە فەرمـی وەک هێزێکـی داگیرکەریش نەبـن، لەڕاسـتیدا جگـە لـە داگیـرکاری هیـچ شـتێکی دیکـە نییـە. هەربۆیە ئێمــە هــەر کاتێــک لەبەرانبــەر ئــەو دۆخــەدا بەهێزبوویــن و دڵنیابوویــن لــە تواناکانــی خۆمــان، بەرگــری دەکەیــن.

- فـازڵ پاشـا: ئایـا گونجاوتر نییە بنووسـین؛ وەک چـۆن ڕێگە بە ئامانجەکانی ڕۆمێتـی و ئەرمەنێتـی نادەیـن، بەهەمـان شـێوە بەرانبـەر چالاکـی وڵاتانـی هاوپەیمانیـش بـێ هەڵوێسـت نابین؟

- مەزهـەر موفیـد بـەگ: تەنیـا نابـێ ئـەو خاڵـە نادیـدە بگریـن، ئـەم یاسـایە تەنیـا لەدەسـتی ئێمـەدا نییـە، بەڵکـو لەهەمـان کاتـدا بـا بڵێیـن لـە شـوێنێکی وەکـو ئەنتاڵیـا، کـە لەژێـر داگیرکاریـی ئیتاڵییەکاندایـە، کاتێـک بەدەسـتی ئەوانیـش دەگات، ئەوانیـش دەکەونـە ژێـر کاریگەرییەکـی خراپـەوە. ڕەنگـە بڵێـن: "وادیـارە ژێردەسـتەیی ئێمـە هیـچ بایەخێکـی نییـە، وادیـارە وڵات وڵاتـی ئێمـەش نییـە".

- پاشای ڕێبەر: گەورەم، دیدارەکە بەسە؟

- دەنگ (بەسە)

- حامـی بـەگ: ئـەم چەمکـی ڕۆمێتـی و ئەرمەنێتییە زۆر ڕوون نییـە. چونکە ڕۆمـی و ئەرمـەن دوو نەتـەوەن و هـەن. واباشـترە بگوترێـت حکومەتـی ئەرمـەن و ڕۆم، بـەم شـێوەیە ڕوونتـرە.

- مەزهەر موفید بەگ: تکا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە.

- پاشـای ڕێبـەر: مـن کێشـەیەک لـە سـەرنجەکەی مەزهـەر بەگـدا دەبینـم. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئـەو ماددەیـە ڕوانگـەی گشـتی کۆمیسـیۆنە. بـاس لــەوە دەکات کــە هــەر داگیرکارییــەک خزمەتــی ئامانجــی دامەزراندنــی ئەرمەنچێتی و ڕۆمچێتی دەکات. ئەگەر بەوشێوەیەی کاک مەزهەر دەڵێت وابێـت، بەمـە لـە دژی بەنـدی ئاگربەسـت دەوەسـتینەوە کـە ئەمـەش بـۆ ئێمـە ترسـناکە. وڵاتەکەمـان دەخەینـە دۆخێکـی مەترسـیدارەوە.

- مەزهــەر موفیــد بــەگ: مەرجەکانــی ئاگربەســت زۆر بێکاریگەرتــرن. داگیرکردنــی ئیزمیــر و ناوچەکانــی دیکــە هیــچ رێککەوتــن و ئاگربەســتێکی نەهێشــتەوە". [5]

بــە روونــی دەردەکەوێــت... شــەڕ لــە دژی رۆمــی و ئەرمەنــەکان بــوو. ئەگــەر ئینگلیــز و فەرەنســییەکانیش هێرشــیان کردبــا، هێشــتا دژی ئــەوان شــەڕ نەدەکــرا، هــەر تەنیــا دژی رۆم و ئەرمەنــەکان شــەڕ دەبــوو. بەپێــی ئــەو بەیاننامانــەی مســتەفا کەمــال پاشــا دەریکــردوون، ئاگربەســتی مۆنــدرۆس هــەر خــۆی بــە مانــای رێگەپێــدان دێــت بــە دەســتتێوەردانی ئینگلیــز و فەرەنســییەکان. ئەگــەر ژمارەیەکــی پێوانەیــی لــە کێشــمەکێش و ململانــێ تۆمــار بــکات لەگــەڵ رۆم و ئەرمەنــەکان تاوەکــو دەگاتــە ئەوانــی دیکــە، بــۆ ئــەم وڵاتــە شــتێکی بــاش نابێــت. رەنگــە ئەمــە ئینگلیــز و فەرەنســییەکان نیگــەران بــکات.

## ب. بزووتنەوەکە دژی پاشا نییە، بەتایبەت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئامانجەکە پاراستنی پاشا و خەلافەت و ئیسلامە

مســتەفا کەمــال پاشــا وێــڕای ئــەوەی بەریتانیــا و فەرەنســای لەبەرچــاو دەگــرت، بــە پێداگرییــەوە جەختــی لەســەر پاراســتنی ســەربەخۆیی و شــکۆی ســوڵتان و خەلافەتیــش دەکــردەوە.

لــەو تەلەگرافــە درێــژەی دا کــە بــە ســیفەتی پەرلەمانتــار لــە 26ی نیســانی 1920 ناردوویەتــی و بــە "پادشــای ئەعــزەم، حەقانیەتــی ئەقــدەس و گەورەمــان" دەســتپێدەکات، بــەم رســتانە کۆتایــی پێدەهێنــێ:

"گەورەی شکۆمەندمان.

هەندێــک ناپــاک هــەن دەیانــەوێ بەرگریــی نیشــتمانیمان وەک ناڕەزاییــەک

5 - Sivas Kongresi Tutanakları, Hazırlayan, Uluğ İğdemir, TTK, Ankara 1969, s. 34-36

بەرانبـەر پێگـەی پیرۆزتـان نیشـانبدەن و بەوهۆیـەوە خەڵـک بخەڵەتێنـن. ئەوانـە دەیانـەوێ گـەل بـە گـژ یەکـدی دا بکـەن و رێگـەی بـەردەم داگیرکردنـی وڵات بـە کراوەیـی بهێڵنـەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا هێرشـکار و قوربانـی هـەر بـۆ ئێوەیـە. هەموویـان بەهەمـان پلـە رۆڵـەی بـە ئەمەکـی ئێوەیـن.

تاوەکـو ئەوکاتـەی ئـاڵای دووژمنەکانمـان لەسـەر (روفاتـی) بابوباپیرانمـان لانەبەیـن، دەسـتبەرداری خەباتـی نەتەوەییمـان نابیـن. تاوەکـو ئەوکاتـەی سـەربازە ترسـێنەرەکانی دووژمـن بـەدەوری پەرسـتگە و شـوێنە ئایینییەکانمانـەوە بسـوورێنەوە، تاوەکـو ئەوکاتـەی بێگانـە پێیـان لەسـەر خاکـی ئـەم وڵاتەمانـە بێـت، ناچاریـن درێـژە بـە خەباتەکەمـان بدەیـن. جەنابـی هـەق، خـان و خەلیفـەی پارێـزەری وڵاتـی بابوباپیرانمـان لەگـەڵ ئەو رۆڵانەماندایە کـە شـەرەف و سـەربەخۆیی وڵات دەپارێـزن. ژیانێکـی پـڕ چەرمەسـەری و نەبوونـی لەژێـر سـایەی حکومەتەکـەی خۆمـان هەزارجـار بـە باشـتر دەزانیـن لـەو ئارامـی و بەختەوەرییـەی بـە نرخـی ژێردەسـتەییمان پێمـان دەدرێـت.

پاشـامان! پـڕ بـە هەسـتی وابەسـتەییەوە لە هەمـوو کات زیاتر پەیوەسـتین بـە تەختەکەتانـەوە. وەک چـۆن یەکـەم گوتـەی کۆبوونـەوەی پەرلەمـان بـە پەیوەسـتی بـە خەلیفـە و پاشـا دەسـتیپێکرد، بەهەمـان گوتـە لەکۆتاییـدا رێـز دەنوێنیـن". [6]

کەمالیسـتەکان، ئیسـلامیان وەک ئایدیۆلۆژیایـەک لـە شـەڕی تـورک- ئەرمـەن، تـورک- یۆنـان و هـاوکات یاخیبوونـە نێوخۆییەکانیشـدا بەکارهێنـا. لـە داهاتـوودا بـە فراوانـی دەگەڕێینـەوە سـەر ئـەو باسـەی کـە ئایـا چـۆن ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامیان بەکارهێنـا و چـۆن رەنگدانـەوەی هەبـوو لەسـەر سیاسـەتی نێوخۆیـی و پەیوەندییـە دەرەکییـەکان.

6 - Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri IV, s. 305-307

## پ- سەرکوتکردنی هەوڵەکانی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، دەستبردن بۆ هەر دەرفەتێک کە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی کورد بە ملکەچی

کاتێک مستەفا کەمال پاشا چووە سامسۆن و لەوێشەوە چووە ئەرزڕووم و سیڤاس، یەکێک لەو پرس و باسە سەرەکییانەی کە بیری لێکردەوە و جێبەجێی کرد، پرسی کورد بوو. بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو هەوڵ و جوڵانەوە کوردیانەی سەرکوت کرد کە بۆ سەربەخۆیی دەدران. لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا لەلایەک و لەگەڵ بەلشەڤیکەکان لەلایەکی دیکە، وەکو پرسێکی گرنگ دەخرایەڕوو. برایەتی کورد و تورک دەخرایە پێش و دەیانویست لەنێو ئەو "برایەتی"یەدا هەستی نەتەوەیی کورد بتوێننەوە. یەکێک لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی بەکارهێنانی برایەتی کورد و تورکیش ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی بوو بۆئەوەی هۆشیاری سیاسیی کورد شێوە نەگرێت. لە داهاتوودا بەشێوەیەکی فراوانتر هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسە گرنگە دەکەین، بەڵام لێرەدا وای بەپێویست دەزانین هەڵوەستە لەسەر بەڵگەنامەیەکی گرنگ بکەین. مستەفا کەمال پاشا لە 17ی حوزەیرانی 1919دا لە ئەماسیا، کاتێک هێشتا سێیەم پشکنەری سوپا بوو، لە نووسینێکدا کە بۆ فەرماندەی فەیلەقی 15ی سوپا کازم قەرەبەکر دەینێرێت، وەهای نووسیوە:

"1 - یانەیەکی کوردی لە دیاربەکر داخرا، چونکە دەرکەوت بە هاندانی ئینگلیز ئامانجیان دامەزراندنی کوردستانە. ڕێکاری یاسایی دژی ئەندامانی دەگیرێتە بەر. لەو ژمارە زۆرە تەلەگرافەی لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستانەوە پێمدەگەن، دەڵێن ئەو یانەیە نوێنەرایەتی هیچ کوردێک ناکات و تەنیا هەوڵی چەند سەرلێشێواوێکە، ئەوان

بـۆ سـەربەخـۆیی وڵات و گـەل و ژیانێکـی سـەرفرازانە ئامـادەی هەمـوو فیداکارییەکـن و رایدەگەیێنـن کـە لـە فەرمانـی ئێمـە دەرناچـن". [7]

پێویسـتە لـە چەنـد لایەنێکـی جیـاوازەوە هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو بەیاننامەیـەی مسـتەفا کەمـال پاشـا بکرێـت. ئـەوەی مسـتەفا کەمـال بـە "یانـەی کـوردی" نـاوی دەهێنێـت، لقـی دیاربەکـری کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتانە. پێشـتر گوتمـان کـە ئـەو کۆمەڵەیـە لەلایـەن رۆشـنبیرە نەتەوەخوازەکانـی کـوردەوە پێکهێنرابـوو. مسـتەفا کەمـال ئەوانـە وەک "چەنـد سەرلێشـێواوێک" ناودەبـات. دواتـر دەبینیـن لـەو نامانـەدا کـە بـۆ سـەرۆک خێـڵ و شـێخەکانی کـوردی ناردوویەتـی، رێـزی زۆری نوانـدووە و داوای هاوئاهەنگـی و هـاوکاری دەکات.

ئـەو پرسـەی پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن، کاتـی نووسـینی نامەکەیـە کـە 17ی حوزەیرانـی 1919یـە. لەوکاتـەدا شـێخ مەحمـوودی حەفیـد لە باشـووری کوردسـتان لـە دژی ئینگلیز دەرکەوتبـوو. ئینگلیزەکان وەک پێویسـتییەک بـۆ سیاسـەتی ئیمپریالیسـتانەی خۆیـان، دەیانویسـت لـە باشـووری کوردسـتان رێـکاری نـوێ پەیـڕەو بکـەن. کوردیـش هێنـدەی دەیانتوانـی مەبەسـتیان بوو رێگری لە دەسـتتێوەردانی ئینگلیز بکـەن. کورد دەیانویسـت لـە دەوری حکومەتێکـی یەکگرتـوو کۆببنـەوە. ئینگلیزەکانیش بەگوێـرەی سیاسـەتی ئیمپریالیسـتانەی خۆیـان، بـۆ ئـەوەی دەسـتباڵایی خۆیـان بەسـەر کـورددا بسـەپێنن، هێرشـیان کـردە سـەریان. هێرشـی ئینگلیـز بـۆ سـەر ئەو کوردانـەی شـێخ مەحمـوود رێبەرایەتـی دەکـردن، لـە 17ی حوزەیرانـی 1919 روویـدا. شـێخ مەحمـوود کـە لـە دژی ئـەو هێرشـە بەرەنـگاری دەکـرد، لـە رۆژی دووەم دا دەسـتگیرکرا و خرایـە زیندانـەوە. ئەو شـەڕەی نێـوان کـورد و ئینگلیـز کـە نزیکـەی دوو مانـگ درێـژەی هەبـوو، بـە شکسـتی کـورد کۆتایـی هـات.

7 - Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri IV, s. 34

کەوایە پێویستە پرسیارێکی گرنگ بکرێت: بەریتانیا کە مەبەستی بوو کوردستانی سەربەخۆ یاخود وابەستە دروست بکات، بۆچی لەگەڵ ئەو کوردانەی شێخ مەحموود سەرۆکایەتی دەکردن چووە نێو شەڕێکی خوێناوییەوە؟ بۆچی بەم شەڕە خوێناویانە ویستی حکومەتی کوردستان بڕووخێنێ و هەڵیبوەشێنێتەوە؟ وەڵامی ئەمە ئاسانە. بەریتانیا هەرگیز بیری لە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ یاخود وابەستە نەکردووەتەوە. بەپێچەوانەوە لە ساڵی 1915ـەوە بە رژدی کاری لەسەر دابەشکردنی کوردستان کردووە. ئەمەش لە نێوەڕاستی ساڵی 1919 بەدواوە بووە سیاسەتێکی چەسپاو، بەتایبەت دوای ئەوەی شێخ مەحموود ویستی حکومەتی کوردستان دامەزرێنێ و بەریتانییەکانیش ئەوەیان نەدەویست.
لێرەدا پێویستە لە پەیوەندی دا لەگەڵ زانست، بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەم باسە بکەین.
زانکۆکانی تورکیا، پرۆفیسۆر و نووسەرانیان کە باس لە رووداوەکانی نێوان ساڵانی 1922-1919 دەکەن، بەردەوام دەڵێن کە ئینگلیز ویستوویانە کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکەن. بەم شێوەیە هەر هەوڵێکی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەکەم دەگرن. دەیانەوێ وێنایەک دروست بکەن کە ئەوە ئینگلیز بووە کوردی ئاراستە کردووە. بۆیە بەردەوام وەک سەرچاوە پشت بە بەیاننامەکانی مستەفا کەمال پاشا و کازم قەرەبەکر دەبەستن. بەتایبەتیش باس لەو رووداوانە دەکەن کە لە باکووری کوردستان روودەدەن. ئەمە باسکردنێکی بێ بەڵگەیە. پەیوەندی ئەم باسە بەشێوازی دەربڕینی زانستی هەر ئەمەیە: هیچ بەڵگە و فاکتێک لە فاکتەکانی دیکە جیا ناکرێتەوە. هیچ فاکتێک بە جیا و بە سەربەخۆیی شەنوکەو ناکرێت. وەک چۆن فاکتێک بە فاکتەکانی دیکە کاریگەر دەبێت، بەهەمان شێوە فاکتەکانی دیکەش پێی کاریگەر دەبن. لەو سۆنگەیەوە فاکتەکان لەگەڵ هەموو پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، پەیوەستی و رایەڵە

نێوخۆیی و دەرەکییەکان و پێکدادان و گۆڕانکارییەکان دەخرێنە بەر باس. کاتێک سەیری هەڵوێست و بۆچوونی پرۆفیسۆرە تورکەکان دەکەین، ئەوە بەدی دەکەین کە بەهیچ شێوەیەک پابەندی ئەو بنەما بنەڕەتییە نەبوونە. بەگوێرەی نامە و نووسراوەکانی مستەفا کەمال پاشا و پاشاکانی دیکە، کورد بە سیخوڕیکردن بۆ ئینگلیز تۆمەتبار دەکرێت. ئەوە لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەک باسی دۆخی ئەو کوردانە ناکرێت کە لە گەرمەی شەڕی دژی ئینگلیزەکاندان. وەک ئەوەی رووداوێکی بەوجۆرە هەر روونەدابێت، وەک ئەوەی نەبووبێت. یاخود ئەو رووداوانەی لە باکووری کوردستان و باشووری کوردستان روودەدەن، بە جیاواز و لێک جودا باس دەکەن. بەم شێوەیە هەوڵدەدەن بنچینەی ئەو سیاسەتەی ئیمپریالیزمی بەریتانی بەسەر کوردستان دا جێبەجێی دەکات، بشارنەوە و هەڵوەستە لەسەر چەند رووداوێکی رووکەشانە دەکەن. لەو رووەوە، لەو نامەیەدا کە مستەفا کەمال پاشا لە 17ی حوزەیرانی 1919 بۆ کازم قەرەبەکر دەینێرێت و گوایە کوردانی دیاربەکر بە هاندانی ئینگلیز دەیانەوێ کوردستان دروست بکەن، لەگەڵ راستی وێک نایێتەوە. چونکە ئەو بەریتانیایەی گوایە هانی کورد دەدات بۆ دامەزراندنی کوردستان، لەهەمان ئەو رۆژانەدا لە باشووری کوردستان شەڕێکی خەست و خوێناوی بەسەر ئەو حکومەتەی کوردستان دا هێنرابوو کە داوای دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی دەکرد. کاتێک راستی و پەیوەندییە راستەقینەکان لە کات و شوێندا بەیەکەوە و وەک کۆیەک وەردەگیرێن، شتەکان ئاوا روون دێنە بەرچاو.

ئێستا با بەردەوام بین لە پشکنینی ئەو بەڵگەیەی سەرەوە.

"2 - خەڵکی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بە سیفەتی ئەوەی کە بوونەتە ئامانجی دەستدرێژی و تووڕەیی چەتە ئەرمەنەکان و گەورەترین کارەساتیان بینیوە، فیداکارییان وەک شانازییەکی گەورە بینیوە، بەڵام ناوچە ئارامەکانی ئەنادۆڵ بەم شێوەیە نییە. کادرە سیاسییەکان تاوەکو ئێستا لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان خەڵکیان کردووەتە یاریچەی خۆیان،

وایـان کـردووە خەڵـک بەرانبـەر هەمـوو گردبوونەوە و ڕێکخسـتنێک دوودڵ بـن و خۆیانـی لـێ بەدووربگـرن. [8]

هەربۆیـە ئـەوەی تاوەکـو ئێسـتا بەڕێگـەی جیـاواز و لـە هەمـوو شـتێک زیاتر بایەخـم پێـداوە، ئەوەیـە داهاتـووی گـەل و مافـی ژیانمـان بـە یەکبوونـی نەتەوەیـی دابیـن بکەیـن. بـۆ ئەمـەش ئامادەکردنـی بنەماکانـی ڕێکخراوێکی بەرفـراوان بـە هاوکاریـی پسـپۆڕانی سیاسـی (پێکهاتـوو لـە حیزبی سیاسـی جیـاواز) پێویسـتە. واتـە بەرگـری لـە مافـی نەتەوەیـی و فراوانکردنـی بـۆ دوورتریـن سـووچی وڵات. ئـەو تەلەگرافانـەی چ لـە بـواری سـەربازی یاخـود مەدەنییـەوە پێمگەیشـتوون و هـەوڵ و ڕێنمایـی و بۆچوونـی برایانـە و هاوکارانـەن، دەریدەخـەن کە گەلەکەمان زۆر پێویسـتی بـەو جۆرە کارانەیە. هەڵبەتـە ئەمـە پرسـێکی شـایانی باسـە. بێگومـان بەوپێیـەی حکومـەت لـە ناوەنـد لـە دۆخێکـی دیلـی و لەژێـر داگیرکارییەکـی سـەختی سـەربازیدایە، لای ئێـوەش ئـەوە ڕاسـتییەکی ئاشـکرایە کـە داهاتـووی گەل هـەر لەلایەن گەلـەوە دەستنیشـان دەکرێـت. بۆیـە بڕیـارم ئەوەیـە تورکەکان، بگـرە وەک برایەکـی ڕاسـتەقینە، هەمـوو گـەل لەسـەر خاڵێـک کۆبکەمـەوە و نیشـانی هەمـوو دنیـای بـدەم. ئـەوەی ڕاسـتیبێ ناتوانـم جگـە لـەو هێـزەی کـە لـە هەنـاوی ویژدانـی نەتەوەییـەوە هەڵدەقوڵێـت بیـر لـە هیـچ هێزێکـی دیکـە بکەمـەوە. سـەرجەم ئـەو بیرۆکـە و بۆچوونانـە بـەرز دەنرخێنـم کـە لەلایەن نوێنەرانـی سـەرجەم ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـەوە هەوڵـدرا لـە ئـەرزڕووم لیژنەیـەک پێکبێـت. بێگومـان ئەمـە پێویسـتە. بۆچـوون و بیرکردنـەوەم لەبـارەی یەکگرتنـی ئەنـادۆڵ لەگـەڵ ویلایەتەکانـی ئەدرنـە و ئیسـتەنبووڵ لەسـەر مافـی بەرگـری نەتەوەیـی یەکدەخەم و سـەرباری ئـەم بەیاننامەیەی دەکـەم.

مسـتەفا کەمـال دەیویسـت جوڵانـەوەی کـورد بـۆ دیاریکردنی چارەنووسـی

---

8 - ئـەو شـوێنانەی مسـتەفا کەمـال بـە شـوێنە ئارامـەکان ناویـان دەبـات، ئیجـە، ئەنادۆڵـی نێوەڕاسـت و تراکیان. مسـتەفا کەمـال پێیوایـە لـەو ناوچانـەدا هیچ جوڵانـەوە و هەوڵێکـی ڕژد نین. مسـتەفا کەمال "ناوچـە ئارامەکان" پەیوەسـت دەکاتـەوە بـەوەی متمانـەی خەڵـك بە کادرە سیاسـییەکان پتـەو بکات.

خۆی وەک "گەمەی ئینگلیزەکان" لە دەوروبەری خۆی بگەیێنێت، بەڵام هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە هەوڵی زۆری دەدا بۆ ئەوەی کورد بخاتە ژێردەستی خۆیەوە. بۆ ئەمەش دەیگوت کورد و تورک بران و لێک جیاناکرێنەوە، بەڵام رێگر بوو لەوەی پەیوەندییە نەتەوەییەکانی کورد گەشە بکەن، ئەو هەوڵانەشی وەک هەوڵی دواکەوتووانە و پاشڤەڕۆیانە و دنەی ئینگلیز دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا هانیدەدان بچنە ژێر رکێف و سایەی کەمالیستەکانەوە. ئەرکی کورد و ئینگلیزیش لە کۆدێکی پشکنەریدا کە رێکەوتی 24ی حوزەیرانی 1919ی بەسەرەوەیە، بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

"1. رائیدێکی ئینگلیز بەناوی مستەر نوئێڵ [9] لە سەردانێکیدا لە رووهاوە بەڕێگەی سیڤەرەک بەرەو وێرانشەهیر، لەگەڵ خێڵەکانی کورد کۆدەبێتەوە. پڕوپاگەندەی زۆر خراپی دژی دەوڵەتی عوسمانی کردبوون. ئەو وەڵامەی لە سەرۆک خێڵەکانی وەرگرتەوە بە دڵی ئەو نەبوون. پێیانگوتبوو بەهیچ جۆرێک لە دەوڵەت و لە برا تورکەکانیان جیانابنەوە و تاوەکو دوایین هەناسەیان لەوپێناوەدا شەڕ دەکەن. تەنانەت ئەو پارە زۆرەشیان رەتکردبووەوە کە ناوبراو خستبوویە بەردەمیان و بەمەش بوونە نموونەی وڵاتپەروەری و شەرەفپارێزی.

2. فەیسەڵی کوڕی حوسێنی شەریفی مەککە، رەمەزانی یاوەری ناردبووە یەکێک لە دێهاتەکانی وێرانشەهیر بۆ لای مەحموود بەگ کە سەرۆک خێڵێکی کوردە، پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە لەگەڵ ئینگلیز نێوانیان باش دەکاتەوە ئەگەر هاوکاربێت لەوەی شەش ویلایەتەکە (ئەلعەزیز، دیاربکر، وان، بەدلیس، ئەرزڕووم و سیڤاس) بۆ ئەرمەنەکان بن، بەڵام ئەو پێشنیازەی رەتکردەوە" [10]

9 - مێجەر نوئێڵ یەکێک بوو لە یاریدەدەرەکانی کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز لە عێراق و لە کوردستان کاری دەکرد. لە سەرەتای ساڵی 1919دا ئەوێی بەجێهێشت و چووە باکووری کوردستان.

10 - Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri IV, s. 43

لـەو بەڵگەیـەوە دوو شـت فێردەبین. یەکەم: ئینگلیـزەکان پڕوپاگەندەیەکی چڕیـان لەدژی حکومەتی عوسـمانی دەکـرد. وەک دەزانرێت جەنگی جیهانیی یەکـەم، جەنگـی ئیمپریالیزمـی ڕۆژئـاوا بـوو لـە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی و ئیمپریالیزمـی ئەڵمانـی. ئینگلیـزەکان زۆر لـە حکومەتـی عوسـمانی تووڕەبـوون، بەهـۆی ئـەوەی گوایـە هـۆکار بـوون لـەوەی جەنگەکـە درێـژە بکێشـێت. بەتایبەتـی بەرپرسـانی ئیتیحـاد و تەرەقـی، واتـە ئەوانـەی لـە دەسـەڵات دا بـوون وەکـو ئەنـوەر پاشـا، جەمـال پاشـا و تەڵعـەت پاشـا کـە پەیوەندیـی تووندوتۆڵیـان لەگـەڵ ئەڵمانـەکان هەبـوو، بـەڵام لـە مسـتەفا کەمـال و هاوڕێیەکانـی دڵ بـە کیـن و تـووڕە نەبـوون. مسـتەفا کەمـال پاشـا وەک ئایدیۆلۆژیا ئیتیحادچـی بـوو، بـەڵام بەلایەنـی کەمـەوە هێنـدەی ئـەو کەسانەی لـە سـەرەوە ناویـان هـات، پەیوەندیـی تایبەتـی هەبـوون. لە داهاتـوودا بـە وردی باسـی ئەمـە دەکەیـن.
خاڵـی دووەم پەیوەنـدی بـە فەیسـەڵی کوڕی حوسـێنی شـەریفی مەککەوە هەیـە. پڕوپاگەنـدەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیا" لەلایـەن فەیسـەڵ و هەوڵدانـی بـۆ ئـەوەی کـورد بـەلای خۆیدا رابکێشـێت، جێـی سـەرنجە. بەڵام ئـەوە راسـت نییـە کـە نێوانـی فەیسـەڵ و ئینگلیـزەکان ناخـۆش بووبێـت. بەهـۆی ئـەوەی شـێخ مەحمـوود لـەو سـەروبەندەدا وەک رێبـەری کـورد شـەڕی دژی ئینگلیـزەکان راگەیاندبـوو، فەیسـەڵ ناچاربـوو بڵـێ لەگـەڵ ئینگلیـز ناکۆکـە. ئـەوە لەکاتێکـدا خـۆی بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ بـوو لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە کرابـووە شـای کۆڵۆنییەکـی بەریتانیـا.

## 3. کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سیڤاس و شاندی نوێنەران

### ئەلف. کۆنگرەی ئەرزڕووم

مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە سامسـۆنەوە بـەرەو ئاماسـیا و لەوێشـەوە بـۆ سـیڤاس و پاشـان چـووە ئـەرزڕووم. لەنێـوان 23ی تەممـووز و حەوتـی

ئابی 1919دا کۆنگرەی ئەرزڕووم لەلایەن کۆمەڵەی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات - لقی ئەرزڕووم دەبەسترێت. 54 کەس بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کرد. لەوانە 17 یان ئەندامانی رێکخراوی (پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی ترابزۆن) بوون. ئەو ئەندامانەش کە لە کوردستانەوە هاتبوون و وەکو نوێنەری "ویلایەتەکانی رۆژهەڵات" بەشداربوون، زیاتر لە 20 ئەندام بوون. هەروەها ئەرزنجان، ئەرزڕووم و سیڤاسیش نوێنەریان هەبوو. کەسانی پێگە گرنگی سەربازیی وەکو مستەفا کەمال پاشا و رەئوف بەگیش ئەندام بوون. ئەو کەسانەی لە کوردستانەوە بەشدارییان کردبوو، زیاتر کەسایەتی دیاری خێڵەکان بوون. ئەوانەی لە ناوچەکانی دیکەوە هاتبوون، ئەفسەر، فەرمانبەر و خانەنشین بوون. پێشتر گوتمان کە رۆشنبیرانی کورد زیاتر لەگەڵ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان کاریان دەکرد. وەک دەردەکەوێت ئەندامانی کۆنگرە زیاتر لەوانە پێکهاتبوون کە لە ناوچەکانی ترابزۆن و کوردستانەوە بەشدارییان کردبوو. ئەوانەی لای ترابزۆنەوە هاتبوون دژی لازبوون و ئەوانەی لە کوردستانەوە بەشدارییان کردبوو دژی کوردبوون شەڕیان دەکرد. کورد زیاتر لە وان، بەدلیس و سێرتەوە هاتبوون. پێشتر گوتمان کە مستەفا کەمال پاشا لە ساڵی 1916دا فەرماندەی فەیلەق بوو. ئەوە جێگەی سەرنجە کە لە ناوچەکانی وەک دیاربەکر، ئەلعەزیز، مەڵاتییەوە هیچ ئەندامێکی کورد بەشداری نەکردبوو. تەنانەت تاکە یەک ئەندامی ناوچەکانی سەرووی سیڤاس بەشدارییان نەکردبوو. لە باشوور، ئەنادۆڵی نێوەڕاست، ئیجە، ئیستەنبووڵ و تراکیاوە تاکە یەک نوێنەریش بەشدار نەبوو. لەوکاتەدا بۆ نموونە لە ناوچەکانی باشوور، مەرەش، عەنتاب، ئەدەنە (کلیکیا) لەگەڵ ئەرمەنەکان، لە ئیجەش شەڕ لەگەڵ یۆنانییەکان گەرم بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بەرگرییە زیاتر پەیوەست بوو بە موڵک و ماڵی ئەرمەنی و رۆمییەکان، هەروەها لەبەرئەوەی هیچ کێشەیەک لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکان لە ئارادا نەبوو، بۆیە بایەخیان بەوجۆرە کۆنگرانە نەدەدا. راستترە بڵێین

بڕوایان بەوە هەبوو کە بەریتانیا و فەرەنسا کێشەکانیان لەگەڵ ڕۆم و ئەرمەنەکان چارەسەر دەکەن و ئەو چاوەڕوانییەیان لێیان هەبوو. بۆیە پێویستی نەدەکرد بەشداری لە کۆنگرەی وەهادا بکەن. بەهۆی ئەوەی کە زۆر پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە، بۆیە وای بە چاک دەزانین هەموو دەقی ماددەکانی بەیاننامەی کۆنگرەی ئەرزڕووم کە لە حەوتی ئابی 1919دا بڵاوکرایەوە، بخەینەڕوو. بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕووم لە 10 ماددەدا کۆکرانەوە. [11]

"1. ویلایەتی ترابزۆن و سەنجاقی جانیک (سامسۆن) و ویلایەتەکانی ئەرزڕووم، سیڤاس، دیاربەکر، ئەلعەزیز، وان، بەدلیس کە ناوی ویلایەتی ڕۆژهەڵاتیان هەڵگرتووە و هەموو ویلایەتە سەربەخۆکانی دیکەی نێو ئەو پانتاییە، بەجۆرێک یەکانگیرن کە ناکرێ هەر بیریش لەوە بکرێتەوە لە یەکتری و لە کۆمەڵگەی عوسمانی جیابنەوە. لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشن. ئامانجی داهاتوویان یەکە. ئەو ئەنساری ئیسلامەی لەو ناوچەیەدا دەژین، هەستی فیداکاری بە یەکتری دەدەنەوە. برای یەکترین و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕێز لە یەکتری دەگرن".

باسنەکردنی نەتەوەی تورک لەو ماددەیەدا و ئەوەی هەر کارێک کە دەکرێت دەچێتە خزمەتی نەتەوەی تورکەوە، جێگەی سەرنجە. بەپێچەوانەوە جێگە بە چەمکەکانی نێونەتەوەیی وەک "کۆمەڵەی عوسمانی" و "ئەنساری ئیسلام" دەدرێت. وا دەخرێتەڕوو کە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی دیاریکراوە، هەموو موسڵمانان بران و هەموویان پێکەوە کۆمەڵگەی عوسمانییان پێکهێناوە. لێرەدا تۆمارێکی زۆر سەرنجڕاکێش لەبارەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەخەینەڕوو. باس لە وان، بەدلیس، دیاربەکر و چەند ویلایەتێکی سەربەخۆ دەکرێت. هەکاری لەنێو سنوورەکانی ویلایەتی وان دا بوو. بەشێک لە مێردین لەنێو ویلایەتی

11 - بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕووم بڕوانە: بەشی دەیەم، ئەو سەرچاوانەی لە ژێرنووسی 59،58 خرانەڕوو.

مووسڵ و بەشێکیشی لەنێو ویلایەتی دیاربەکردا بوو. دەکرێ بڵێین ئەو سنوورانەی بەشێوەیەکی زیادەڕۆیانە باسیان لێوە دەکرێت، کەم تاوەکو زۆر هەمان سنووری ئێستان. هەرچەندە گوزارشتی "هەموو ویلایەتە سەربەخۆکانی دیکەی نێو ئەو پانتاییە" روون نییە و دیار نییە مەبەستی لە کام ویلایەتانەیە، بەڵام دەشێ ئەمە بەم شێوەیە قەبووڵ بکەین. لەو نامەیەدا کە ئەنوەر پاشا دوای شەش مانگ لە کۆنگرەی ئەرزڕووم، بۆ جەمال پاشای دەنێرێت، دیسانەوە بە نزیکەیی باس لە هەمان ئەو سنوورانە دەکرێت. ئەنوەر پاشا لەو نامەیەدا کە لە 26ی شوباتی 1920 بۆ جەمال پاشای دەنێرێت، باس لەو دیدار و سەودایە دەکات کە لەگەڵ سیخوڕە ئینگلیزەکان کردوویەتی. (12)

"نازانم براکەم ئاخۆ بۆم نووسیت کە رۆژی دووشەممە فڕۆکەکەمان پارچە پارچە بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی زیان بە کەس بگات گەڕاینەوە ماڵ؟ بەڵام سەیرتر لەوە، کە گەیشتمەوە ماڵ، مەحموود گوتی ئینگلیزەکان دەیانەوێ بە تەلەفۆن لەگەڵ من یاخود پارێزەرەکەم قسە بکەن. گوتم تووڕەم، ئەگەر شتێکی رژد (جدی) هەیە دەتوانین قسە بکەین. سەرئەنجام ئێوارە قسەم لەگەڵ کردن. کەسە پەیوەندیدارەکە گوتی کە ئینگلیزەکان سەرەتا نیگەران بوون لە پچڕانی دانوستاندنەکان، بەڵام ئێستا بۆچوونی چاودێران و بەریتانیاش ئەوەیە کە سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتی فەرەنسییەکان پەیڕەو بکەن. دووەم ئینگلیزەکان دەستبەرداری روانگەی پێشوویان بوون و لەگەڵ ئەو نەتەوەپەروەرانە کار دەکەن کە زۆرینەی گەلی تورکیا پێکدەهێنن.

بەوجۆرە وەک چۆن ئیستەنبووڵیان بۆ ئێمە بەجێهێشت، بەهەمان شێوە لە دوای دوو ساڵی دیکە سەربازەکانیان لە گەرووی ئیستەنبووڵ دەکێشنەوە و دان بە کۆمارەکانی قەفقاسیادا دەنێن و ئیزمیر، سەرتاپای سووریا، عێراق، سووریا و ناوچەکانی دیکە بۆ ئێمە بەجێدەمێنن. لەبارەی

12 - لەبارەی کارەکانی ئەنوەر پاشا لە داهاتوودا زانیاری زیاتر دەخەینەڕوو.

عێراقـەوە پێداگـر نابـن و لەبەرانبـەر ئەمەشـدا، ئێمـە (ئەنوەر پاشـا، جەمال پاشـا و تەلعـەت پاشـا) دەبـێ واز لـە کارکـردن لـە دژی بەریتانیـا بێنیـن. ئـەو داوایـەی هەبـوو. بـۆ ئەمـە دوێنـی چـووە پاریـس تاوەکـو لەگـەڵ لۆیـد جـۆرج کۆببێتـەوە". [13]

دیاریکردنـی سـنووری دەوڵەتـی کۆمـاری تورکیـا لەلایـەن ئەنـوەر پاشـا لـە شـوباتی 1920دا، کـە نزیکـەی هەمـان ئـەو سـنوورە بـوو لـە لـۆزان دیـاری کـرا، پێویسـتە بـە وردی هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت. ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە کەمالیسـتەکان زۆر زیاتـر لـە ئیتیحـاد و تەرەقـی لەگـەڵ ئینگلیـزەکان لـە پەیوەنـدی نهێنـی و تووندوتـۆڵ دا بوونـە. لـە داهاتـوودا دووبـارە دەگەڕێینـەوە سـەر ئـەو باسـە. با ئێسـتا درێـژە بە سـەرنجەکانمان لـە بڕیارەکانـی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم بدەیـن.

"2. بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عوسـمانی و دەسـتەبەرکردنی سەربەسـتیی گـەل و مەقامـی سـەڵتەنەت و خەلافـەت، پێکهێنانـی هێـزی نەتەوەیـی و سەردەسـتکردنی ئیـرادەی گـەل بنەمایـە".

لـەم ماددەیـەدا تێدەگەیـن بۆچـی هێـزی نەتەوەیـی دادەمەزرێنـن و بۆچـی ئیرادەی گەل سەردەسـت دەکەن: "دەسـتەبەرکردنی مەقامی سـەڵتەنەت و خەلافـەت"، چەمکـی خاکی عوسـمانی کە یەکگرتوویی دەسـتەبەر دەکات دیسـانەوە روون نییـە. هەرچـی ئـەو "ئیـرادەی گەل"ـەیە کـە لەسـەر خاکـی "دەوڵەتـی عوسـمانی" دەسـتەبەر دەکرێـت، ئەویـش روون نییە.

"3. لـە بەرانبـەر هـەر جـۆرە داگیـرکاری و دەسـتتێوەردانێک بـە ئامانجـی پایەدارکردنـی رۆمێتـی و ئەرمەنچێتـی، پاراسـتنی پێکەوەیـی و نیشـاندانی بەرگـری بنەمایـە بـۆ هەمـووان. بـە تێکدانـی سەردەسـتیی سیاسـی و هاوسـەنگیی کۆمەڵایەتـی و بـەو رێگەیـەش پێدانـی چەنـد ئیمتیازێـک بـە کریسـتیانەکان، قەبووڵکـراو نییـە".

---

13 - بۆ ئەو نامەیە بڕوانە:

Şevket Süreyya Aydemir, Enver Paşa, Cilt 3, s. 531

"4. لـە ئەگـەری ئـەوەی ناوەنـدی خەلافـەت (ئیسـتەنبووڵ) ناچاربێـت لـە بەرانبـەر گوشـاری دەوڵەتـان ئـەو نـاوە جێبهێڵێـت و فەرامۆشـی بـکات، ڕێوشـوێنی پێویسـت گیراوەتەبـەر بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچەیـە پەیوەسـتبێ بـە خەلافـەت و سـەڵتەنەتەوە".

لـەم ماددەیـەدا دووبـارە جەخـت لەسـەر پەیوەسـتبوون بـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت کراوەتـەوە. پاشـا و خەلیفـە ئەگـەر لەژێـر گوشـاری دەوڵەتانی هاوپەیمـان ناچاریـش بووبـن ئـەو نـاوە جێبهێڵـن، بـۆ ئـەوەی لـەم ناوچەیـە پابەنـدی و پەیوەسـتی بـە مەقامـی خەلافـەت و سـەڵتەنەت بەردەوامبـێ هەمـوو جـۆرە ڕێکارێـک دەگیرێتەبـەر.

"5. بەتــەواوی پابەندیــن بــە پاراســتنی مافــی ئــەو ناموســڵمانانەی لــە دێرزەمانـەوە لـە وڵاتەکەمانـدا دەژیـن، ئـەو مافانەی کە لەڕووی یاسـاییەوە جێگیرکـراون، بەوپێیـەی پاراسـتنی سـەر و مـاڵ و نامووسـیان بنەمـای ئاییـن و نەریتـە نەتەوەیـی و یاسـاییەکانمانن، بۆیـە ئەمە دەبێتە بڕوا و تێگەیشـتنی کۆنگرەکەشـمان".

6. لەنێـو ئـەو سـنوورەدا کـە وڵاتانـی هاوپەیمـان بەگوێـرەی ئاگربەسـتی مۆندرۆس لە 30ی ئۆکتۆبەری 1918 واژۆیان لەسـەر کردووە، هاوشـێوەی هەمـوو هەرێمەکانـی دیکـە، لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـش هەمـوو ئـەو بـرا موسـڵمانانەی کـە زۆرینـەی کولتـووری پێکدەهێنـن و هاوئاییـن و نـەژادن، بەتـەواوی دەسـتبەرداری بیـری دابەشـکردنی وڵاتەکەمان دەبـن، چاوەڕوانی ئـەوەش لـە (وڵاتانـی هاوپەیمـان) دەکەیـن ڕێـز لـە هەبـوون، مێـژوو، نەژاد و مافـە ئایینییەکانمـان بگـرن و هیـچ دژایەتـی و دەسـتتێوەردانێک لەمانەدا نەکـەن، لـەو پێناوەشـدا بڕیارێکـی پشتبەسـتوو بـە دادپـەروەری بـدەن".

تاوەکــو دواڕۆژەکانــی ئیمپراتۆریــی عوســمانیش، ئــەو ناوچانــە وەک کوردسـتان و ئەرمینیـا ناویـان دەهـات. بەشـێوەیەکی گشـتی بەشـی باکـوور بــە ئەرمینیــا و بەشــی باشــووریش بــە کوردســتان نــاوی دەهــات. دوای ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، بـە دیاریکراویـش دوای دامەزراندنـی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان، بـۆ ئـەو ناوچانـە گـوزارەی "ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات"

بەکاردەهێنرا. لقی ئەرزڕوومی کۆمەڵەی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات بە "ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ" ناوی دەبات، ئەوە لەکاتێکدا ئەنادۆڵ بەشێک بوو لە جوگرافیای کوردستان، ئەرمینیا، عێراق، سووریا و ئێران. بەم پێیە ئەرمینیا و کوردستان دوو پارچەی جوگرافی بوون لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. لێرەشدا ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەکاردەهێنرێت. وەها بەکاردێت کە بەشێک لە پارچەکانی ئەرمینیا و کوردستانیش بگرێتەخۆ. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە کەمالیستەکان ئەو ناوچانەیان خستووەتە چوارچێوەی ئامانجی داگیرکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەڵێن "سنوورەکانمان بەر لە 30ی ئۆکتۆبەری 1918"، مەبەستیان سنووری بەر لە واژۆکردنی ئاگربەستی مۆندرۆسە. دەکرێ بگوترێ جیهانی عەرەبی کەوتووەتە دەرەوەی ئەو سنوورە. بەدەر لەمە هیچ سنوورێکی روون و دیاریکراو نییە، بەڵام هیچ گومانێک لەوەدا نییە چەند ناوچەیەکی کوردستان و ئەرمینیا لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدان کە بیری لێکراوەتەوە. پێش ئەوەی ئاگربەستی مۆندرۆس واژۆ بکرێت، لەکاتێکدا هێشتا شەڕ بەردەوام بوو، ئەگەر ئەوە بهێنرێتە بەرچاو کە لە باشووری کوردستان شێخ مەحموود بەرزنجی حکومەتی کوردستانی دامەزراند و بەگژ ئینگلیزەکاندا چووەوە، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەوە ناڕوونە کامە بەشی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو سنوورەوە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە لە "ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ" و هەموو ئەوانەی لە ئەنادۆڵ دەژین، هەمووان لە روانگەی ئایینییەوە بران و لە روانگەی کولتووریشەوە موسڵمانەکان باڵادەستن. داوا لە دەوڵەتە زلهێزەکان دەکرێت رێز لە مافە مێژوویی، نەژادی و ئایینییەکان بگرن. لەڕاستیدا ئەمە قەبووڵکردنی هەبوونی گەلانی دیکەیە لەو ناوچەیەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناونەهێنانی گەلانی وەک تورک و کورد جێی سەرنجە.

"7. گەلەکەمان ئامانجەکانی سەردەم و مرۆڤایەتی شکۆدار دەکات، هاوکارییەکانی بواری هونەر، پیشەسازی و ئابووری بەرز دەنرخێنێ، بۆیە بۆ هێشتنەوەی سەربەخۆیی گەل و یەکگرتوویی نیشتمانمان، لە

چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کە بەگوێرەی بەندی شەش دیاریکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانج و نیازێک هەبێت بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەمان، پێشوازی لە هاوکاریی هەر وڵاتێک دەکەین لە بوارەکانی هونەر، پیشەسازی و ئابووری. گەورەترین ئارەزووی نەتەوەییمان ئەوەیە بە زووترین کات بڕیار لەسەر ئاشتەواییەک بدەین کە دادپەروەری بەرقەرار بکات.
لێرەدا دەڵێن ئەگەر دەوڵەتان بە مەرجی رێزگرتن لەو سنوورەی لە ماددەی شەش دا ئاماژەی بۆ کراوە رێز لە بنەما نەتەوەییەکانمان بگرن، ئەوکاتە یارمەتییە دارایی و ئابوورییەکان قەبووڵ دەکەین. وەک دەردەکەوێت بایەخ بە بنەما نەتەوەییەکان دەدەن. کاتێک دەستگرتن بەسەر خاکی کوردستان و رێگری لە گەڕانەوەی ئەرمەنەکان دەهێنینە بەرچاو، ئاخۆ مەبەستیان کامە میللەت و کام نەتەوەیە؟ هەوڵدراوە لە ماددەی یەکەم دا بەشێوەیەکی لێڵ و ناڕوون وەڵام بدرێتەوە "هەموو ئەو موسڵمانانەی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدان، رێز لە باری نەژادی و کۆمەڵایەتی یەکتری دەگرن".
"8. لەم سەردەمە مێژووییەدا کە گەلان چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، حکومەتی ئیستەنبووڵیش ناچارە مل بۆ ئیرادەی گەل کەچ بکات. چونکە رووداوەکان و دەرئەنجامەکانیان سەلماندیان ئەو حکومەتانەی لەو بڕیارانەدا کە هەر خۆیان دەیدەن و پشت بە ئیرادەی گەل نابەستن، لە دەرەوەش هیچ  کاریگەرییەکیان نەماوە. بۆیە بەبێ ئەوەی پێویست بە چارەسەری رزگارکردنی گەل بکات لەو دۆخە مەترسیدارەی خەڵکی تێدایە، پێویستە ئەنجوومەنی گەل کۆببێتەوە و هەموو ئەو بڕیارانەی لەبارەی گەل و چارەنووسی وڵاتەکەمان دەیاندا، لەژێر چاودێریی ئەنجوومەنی گەل دا بدرێن".
لەم ماددەیەدا باس لە رێزگرتن لە بنەمای دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان لەلایەن خۆیانەوە دەکرێت. ئەو شاندە کە ئامانجی هەرە گرنگیان دەستبەسەرداگرتنی خاکی کوردستان بوو، چۆن دەتوانێ باس لە بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس بکات؟ رێز نواندن بەرانبەر

حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ هەر لێـرەدا دێتە بەربـاس. دەگوترێ حکومەت بانگهێشـتی ئەنجوومەنـی گـەل بکـرێ و بڕیارەکانـی لـەوێ دەربچـن.

"9. بەهـۆی ئـەو رووداوە خەمهێنەرانـەی دووچـاری گەلەکەمـان بـوون و رێککەوتـن و یەکگرتنـی ئـەو کۆمەڵانـە کـە هەڵقـوڵاوی ویژدانـی میللیـن، ئـەم جـارە وەک رێکخـراوی پاراسـتنی مافەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ یەکیگرتـووە. ئـەم کۆمەڵەیـە دوورە لـە هـەر رەوت و پارتێکـی سیاسـی. هەمـوو هاونیشـتمانییە موسـڵمانەکان ئەندامـی سرووشـتیی ئـەم رێکخـراوەن".

لێـرەدا دیسـانەوە چەمکەکانـی وەک گـەل و میللـەت دەبینیـن. هەڵوەسـتەیان لەسـەر یەکگرتوویـی موسـڵمانان کـردووە. وێـڕای ئـەوەی نـاوی کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە میللییەکانـی ویلایەتەکانـی رۆژهەڵاتیـان گۆڕیـوە بـۆ کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ. ئـەو رێکخراوانـەی لـە ترابـزۆن و ناوچەکانـی دیکـە هەبـوون، هەموویـان لـە چوارچێـوەی ئـەو رێکخـراوەدا کۆبوونـەوە.

"10. ئەنجوومەنێـک لەلایـەن کۆنگـرەوە هەڵبژێـردرا و سـەرجەم دامەزراوە میللییـەکان لـە دێهاتەکانـەوە تاوەکـو دەگاتـە ناوەنـدی شـارۆچکەکان، یەکیانگرتـووە و خۆیـان بەهێـز کـردووە. ئەنجوومەنەکـەش بریتیـن لـە:

1. سێیەم پشکنەری پێشووی سوپا مستەفا کەمال پاشا.
2. وەزیری پێشووی کاروباری دەریایی رەئوف بەگ.
3. خواجە رائیف ئەفەندی ئەرزڕوومی.
4. نوێنەری ترابزۆن عیززەدین بەگ.
5. نوێنەری ترابزۆن سەروەت بەگ.
6. شێخی نەقشبەندی فەوزی ئەفەندی لە ئەرزنجانەوە.
7. والی پێشووی بەیرووت بەکر سامی بەگ.
8. نوێنەری پێشووی بەدلیس سەعدوڵڵا ئەفەندی.
9. سەرۆکی خێڵی موتکی حاجی مووسا بەگ.

ئەمانە هەڵبژێردرابوون. دواتر کازم قەرەبەکریش بووە کەسی دەیەمی ئەنجوومەنەکە. [14]

ئەو ئەنجوومەنە هەرگیز کۆنەبووەوە و هیچ ئەرکێکی جێبەجێنەکرد. هەر خۆی سەرۆکی خێڵی موتکی حاجی مووسا بەگ، نوێنەری پێشووی بەدلیس سەعدوڵڵا ئەفەندی، والی پێشوو بەکر سامی بەگ، ئەندامی ئەو کۆنگرە 54 کەسییە نەبوون. ئەم ناوانە وەکو ئەندام و بەشداربوو لە کۆنگرەدا نەبوون. کۆنگرە بەبێ ئاگاداری ئەوانیدیکە ئەم کەسانەی هەڵبژاردبوون.

بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕووم لەلایەن ئەنجوومەنی گشتی کۆنگرە، لەلایەن کازم قەرەبەکر پاشاوە گەیێندرانە حکومەتەکەی ئیستەنبووڵ. کازم قەرەبەکر پاشا لە پێنجی ئابی 1919، لەو تەلەگرافەی بۆ وەزارەتی بەرگری ناردووە، دەڵێت:

"پێموایە ئەرکێکی مەزن بەجێدەگەیێنم بەوەی لەبارەی کۆنگرەی ئەرزڕوومەوە عەرزتان دەکەم. بەو بۆنەیەوە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە کۆنگرەی ئەرزڕووم گەلی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی کۆکردەوە. کۆنگرەکە بە بەشداری 70 کەس [15] لە ئەرزڕووم بەڕێوەچوو، لەکاتێکدا کە مستەفا کەمال پاشا و رەئوف بەگ هێشتا لە ئیستەنبووڵ بوون، بگرە هێشتا لەو ناوچەیە ناویشیان نەدەزانرا، وا دادەنرا بەم بڕیارە لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات مەترسییەکی گەورە و خوێناوی دێتە ئاراوە. [16] لەم کۆبوونەوەیەوە دەرکەوت کە بەدڵنیاییەوە هیچ کاریگەرییەکی سیاسی ئەوتۆی نابێت. [17]

---

14 - Mahmut Goloğlu, Erzurum Kongresi, s. 104-105

15 - پێشتر گوتمان کە ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرەی ئەرزڕووم 54 کەس بوون.

16 - ئەم روونکردنەوەیەی کازم قەرەبەکر پاشا زۆر جێی سەرنجە. دەڵێت ئەوکاتەی کۆنگرەی ئەرزڕووم لە "ویلایەتەکانی رۆژهەڵات" لەلایەن خەڵکەوە سازکرا، هێشتا لەو ناوچەیە ناوی مستەفا کەمال نەبیسترابوو. لە بەڵگەنامەی فەرمیشدا بە پێداگرییەوە ئەوە نووسراوە کە کۆنگرەکە لەلایەن مستەفا کەمالەوە سازکراوە.

17 - ئەم بەیاننامەیەی کازم قەرەبەکر پاشا جێی سەرنجە. دەڵێت بۆ "رزگارکردنی گەل و نیشتمان لە چنگی دووژمن" کۆنگرە دەبەستن، بەڵام ئەو هەوڵە هیچ کاریگەرییکی سیاسی نییە.

هەستانەوەی خۆیان لە کارەساتەکان وەردەگرن و لە رۆحی میللەت دابڕاون، هێزیش لە بێگانان وەردەگرن، بە سوودی یەک دوو کەس لە هەوڵدان بۆ پەردەپۆشکردنی رۆحی نەتەوەیی و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ئەم بیرکردنەوەیە دەبێتە سەرەتای زیانێکی قەرەبوونەکراوە بۆ گەل و نیشتمانەکەمان، بەبێ ئەوەی بزانن ئایا لەلایەن حکومەتەکەمانەوە قەبووڵ دەکرێت یاخود نا، بەردەوامن لەسەر بەدیهێنانی خواستی دەرەکی. ئەو تێگەیشتنە کە بە زیانی قەرەبوونەکراوە بۆ وڵات و گەلەکەمان دەشکێتەوە، ئەوەی کە بەبێ ئاگایی و زانینەوە لەلایەن حکومەتەکەمانەوە قەبووڵ کراوە و بە پێداگرییەوە ئارەزووی بێگانان دەهێنێتەدی و ئاسانکاری بۆ دەکات، خەڵکەکەمان نیگەران و بریندار دەکات.

ئەو دوو کەسە، مستەفا کەمال پاشا و رەئوف بەگ کە لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆنگرەوە قەبووڵکراون، هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر دۆخی ئێستا و رەوتی میللی نەبووە کە هەڵقوڵاوی خەمی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتە، بەپێچەوانەی ئەوەی بگوترێ باشتر لە دۆخی سیاسی تێگەیشتوون، بیریان لە پێگەی حکومەتەکەمان کردووەتەوە و ئەو هێزە میللییانەی ئێستایان خستووەتە دۆخێکی ئارامتر و وریاتر و بە باشی ئیدارەیان کردوون. بۆیە ئەو بڕیارانەی لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دەستەی سەرپەرشتیاری گشتی کۆنگرە، مستەفا کەمال پاشا و رەئوف بەگ نێردرابوون، هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر رای گشتییەوە نەبووە. ئەو رەوتە نەتەوەییەی هەڵقوڵاوی خەمی ژیان و ناموسە لە دۆخی وروژاندایە. بۆ دڵنیاکردنەوەی هاونیشتمانیانمان و رای گشتی، تاکە چارەسەر ئەوەیە بەزوویی و بەشێوەیەکی کردەیی ئەنجوومەنی گەل کۆببێتەوە، ئەوە بە ئەرک دەزانم کە پێتان رابگەیێنم ئەگەر ئەمە نەکرێت، رەوتە میللییەکان دەگەنە ئەو ئامانجە. چونکە ئەو تێگەیشتنە گشتییەی لێرە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە هەر بڕیار و سیاسەتێک لەگەڵ بۆچوونی نوێنەران نەگونجێت، ئەوە دەدرێت. ئەم

بەرپرسـیارییە مێژووییـە زیاتـر لـەوەی لەسـەر شـانی چەنـد کەسـێک بێـت، چاکتـرە بخرێتـە سـەر شـانی بیری ناسیونالیسـتی و ویسـتی نەتەوەیـی. بگرە ئەگـەر لـەو هەلومەرجـەی ئەمـڕۆدا کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی گـەل لـە بـەردەم هێـزە بیانییـەکان لە ئیسـتەنبووڵ وەک مەترسـییەک سـەیر بکرێت و بەوهۆیـەوە ئـەو ئەرکـە پێویسـتە دوابخرێـت، دەگـوترێ لە ئەنادۆڵ وەک حکومـەت دەینوێنـن و وەک پادشـامان قەبووڵـی کردبێـت، کۆبوونـەوە دەکرێـت، گەیاندنـی ئەمـەش وەک ئەرکێکـی نیشـتمانپەروەرانەی سـەر شـانی خـۆم دەزانـم". [18]

وەک دەردەکەوێت، لەو نووسـراوەیدا کە کازم قەرەبەکر بۆ حکومەتەکەی ئیسـتەنبووڵی نـاردووە، هەڵوەسـتە لەسـەر پێویسـتی کردنـەوەی ئەنجوومەنـی گـەل و درێـژەدان بـە کارەکانـی دەکات. لـە نووسـراوێکی دیکـەدا، کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆنگرەکـەوە نێـردراوە، حکومەتـی لـە بەیاننامـەی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم ئـاگادار کردووەتـەوە. [19]

## بێ. ئەو نامانەی بۆ شێخ و سەرۆک خێڵە کوردەکان نووسران

چەنـد ڕۆژێـک دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەو بەیاننامەیە، مسـتەفا کەمال حەوت نامـەی بـۆ ئـەو شـێخ و کەسـایەتییە کوردانـەی کوردسـتان نووسـی کـە دەیزانـی کاریگەرییـان هەیـە. پێشـتر باسـی ئەوەمـان کردبـوو کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا لەکاتـی ئەرکەکـەی لـە بەتلیـس چەندیـن کەسـایەتی کـوردی ناسیبوون.

یەکێـک لـەو نامانـە لـە 10ی ئابـی 1919 و شەشـەکەی دیکـەش لـە 13ی ئابـی 1919 نووسـراون. نامـەی یەکـەم بـۆ سـەرۆکی خێڵـی موتکـی، حاجـی مووسـا بـەگ نێردراوە کە سـەرباری ئەوەی بەشـداری کۆنگـرەی ئەرزڕوومی

---

18 - Kazım Karabekir , İstiklal Harbimiz, s. 102-103
19 - Kazım Karabekir , a.g.e., s. 104-106

نەکردبـوو، وەک ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران هەڵبژێردرابـوو. بەباشـی دەزانیـن ئـەو نامانـە بخەینـەڕوو، چونکـە لـەڕووی ئـەو ڕێـزەی مسـتەفا کەمـال نواندوویەتـی بـۆ ئـەو کەسـایەتییە کوردانـەی پەیوەنـدی لەگەڵیاندا هەبـووە، گرنگـن. پێشـتر باسـی ئـەو نووسـراوەی مسـتەفا کەمالمـان کـرد کـە لـە 17ی حوزەیرانـی 1919 نووسـراوە و تێیـدا دەسـتەواژەی "چەنـد سەرسـەرییەک"ی بـۆ ڕووناکبیرانـی کـورد بەکارهێنابـوو، کاتێـک ئـەوە بـەراورد دەکەیـن لەگـەڵ ئـەو نامانـەی بـۆ ئەشـراف و کەسـایەتییەکانی کـوردی نـاردوون، دەگەینـە دەرئەنجامـی سـەرنجڕاکێش.

"بۆ سەرۆکی خێڵی موتکی حاجی مووسا بەگ ئەفەندی ڕێزدار..
بـەردەوام ئـەو یادەوەرییـە بەهـادارە لـە دڵـم دا هەڵدەگـرم کـە کاتێـک فەرمانـدەی دووی سـوپا بـووم و دۆخێکـی زۆر هەسـتیارم هەبـوو، پەیوەندییەکـی قووڵمـان هەبـوو. ئـەو فیـداکاری و خزمەتەی زاتـی بەڕێزتان کـە هـەر لـە زووەوە بەرانبـەر دەوڵـەت، گـەل و نیشـتمان هەتانبـووە، لەسـەرووی هەمـوو ڕێـز و شایسـتەییەکە. لەسـەرووی ئەمانـەوە، لـەو هاوکارییـە بەهادارەی پێشکێشـی سـوپاتان کرد، لـەو ڕاپەڕینەی لـە ناوچەی موتکـی بەرانبـەر دووژمـن کـرا [20]، ئـەو هـەوڵ و کارانەتـان هەمیشـە جێـی بایـەخ و سوپاسـگوزارین. دوای ئـەو هەمـوو فیداکارییەمـان، بـە چەنـد هۆکارێـک کـە تەنیا خـودا ئاگاداریانـە، ناچـاری ئـەوە بوویـن لەگـەڵ دووژمنەکانمـان ئاگربەسـتێک واژۆ بکەیـن. هیوامان بـەوە هەبوو هەرهیچ نەبێ بـە جێبەجێکردنـی بەندەکانـی ئاگربەسـت بەشـێوەیەکی ڕێکوپێک و بە نیازپاکییـەوە، سـەربەخۆیی و ئاینـدەی نەتەوەکەمـان پارێـزراو و مسـۆگەر بێـت، بـەڵام ئەمـڕۆ دووژمنەکانمـان دژی دەوڵـەت و میللەتەکەمـان [21]، دەیانـەوێ وڵاتەکەمـان بەتـەواوی دابـەش بکـەن، مافـی سـەربەخۆیی

20 - لە ساڵی 1916 بتلیس و دەوروبەری لەژێر داگیرکاری سوپای قەیسەر دابوو.

21 - چەمکـی میللـەت، بـە مانـای ئەمـڕۆی هاوواتـای نەتـەوە نییـە. بـۆ ئـەو کەسـانە بەکاردەهێنرێـت کـە هاومەزهـەب و ئایینـن. لێـرەدا چەمکـی میللەتەکەمـان بەمانـای کۆمەڵگـەی ئیسـلام و عوسـمانی دێـت.

و سەردەستی لـە گەلەکەمـان بسـتێننەوە کـە لـە سـەردەمانی زووەوە لەپێنـاو ئیسـلام دا خوێنـی رشـتووە و بیکەنـە کۆیلـە [22]، زۆر بـە روونیـش ئـەوە دیـارە کـە ئـەو وڵاتـەی بـاوک و باپیرانمـان بۆیـان بەجێهێشـتووین، دەیانـەوێ بیدەنـە ئەرمـەن. [23] ئـەوە دۆخێکـی چـەوت و شـەرمەزارانەیە کـە حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ، لەوکاتـەی پێویسـتە پشتئەسـتوور بـە هێـزی گـەل و هیواکانـی بجوڵێتـەوە و ئەرکـە نیشـتمانییەکەی خـۆی بزانێـت، بێدەسـەڵاتانە و بـە دەسـتەپاچەییەوە ئیـدارە و دەسـەڵات بـۆ ئـەو دووژمنانەمـان بەجێدەهێڵـێ کـە سـەری بـۆ شـۆڕکردوون. گەلەکەمان کە لـە سـاڵانێکی زووەوە وانـەی فیداکاری بە جیهان داوە [24] و شـەرەفمەندی و فەزیڵەتـی نیشـانداوە، بە تێگەیشـتن و سووسـەکردنی ئـەوەی بەمزووانە بەدەسـت ئـەم دەسـتە بـێ دەسـەڵاتەوە چـۆن بـەرەوڕووی چارەنووسـێکی مەترسـیدار دەبینـەوە، لـە هەمـوو ئـەو ناوچانـەی چـووم و شـارەزایانم، دەیانـەوێ مافداریـی وڵاتەکەمـان بپارێـزن، بـۆ ئەمەش کۆمەڵەی پاراسـتنی نەتەوەییـان دروسـتکردووە و بـە چاکـی کار دەکـەن. بـە شـانازی و سوپاسـگوزارییەکی زۆرەوە ئەمـەم بەدیکـرد. ئیـدی لـەو هەلومەرجـەدا بـوو لەجیاتـی ئـەوەی وەک سـەربازێکی پابەنـد بـە مـەرج و رێسـاکان کار بکـەم، لـە باوەشـی گەلەکـەم دا و لەگـەڵ هاونیشـتمانییەکانم وەک فیداکارێکـی نەتەوەیـی، خەباتکردنـم تاوەکـو مـردن بـۆ خۆشـبەختیی گـەل و سـەربەخۆییەکەی بەباشـتر زانـی، هەربۆیـە لـە ئەرکـی سـەربازیم کـە عاشـقی بـووم، دەسـتم کێشـایەوە. [25]

بەشـێوەیەکی خوەزایـی متمانـەم بەوە هەیـە کە لەم کارە نیشـتمانییەم دا

22 - مسـتەفا کەمـال پاشـا دەڵێـت "دەیانـەوێ سـەربەخۆییمان لەدەسـت دەربێنـن و بمانکەنـە کۆیلـە"، لەمەشـەوە داوای هـاوکاری سـەرۆک خێڵێکـی کـورد دەکات. کاتێـک ئـەوە دەهێنینـە بەرچاومان کـە ئەمڕۆ گەلی کـورد هەمـوو بەهـا نەتەوەییەکانـی خـۆی، سـەربەخۆیی، زمـان، کولتـوور و هەمـوو مافـە دیموکراسـییەکانی زەوتکـراون و ئـەو هێـزەش کـە ئەمـەی کـردووە کەمالیسـتەکان بوونـە، لێـرەدا بۆمـان دەردەکەوێـت و دەبینیـن لەنێـو چ دژوازییەکـی قووڵدایـن.

23 -مسـتەفا کەمـال پاشـاش هاوشـێوەی کازم قەرەبەکـر پاشـا پڕوپاگەنـدەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینیـا" دەکات و دەیـەوێ بەمـە کاریگـەری بخاتـە سـەر کـورد.

24 - دەشێ ئەو وانانەی فیداکاری چی بن و دنیا چ سوودێکی لە وانەی هاوشێوە وەرگرتووە؟

25 - سەرا، لە 9ی تەممووزی 1919دا کۆتایی بە ئەرکە فەرمییەکەی مستەفا کەمال پاشا هێنا.

هاونیشـتمانییە بەهادارەکانـم کۆمەکـم دەکـەن و لەگـەڵ مـن دەبـن. بـە بەشـداری ژمارەیـەک لـەو کۆمەڵانـەی باسـمکردن، بـە ئامانجـی یەکگرتنـی نەتەوەیـی و بەهێزبوونمـان بەرانبـەر ئـەو دووژمنـەی دەیـەوێ کۆتایـی بـە هەبوونمـان بهێنـێ، کۆنگـرەی ئـەرزڕووم بەسـترا. لەبـارەی ڕێککەوتـن و بڕیـارەکان برامـان جـەلال بەگ بڕیـارەکان دەگەیێنێـت، نامـەوێ لەوبارەیەوە قسـەکانم درێـژ بکەمـەوە، بـەڵام مەبەسـتمە ئـەوە ڕوونبکەمـەوە کـە بـە ئامانجـی سـەربەخۆیی گـەل و بـە ئاراسـتەی بەدیهێنانـی یەکگرتوویـی خاکـی وڵات، هەروەهـا بـە ئامانجی نیشـاندانی بە نـاوەوە و دەرەوە، ئەنجوومەنێک لەلایـەن کۆنگـرەوە هەڵبژێـردرا و قەبـووڵ کـرا. زاتـی ئێـوەش بـە کـۆی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە وەک ئەندامـی ئەنجوومەنەکـە هەڵبژێـردران. منـی ستایشکاریشـتان لـەوێ ئامادەبـووم و هەروەهـا وەزیـری پێشـووی هێـزی دەریایـی و پاڵەوانـی حەمیدیـە، ڕەئـوف بەگـی براشـمان [26] لەوێبـوو. بەڕاسـتی دڵخۆشـم بـەوەی کـە شـوێن و کاتێـک فەراهـەم بـووە بـۆ ئـەوەی لەپێنـاوی ڕزگاریـی نیشـتمان و بەختەوەریمانـدا دەسـت دەخەینـە نێـو دەسـتی یەکـدی. بەگوێـرەی ئـەو پەیـڕەوەی کـە برامـان جـەلال بـەگ دەیگەیێنێتـە دەسـتتان، هیواخوازیـن زیندوویـی و تیـن بـە ڕێکخراوەکەمـان بـدەن و تـکای ئەوەتـان لێدەکـەم هیـچ کەسـێک دەسـتی تێوەرنـەدات و بـەری پێنەگرێـت. دیسـانەوە تـکای ئەوەتـان لێدەکـەم لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجـی نەتەوەییـدا هاوکاربیـت و لـە ڕاسـتای ئـەو حکومەتـەی لـە ڕوانگـەی دەسـەڵات و هێزەوە بڕوامان پێی هەیە، هەر دژایەتییەک بەدیکرا، پێویسـتە باڵادەسـتیی گـەل نیشـانبدرێت. هاوشـێوەی ئێـرە خەریکـە لە سیڤاسـیش نوێنەرانـی گـەل کۆدەبنـەوە و کۆنگرەیـەک دەبەسـتن. بەندەشـتان تاوەکـو چەنـد ڕۆژێکـی دیکـە بـەرەو سـیڤاس دەکەومـە ڕێ. دوای کۆنگـرە دووبارە دەگەڕێمـەوە ئـەرزڕووم [27] و لـەوێ بـە دیدارتـان شـەرەفمەند دەبـم. بـۆ

26 - ڕەئوف بەگ، کە ئاگربەستی مۆندرۆسی واژۆکرد.

28 - ئـەم نامەیـەی مسـتەفا کەمـال پاشـا کـە ڕێکەوتـی 10ی ئابـی 1919ی بەسـەرەوەیە، بـە نـاوی "مسـتەفا کەمـال" واژۆکـراوە. ئـەو شـەش نامەیـەی دیکـە کـە لـە 13ی ئابـی 1919 ناردوونـی، بەنـاوی "مسـتەفا کەمـال، پشـکنەری فەرماندەیـی سـێ سـوپا" واژۆیـان لەسـەرکراوە.

ئەمـەش لـە کاتێکـی گونجـاودا بـە رێگـەی تەلەگـراف زانیـاری بـۆ هاتنـی زاتـی بەرزتـان دەنێـرم. هەرچەنـدە دەزانـم کارەکانمـان لـەوێ رێگـر دەبن لە مانـەوەی بەڕێزتـان لێـرە بـۆ ماوەیـەک، بـەڵام بایەخـی ئـەو خزمەتـەی گـەل لێمانـی چـاوەڕێ دەکات، دڵنیـام لەپێنـاوی ئـەو پیرۆزییـەدا کەمێکیـش بێـت فیـداکاری دەنوێنـن. پێموایـە دوای جارێـک کۆبوونـەوە دەتوانیـن رێگەیـەک بدۆزینـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو پرسـە. لـە خـودای هیوابەخـش دەپاڕێمـەوە داهاتوویەکـی پـڕ خێـر بـە وڵات و گەلەکەمـان ببەخشـێت و بـۆ ئەمـە دەپاڕێمـەوە و چاوەکانـی ئێـوەش مـاچ دەکـەم". [28]

***

"بـۆ حەزرەتـی شـێخ کوفرەویـزادە شـێخ عەبدولباقـی ئەفەنـدی لـە بەدلیس، گـەورەی بـە فەزیڵەت.

پێموایـە دەبـێ زاتـی باڵاتـان لـە بەدلیـس بـن. ئـەم جـارە ئـەم باسـە بەگوێـرەی ئـەو زانیارییـەی وەرمگـرت پشتڕاسـتکرایەوە. گومانـم لـەوە نییـە پێزانیـن و زانیاریتـان لەسـەر ئـەو بـارە سـەختە هەیـە کـە خەلافـەت و مەقامـی سـەڵتەنەت و گەلەکەمـان پێیـدا تێدەپـەڕن. لەبەرئـەوە بـڕوام وایە ئێـوەی شایسـتە بـە سـتایش هیـچ هەسـتێکی دیکـەی جگـە لـە هەسـتی نیشـتمانپەروەریتان نابێـت بـۆ کارکـردن لەپێنـاو دەرچوونـی گەلەکەمـان لەو زیللەتـەی تێیکەوتـووە، هـەر بەو دڵنیاییـەوە لە ئەرکی سـەربازی کشـامەوە. چونکـە پێگـە فەرمـی و ناونیشـانەکەم رێگربـوو لەبـەردەم ئـەم کارانـەدا. ئەمـڕۆ تاکـە رێگـەی رزگاری نیشـاندانی یەکگرتوویـی گەلە بـە هەموو جیهان و پاراسـتنی مافە پیرۆزەکەمانە.

ئـەو بنچینانـەی لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم بڕیاریـان لەبارەوە دراوە بـۆ بەڕێزتـان دەخەمـەڕوو. بەگوێـرەی پێویسـتیی ناوچەکـە بـە ئامانجـی رێگرتـن لـە هـەر جـۆرە پێشـنیازێکی زیانبەخـش و هەمـوو پڕوپاگەندەیەکـی دووژمـن، هـەر

28 - Mustafa Kemal, Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 47

چاوەڕێـی نیشـتمانپەروەری دەکرێـت. ڕێـز و حورمـەت لەبـەردەم حەزرەتـی جەنابتـان دەنوێنـم". [29]

***

"... حەزرەتی عەبدولڕەحمان ئاغای شرناخی
بۆ حەزرەتی عومەر ئاغای دەرشەڤلی
حەزرەتی رەسوڵ ئاغای مووساشلی
گەورەی نیشتمانپەروەرم ..
لای هەمووما‌ن مەعلوومـە کـە زاتـی پایەدارتـان لەسـەر ئـەوە رەزامەنـد نەبـوون وابەسـتەییتان بـە خەلافەتـی بـاڵا و مەقامـی سـەڵتەنەت و پیرۆزییەکانـی وڵاتـەوە بکەوێتـە ژێر پێـی ئەرمەنەکان و پێشـێل بکرێت. وەک دەزانـرێ ئـەوە راسـتییەکی قەبووڵکـراوە. لەبەرئەوەی لە نزیکەوە شـایەتی ئـەو فەزیڵەتانـە بـووم کـە پێشکێشـت کـردوون، بۆیـە دڵنیـام لـەوەی کـە زاتـی پایەدارتـان لـە پرسـی کارکـردن بـۆ گـەل و نیشـتمان لەسـەرووی ئـەو نیشـتمانپەروەرانەیت کـە ژیانـی خۆیـان دەخەنـە تەنگانـەوە. ئـەو بەیاننامـە و پەیـڕەوە نێوخۆییـەی لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم کەوتووەتـەوە، هێنـدەی پێویسـت بێـت بـۆ بەڕێزتـان دەخەمـەڕوو. لـە دڵـەوە بـڕوام بـەوە هەیـە کـە ئاسـانکاری دەکەیـت بـۆ گەشەسـەندنی ئـەو ڕێکخـراوە میللییـە و بەتەواویـش ڕێگـری دەکـەن لـەو پڕوپاگەندانـەی دووژمن دەیانـکات، چاوتان مـاچ دەکـەم گـەورەم." [30]

***

"بۆ نوێنەری پێشوو حەزرەتی سەعدوڵڵا ئەفەندی.
گەورە و ڕێزدار...

---

29 - مسـتەفا کەمـال لـە نوتـق، وەسـیقەکان، وەسـیقەی ژمـارە (48) دا دەڵـێ بۆ ئـەوەی باشـتر کارەکانم بکەم وازم لە سـەربازی هێنا، بەڵام دەسـتبەرداری بەکارهێنانی ناونیشـانە سـەربازییەکەی نابێت.
30 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 49

ئـەو گوشـارەی کـە خەلافـەت و مەقامـی بـاڵای سـەڵتەنەت بـەرەوڕووی بوونەتـەوە، دەرئەنجامـی ویسـتی قورسـی دووژمنەکانمانـە بـۆ ملکەچکردنمـان، دڵنیـام ئێـوەش لەمـە خەبـەردارن. بـۆ ئـەوەی لەبـەردەم ئـەو زوڵمـە بوەسـتینەوە تاکـە چـارە ئەوەیـە هەمووومـان پێکـەوە بـۆ پاراسـتنی مافـی گـەل و پاراسـتنی پیرۆزییەکانـی هێـز نیشـان بدەیـن.
کۆنگـرەی ئـەرزڕووم کـە لە ئەنجامی هەمان خەم و کێشـە لـە ویلایەتەکانی ڕۆژهـەڵات سـازکرا، سـوپاس بـۆ خـودا دەرفەتێکـی گرنگـە بـۆ یەکگرتـن و گەیشـتنە ئامانج.
بـۆ ئـەوەی لـە نێوخـۆ و دەرەوە نوێنەرایەتـی یەکێتـی نەتەوەییمـان بکەیـت، بـە کـۆی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە بەڕێزتـان هەڵبژێـردراون. بـۆ ئەمـەش زۆر دڵخۆشـم کـە پێکـەوە کار بـۆ گـەل و وڵات دەکەیـن.
بەپێـی پێویسـت ئـەو بەیاننامـە و پەیـڕەوەی لـە کۆنگـرە ئامادەکـراوە، خراوەتـە بەرچـاو. لـەو راسـتایەدا دوای ئـەوەی ڕێکخراوەکـە بەهێـز و پتەوبـوو، چـاوەڕێ دەکـەم تەشـریف بهێننـە ئـەرزڕووم.
بەندەتـان بـە نوێنەرایەتـی شـاندەکە و ڕەئـوف بـەگ، وەزیـری پێشـووی کاروبـاری دەریایـی بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆنگـرە دەچمـە سـیڤاس. تاوەکـو دەگەڕێمـەوە ڕەئـوف بـەگ بەتەنیـا دەمێنێتـەوە. هاندانتـان دەبێتـە سـەرچاوەیەکی گـەورەی شـانازی بۆمان. چـاوی هەمووتان ماچ دەکـەم"[31]

***

"بۆ حەزرەتی شێخ مەحموود ئەفەندی
گەورەی بە فەزیلەتم.
لای هەمـووان ئـەو راسـتییە زۆر بەروونـی دیـارە کـە چەنـدە وابەسـتەی مەقامـی بـاڵای خەلافـەت و سـەڵتەنەتی عوسـمانین، چەنـدە وابەسـتەی وڵاتـن. ئەنجامـی شـەڕی سەرتاسـەری (جەنگی جیانیـی یەکـەم) دەرفەتێکی

31 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 50

زۆری دایە دووژمنەکانمان، لە ئاگربەستەوە ئەو هێرش و زوڵمەی کە بۆ وڵات، گەل و نیشتمانمان بە ڕەوا بینراوە، گەیشتووەتە ئاستێک کە قەبووڵ نەکرێت. ناکرێ هیچ موسڵمانێک هەبێت بەوە ڕازیبێ خەلافەت و سوڵتانمان لەنێوبچێت و وڵاتەکەمان بکەوێتە ژێر پێی ئەرمەنەکان و خەڵکەکەمان بکەونە ژێر دەستی ئەرمەن. پێشڕەویی دووژمنەکانمان لە هەموو لایەکەوە، هەر بە ئامانجی ئەوە بووە وڵاتەکەمان پارچە پارچە بکەن و گەلەکەمان یەخسیر بێت. ئەو حکومەتە ناوەندییەش کە هێز لە گەلەوە وەرناگرێت و وەک دیلێکە، بێ توانا و بێ هێزە.

گەلەکەمان هیچ ڕێگەیەکی ڕزگاری و خۆڕاگری لەبەردەم دا نەماوە جگە لەوەی بە یەک جەستە، هێزی خۆی نیشانی دنیا بدات. بەوهۆیەوە ئەم بەندە سەناکارەت هەر کە زانی پێگەی فەرمی و ناونیشانەکەم ڕێگرە لەبەردەم ئەو کارانەدا، دەستبەجێ دەستم لەکارکێشایەوە و بڕیاری ئەوەم دا تاوەکو ئەوکاتەی بەتەواوی گەل و نیشتمانەکەم ڕزگاریان دەبێت، لەگەڵ خەڵک و بۆ خەڵک کار بکەم. هیچ گومانم لەوە نییە کە زاتێکی پایەداری وەکو بەڕێزتان فیداکار، نیشتمانپەروەر و هاودینمان لەگەڵ ئێمە کار دەکات. ئەم جارە ئەو پەیڕەوە نێوخۆییەی لە کۆنگرەی ئەرزڕووم ئامادەکرا، دەخەمەڕوو. لەو ڕاستایەدا تکای ئەوە دەکەم هەوڵتان لەپێناو سەرڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکە بێت. هیچ گومانێک لەوەدا نییە بە کۆنگرەیەکی دیکە کە لە سیڤاس دەکرێت، ئەنجامی باشتر بەدەست دێت. بۆ ئەمەش زۆر زیاتر پێویستمان بەوەیە بەر لە پڕوپاگەندەی خەڵەتێنەری ئینگلیز بگرین. جەنابی هەق هەمووان سەرکەوتوو بکات، چاوتان ماچ دەکەم گەورەم" [32]

---

32 - ئەو نامەیەی مستەفا کەمال پاشا لە نوتق، وەسیقەکان، وەسیقەی ژمارە (51) دا بۆ شێخ مەحموودی ناردووە، زۆر بە بایەخە. وەک دەزانرێت شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان خەباتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دژی ئینگلیز دەکرد. لەو سەروبەندەدا شێخ مەحموود هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەرمەنەکان نەبوو. ئەوەش بۆی کێشە نەبوو کە "مەقامی باڵای خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی" بپارێزێت. کێشەی ئەو لەگەڵ ئینگلیز بوو. ئینگلیزەکان دەیانویست باشووری کوردستان بەگوێرەی سیاسەتی ئیمپریالیستیی خۆیان ڕێکبخەنەوە. هەرچی شێخ مەحموود و هاوڕێیەکانی بوون، هەوڵیاندەدا کوردستان بکەنە قەوارەیەک و کار بۆ هەموو کوردستان بکەن. بێگومان ئەو یەکخستنەی کوردستانیش بەرکەوتنی لەگەڵ سیاسەتی

***

"یەکێک لە شێخە پیرۆزەکانی نۆرشین حەزرەتی شێخ زیائەددین ئەفەندی گەورەی بە فەزیلەتم..

لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوەم کە زاتی باڵاتان لە ماوەی شەڕی سەرتاسەریدا چ خزمەتێکتان بە سوپای عوسمانی کردووە و چۆن لە دڵەوە وابەستەی مەقامی باڵای خەلافەت و سەڵتەنەتی سوڵتان بوونە. هەر بۆیە لە دڵەوە ڕێزێکی تایبەتم بۆ زاتی پایەدارتان هەیە.

ئاگادارن کە چۆن ئەمڕۆ مەقامی خەلافەت و وڵاتە پیرۆزەکەمان لەلایەن دووژمنانمانەوە تێکدەشکێنرێت و چۆن پێداگرن لەسەر ئەوەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتمان پێشکێشی ئەرمەنەکان بکەن. ئەو حکومەتە ناوەندییەی ئیستەنبووڵ کە بەرگەی خەڵک ناگرێت، لەبەردەم ئەو هەموو زوڵمەی دووژمن دا دەستەپاچە و بێبایەخە و روونە کە نە مافی خەڵك نە وڵاتەکەمان ناپارێزێت. بەوهۆیەوە بە ئامانجی ئەوەی بوونی گەل و یەکگرتووییمان نیشانی هەموو دنیا بدەین و رێگە نەدەین مافەکانمان بە بڕیاری تاکەکەسی لەنێوببەن، ئەم ستایشکارەتان هیچ چارەیەکی نەماوە جگە لەوەی لە سیفەتی فەرمی وازبێنم و

---

ئیمپریالیستیی ئینگلیز هەبوو. بەوپێیە لەنێوان کورد و ئیمپریالیزمی ئینگلیزدا لەو سەردەمدا شەڕی سەخت روویاندا. هەر خۆی لەو سەردەمەدا کە نامەکەی تێدا نووسراوە، شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەوە دەستگیرکرابوو دادگایی دەکرا. لە 29ی تەممووزدا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو. ئەوەتا لێرەدا دەردەکەوێت مستەفا کەمال پاشا کە ئامانجی "مەقامی باڵای خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی" بوو، لە رووداوەکانی باشووری کوردستان بێخەبەر بووە. مستەفا کەمال پاشا دەڵێ کە هیچ موسڵمانێک نابێتە دیلی ئەرمەنەکان و هیچ کەسێک بەمە رازی نابێت. لەمەوە بە روونی دەردەکەوێت کە ئەوە ئینگلیزەکانن هەوڵدەدەن کورد یەخسیر بکەن و دەیانەوێ هەوڵی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەڵتانی خوێن بکەن. خۆلێنەبانکردنی مستەفا کەمال پاشا و کازم قەرەبەکر و ئەوانیتر لەو شەڕە خوێناوییەی ئینگلیز لە دژی کورد و لەجیاتی ئەوە بەئامانجکردنی ئەرمەنەکان، پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە. لەکاتێکدا کورد لە باشووری کوردستان شەڕی مان و نەمان بەرانبەر ئینگلیز دەکەن، چ مانایەکی هەیە بە کورد بگوترێ "هیچ موسڵمانێک نابێتە دیلی ئەرمەنەکان، هیچ کەسێک بەمە رازی نابێت"؟. لەلایەکی دیکەوە دوای ئەو بەیاننامەیە پێویستە هەڵوەستە لەسەر دۆخی ئێستا بکرێت. ئەمڕۆ کێ کێی یەخسیر کردووە. لە کاتێکدا کەمالیستەکان دەڵێن "ئەرمەنەکان موسڵمانان یەخسیر دەکەن"، خۆیان چۆن کوردیان کردووەتە نەتەوەی بندەست و کۆیلە؟

لەگـەڵ خەڵـک و گەلەکـەم دا بـم، بۆیـە دەسـتبەجێ دەسـتم لـە پۆسـتە سـەربازییەکەم کێشـایەوە.
بەهــۆی رووداوە کاریگەرەکانــەوە ئەندامانــی رێکخــراوە نەتەوەیــی و نیشــتمانپەروەرەکان کۆبوونــەوە و کۆنگــرەی ئەرزڕوومیــان پێکهێنــا و بەمــەش 'کۆمەڵــەی پاراســتنی مافــی رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ' پێکهێنــرا. بۆئــەوەی لــە ناوخــۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتــی یەکێتــی نەتەوەییمــان بکــەن، ئەنجوومەنێــک پێکهێنــرا. لــەو بارەوەیــە پەیــڕەوی نێوخۆیــی بــۆ ئێــوە کــە خــاوەن کەســایەتییەکی بــەرزن، دەخەمــەڕوو. لەبەرئــەوەی زاتــی بەفەزیلەتتــان یەکێکــن لــە ئەندامانــی ئەنجوومەنەکەمــان لەپێنــاو بەدیهێنانــی ئامانجــە پیرۆزەکەمــان، لــەلای هەمــووان ئــەوە روونە و منیش لــە دڵــەوە بــڕوام بەوەیــە کــە هــاوکار دەبیــت و هەوڵتــان نیشــاندەدەن، لەوبارەیەوەشــە کاریگەریتــان بەســەر رێکخراوەکەمانــەوە دەبێــت و رێگــر دەبـن لـە پڕوپاگەندەی زیانبەخشـی دووژمنانمـان. دوای چەنـد رۆژێکی دیکە ئەندامـان لـە رۆژئـاوای ئەنادۆڵـەوە دێـن و لـە سـیڤاس کۆنگرەیـەک سـاز دەکرێـت. بـە فەزڵـی خـودا و شـەفاعەتی پێغەمبەرمـان نیشـانی هەمـوو دنیـای دەدەیـن کـە گەلەکەمـان یەکگرتـووە و توانـای پاراسـتنی مافەکانـی خۆمـان هەیـە.
بـەم زووانـە بـە کردنـەوەی پەرلەمـان دامەزراندنـی حکومەتێکـی بەهێـزی پشتبەســتوو بــە هێــزی گــەل، ســەلامەتی و پارێزراویــی وڵاتەکەمــان دەســتەبەر دەکەیــن.
تــکای قەبووڵکردنــی موحیببــەت و رێــزم هەیــە، ســڵاو بــۆ هەمــوو هاونیشــتمانیانی ئەوێــم دەنێــرم. گــەورەی پایــەدارم".[33]

***

33 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 52

"بۆ سەرۆکی خێڵ جەمیل چەتۆ بەگ

گەورەم..

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەو ناوچەیەوە لە کەسانێکەوە پێمگەیشتوون، دەزانم کە زاتی پایەدارتان بەشێوەیەکی راستەقینە بە مەقامی باڵای خەلافەت و دەوڵەتەکەمانەوە کە بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە، پەیوەستن. لە نزیکیشەوە ئاگاداری ئەو هاوکاری و فیداکارییەتانم بۆ ئەوەی وڵاتە خۆشەویستەکەمان لە بەرانبەر ویستی دووژمنان بپارێزین.

بەرلەوەی بێمە ئەرزرووم، لەو تەلەگرافەی ناردبووم [34]، وەکو ئێوەش دەزانن، دوای ئاگربەست دەوڵەتانی هاوپەیمان بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک رەچاوی مافی گەل و وڵاتەکەمان بکەن، وڵات و ویلایەتەکانی رۆژهەڵات دەدەنە ئەرمەنەکان، [35] لە ویلایەتەکانی رۆژئاواشمان شوێنی زۆر خۆشی وەکو ئیزمیر دەکەنە دیاری بۆ رۆمەکان و لە کەناراوەکانی دەریای رەش دا حکومەتێک بۆ رۆمەکان دابمەزرێنن، ئەمە ئامانجیانە و دەستیانپێکردووە. لەلایەکی دیکەوە ئینگلیزەکان خەڵکی دیاربەکر و دەوروبەری دەخەڵەتێنن و دەیانەوێ بیانخەنە نێو چوارچێوەی جیاجیاوە. لەوکاتەدا کە پشکنەری فەرماندەیی سێی سوپا بووم، بڕیارم دا رووبەڕووی ئەو نیازە تاوانکارانەیەی دووژمنان ببمەوە. بۆ ئەمەش هەوڵی پێویستم دا. بەشێک لە دەستڕۆیشتووانی ئەو حکومەتەی ئیستەنبووڵ کە لە دۆخی یەخسیریدایە، لەو کارانەی دەیکات هیچ پشتیوانییەکی گەلی نییە، بۆیە لەبەردەم دەوڵەتان بێهێز دەرکەوتن. بەشێوەیەکی خووەزایی دووژمنانمان خۆشیان لە کارە میللی و نیشتمانییەکانم نەهات. ویستیان لە ئەنادۆڵەوە بانگهێشتی ئیستەنبووڵم بکەنەوە. هەرچی منم بڕیاری ئەوەم دا کە لەگەڵ گەلەکەم بمێنمەوە

34 - ئەم بەیاننامەیە نیشانیدەدات کە مستەفا کەمال پاشا پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ شێخ و خێڵەکانی کورد هەبووە.

35 - بە تایبەت جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، واتە کوردستان دەدرێتە ئەرمەنەکان.

و لە هەناوی گەل دا درێژە بە کارەکانم بدەم، بۆیە دەستبەجێ دەستم لەکاری سەربازی کێشایەوە.

ئێوەش ئاگادارن کە لە سەرجەم ویلایەتەکانی ئەنادۆڵ و روومەلی، کۆمەڵەکانی بەرگری لە ماف دامەزراون. لە ئەرزڕووم نوێنەرانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ویلایەتە سەربەخۆکان کۆبوونەوە و کۆنگرەی ئەرزڕووم بەسترا. لەسایەی ئەم کۆنگرەیە تەواوی خەڵکی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ یەکخران. بڕیاری ئەوتۆ دران کە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوە بچەسپێنێت. هەروەها پەیڕەوی نێوخۆیی رێکخراوەکەش نووسرا. ئەمانە دەخەمە بەرچاوی زاتی پایەدارتان.

لە ماوەی چەند رۆژێکی دیکەدا کۆنگرەی سیڤاس دەبەسترێ کە لە نوێنەرانی سەرجەم ویلایەتەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵ و رومەلی پێکدێن. بەم شێوەیەش تەواوی گەل وەک تاکە یەک جەستە مافەکانی خۆی دەپارێزێت. لەپێناوی ئەوەی کە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات دا نوێنەرایەتی گەلی یەکگرتوو بکرێت ئەنجوومەنێک هەڵبژێردرا کە منیش یەکێکم لە ئەندامانی. پەنا بەخوا بەم زووانە ئەنجوومەنی نوێنەران کۆدەبێتەوە و حکومەتێکی بەهێز و بەپێی پێویست بۆ پاراستنی مافی گەل و وڵات دێتە سەر کار. [36]

لەسایەی ئەو یەکگرتوویی و هێزەی گەل نیشانیداوە، هەموو وڵاتان، بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئیتاڵیا بە کورتییەکەی هەموویان ئیدی رێز لە گەل و وڵاتەکەمان دەگرن. [37]

پەنا بەخوا ئاقیبەتی خۆشی دەبێت.

ئەو 'کۆمەڵەی پاراستنی ماف'ـەی لە یەکگرتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ

---

36 - ئاماژە بەوە ناکات چەند ئەندام و لەکوێوە بەشدارییان لە کۆنگرەدا کردووە، بەڵام دەڵێت: "ئەمڕۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ یەکگرتوون".

37 - ئەو شێوازەی کە مستەفا کەمال پاشا لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیتاڵیا لەبارەی ئەرمەنەکانەوە قسە دەکات، زۆر جێی سەرنجە. مانگی ئابی 1919. دووژمنە سەرەکییەکە ئەرمەنەکان و دواتر رۆمییەکانن...دواتر دەڵێت کە بەریتانیا، فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیتاڵیا رێز لە جووڵانەوەی قوەی میللی دەگرن.

پێکهاتووە، هیچ گومانم لەوە نییە بە کارەکانی سەربەخۆیی دەوڵەت و یەکپارچەیی وڵات مسۆگەر دەکات. زاتی پایەدارتان یەکێکن لە گرنگترن ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە. بڕوام بەوەیە بە هاوکاری و هەوڵدانتان لەو ناوچەیەدا پەیوەست دەبن بەو پەیڕەوەی کۆمەڵەکەمان دەیخاتە بەر دیدی بەڕێزتان و ڕێگر دەبن لەوەی کە ئینگلیزەکان وڵاتەکەمان پارچە پارچە بکەن و وڵاتەکەمان بخەنە ژێر پێی ئەرمەنەکانەوە.
بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی سیڤاس بەشێوەیەکی کاتی دەچمە ئەوێ. دوای ئەوە دیسان دەگەڕێمەوە ئەرزڕووم، چاوتان ماچ دەکەم و سڵاوم بۆ سەرجەم هاونیشتمانیانمان لەوێ دەنێرم گەورەم". [38]

***

بە کورتییەکەی لەو نامانەدا دەتوانین ئەم ئەنجامگیرییە بکەین:
1. مەقامی باڵای خەلافەت، پادشاو سەڵتەنەتی عوسمانی دەپارێزرێت. بۆ پاراستنی پادشا، سەڵتەنەت و خەلافەت و رزگاربوون لە دووژمن هەموو رێکارێک دەگیرێتەبەر.
2. بەشێوەیەکی بنبڕ بەوە رازی نابن ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بکەونە بن پێی ئەرمەنەکان. واتە رێگە نادەن کوردستان و ئەرمینیا دروستببن. گوزارەی گەل یان گەلەکەمان کە زوو زوو لە نامەکاندا دووپات دەبنەوە، بەمانای ئەمڕۆی واتای نەتەوە نییە، بەڵکو گوزارشتە لەو گرووپانەی کە هەمان زمانیان هەیە و لەسەر هەمان مەزهەبن. میللەت لەپاڵ مانای گەل هەڵگری مانای هاوئایینیشە. راستتر ئەوەیە چەمکی میللەت هەڵگری هەردوو مانایە بەشێوەیەکی تێکەڵ و بەنێویەکداچوو.
3. هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی، بزووتنەوەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی کوردستان، وەک هەوڵ و بزاوتێک دژی پادشا، خەلافەت

38 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 53

و سـەڵتەنەت، بـە کورتییەکـەی دژی ئیسـلام لێکدراوەتـەوە. وەک جووڵانـەوەی دەسـتکردی ئینگلیـز سـەیرکراون.

## پ. کۆنگرەی سیڤاس

کۆنگـرەی سـیڤاس لەنێـوان چـواری ئەیلوولـی 1919 و 11ی ئەیلوولـی 1919 بەسـترا. بەتـەواوی روون نییـە چەنـد ئەنـدام لـە کۆنگـرەی سـیڤاس بەشـداربوون. بـە گوتـەی مەزهـەر موفیـد بەگ کـە وەک نوێنـەری هەکاری بەشـداری لـە کۆنگـرەی سیڤاسـدا کردووە و پاشـان بـۆ دەسـتەی نوێنەران هەڵبژێـردرا؛ ژمـارەی ئەندامانـی کۆنگرەکـە 29 کـەس بوونـە. [39]

بەگوێـرەی ئـەو لیسـتەیەی بەشـێک لـە ئەندامانـی کۆنگـرە واژۆیـان لەسـەر کـردووە و لەلایـەن سـەرۆکی دەسـتەی نوێنەرانی دەنیزلی ئاغازادە یوسـف بـەگ (باشـکایا)وە ئامادەکـراوە، ژمـارەی بەشـداربووان 31 کەس بـووە. [40]

سـەباحەدین سـەلەک لـە کتێبەکەیـدا جوڵانـەوەی ئەنـادۆڵ نووسـیویەتی کـە 31 کـەس بەشـدارییان لـە کۆنگرەکـەدا کـردووە. [41]

لـە ئەرشـیفی سـەرۆککۆماریی ئەتاتـورک دا لیسـتێک هەیـە و نـاوی 33 کەسـی تێدایـە. [42]

هەرچـی جـەم ئاشـکنە، کـە توێژینەوەیەکـی لەبارەی کۆنگرەی سیڤاسـەوە کـردووە، لیسـتە جیاوازەکانـی پێـک بـەراورد کـردووە و نـاوی 34 کەسـی دەستنیشـان کـردووە. [43]

دیسـانەوە مەحمـوود گۆلئۆغلـو کـە لـە کۆنگـرەی سیڤاسـی کۆڵیوەتەوە، نووسـیویەتی 38 کـەس بەشـدارییان کـردووە. [44]

---

39 - Mazhar Müfit Kansu, Erzurum'dan olümüne Kadar Atatürk'le Beraber, Cilt 1, TTK, 1966, s. 252

40 - نوێنـەری ئێسـکی شـەهیر عـارف بـەگ لـە کتێبەکەیـدا بـە ناونیشـانی (شۆڕشـی ئەنـادۆڵ)، لـەو لیسـتەی بڵاویکردووەتـەوە نـاوی 31 کـەس هەیـە.

41 - Sabahattin Selek, Anadolu İhtilali, s. 282

42 - Türk İstiklal Harbi, Cilt II, Batı Cephesi, 2. Kısım, (hazırlayan Genelkurmay Başkanlığı, Ankara 1965, s. 349

43 - Vehbi Cem Aşkın, Sivas Kongresi, 2 bs., İstanbul 1963, s. 148-149

44 - Mahmut Goloğlu, Sivas Kongresi, s. 73-74

هەرچـی لـۆرد کینرۆســە، نووسـیویەتی لـەو 200 کەسـەی بـۆ کۆنگرەکـە بانگهێشـتکرابوون، تەنیـا 99 کـەس بەشـدارییان کـرد. [45]

لەچـاو نزیکـی ژمارەکانی دیکە لـە یەکترییەوە، ئەو ژمارەیـەی لۆرد کینرۆس داویەتـی، لـە ژمارەیەکـی دروسـت ناچێت. پێنـج لـەو ئەندامانـە ئەندامانـی ئـەو ئەنجوومەنـە بـوون کـە لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم هەڵبژێردرابـوون. ئـەو ئەنجوومەنـە دواتـر کەسـێکی دیکەشـیان زیـاد کـرد. ئـەو کەسـەش ڕەفعــەت بـەگ (بەلـە) بـوو کـە بەشــداری لــە کۆنگـرەی ئــەرزڕووم دا نەکردبـوو. بـەم شـێوەیە ژمارەیـان بـووە شـەش کـەس. ئەندامانـی دیکـە لــە ئیســتەنبووڵ، دەنیزلــی، ئێسکیشــەهیر، هــەکاری، چــووڕووم، نیــدە، ئافیـۆن، کاراشـەهیر، سامسـۆن و کاسـتەمۆنو هاتبـوون.

ئەگــەر سـەرنج بدرێـت، هیـچ نوێنەرێـک لـە رووهـا، مـەرەش، عەنتـاب، ئەدەنـە، مێرســین، ئەنتاڵیـا، کۆنیـا و ئایـدن بـۆ کۆنگـرەی سـیڤاس نەنێردرابـوون. هەرچەنـدە لـە هەندێـک لـە توێژینەوەکانـدا بـاس لـەوە دەکرێـت ئەرکانـی خانەنشـین عەقیـد قـەرە وەسـف بـەگ وەک نوێنـەری عەنتــاب بەشــداری کــردووە. [46]

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربەیـان نووسـیویانە کـە نوێنـەری ئیسـتەنبووڵ بـووە. [47]

جێـی هەڵوەسـتەیە لـەو ناوچانـەدا کـە لـە جەنگێکی سـەختدا بـوون لەگەڵ دووژمـن، بۆچـی نوێنەریـان نەنـاردووە. ئەوانەیـش وەک نوێنەر بەشـدارییان کردبـوو بیرۆکراتـی بازرگان، جووتیار، سـەرباز و سـیڤیلی خاوەنی کانەبەردین بـوون. بەتایبەت سـەرباز و کارمەندە خانەنشـینەکان.

لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ ئـەو نامانـە کـرد کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا بـۆ هەریەکـە لـە شـێخ زیائەددیـن ئەفەنـدی شـێخی نۆرشـین و جەمیـل چەتـۆ

45. Kinros, Atatürk Bir Milletin Yeniden Doğuşu, Ayhan Tezel, Sander Yayınları, İstanbul 1966, s. 291
46. Mahmut Goloğlu, Sivas Kongresi, s. 74
47. Mazhar Müfit Kansu, a.g.e., s. 252; Vehbi Cem Aşkun, a.g.e, s. 148; Sabahattin Selek, Anadolu İhtilali, s. 282

بەگـی گارزانـی ناردبـوون. لـەو نامانـەدا مسـتەفا کەمـال پاشـا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردبـوو کـە ئەندامانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و ویلایەتەکانـی رومەلـی لـە سـیڤاس کۆدەبنـەوە... کاتێـک ژمارەکانی سـەرەوە لەبەرچـاو دەگیرێن، درک بـەوە دەکرێـت کـە ژمـارەی بەشـداربووانی کۆنگـرەی سـیڤاس
بەپێـی خواسـت و چاوەڕوانـی مسـتەفا کەمـال پاشـا نەبـووە. دەکـرێ بگـوترێ لـە رومەلـی و رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ هیـچ نوێنەرێـک بەشـدار نەبـوو. لـە کۆنگرەکـەدا لەجیاتـی "ویلایەتـی رۆژهـەڵات" گـوزارەی وەک "وڵاتەکەمـان"، "مەمالیکـی عوسـمانی" بەکارهێنـراون و لەوبارەیەشـەوە قسـە و باسـی زۆر کـراوە. (48)
بـەم شـێوەیە ئـەو شـوێنانەی ناویـان هاتـووە هەوڵـدرا بخرێنـە چوارچێـوەی ئـەو وڵاتـەی بیریـان لـە دامەزراندنـی کردبـووەوە.
وێـڕای ئـەوەی ئـەو بڕیارانـەی لـە کۆنگـرەی سـیڤاس دران هاوشـێوەی ئـەو بڕیارانـە بـوون کـە لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم درابـوون، لەگـەڵ ئەوەشـدا جیاوازیشـیان هەبـوو. بڕیـارەکان پێشـخرابوون و روونتـر بـوون. لـەو روانگەیـەوە بـە چاکـی دەزانیـن بەیاننامـەی کۆنگـرەی سـیڤاس کە لـە 11ی ئەیلوولـی 1919 دەرچـووە، بخەینـە بەرچـاو.

## "بەیاننامەی گشتیی کۆنگرە

کۆنگرەکەمـان کـە لـە هەنـاوی وەئاگاهاتنـەوەی میللـەت لەدایکبـووە و بەرئەنجامی مەترسـییە نێوخۆیـی و دەرەکییەکانە، ئەم بڕیارانـەی خوارەوەی داون.
1. هـەر پنتێـک لـەو خاکـەی لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورەی لـە ئەنجامـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لـە 30ی تشـرینی یەکەمـی 1918 لەنێـوان وڵاتانـی هاوپەیمـان و دەوڵەتـی عوسـمانی دا واژۆی لەسـەر کـرا کـە زۆرینـەی

48 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 36-39

موسـڵمانن، هیـچ بەشـێکی دانابڕێـت و کۆمەڵگـەی عوسـمانی پارچـە پارچـە ناکرێت و دابـەش ناکرێت و بەهیـچ شـێوەیەک جیابوونـەوە قەبووڵ نـاکات. ئـەو موسـڵمانانەی لـەم ناوچەیـەدا دەژیـن، بەرانبـەر بە یەکتـری پڕن لـە هەسـتی ڕێـز و فیـداکاری. بـرای هاوپشـتن بـۆ ڕێزگرتـن لـە تایبەتمەندیی نـەژادی و کۆمەڵایەتـی ناوچەیـی یەکتـر".

لێرەشـدا بـە مەبەسـتەوە خۆیـان لـەوە پاراسـتووە کـە دەسـتەواژەی نەتەوەیـی وەک تـورک و کـورد بەکاربێنـن. باس لە پاراسـتنی ئەو سـنوورانە دەکرێت کـە بـەر لـە 30ی تشـرینی یەکەمـی 1918 هەبـوون. ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لەنێـو ئـەو سـنوورانەدا پێکهاتـە موسـڵمانەکان ڕێـز لە نـەژاد و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی یەکتـری دەگـرن. دەبـێ لێـرەدا بڵێیـن کـە مـاددەی یەکـەم وەکـو لـە بەیاننامەکانـی هـەردوو کۆنگـرەی ئـەرزڕووم و سـیڤاس ئامـاژەی بـۆ کـراوە "بەتـەواوی و بەگوێـرەی هەلومەرجـی ناوچەیـی ڕێـز لـە پێکهاتـەی نـەژادی، مـاف و تایبەتمەنـدی کۆمەڵایەتیـی یەکتـری دەگـرن"، یـان وانووسـراوە، یاخـود بـە هەڵە نووسـراوە. لـەو بەیاننامانـەدا هەرچەندە خۆیـان پاراسـتووە لـەوەی نـاوی تـورک و کـورد بـەرن، بـەڵام کـە دەگوتـرێ ڕێـز لـە مافـە نەژادییەکانـی یەکتـری دەگـرن، ئاماژەشـە بـۆ ئـەوەی کـە زیاتر لـە نەژادێـک لـە شـوێنێکی دیاریکـراودا دەژیـن. بۆیـە هـەر ئەوکاتـە ڕێگـەی پاسـیڤکردنی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد هەڵبژێـردرا.

"2. لەپێنـاو بەدیهێنانـی یەکگرتوویی کۆمەڵگەی عوسـمانی و سـەربەخۆیی گـەل، هـاوکات دەسـتەبەرکردنی پارێزبەنـدی مەقامـی بـاڵای خەلافـەت و سـەڵتەنەت و پاراسـتنی، دامەزراندنی هێزی نیشـتیمانی و سەردەسـتکردنی ئیـرادەی میللـی بنەمایە."

پاراسـتنی مەقامـی بـەرزی خەلافـەت و سـەڵتەنەت و دەسـتەبەری پارێزبەندییەکـەی لـە کۆنگـرەی سـیڤاس بـووە پرسـێکی زۆر جێـی بایـەخ.

"3. هـەر مەترسـییەک و داگیرکارییـەک دژی هـەر ناوچەیەکـی وڵات، واتـە دەوڵەتـی عوسـمانی ڕوووبـدات، بەتایبـەت هەوڵبدرێـت لەنێـو وڵاتەکەمـان دا وڵاتێکـی ئەرمـەن یاخـود ڕۆمـی دروسـتبکرێت، هاوشـێوەی

بەرەنگاربوونـەوەی میللـی لـە ئایـدن، مانیسـا و باڵکەسـیر، لـە شـوێنانی دیکـەش هەمـان خەبـات و بەرەنگاربوونـەوە دەکرێـت".
"4. مافـی هاونیشـتمانیبوونی هەمـوو ئەوانـەی موسـڵمان نیـن و لـە دێرزەمانـەوە بەیەکـەوە دەژیـن، لـە چوارچێـوەی ئـەو وڵاتـەدا پارێـزراوە، بـەڵام ڕێگـە بـەوە نادرێـت ئیمتیـازی وایـان پێبـدرێ کە باڵادەسـتیی سیاسـی و هاوسـەنگیی کۆمەڵایەتیمـان تێکبـدات".
مـاددەی چـوارەم، لـە بەیاننامـەی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم دا مـاددەی سـێیەم بـوو. دیسـانەوە لـە مـاددەی پێنجـی بەیاننامـەی ئـەرزڕووم دا کـە دەگوتـرا سـەلامەتیی ماڵـی، گیـان و نامووسـی پێکهاتـەی کریسـتیانەکان پارێـزراو دەبێـت، لەگـەڵ ماددەکـەی سـەرەوە یەکخـراوە و لـە بەیاننامەی سـیڤاس بووەتـە مـاددەی چـوارەم.
"5. ئەگـەر حکومەتـی عوسـمانی لەژێـر هـەر گوشـارێکی دەرەکیـدا ناچاربوو دەسـتبەرداری هـەر بەشـێکی وڵاتەکـە ببێـت یاخـود ناچاربـوو بایەخـی پێنـەدات، ئـەوا لەگـەڵ خەلافـەت و مەقامـی سـەڵتەنەت هەمـوو ڕێکارێـک دەگیرێنـە بـەر بـۆ پاراسـتنی گـەل و یەکپارچەیـی خاکـی وڵات".
"6. لـە وڵاتانـی هاوپەیمـان چاوەڕێیـن لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورەدا کـە لـە دوای واژۆکردنـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس لـە 30ی تشـرینی یەکەمـی 1918 بۆمـان مایـەوە و باڵادەسـتیی کولتـووری و شارسـتانییەکەی بـۆ موسـڵمانەکان دەگەڕێتـەوە، بـە وازهێنانـی تـەواو لـە بیرۆکـەی دابەشـکردنی، دەبـێ ڕێـز لـە مێـژوو، نـەژاد، ئاییـن و مافـە جوگرافیەکانمـان بگـرن، هەروەهـا کۆتایـی بـە هـەر هەڵسـوکەوتێک بێنـن کـە ئەمـە دەشـکێنێ و بڕیارێکـی دروسـت و دادپەروەرانـە لەوبـارەوە بـدەن".
لـە سـەرەوە وەک لـە مـاددەی یـەک دا ئامـاژەی بـۆ کـرا، پرۆفیسـۆرانی تـورک و نووسـەرانی تـورک ئـەوەی لـەو ماددەیـەدا وەک "ڕێزگرتـن لـە مافـی نـەژادی (نەتەوەیـی)" نـاوی دەبرێـت، یـان بەسـەریدا تێدەپـەڕن یاخود بەهەڵـە دەینووسـن. لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـە دەوڵەتانـی هاوپەیمـان ڕێـز لـە مافـی نـەژادی بگـرن. مافـی کامـە نـەژاد؟ تەنیا لـەو شـوێنەدا کـە

ئەندامانی سەر بە نەژاد و نەتەوەی جیاواز تێیدا دەژین و رێز لە مافیان گیراوە، دەکرێت باس لە مافی نەژادی بکرێت. [49]
"7. گەلەکەمان ئامانجەکانی سەردەم و مرۆڤایەتی شکۆدار دەکات، هاوکارییەکانی بواری هونەر، پیشەسازی و ئابووری بەرز دەنرخێنێ، بۆیە بۆ هێشتنەوەی سەربەخۆیی گەل و یەکگرتوویی نیشتمانمان، لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کە بەگوێرەی بەندی شەش دیاریکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانج و نیازێک هەبێت بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەمان، پێشوازی لە هاوکاری هەر وڵاتێک دەکەین لە بوارەکانی هونەر، پیشەسازی و ئابووری دا. گەورەترین ئارەزووی نەتەوەییمان ئەوەیە بە زووترین کات بڕیار لەسەر ئاشتەواییەک بدەین کە حوکمە مرۆیی و دادپەروەرییەکان لەخۆ بگرێت".
"8. لەم سەردەمە مێژووییەدا کە گەلان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، حکومەتی ئیستەنبووڵیش ناچارە مل بۆ ئیرادەی گەل کەچ بکات. چونکە رووداوەکان و دەرئەنجامەکانیان ئەوەیان سەلماند کە ئەو حکومەتانەی لەو بڕیارانەی هەر خۆیان دەیدەن و پشت بە ئیرادەی گەل نابەستن، لە دەرەوەش هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە و نابێت. بۆیە بەبێ ئەوەی پێویست بە چارەسەری رزگارکردنی گەل بکات لەو دۆخە مەترسیدار و گوماناویەی خەڵکی تێدایە، پێویستە ئەنجوومەنی گەل کۆببێتەوە و هەموو ئەو بڕیارانەی لەبارەی گەل و چارەنووسی وڵاتەکەمان دەیاندا، لەژێر چاودێری ئەنجوومەنی گەل دا بدرێن".
جێی سەرنجە ئەندامانی کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سیڤاس، پرەنسیپی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان وەک جێبەجێکردنی سیستمی پەرلەمانی تێدەگەن. ئەوە لەکاتێکدا ئەو پرەنسیپە کێشەیەکی سیاسییە و لە چوارچێوەی پرسی نەتەوەیی دا دەخرێتە بەرباس.

---

49 - پرسێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەمالیستەکان کە لە ساڵی 1920-1919 بە دەوڵەتانیان دەگوت "رێز لە مافە نەتەوەییەکانمان بگرن"، دواتر بە کاریگەری هاوکاری وڵاتانی دیکە، تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورد زەوت دەکەن و هەوڵدەدەن کورد بکەنە کۆیلە.

"9. بەهـۆی ئـەو رووداوە دژوارانـەی تووشـی گەلەکەمـان هاتـن و رێککەوتـن و یەکگرتنـی ئـەو کۆمەڵانـە کـە هەڵقـوڵاوی ویژدانـی میللییـە، ئـەم جـارە وەک رێکخـراوی پاراسـتنی مافەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ یەکیگرتـووە. ئەم کۆمەڵەیە دوورە لـە هـەر رەوت و پارتێکـی سیاسـی. هەمـوو هاونیشـتمانییە موسـڵمانەکان ئەندامـی خوەزایـی ئـەو رێکخـراوەن".

وەک دیـارە بـە دیقەتـەوە خۆیـان لـەوە دزیوەتـەوە چەمکەکانـی نەتەوەیـی وەک تـورک و کـورد بەکاربـەرن. بەردەوام چەمکێکـی دیکـەی وەک (موسـڵمانەکان) بەکاردەهێنـن کـە زیاتـر نێونەتەوەییـە. لەلایەکـی دیکـەوە سـەرباری ئـەوەی تاکـە یـەک نوێنەریـش لـە رومەلـی و تراکیـاوە نەهاتـوون، یەکخسـتنیان لەنێـو "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی ئەنـادۆڵ و رومەلـی" جێـی سـەرنجە.

"10. کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی ئەنـادۆڵ و رومەلـی لـە چـواری ئەیلوولـی 1919 لـە کۆنگـرەی سـیڤاس، بـە رەچاوکردنـی ئامانجـی پیـرۆز، بەمەبەسـتی بەرێوەبردنـی دامـەزراوە گشـتییەکان دەسـتەیەکی نوێنەرانـی هەڵبـژارد و لـە دێهاتەکانـەوە تاوەکـو ناوەنـدی قـەزان سـەرجەم دامـەزراوە نەتەوەییەکانـی یەکخسـت".

## ت. ئەنجوومەنی نوێنەران

وەک پێشـتریش گوتمـان لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم دا ئەنجوومەنێکـی 9 کەسـی هەڵبژێـردران. لـەو 9 کەسـە سـەرۆکی خێڵـی موتکـی حاجـی مووسـا بـەگ و نوێنـەری پێشـووی بەدلیـس سـەعدوڵڵا ئەفەنـدی نـە بەشـدارییان لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم کرد، نـە بەشـداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنـی نوێنەرانیـان کـرد... بەشـدارییان لـە کۆنگـرەی سیڤاسـیش نەکـرد. دیسـانەوە لـەو 9 کەسـە هەریەکـە لـە نوێنـەری ترابـزۆن عیززەدیـن بـەگ و سـەرووەت بـەگ، لەبەرئـەوەی دژی کۆنگـرەی سـیڤاس

بـوون، وەک چـۆن بەشـدارییان لـە کۆنگـرەی سـیڤاس نەکـرد، بەشـداریی کۆبوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانیشـیان نەکـرد. [50]

بـەم شـێوەیەش ئەنجوومەنـی نوێنـەران سـەخت بـوو کۆببێتـەوە و بڕیارێک بـدات. بۆیـە ڕەفعـەت بەگیشـیان هێنایە نێـو ئەنجوومەنەکە، بەم شـێوەیە ئەندامانـی ئەنجوومەنەکـە گەیشـتنە شـەش کـەس، بـەڵام دوای کۆنگرەی سـیڤاس، هەریەکـە لـە خواجـە ڕایـف ئەفەنـدی ئەرزڕوومـی و شـێخی نەقشـی شـێخ فـەوزی ئەفەنـدی ئەرزنجانی دەگەڕانـەوە ناوچەکانـی خۆیان. بـەم شـێوەیە ژمـارەی ئەندامانـی ئەنجوومەنەکـە دەبـووەوە چـوار کـەس. ئەمـەش هێنـدەی دیکـە بڕیاردانـی ئەنجوومەنەکـەی قورسـتر دەکـرد. بـۆ ئەمـە کۆنگـرەی سـیڤاس 6 کەسـی دیکـەی تـازەی وەک ئەندامـی ئەنجوومـەن هەڵبـژارد. ئەوانیـش ئەمانـە بـوون:

- نوێنەری ئیستانبوڵ، وەسفی بەگ
- نوێنـەری ئێسکیشـەهیر کـە وازی لـە سـەربازی هێنابـوو، خوسـرەو سـامی بـەگ
- نوێنەری دەنیزلی پارێزەری پێشوو، حەقی بەهیچ بەگ
- نوێنەری پێشووی ئەنقەرە، عومەر مومتاز بەگ
- نوێنەری هەکاری، مەزهەر موفید بەگ
- نوێنەری نیدە، ڕاتبزادە مستەفا بەگ [51]

دوای کۆنگـرەی سـیڤاس، مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە 14ی ئەیلوولـی 1919 بەنـاوی شـاندی بـاڵای کۆنگـرە ئـەو نامەیـەی نووسـی کـە بـە " Hakipayi Hilafet Penahiye" دەسـتپێدەکرد. لـەو نامەیـەدا ستایشـی پاشـا دەکات، بـەڵام ڕەخنـە لـە حکومەتەکـەی دامـات فەریـد پاشـا دەگرێـت. [52]

عومـەر مومتـاز بـەگ، نوێنـەری پێشـووی ئەنقـەرە کـە بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنـەران هەڵبژێـردرا، بەشـداری لـە کۆنگـرەی سیڤاسـدا نەکـرد. واتـە

50 - Mahmut Goloğlu, Sivas Kongresi, s. 107-108

51 - کۆنووسی ئەنجوومەنی نوێنەران (Hazırlayan Uluğ İğdemir, TTK, 1875, s. XII)

52 - Nutuk, Vesikaları Vesika 97

وێڕای ئـەوەی بەشـداری نەکـرد، هەڵبژێـردرا. لـە وەڵامـی ئـەو بەیاننامەیەی پادشـا کـە لـە 20ی ئابـی 1919 بڵاوکرایـەوە [53]، لـە 22ی ئابـی 1919دا نوێنەرانـی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی ئەنـادۆڵ و رومەلـەی تەلەگرافێکیـان نـارد، دیسـانەوە لـەو تەلەگرافەدا ستایشـی پاشـا دەکەن و دەڵێـن تاکـە پارێـزەری گەلـە. [54]

بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس و ئـەو پەیـڕەوە نێوخۆییـەی ئامادەکرابـوو بـۆ حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ، بـۆ سـەدری ئەعـزەم (سـەرۆکوەزیران) نێـردرا. وەک دەزانرێـت بڕیارەکانـی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم لەلایـەن کازم قەرەبەکـر پاشـا، هەروەهـا لەلایـەن دەسـتەی سەرپەرشـتیاری گشـتی کۆنگـرەوە نێردرایـە مەقامـی سـەدری ئەعـزەم.[55]

لێـرەدا جێـی خۆیەتـی ئامـاژە بـەو ناکۆکییـە بکەیـن کـە لەنێـوان مسـتەفا کەمال پاشـا و کازم قەرەبەکر پاشـادا هەبوو. کازم قەرەبەکر پاشـا نایەوێ مسـتەفا کەمـال واژۆی خـۆی لەسـەر نـاوی "بەنـاوی ئەنجوومەنـی نوێنەران مسـتەفا کەمـال" دابنێـت. لـەو تەلەگرافـەی لـە 17ی ئەیلوولـی 1919دا بۆ مسـتەفا کەمـال پاشـا ناردوویەتـی، وەهـای نووسـیوە:

"... پاشـام، ئـەو بەیاننامـە و فەرمانانـەی لـە سیڤاسـەوە هەندێـک جـار بەنـاوی ئەنجوومەنـی نوێنـەران و جـاری واش هەیـە راسـتەوخۆ بـۆ بەڕێزتـان دێـن. لـە 10ی ئەیلوولـی 1919دا راسـتەوخۆ ئاگادارینامـە یاخـود هۆشـدارینامەم بـۆ حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ نـارد. بـڕوا بـەوە بکـەن بـەم شـێوەیە ئـەو نووسـراوانەی بـە واژۆی خۆتـەوە دەیاننێریـت زۆر بەڕێـزەوە لەلایـەن ئەوانەشـەوە کـە زۆر تۆیـان خۆشـدەوێت رەخنـەی لـێ دەگیرێـت... ئـەوەش دەزانـن کـە ئەمـە کاریگـەری دەبێـت و کاردانـەوەی لـێ دەکەوێتـەوە... بۆیـە تـکای ئـەوە دەکـەم هەمـوو جارێـک بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران و بڕیارەکانـی کۆنگـرە تەنیا بـە

53 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No 98

54 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 99

55 - Nutuk, Vesikalar, Vesika 130, 132; Ayrıca bk. Vesika 128

"ئەنجوومەنـی نوێنـەران" واژۆی لەسـەر بکـەن... بـۆ بەرژەوەنـدی وڵات باشـترە کەسـایەتی ئێـوە بەتەنیـا دەرنەکەوێـت. پێموایـە ئـەو زانیاریانـە کـە بـە کـۆی دەنـگ (ئیـدی تاوەکـو ئەمـڕۆ نازانرێـت ئـەو کـەس و دامەزراوانـە کامانـەن کـە دەنگەکانیـان کۆکردووەتـەوە) خراونەتـەڕوو، بـە باشـی پێشـوازی لـێ دەکرێـت، دەسـتتان مـاچ دەکـەم". [56]

مسـتەفا کەمالیـش لـەو تەلەگرافـەدا کـە لـە 19ی ئەیلوولـی 1919 ناردوویەتـی و تێیـدا وەڵامـی کازم قەرەبەکـر دەداتـەوە، وەهـای نووسـیوە:

"... هـەر بەڕاسـتی ئـەو کـەس و دامەزراوانـەی بەوشـێوە گشـتییە ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، بـۆ هـەروا بـە نهێنـی دەمێننـەوە؟ لـەو نـاوەدا کێ بەرپرسـە؟ لـە هەندێـک شـوێنی وەک کاسـتەمۆنو، ئەنقـەرە، مەلاتیـە، نیـدە و سامسـۆن راسـتەوخۆ بانگهێشـتی سـەر ئامێرەکـە کـرام. وەک بڵێـی گومانێـک هەبێـت سـەبارەت بـەوەی ئایـا لەگـەڵ ئەوانـەی کـە لەژێـر نـاوی ئەنجوومەنـی نوێنەرانداییـن یەکگرتوویـن یاخـود نـا. بگـرە سـەرەوەت بـەگ لـە ترابـزۆن بانگـی کردمـە سـەر ئامێرەکـە و هەندێـک هەڵەتێگەیشـتنی لـە بەیاننامەکـە هەبـوو سـەبارەت بـە چەندایەتـی و چۆنایەتییەکـەی. دوای ئـەو دیـدارە گوتـی پێدەچێـت هەمـوو ئـەو ئارگیۆمێنتانـە لـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت کـە کەسـایەتییەکی نادیـار لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران بەیانـی کردبێـت. لەبـەر ئـەم هۆکارانـە بـەر لـە بەیاننامەکـەی ئێـوە، ئـەو پرسـی واژۆکردنـە لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران گەنگەشـەی لەبـارەوە کـرا. بەوپێیـەی ئەنجوومەنـی نوێنـەران دەسـتەی کارگێـڕی کۆمیتەیەکـی نهێنـی نییـە، بەڵکـو رێگەپێدانـی فەرمـی لـە حکومـەت هەیـە و لـە نوێنەرانـی کۆمەڵەیەکـی یاسـایی پێکدێـت، بۆیـە پێویسـتە بـۆ پابەندبـوون بـە یاسـا، بڕیـار و بەیاننامـەکان لەلایـەن کەسـێکەوە واژۆیـان لەسـەر بکرێـت. چەندیـن جـار ئـەوە بینـراوە کـە

56 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 96; Kazım Karabekir İstiklal Harbimiz, s. 243.

بـە دەرکردنـی بەیاننامـە و بڵاوکـراوەی ئەنجوومەنـی نوێنـەران لەژێـر ناوێکـی گشـتی و نادیـاردا، کێشـەی یاسـایی لێدەکەوێتـەوە و مەترسـی پڕوپاگەنـدەی ئەوانـەش زیـاد دەکات کـە دژی ڕەوتـی نیشـتمانین، لەلایەکـی دیکـەوە، هەمـوو دنیا دەزانـن کـە مـن لەنێـو ئـەو کارانـەدام (لەپشــت ئـەو کارەوەم)." [57]

57 - Soylev (Nutuk), Türk Dil Kurumu Yayını, 1963, s. 105-107; Kazım Karabekir, İstiklal Harbimiz, s. 261-263

بەشی حەوتەم

# دوو کاردانەوەی بنچینەیی کە مستەفا کەمال پاشا پشتی پێبەستبوون

مستەفا کەمال پاشا لەنێوان ساڵانی 1919-1922دا، لە ماوەی شەڕی نیوان تورک و ئەرمەن و تورک و یۆنانییەکاندا پشتی بە دوو کاردانەوەی بنچینەیی بەست و بۆ پەرەپێدانیشیان هەموو ڕێکارێکی گرتەبەر. هەوڵدەدەم ئەمانە بە نموونەوە بخەمە بەرچاو:

## 1. دژی کورد: پڕوپاگەندەی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد" دژی ئیسلامە

مستەفا کەمال پاشا چەند ڕۆژێک دوای کۆنگرەی سیڤاس، لە 15ی ئەیلوولی 1919 دا بە ڕێگەی جێگری پارێزگاری مەلاتییەدا ئەم تەلەگرافەی خوارەوە بۆ حاجی کایا و شازادە مستەفا ئاغا دەنێرێت:

"بۆ ئەوەی لە ئەنجامی درۆی دووژمنانی پاشا و گەل، خودا نەکردە شتێکی ئەوتۆ ڕوونەدات کە خوێن بکەوێتە نێوان موسڵمانان و زۆربەی برا کوردە بێگوناهەکانمان بەدەستی سەربازانی دەوڵەت نەکوژرێن

و، بـەم هۆیەشـەوە دەرئەنجامێکـی قورسـی بـۆ دنیـا و قیامەتمـان لـێ نەکەوێتـەوە، ئـەو کارانەی کردووتانە و ئەو نیشـتمانپەروەرییە نموونەییەی نیشـانتانداوە، لەلایەن کۆنگرەی سیڤاسـەوە وەک کارێکی گەورە پێشـوازی لێکـرا. تاوەکـو گـەورەی وەک ئێـوەی خـودان بەڵێـن و نامـووس هەبـن، هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە کـورد و تـورک لێـک دانابڕێـن و وەک بـرای هاوپشـت دەژیـن و لـە دەوری مەقامـی خەلافـەت وەک تەنێکـی نەلەرزیـو، لـە بەرامبـەر دووژمنـە نێوخۆیـی و دەرەکییەکانمانـدا وەک قەڵایەکـی ئاسـنین دەمێننـەوە. جەنابـی هـەق هاوکاریـی سەرخسـتنی کارەکانتـان بێـت". [1]

وەکـو دیـارە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و هەوڵەکانـی بـۆ دامەزراندنـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ وەکـو پیلانێـک لـە دژی مەقامـی خەلافـەت و ئیسـلام سـەیرکراوە. دەڵـێ تەنیـا کاتێـک دەتوانرێـت مەقامـی خەلافـەت و ئیسـلام بپارێـزرێ کـە تـورک و کـورد یەکبـن.

مسـتەفا کەمـال پاشـا دیسـان لە هەمان ئـەو رۆژانـەدا و لـەو تەلەگرافەدا کـە بـۆ خالیـد ئەفەنـدی سـاغرزادە ناردوویەتی، دیسـان هەمان ئەو قسـانە دووبـارە دەکاتەوە.

"بـە ئامانجـی ئـەوەی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ لەژێـر سەرپەرشـتی ئینگلیـز دامەزرێنـن، رائیـدی ئینگلیـز نوئێـڵ کـە خەریکـی پڕوپاگەنـدە بوو بـۆ ئینگلیز، لەگـەڵ ئەکـرەم، کامـەران عەلـی، جـەلادەت، کەسـایەتییەکانی کـورد کـە ئاییـن و گەلیـان فرۆشـتووە، هاتبـووە مەلاتییـە. پارێـزگاری خەرپێـت کـە پڕوپاگەنـدەی بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی دەکـرد، واتـە ناپاکەکـەی گـەل و نیشتیمانیشـیان لەگـەڵ بـوو. ئەمانـە لەگـەڵ پارێـزگاری مەلاتییـە هیـلال بـەگ، گوایـە بـە ئامانجـی ئـەوەی بـەدوای ئـەو دزانـەدا بگەڕێـن کـە پۆسـتەیان دزیـوە، بـەڵام هەواڵمـان هەبـوو کـە ئامانجیـان کۆکردنـەوەی سـەربازی کـوردە. بەشـێوەیەکی خوەزایـی بـۆ بەرگرتـن لـەو خراپەکارییـەی

---

1 - Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri IV, s. 63

دەیهێننە ئاراوە، رێوشوێن گیراوەتەبەر. ئەوە هەیە کە وابەستەیی کورد بە مەقامی پیرۆزی خەلافەت و دەوڵەتەوە هەمیشە لەبەرچاوان بووە. بۆ ئەمە بەشێک لە ئاغاکان بەهێزێکەوە بەرەو لای مەلاتییە چوونە، زاتی ئەوەیان کردووە دژی پاشا و گەل کار بۆ ئینگلیزەکان بکەن و خەڵکی سادەی ئەو ناوەیان بە درۆی ئەوەی گوایە بەدوای دزی پۆستەدا دەگەڕێن، کۆکردوونەتەوە و ویستوویانە لەپێناو هیچ دا بە دەستی سەربازانی دەوڵەت بەکوشتیان بدەن و وابکەن دژی پاشا و ئوممەت (ئیسلام) نارەزایی دەربڕن و راپەڕن، بۆیە پێویستە رێگە لەو خائین و نزمانە بگیرێت و بەخێرایی بۆ کورد روونبکرێتەوە کە بەرەنگاری دەوڵەت نەبنەوە، ئەمە تاوەکو بڵێی جێی بایەخە. ئەگەر بکرێ هەر ئێستا دەستپێبکەن. تکای ئەوەش دەکەم لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە". [2]

ئەم بەڵگەیە لەچاو بەڵگەکەی پێشووتر زۆر روونترە. ئەوەی دەیانەوێ لە دژی کورد بیڵێن، زۆر روون و ئاشکراتر دەیڵێن. بەر لە هەر شتێک ئەو کەسانەی خۆیان داوەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، هەموو ئەو کەسانەی کار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن، بە کەسانێک ناویان هاتووە کە "ئایین و گەلەکەیان فرۆشتووە". وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، دەستەواژەی "گەل" لێرەدا وا بەکاردەهێنن کە رەهەندێکی ئایینیانەی هەبێت، لەمەش دا زۆر بە روونی دەردەکەوێت.

دووەم، باسی ئەوە دەکات کە کورد زۆر بە توندی وابەستەی مەقامی خەلافەتن و ئەوانەیش کە کوردایەتی دەکەن دژی ئەو مەقامە وەستاون. سێیەم ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانە لە دژی ئیسلام و پاشا وەستاونەتەوە و هاودەستی ئینگلیزەکانن. ئەوە لەکاتێکدا ئەو سەردەمە ئینگلیزەکان سیاسەتی دژایەتیکردنی پاشا و خەلافەتیان پەیڕەو

2 - Nutuk, Vesikalar, Vesika No: 65

نەکـردووە!.. چـوارەم، دەڵێـت سـەنگەرگرتن  و دژایەتیکردنی پاشـا، ئیسـلام و خەلافـەت بـۆ موسـڵمانان کەموکوڕییەکـی گەورەیـە. هیـچ موسـڵمانێک دژی پاشـا و ئایینەکـەی ناوەسـتێتەوە. پێنجـەم، بۆ رێگرتن لـەوەی کورد دژی پاشـا بوەسـتنەوە، هەندێـک کەسایەتی دیـاری کـورد لەگـەڵ ئـەو دەسـتە سـەربازیەی کـە هـەر لـە کـورد پێکدێـن، بەگژیانـدا بچنـەوە.
ئـەو پڕوپاگەندەیـە کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا لەگـەڵ کەسـایەتییە دیارەکانـی کـورد، سـەرۆک خێڵ و شـێخەکان، واتە ئەشـرافی کـورد دەیکرد، ئەگـەر سـەرنج لـەو نامانـە بدەیـن کـە لـە دوای کۆنگـرەی ئەرزڕوومـەوە نووسـران، دەبینیـن 9 نامـە نووسـراون. ئـەو نامانـە (تەلەگرافانـە) بـۆ 12 کـەس نووسـراون. مومکیـن نییـە ئەمـە وەک تەکتیکێکـی شۆڕشـگێڕانە لەقەڵـەم بدەیـن. کاتێـک لـە نێوەڕۆکـی ئـەو پڕوپاگەندانـە ورد دەبینـەوە، "بـۆ کۆکردنـەوەی خەڵـک لـە دژی هەوڵەکانـی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز، سـوود لـە ئاییـن و مەقامـی خەلافـەت وەربگـرن"، ئەمـە پڕوپاگەندەیەکـە پـڕی کۆنەخوازییـە. لێـرەدا دەیانـەوێ بـۆ رێگرتـن لـە هەوڵـی نەتـەوەکان بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان، پروپاگەنـدەی ئـەوە بکـەن کـە ئەمـە هەوڵێکـە دژی ئیسـلام، دژی خەلافـەت و پاشـایەتی. بێگومـان پاراسـتنی پاشـایەتی، خەلافـەت و سـەڵتەنەت کۆنەپارێـزی و دواکەوتوویـە. بەرگـری لـەو دامەزراوانـە، رێگرییـە لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلێـک لەلایـەن خۆیـەوە، ئـەم هەڵوێسـتەش جەوهـەری کۆنەپارێـزی و دواکەوتوویـی قووڵتـر دەکاتـەوە.
بـە روانیـن لـەوەی لـە هەلومەرجـی 1919دا، بـە هێنانەپێشـەوەی ئاییـن و ئیسـلامەتی چـۆن هەوڵیانـداوە کۆمەڵگـەی نەریتیـی کـورد بخەنـە ژێـر هەژموونـی خۆیـان و بیکەنـە کۆیلـە، دەردەکـەوێ کـە کۆنەپارێـزی و دواکەوتوویـی گەیشـتووەتە چ ئاسـتێک.
پێویسـتە هەڵوەسـتەیەک لەسـەر ئـەو تەلەگـراف و نامانـەی مسـتەفا کەمـال پاشـا بکەیـن. هەروەهـا ئـەو کەسـایەتییە کوردانـەش کـە "ئاییـن و گەلـی خۆیـان فرۆشـتووە"، چـۆن دوای پێنـج سـاڵ و شـەش مانـگ بـە

تۆمەتـی ئـەوەی هەوڵیانـداوە دەوڵەتـی ئایینـی دروسـتبکەن، برانـە سـەر تەختـی سـێدارە. ئـەو کوردانـەی گوایـە لەبەرئـەوەی دژی خەلافـەت وەسـتاونەتەوە و لەگـەڵ ئینگلیـز دەسـتیان تێکـەڵ کـردووە، ئـەم جـارە بـەوە تۆمەتبـار دەکرێـن کـە هەوڵیانـداوە خەلیفـە بگەڕێننـەوە سـەر تەختـی دەسـەڵات. ئەو کوردانـەی گوایە لـە دژی "سـوڵتان و پاشـای پیـرۆز" راپەڕیـون، سـاڵی 1925 بـە تۆمەتـی هەوڵـدان بـۆ گەڕاندنـەوەی پاشـایەتی لەسـێدارە دەدرێـن، رادەگوێزرێـن، ناچـار دەبـن کوردسـتان بەجێبێڵـن، برسـێتی و مـەرگ بـە چـاوی خۆیـان دەبینـن.
لێـرەدا خاڵێکـی گرنـگ هەیـە باسـی بکەیـن. پرۆفیسـۆر و نووسـەرە تورکـەکان کاتێک باسـی کەمالیسـتەکان دەکـەن، بـە بایەخـەوە دەیانـەوێ بەشـێوەیەک وێنـای بکەیـن کـە مسـتەفا کەمـال دژی حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ وەسـتاوەتەوە. دەیانـەوێ تابلۆیەکـی ئـاوا مـەزن بکێشـن. لـە نووسـینەکانیاندا ستایشـێکی زۆری مسـتەفا کەمـال دەکـەن گوایـە دژی سـوڵتان وەسـتاوەتەوە. لـە نووسـینەکانی مسـتەفا کەمالیشـدا کـە باسـمانکردن، کـورد بـەوە تۆمەتبـار دەکات کـە دژی پاشـا، خەلافـەت و سـوڵتان وەسـتاونەتەوە، بـەو هۆیـەش دەڵێـن کـورد دووژمنایەتـی ئیسـلامی کـردووە.

## 2. دژی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان:

**پڕوپاگەنـدەی "ئـەوە شـێخ مەحمـوودە دژی ئینگلیـز راپەڕیـوە نـەک ئێمـە. ئەگـەر کـورد بخرێتـە ژێـر رکێفـی ئێمـەوە ئینگلیـز و فەرەنسـا و هەمـوو ئەوانـی دیکـە لـەو کێشـەیە رزگاریـان دەبێـت"**
ئـەو پڕوپاگەندانـەی لـە سـەرەوە بـە نموونـەوە خسـتماننەڕوو، لەلایـەن قـوەی میللیەتچییەکان و کەمالیسـتەکانەوە دژی کـورد وەڕێخرابـوو. دژی خێڵ، سـەرۆک خێڵ، شـێخ، بەگشـتی کەسـایەتییەکانی کورد بوو. لەکاتێکدا کەمالیسـتەکان دژی کـورد ئـاوا رەفتاریـان دەکـرد، هـاوکات پەرەیـان

بــە پەیوەندییــە نهێنییەکانــی خۆیــان لەگــەڵ دەوڵەتــە ئیمپریالیســتەکان دەدا. لــەو پەیوەندییانــەدا بەتایبــەت گازندەیــان لەدەســت بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی گەلــی کــورد بــوو. دەیانگــوت تاکــە ڕێگــەی دەربازبــوون لــەو کێشــەیە ئەوەیــە کــورد بخەنــە ژێــر هەژمــوون و دەســەڵاتی تورکــەوە. عەقیــد وەســفی بــەگ کــە یەکێــک بــوو لــە ئەندامانــی ئەنجوومەنــی کۆنگــرەی ســیڤاس، ئــەو کەســەیە کــە لەلایــەن مســتەفا کەمــال پاشــاوە بــە تایبــەت دەستنیشــانکراوە بــۆ بەڕێوەبردنــی پەیوەندییــە نهێنییــەکان لەگــەڵ فەرەنســییەکان. وەســفی بــەگ لــەو دیدارانــەی ســازیکردوون، ویســتوویەتی باســی ئــەو کۆبوونەوەیــە بکات کــە ئەنجوومەنی نوێنــەران لە 27ی تشــرینی دووەمــی 1919 ســازیان کــرد. لــەو کۆبوونەوەیــەدا مســتەفا کەمــال پاشــا، خوســرەو بــەگ، وەســفی بــەگ و ڕەئــوف بــەگ بەشــدار بوون. دوو کەســی دیکــەش کــە ئەندامــی ئەنجوومەنەکــە نەبــوون، لەســەر نــاوی کازم پاشــا و ڕۆســتەم پاشــا بەشــداری کۆبوونەوەکــە بــوون. ڕۆســتەم بــەگ کۆنســوڵی پێشــووی دەوڵــەت بــوو لــە واشــنتن.

"... لەگــەڵ فەرەنســییەکان لــە باڵیۆزخانــە کۆبوومــەوە. ئەوانــەی لــە باڵیۆزخانــەن دەڵێــن ئێــوە چیتــان بــوێ ئــەوە بڵاودەکەینــەوە. تەنیــا مەبنــە بەربەســت لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەمان. ســەر بە بنەماڵەیەکی خانــەدان بــوو، ســەربازە، کاتێــک بــە ڕاشــکاوی بۆچوونیــم پرســی، گوتــی: ئەمــڕۆ دوو ڕەوت هــەن، یەکێکیــان بەلشــەڤییە و ئەوەی دیکە ئیســلامیزم. هەردووکیشــیان بەریتانیایــان کردووەتــە ئامانــج، نــەک ئێمــە. دەشــێ لــە داهاتــوودا دژی ئێمــەش بوەســتن. دەســتبەرداری بەلشــەڤیزم دەبیــن، بــەڵام دەســتبەرداری ئیســلامیزم نابیــن. ڕەنگــە لــە داهاتــوودا بــە جەزائیــر و تونســیش دا بڵاوببێتــەوە. بــە کــردەوە دڵنیاییمــان بدەنــێ کــە هانــی پــان-ئیســلامیزم و پان-تورانیــزم نــادەن...

منیــش پێمگــوت، وەک چــۆن ئێــوە دوو ئاراســتە دەبینــن، ئێمەش دوو شــت دەبینیــن، یەکێــک لەوانە ئیســلامە. ئــەوەی دیکەیان هاوچەرخبوونە. ئەوەی کــە خۆمــان ئیــدارەی خۆمــان بکەیــن و بژیــن، ئــەوە لــە ئەوروپا وەردەگریــن.

رەوتـی ئیسـلامی بـۆ ئێمـە بـاش نەبـوو. شارسـتانی نەبـوو. لەهەمـان کاتدا لەژێـر داگیرکاریدایـە. پێمگـوت کـە سـەربەخۆ نییـە... بـڕوای بەمـە نەکـرد، لەهەمـان کاتـدا وادیاربـوو بـڕوای کردبێـت. ئـەو هـاوکات پرسـیاری لەبارەی پارتـی ئـازادی و هاوپەیمانییـەوە کـرد کە پرسـی کـوردی تێکەڵـی هەڵبژاردن نەکـرد. هەروەهـا لەبـارەی سـلێمانی (شـاری سـلێمانی باشـووری کوردستان)ــەوە پرسـیاری کـرد. منیـش گوتـم شـێخ مەحمـوود دژی ئینگلیـزەکان وەسـتاوەتەوە. ئـەوە خێڵێکـە، کەس نییـە داوای سـەربەخۆیی بـکات... پێمگـوت ئەگـەر بشـگوترێ سۆسیالیسـتەکانی ئێـوەش شـتێکی وایـان دەوێـت، بـەڵام خـۆ بەشـێوەیەکی سرووشـتی تـەواوی خەڵک لەسـەر ئـەم بۆچوونـە نیـن". (3)

بەڕوونـی دیـارە وەسـفی بەگـی ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران، جووڵانەوەکەی شێخ مەحموود دژی ئینگلیز تۆمەتبار دەکات. "لەبەرئەوەی بەشـێک لـە کـورد دژی ئینگلیـز راپەڕیـون، مانـای ئـەوە نییـە هەمـوو کـورد وابـن"، ئەمـە مەبەسـتەکەیەتی. بـۆ ئەمـەش سۆسیالیسـتەکانی فەرەنسـا وەک نموونـە دەهێنێتـەوە و دەڵـێ "وەک چـۆن ناشـێ ئـەوەی سۆسیالیسـتەکان لـە فەرەنسـا گوزارشـتبێ لـە تـەواوی گەلـی فەرەنسـا، ناشـکرێ بگوتـرێ کـە تـەواوی گەلـی کـورد بـەدوای سـەربەخۆییەوەن". کەمالیسـتەکان کـە دەیانویسـت هەوڵـی سـەربەخۆیی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان بە پڕوپاگەندەی ئەوەی دژی ئیسـلام و خەلافەت و سـەڵتەنەتە، بشـکێنن، کەچـی لای فەرەنسـییەکان دەڵێـن "کـورد هیـچ خواسـتێکی بـۆ سـەربەخۆیی نییـە، ئەگـەر کـورد بکەونـە ژێـر دەسـتی ئێمـە، کێشـەیەکی بەوشـێوەیە هیـچ کەسـێک بێـزار نـاکات".

لـە کۆتایـی سـاڵی 1919دا چارەنووسـی کوردسـتانیش وردە وردە روونـدەبێتـەوە. فەرەنسـییەکان لـە نزیکـەوە چاودێـری جووڵانـەوەی شـێخ مەحمـوود لـە باشـووری کوردسـتان دەکەن. چونکە وەک پێشـتریش گوتم،

3 - Heyeti Temsiliye Tutanakları, s. 132

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامە نهێنیانەی هەبوون، بەشێکی گرنگی باشووری کوردستان، بەتایبەت لای مووسڵ، لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەدا بوون کە دەکەوتنە ژێر دەستی فەرەنسییەکان. جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودیش ئامانجی ئەوەبوو هەموو ئەو ناوچانە بخاتە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتەی دەیویست دایمەزرێنێت. وەسفی بەگ بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت:

" لەگەڵ دێپرە کۆبوومەوە [4]... سەبارەت سنوور پرسیاری کرد: ئەو سنوورەی ئاگربەست دیاری کردووە بە بنەما دەگرین، بۆ ئەمەش لەو شوێنانەدا کە نەژادی ئێمەی تێدا دەژین، چەند فیداکارییەک دەکەین.. وامگوت. گوتی: بەڵێ. 'بیر لە دەوڵەتێک بکەنەوە لە دوورگەکانەوە تاوەکو ئێران و بەشێک لە خاکی سووریاشی لەنێودابێت'.. دواتر گوتی: 'ئێمە دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئێوە وەرنادەین. ئێوەش دەست لە بەرژەوەندییەکانی ئێمە وەرمەدەن. ئەو سەربازانەمان کە لە باڵکەسیرن، بۆ ئەوە لەوێن ڕێگری لە تاڵان و بڕۆ بکەن و دۆخەکە بە ئارامی بهێڵنەوە... با هاوڕێیانیشت ئەمە بزانن.. بۆیان بنووسە. پێویستە ژیرانە هەنگاو بنێن، لەگەڵ ئینگلیزەکان هاوپەیمانین، هیچ ناکۆکییەکمان لەنێواندا نییە. ئەمە هیچ سوودێکی بۆ ئێوە نابێت'.. ژەنەراڵ مۆوگینیش گوتی: 'نەکەن ببنە ئیتیحادچی، ئەمە بۆ ئێوە زۆر خراپ دەبێت، چونکە ئەوروپا وەک شەیتان لە ئیتیحادییەکان دەترسێت'.. ئەمەی گوت و زیاتریش درێژەی پێدا: 'بەریتانییەکان ئیمپراتۆرییەکی گەورەی عەرەبی و ئێمەش دەوڵەتێکی گەورەی تورکمان دەوێت'... " [5]

ئەو سنوورەی لە تشرینی دووەمی 1919دا مارشاڵی فەرەنسایی دێپرە ویستی بیکێشێت، زۆر جێی سەرنجە. بەشێک لە خاکی سووریا دەخاتە نێوی و لە ئیجەوە تاوەکو سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە.

---

4 - ژەنەراڵی فەرەنسی فرانشێت دێپرە لە 16 مایسی 1920دا سەرکردایەتی ئەو هێزە فەرەنسییەی دەکرد کە هاتە ئیستەنبووڵ.

5 - Heyet-i Temsiliye Tutanakları, s. 133

کاتێک ئەو سنوورە، لەو نامەیەدا کە لە 26ی شوباتی 1929دا ئەنوەر پاشا بۆ جەمال پاشای ناردووە و پێشتر ئاماژەمان بۆ کردبوو؛ لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین، هۆکاری شەڕی نێوان تورک - یۆنان و تورک - ئەرمەنمان لە 1919 بۆ ڕووندەبێتەوە. ئەو دوو سنوورە کێشراوە زۆر لە یەکترەوە نزیکن. وەک دەزانرێت ئەنوەر پاشا دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سیخوڕێکی ئینگلیز نووسیبووی: ئەمە بە مانای دیاریکردنی چارەنووسی کوردستانیش دێت.

با درێژە بە دیدارەکانی وەسفی بەگ بدەین:

"... ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی کە پەیامنێری شیکاگۆ تریبیۆن بوو، هەڤپەیڤینێکی درێژی سازکرد. گوتی کە ئەوروپاییەکان، بزووتنەوەی میللی و ڕەگوڕیشەکەی، کێشەی سەربەخۆیی کورد، حیزبی ئازادی و هاوپەیمانی و مستەفا کەمال، هەموو ئەمانە بە خراپ سەیر دەکات... گوتیشی کە ڕاپۆرتەکەی هاربۆرد لە بەرژەوەندی ئێمەیە و دەبێ بەڵگەیەک بۆ مانەوە و جیانەبوونەوەی کورد بخەینەڕوو". [6]

ئەو ئامۆژگارییەی ئەمریکاییەکان بۆ کەمالیستەکان تاوەکو بڵێی گرنگە. پێویستە بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەمە بکرێت. ئەمریکاییەکان بۆ پێشگرتن لە سەربەخۆیی کورد دەڵێن: "بەڵگە بەدەستبخەن بۆ ئەوەی دەریبخات کە کورد دەیەوێ لەگەڵ تورک بژی".. لە داهاتوودا دەبینن کە ئەم ئامۆژگارییە بەدڵ جێبەجێکرا. کەمالیستەکان بەڵگە و ڕاپۆرتی ساختەیان ئامادەکرد، "ئەوەتا، ئەوە بەڵگەی خواستی کورد بۆ مانەوە لەگەڵ تورک"، وەک بەڵگەیەک خستیانە بەردەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. لەمەدا ئەو کوردانەی کەسایەتی خۆیان و نەتەوەکەیان

6 - Heyet-i Temsileye Tutanakları, s. 133-134.
ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەمریکاییەی لێرەدا باسی دەکرێت، لەلایەن سەرۆک ویلسن و شا کرەینەوە ئەرکدار کراوە. لەگەڵ مستەفا کەمال و یەک بە یەکی ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبووەتەوە. چاودێری کۆنگرەی سیڤاسیشی کردبوو. ئەم ئەرکانەی لەژێر ناوی ڕۆژنامەنووسییەوە جێبەجێ دەکرد.
Cihacogo Daily News gazetesinden Lois Edgar Brown (bk. Fethi Tevetoğlu, Milli Mücadelede Mustafa Kemal-General Harbord Gorüşmesi II, Türk Kültürü, s. 77, Mart 1969, s. 124-134.
Mazhar Müfit Kansu, Erzurum'dan olümüne Kadar Atatürk'le Beraber, Cilt I, s. 234-240

ڕەتدەکـردەوە سـوودێکی زۆریـان بینـی. وەسـفی بـەگ بـاس لـە کۆمەڵـەی ویلایەتـی ڕۆژهەڵاتیـش دەکات:

" کۆمەڵــەی ویلایەتــی ڕۆژهــەڵات هاتنــە لامــان [7]، چەنــد جارێکیــش عەبدولڕەحمــان شــەرەف بــەگ، دامــات فەریــد پاشــا و ســاڵح پاشــا کۆمیسـیۆنیان پێکهێنابوو. کۆمیسـیۆنێکی لاوەکیشـیان هەبوو. سەرۆکی کۆمەڵــەی کــورد بابانــزادە. ئەمانــە پێنــج ویلایەتیــان وەک کوردســتان دانابـوو. ئـەو کۆمیسـیۆنانە سـەرقاڵی پێکهێنانـی ئیدارە بوون. ئەمەشـیان زۆر بـە نهێنـی دەکـرد. کۆمەڵـە دەڵێـت: دەبـێ شـێوەیەکی زۆر بـاش بـە کوردســتان بــدەن. ئەگــەر بــەر لــە ئاشــتی بچووکتریــن شــتێک ببەخشــن وەریناگرنــەوە. کــورد هیــچ شــتێکی ناوێــت، ئــەوان ڕازی دەکەیــن. ئەگــەر دوای ئەنجوومــەن بــە گەڕانــەوە بــۆ ئینگلیــز ســەر بدەنــە کــورد، داهاتــوو زۆر خـراپ دەبێـت. ئەمانـە نـزم سرووشـتن، گەورەیـان مەکـەن، بـا هـەر حکومــەت بــە گەورەیــی بمێنێتــەوە".

- پاشــای ڕێبــەر: کۆمەڵــەی ویلایەتەکانــی ڕۆژهــەڵات لــە کــێ پێکهاتــووە؟
- وەسـفی بـەگ: خواجـە ڕائیـف ئەفەنـدی، حەسـەن ڕامـی، ئەحمـەد نەدیـم والـی حیجـاز، عەسـاف بـەگ نوێنـەری پێشـوو، فـازڵ عـارف بـەگ.
- پاشـای ڕێبـەر: لـە کۆنگـرەی ئەرزڕووم گـۆڕا بۆ کۆمەڵـەی ڕۆژهەڵاتی ئەنـادۆڵ، لەگـەڵ کۆنگـرەی سیڤاسـیش کرایـە کۆمەڵەی پاراسـتنی مافـی ئەنـادۆڵ و ڕوومەلی.

7 - هەرچەنـدە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم لەژێـر نـاوی "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانـی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات" ، "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانی ترابـزۆن" و "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ" کۆبـووەوە. لەگـەڵ ئـەوەش دا هێشـتا نـاوی "کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات" بەکاردەهێنێـت، بەتایبـەت لـە گوتارەکانـدا بـەردەوام دووپـات دەکرێتـەوە. لـە کۆنگـرەی سیڤاسیشـدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات" لەگـەڵ کۆمەڵەکانی دیکـەی ناوچەکانی ئەنـادۆڵ "کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانـی ئەنـادۆڵ و ڕوومەلی" یەکیانگرت. سـەرباری هەمـوو ئەمانە، "کۆمەڵـەی... ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات" دیسـان زوو زوو بەکاردەهێننـەوە.

- کازم پاشا: دەبێ بۆیان بنووسین (ئاگاداریان بکەینەوە).
- پاشــای رێبــەر: هیــچ کۆمەڵەیەکــی دیکــە جگــە لــە کۆمەڵــەی پاراســتنی مافــی ئەنــادۆڵ و رووملــی نییــە، ئەوانــەی کۆمەڵــەی ویلایەتــی رۆژهەڵاتیــان پێکهێنــاوە هەمــان ئــەو کەســانەن کــە کۆنگرەیــان ســازکردووە.
- وەسفی بەگ: ئەمانە ناپێگەیشتوون.
- پاشــای رێبــەر: دەبــێ پێیــان بگوتــرێ، ئــەوان ناتوانــن بــە نــاوی رۆژهەڵاتــەوە قســە بکــەن... ئەمــە لــە کۆنگــرەی ئــەرزرووم لــە راپۆرتەکــەی نەدیم بەگیشــدا هەبــوو.. رێگە بــە رۆژهەڵاتــی ئەنادۆڵ نــادرێ". [8]

ئــەو قســانە کــە لــە ئەنجوومەنــی نوێنــەران کــراون، ئــەو ئەنجامــە بەدەســتەوە دەدات. وەســفی بــەگ دەڵــێ لەگــەڵ چەنــد کەســێک کــە لــە کۆمەڵــەی ویلایەتــی رۆژهەڵاتــەوە هاتــوون قســەی کــردووە. دەشــڵێ ئــەو کەســانە چەنــد جارێــک هاتــوون. ئــەو کەســانە لەبــارەی کار و ئامانجەکانــی کــورد زانیــاری دەدەنــە قــوەی میللیــە و کەمالیســتەکان و پێشنیازیشــیان بــۆ دەکــەن. بــە کورتییەکــەی ئەمــە قســەکەیانە: بەهیــچ شــێوەیەک روو نەدەنــە کــورد. ئــەوان خــاوەن سرووشــتێکی نزمــن. ئەگــەر بــەر لــە ئاشــتی شــتێکیان پێبــدەن، هەرگیــز بەدەســتی ناهێنینــەوە. دەبــێ بــە حــاڵ و دەردی خۆیانەوەبــن. واباشــە ئەمانــە قســەی خۆیــان لەدەســت خۆیانــدا نەبێــت. بەدڵنیاییــەوە دەبــێ بخرێنــە ژێــر ســایەی حکومەتــەوە. هــەر خــۆی کــورد هیــچ شــتێکیان ناوێــت.

گلەیــی ئەندامانــی کۆمەڵــەی ویلایەتــی رۆژهــەڵات لــەو کوردانــە بــووە کــە ئەندامــی کۆمەڵــەی تەعالــی کوردســتان بــوون. لــە بەشــەکانی پێشــوودا باســی ئەوەمــان کــرد کــە کۆمەڵــەی تەعالــی کوردســتان ئامانجــی بنیاتنانــی کوردســتانێکی ســەربەخۆ بــووە و کــوردی لــە دەوری ئــەو ئامانجــە

8 - Heyet-i Temsiliye Tutanakları, s. 136-137

ڕێکخسـتووە. ئەوەشـمان خسـتەڕوو کـە هەوڵـی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان بـۆ ئەوەی کورد چارەنووسـی خۆی دەستنیشـان بـکات، لەلایەن کۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی و قـوەی میللییـە و کەمالیسـتەکانەوە کـە درێژکـراوەی ئـەوان بـوون، بـە چـاوی گومانـەوە سـەیر دەکـران. بـۆ ئەمـە و بـە ئامانجـی ئـەوەی کاریگـەری کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان لەسـەر زۆرینـەی گەلـی کـورد بشـکێنن، کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافـی نەتەوەیـی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات دامـەزرا. لـەو دامەزراندنـەش دا بەتایبەتـی گرنگی بـە ڕۆڵـی کـورد درا. ئەوەتـا لـەو قسـانەی سـەرەوەدا ڕوون دەبێتـەوە کـە ئەندامانـی کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات زۆر بـە باشـی ئەرکەکانیـان جێبەجـێ دەکـەن، لای قـوەی میللـی شـکایەت لـەو کوردانـە دەکـەن کـە خەبـات بـۆ ڕزگاریـی نەتەوەیـی دەکـەن.

پێشـنیازی ئـەوە بـۆ ئەندامانـی قوەی میللییـە و کەمالسـیتەکان دەکەن کە بیانکـوژن. بۆیـە ئـەو قسـانە زۆر گرنگـن بـۆ دەرخسـتنی ئاسـتی پەیوەنـدی لەنێـوان کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان و کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات.

ئـەو قسـانەش کە لەنێوان مسـتەفا کەمال پاشـا و ئەنجوومەنـی نوێنەران، یاخـود ئەندامانـی دیکـەی بەشـداربوو لـە دانیشـتنەکە کـراون گرنگـن. وەک لـە تێبینـی ژمـارە 7دا ڕوونمـان کردووەتـەوە، درێـژە بـە بەکارهێنانـی نـاوی کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات دەدرێـت. ئەمـە دەریدەخـات کـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس هێنـدەش کاریگـەر نەبـوون وەک ئـەوەی باسـی دەکـەن. بوونـی خواجـە رائیـف ئەفەنـدی کـە یەکێـک بـوو لـە ئەندامانـی کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات و لەهەمـان کاتـدا وەک ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانیـش لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم هەڵبژێـردرا، جێـی سـەرنجە. لەلایەکـی دیکـەوە ئـەوە دەردەخـات کـە کۆمەڵـەی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات متمانـەی بـە ئەندامانی خۆیشـی نەبـووە. ئەوەش جێـی سـەرنجە کـە ئـەوان لـە ڕۆژهـەڵات نوێنەرایەتـی هیـچ شـوێن و دەسـتەیەکیان نەکـردووە. دیسـانەوە هاوشـێوەی ئـەوەی کـە دەیانگـوت

"کـورد هیچیـان ناوێـت"، ئەوەشـیان دەگـوت کـە بـۆ شـکاندنی کاریگەریـی کـورد هەمـوو جـۆرە ڕێکارێـک دەگیرێتەبـەر.

بێگومـان ئـەو پەیوەندییـەی کەمالیسـتەکان لەگـەڵ دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکان بەمەبەسـتی دانانـی بەربەسـت لەبـەردەم بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورد و پەکخسـتنی هەوڵەکانـی کـورد بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان، ئەوپـەڕی دواکەوتوویيـە. کەمالیسـتەکان دژایەتـی خەباتـی شـێخ مەحموودیـان دەکـرد کـە لـە باشـووری کوردسـتان دژی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز لـە جەنـگ دا بـوو، ئەمـە زۆر ڕوونتـر دواکەوتوویـی ئـەو پەیوەندییـە نیشـاندەدات. ئـەو پرسـانە کـە باسـی کۆبوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران بـوون، بـە دیاریکـراوی لـە نووسـینەکانی مسـتەفا کەمالیـش دا هـەن. لـەو نووسـراوەدا کـە مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە 19ی ئەیلوولـی 1919 بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـای دەنێرێـت، لـەو ڕوانگەیـەوە جێـی بایەخـە. لـەو نووسـینەدا کـە سـەرەتاکانیمان لە سـەرەوە خسـتەڕوو، کۆتاییەکـەی ئاوایـە:

"... هـەر بەڕاسـتی لـە سـەرەتای کارەکـەدا منیـان کردبـووە ئامانجـی هێرش، بـەڵام سـوپاس بـۆ خودا هەموو هێرشـەکان لە بەرژەوەنـدی ئامانجی ئێمەدا شـکانەوە. حکومەتەکەی ئیسـتەنبووڵ و هەموو ئەوانەی شکستی ئێمەیان دەویسـت، دووچـاری داڕووخـان بـوون. ئەگـەر بێینـە سـەر باسـی بێگانـان: لەگـەڵ ئەمریکایـی، فەرەنسـایی و ئینگلیـزەکان دیـداری زۆر گرنـگ کـراون و کاربەدەسـتانیان کـە تاوەکـو سیڤاسـیش هاتـوون، وەک دەسـتگیرۆیی و هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ئەوەبـوون پەیوەنـدی دوولایەنـەی باشـمان لەگـەڵ بنیات بنێن. خۆشـیان ئەوەیان گەیاندووەتە شـوێنی مەبەسـت؛ قوەی میللی کـە ئێمـەش تێیدا بەشـدارین، تەنیا بۆ دنـەدان و ئیسـتیفزازکردنی کەسێک نییـە، بەڵکـو فۆرمێکـی بەربڵاوی بنەمـای نەتەوەییـە. ئـەوان ئەمانەیـان بـە ئێمـە ڕاگەیانـد و بـە ڕاپۆرت بۆ دەسـەڵاتدارانی سـەرووی خۆیـان نـاردەوە". [9]

9 - Soylev (Nutuk), Türk Dil Kurumu Yay., 1963, s. 106; Kazım Karabekir , İstiklal Harbimiz, s. 262

پێویستە بە وردی لەسەر ئەم نووسراوەی مستەفا کەمال پاشا هەڵوەستە بکەین. ئەم نووسراوە زۆر لایەنی بایەخدار و جێی سەرنجی هەن. هێشتا لە مانگی ئەیلوولی 1919 داین. مستەفا کەمال پاشا دەڵێت کە پەیوەندی زۆر باش و گەرموگوڕی لەگەڵ ئەمریکایی، ئینگلیز و فەرەنسییەکان هەیە. ئینجا ئەمە بە کازم قەرەبەکر پاشا، فەرماندەی سوپا لە ئەرزڕووم دەڵێت. ئەو پەیوەندییانەش هێندە گەرموگوڕ و راشکاون کە سیخوڕ و پیاوانی دەستڕۆیشتووی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا لەو راپۆرتانەی بۆ حکومەکانی خۆیانی دەنێرن، زانیاری سەبارەت راپۆرتەکانیان دەدەنە مستەفا کەمال پاشا... هانی حکومەتەکانیان دەدەن کە پشتی (قوەی میللی) بگرن. لەلایەکی دیکەوە مستەفا کەمال باس لە چەند هێزێکی نێوخۆیی و دەرەکی دەکات کە دەیانەوێ خراپەیان بەرانبەر بکەن، بەڵام لەنێو ئەو هێزە دەرەکییانەدا کە چاکەی ئەوانیان ناوێت ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا نین. ئەوان لەژێر ناونیشانێکی دیکەدان، دەکەونە پۆلێنی دەوڵەتە بیانییەکان و دەگوترێ کە پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا هەیە. لە کاتێکدا دوای دوو مانگ و نیو لەو نامەیەی بۆ کازم قەرەبەکر پاشا نێردراوە، دوای هەفتەیەک لەو قسانەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران کران، مستەفا کەمال پاشا لەگەڵ کۆمیساریای باڵای فەرەنسا لە سووریا میسیۆ پیکۆت لە 8-7 ی کانوونی یەکەمی 1919 لە سیڤاس کۆدەبنەوە. [10]

لەم بەشەدا، هەوڵماندا ئەوە بخەینەڕوو کە لەنێوان ساڵانی 1919 - 1922، واتە لە ماوەی شەڕی تورک - ئەرمەن و تورک ـ یۆنان دا دوو

10. Ali Fuat Cebesoy, Milli Mücadele Hatıraları, 1955, s. 270; Utkan Kocatürk, Atatürk ve Türk Devrimi Kronolojisi, 1918-1938, TİTE, 1973, s. 91-92;
میسیۆ پیکۆت، هەمان جۆرج پیکۆتی نوێنەری فەرەنسا بوو، کاتێک لە ساڵی 1916دا لە رێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ، کە لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا واژۆکرا و دواتر رەزامەندیی رووسیای قەیسەریشی لەسەر وەرگیرا. پیکۆت فەرماندەی باڵای فەرەنسا بوو لە سووریا و ئەرمینیا. دەیەوێ لەگەڵ مستەفا کەمال کۆببێتەوە. مستەفا کەمال لابردنی ناونیشانی "فەرماندەی باڵای ئەرمینیا" دەکاتە مەرجی کۆبوونەوە لەگەڵ جۆرج پیکۆت. ئەو داواکارییە جێبەجێ دەکرێت، لەو سەروبەندەدا فەرەنسا بۆ ئەوەی لەگەڵ کەمالیستەکان بگەنە لێکتێگەیشتن، هەموو کارێکیان دەکرد.

شـێوەی کاریگـەری پڕوپاگەندەیـان خسـتبووەگەڕ. هـەردوو ئـەو شـێوە پڕوپاگەندەیـەش دژی نەتـەوەی کـورد و بزووتنـەوە رزگاریخوازەکـەی بـوون. یەکێکیـان راسـتەوخۆ دژی کەسـایەتییەکانی کـورد بـوو. بـۆ ئەمـەش ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلام، خەلافـەت و سـەڵتەنەتیان بەکاردەهێنـا. دووەمیشـیان شـکاتکردن بـوو لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی کـورد لای ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان، جەختکردنـەوە بـوو لـەوەی کـە ئامـادەی هاوکاربـن بـۆ سـەرکوتکردن و راگرتنـی ئـەو بزووتنەوەیـە. ئـەو دوو شـێوە پڕوپاگەندەیـە پەیوەنـدی راسـتەقینەی کـورد و تـورک دەردەخـەن. ئـەوەی کـورد و تـورک لەنێـوان سـاڵانی 1919 - 1922دا هاوشـانی یەکـدی خەباتیان کـردووە، جگـە لـە درۆیـەک هیچـی دیکـە نییـە.

خەباتـی هاوبـەش بەدیهێنـەری ئـەوە دەبێـت کـە دوو نەتـەوە رێـز لـە مافـی یەکتـری بگـرن. ئـەوە لـە کاتێکـدا کەمالیسـتەکان هەوڵیـان دەدا پێشـکەوتنی نەتەوەیی کورد و هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسـی کورد بەتـەواوی ریشـەکێش بکـەن. بەوهۆیـەوە پەیوەنـدی ژێربەژێریـان لەگـەڵ دەوڵەتانـی ئیمپریالیسـتی دروسـتکردبوو. هەرچەنـدە لـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس باسـی ئـەوە کرابـوو کـە "پێکهاتـە موسـڵمانەکان" رەچـاوی دۆخـی نـەژادی و تایبەتمەنـدی کۆمەڵایەتـی یەکتـری دەکـەن، بـەڵام ئەمـە بـۆ ئـەوە نەبـوو لەڕاسـتیدا جێبەجـێ بکرێـت. بەڵکـو ئامانـج لێـی خەڵەتاندنـی کـورد، دواخسـتن و شـکاندنی خەباتـی نەتەوەیـی کـورد بـووە. هەمـوو ئەمانـە، بانگەشـەی ئـەوەی کـە گوایـە "شـەڕی 1919 - 1922 شـەڕ بـووە دژی ئیمپریالیـزم" لـە رەگوڕیشـەوە بـەدرۆ دەخاتـەوە و مایەپووچـی دەکات. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ئیمپریالیـزم ناتوانـی شـەڕی دژی ئیمپریالیـزم بکەیـت. وەک چـۆن پێشـتریش بـە نموونـەوە باسـمانکرد کە رێکخسـتنی قوەی میللـی ئامانجی ئەوەبـوو موڵکـی تاڵانکـراوی ئەرمەنـی و رۆمییـەکان لەژێـر دەسـتی خۆیـان بپارێـزن و باڵادەسـتی و خاوەنداریـی خۆیـان بهێڵنـەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا کەمالیسـتەکان وا دەردەخـەن کـە زۆر ناڕەحەتـن بـەو خەباتـەی شـێخ

مەحمـوود لـە دژی ئینگلیـزەکان دەیـکات. ئەوانەی نائاسـوودەن بـە خەباتی کـورد لـە دژی ئینگلیـز، پەیوەندییەکـی باشـیان لەگـەڵ بەریتانیا و فەرەنسـا هەبـووە. پێویسـتە زۆر بە باشـی لە ریشـەی ئـەو سیاسـەت و پڕوپاگەندەیە بگەیـن کـە لەنێـوان سـاڵانی 1919 - 1922 لـە دژی نەتـەوەی کـورد کـراوە. بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلام وەک تاکتیکێـک، هەروەهـا بەکارهێنانی برایەتـی کـورد و تـورک وەک تاکتیکێـک لایەنێکـی دیکـەی ئـەو سیاسـەتە بـوون. "پێکهاتـە موسـڵمانەکان رێـز لـە مافـی یەکتـری دەگـرن". "پێکهاتـە موسـڵمانەکان کۆیەکـی یەکانگیـرن، لـە یەکتـری جیاناکرێنـەوە"، ئـەم جـۆرە پڕوپاگەندانـە ئـەو دوو تاکتیکـەن کـە ئـەو دوو بنەمـا دواکەوتوویـە دەشـارنەوە. دواتـر دووبـارە دەگەڕێینـەوە سـەر ئـەم پـرس و باسـە.

## بەشی هەشتەم

# کێشەی ئینتیداب

### 1. روانگەی رۆشنبیرانی عوسمانی

لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی 1918- 1919دا، واتـە لـەو سـەروبەندەدا کـە رۆشـنبیرانی کـورد لەژێـر نـاوی کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان خۆیـان رێکدەخسـت، بەلایەنـی کەمـەوە گرنگـە بزانیـن ئایا بەشـێک لە رۆشـنبیرانی عوسـمانی - تـورک روانگـە و تێڕوانینـان چ بـووە.
لـە 30ی تشـرینی یەکەمـی 1918دا ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس واژۆکـرا. هـەر دوای ئـەوە، شـازادە سـەباحەددین و لایەنگرانـی کـە بـە ژۆن تورکـەکان ناسـرابوون، لـە سـوید کۆبوونـەوە. بـە درێـژی گفتوگۆیـان لەبـارەی پرەنسـیپە 14 خاڵییەکـەی ویلسـنی سـەرۆکی ئەمریـکا کـرد و دواتـر بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە. لـەو بەیاننامەیـەدا خاڵی 12ی پرەنسـیپەکانی ویلسـنیان پەسـەند کـرد. وەک دەزانرێـت ئـەو خاڵـە تایبـەت بـوو بـەو ناوچانـەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی کـە کـورد تێیانـدا دەژیـن و دەڵێـت لـەو شـوێنانەی کـە دانیشـتووانیان تـورک نیـن، لەژێر هەژمـوون و دەسـەڵاتی تورکـەکان دەردەهێنرێـن. شـازادە سـەباحەددین و لایەنگرانـی، بـە مەرجـی

"پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عوسمانی" داوای ئۆتۆنۆمیان بۆ ئەو گەلانە دەکرد کە تورک نین. [1]

بەڵام ئەوەی ئەوان دەیانویست، نەهاتەدی. ئەو ژۆن تورکانەی کە زیاتر مەیلیان بەلای ئیتیحاد و تەرەقی دا بوو، لە ئیستەنبووڵ کۆبوونەوە. ئەوانەی پرەنسیپەکانی ویڵسنیان قەبووڵ کرد، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی کۆمەڵەی پرەنسیپەکانی ویڵسن دامەزراند. خالیدە ئەدیب ئەدوەر، لە کتێبەکەیدا (تاقیکردنەوەی تورک لەگەڵ ئاگر) بەبێ ئەوەی هیچ ناوێک بهێنێ، دەڵێت:

"... پرەنسیپەکانی ویڵسن، لە هەموو دنیادا و لەسەر ئەو وڵاتانەش کە لە شەڕدا دۆڕابوون، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، لە ئیستەنبووڵیش کۆمەڵەی پرەنسیپەکانی ویڵسن لەلایەن نووسەر و پارێزەرە ناسراوەکانەوە دامەزرا. وادیاربوو وڵاتانی سەرکەوتوو هیچ قەرەبوویەک نادەنە گەلانی شکستخواردوو. تورکیا کە دووچاری کارەسات هاتبوو، چاوی بڕیبووە کەسێکی وەکو ویڵسن کە چاوی نەبڕیبووە خاکی هیچ وڵاتێک. نوێنەری رۆژنامەکان لە چاپخانەی ڤەکیت (کات - دەم) کۆبوونەوە و یاداشتێکیان بۆ ویڵسن نووسی کە ئەوکاتە لە پاریس بوو. داوای سەرەکی لەو یاداشتەدا ئەوەبوو کە بەر لە هەرشتێک، با ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە تورکیا ئاشتی بەرقەرار بکات، بە مانایەکی دیکە پاراستنی تورکیا لە هەر هەڕەشە و هێرشێک، لەهەمان کات دا لەڕووی ئابوورییەوە هاوکاری تورکیا بکات، لە ماوەی ئەو ساڵانەش دا نوێنەرانی خۆی بنێرێتە تورکیا و رژێمێکی نوێ دابمەزرێنێ و کار بۆ پەرەپێدانی نێوخۆیی بکات. کۆمەڵەکە لە ئۆکتۆبەری 1918 دامەزرا". [2]

لەو یاداشتەوە تێدەگەین کە کۆمەڵەی پرەنسیپەکانی ویڵسن لەلایەن کێ دامەزراوە. هەرچەندە خالیدە ئەدیب ئەدوەر بانگەشەی ئەوە

1 - Mine Erol, Türkiye'de Amerikan Mandası Meselesi 1919-1920, İleri Basımevi, Yıl ,1972, s. 32

2 - Halide Edip Adıvar, Türkün Ateşle İmtihanı, Can Yayınları, İstanbul 1962, s. 17-18

دەکات کـە کۆمەڵـەی تورکـە ویڵسـنییەکان تەمەنـی هـەر دوو مانـگ بووە، بـەڵام ئەمـە راسـت نییـە. تاوەکـو ئەوکاتـەی ئەمریـکا دڵنیابـوو کـە ناتوانـێ ئەرکێکـی بەوشـیوەیە لـە ئەسـتۆ بگرێـت، واتـە تاوەکـو ئەوکاتـەی هیـوای بـە رۆشـنبیرانی عوسـمانی- تـورک مـاوە، ئـەو رێکخـراوەش چـالاک بـووە. کۆمەڵـەی پرەنسـیپەکانی ویڵسـن لەلایـەن خالیـدە ئەدیـب، جەلالەدیـن موختـار، عەلـی کەمـال، حوسـێن عەونییـەوە دامـەزراوە. [3]

دەسـتەی یەکەمـی بەڕێوەبردنـی کۆمەڵەکـەش خالیـدە ئەدیـب، رەفیـق خالیـد، کەمـال عەلـی، حوسـێن عەونـی و راغـب نوورەدیـن بـوون. [4]

کۆمەڵەکـە لـە پێنجـی کانوونـی دووەمـی 1918دا یاداشـتێک بـۆ ویڵسـن، سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەنرێـن. ئـەو یاداشـتە بـەم شـێوەیەیە: [5]

"بەڕێز ویدرۆو ویڵسن

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

ژمارەیەکـی زۆری رۆژنامەنـووس و کەسـایەتی دیـاری زۆر پیشـەی دیکـە، بزووتنەوەیەکـی هەڵقـوڵاوی نێـو خەڵکیـان بـە نـاوی (کۆمەڵـەی تورکـە ویڵسـنییەکان) دامەزرانـدووە. ئامانـج لـەم بزووتنەوەیـە بانگـەوازە بـۆ سـەرۆکی مەزنـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـە پرەنسـیپەکانی لەلایـەن دۆسـت و دووژمنـەوە قەبووڵکـراون و مژدانـەی سـەردەمێکی نوێـی ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی بـۆ جیهـان پێیـە.

کۆمەڵـەی ویڵسـنییەکان لەسـەر بنەمـای لێبووردەیـی ئایینـی و یەکسـانیی سیاسـی دامـەزراوە، دەیەوێـت سـوود لـە ئەزموونـی کۆمـاری ئەمریـکا

---

3 - Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler, İstanbul 1952, s. 445-446

4 - Tarık Zafer Tunaya, a.g.e., s. 445-446

5 - بۆ یاداشتەکە بڕوانە:

Mine Erol, a.g.e., s. 36-37; Mine Erol, Wilson Prensipleri Cemiyeti'nin Amerikan Cumhurbaşkanı Wilson'a Gonderdiği Bir Muhtıra, Tarih Araştırmaları Dergisi, s. 4-5, DTCF Yayını, 1965, s. 237-245

وەربگرێت کە پێکهاتەی جیاوازی لەنێو کۆمەڵگەیەکی تەبادا کۆکردووەتەوە و ئەم ئەزموونە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئایینی و نەژادییەکانی تورکیاش بەسوودە. [6]

ئەمریکا بەم کارەی گەلێکی پڕ مەینەت و ئازار بە ئاشتی شاد دەکات. بە روانین لە پێشهات و شکستەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی، نیشتمانپەروەران و رۆشنبیرانی تورکیا لەو باوەڕەدان بەهۆی نەریتە مێژووکردەکان و ئەو تێنەگەیشتنەی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان دا هەبووە، هەر سیستمێک خۆیان قەبووڵی دەکەن دەبێتە سیستمێکی شکستخواردوو. لەبەر ئەو هۆکارانە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە لەپێناو یەکخستنی ئەو پێکهاتانە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بچینە ژێر چاودێریی دەوڵەتێک کە لە کاروباری دەوڵەتداری دا شارەزایە. لەبەرئەوەی ئیمپراتۆریی تورک سەرەدەری لەگەڵ کێشەی جیاواز و پێکهاتەی جیاواز دەکات، بەهۆی ئەوەی جیاوازی هەیە لە میتۆد و ئامانجی ئەو کۆمیسیۆنەی لە چەند وڵاتی جیاواز پێکهاتووە، بۆیە ئەوان (واتە نیشتمانپەروەران و رۆشنبیران) پێیانوایە ئەو کارە لەلایەن یەک وڵاتەوە بکرێت سەرکەوتووتر دەبێت. کۆمیسیۆنێکی تێکەڵ ناتوانێت وەک تاکە یەک دەوڵەت کارەکە بە خێرایی و بە باشی بکات.

سەرۆکی مەزنی کۆماری ئەمریکا بە چاکەخوازییەوە وەڵامی ئەو داوای هاوکارییەمان دەداتەوە و وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا کە باوەڕی بە کۆتاییهێنان بە شەڕ و ناکۆکیی چەندین سەدەی نێوان نەتەوە

---

6 - وەک دەردەکەوێت، کۆمەڵەی تورکە ویڵسنییەکان پەرە بە روانگەیەکی پێچەوانەی ئەو پرەنسیپە دەدەن کە ویڵسن هێنایە ئاراوە و بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن گەلان خۆیانەوە. ئەم بزووتنەوەیە دەیەوێ وەک پێشتر درێژە بە ئیمپراتۆریی عوسمانی بدات کە لە ئایین و نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە. بۆ ئەمە چەند ریفۆرمێکی رووکەشانە دەکەن و دیسان گرووپە جیاوازە رەگەزی و ئایینییەکان لە چوارچێوەی بنیادی ئیمپراتۆری دا دەهێڵنەوە. لەو روانگەیەوە ژۆن تورکەکانی لایەنگری شا سەباحەددین کە لە سوێد کۆدەبنەوە، لەگەڵ روانگەی ئەوانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، هیچ جیاوازییەکی نییە. بە ئەمریکا دەڵێن کە "ئێوەش لە گرووپ و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، یارمەتیمان بدەن لەوەی کە ئێوە چۆن توانیوتانە ئەو یەکگرتووییە دابین بکەن. لەڕاستی دا کەمالیستەکان دەیانویست بە مەیلی خۆیان ئەم روانگەیە لەسەر کورد و کوردستان جێبەجێ بکەن.

و پێکهاتــە جیــاوازەکان هەیــە، نێوەندگیــری لەنێــوان ئێمــەش دا دەکات. ئــەوەی ئێمــە دەمانــەوێ پارێزگارییــەک نییــە لــە کۆتاییــدا ســەربەخۆییمان ســنووردار بــکات، بەڵکــو بــە ئامانجــی ئەوەیــە گەلێکــی دواکەوتــوو و پێشــنەکەوتوو بــۆ ماوەیەکــی دیاریکــراو پــەروەردە بکرێت و بچێتە ئاســتێکی شــەرەفمەندانەی ئاســتی گەلانــی دیکــە. بڕوامــان بەوەیــە بەرنامەکــەی ویڵســن کــە بەرگــری لــە مافــی ئازادیــی گــەلان دەکات و پشــتگیری لــە مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس دەکات، لەکاتــی پێویســت دا دەســتەبەری گەشەســەندنی ئێمــە دەکات لــە چوارچێــوەی بنەمــا نەتەوەییەکانمــان دا. ئــەو پێویســتییە نەتەوەییانــەی لــە ئەمریــکای داوا دەکەیــن، لــە خــوارەوە بــۆ چەنــد خاڵێــک کورتکراونەتەوە:

1. حوکمڕانیی سوڵتان و ڕەوایی تورکیا پارێزراوبێت.

2. لــە هەمــوو هەڵبژاردنــەکان دا مافــی کەمینــەکان بــە پەیڕەوکردنــی مافــی نوێنەرایەتــی ڕێژەیــی دەســتەبەر دەکرێت. ســەرجەم هاونیشــتمانیانی عوســمانی لــە ســەرجەم دامــەزراوە حکومییــەکان دا، لە هەرەژێری تاوەکو ســەری ســەرەوە وەردەگیرێــن.

3. لەپــاڵ یاریــدەدەری شــارەزا، ڕاوێژکارێکــی ئەمریکایــی بــۆ هەریەکــە لــە وەزارەتەکانــی دارایــی، کشــتوکاڵ، پیشەســازی، بازرگانــی و کاروبــاری گشــتی دەخرێتــە ســەر کار و کۆمیســیۆنی ئەمریکــی لــە ڕێگــەی ئــەو ڕاوێــژکارەوە چاکســازی دەکات کــە خوشــگوزەرانیی وڵات و گەشەســەندنی دەســتەبەر دەکات، ڕێبــازی نــوێ دەهێنرێنــە وڵات و ئــەو کارانــەی پەیوەندییــان بــە چاودێریــی کۆمەڵایەتــی و پــەروەردەوە هەیــە، ڕێکیــان دەخــات و بەڕێوەیــان دەبــات، بــەڵام ئێمــە بەهۆی ئاراســتەی جیــاواز جیاوازی سیاســییەوە هەرگیز ناتوانیــن بەڕێکوپێکــی بەڕێــوەی بەریــن.

4. بــە ئامانجــی چاکســازی لــە سیســتمی دادگــەری و لابردنــی ئەو سیســتمە یاســاییە کۆنــەی ئێســتا. ڕاوێــژکارە باڵاکــەی ئەمریــکا لــە هــەر کام لــەو ناوچانــەی دەیەوێــت و لــەو گەلانــەی مەبەســتیەتی، چەنــد کەســێکی تایبەتمەنــد هەڵدەبژێرێــت و دامەزراوەیــەک پێکدەهێنێت. ئــەو دامەزراوەیە

هەمــوو یاســا تورکییــەکان بــە شــێوەیەک کــە یەکســان و دادمەندانــە بەســەر تــەواوی عوســمانییەکان دا پەیــڕەو بکرێــت، نــوێ دەکاتــەوە.
5. کاروبـاری جەندرمـە و پۆلیـس بـۆ سەرپەرشـتیارێکی ئەمریکایـی و ئـەو کارمەندانـەی ئـەو هەڵیان دەبژێرێت، بەجێدەهێڵدرێـت. ئەو یەکە کارگێڕییە سـەرەتاییەی ئێسـتای گرتووخانـەکان بەگوێـرەی روانگەی سـەردەم لەلایەن کەسـێکی تایبەتمەنـدی ئەمریکاییەوە چاکسـازی تێـدا دەکرێت.
6. لـە هـەر شـارێکی تورکیـا سەرپەرشـتیارێکی ئەمریکایـی کاردەکات بـۆ چاکسـازی لـە حکومەتـی خۆجێـی دا.
7. ئـەو حکومەتـە خۆجێییـە بۆ ئەوەی هەر شـارێک بەگوێـرەی تایبەتمەندیی خـۆی گەشـە بکات، بـە هـاوکاری ئەمریکا بـەدی دەهێنرێت.
8. ئـەم چاودێرییـەی ئەمریـکا تاوەکـو 15 سـاڵ، یـان بەلایەنـی زۆرەوە 25 سـاڵ درێـژەی دەبێـت.
9. لـەو ماوەیـەدا هەمـوو گـەلان دڵنیایـی دەدەن کـە تورکیـا بێلایەنـە. سـنوورەکانی ئیمپراتۆریـی تـورک کـە ویسـتوویەتی ئەمریـکا کارگێڕییەکـەی رێکبخـات، لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی دا جێگیـر دەکرێـت.
ئێمـە ئامادەیـی ئەوەمـان تێدایـە هـەر جـۆرە دڵنیاییـەک قەبـووڵ بکەیـن بۆ ئـەوەی ئـەو چاکسـازییانە بەتـەواوی جێبەجـێ بکرێن.
رێـزی خۆمـان دەنوێنیـن و سوپاسـگوزاری ئـەو پرەنسـیپانەین کـە رێـز لـە مافـی هەمـوو گـەلان دەگرێـت.
ئەم ناوانە لەجیاتی کۆمەڵەی پرەنسیپەکانی ویڵسن واژۆیان کردووە:
- خالیدە ئەدیب
- یونس نادی (یەنی گوین)
- ئەحمەد ئەمین (ڤاکیت)
- د. جەلال موختار (وەزیری پێشوو)
- وەلید ئەبوزیا (تەفسیری ئەفکار)
- عەلی کەمال (ساباهـ)
- جەلال نووری (ئیکدام)

- نەجمەدین سادق (ئاکشام)
- مەحموود سادق (یەنی گازەتە)
- م. جەمال (زەمان)

پێویستە زۆر بە وردی سەرنج لە ناوی ئەو کەسانە بدرێ کە لەژێر ئەو یاداشتەدا واژۆیان کردووە. خالیدە ئەدیب، یونس نادی، ئەحمەد ئەمین، نەجمەدین سادق، دواتر ئەو کەسانە دەبنە کەسی هەرە نزیک لە مستەفا کەمال پاشا. یونس نادی لەسەرووی ئەو کەسانەوە دێت کە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم دادەرێژن و جێبەجێی دەکەن. ئەحمەد ئەمین و نەجمەدین سادقیش هەروەها. یونس نادی و نەجمەدین سادق، لەلایەن سکرتێری گشتی جەهەپە و بەرپرسی میللی عیسمەت ئینۆنوو لە هەموو خولەکان دا کرانە پەرلەمانتار. نەجمەدین سادق تاوەکو پێگەی وەزیری دەرەوە هەڵکشا. عەلی کەمال کەسێک بوو دژی خەباتی نەتەوەیی. لەو حکومەتانەی لە دوای ئاگربەستی مۆندرۆس پێکهێنران، بووە سەرۆکوەزیرانیش. سەرنووسەری رۆژنامەی (Peyam-i Sabah- پەیامی سەباح)یش بووە. لە 6ی ئۆکتۆبەری 1922دا لەلایەن خەڵکەوە کوژرا. ئەوانەی لەنێوان ساڵانی 1918 - 1919دا خەباتی نەتەوەیی کوردیان بە دەستکردی ئینگلیز و ئەمریکا ناودەبرد و دروشمی زۆر بێ نرخیان دەگوتنەوە، ناچارن هەڵوەستە لەسەر پەیوەندیی ئینگلیز و کەمالیستەکان بکەن.

بێگومان لێکۆڵینەوە لە بۆچوونی ئەو رۆشنبیرە عوسمانیانەی ئینتیدابی ئەمریکایان دەویست، سەبارەت بە کورد زۆر بایەخدارە. رۆشنبیرانی عوسمانی نایانەوێ پرەنسیپەکانی ویلسن بۆ کورد جێبەجێ ببن. بەتووندی دژی ئەو خواستەی کورد وەستاونەتەوە. هەربۆیە بە رژدی دژی هەوڵ و روانگەی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوون. لە پرسی دژایەتیکردنی ئەوەی کورد چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، هیچ جیاوازییەک لەنێوان رۆشنبیرانی عوسمانی و کەمالیستەکان دا نەبوو. هەردووکیان بۆ

ئەوەی کورد لەژێر دەستی تورک دا بهێڵنەوە، هەرچییان لەدەست هاتبێ، کردوویانە.

## 2. حیزبی ئازادی و هاوپەیمانی خواستنی ئینتیداب

هەر لەو ساڵانەدا حیزبی ئازادی و هاوپەیمانی ئینتیدابی ئینگلیز هەڵدەبژێرێت.[7]

ئەو کۆمەڵەیەی رافع جەودەت (ئوڵونای)، دامات فەرید، رەزا تۆفیق، عەلی کەمال [8]، سەید مەلا دایدەمەزرێنن و ناوی لێدەنێن "کۆمەڵەی دۆستانی ئینگلیز"، لایەنگری ئینتیدابی ئینگلیز دەبێت. [9] تەنانەت وەحیدەدین پاشا و دامات فەرید پاشای سەدری ئەعزەمیش لایەنگری ئینتیدابی ئینگلیز بوونە. [10]

ئەنجوومەنی نوێنەرانی سیڤاس دەست بەسەر کۆپییەکی ئەو رێککەوتنەدا دەگرێت کە دامات فەرید پاشا لەگەڵ ئینگلیزەکان کردوویەتی. ئەو رێککەوتننامەیە کە لە 12ی ئەیلوولی 1919 واژۆکراوە، خاڵی دووەمی سەبارەت بە کوردستانە و تێیدا هاتووە:

"... حکومەتی بەریتانیا لەسایەی ئینتیدابی خۆیدا دڵنیایی دەدات سەبارەت یەکپارچەیی و سەربەخۆیی دەوڵەتی عوسمانی.

2. دەوڵەتی عوسمانی دژی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ ناوەستێتەوە. [11]

---

7 - Mine Erol, a.g.e., s. 48

8 - ئەو عەلی کەمالەی لەسەرەوە باسی کراوە دەردەکەوێت هاوکات لایەنگیری ئینتیدابی بەریتانی و ئەمریکایی بووە.

9 - بۆ کۆمەڵەی دۆستانی ئینگلیز بڕوانە:

Kazım Karabekir İstiklal Harbimiz, s. 152-153; Ayrıca bk. Mine Erol, a.g.e., s. 48

10 - بۆ پێشهاتەکانی ئەو باسە بڕوانە:

Kazım Karabekir, a.g.e., s. 146-155

11 - ئەو رێککەوتنەی نێوان ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دەوڵەتی عوسمانی لە 12ی ئەیلوولی 1919 واژۆکراوە. ئیمپریالیزمی ئینگلیز لەوکاتەدا، بەتایبەت لە مانگەکانی حوزەیران، تەمموز و ئابی 1919، خەریکبوون

3. ئیسـتەنبووڵ ناوەنـدی خەلافـەت و سـەڵتەنەت دەبێـت و گـەرووی ئیسـتەنبووڵیش دەخرێنـە ژێـر کۆنترۆڵـی بەریتانیـا.[12]
4. لەبەرانبـەر ئەمانـەدا دەوڵەتـی عوسـمانی دان دەنێـت بـە سـەروەریی ئینگلیـز لـە سـووریا و جەزائیـر. ئەگـەر پێویسـت بـە یارمەتـی هەبـوو، لەڕێی بەکارهێنانـی هێـزی مانـەوی و دەسـەڵاتی دامـەزراوەی خەلافـەت، چ لـەو ناوچانـە یاخـود لـە شـوێنانی دیکە کە موسـڵمانان تێیانـدا زۆرینـەن، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانـی ئینگلیـز دەکرێت.
5. بـۆ بەرگرتـن لـە ڕەوتـە نەتەوەییـەکان و هـەر سـەرهەڵدانێک کـە دژی ئیـدارەی نیمچـە دەسـتووری بکرێت، بەریتانیا هێـزی تایبەت تەرخـان دەکات.
6. دەوڵەتـی عوسـمانی لـە میسـر و قوبـرس دەسـتبەرداری هەمـوو مافەکانـی دەبێـت. دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی دا ئەمـە ڕادەگەیێنێـت و بەریتانیـاش ڕایدەگەیێنێـت کـە هەمـوو ئـەو خاوەنـداری و مافدارییـەی لـە عوسـمانییەکانی وەردەگرێـت، دەیخاتـە سـەر خـۆی.
7. دوای ئەوەی بەتەواوی هەلومەرجی ئاشـتی بەدیهات، پاشـای عوسـمانی بـۆ هەموارکردنـەوەی بەنـدی چـوار ڕێککەوتننامەیەکـی نـوێ واژۆ دەکات. نێوەڕۆکـی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەش بەنهێنی دەمێنێتـەوە" [13]

## 3. هاتنی شاندی ئەمریکی

ئـەو ڕێککەوتننامەیـە هیـچ شـتێکی ڕژدی ئەوتـۆی تێـدا نییـە. بەریتانیـا هیـچ

---

خەباتـی سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتانیان بـە زەبـری چـەک سـەرکوت دەکـرد. لەگـەڵ دڵنیابـوون لـە هەرەسـی دەوڵەتـی عوسـمانی، هـاوکات ڕێککەوتـن لەسـەر سـەربەخۆیی کوردسـتانیش دەکـەن. هیـچ کاتێـک ئـەو هەڵوێسـتەی بەریتانیـا بـە ڕژدی وەرناگیرێـت. ئەمـە دۆخێکـە پەیوەسـتە بـە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەی ئیمپریالیـزم. لەڕاسـتیدا بەریتانیـا لـە چەنـد شـوێنێکی جیـاوازی کوردسـتان دا هەمـان سیاسـەتی بـە رووکاری جیـاواز پەیڕەوکـرد، بـۆ ئەمـەش بـەدوای هاوبەشـێک بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەدا گـەڕاوە کـە سیاسـەتی پەرتکـردن و زاڵبوونە، هەربۆیـە خـودی مسـتەفا کەمـال پاشـا لـەو نامەیـەدا کـە لـە 19ی ئەیلوولـی 1919 بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـای نووسـیوە، دەڵێـت کـە پەیوەنـدی زۆرباشـیان لەگـەڵ ئینگلیـز، فەرەنسـایی و ئەمریکییەکانـدا هەیـە.

12 - ئـەم بەنـدەی ڕێککەوتنەکـە دژوازی لەگـەڵ پـڕۆژەی ئینگلیـز هەیـە کـە لـە سـاڵی 1915ـەوە دەیانویسـت خەلافـەت بدەنـەوە عـەرەب. ئەمـە دەریدەخـات ئـەم ڕێککەوتننامەیـە ڕژد نەبـووە.

13 - Kazım Karabekir , a.g.e., s. 384

کاتێک چاوی لە ئینتیدابکردنی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە. ئەوکاتە تاکە پرسێک کە بەریتانیا بە هەموو هێزی خۆیەوە کاری بۆ دەکرد، هاندانی ئەو ئینتیدابە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست لەسەر تورکیای تازە و ئەرمینیا جێبەجێی بکات. لۆید جۆرج، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پێیوابوو ئەگەر ئەمریکا ئەو کارە بکات، ئەوا خۆیان ئاسانتر دەتوانن لە عێراق و فەڵەستین دەسەڵاتێکی ئینتیداب دامەزرێنن. [14]
بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیازی نەبوو دەسەڵاتی ئینتیداب لە تورکیا و ئەرمینیا دامەزرێنێت. لە دەیەی بیستەکانی سەتەی رابردوودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر پەیڕەوی لە سیاسەتێکی داخراو بەسەر نێوخۆیدا دەکرد. [15]
لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چاودێری دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت بۆ پرسی ئەرمینیا شاندێکی نارد.
شاندەکە لە 24ی ئابی 1919 بە کەشتییەکی سەر بە کەشتیگەلی ئەمریکی کەوتنەڕێ و لە 24ی ئەیلوولی 1919دا گەیشتنە ئیستەنبووڵ. لەگەڵ ئەو شاندە و ئەوانەشدا کە پێشتر نێردرابوون، هەریەکە لە خالیدە ئەدیب، ئەحمەد ئەمین و رەئوف بەگ پەیوەندیی تووندوتۆڵیان هەبوو. لە داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرفراوان و بە وردەکارییەوە، گەشتەکانی شاندە ئەمریکییەکە و ئەو دیدارانەی لەگەڵ کەسایەتییە جیاوازەکان کردیان و ئەو راپۆرتانەی نووسران، باس دەکەین.
ئێستا کە ئەو کۆمیسیۆنە لە ئەنادۆڵ، لە کوردستان و ئەرمینیا درێژەیان بە کارەکانیان دەدا، با روانگەی بەرپرسانی قوەی میللییە بزانین لەبارەی دەسەڵاتی ئینتیدابەوە.

---

14 - Mine Erol, a.g.e., s. 67
15 - Bk. Fahir Armaoğlu, Siyasal Tarih, s. 531-535

## 4. روانگەی بەرپرسانی قوەی میللییە سەبارەت دەسەڵاتی ئینتیداب

عیسمەت بەگ (ئینۆنوو) لە یەکی حوزەیرانی 1919، واتە کاتێک هێشتا مستەفا کەمال لە حەوزە بوو، دوو مانگ بەر لە کۆنگرەی ئەرزڕووم، ئەو نامەیە بۆ کازم قەرەبەکر پاشا دەنێرێت کە لە ئیستەنبووڵە:
"... ئەمڕۆ دووی رەمەزانە. لەبەرئەوەی پێموایە هێشتا لە سەفەرکردن رزگارت نەبووە، بۆیە ئەم ساڵیش جێی گومانە بەڕۆژووبیت، بەڵام ئەوەتا من دوو رۆژە بەڕۆژووم. ئێستا لەوە تێدەگەم دان بەخۆداگرتنی 18 کاژێری مانای چییە. دوێنێ شەو سەرئێشەم گرتبوو، ئێستاش دیار نییە چیمە. لە رۆژانێکی تاریکداین کازم، ئیزمیرمان لەدەستدا و تادێ شوێنەکانی دەوروبەریشی لەدەستدەدەین. ئایا دەبێ چەند شوێنی دیکە لەدەستبدەین، کەس نییە ئەمە بزانێت و کەسیش نییە پێمانبڵێت چی دەبێت. دەوڵەتانی هاوپەیمان بارودۆخەکە بۆ یۆنان ئاسانتر دەکەن. کاتێک ئایڤاڵکیان داگیر دەکرد، شەڕ لەنێوان سەربازانی ئێمە و یۆنان دا روویدا. کەچی حکومەت بڕیاریدا پاشەکشێ بکەن و کشانەوە. هەرخۆی ژمارەی ئەو سەرباز و چەکانەی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەو ناوچەیەدا بەجێیانهێشتووە وەک نەبوو وایە. یۆنانییەکان لە ئیزمیر سووکایەتییان بە ئەفسەر و سەربازەکانمان کردووە. چەند شەهید و برینداریێکیش هەن. فەرمانەدەی فەیلەق نادر پاشا ئاڵای سپی بەدەستەوە بووە و پشتێنێکیان لە عەقیدەکان بەدەورییەوە دروستکردووە و گێڕاویانە و لێیانداوە. هاواریان کردووە بژی ڤەنیزەلۆس. سبەی شاندێکی ئەمریکی دێت. لەبارەی ئەو دۆخەی یۆنانییەکان خولقاندوویانە بەدواداچوون دەکەن، هەروەها گوێ لە رای گشتی تورکیا دەگرن. [16]

16 - ئەو شاندە ئەمریکاییەی باسی کراوە، بەر لە شاندەکەی ژەنەراڵ هاربۆرد لە ئیستەنبووڵ، ئەنادۆڵ، ئەرمینیا و کوردستان چالاکییان هەبووە. بڕوان، کە وابەستەی کۆمیسیۆنی کینگ براون بوو ئەندامی ئەو شاندە بوو.

لـە ئیسـتەنبووڵ دوای ماوەیـەک چالاکـی و گەنگەشـەیەکی زۆر هەبـوو سـەبارەت ئـەوەی کامـە ئینتیـداب قەبووڵ بکەیـن. ڕۆژنامەکانـی عەلەمدار، تـورک و ئیسـتەنبووڵ، ئـەو ڕۆژنامانـەی بـە ئینگلیـزی دەردەچـوون، کۆمەڵەیەکیـان لەژێـر نـاوی کۆمەڵـەی پەیامنێرانـی ئینگلیز لە ئیسـتەنبووڵ پێکهێنا. واژۆ کۆدەکەنـەوە. وادیـارە بـۆ ئەوەیـە کـە بڵێـن ئینگلیزەکانمـان دەوێـن. ئـەوە لـە کاتێکـدا فەرەنسـییەکان نایانـەوێ ئینگلیـز بەتەنیـا بەجێبهێڵـن. نیـوەی زیاتـری ئـەو سـەرمایەیەی لـە وڵاتـی ئێمەدایـە، نزیکـەی 65 %ی لەدەسـتی فەرەنسـییەکاندایە. بەریتانیـاش زۆرتریـن هەنـاردەی بـۆ وڵاتـی ئێمـە هەیـە.

ڕەنگـە بەهـۆی ئـەو بەرژەوەندییانـەوە بێـت کـە حکومـەت ویسـتوویەتی بەریتانیـا و فەرەنسـا وەکـو شـەریکبن. زۆربـەی ئەوانەی دەیانناسـم لەگەڵ ئینتیدابـی ئەمریکیـدان بـۆ ئـەوەی تورکیـا دابـەش نەبێـت. [17]

بـەڵام ئـەو کەسـانەی بڕیـار لەسـەر ئەمـە دەدەن، نـە پرسـمان پێدەکـەن و نـە لەبەرچاومـان دەگـرن. داگیـرکاری لـە ئەوروپـا فۆرمێکـی شـێتگیرانەی وەرگرتـووە. تاوەکـو زیاتـر ئـەوە ڕوون دەبێتەوە کـە ئەڵمانەکان بـە دۆڕاوی ئاشـتی قەبـووڵ دەکـەن، تاوەکـو هەوڵەکانـی ڕۆژهـەڵات بـێ کاریگەرتـر دەبـن، تووڕەیـی و هـەوەس زیاتـر دەبـن. سـەربازانی ئیتاڵـی لـە کۆنیـا دوو هـەزار کەسـێک دەبـن. بـە کورتییەکـەی دۆخـی دەرەوە تاریـک و ناڕوونـە. بەتەواوی و خاشـەبڕانە لەنێوچوون و لەدەسـتدانی ئیسـتەنبووڵمان هێشـتا کۆتایـی نەهاتـووە. ڕۆژنامـەکان بۆچوونـی موسـڵمانانی هینـد وەک ڕێزێـک بـۆ جیهانـی ئیسـلامی بڵاودەکەنەوە کـە لەگـەڵ ئەوەنین تورکیـا بەتەواوی لەنێوبچێـت، بـەڵام ئـەم هەواڵـە ئومێدبەخشـانەش بنەمایەکـی ڕاسـتیان نییـە. گومـان دەکرێـت ئـەو هەواڵانـە بـۆ ئـەوە بڵاوبکرێنـەوە کـە فێڵمـان لێبکـەن و بمانخەڵەتێنـن. ئێمـە ئـەوە دەزانیـن. پـڕۆژەی تورکیایـەک کـە لـە ئەنقەرە، کاسـتەمۆنو، بوورسـا و بەشـێک لە سیڤاس پێکدێت، چ شێوەیەک وەردەگرێـت. ئەنجوومەنـی وەزیـران لەبەریەک هەڵوەشـاوەتەوە و خەریکە دەگەڕێتـەوە سـەر دۆخـی جارانـی. [18]

لەسـەر ئەو کارەسـاتەی ئیزمیر، ئەو پێکدادانە نێوخۆییەی کە دامرکابووەوە و دیسـانەوە تـاوی سـەندەوە و بەردەوامـە، گومـان و ململانێـی نێـوان ئیتیحادییـەکان و هاوپەیمانییەکان بەردەوامە. کەسـانێک هـەن وروژاندنی هەسـتی نەتەوەیـی بـە ئامانـج و دەسیسـەی ئیتیحادییەکان دەزانن. هێشـتا لەگـەڵ مسـتەفا کەمـال پاشـا کۆنەبوومەتـەوە، بـەڵام ئێـوە لـە ناوچەیەک لـە ئەرکـدان. بەشـێک لـە ڕۆژنامـەکان نووسـیویانە ئەو شـاندە ئەمریکییەی هاتوونەتـە ئەنـادۆڵ، گوتوویانـە ئـەو گەنمـەی لـە ئەنـادۆڵ چێنـراوە باشـە. ئەگـەر بەڕاسـتی وابێـت باشـە و ئـەم خەڵکـە بێچارەیـە ئەمسـاڵ بـۆ کێشـە بەسـەردەبەن، ڕەنگـە سـاڵی داهاتـوو خۆشـگوزەرانی زیاتـر بێـت. بـەم هەواڵـە زۆر دڵخـۆش بـووم. چونکـە کەسـێک پێیگوتبـووم لـە ئەرزنجـان هۆقەیـەک دانەوێڵـە بـە هەشـتا سـکەیە، بەمـە زۆر نیگـەران بـووم. لـەم ڕۆژە تەنگانەیـەدا ڕێگـەی مامۆسـتای ئینگلیـزم دا. پەیوەندیـم لەگەڵ کەس نییـە. مـن بـە دابـڕاوی و دوور لـە هەمـووان چاوەڕێـی دۆخەکـە دەکـەم. [19] نـاوی بنێـم ڕاهاتـن، نەخۆشـی یـان بڵێـم لاوازییـە، دیسـان ئومێدێـک لـە دڵم دا سـەوز بـووە. ئـەم پێشـهاتانە زۆر سـەختن، بـەڵام پێموایـە دەتوانیـن تێیانپەڕێنیـن. ئـەوەی هیـچ چارەیەکـی نییـە پێکدادانـە نێوخۆییەکانـن. ئـەم خراپەیـە ئەمـڕۆش نەبێـت سـبەی هەمـوو شـوێنێک دەتەنێتـەوە. ئینگلیـزەکان زیندانییـە گرنگەکانیـان بـردن. خەلیـل پاشـا، سـەیفی بـەگ و وەهبـی پاشـا و بەشـێکی دیکـە ماونەتـەوە. ئەوانیـان نەبـردوون. لەسـەر داوانامـەی بەندکردنـی سـەیفییان نووسـیوە گەندەڵـی. کـەس نازانێـت بـە چ هۆکارێـک، بەڵگەیەکیـش نییـە. کـەس نییـە بپرسـێتەوە. وەختە مێشـکی مـرۆڤ بوەسـتێ. بـۆ نموونـە ئەوە پێنج سـاڵ بەندیـان کێشـا. دواتر بانگیان دەکـەن و دەڵێـن ئێـوە هیـچ تاوانێکتـان نەبـووە..." [20]

---

17 - لەڕاسـتیدا ئەمـە ڕوانگـەی عیسـمەت پاشـایە. کازم قەرەبەکـر پاشـا دەنووسـێت کـە عیسـمەت پاشـا لـە کۆنگـرەی سیڤاسـیش ئـەم ڕوانگەیـەی نەگـۆڕی.

18 - ئاماژە بەوە دەکات کە کێشمەکێشی نێوان پارتە سیاسییەکان بە زوویی دەستپێدەکات.

19 - جێی سەرنجە کە عیسمەت پاشا هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرێت.

20 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 58-59

نامەکـەی عیسـمەت پاشـا بـەم جۆرەیـە. رائیـد خوسـرەو بـەگ، بەڕێوەبەری بەشـی سیاسـەت و هەواڵگریـش لـە بـارەگای مسـتەفا کەمـال پاشـا لـە نامەیەکـدا کـە بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـای نـاردووە، دیـارە ئەمـە کەسـێک بـووە زۆر لـە مسـتەفا کەمـال نزیـک بـووە و دەکـرێ بگوتـرێ لەوکاتـەدا کاریگـەری بەسـەر بۆچوونەکانـی مسـتەفا کەمالـەوە هەبـووە. ئـەو نامەیە کـە مێـژووی 7ی حوزەیرانـی 1919ی بەسـەرەوەیە، وەهـا نووسـراوە:

"... لـە بـارەگای مسـتەفا کەمـال پاشـام. ئەرکـی بەشـی سیاسـەت و هەواڵگریـم لەسەرشـانە. دوای چەنـد رۆژێـک دەچینـە ئەماسـیە. چاوەڕێـی حامیـد بـەگ، پارێـزگاری سامسـوون دەکەیـن. سـەرۆکی دەسـتەی سوپاسـالار پشـکنەری مەنزیـل عەقیـد کازم بەگە کـە لە باتوومیـە. لەمێژە دەیناسـم. کەسـێکی بـەکارە. جگـە لـە مـن قایمقـام عاتـف بـەگ ناوێـک هەبـوو کـە خەڵکـی ئەدەنـە بـوو، ئـەو عـارف بەگـە لـە یەکـەی تۆپهاوێـژ بـوو، لـە مـاوەی شـەڕی باڵکانـدا لـە تیپـی حەوتـەم هاوڕێـم بـوو. یەکێکە لە ناسـیاوەکانی حەزرەتی پاشـا (مسـتەفا کەمـال). لەگـەڵ زۆر بەڕێز ئیبراهیم تاڵـی بـوون. لـە کاتێکـدا کـە دۆخـی سیاسـی ئیسـتەنبووڵ رۆژ بـە رۆژ قورسـتر دەبێـت، سـووکایەتی بـە شـکۆی نەتەوەییمـان دەکرێـت، گوتیـان مسـتەفا کەمـال بـە ئەرکێکـی گرنـگ و تایبـەت دەچێتـە ئەنـادۆل، ئەگـەر حەزبکـەم منیـش دەخاتـە نێـو شـاندەکەوە. کـە زانیـم ئەرکـە فەرمییەکـە وەک پشـکنەرە بـۆ ئەنـادۆڵ و لەپێنـاو بەهێزکـردنـی ئاسایشـی نەتەوەییـە و هیـچ ئەرکێکـی سـەربازی نییـە، بەوهیوایـەوە کـە لـە مەیدانـی نیشـتمانیدا سـوودێکم هەبێـت، بـە خۆشـییەوە ئەمـەم قەبـووڵ کـرد. ئەمـڕۆ ئـەوەی دەرخسـت کـە تاوەکـو ئێسـتا بڕیـاری زۆر دروسـتم داون. کـە بـۆ یەکـەم جار پەیوەندیـم بـە مسـتەفا کەمال پاشـاوە گـرت، بەهـۆی باری تەندروسـتی لە خواردنـەوە کهولییـەکان دوورکەوتبـووەوە، بوێـری مەدەنی و پەیوەسـتیم بـە نیشـتیمانەوە بینـی، هەسـتێکی وای لـەلا دروسـتکردم کـە لـەو دۆخـە ناهەمـوار و کوشـندەیەی گـەل پێیـدا تێدەپەڕێـت، پەنابەخـوا دەبێتـە هـۆکاری خزمەتکـردن. لەبەرئـەوەی بەباشـی ناوچەکـە و خەڵکەکـەی

دەناسـم، بۆیـە بوونـم لـە بـارەگا پێموایـە سـوودی دەبێـت. دۆخـی ئیزمیـر بـە هەلومەرجێکـی زۆر سـەختدا دەگوزەرێت. ئیتاڵییـەکان ناوچـەی خۆیـان بەرفراوانتـر دەکـەن.

دیـار نییـە لـە سـاحیل چـی روودەدات. قەبووڵکردنـی شـاندی ئێمـە لـە کۆنفرانسـی پاریـس هیـچ سـەرکەوتنێک نییـە و ناکـرێ مژدانەیـەک بێـت. بەپێچەوانـەوە مایـەی نیگەرانییەکـی زۆرە بـۆ دامـات فەریـد پاشـا و ئـەو شـاندەی سـەرۆکایەتی دەکات کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمینیا و پارێزگاریی بەریتانیـا دەکـەن. لـە دووی مانگـدا تـاک و تـەرا رۆژنامـەی ئیسـتەنبووڵ گەییشـتنە دەسـتمان. جگـە لـەو حکومەتـەی کـە داوای ئینتیدابـی ئینگلیـز دەکـەن، لەگـەڵ حیزبـی ئـازادی و هاوپەیمانـی کەسـی دیکـەی لـێ نییـە. رەئـوف ئەحمەد (ئیسـتیقلال) پێشـبینی ئەوە دەکات ئینتیدابێـک بێتە ئاراوە لەژێـر چاودێریـی (کۆمەڵـەی گـەلان)دا بێت. سـەربەخۆیی تـەواو بەدینایێت، بگـرە بـە رووکەشـانەش هیـچ جیاوازییەکـی نابێـت لـە کۆیلەبوونێکـی بەهـەزار شـەرت و مەرجـەوە. هەربۆیـە جەخـت لەسـەر پارێزبەنـدی و (ئینتیـداب)ی حکومەتێکـی بێلایەنـی وەک ئەمریکا دەکاتـەوە کە لەهەمبەر پرەنسـیپەکانی راسـتگۆیە، بـە دروسـتی نازانـم تاوەکـو چەنـد ئـەم شـێوازە لەچـاو شـێوازە خراپترەکانـی دیکـە گونجاوتـر و راسـتترە [21]، بـەڵام ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئەمـە دوایـن رێگـەی رزگاری بێـت. ئایا کـەس بەتەنیـا گـوێ لـە بڕیـاری لەسـێدارەدانی ئێمـە دەگرێـت لەکاتێکـدا جـەلادە ئەوروپییـەکان بـە هەمـوو خراپـەکاری و توندوتیژییەکیانـەوە بەردەوامن؟ ئەمەیان پرسـە گرنگەکەیـە. ئـەو هەواڵانـەی لـە ئەوروپـاوە دێـن و زانیارییـە بەنرخەکانـی ئێـوە مژدانـەی ئـەوە دەدەن کـە بۆڵشـەڤیکەکان بەهێزتـرن و هـەروا بـە ئاسـانی ئـەو ئاشـتەواییە قەبـووڵ ناکـەن. [22]

ئـەو رۆحـە ریزپـەڕە، ئـەو هۆشـە بـەرز و روانگـە دووربیـن و شـیکارییە کـە

21 - لەڕاستیدا ئەمە روانگەی خوسرەو بەگە.

22 - لـەم نامەیـەدا بـە تـەواوی روون دەبێتـەوە کەمالیسـتەکان لـە چ دۆخێکـدا مەیلیـان بـەلای بەلشـەڤییەکاندا چووە.

لـە ئیسـتەنبووڵ، لـە زەیـرەک، لـە ژووره شـاعیرانە و ئارامەکـەی نێـو باخـی لیمـۆدا بینیـم، بوێـری ئـەوەی پێدام کـە لەوبارەوە سـەرنجی خـۆم رابگەیێنم و رای بەهـاداری ئێـوەی لەبارەوە بزانم. بۆڵشـەڤیزم بـە هاوکاریی بوولگاری و هەنگارییـەکان، بەرئەنجامـی داگیرکاریـی دەوڵەتانـی ئیمپریالیـزم، ئەگـەر نەریـت و عیرفانـی گەلـەکان کـە زۆربەیـان پووچـن بخەینـە لایـەک، پەنـا بەخـوا ئەڵمانـەکان کـە گەلێکی شایسـتە و بوێـرن، ئەوانیش شـەرتومەرجی قورسـی ئاشـتی قەبـووڵ ناکـەن.[23]

ئـەوە سـوودی زۆری بۆمـان دەبێـت، بـەڵام ئێمـە چیمـان بەسـەردێت؟ لەگـەڵ ئـەو رووداوە ناخۆشـانەی لـەدوای ئاگربەسـتەوە لـە ئیسـتەنبووڵ روویانـداوە، لـەدوای ئـەو بێوەفایـی و ناهەقـی و خراپەکارییـەی بـەرەوڕووی وڵات بووەتـەوە، بـەردەوام ئـەم پرسـیارە لەخـۆم دەکـەم. هێشـتا کـە لەوێبـوون دەیانگـوت ئەمانـە دان بـە پرەنسـیپە باڵاکانـی نـەژاد و رەگـەزدا نانێـن و دووژمنـی بـێ ئامانـی زانسـت و عیرفـان و خۆشـگوزەرانین.

دەیانگـوت ئـەو پرەنسـیپانە جگـە لـە دواییـن کۆمەڵکوژیـی گەلـی بێچارەی ناحەقیلێکـراو بـێ هۆشـێکی ژیرانـە و رێکنەخـراو دەبێـت. ئەوکاتـە منیـش دژ بـەو پرەنسـیپانە بـووم. بـەر لـە هـەر شـت وەک تورکێکـی بـڕوادار و خـودان بیـر و رامانـی خـۆی، بـڕوام بـە پێویسـتی ئـەوە هێنـا کـە لەنێـو ئـەو کارەسـاتە گەورەیـەدا یەکبوونـی گـەل و خۆئامادەکـردن بـۆ بەرپەرچدانـەوەی مەترسـییە نێوخۆیـی و دەرەکییـەکان پێویسـتە. هەرچەنـدە ئـەو بـاوەڕەم رۆژ لـەدوای رۆژ رەگ دادەکوتـێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا گومانـم لـەوە هەیـە ئـەم نەتەوەیـە کـە لـە شـەڕێکی گـەورە هاتووەتـە دەرەوە، داچەمیـوە، هەرچـی هەیبـووە بەخشـیوەتی، بـێ چەک و سـوپا ماوەتـەوە، ئەگـەر ببێتـە یـەک جەسـتە و بەباشـیش رێکبخرێـت ناتوانێـت ئـەوەی ئێسـتا هەیـە بیپارێزێـت.

بیهێنـە بەرچـاوت کێشـەی یۆنـان بەدواداچوونـی بـۆ دەکرێـت، یـەک دوو

---

23 - واتە بەلشەڤیکن، کۆمۆنیزم قەبووڵ دەکەن.

تیپی سوپای یۆنان بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسایش دێن و لیوای جانیک (سامسوون) داگیر دەکەن، ئیتاڵییەکانیش لە باشوور بەرەو سیڤاس پێشڕەوی دەکەن، ئێمە چی دەکەین؟ دەڵێن تاوەکو دوایین گوللە بە سەری خۆمانەوە دەنێین شەڕ دەکەین. تورکێک ئەمە دەڵێت کە ئیمانی هەیە و خاکەکەی خۆی خۆشدەوێت، بەڵام بەمە گەل سەربەخۆیی خۆی و سنوورەکانی دەپارێزێت؟ ئەمانە بیری بێوێنەن و وادەکات پێویستبێ منیش بەسەر هەمان ئەو رێچکە و بەرنامەیەدا بڕۆم کە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. داهاتووی گەل لەسەر شانی کێ بێت دەبێ ئەو بەرپرسیارێتییەکە هەڵبگرێت. بەتەواوی مانا هێنانەئارای شوورای میللی بەهۆی ئەو دۆخە ناهەموارە ناکرێت، بەڵام ئەنجوومەنی راوێژکاری لە ئیستەنبووڵ هەمیشە پێویستە، بەڵام ئیستانبووڵی رزگارکراو. ویستە سیاسییەکان پێویستیان بە رۆشنکردنەوە و رێکخراوە نیشتمانییەکان دەبێت. ئەمەش ئەگەر کاریگەرییەکی نەبێت، ناوەندی شوورای میللی لەنێو وڵات پێکدێت. بەڕای من ئەگەر گەل (لەسەرووی هەموویانەوە رۆشنبیران) بڕیاریان ئەوەبێت یان بە ئازادانە بژین، یاخود مەرگ هەڵبژێرین، سەرەتا و بەر لەهەرشتێک دەبێ لە بنەماکانی پەیوەندیگرتن لەگەڵ بۆلشەڤیکەکان تێبگەین، بە مەرجی ئەوەی زیان بە نەریتی ئیسلام و تورک نەگەیێنێت، بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە چۆن ئەو پرەنسیپانە قەبووڵ دەکرێن. لەهەمان کاتدا پێویستە پشکێکی تۆکمە و باش لەڕووی کڕین و دابینکردنی چەک، تەقەمەنی و پێداویستییەوە دابین بکرێن، بۆئەوەی سنوورەکان بەرانبەر بۆلشەڤیکە هاوسنوور و دووژمنەکان بەهێز بکرێن. چونکە ئێمە هەر تەنیا بنەماکانی بۆلشەڤیزممان قەبووڵ کردووە. پۆستی خەلافەت وەک پۆستێکی باڵا و پیرۆز دەمێنێتەوە. ناتوانین بە گوتنی ئەوەی حکومەت لە دەستی گەلدایە، سپەرێک بەرانبەر بە ئینگلیز، رۆم و ئیتاڵییەکان دروست بکەین. تەنیا بۆلشەڤیکەکانی رووسیا بەوە دڵخۆشن کە ملیۆنان تورک پەیوەستبوون بە پرەنسیپەکانیانەوە. ئەوە

لەکاتێکـدا تەنیا داگیرکردنـی تـەواوی قەفقاسـیا لەلایـەن رووسـەکان و هاوکاریکردنـی ئێمـە وادەکات پرەنسـیپەکان قەبـووڵ بکەیـن. [24]
ناسـنامە و پێگـەی بـەرز لەوبارەیـەوە هـاوکار دەبێـت بـۆ ئـەوەی خزمەتـی بـاش پێشـکێش بـە گەلەکـەت بکەیـت. ئەوکاتـەی لـە سـەرەوەختی بەجێهێشـتنی ئیسـتەنبووڵ دا بـووم، بـەی بابـا (عەونـی)م بینـی. رێـزی هەبـوو. کەمـال، فەرمانـدەی فیرقـەش زۆر سـڵاو و رێـزی هەبـوو. لـە ترابـزۆن داوای کەمالیشـمان کـرد، بـەڵام بـۆ ئـەوە کوپتاگەلیـان هەڵبـژارد، والیـش هەتیوێکـی زۆر خراپە. شـانازی بـەوەوە دەکات کە ئـەو تەلەگرافەی نووسـیویەتی رێـز و خۆشەویسـتی هاوپەیمانانـی بەدەسـتهێناوە! بـاس لـەوە دەکات کـە پێویسـتە بەزوویـی چـەک لەنێـو خەڵـك کۆبکرێتـەوە. لـەویٚ خەڵکانێکـی زۆر هـەن دەیانناسـم. مسـتەفا ئەدەنـدی ناوێـک هەبـوو کـە سەرپەرشـتیاری پـەروەردەی نیشـتمانی بـوو. ئەفسـەرێکی زۆر بـە نامـووس بـوو. نامـەم بـۆ نووسـی و باسـی کەسـایەتی بـەرز و بەهـا سـەربازییەکەیم کـرد. چونکـە گەلـی ئـەرزڕووم هەمیشـە کۆیلـەی فەرمانـدەی بەناموسـن"[25]
لێـرەدا بـاس لـە دوو نامە کراوە کە لە سـەرەتای مانگی حوزەیرانـی 1919دا بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـا نووسـراون. یەکێکیـان لە ئیسـتەنبووڵ نووسـراوە و ئـەوەی دیکـە لەلایـەن پاشـایەکی عوسـمانییەوە نووسـراوە. پاشـایەک کـە خـۆی لـە ماڵەکەیـدا کەنارگیـر کـردووە و بێدەنـگ و سـەدا سـەیری جێبەجێکردنـی ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس دەکات. هیـچ پـڕۆژە و پلانێکـی بـۆ داهاتـوو نییـە. ئینتیدابـی ئەمریکـی قەبـووڵ دەکات. ئەمـە بـە تاکـە رێگـەی رزگاری دەزانێـت. هـەر کاتێـک لـە داهاتـوودا کەشـێکی لەبـاری لـەڕووی

---

24 - پێویسـتە سـەرنج لـە میکانیزمـی بیرکردنـەوەی کەمالیسـتییەکان بدەیـن سـەبارەت بـە کۆمۆنیـزم. کاتێـک چەنـد رۆشـنبیرێک بەهـا بـە بەلشـەڤیزم دەدەن، خەڵـک و حکومـەت دەبنـە کۆمۆنیسـت، بـەڵام لێـرەدا گرنگـە "مەرج"ێـک روون بکەینـەوە. بـۆ کەمالیسـتەکان تەنیـا کاتێـک پرەنسـیپەکانی بەلشـەڤیزم قەبووڵـن کـە کۆمۆنیسـتەکان تەنیـا لـە قەفقاسـیا باڵادەسـتن و راسـتەوخۆش پەیوەندییـان لەگـەڵ کەمالیسـتەکان هەیـە. بەمـەش ئاسـتەنگی نێوانیـان نامێنـێ و هـەر هاوکارییەکـی دارایـی و مانەوییـان بوێـت لـە بەلشـەڤیکەکان وەریدەگـرن.
25 - Kazım Karabekir , a.g.e., s. 59-61

کۆمەڵایەتییەوە بەدیکرد، دیسانەوە دەست بە جموجۆڵی سەربازی و سیاسی دەکاتەوە، جارێ هێشتا کەشێکی وای بۆ نەڕەخساوە.
نامەی دووەم، لەلایەن ئەفسەرێکەوە نووسراوە کە لە حەوزە لە بارەگای مستەفا کەمال پاشا کار دەکات. سەرباری هەڵوەستەی لەسەر ئینتیدابی ئەمریکی، لەسەر پرسێکی دیکەش هەڵوەستە دەکات کە عیسمەت پاشا سەرنجی نەداوە. پرسی بەلشەڤیکەکان. لەو کات و ساتەدا دووژمنانی دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتانی هاوپەیمانن. واتە بەرەی ئیمپریالیزم. ئەو بەرەی ئیمپریالیزمە دووژمنی بەلشەڤیکەکانیشە و لەگەڵ ئەوانیش لە شەڕدایە. کەوابێت "بە هەندێک گۆڕانکاری لە پرەنسیپی بەلشەڤیکەکان" دەکرێ ببینە بەلشەڤی. دەشێ هاوکاری لە بەلشەڤیکەکان وەربگرین. بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی زووە بەدوای رێگەیەکەوە بین بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەلشەڤیکەکان. هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەم نامەیە هەڵگری بۆچوونەکانی مستەفا کەمال پاشاشە. ئەوە لە کاتێکدا مستەفا کەمال لەو نامەیەدا کە لە 23ی حوزەیرانی 1919 بۆ کازم قەرەبەکری ناردووە و پێشتریش خستبوومانەڕوو، لەوێشدا هەمان بۆچوونی دەربڕیوە. وەک دەردەکەوێ لێرەدا وێڕای هەڵوەستە لەسەر ئینتیدابی ئەمریکی، وەک تاکە رێگەش چاوی لێدەکرێت. فکری ئینتیداب دەشێ زۆر روونتر لەلای پلەدارەکانی سوپا بەدی بکرێت، بەکر سامی بەگ لەڕێی عارف بەگ، فەرماندەی فیرقەی پێنجی قەفقاسیا، لە ئەماسیاوە ئەمە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سێیەم پشکنەری سوپا لە ئەرزڕووم دەنێرێت:
"... تایبەت ب. مستەفا کەمال پاشا.
ئەمڕۆ 25ی تەممووزی 1919، بەکر سامی ئەفەندی هاتە ئەماسیە. گفتوگۆیەکی درێژمان هەبوو. رێزی هەبوو بۆ مستەفا کەمال پاشا و رەئوف بەگ ئەفەندی. بەڕێزیان تکای لێکردم ئەم بۆچوونانەی لە خوارەوە دەیانووسم، بگەیێنم.
1. سەربەخۆیی پرسێکی شایەن بە داواکردنە، بەڵام ئەگەر داوای

سەربەخۆیی تەواو بکەین، وڵاتەکەمان دەبێتە چەند پارچە. بەدڵنیاییەوە ئەمە روودەدات و گومان هەڵناگرێت. بێگومان لەم دۆخەدا واباشترە لەنێو چەند شارێکدا بمێنینەوە و لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتێکدابین کە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتمان دەستەبەر دەکات. [26]

رێبازی دەستووریمان کە تەواوی خاکی دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتەوە [27] و مافی ئەوەمان هەبێت نوێنەرێکمان لە دەرەوە هەبێت، من ئەوە بە گونجاوترین چارەسەر دەزانم بۆ گەلەکەمان کە بۆ ماوەیەک لەژێر رێنمایی و ئاراستەکردنی ئەمریکیدا بین. لەوبارەیەوە لەگەڵ نوێنەری ئەمریکا کۆبوومەوە [28]، گوتی نەک هەر تەنیا چەند کەسێک، پێویستە تەواوی گەل دەنگی خۆی بگەیێنێتە ئەمریکا و بەو هەلومەرجانەی خوارەوە راوێژ لەگەڵ ویڵسن، سێنات و کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت.

ئەلف- دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەر.

بێ- فراوانکردن و زیاترکردنی پەروەردە و فێرکردن.

پێ- دەستەبەرکردنی ئازادی ئایین و مەزهەب.

تێ- نەهێشتنی رێککەوتننامەی نهێنی.

ج- لە تەواوی خاکی دەوڵەتی عوسمانی دا ئەوە قەبووڵ بکرێت کە ئەمریکا بمانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

2. جگە لەوە، بەرپرسیارێتی بردنی بۆردێکی بۆ ئەمریکا لەخۆگرتووە کە لەلایەن کۆنگرەکەمانەوە هەڵبژێردرابێت.

3. بەکر سامی بەگ چەند رۆژێکی دیکە لێرە دەمێنێتەوە، هەر فەرمان

26 - عەقید بەکر سامی بەگ دەڵێت: "ئەگەر سەربەخۆیی تەواو قەبووڵ بکرێت، بەمانای ئەوەیە سەربەخۆیی هەموو ئەو پێکهاتانەی لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانیدان قەبووڵ دەکرێت. بەم شێوەیە ئەرمینیا، کوردستان، نیشتمانی عەرەبی و ئەوانی دیکە سەربەخۆ دەبن. چونکە سەربەخۆیی تەنیا بۆ پێکهاتەی تورک نابێت، بۆ نەتەوەکانی دیکەش دەبێت. ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر ئینتیدابی وڵاتێکی مەزن، بۆ نموونە ئەمریکا قەبووڵ بکەین، دەتوانین وەک دەوڵەتی عوسمانی درێژە بە یەکگرتوویی جارانمان بدەین".

27 - گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەو دەربڕینە بکەین، ئەوانەی داوای ئینتیداب دەکەن هەمیشە دەیڵێنەوە: "تەواوی دەوڵەتی عوسمانی" لە داهاتوودا دەیخەینەوە بەرباس.

28 - بەکر سامی بەگ لەو دەسەڵاتە کاتییەی مستەفا کەمال پاشادا کە لە 25ی نیسانی 1920 وەریگرت، لە 3ی مایس و 16ی مایسی 1921دا وەزیری دەرەوە بوو.

و پێشـنیازێکتان هەبێـت لـە رێگـەی منـەوە پێـی دەگات، بەتایبـەت تـکای ئـەوەی کـرد کـە ئاگاداربکرێتـەوە تاوەکـو سـەروەختی کۆنگـرەی سـیڤاس پێویسـت دەکات لەکـوێ چـاوەڕێ بـکات.." [29]

مسـتەفا کەمـال پاشـا دوای چەنـد رۆژێـک لەرێـی فەرماندەیـی فیرقـەی پێنـج لـە ئەماسـیە ئـەم وەڵامـەی بەکـر سـامی بـەگ دەداتـەوە:

"1. تایبەت بۆ بەکر ئەفەندی کە ئێستا لە ئەماسیەیە:

تەلەگرافـی جەنابتـان سـوودبەخش بـوو بۆمـان. ئـەو شـاندەی کۆنگـرەی شـارەکانی رۆژهـەڵات کـە لـە  کۆبوونەوەکانیـان بەردەوامـن و لە کەسـانی خـاوەن دەسـەڵات و کاریگـەر پێکهاتـوون، کەسـانێکن کـە خـاوەن قسـەن و دەزانـن چـی دەکـەن و دەڵێـن. لـەو کۆبوونەوانـەی تاوەکـو ئێسـتا کـراون، پێداگـری تـەواو لەسـەر سـەربەخۆیی گـەل و دەوڵـەت کـراوە. [30]

بۆیـە بـە تایبـەت تـکای ئەوەتـان لـێ دەکەیـن لەبەرئـەوەی هەلومەرجـی ئـەو ئینتیدابـەی ئەمریـکا هێشـتا بـۆ ئێمـە روون نییـە، بۆیـە راسـتەوخۆ قسـەکردن لەگـەڵ ئەندامانـی دەسـتەی کۆنگـرە مەترسـیدارە، لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی لـە ئیسـتەنبووڵ پەیوەندیتـان هەیـە، لەژێـر رۆشـنایی ئـەو گفتوگۆیانـەی هەتانبـووە، تکایـە ئـەم خاڵانـەی خوارەوەمـان بـۆ رۆشـن بکەنـەوە. لەبـەر ئـەوەی ئـەو زانیاریانـەی پێشـتریش لـە ئیسـتەنبووڵەوە دەهاتـن جێـی گومـان بوون، بۆیـە داوای روونکردنـەوە کرا. ئـەو زانیارییانەی رۆژی 21ی تەممـووزی 1919 لـە سیڤاسـەوە بـە رێگـەی رەفعـەت بـەگ لـە ئیسـتەنبووڵەوە گەیشـتن جێی گومـان بـوون، بۆیـە داوای روونکردنەوە لەویـش کـرا.

ئەلیـف - 'ئەگـەر داوای سـەربەخۆیی تـەواو بکرێـت وڵاتەکەمـان دەبێتـە چەنـد پارچـە. لـەوە دڵنیـام و هیـچ گومانێـک هەڵناگرێـت'. سـەرچاوەی ئـەم بڕوایـە لەکوێـوە دێـت؟

---

29 - Soylev (Nutuk), Türk Dil Kurumu, s. 61

30 - لـە شـوێنی خۆیـدا ئـەوە روونکراوەتـەوە کـە بـۆ ئـەم بەرگرییـە لـە ئیسـلام، خەلافـەت و سـوڵتان بەرانبـەر ئەرمەنـەکان، پڕوپاگەنـدەی "کوردسـتان دەدرێتـە ئەرمینا" بەکارهێنـراوە.

ب - ئایا یەکرپزیی وڵات بە مانای دابەشنەبوونی نیشتمان دێت یان مافی سەروەری؟

پ - بە پاراستنی شەرعیەتمان بەسەر تەواوی خاکی عوسمانی و بوونی نوێنەرێک لە دەرەوە، بەڕێوەبردنی وڵاتەکەمان لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە بە باشترین و سوودبەخشترین چارەسەر دەزانن، بەڵام ئەو بۆچوونەی نوێنەران دەیخەنەڕوو، ناکۆکە لەگەڵ ئەم روانگەیە. چونکە ئەگەر شەرعیەت و دەستووریبوونمان بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، حکومەت دەبێتە دامەزراوەیەک کە هێزی خۆی لە دەسەڵاتی یاسادانان وەرگرتووە. (شەرعیەتمان) دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، لەو دۆخەشدا ئەمریکا ناتوانێ دەست لە کاروبارمان وەربدات. لەو بارەشدا یان ئەوەیە شەرعیەتەکە دەبێت، یاخود ناتوانین داوا لە ئەمریکا بکەین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەرانە. یان ئەوەتا ئەگەر داوای دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەرانە لە ئەمریکا بکرێت، ئەوکاتە شەرعیەتەکە هەر زارەکی دەبێت.

ت - فراوانکردن و زیاترکردنی پەروەردە و فێرکردن مانای چییە؟ ئەوەی بەر لە هەر شتێک بەمێشکمدا دێت ئەوەیە کە قوتابخانەی ئەمریکی لە هەموو لایەکی وڵاتدا بکرێنەوە. چونکە هەر لە ئێستاوە لە سیڤاس 25 قوتابخانەیان کردووەتەوە، تەنیا یەک دانەیان 1500 خوێندکاری هەیە (31). بەم پێیە بێت، ئەمە چۆن لەگەڵ پەروەردەی تورک و موسڵمانان یەکانگیر دەبێت؟

ج- ئەو مەبەستانەی لەبارەی ئازادی ئایینی و مەزهەبیشەوە خراونەتەڕوو گرنگن. لەکاتێکدا کە دەرفەت بۆ پاتریارک هەیە لایەنی جیاواز مانای چییە؟

چ - تەواوی سنووری دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ماددەی پێنجەمی

---

31 - ئەم رستەیە بەڵگەیەکە لە زاری مستەفا کەمال پاشاوە کە ئەرمەنەکان لە داواکارییەکانیاندا لەسەر حەقن. لە 25 خوێندنگەی ئەرمەنی، تەنیا لە یەک دانەیان 1500 قوتابی هەن. ئەم هەموو منداڵە ئەرمەنییە لەکوێوە هاتن؟

نوێنەران کوێیە؟ ئایا مەبەست لە سنوورەکانمانە بەر لە جەنگ؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە عێراق و سووریاش بگرێتەخۆ، ئاخۆ بەناوی عەرەبەکانی ئەنادۆڵ دەکرێ و مافی داواکردنی ئینتیداب دەبێت؟ [32]

ح - سیاسەتی ئێستای حکومەت چییە؟ بۆچی تۆفیق پاشا چووەتە لەندەن؟ پێدەچێت ئینگلیزەکانیش هاوشێوەی ئەمریکییەکان بەدوای ئینتیدابەوە بن. جیاوازییان چییە؟ حکومەت چ روانگەیەکی بۆ ئینتیدابی ئەمریکی هەیە، واتە لەمەوە نزیکە یان بە خۆپارێزییەوە لێی نزیک دەبێتەوە؟ بۆچی ئەمریکییەکان نەیانویست ئینتیدابی ئەرمینیا وەئەستۆ بگرن؟ ئەمریکییەکان تاوەکو چەند دەیانویست ئەو ئینتیدابە وەربگرن؟

2. کۆبوونەوەی کۆنگرەی سیڤاس پەیوەستە بە ئەنجامەکانی کۆنگرەی ئەرزڕووم. لەسەر ئەمەش کار دەکرێت. پێموایە تاوەکو ئەوکاتە وا گونجاوە لە تۆکات یاخود لە ئەماسیە بمێننەوە". [33]

پاشان بەکر سامی بەگ بە رێگەی عارف بەگ، فەرمانده‌ی فیرقەی پێنج، وەڵام دەنێرێتەوە بۆ مستەفا کەمال، وەڵامەکە کە مێژووی 30ی تەممووزی 1919ی بەسەرەوەیە، بەم جۆرەیە:

"1. بۆ مستەفا کەمال پاشا: ئەو وەڵامانەی لە بەکر سامی بەگ وەرگیراون، وا لە خوارەوە دەیانخەینە بەردەم بەڕێزتان.

ئەلف - ئەگەر بە تەواوی داوای سەربەخۆیی بکرێت، بڕیار لەسەر ئەوەیە کە وڵاتەکەمان بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش بکرێت و چوارینەی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەمریکا) پێکبهێنرێت. نوێنەری ئەمریکا دەڵێت بۆ رێگرتن لەمە، گونجاوترین کار ئینتیدابی ئەمریکایە.

---

32 - کاتێک مستەفا کەمال دەڵێت گەلی ئەنادۆڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی عەرەبەکانیان نییە، واتە تەنیا عەرەبەکانن دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بەمە هەڵوێستێکی دیموکراتیانە دەنوێنێ. بەڵام مستەفا کەمال لە هەمان ئەو سەردەمەدا بۆ ئەوەی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەبێت، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئیمپریالیزمی فەرەنسی و ئینگلیز لە هەوڵ و تێکۆشیندایە. لە داهاتوودا بە فراوانی باسی ئەمە دەکەین.

33 - Soylev (Nutuk), TDK, s. 62-63

ب - لەبارەی پرسی سەرورەرییەوە، بنەمای سەرەکی ئەوەیە وڵاتەکەمان بەتەواوی لەژێر دەستی ئێمەدا بمێنێتەوە.

پ - بەهیچ شێوەیەک ناخوازین ئەوە بە ئەمریکا بدەین. بەڵێنێکی دروست بە ئەمریکا دەدەین کە حکومەتێکی دادپەروەرانە پێکبهێنین. بە مەرجی ئەوەی دەستوورەکەمان هەر لەکاردابێت و باڵادەستیی رەچەڵەکی پاشامان هەروا وەک خۆی بە پارێزراوی بمێنێتەوە و وەکو جارانیش نوێنەرمان لە دەرەوە هەبێت، لە سایەی ئەو مەرجەوە داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکەین کە هاوکارمان بێت لە سەرفرازی و پێشکەوتنمان. ئەو ئینتیدابەی داوای دەکەین بەم جۆرەیە.

ت - فراوانکردن و زیاترکردنی پەروەردە و فێرکردن بەو مانایە نییە خوێندنگە ئەمریکییەکان تاوەکو دێهاتەکانمان بێن، لەپاڵ ئەو گرنگیدانەمان بە فراوانکردن و زیاترکردنی پەروەردە و فێرکردنی تورک و موسڵمانان، داوایان لێدەکەین کە لەو رووەوە یارمەتیمان بدەن. دەمانەوێ ئەرکەکە بدەینە حکومەتی ئەمریکا نەک نێردراوەکانیان.

ج- ئازادیی ئایین و مەزهەب هەر لە سەرەتاوە بنەمای ئایینی ئیسلام بووە. لەبەرئەوەی رای گشتی ئەمریکا ئەمە نازانێت، بۆیە دەمانەوێ لەو رووەوە دڵنیایی بدەین. ئەو سنوورەی نوێنەرەکەش باسی دەکات سنووری بەر لە جەنگە. (34)

ئەوە کۆنگرە یەکلایی دەکاتەوە کە ئایا ئێمە بۆمان هەیە بۆ سەر خاکی سووریا و ناوچەکانی دیکەش داوای ئینتیداب بکەین یاخود نا. پێشتر ئەمریکییەکان لە عێراق و سووریا بۆ رای گشتی رایانگەیاندبوو؛ دەتوانن لە سووریا و فەڵەستین حکومەتی سەربەخۆی عەرەبی دابمەزرێنن، بەڵام پێشنیازی ئەوە دەکەن لەژێر ئیختیاری ئەمریکادا بمێننەوە.

چ- لەبەرئەوەی ئەو حکومەتە تازە دامەزراوە، بۆیە ئەو سیاسەتەی

---

34 - ئەمە پێشنیازێکە دژی پرەنسیپە 14 خاڵییەکەی ویڵسن.

پەیڕەوی دەکات روون نییە، بەڵام سیاسەتی حکومەتەکانی پێشوو ملکەچی هەموو فەرمانێکی دەوڵەتانی هاوپەیمان بووە. تۆفیق پاشا نەچووە لەندەن، بەڵکو لەگەڵ فەرید پاشا گەڕایەوە. ئەمریکا بەرلەوەی حکومەتی ئەرمینیا دابمەزرێت، ئەگەر سەرنج لە راپۆرتەکانی ئەو دامەزراوە ئەمریکییانە بدەن کە لەو ناوچەیە بوون، دەبینن بیر لە دامەزراندنی ئەرمینیایەکی گەورە کراوەتەوە.

لەبارەی ئینتیدابەوە نووسینێک بە وردەکارییەوە بە رێگەی پۆستە دەنێرم.

2. ئێستا بەدەم چاوەڕوانی بۆ بەیانی ئێوە لە تۆکات دەمێنمەوە. بەپێی پێویست بەیاننامەکان دەگەیێنمە تۆکات و ئەماسیە." (35)

مستەفا کەمال پاشا لە یەکی ئابی 1920دا، دیسانەوە بە رێگەی فەرماندەی فیرقەی پێنج لە ئەماسیە نامەیەک بۆ بەکر سامی دەنێرێت:

"... تکایە دەستبەجێ ئەم تەلەگرافە بگەیێنرێتە بەکر سامی بەگ و دەستبەجێ وەڵام بدرێتەوە:

بۆ بەکر سامی ئەفەندی.

ئەمە وەڵامی تەلەگرافی 30ی تەمموزی 1919یە. دوایین روونکردنەوەمان لەبارەی ئینتیدابی ئەمریکاوە پێگەیشت. بەپێی ئەو هەلومەرجانە نابێ هیچ شتێک هەبێت ترسمان لێی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێک هەیە کە پێویستە بۆچوونی ئێوەی لەبارەوە بزانین. حکومەتی ئەمریکا کە ئەو هەموو هەلومەرجە لەبارانەمان دەخاتە بەر، لەبەرانبەر ئەو ئینتیدابەدا، واتە بەرانبەر وەئەستۆگرتنی ئەمە چ سوود و بەرژەوەندییەکی دەوێت؟ بەمە چ حیساب و ئامانجێک بۆخۆی رەچاو دەکات؟ بەزوویی چاوەڕێی ئەوەین زانیاریمان لەوبارەیەوە بدەیتێ و بۆچوونی بەرزی خۆتمان بۆ بخەیتەڕوو گەورەم". (36)

ئەو وەڵامەش کە لە سێی ئابی 1919 لەلایەن بەکر سامی بەگ

36 - Soylev , TDK s. 64

دراوەتـەوە، بـەم جۆرەیـە: "... تایبەتـە بـە مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا: بەوپێیـەی کـە دیـدارەکان لەگـەڵ ئەمریکییـەکان هەمیشـە تایبـەت بـوون و لـە گفتوگـۆی سـادە بـەولاوە زیاتـر نەبوونـە، بۆیـە لەبـارەی پرسـی ئینتیـداب، هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو هەلومەرجانـە نەکـراوە کـە هـەردوو دەوڵـەت دەیانەوێـت، ئەگـەر کۆنگـرەی سـیڤاس بکرێـت، روونکردنـەوە و زانیـاری پێویسـت دەخەمـەڕوو بۆتـان". [37]

عەقیـد وەسـفی بـەگ یەکێـک بـوو لـەو کەسانەی زۆرتریـن هەڵوەسـتەی لەسـەر ئینتیدابـی ئەمریکـی کـردووە و زۆرتریـن کۆبوونـەوەی لەگـەڵ دامـەزراوە ئەمریکییـەکان هەبـووە. نوێنـەری ئیسـتەنبووڵ بـوو لـە کۆنگـرەی سـیڤاس. عەلـی فوئـاد پاشـا کـە فەرمانـدەی فەیلەقـی 20ی سـوپا و هـاوکات یەکێـک بـوو لـەو کەسـانەی وەک ئەندامـی دەسـتەی نوێنەرانـی کۆنگـرەی سـیڤاس هەڵبژێردرابـوو، لـەو نووسـراوەدا کـە لـە 17ی ئابـی 1919 بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـای نـاردووە [38]، بـەم شـێوەیە زانیارییەکانـی لەبـارەی وەسـفی بەگـەوە دەخاتـەڕوو:

"...1 - ئەگـەر داوای یارمەتـی لـە ئەمریـکا بکەیـن و ئەمـە بەڕێگەی کۆنگرەی پارێزگاکانـی رۆژهـەڵات و کۆنگـرەی میللـی وەک داواکارییـەک بدەینـە حکومەتەکەمـان، بـۆ ویڵسـن پاڵپشـتییەکی گـەورە دەبێـت لـە بەرامبـەر کۆنگرێسـی ئەمریکـی، بەشـێکی زۆری رۆشـنبیرانی ئیسـتەنبووڵیش لەگەڵ ئـەو بۆچوونـەدان و خەریکـی ئامادەکاریـن بـۆ شـتێکی بەوشـێوەیە. دەڵێـن ئەگـەر لـە ئەنـادۆڵ بکرێـت، کارێکـی سـوودبەخش دەبێـت.

ئەگــەر وابێــت، بــە ســوودبینین لــە ئینتیدابــی ئەمریکــی، خوێڕییــەکان دەردەپەڕێنیــن، ئەوکاتــە هــەر خۆمــان و ئەمریکییــەکان دەمێنینــەوە، سـەرەدەری لەگەڵ ئەوان ئاسـان دەبێت. ئەمریکییەکان زۆر سـەرکۆنەمان دەکــەن. نوێنــەرەکان کاتێــک لــە ئیســتەنبووڵەوە بــەرەو پاریــس چــوون

---

37 - Soylev , TDK s. 64

38 - کاتێـک مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا لـە ئەرکـی پشـکنەری سـێیەمی سـوپا گوشـاری خرایـە سـەر، ئـەو ئەرکـە بـە کازم قەرەبەکـر پاشـا سـپێردرا کـە فەرمانـدەی فەیلەقـی 15سـوپا بـوو.

راپۆرتیـان داوە...". دواتـر دەڵێـت: ".. ئـەو کارە قەبـووڵ دەکـەن کـە ئەوروپـا خـۆی لـێ دەبوێرێـت. بـۆ نموونـە ئەوروپـای گـەورە، ئەرمینیـای گـەورە دانامەزرێنـێ. سـەرۆکوەزیرانی ئێـوە لە تۆرۆس سـنوور دەکێشـێت. ئـەوە لـە کاتێکـدا هیـچ کام لـە کۆمیسـیۆنەکانی ئەمریـکا ئەگـەری بـۆ ئەمـە دانەنـاوە. بەگوێـرەی راپۆرتـی گشـتی لـە ئەنـادۆڵ و تورکیـا بوونـە، ئەرمینیـا لەلایـەک بوەسـتێ، بگـرە ناتوانـن خۆبەڕێوەبـەری و دەسـەڵاتی سەربەخۆییشـیان هەبێت. نە بوونیـان هەیـە نە خـاک [39]، دەوڵەتانی دیکە سـەردەری لەگـەڵ ئـەوە ناکـەن..

ئەمانـە هەواڵـی ئیسـتەنبووڵن. بەگوێـرەی هەلومەرجـی ئـەوێ بـا بیـری لێبکەنـەوە. هێشـتا کاتـی زۆرمـان لەبـەر دەسـتە. کۆنگرێسـی ئەمریـکا خەریکـە گوێڕایەڵـی ویڵسـن دەبێـت. [40]

-2 لـە ئیسـتەنبووڵ گفتوگـۆی گرنـگ هـەن. بـۆ ئەمـە مسـتەفا کەمـال پاشـا فەرمایشـتێکی هەیـە؟ یاخـود پابەنـد دەبێـت بـە بڕیـار و کارەکانـی ئیسـتەنبووڵەوە؟ ئامانـج لـەو کارانـە یەکگرتوویـی گـەل، یەکپارچەیـی وڵات و دەسـتەبەری سـەربەخۆیی و باڵادەسـتییە. ئەگـەر مسـتەفا کەمـال هیـچ فەرمایشـتێکی نەبێـت، ئەگـەر لێـرەوە دەسـتبەجێ پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەمریـکا، بەریتانیـا و وڵاتانـی دیکـە دروسـت نـەکات، بێگومـان لێـرەش کارەکان بەرەوپێـش دەچـن.

-3 چـۆڵاک حوسـێن سـەڵاحەدین، بەردەوامـە لە هەڵسـوکەوتی دووڕووانە. بیـر لـەوە دەکرێتـەوە چـۆن ئـەو کەسـە بگەیێننـە پێگەیـەک کـە یەکێکـە لە کەسـە هەرە خۆشەویسـتەکانی سـادق بـەگ." [41]

---

39 - ئەگـەر سـەرنج بدرێـت ئەوانـەی ئینتیدابیـان دەوێـت و ئەوانـەش کـە دژیـن هەوڵـدەدەن کێشـەی ئەرمەنـەکان بـە "هـەر خـۆی ئەرمەنـی بوونیـان نییـە لێرە" چارەسـەر بکـەن. چونکـە ئەرمەنـەکان راگوێـزراون و لـە کۆمەڵکوژییەکانـدا لەنێوبـراون. کاتێـک ئەرمەنـەکان بـەم شـێوەیە ژێردەسـتە کـران، هەوڵیانـدا کوردیـش بـە بیانـووی "کـورد و تـورک بـران و موسـڵمانن" بخەنـە ژێـر دەسـتی خۆیانـەوە.

40 - کۆنگرێسـی ئەمریـکا نیشـانیدا کـە هیـچ گوێـی لـە ویڵسـن نەگرتـووە و رێککەوتننامـەی ڤێرسـای کـە لـە 28ی حوزەیرانـی 1919 ئامادەکرابـوو هـاوکات رێککەوتننامەکانی کۆمەڵـەی گەلانی سـێ جـار رەتکردووەتـەوە. لـە هەڵبژاردنـی تشـرینی دووەمـی 1920 یشـدا کـە بـۆ سـەرۆکایەتی ئەمریـکا کـرا، ویڵسـنی دیموکـرات بـە 9 ملیـۆن دەنـگ بەرانبـەر هاردینگـی کۆمارییـەکان، کـە 19 ملیـۆن دەنگـی بەدەسـتهێنا، دۆڕا.

41 - Soylev (Nutuk), TDK s. 69-70

دواتـر مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا لـە 19ی ئابـی 1919 بـە ڕێگەی قەرە وەسـفی بـەگ، وەڵامێـک بـە ناونیشـانی "بـۆ حەزرەتی عەلی فوئـاد پاشـا" دەنێرێت:

"1. ئـەو ئینتیـداب و هاوکارییـە ئەمریکییـەی باسـی کـراوە، زۆر گرنگـە بـە وردی لێـی بکۆڵنـەوە و لەگـەڵ ئامانجـە نەتەوەییـەکان بـەراوردی بکـەن. بەوپێیـەی ئامانجـی کارەکانـی ئیسـتەنبووڵ وەک یەکگرتوویـی گـەل، یەکپارچەیـی وڵات و دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆیی و باڵادەسـتی باسـی لێـوە کـراوە، ئایا ئەگـەر ئینتیدابی ئەمریکـی قەبـووڵ بکرێـت ئـەو ئامانجـە وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە؟

2. بـۆ ئـەوەی ئەرکـی خۆمـان، کـە ئـەو بڕیارانـەی لـە ئـارەزووەوە دێـن و گونجـاو نیـن و هیـچ کاتێـک لەلایـەن گەلـەوە پەسـند ناکرێـن، لەپێنـاوی ئـەوەی هـەر کارێـک دەکرێـت لەگـەڵ ویژدانـی نەتەوەیـی و چارەنووسـی وڵات و گەلەکەمـان بێتـەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەرکەوتن و یەکخسـتنی خواسـتی گـەل بیـن، دروسـت نییـە وەک بەرپرسـی هەمـوو کارێـک دەربکەویـن. هەربۆیە پێشـنیازی ئـەوە دەکەین پەیوەندییەکانمـان بۆ بڕیاری کۆنگـرە بەجێبهێڵیـن. سـوپاس بـۆ خـودا ڕیشـەداربوون و بەهێزبوونـی بزاوتـی نەتەوەیـی لـە وڵاتەکەمانـدا بـەردەوام بـەو ئاراسـتەیەماندا دەبـات.

3. دەبـێ سـەرنجی ئـەوەش بدرێـت کـە ئـەو حکومەتـەی دەسـەڵاتی ڕێککەوتنـی هەیـە لەگـەڵ ئەمریـکا یاخـود هـەر وڵاتێکـی دیکـە بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی ئـەم گەلـە و ئـەو هاوکارییانـەی وەریاندەگرێـت، دەبـێ ئـەو حکومەتە بێت کە باڵادەسـتیی گـەل و دامـەزراوە نەتەوەییەکان قەبـووڵ بـکات. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش، ئەوانـەی بـۆ وەرگرتنـی پۆسـت لـە حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ دیاریدەکرێـن، دەبـێ لەسـەر ئـەو بنەمایـە بێـت." [42]

عەلـی فوئـاد پاشـا کـە فەرمانـدەی فەیلەقـی 20ی سـوپا بـوو، لـەو نووسـراوەدا کـە لـە 14ی ئابـی 1919 بـۆ مسـتەفا کەمالـی دەنێرێـت،

---

42 - Soylev (Nutuk), TDK s. 70-71

نـاوی هەندێـک کـەس دەبـات کـە داوای ئینتیدابـی ئەمریکـی دەکـەن و دەنووســێت:

"... بـۆ مسـتەفا کەمـال پاشـا: ئـەو پەیامەی کە بـۆ ئیسـتەنبووڵتان ناردبوو، گەیشـتە شـوێنی خـۆی. لەبەرانبـەر ئەمـەدا بـە راپـۆرت، پەیـام لـە ئەحمـەد رەزا بـەگ، جـەواد پاشـا، چوروکسـولە مەحمـوود پاشـا، رەشـاد حیکمـەت، جامـی بـەگ، رەشـید سـەعدی بـەگ و ئەسـعەد پاشـاوە گەیشـتوون کـە هـاوڕای قـەرە وەسـفی، واتـە گونجـاو و تەبـا لەگـەڵ بۆچوونەکانـی جەنگیز و خالیـدە ئەدیـب خانم. پووختـەی ئەمانە ریزبەند دەکەیـن و دەیانخەینەڕوو، دەقـە ئۆرژیناڵەکەشـیان دەنێرینـە سـیڤاس. لـە هەمووشـیاندا پێویسـتی هاوکاریکـردن خراوەتـەڕوو، هەروەهـا ئـەو راسـتییەش خراوەتـەڕوو کـە ئـەو هاوکارییـە وەک باشـترین بـژارەی نێـو هەرەخراپـەکان بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو دۆخـە خراپـە قەبـووڵ دەکرێـت. دوای ئـەوەی راپۆرتـە چاپکراوەکـە لەلایـەن هەریەکـە لـە جامـی بـەگ، رەئـوف ئەحمـەد، رەشـاد حیکمـەت، رەشـید سـەعدی، خالیـدە خانـم، قـەرە

وەسـفی، ئەسـعەد پاشـا و بۆچـوون و روانگـەی سـەرجەم پـارت و رێکخـراوەکان نێـردرا، پێویسـتە هەرچـی زووتـرە کارەکانـی کۆنگـرە تـەواو بکرێـن، بەرلـەوەی ئەمریکییـەکان بـڕۆن بـە راپۆرتێـک ئـاگادار بکرێنـەوە. ئەمریکییـەکان بـە خۆخافڵاندنیـان دەیانـەوێ رۆیشـتنیان دوابخـەن. [43]

کۆنگـرە دەتوانێـت بـە زوویـی بڕیارێـک بـدات؟ ئەمریکییـەکان دەریدەخـەن کـە بۆیـان گرنگـە، داوا دەکـەن کۆنگرەکـە زوو بکـرێ". [44]

ئەگـەر سـەرنج بـدەن، ئەوانـەی داوای ئینتیـداب دەکـەن، پێیانوایـە دنیـا هەر لـە دەوڵەتانـی هاوپەیمـان و ئەمریـکا پێکهاتـووە و بایـەخ بـە کاریگـەری بۆلشـەڤیکەکان نـادەن. وەک بڵێـی ئـەو لایەنـە هـەر بوونـی نییـە. یەکێـک لەوانـەی هەرگیـز لـە کاریگـەری بۆلشـەڤیکەکان تێنەگەیشـت، خالیـدە

43 - ئـەم نووسـراوانە دەریدەخـەن کـە ئەمریـکا ئینتیـداب قەبـووڵ نـاکات، سـەرباری ئەمەش رۆشـنبیرانی تورک بـە پێداگرییـەوە داوای ئینتیـداب دەکەن.

44 - Soylev (Nutuk), TDK, s. 69

ئەدیب بوو کە لە فاکەڵتی ئەدەبیات، وانەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوای دەگوتەوە. خالیدە ئەدیب لە 10ی ئابی 1919 ئەم نامەیە بۆ مستەفا کەمال دەنووسێت:

"بۆ حەزرەتی مستەفا کەمال پاشا

زۆر بەڕێزم، دۆخی وڵات چووەتە قۆناخێکی تەنگەبەری سیاسییەوە. بۆ ئەوەی ئاراستەیەک بە خۆمان بدەین، وا خەریکە کاتی ئەوە بەسەر دەچێت زاری گەلی تورک هەڵبدەین و هەڵوێستێکی ئەرێنی بنوێنین. دۆخی دەرەکی لە ئیستەنبووڵ وەها دێتە بەرچاو. هەرچەندە فەرەنسا، ئیتاڵیا و بەریتانیا پرسی ئینتیداب لەسەر تورکیایان بۆ سێناتی ئەمریکا پێشنیاز کردووە و هەموو هێزی خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی سێناتی ئەمریکا ئەمە قەبووڵ بکات. [45] بێگومان یەکپارچەیی لە بەرژەوەندی ئەوان نییە. فەرەنسا کە ئەوەی لە سووریا دەیویست بەدەستی نەهێنا، دەیەوێ زیانەکانی لە تورکیا قەرەبوو بکاتەوە. بەوپێیەی ئیتاڵیا ئیمپریالیستێکی سەرڕاستە، بە ئاشکرا دەڵێت کە دەیەوێ پشکی لە دابەشکردنی ئەنادۆڵدا هەبێت و هەر بەو نیازەش بەشداری لە شەڕدا کردووە. یارییەکەی بەریتانیا کەمێک وردەکارانەترە. بەریتانیا نایەوێ تورکەکان یەکبگرن، هاوچەرخ بن و سەربەخۆییەکی راستەقینە بەدەستبێنن، تەنانەت ئەمە ئەگەر لە داهاتووشدا بێت.

دەوڵەتێکی نوێ و بەهێزی موسڵمانی تورک کە هەموو ئامراز و روانگەکانی هاوچەرخ بن، دەوڵەتێک کە خەلیفە نوێنەری بێت، دەبێتە نموونەیەکی خراپ بۆ موسڵمانە ژێردەستەکانی بەریتانیا (ئەو وڵاتانەی کە لەژێر داگیرکاریی بەریتانیادان). ئەگەر تورکیا بەتەواوی بکەوێتە ژێر دەستی بەریتانیا، مل و قۆڵی لێ دەپەڕێنێ و لەماوەی چەند ساڵێک دا دەیکاتە کۆڵۆنییەک بۆ خۆی. لە وڵاتی ئێمەدا بەتایبەت چین و

45 - لێرەدا هەرچەندە ناوی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا بەیەکەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی پێشنیازی ئینتیداب بۆ ئەمریکا دەکات لە تورکیا، بەریتانیایە. بەپێچەوانەی ئەوەی خالیدە ئەدیب دەیڵێت، هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی ئەمریکا ئەو کارە بخاتە ئەستۆی خۆی.

توێـژە ئاینییـەکان زۆر پاڵپشـتی ئـەم بابەتـە دەکـەن، بـەڵام ئەمـە بەبـێ شـەڕ لەگـەڵ فەرەنسـا بـەدی نایێت، بۆیـە لایەنگـری نییـە، بـەڵام ئەگـەر ناچاربێـت بەتـەواوی دەسـتبەرداری تورکیـا بێـت، واتـە تێبگـات لـەوەی کـە دابەشـبوونەکە هـەر بـە رووبەڕووبوونـەوەی سـەربازی دەبێـت، ئـەوا لایەنگـری لـە بیرۆکـەی ئینتیدابـی ئەمریکـی دەکات. لەڕاسـتیدا مەیلێـک بـەو ئاراسـتەیە لەنێـو سیاسـەتی ئینگلیـزدا هەیـە. کەسـانی ناسـراوی وەکـو مۆریسـۆن، پشـتگیری لـە ئینتیدابـی ئەمریـکا دەکـەن لەسـەر تورکیـا. یەکێکـی دیکـە لـە چارەسـەرییەکان ئەوەیـە تورکیـا لـە تراکیـا، ئیزمیـر، ئەنـادۆڵ، ترابـزۆن و بێگومـان لـە ئیسـتنبوڵیش بێبـەش بکرێت، بـە خۆبەدەسـتەوەدانە کۆنەکانی مەحکـووم دەکرێـت و لەنێـو سـنوورەکانی خۆیـدا سـەربەخۆ بێـت.

ئێمـە لـە ئیسـتانبوڵ، ئینتیدابـی ئەمەریکـی کـە هەمـوو سـنوورە کـۆن و نوێیەکانـی تورکیـا لەخۆبگرێـت و وەک دۆخێکـی ناچـاری قەبـووڵ بکرێـت، بە خـراپ دەبینیـن، هۆکارەکانیشـمان ئەمانـەن:

1. بـە هـەر هـۆکار و لەهـەر بارودۆخێکـدا بێـت، کەمینـەی کریسـتیان لەنێومانـدا دەمێننـەوە. ئەوانـە هـەم سـوود لـە هاونیشـتمانیبوونی سـەر خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی دەبینـن، هـەم لـە دەرەوە پشتئەسـتوور بـە دەوڵەتێکـی ئەوروپایـی سـوود لـە یەکسـانی دەبینـن، ئـەوەش دەرفـەت دەبێـت بـۆ دەسـتێوەردان. هـەر خـۆی هەمـوو سـاڵێک بەهـۆی کەمینەکانـەوە کەمێک لە سـەربەخۆییە رواڵەتییەکەمان لەدەسـتدەدەین. بـۆ دامەزراندنـی حکومەت و بەڕێوەبەرییەکی هاوچەرخ پێویسـتە ئیمتیازاتی سیاسـی پاتریارکـەکان و تۆقاندنـی بـەردەوام بـە پاڵپشـتی دەوڵەتانی بەهێز هەڵبوەشـێتەوە، تورکیایەکـی بچـووک و لاواز ناتوانـێ ئەمە بکات.

2. لەجیاتـی زیهنیەتـی ئـەو حکومەتانـەی یەکتـری شـۆک دەکـەن و تەماحی ئـەو کەسـانە تێـر دەکـەن کـە لەپێنـاوی تێکدانـی ئارامـی و توندوتیژیـدا دەژیـن، پێویسـتمان بـەو تێگەیشـتنە هەیـە کـە حکومەتێکـی پراکتیکـی بێـت و بتوانێـت خۆشـگوزەرانی و گەشەسـەندنی گـەل مسـۆگەر بـکات،

بەشـێوەیەکی تەندروسـتانە و عاقڵانـە عەقڵیەتـی دێهاتـی بگـۆڕن بـۆ عەقڵیەتـی مۆدێـرن. ئێمـە توانـای مـاددی و دەسـەڵاتمان نییـە ئـەم کارە بکەیـن، قـەرزە دەرەکییەکانیـش کۆیلایەتـی سیاسـی زیاتـر دەکـەن...

ئەگـەر حکومەتـی ئەمـڕۆ بەهـاش بـە گەلەکـەی نـەدات، ئەمەریـکا کـە ئەمـڕۆ حکومەتـی گەلـی بـە فلیپینـی کێـوی بەخشـیوە و کردوویەتـی بـە ماکینەیەکـی هاوچـەرخ، لـەو رەهەنـدەوە سـوودی زۆری بۆمـان دەبێـت. تەنیـا بـە بەهرەمەندبـوون لـە داهێنانەکانـی دنیـای نـوێ دوای زەحمەتـی 15-20 سـاڵ، تورکیایەکـی نـوێ دروسـت بکرێـت، تورکیایـەک کـە عەقڵـی پەروەدەیـی و سـەربەخۆیی راسـتەقینە لـە هۆشـیدا بێـت.

3. پێویسـتیمان بـە هاوکارێکـی بەهێـزە بۆئـەوەی دەوڵەتانی بێگانە لەسـەر خاکـی تورکیـا دووربخاتـەوە. ئەمـە تەنیـا لـە هێزێکـی دەرەوەی ئەوروپـاوە بـەدی دێـت.

4. ئێسـتا بـۆ لابردنـی ئـەو شـتانەی روودەدەن و سـاتێک زووتـر دۆزەکەمـان لـە بەرانبـەر گوشـاری دنیـا بپارێزیـن، پێویسـتە داوای هاوکاری لـە دەوڵەتێک بکەیـن کـە هێـزی پێویسـتی ئـەوەی هەبێـت. ئەگـەر بتوانیـن ئەمریـکا وەک وەکیلێـک بـۆ لای خۆمـان رابکێشـین و لـە دژی سیاسـەتی نەفرینـی ئەورووپـا کـە خوویـان بـە دەستبەسـەرداگرتنی وڵاتانـەوە گرتـووە، ئـەوا دەتوانیـن کێشـەی خۆمـان وەک تورکیـا و کێشـەی رۆژهەڵاتیـش چارەسـەر بکەیـن. بۆیـە دەبـێ هەرچـی زووە داوای هـاوکاری ئەمریـکا بکەیـن کـە بێگومـان ئەمـەش بـێ مەترسـی نییـە. ناچـار دەبیـن زۆر لـە شـکۆی خۆمـان بشـکێنین، بـەڵام وەک چـۆن هەندێـک کـەس پێیانوایە، هیـچ لایەنگرییەکـی ئایینـی و ناسـنامەی ئەمریکایـی نییـە. بـە رێگـەی پـارەدان بـە میسـۆنەرە ژنـە ئەمریکییـەکان ناتوانـن پێگەیـەک لـە حوکمڕانـی ئەمریـکا بەدەسـتبێنن. ئیـدارەی ئەمریـکا ئاییـن و ناسـیۆنالیزم لەبەرچـاو ناگرێـت. ئەوانـەی لـە مەزهـەب و رەگـەزی جیـاوازن هەموویـان پێکـەوە لـەوێ سـازاون.

ئەمریـکا لەگـەڵ ئـەوەدا نییـە لـە رۆژهـەڵات باڵادەسـت بێـت و لـە ئەورووپـاش دووچـاری کێشـە بێـت، بـەڵام ئـەوەی ئـەوان بـە ماکـی

شـەرەفمەندی دەزانـن، دەیانـەوێ بـە وڵات و گـەل باڵادەسـتتر بـن لەچـاو ئەورووپا. ئەگـەر ئـەم گەلـەی ئێمـە بـە کامـی بـڕواوە ئەمریـکا بانگهێشـت بـکات، دەبینـن کـە ئەمریـکا بچێتە هـەر کـوێ دەبێتـە هـۆکاری دامەزراندنی ئیدارەیـەک لـە بەرژەوەنـدی گـەل.

لەنێـوان کەسـایەتییە گرنـگ و فەرمییەکانـی ئەمریـکادا زۆر شـتی گرنـگ لـە بەرژەوەنـدی ئێمـە روویانـداوە. زۆر ئەمریکـی کـە وەک دۆسـتی ئەرمـەن هاتنـە ئیسـتەنبووڵ، وەک دۆسـتی تـورک گەڕانـەوە... [46]

لایەنـی فەرمـی لـە ئەمریـکا مەیلـی ئـەوە نیشـان نـادەن کـە لەسـەر خاکـی ئێمـە ئەرمینیـا دروسـتبکرێت. لـە بازنـە هـەرە نزیـک و گرنگەکانـەوە ئـەوەم بیسـتووە ئەگـەر دەسـتباڵایی قەبـووڵ بکـەن، هەمـووان وەک رۆڵـەی وڵاتێـک قەبـووڵ دەکـەن، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئەورووپا دەیـەوێ کێشـەی ئەرمینیـا زەق بکاتـەوە - بەتایبەتـی بەریتانیـا- دەیـەوێ ئیمتیازێـک بداتـە ئەرمەنـەکان. دەیـەوێ لەنێـو رای گشـتی ئەمریـکادا بەنـاوی ئـەو ئەرمەنانـەی زوڵمیـان لێکـراوە یارییـەک بکات. ترسـمان لە ئەوروپا وادەکات بیـر بکەینـەوە. رەشـاد بـەگ و جامـی بـەگ و بگـرە ئـەو دیپلۆماتانـەش کـە یەکێتی نەتەوەیی ئێمەیان پێکهێناوە، پێشـنیازیان هەیە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەرمـەن و بـە فەرمـی بـۆ ئێـوەی دەنووسـن.

بـە سـاتێکی زۆر مەترسـیداردا تێدەپەڕیـن. ئەمریـکا زۆر بـە سـەرنجەوە لـەو شـتانەی لـە ئەنـادۆڵ روودەدەن ورد دەبێتـەوە. حکومـەت و ئینگلیـزەکان دەیانـەوێ ئـەو روانگەیـە بڵاوبکەنـەوە کە ئەمە بۆ کوشـتنی کریسـتیانەکان و لەنێوبردنـی ئیتیحادییـەکان دەکرێـت تاوەکـو بەهـا و دەسـتی ئەمریـکا جێگیـر بکرێت.

بیـر لـەوە دەکرێتـەوە لـە هـەر سـاتێکدا هێـز بنێردرێـت بـۆ راگرتنـی خەباتـی

46 - گرنگـە ئـەو نووسـینانەی خالیـدە ئەدیـب لەگـەڵ ئـەو نووسـینانە بـەراورد بکرێـن کـە سـەبارەت گەمارۆی ئێسـتای چەکـی ئەمریـکا دەنووسـرێن. بـۆ نموونـە دەگـوترێ؛ لەگـەڵ گەشـتەکەی سـەرۆکوەزیران بـۆ ئەمریـکا، زۆر سـیناتۆر و ئەندامـی کۆنگرێـس کـە لایەنگـری رۆمییـەکان بـوون، هەڵوێسـتیان لـە بەرژەوەندی تورکیا گۆڕی.
بڕوانـە: Bk. Abdi İpekçi, Milliyet, 4-7 Haziran 1978

نەتەوەیـی [47]. دەیانـەوێ ئینگلیـزەکان بخەڵەتێنـن. دیسـانەوە بازنـە هـەرە نزیکـەکان دەڵێـن، ئەگـەر خەباتـی نەتەوەیـی دەسـتبەجێ داخـوازی ئەرێنیـی خۆی نیشـانبدات و هەڵوێسـتێکی دووژمنکارانەی بەرانبەر بە کریستیانەکان نەبێـت، بەزوویـی دەتوانێـت پشـتیوانیی ئەمریکا بەدەسـتبێنێ.

هەوڵدەدەیـن تاوەکـو دوای کۆنگـرەی سـیڤاس کۆمیسـیۆنی ئەمریکـی رابگریـن. رەنگـە لەوەشـدا سـەرکەوتوو بین کە رۆژنامەنووسـێکی ئەمریکی بنێرینـە کۆنگـرە. [48]

ئیـدی پێموایـە لەپێنـاو لەدەسـتنەدانی ئـەو سـاتە بایەخـدارە و بـۆ ئـەوەی ببنـە پشـتیوانی دۆزەکەمـان و لـە ترسـی دابەشـبوون و شکسـت رزگاربیـن، ناچاریـن داوای هـاوکاری ئەمریـکا بکەیـن. کاک وەسـفی بەگـی براشـمان [49] بـە جیـا، لـەو خاڵانـەدا کـە هاوڕایـن، بۆتـان دەنووسـێت. یـەک دوو کەسـی هۆشـیار و بـە ئیـرادە و خـاوەن بیرێکـی کـراوە دەتوانـن تورکیـا رزگار بکـەن. کاتـی سـەرگەرمی و شـەڕ تـەواو بـووە. دەبـێ بـۆ داهاتـوو شـەڕی پێشـکەوتن بکەیـن. وڵاتـە داماوەکەمـان کـە ئـەو هەمـوو رۆڵەیەی لەسـەر سـنوورەکان شـەهید بـوون، چەندیـان لەڕێـی بیـر و شارسـتانی دا شـەهید بـوون؟ ئێمـە دەمانـەوێ رۆڵـە باشـەکانی تورکیـا ببنـە رۆڵـەی دامەزرێنەرانـی سـبەی. چاوەڕوانـی ئەوەمـان هەیـە لەگـەڵ رەئـوف بەگـی برامـان لەپێنـاو وڵاتەکەمـان کـە لـە بناخـەوە هەڵتـەکاوە، کار بکـەن و داهاتـووی دوور ببینـن. رێـزی خۆمتـان بـۆ دەنێـرم و نـزای سـەرکەوتنتان بـۆ دەکـەم. بـە خاکەراییـەوە رایدەگەیێنـم، بـە گیـان و رۆح وەک سـەربازێکی تـورک لەگەڵتانـم". [50]

لـە مانگەکانـی حوزەیـران، تەممـووز، ئـاب و ئەیلوولـی 1919دا، چ لـە ئیسـتەنبووڵ چ لـە ئەنـادۆڵ، لـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس تاکـە

---

47 - لەنێـوان سـاڵانی -1919 1922، واتـە لـە مـاوەی شـەڕی تـورک - ئەرمـەن و تـورک- یۆنـان دا، هاتنـی هێزێکـی بەوشـێوەیە لـەولا بوەسـتێ، بگـرە هـەر بیـر لـە دروسـتکردن و هێنانەکایـەی نەدەکرایەوە.

48 - دواتر زیاتر باس لە هەوڵەکانی رۆژنامەنووس ئێتگار براون دەکەین.

49 - وەسفی بەگ لە کۆنگرەی سیڤاس دا وەک ئەندامی دەستەی نوێنەران هەڵبژێردرا.

50 - Soylev (Nutuk), TDK s. 65-67

پرسـێک کـە زۆرتریـن قسـەی لەبـارەوە کرابێـت ئینتیـداب بـووە. کازم قەرەبەکـر پاشـا لـە کتێبەکـەی دا (جەنگـی سـەربەخۆییمان - İstiklâl Harbimiz) بـەم شـێوەیە باسـی ئـەم پرسـە دەکات:

"... لـە چـواری ئەیلـوول دا ئـەرکان سـاففەت هـات. بـە ئامانجـی ڕێکخسـتنەوەی کاروبـاری تایبەتـی خـۆی لـە ئەرزنجـان هاتبـوو. نامـەی عیسـمەت پاشـای هێنابـوو کـە دەڵێـت هیـچ چارەیەکـی دیکەمـان نییـە جگـە لـە قەبووڵکردنـی ئینتیدابـی ئەمریکـی، ئـەو نامەیـەی عیـزەت پاشـاش کـە داوای قەبووڵکردنـی پێشـنیازەکەی دەکـرد، لەگـەڵ خـۆی هێنابـووی. نامەکـە بـۆ مـن، ڕاپۆرتەکـە بـۆ کۆنگرەی سـیڤاس، سـافەفت بەگیـش بەو نیـازە هاتبـووە ئـەرزڕووم کـە پێیوابـوو مسـتەفا کەمـال پاشـا و ڕەئـوف بـەگ لێـرەن. سـاففەت گوتـی هەمـوو ئەوانـەی لە ئیسـتەنبووڵ هۆشـیان لەسـەردایە، دەڵێـن جگـە لـە ئینتیدابـی ئەمریکـی هیـچ چارەیەکـی دیکـە نییـە. پادشـا و حکومـەت و بەشـێک لـە بەرژەوەندیخـوازەکان بـە داوای ئینتیدابـی بەریتانـی، چاویـان لـە وەرگرتنـەوەی میسـر بـوو. ئـەو خاڵـەم بـە سـاففەت گـوت کـە مایـەی سەرسـوڕمانم بـوو: 'عیـزەت پاشـا عیسـمەت بـەگ، ئەوانـی دیکـە و تـۆ! بۆچـی نایێنـە ئەنـادۆڵ و هێشـتا لـە ئیسـتەنبووڵ بـە دەسـتەپاچەیی و بێچارەیـی پلانـی وا دەچنـن؟... [51]

لـەو نووسـراوە درێـژەی مارشـاڵ عیـزەت پاشـادا بـە ناونیشـانی (چەنـد ڕوانگەیەکـی تایبـەت سـەبارەت ئـەو ئاشـتەواییەی لەنێـوان حکومەتـی عوسـمانی و وڵاتانـی هاوپەیمـان واژۆی لەسـەر دەکرێـت"، ئـەو بەشـەی پەیوەنـدی بـە ئینتیدابـەوە هەیـە، بـەم جۆرەیـە:

"... کێشـەی ئینتیـداب و دەرئەنجـام: ئەمـڕۆ لـەو دۆخـە سـەختەدا کـە ڕووبەڕووی دەوڵـەت دەبێتـەوە، ئەسـتەمە ئیمپراتۆرییـەک کـە لـە نەتـەوە و ئایینـی جیـاواز پێکهاتـووە، بـە یەکگرتوویـی بمێنێتـەوە. بۆیـە دەبـێ بیـر لە ئینتیـداب بکەینـەوە. چەمکـی ئینتیـداب بەتەواوی ڕوون نییـە، بەڵام مەقامی

51 - Soylev (Nutuk), TDK s. 65-67

خەلافـەت و سـەڵتەنەت دەمێننـەوە و نوێنەرایەتـی دەوڵـەت دەکـەن. ئۆرگانـی یاسـادانان وەک خـۆی دەمێنێتـەوە. دەسـتەبەری گەشـەکردنی ئازادانـەی گرووپە هەمەچەشـنە ئایینی، نەتەوەیـی و مەزهەبەکان دەکرێت. لەپـاڵ ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە ئینتیـداب لەگـەڵ خۆیـان دەیانهێنێـت، فەرمانبـەرە خۆجێیەکانیـش دەبـن. سـوپایەکی هاوشـێوەی میلیشـیایش دەبێـت. ڕەچـاوی مافـی خانەنشـین و سـەربازانی پێشـوو دەکرێـت. هەروەهـا بەهـۆی هەژموونـی حکومەتـی ئینتیدابـی، پێویسـت بـە ملکەچی بـۆ پەیماننامـەکان ناکات کـە لـە کۆنـەوە داوا دەکرێت. دەبـێ ئینتیدابەکـە بەشـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە مـاوەی 30-15 سـاڵ بێت. دابەشـکردنی خاکی عوسـمانی بەمانـای قەبووڵکردنـی زیاتـر لـە ئینتیدابەکەیە. ئەگـەر ئینتیدابی ئەورووپـا قەبـووڵ بکرێـت ڕەنگـە کێشـەی زۆر گـەورە بێنـە ئـاراوە. بۆیـە ناچاریـن ئینتیدابـی ئەمریکـی قەبـووڵ بکەیـن. مەیلـی ئەنادۆڵیش هـەر بەم لایەدایـە. بۆیـە دەبـێ لـە کۆنگـرەی سـیڤاس داوای ئینتیدابـی ئەمریکـی لـە نوێنـەری چـوار وڵات بکەیـن. [52]

تێڕوانینـی موشیر(مارشـاڵ) عیـزەت پاشـا لەبـارەی ئینتیدابـەوە ئەمانـەن. ئـەو دەڵێـت ڕزگاری لەگـەڵ قەبووڵکردنـی ئینتیدابـی ئەمریـکا دێـت. لـە سـەرەوە ئەوەمـان بەرچـاو کـەوت کـە لەگـەڵ ئـەو نووسـینەی موشـیر عیـزەت پاشـا، نامەیەکـی دیکـەش بـۆ کازم قەرەبەکـر پاشـا هاتـووە. ئەمـە نامـەی عیسـمەت (ئینۆنو)یـە. لـەو نامەیەشـدا وەک ڕێگەیـەک بـۆ ڕزگاری داوای قەبووڵکردنـی ئینتیدابـی ئەمریـکا دەکرێت. ئـەم نامەیـە هەوڵەکانـی هەمـوو پاشـا عوسـمانییەکان بـە ڕوونـی دەردەخـات. بۆیـە لێـرەدا وای بـە چـاک دەزانیـن نـەک هـەر تەنیـا ئـەو بەشـەی نامەکـە کـە پەیوەنـدی بـە ئینتیدابـەوە هەیـە، بەڵکـو تـەواوی نامەکە وەک خـۆی بخەینـەڕوو. (براکەم، کازم گیـان) نامەکـە بەمـە دەسـتپێدەکات و لـە 27ی ئابـی 1919دا بـەم شـێوەیە نووسـراوە:

---

52 - Kazım Karabekir, s. 169-170

"... ماوەیەک پێش ئێستا نامەیەکم نووسی. هێشتا ئەو نامەیەتان وەرنەگرتووە [53]. لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەمەوێ هەندێک زانیاریتان لەبارەی پێشهاتە تازەکانەوە بدەمێ. بەڵام ئاخۆ لەبارەی پێشهاتە تازەکانەوە شتێک هەیە نەیزانن؟ دۆخی ئێستا، مەبەستم رووداو و پێشهاتەکانی ئەنادۆڵە؛ ئێمە لێرە بەشێوەیەکی زۆر گەورەکراو دەیبیستین. بۆ ئەوەی هیچ لێکترازانێک لەنێوان خەڵکی ئەنادۆڵ و حکومەتەکەی ئیستەنبووڵ روونەدات، زۆر گرنگیمان پێدا. دامات فەرید پاشا لە پاریس بوو. حکومەت کەم تاوەکو زۆر بەئاگا بوو.
لەو سەروبەندەدا عەلی کەمال بەگ کشایەوە. وا دەردەکەوت عیزەت پاشا یان فەوزی پاشا ببنە وەزیری جەنگ. قەبووڵیان نەکرد. دواتر فەرید پاشا هات و حکومەتی نوێ دامەزرا. هەریەکە لە فەرید پاشا، روحی و عەلی کەمال بەگ چەند هەنگاوێکیان نا کە راستکردنەوەیان مەحاڵە. بەوهۆیەشەوە رەوتی تەواو دژ بەیەک و دووژمنی یەکتری هاتنە کایەوە، بەڵام حکومەتی ئێستای عادل بەگ - سلێمان شەفیق پاشا بۆ حکومەتەکانی دیکە باشتر دەبێت. عادل بەگ لە ئەنجامی رێکەوتێکی خراپەوە هاوبیری ئینگلیزەکانە. کاتێکیش کە خەڵک بیری ئەوەیان هەیە ئەوان پەسەند بکەن و پێداگر بن لەسەرئەوەی هەرچۆنێک بێت ئەوان لە پێگەی خۆیاندا بمێننەوە، بڕوای تەواوم بەوەیە کە وردە وردە لەنێودەچن، ئەوان لەدەستی ئینگلیز و بێگانەکاندان. لە زووەوە هەریەکە لە عادل بەگ و سلێمان بەگ دوو نموونەی دووڕوویی و فێڵبازی بوونە لە سیاسەت دا. رۆژانە یەک دوو تەلەگراف بۆ ئەوانەی لە ئایدنن دەنێرن و داوایان لێ دەکەن خۆیان رادەست بکەن. ماوەیەک پێش ئێستا ئەفسەرێکی ئینگلیز لە ئیزمیرەوە هاتبوو. هەرچەندە گوتی کە دەست لە کاروباری قوەی میللی وەرنادەن، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: 'ئێمە ناڵێین با ئەمانە بێ چەک بکرێن، ناشڵێین با هەڵوەشێنەوە.

---

53 - پێش ئێستا نامەکەی عیسمەت بەگمان خستەڕوو، ئەو نامەیەی باسی کراوە دەکرێ دواتر نووسرابێت.

چونکـە بەجێهێنانـی داواکارییەکـی بەوشـێوەیە ئاسـایش دەشـێوێنێ، بەڵام بـا دەسـت نەخەنـە کاروبارەکانـەوە. هـەر ڕۆژی دواتـر عـادل بـەگ هەمـان قسـە دووپات دەکاتەوە... بەپێچەوانەوە ئێمە مەبەسـتمانە سـوود لەمانە ببینیـن. ئـەوەی مەبەسـتیەتی تـەواو دووڕووییـە. ئێسـتا ئـەو گۆڕانکارییـە دەکـەن کـە لـە زووەوە نیازیانـە. واتـە هێنانـە پێشـەوەی هاوڕێیانـی عەلـی نـادر پاشـا و دوورخسـتنەوەی کەسـانی بـە نامـووس لـە دەسـەڵات، هـەر لـە سـەردەمی نـازم پاشـادا 'فەریـد پاشـا ئـەوەی پێشـکێشـی ئەنجوومەنـی بـاڵا کردبـوو کـە هەمـوو فەرمانـدەکان بگۆڕدرێـن و کەسـانی نیازبـاش و ژێـر لـە شـوێنیان دابنرێـن. نـازم پاشـا قەبووڵـی نەکـرد، نـازم پاشـا کاری زۆر باشـی کـرد، بـۆ نموونـە تاکـە وەزیرێکـە لەنێـو هەمـوو وەزیرانـی جەنـگ کـە ئەنجوومەنێکـی ڕاسـتەقینەی سـەربازی پێکهێنـا. سـەرجەم وەزیرەکان هەلومـەرج و دراوەکانـی حـاڵ قەبووڵ دەکـەن ئەوکاتە دەبنـە وەزیر. دوای ئـەو سـەردانەواندن بـۆ هەلومەرجـەکان سـەخت دەبێـت. تەنیـا سـلێمان شـەفیق پاشـا نەبێـت کـە بـە عەشـقەوە درێـژەی پێـدەدات. بـا بزانیـن. هـەر هـات و ئێمـەی گـۆڕی. کراسـێکی دیکـەی کـردە بەرمـان. ئەندامانـی شـوورا ئـەو گۆڕانکارییانەیـان قەبـووڵ نەکـرد. هەوڵیانـدا ئەحمـەد و ڕەزا و ئەوانـی دیکـە دەسـتگیر بکـەن. دەگوتـرێ فەرەنسـییەکان هاتوونەتـە نێـو پرسـەکەوە، بۆیـە دەسـتگیر نەکـران. بـۆ شـیفرەکان نامـەی بـۆ فەوجەکان نووسـی، قەبووڵیـان نەکـرد. ئەفسـەرەکان کاری خۆیـان کـردووە و ئێسـتا بیـر لـە پاراسـتنی ئاسـایش و سـەلامەتی دەکەنـەوە، بیـر لـەوە دەکەنـەوە لەگـەڵ پیاوانـی پێشـوو، واتـە ئەوانـەی ئـەوان ئەرکداریـان کـردوون، لـە پۆسـتەکانیان بمێننەوە. ئەگەر کەسـێکیان دەسـتبکەوێت بچێتە ئەرزڕووم، تۆسـقاڵیک گومانـم نییـە لـەوەی بیـر لە گۆڕینـی بۆچوونـی تـۆش بکەنەوە. ئـەو سـلێمان شـەفیق پاشـایە دوای کارەسـاتەکەی ئیزمیـر سـەردانی کـردم، گوتـی "وڵاتەکەمـان خەریکـە وێـران دەبێـت، وا دابـەش دەبێـت... هیـچ چارەیـەک نییـە جگـە لـە سـەرهەڵدانی لـە ئەنـادۆڵ. بـا بچینـە قۆنیـا. شـێخزادەیەک بەریـن و بچینـە ئـەو نـاوە. تـۆ بـەو شـێخزادەیە بڵـێ ببێتـە

سوپاسـالار". لەبەرئـەوەی مـن هـەر لـە زووەوە متمانـەم پێی نەبـووە، بەبێ ئـەوەی وەڵامـی بەڵـێ یاخـود نەخێری بدەمـەوە، لەکـۆڵ خۆمـم کـردەوە. ئێسـتا ئـەم کابرایـە خەریکـی ئـەم فێـڵ و فەرتەنەیـە. لەگـەڵ زیادبوونـی نیگەرانی لە پاراسـتنی ئاسایشـی ئیسـتەنبووڵ، فەرید پاشـا دوای رۆیشـتنی هـەر وەزیرێـک یەکێکـی لـەو خراپتـر دەهێنێتـە شـوێنی. با ئـەم روانگەیەش لەبیـر نەکرێـت.

ئەگـەر بێینـە سـەر پێشـهاتە سیاسـییە دەرەکییـەکان: شـاندی ئەمریـکا لێـرە پەیوەندییـان بـە هەمـوو لایەکـەوە کـرد. ئێسـتا لـە ئیسـتەنبووڵ دوو رەوتــی دیــار و بەرچــاو هــەن. لایەنگرانــی ئەمریــکا و لایەنگرانــی ئینگلیـز. لایەنگرانـی ئینگلیـز بریتیـن لـە رۆژنامـەی: حوڕییـەت، ئیئتیـلاف، تورکچە-ئیسـتەنبووڵ، عـادل بـەگ و ئەوانـی دیکـە.. ئەوانـەی دیکـە کـە دەمێننـەوە، بـە تۆفیـق پاشاشـەوە، لایەنگـری ئەمریـکان. لەبەرئـەوەی لــە ســەرەتادا قەبووڵکردنــی ئەمریــکا زۆر جێــی گومــان بــوو، بۆیــە ئینگلیـزەکان دانبەخۆداگـر و ئـارام بـوون. ئـەوە لـە کاتێکـدا بەپێچەوانـەی لێکدانــەوەکان، دوای ئــەوەی مەیلــی هاتــن بــۆ تورکیــا لــە ئەمریــکا زیـادی کـردووە و چالاکییەکانـی بڵاوکردنـەوە زیادیـان کـردووە، ئێسـتا ئینگلیـز شـڵەژاوە. لـە ئیسـتەنبووڵ دەسـتیان بـە پڕوپاگەنـدە کـردووە. حکومــەت و لایەنگرانــی خۆیــان هانــدەدەن. لــە هەندێــک گەڕەکــی ئیســتەنبووڵ ئاگادارینامــەش بڵاودەکەنــەوە. ئامانجــی ئینگلیــزەکان ئەوەیــە لــەو ماوەیــەدا کاری ئــەو شــاندە ئەمریکییــەی هاتوونەتــە وڵات پەکبخـەن، هەوڵەکانـی ئەمریـکا بەفیـڕۆ بـدەن و پاشـان ئـەوەی دەیانـەوێ بیکـەن، هەمـوو تەخمینـەکان بـەم ئاراسـتەیەن. ترسـی ئـەوە هەیـە ئینگلیـزەکان کـە دەسـتیان بەسـەر تـەواوی ئاسـیا دا گرتـووە، توانـای تورکیـا (دەوڵەتـی عوسـمانی) لـە شـەڕ و شـۆڕش پـووچ بکـەن و وێرانـی بکـەن. ئەگـەر هاتنـی ئەمەریکا پەکبخرێـت ئـەوا ئینگلیـزەکان جگــە لــە چاککردنــەوەی دۆخــی ئێســتای دابەشــکاری، هیــچ شــتێکی دیکەیـان لەدەسـت نایێـت. ئەوانـی دیکـەش لـەو پرسـەدا هـاوکاری

ئینگلیـز دەکـەن. دژی ناوەسـتنەوە. [54] دەگوترێـت ئەگـەر خەڵـک لـە ئەنـادۆڵ ئەمریـکا هەڵبژێـرن، سـوودی زۆری دەبێـت. منیـش هەمـان رام هەیـە. بـۆ ئـەوەی وڵات پارچـە پارچـە نەبێـت، تاکـە چارەسـەر ئەوەیـە بچینـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئەمریـکا. باشـترینی خراپـەکان هـەر ئەمەیـە، بـەڵام بەهـای ئـەو روانگـەیـە لەوەدایـە ئاشـکرا بکرێـت کـە لـە کاتێکـدا ئەوروپا و ئەمریـکا خەریکـی سەوداسـەرین، مەیـل بـەلای ئەمریـکا نیشـان دەدرێـت.

کاتێـک تـۆ دەچوویتـە ئـەرزڕووم بـە منت گـوت 'دەترسـم من لە شـتێکتەوە بگلێنـن'. لـە ماڵـی خـۆم نەچوومـە دەرەوە و دەسـتم لـە هیـچ کاروبارێـک وەرنـەدا. [55]

بـەڵام دەوروبەرەکـەم تێـوەگلان. کـە مـن دەسـتم لـە کاروبـار وەرنـەدا چـی بـوو؟ هیـچ. دوای ئـەوەی هەشـت مانـگ لـە ماڵەکـەی خـۆم دانیشـتم، رۆژێـک بانگیـان کـردم. ئاگاداریـان کردمـەوە کـە شـوورای سـەربازییان دامەزرانـدووە و منیشـیان بـۆ ئەمـە ئەرکـدار کـردووە. دوای هەفتەیـەک پێیانگوتـم کـە لـەو پێگەیـە لایانـداوم. کـێ ویسـتی، کـێ لایبـردم؟ هیـچ کەسـێک نییـە بزانێـت و وەڵام بداتـەوە. بـڕوای عـادل بـەگ وایـە کـە گوایـە 'ئەگـەر چـەک و جبەخانەیـەک برابێتـە ئەنـادۆڵ مـن ناردوومـە، مـن سەرپەرشـتیم کـردووە'. ئەگـەر هەمـوو بـڕوا و کارێکـی عـادل بـەگ بـەم شـێوەیە بێـت، وای بـە حاڵـی گـەل. [56]

هیـچ گومانێـک لـەوە نییـە کـە کێشمەکێشـە نێوخۆیییـەکان، پێکدادانەکانی نێـوان گـەل و حکومـەت، پێگەپێـدان بـە کەسـە هەرە نـزم و ناڕەسـەنەکان، وڵاتەکەمـان پەلکێشـی نێـو کارەسـاتی زۆر زیاتـر دەکات، بـەڵام لێـرە ئـەو کەسانەی ئابڕوویـان هەیـە هیـچ چارەیەکیـان نییـە.

---

54 - وەک دیـارە عیسـمەت پاشـا پێیوایـە ئـەم دنیایـە هـەر لـە ئەمریکایـی و ئینگلیـزەکان پێکهاتـووە. وادەرەدکەوێت ئاگای لـە شۆڕشـی 1917 نەبێت و ئـەو پرەنسـیپانەی لەگـەڵ خۆی هێنـان و ئـەو گۆڕانکارییانەی لـە هاوسـەنگی دنیـادا دروسـتیکردن.

55 - کازم قەرەبەکـر پاشـا بـە ئامـاژەدان بـەو بەیاننامانـەی عیسـمەت پاشـا و بـە سـادەیی باسـی دەکات. عیسـمەت بـەگ کـە بایەخـی بـە لایەنگیریـی ئینتیـداب دەدات، دەڵێت "مـن دەسـتم لـە هیـچ شـتێکەوە وەرنـەدا".

56 - ئـەم قسـەیەی عیسـمەت بـەگ نیشـانیدەدات کـە خـۆی چەنـدە لـە دەرەوەی خەباتـی نەتەوەیـی دا بـووە. ئەمـە لەهەمـان کاتـدا خۆبەیانکردنـی کەسـێکە کـە هیـچ نیازێکـی لـە بەشـداریکردن لـەو خەباتـەدا نییـە.

لـە ئەنـادۆڵ ڕۆژ بـە ڕۆژ ئانارشـیزم گەشـە دەکات [57]. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زیاتـر بـێ حکومەتـی دەردەکەوێـت. هـەر ئەمـە بۆ خـۆی کارەساتێکە. ئـەوە جێی گومانـە ئایا حکومەتـە هـەرە دەسـەڵاتدارەکان و مرۆڤـە هـەرە پاکـەکان دەسـت لـە کاری حکومەتـی وێرانکـراو وەردەدەن، دەتوانـن دژی ئانارشـیزم بوەسـتنەوە. بەپێچەوانـەوە بـا بزانیـن پەیڕەوکردنـی ئـەم ڕێبـازە بـە پێداگری و کەللـەڕەقییەوە ڕووی لـە کـوێ دەبێـت و چ ئەنجامێکـی دەبێـت؟ ئەوەتـا ئێمـە بەبـێ ئـەوەی کارمان بەسـەر کـەس و هیچ شـتێکەوەبێت (سـەرباری ڕوانگـەی حکومـەت)، دەبینیـن بەداخـەوە دۆخەکـە چۆنـە. دڵمـان خوێنینـە. جگـە لـە نـزا هیـچ شـتێکی دیکەمـان لەدەسـت نایێـت. مەڵەتییـەکان داوا دەکـەن ببمـە نوێنـەری مەڵەتـی، ئێـوە چـی دەڵێـن؟ چاوتـان مـاچ دەکـەم..."[58]

دوای نیشـاندانی ئـەو بەڵگـە گرنگـە سـەبارەت ئینتیـداب و لـە پرسـی ئەوانـەی ئینتیدابیـان دەوێـت و ئەوانـەی دژیـن، پێویسـت دەکات ئامـاژە بـە خاڵێکـی گرنـگ بکەیـن. ئەگـەر سـەرنج بـدەی دیـارە کـە ئەوانـەی ئینتیدابیـان دەوێـت، مەبەسـتیانە دەوڵەتـی عوسـمانی بەهەمـان ئـەو دۆخ و بـارەی هەیەتـی وەک خـۆی بپارێـزن. بـۆ پاراسـتنی سـنوورەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی وەکـو خـۆی، داوا دەکـەن واز لـە بنەمـای "سـەربەخۆیی تـەواو" بهێنرێـت. چونکـە بەگوێـرەی بنەمـا 14 خاڵییەکـەی ویڵسـن، سـەربەخۆیی تـەواو دەبێتـە پرسـی سـەرجەم نەتەوەکانـی نێـو چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی. سـەربەخۆیی تـەواو هـەر تەنیـا بـۆ تورکـەکان نییـە، واتـە تەنیـا بـۆ ئـەو کەسـانە نییـە کـە لەنێـو ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدان و تورکـن، بەڵکـو بـۆ عـەرەب، ئەرمـەن و کوردیـش جێبەجـێ دەکرێـت. چونکـە سـەربەخۆیی تـەواو ئەگـەر تەنیـا بـۆ تورکـەکان بێـت و بـۆ ئەوانـی دیکـە نەبێـت دۆخێکـی دژوار دێنێتـە ئـاراوە. جێبەجێکردنـی

57 - خەبـات دژی یۆنانییـەکان و هەوڵەکانـی خۆڕێکخسـتن وەکـو ئانارشـیزم دەبینێـت. ئـەو کارە بـە مەترسـی دەزانـێ. بـڕوای وایـە کـە بـە قەبووڵکردنـی ئینتیدابـی ئەمریکـی هەمـوو شـتێک بێ شـەڕ و ئـازار چارەسـەر دەبێت.
58 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 171-173

سـەربەخۆیی تـەواو بـۆ تورکـەکان و هێشـتنەوەی نەتەوەکانـی دیکـە لەژێـر سـایەی ئـەوان دا دۆخێکـی دژبەیەکـە. لـە کاتێکـدا لـە ئەگـەری قەبووڵکردنـی ئینتیدابـی دەوڵەتێـک، بـۆ نموونـە دەوڵەتێکـی گـەورەی وەکـو ئەمریـکا، پێشـگیری دەکرێت لە دابەشـبوونی دەوڵەتی عوسـمانی. وەک دەردەکـەوێ ئەوانـەی ئینتیدابیـان دەوێـت، هـەر ئەوانـەن کـە دژی دابەشـبوونی دەوڵەتـی عوسـمانین. پێیانوایـە بـە قەبووڵکردنـی ئینتیداب ئـەو یەکپارچەییـە دەپارێـزن [59]. هەرچـی ئەوانـەن کـە دژی ئینتیـداب بـوون، لەوانـە کازم قەرەبەکـر پاشـا و مسـتەفا کەمـال بـە پەنابـردن بـۆ ئەڵتەرناتیڤـی دیکـە هەوڵیـان دەدا بگەنـە هەمـان ئەنجـام.
جـاریێ سـەرەتا و بـەر لـە هـەر شـتێک ئەمانـە دەسـتبەرداری سـەرجەم مافەکانـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی بـوون کـە بەسـەر ناوچـە عەرەبییەکانـەوە هەیبـوو. ئەمـە وایکـرد ئـەوان و ئینگلیـز لێـک نزیـک ببنـەوە. هـەر خـۆی جیاوازیـی نێـوان ئەوانـەی داوای ئینتیدابیـان دەکـرد و ئەوانـەی دژی بـوون لـەم خاڵـەدا بـوو. ئەوانـەی داوای ئینتیدابیـان دەکـرد دەیانویسـت بـە ڕێگـەی ئینتیدابـی دەوڵەتێکـی بەهێـز و گـەورە لەسـەر ناوچـە عەرەبییـەکان درێـژە بـە مـاف و باڵادەسـتیی خۆیـان بـدەن. ئەوانـەش کـە ئینتیدابیـان ناوێـت وەک ئەوانـە بیـر دەکەنـەوە کـە ئینتیدابیـان بـۆ سـەر کورسـتان و ئەرمینیـا دەوێـت. واتـە ڕێگـری لـە گەڕانـەوەی ئـەو ئەرمەنیانـەی ڕاگوێـزراون و بەربەسـت دابنێـن لەبەردەم ئـەوەی کـورد مافـی خـۆی وەرگـریێ. بـۆ بەدیهێنانـی ئەمـەش سـوود لـە هاوسـەنگیی هێـز لـە دنیـادا دەبینـن بـەوەی بـەرەی بەلشـەڤیک بخەنـە حیسـابەوە. دیـارە کـە ئەوانـەی ئینتیدابیـان دەوێـت وا لـە بنەمـای سـەربەخۆیی گەیشـتوون کـە هەمـوو گـەلان مافـی ئەوەیـان دەبێـت چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن. لەبەرئەوەی ئـەو بنەمایـەش دەوڵەتی عوسـمانی دابـەش دەکات، بۆیـە دژی دەوەسـتنەوە. هەرچـی ئەوانـەن

59 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 50-51

كـە ئینتیدابیـان ناوێـت، بایەخێكـی زۆر بـەوە دەدەن كـە كـورد، ئەرمـەن و گەلانــی دیكــە لەژێــر هەژموونــی خۆیانــدا بهێڵنــەوە، یــان راســتتر بایەخیـان بـۆ ئەوەیـە ئـەو دۆخـەی هەیـە بپارێـزن و درێـژەی پێبـدەن. تەنیا ئـەو كاتـەش كوردسـتان و ئەرمینیا دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێت و كــورد و نەتەوەكانــی دیكــە لەژێــر هەژموونــی خۆیانــدا دەهێڵنــەوە كـە بـە فەرمـی دەگوتـرێ: "سـەربەخۆیی تـەواو بـۆ دەوڵەتـی تـورک".. بنەمـای سـەربەخۆیی لای مسـتەفا كەمـال ئەمەیـە. هیـچ گومانیشـی لـەوە نەبـوو كـە ئـەم جـۆرە سـەربەخۆییە تەنیـا بـە هاوكاریـی بەریتانیـا دێتـە دی. تەنیـا بـە هاودەسـتی و رێككەوتـن لەگـەڵ ئـەو دێتـە دی.

## 22. چالاكییەكانی مستەر براون

لـە سـاڵی 1919دا، شـاندی ئەمریكـی لـە ئەنـادۆڵ، ئەرمینیا و كوردسـتان چالاكیـی هەمەجۆریـان هەبـوو. لـە ئیسـتەنبووڵ، سـیڤاس و شـوێنانی دیكـە پەیوەندیـان بـە كەسـانی جۆربەجـۆرەوە كـرد. لەگـەڵ ئەوانـەی داوای ئینتیدابیـان دەكـرد و ئەوانـەش كـە دژی بـوون، دیداریـان هەبـوو، راپۆرتیـان بڵاودەكردنـەوە. ئـەو شـاندانە بـە تـاک و دەسـتە و بـە كۆمەڵیـش لـەو ناوچانـە دەگـەڕان. بـە شـێوەی سـیڤیل، سـەرباز، پیـاو، ژن و گرووپـی هەمەجـۆر دەگـەڕان. یەكێكیـش لـەو كەسـانە ئێـدگار براونـە كـە لەگـەڵ مسـتەفا كەمـال پاشـا دیـداری كـردووە، بەشـداری لـە كۆنگـرەی سـیڤاس كـردووە و هـەر لـە سـەرەتاوە تاوەكـو كۆتایـی چاودێریـی كۆنگرەكـەی كـردووە. بـراون كارە سـەرەكییەكەی لـە پشـت ئەركـی پەیامنێـری رۆژنامـەی دەیلـی نیـوزەوە شـاردبووەوە. مسـتەفا كەمـال پاشـا بـەم شـێوەیە بـاس لـە دیدارەكانـی خـۆی لەگـەڵ بـراون دەكات:

"... دوای ئـەوە كۆبوونـەوەی 8ی ئەیلـوول، پەیوەنـدی بـەو یاداشـتەوە هەبـوو كـە كەمێـک پێشـتر باسـمكرد. لـەو یاداشـتەدا لـە سـەرەتاوە

بـاس لـە ئینتیدابـی ئەمریکـی دەکـرا. ئـەم چەنـد ڕۆژە ئەوانـەی لـە ئیسـتەنبووڵەوە هاتبـوون، ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکییـان بـە نـاوی بـراون لەگـەڵ خۆیـان هێنابـوو". [60]

مسـتەفا کەمـال، دواتـر لـە کۆنگـرەی سـیڤاس ئـەو بەڵگانـەی سـەرەوە دەخاتـەڕوو. لـە شـوێنێکی دیکـەی (نوتـق)دا باسـی ئـەو دیدارانـەی خـۆی لەگـەڵ مسـتەر بـراون دەکات:

"... بـا زانیارییەکـی دیکەتـان بدەمـێ، خـۆم بـە شـیاوم زانـی چـاوم بـەو ڕۆژنامەنووسـە، بەڕێـز بـراون، بکـەوێ کـە هاتبـووە سـیڤاس. گەنجێکی زۆر ژیـر بـوو، زۆر بـە ئاسـانی لـە بەرانبەرەکـەی تێدەگەیشـت.

... بـەر لـەوەی دەسـت بـە تاوتوێکردنـی ئـەو ڕاپۆرتانـە بکـەم، دەمـەوێ سـەرنجتان بـۆ سـەر چەنـد خاڵێـک ڕابکێشـم. بـۆ نموونـە لـەو ڕاپۆرتانـەدا بـاس لـە بەڕێـز بـراون دەکرێـت. نووسـراوە کـە لەشـکرێک لـە کرێـکاری 50 هـەزار کەسـی دەهێنـن. بەڕێـزان، بەڕێـز بـراون دەڵێـت 'مـن وەک کەسـێکی ڕاسـپێردراو دیدارتـان لەگـەڵ ناکـەم. هەروەهـا دەڵـێ کـە ئینتیدابـی بەریتانیـا قەبـووڵ نـاکات، نـەک ئـەوەی بڵێ قەبووڵـی دەکات. ئەو قسـانەی دەیانـکات بـە نـاوی خۆیـەوەن نـەک بەنـاوی ئەمریـکاوە. 'ئینتیـداب ئـەوە دەبێـت کـە ئێـوە دەیڵێـن' وادەڵێـت". [61]

مەزهـەر موفیـد کانسـو لـە کتێبەکـەی دا (لەگـەڵ ئەتاتـورک تاوەکـو مردنـی) ئـاوا باسـی ئـەو دیـدارە دەکات:

"... مسـتەفا کەمال پاشـا - لەسـەر داخوازی و ویسـتی دیدارەکە، داواکاریی مسـتەر براونـم قەبـووڵ کـرد و ماوەیەکـی درێـژ قسـەمان کـرد. مسـتەر بـراون کـە ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکـی بـوو پێیگـوتـم: هیـچ پلـە و ئەرکێکـی فەرمیـم نییـە. بەتـەواوی بـە ئەرکێکـی کەسـی و تایبەتیـی خـۆم دیدارتـان لەگـەڵ دەکـەم.

---

60 - Soylev (Nutuk), TDK s. 61

61 - Soylev (Nutuk), TDK s. 71

لەگـەڵ بەڕێزیـان باسـمان لـە ئینتیـداب کـرد. مسـتەر بـراون پێیگـوتـم کـە ئەمریـکا ئینتیـداب قەبـووڵ نـاکات، ئـەو خۆیشـی لایەنگـری ئەمـە نییـە، بـە نیگەرانییـەوە باسـی ئـەوەی کـرد کـە چـۆن ئەمریـکا گەلێـک دەخاتـە ژێـر ئەسـارەت و چەپۆکـی خۆیـەوە. بگـرە ئەمەشـی گـوت:

- ئەمریکییـەکان، بـە منیشـەوە بـە چەمکێکـی وەک ئینتیـداب بێگانەیـن. دەتوانیـت لـەوە دڵنیا ببیتـەوە کـە ناتوانـم بـە دروسـتی پێناسـەی ئینتیداب بکـەم.

هاوڕێیانـم، کاتێـک دۆخەکـە بەمجۆرەیـە و کاتێـک بەڕێـز بـراون لـە یاداشـتەکەدا بـاس لـە ئینتیـداب دەکات بـۆ ئـەوەی تاوتوێـی دۆخەکـە بکەیـن، 10 خولـەک پشـوو دەدەینـە دانیشـتنەکەمان.

پاشـا بـە پەیـڕەوی لـەم قسـانە دەسـتبەجێ لەسـەر کورسـییەکەی هەسـتا و چـووە ژوورەکـەی. هەڵبەتـە ئێمـەش لەگـەڵ پاشـا چووینـە ژوورەکـە، پاشـا گوتـی:

کۆنگرێسـم لـەو پڕوپاگەنـدە هەڵانـە ئاگادارکـردەوە کـە لەبـارەی بەڕێـز براونـەوە کـراون. بـا ئەوانـەی خاوەنـی یاداشـتی داواکردنـی ئینتیدابـن لەبـارەی ئـەو راسـتییە کەمێـک بیـر بکەنـەوە. 10 خولـەک بەشـی ئـەوە دەکات بـاش بیـری لێبکەنـەوە". [62]

لـەو قسـانەدا بەڕوونـی دیـار دەبێـت کـە ئەمریکییـەکان بەهیـچ شـێوەیەک ئینتیدابیـان ناوێـت. ئـەم یەکلاکردنەوەیـە زۆر بەسـوودە. لەلایـەک رووناکبیـرە عوسـمانی-تورکە ئینتیدابخـوازەکان هـەن. لەلایەکـەی دیکـە ئەمریـکا هەیـە کـە بەپێـی پێویسـتیی سیاسـەتی دەرەکـی و نێوخۆیـی خـۆی، بەهیـچ شـێوەیەک نیـازی ئـەوەی نییـە ئینتیـداب وەربگرێـت. لـە حاڵێکـدا کـە دۆخەکـە بـەم شـێوەیە، لـە نووسـراوەکانی دیکـەدا "خەباتێکـی زۆرمـان کـرد دژی ئینتیـداب"، "لـە دوایـن سـاتی کۆنگـرەی سـیڤاس دا رێگریمـان لـە ئینتیـداب کـرد"، پڕوپاگەنـدە بـۆ قسـەی وا دەکات. ئـەوە لـە

62 - Soylev (Nutuk), s. 239-240

کاتێکـدا ئینتیـداب پێویسـتی بـە پەیوەندییەکـی دوولایەنەیـە. ئـەو لایەنـەی ئینتیـداب قەبـووڵ دەکات و ئـەو لایەنـەی کـە دەچێتـە ژێـر ئینتیدابـەوە. کاتێـک دەوڵەتێـک نەبـوو ئینتیـداب قەبـووڵ بـکات، هـەر خـۆی بـە مانـای بەدینەهاتنـی ئینتیدابـە. بـۆ ئـەو دەوڵەتـەی کـە ئینتیدابـی دەوێـت، بوونـی رەوتــی دژ و لایەنگــری ئینتیــداب هیــچ مانایەکــی نییــە، چ جــای ئــەوەی دەوڵەتێـک وەرگرتنـی ئینتیـداب قەبووڵ نـاکات و لەلایەنی بەرامبەریشـەوە بۆچوونـی ئـەو گرووپانـە دەبیسـتێتەوە کـە دژی ئینتیدابـن، بەم جـۆرە تەواو روون دەبێتــەوە کــە ئــەم هەوڵــە چەنــدە ئاســانە.

دوای ئـەوەی کێشـەی ئینتیـداب بـەم شـێوەیە خرایـەڕوو، پێویسـت دەکات تیشـک بخەینـە سـەر چالاکـی و هەوڵەکانـی بەڕێـز بـراون و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ مسـتەفا کەمال پاشـا. لە ژمـارە یەکـی رۆژنامەی (ئیـرادەی میللی) لـە سـیڤاس کـە لـە 14ی ئەیلوولـی 1919 و لـە ژمـارە دووی رۆژی 17ی ئەیلوولـی 1919دا نووسـراوێک بـە ناونیشـانی سوپاسـنامە بـەم شـێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

"- نوێنـەری گشـتی چاپەمەنـی ئەمریـکا بەڕێـز بـراون بـۆ مـاوەی 15 رۆژ لـە سـیڤاس بــوو، بــە قســەکردن لەگــەڵ مســتەفا کەمــال پاشــا، رەئــوف بــەگ وەزیــری پێشــووی کاروبــاری دەریایــی و ئەندامانــی دیکــەی کۆنگــرە پەیوەندییەکــی دروســتکرد. بەجۆرێـک راپۆرتەکانـی خـۆی دەدا کـە بچێتـە خزمــەت خواســتە شــەرعییەکانی کۆنگــرە و فراوانبوونــی رێکخســتنەکان و ئامانجەکانــی. بەوهۆیــەوە خۆمــان بــە قــەرزدار و سوپاســگوزاری ئــەو دەزانیــن". [63]

لەســەرووی ئــەو نووســینە سوپاســگوزارییەوە بــە ناونیشــانی (رووداوە نێوخۆییــەکان) ئــەم هەواڵــە هەیــە.

"سوپاسالاری ئەمریکا ژەنەراڵ هاربۆرد.. [64]

63 - Soz eden Fethi Tevetoğlu, Milli Mücadelede Mustafa Kemal Paşa General Harbord Gorüşmesi, Türk Kültürü, Sayı 77, Mart 1968, s. 326

64 - هاربۆرد لە سوپای ئەمەریکادا ژەنەراڵ بوو.

(رائیـد و ئەفسـەرێک یـاوەری شـاندەکە بـوون کـە لـە 15ی ئەیلـوول هاتبـوون) هاتنـە سـیڤاس لەگـەڵ مسـتەفا کەمـال پاشـا و رەئـوف بـەگ، وەزیـری پێشـووی کاروبـاری دەریایـی لـە بینـای کۆنگـرە، مەکتەبـی سـوڵتان دیداریـان هەبـوو. مسـتەفا کەمـال پاشـا و رەئـوف ئەفەندیش سـەردانیان کردنـەوە". [65]

پرۆفیسـۆر لاتیمێـر، لـە وتارەکەیـدا بـە ناونیشـانی چاودێرێکـی ئەمریکایـی لـە کۆنگـرەی سـیڤاس، لەبـارەی مسـتەر بـراون و ئـەو هەواڵـەی ئـەو بـۆ رۆژنامـەی (شـیکاگۆ دەیلـی نیـوز) ناردوویەتـی، دەنووسـێت:

"بـراون وەهـای نووسـیبوو: لەگـەڵ کەمـال پاشـا و رەئـوف بەگ لـە هەمان شـوێن مامـەوە. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە ئـەم دووانـە دەبنـە سـەرکردەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی".

زنجیـرەی ئـەم وتـارە (زنجیـرە وتـاری مسـتەر بـراون) لـە رۆژنامـەی دەیلـی نیـوز بـۆ مـاوەی چەنـد رۆژێـک ببـووە جێـی سـەرنج. "ئەندامـی کۆمیسـیۆنی ئەمریکـی چارلـس ئـار کریـن، کـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە دۆخـی ئاسـیای بچووک نێردرابـوو، وەک ئەنـدام بەشـداری لـە کۆنگـرەی سـیڤاس دا کـرد، بـەڵام کاتـی پێویسـت نەبـوو، بۆیـە مـن لـە شـوێنی ئـەو چـووم. [66]

---

65 -  دیداری نێوان مستەفا کەمال پاشا و ژەنەراڵ هاربۆرد لە 20ی ئەیلوولدا بوو.

66 - ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە قـوەی میللییەتچـی بەڕێـز چارلـس کریـن، ئەندامی کۆمیسـیۆنی ئەمریکـی وەک نوێنەر بانگهێشـت دەکـەن. ئـەوەی لەوبارەیـەوە لۆرد کینـرۆس نووسـیویەتی ئەمەیە:

"لەسـەر پێشـنیازی خالیـدە ئەدیـب رۆژنامەڤانێکـی ئەمریکایـی بـۆ کۆنگـرەی سـیڤاس نێـردرا. لویـس ئـی. بـراون کـە بـە رووکار رۆژنامەڤـان و پەیامنێـری رۆژنامـەی (شـیکاگۆ دەیلـی نیـوز) بـوو، بـەڵام لەڕاسـتیدا نوێنـەری تایبەتـی بەڕێـز کریـن بـوو. کەمـال پێشـوازییەکی گەرمـی لـە بەڕێـز بـراون کـرد کـە تاکـە کریسـتیانی بەشـداربووی کۆنگرەکـە بـوو. لـە مـاوەی ئـەو چەنـد گفتوگۆیـەی لەنێوانیانـدا کـرا، مسـتەفا کەمال بـەردەوام لەجیاتی وشـەی "ئینتیـداب" هـەر وشـەی "هـاوکاری ئەمریـکا"ی بەکاردەهێنـا. پێویسـتبوو ئـەو یارمەتییانـە مۆرکـی کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـان هەبێـت نـەک سیاسـی. کاتێکیـش پرسـیار دەکـرا کۆنگـرەی سـیڤاس بڕیارێکـی بەوشـێوەیە لەبـارەی قەبووڵکردنـی ئینتیـداب دەدات یاخـود نـا، لـە وەڵام دا کەمـال بـە 'بەڵـێ' وەڵامـی دایـەوە. دواتر مەرجێکـی بۆ زیاد کـرد: 'بـەڵام ئەگـەر ئێـوە داوایەکـی واتـان لـە مـن هەبێـت، دەبـێ دڵنیایـی ئەوەشـمان بدەنـێ کـە ئەمریـکا ئەمـە قەبـووڵ دەکات'. بـراون گوتـی کـە زۆر دڵنیـا نییـە لـەوەی وڵاتەکـەی ئەمـە قەبـووڵ دەکات یاخـود نـا. کەمـال لەسـەر ئەمـە گوتـی بەبـێ بوونـی دڵنیاییەکـی ئەوتـۆ  بەرپرسـیارێتی ئـەوە ناخاتـە سـەر شـانی خـۆی کـە تورکیا بەشـێوەیەکی فەرمـی داوای هـاوکاری لـە وڵاتێکـی دیکـە بـکات".

Kinros, Atatürk, Bir Milletin Yeniden Doğuşu, s. 296;

دۆغـان ئاڤچیئۆغڵـو بـە ئامـاژەدان بـەو بڕگـەیـەی سـەرەوەی لـۆرد کینـرۆس دەڵێـت: "ئـەو تەڵزگـەی ئینتیدابـەی حکومەتـی ئەمریـکا ئامـادەی کردبـوو" تێکچـوو. بەقسـەی دۆغـان ئاڤجیئۆغڵو، بـراون کە نوێنـەری تایبەتی چارلس

مستەر کرین، هاوسەرۆکی کۆمیسیۆنی King-Crane بوو کە سەرۆک ویلسن لە پاریسەوە ناردبووی. کاری ئەو کۆمیسیۆنە ئەوەبوو خواستی گەلی ئیمپراتۆریی عوسمانی داڕووخاو بزانیت، کە ئاخۆ بۆ داهاتوو چ جۆرە حکومەتێکیان دەوێت و، ویست و ئارەزوویان لەبارەی ئینتیدابەوە چییە. کۆمیسیۆنەکە لەسەر خاکی عەرەب کارەکانی تەواو کردبوو، لەو سەروبەندەدا خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەبارەی روانگەی ئەو گرووپانەی لە ئیستەنبووڵ بوون". [67]

لاتیمێر ئەوەش دەنووسێت کە براون لە ساڵی 1951 مردووە و دوایین ناونیشانیشی لە فلۆریدا لە گاینسڤێل بووە. پرۆفیسۆر لاتیمێر دواتر دەڵێ لەم ناونیشانەوە ناونیشانی بەڕێز براونی دۆزیوەتەوە. ئاشکرای دەکات کە لەنێو چەند سندووق و قوتووێکدا دۆسییەیەکی دۆزیوەتەوە لەسەری نووسراوە (تورکیا 1919). "لەنێو ئەو دۆسیەدا هەرچی نووسراو و کاخەزی گرنگ و پەیوەست بەو کاتەی براون لە تورکیا بووە، بەشێوەیەکی رێکخراو و پێکەوە بەستراو دانرابوون".

لەنێو ئەو نووسراوانەی براون هەڵیگرتوون و لەنێو ئەو هەواڵانەدا کە بۆ رۆژنامەکەی ناردوون، کۆپیی یەک و دووی ئیرادەی میللی تێدا

---

کرین بوو، لایەنگری ئینتیداب بوو، پێشنیازی ئینتیدابی بۆ کەمالیستەکانیش دەکرد. ئەوە لەکاتێکدا براون لایەنگری ئینتیداب نەبووە. لەو چەند دیدارەی لەگەڵ مستەفا کەمال پاشا هەیبوون، ئەوەی خستبووەڕوو. وەک چۆن مستەفا کەمال پاشا هەمان شت دەڵێ. مەزهەر موفید بەگیش قسەکەی مستەفا کەمال پاشا دووپات دەکاتەوە کە "بەڵێ، بەڵام ئێوەش لەکاتی داواکردنی شتێکی وەهادا دەبێ دڵنیایی ئەوەم بدەنێ کە ئەمەریکا قەبووڵی دەکات"، بەڵام ئەو پێیوایە ئەوە وەک قسەیەک بۆ تێکدانی "یاریی ئینتیداب" لێکنادرێتەوە. بڕوانە:

(Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt 1, s. 266-267)

ئەمە دەریدەخات نە حکومەتی ئەمەریکا و نە بەڕێز براون لایەنگری وەرگرتنی ئینتیداب نەبوون. لەو رەهەندەوە کەمالیستەکان لەهەمبەر ئەو ئینتیدابەدا کە ئەمریکا هیچ نیازێکی بە وەرگرتنی نەبووە، دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە "مستەفا کەمال لەبەرانبەر بیرۆکەی ئینتیداب دا پێداگیری کرد و پێداگیری دەکرد...." شانازیکردنە بە قارەمانێتییەکی هەرزان.

مستەفا کەمال پاشا لەو پرسیارەی کە کردی، دەیزانی بەڕێز براون وەڵامی ئەرێی ناداتەوە. چونکە لەو دیدارە نهێنیانەی کردیان، هەڵوێستی ئەمەریکا بە روونی دەرکەوتبوو. هەموو ئامانجی مستەفا کەمال پاشا ئەوەبوو ئەو بۆچوونەی حکومەتی ئەمەریکا بە رێگەی بەڕێز براون بگاتە نوێنەران.

67 - Soz eden Fethi Tevetoğlu, a.g.m., s. 327-328. Bu incelemeler Wilson'ın 14 Nokta Prensibi gereğince yapılıyor.

بـووه[68]، کـە بـە زمانـی کۆنـی تورکـی عوسـمانی نووسـراون و لـە 14ی ئەیلوولـی 1919دا لـە سـیڤاس لەلایـەن نەتەوەخوازەکانـەوە دەرکـراوە. لـە یەکێکیانـدا بڕیارەکانـی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم و لـەوەی دیکـە بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس، لەسـەر لاپـەڕەی درێـژ و ئەسـتوور بەدەسـت نووسـراون.

وەرگێڕانـە ئینگلیزییەکەشـیان پێـوە لکێنـراوە. ئـەوکات وەک هەمـوو شـتەکانی دیکـە کاغـەزی نووسـینیش قاتـی بـوو. بـراون بـەر لـەوەی بچێتـە سـیڤاس ئـەو قسـانەی لـە ئەنقـەرە لەگـەڵ عەلـی فوئـاد پاشـا و ڕەفعەت پاشـا کردبوونـی، لەسـەر پارچـە کاغـەزی بچـووک نووسـیبوون. [69]

دەشـێ بەڵگـەی هەمەجـۆر لەبـارەی چالاکییەکانـی بـراون دەسـتبخرێن. خوسـرەو بـەگ، کـە ئەندامـی ئەنجوومـەی نوێنـەران بـوو، لـە نووسـراوێکدا کـە بـۆ عەقیـد کازم بەگـی نـاردووە، دەڵێـت:

"ئەگـەر بێینـە سـەر پرسـی ئینتیـداب، ئـەو ڕۆژنامەنووسـە ئەمریکییـەی لێرەیـە، دەسـەڵاتی دڵنیاکردنـەوە و ڕێککەوتنـی نییـە، بـەڵام چەندیـن جار بە

68 -  ژمـارە دووی ئیـرادەی میللـی لـە 17ی ئەیلوولـی 1919دا بڵاوکرایـەوە. لـەو ڕۆژەدا بەڕێـز بـراون سیڤاسـی بەجێهێشت.

69 -  Soz eden Fethi Tevetoğlu, s. 330-331

هەریەکـە لـە فوئـاد پاشـا، ڕەفعـەت پاشـا، مسـتەفا کەمال پاشـا، ڕەئوف بـەگ، کازم قەرەبەکر پاشـا، عیسـمەت پاشـا و فـەوزی پاشـا، سـەرۆکی گرنگـی "خەباتـی نەتەوایەتـی" بـوون. عەلـی فوئـاد پاشـا و ڕەفعـەت پاشـا کـە پێگەیـان دیـار بـوو، لەگـەڵ بەڕێـز بـراون بـە نهێنـی کۆبوونـەوە و لەبارەی پرسـی ئینتیداب، شـەڕی تـورک- ئەرمەن و تـورک- یۆنـان ڕوونکردنـەوەی باشـیان دا. پ. د.حافـز وەلیدەدەئۆغڵـو کـە نوتقـی لەژێـر نـاوی (Söylev) دا کورتکردووەتـەوە و بڵاوکردووەتـەوە، بـە ئامـاژەدان بـە نووسـینەکانی مسـتەفا کەمـال پاشـا، بەکـر سـامی بەگ، قـەرە وەسـفی، خالیـدە ئەدیـب دەڵێـت:

"لـە نێـوان 26ی تەممـووزی 1919 و 17ی ئابـی 1919، لـە مـاوەی 22 ڕۆژدا ئـەو 11 تەلەگرافـەی کـە زیاتـر لـە 11 لاپەڕەیـان دەگـرت، لـە دەقـی وتارەکـەدا جێگەیـان گرتبـوو. ئەتاتورکـی مـەزن لەلایـەک سـەرقاڵی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم بـوو، لەلایەکـی دیکـەوە لـەو ڕۆژە لێڵانـەدا کە هێشـتا کۆنگرەی سـیڤاس کۆنەبووەتەوە و سـوپایەکی نەتەوەیـی پێکنەهێنـراوە، بـە ئیـرادەی پۆڵاییـنـی بەهەمـوو لایـەک دا هەوڵیـدەدا کەسـە لاواز و بـێ ئیـرادە و ترسـنۆکەکان لەسـەر بنەمـای "سـەربەخۆیی تەواوەتـی" ڕابهێنێـت، لـە بەرگـی سـێیەمی سـۆیلەڤ - بێژەدا کـە پڕە لـە سـەدان تەلەگـراف، نامـە و نووسـراوی فەرمـی، دەریدەخـات کـە خەباتـی سـەربەخۆیی تـورک لـە سـایەی چ هەلومەرجێکـی سـەختدا تێپـەڕی.

Hıfzı Veldet Velidedeoğlu, Soylev, cağdaş Yayınları, İstanbul 1978, s. 71

ئەوەمـان خسـتەڕوو کـە بـە لکاندنـی ئەرمینیا و کوردسـتان و ملکەچکردنـی گەلـی کـورد "سـەربەخۆیی تـەواو" بـەدی نایـەت. لەلایەکـی دیکـەوە هاوئاهەنگـی و دیـداری بەردەوامی کەمالیسـتەکان لەگەڵ ئەمەریکا، فەرەنسـا و ئینگلیـزەکان دەریدەخـات کـە وەک پ. د. وەلیـد دەدەئۆغڵـو دەیڵێـت هێنـدەش سـەخت نەبـووە.

نهێنـی لەگەڵیـدا کۆبوونەتـەوە و لەسـەر داواکاری ئـەو و بـە ڕێگـەی ئـەو تەلەگـراف بـۆ سـێناتی ئەمریـکا نێـردراوە و تـکای ئەوە کـراوە کـە دژی ئێمە بڕیـاری نادروسـت نـەدەن و شـاندێک بنێـرن و خۆیـان لێـرە بەچـاوی خۆیـان ڕاسـتییەکان ببینـن". [70]

فەتحی تەڤەتئۆغڵو لەبارەی نامەکەی خوسرەو بەگ دەڵێت:

"لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو بەڵگەیـەدا، ئـەو پێشـنیازەی ڕەئـوف بـەگ بـۆ کۆنگـرەی سیڤاسـی کـرد و ئـەو بڕیـارەی کۆنگـرە دای، چەنـد خاڵێـک ڕۆشـن دەکەنـەوە. ئـەوەی هەریەکـە لـە پرۆفیسـۆر لاتیمێـر و پرۆفیسـۆر کـراڵ لەسـەر نووسـراوەکەی بـراون دۆزییانـەوە، دەریدەخـات کـە بۆچـی و چـۆن ئـەو نوسـخە ئۆرژینالـە یـان کۆپیـەی ئـەو بڕیـار و بانگهێشـتەی لـە سـەرۆکایەتی کۆنگـرەی سیڤاسـەوە بـۆ سـێناتی ئەمریـکا نێـردراوە، بۆچـی لای مسـتەر بـراون بـووە. [71] لەلایەکـی دیکـەوە پەیامنێـری تایبەتـی بەڕێـز کارن کـە سـاڵانێکی زۆر لـە تورکیـا بـووە و لـە کۆنگـرەی سـیڤاس لەلایـەن ڕۆژنامەکەیـەوە پەیامنێـر بـووە، یاخـود بـە سـیفەتی ئەندامـی کۆمیسـیۆنی بـاڵای بریسـتۆڵ نێـردراوە، لـەو هەواڵانـەی کـە بەڕێـز بـراون بـە ڕۆژنامـە ئەمریکـی و ئەوروپییەکانـی داوە و بـەو ڕاپۆرتانـەی لـە بەرژەوەنـدی تورکیـا، خەباتـی نەتەوەیـی، مسـتەفا کەمـال و هاوڕێیەکانـی نووسـیونی، لـە ڕای گشـتی دنیـادا ڕۆشـنایی خسـتووەتە سـەر مافـی تـورک.

ئەگـەر لـە دیدارەکـەی مسـتەفا کەمـال لەگـەڵ ژەنـەراڵ هاربـۆردی، بەڕێـز بـراون سـیفەتێکی فەرمـی هەبووبێـت، ئـەوا هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە بوونـی ئـەو و ڕاگۆڕینەوەیـان لە پرسـی ئەرمینیا و ئینتیداب دا، سـوودی بـۆ ئێمـە هەبـووە لـە ئامادەکردنـی زەوینـەی گفتوگـۆکان". [72]

---

70 - کازم قەرەبەکـر، شـەڕی سـەربەخۆییمان لاپـەڕە 215. نابـێ لەبیـری بکەیـن کـە ئـەو کەسـەی ئەمـەی نووسـیوە، لیـوا ڕوکـن خوسـرەو بـەگ بـووە کـە لای مسـتەفا کەمـال پاشـا کاری کـردووە و یەکێـک بـووە لـە پیـاوە هـەرە نزیکەکانـی.

71 - دوای کەمێکـی دیکـە، کاتێـک لـە گەنگەشـە و گفتوگۆکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس لەبـارەی ئینتیـداب دەکۆڵینـەوە هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو بانگهێشـتە دەکەیـن.

72. Fethi Tevetoğlu, a.g.m., s. 339

بەڕێز براون لە 19ی ئەیلوول سیڤاسی بەجێهێشت. ڕۆژی دواتر شاندی ژەنەراڵ هاربۆرد گەیشتنە سیڤاس. لەو سەروبەندەدا ڕۆژنامەی ئالبایراک کە لە ئەرزڕووم دەردەچوو، ئەم نووسینەی بە ناونیشانی "شاندی ئەمریکا لە وڵاتی عوسمانی" بڵاوکردووەتەوە:

"... ئەو درۆیانەی لەلایەن دووژمنەکانمانەوە دژی ئێمە دەکرێن، ئەو هەورە چڕەی کینە و غەرەز کە لە کۆنفرانسی ئاشتیی ڤێرسای هەبوو، دەرفەتی ئەوەیدا تێڕوانینی زاڵمانە و نامرۆڤانە دەرهەقمان شێوە بگرن. دەنگی هاواری ماف و دادپەروەری لەلایەن گەلەکەمانەوە، داگیرکاریی دووژمن و هێرشەکانیان، یەکەم جار کاریگەری کردە سەر ئەندامان و نوێنەرانی ئەمریکا و رای گشتی ئەو وڵاتە.

بیریان لەوە کردەوە بەبێ لێکۆڵینەوە و لە نزیکەوە بینینی وڵاتەکەمان، هەر بڕیارێک بدەن کارەسات دەنێتەوە، بۆیە بڕیاری ئەوەیان دا بە ڕێگەی شاندی تایبەت لێکۆڵینەوە بکەن. ئەوەتا ئەو شاندانەی ئەمریکا کە ئێستا لە وڵاتەکەمان دەسووڕێنەوە، ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە. وەک چۆن لەسەرەتاش دا نووسیمان، ئێمە بە دڵخۆشی و ئاسوودەییەوە پێشوازی لەو لێکۆڵینەوانە دەکەین. چونکە لە هەستی مرۆڤانە و دادپەروەرانەی ئەمریکییەکان دڵنیاین. بڕوامان بەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوانە لەجیاتی کینە و نەفرەت، بیری مرۆڤانە و دادپەروەری دەچێنن. سوپاسگوزاری ئەو لێکۆڵینەوانەین. چونکە کاتێک سەرتاسەری وڵاتەکەمان دەگەڕێن، دەبینن کە چەندین سەدە ئەزموونی

کەڵەکەبووی پێشکەوتنی کولتووری و ئاسەواری شارستانی و مێژووییمان هەیە و لەڕووی دانیشتووانیشەوە وڵاتێکە تێیدا تورکە موسڵمانەکان زۆرینەن و کریستیانەکانیش زۆر زیاتر لەو وڵاتانەی بە شارستانی ناسراون، ئازاد و پێشکەوتوون. ئەوەش بەدی دەکەن کە ئەوان بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی تورکیا و داهاتووی گەشی مرۆڤایەتی لە ئەرکدان و بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ئارامی و ئاسایش بەدی بێت و هیچ جۆرە داگیرکارییەک لە دنیادا کاریگەری و مەترسی لەسەر ئاشتەوایی

دروسـت نـەکات، تەنیا رێگـە دیاریکردنـی داهاتـووی وڵاتەکەمانـە، بـەوەش ئـەو پەردەیـە کـە بـە کینـە خراوەتـە بـەر چـاوی رای گشـتی ئەمریـکا، لادەچێـت". [73]

## 6. گەنگەشەی ئینتیداب لە کۆنگرەی سیڤاس

کێشـەی ئینتیـداب لـە هەشـتی ئەیلوولـی 1919دا لـە کۆنگـرەی سـیڤاس بەشـێوەیەکی هەمەلایەنـە گفتوگـۆی لەبـارەوە کـرا. تاوەکـو ئەوکاتـە مسـتەفا کەمـال و هـاوڕێ نزیکەکانـی چەندیـن جـار دەرفەتـی دیداریـان لەگـەڵ بەڕێـز بـراون هەبـوو. دەتوانیـن بـە کورتی بـەم شـێوەیە روانگەکانی رۆژی هەشـتی ئەیلـوول بخەینـەڕوو:

"- شـوکرو بـەگ (کاراحیسـار): لـە کۆمیتـەی ئامـادەکاری بـاس لـە کێشـەی ئینتیـداب کـرا. هەمـووان تێڕوانیـن و روانگـەی خۆیـان خسـتەڕوو. لەبەرئـەوەی لـە کۆتایـی گەنگەشـەکاندا شـێوەیەکی دیـار و ئاشـکرا پێکنەهـات، ناونـرا 'ئینتیـداب و سـەربەخۆیی' و قەبووڵکردنـی یەکێـک لەوانە بـۆ کۆنگـرە بەجێهێڵـدرا. دوای ئـەوە بەگوێـرەی ئـەو دۆخـەی تێیدایـن، گوترا کـە هەرچۆنێـک بێـت، ئێمـە پێویسـتیمان بـە هاوکارییـە. بۆیـە بـە ناچـاری بڕوامـان بـە هـاوکاری هێنا و بیرمـان لـەوەش کـردەوە کـێ لـە هەمـووان گونجاوتـرە بـۆ هـاوکاری. حسـابی ئەوەمـان کـرد لەو چـوار دەوڵەتـەی هەن [74]، کامیـان گونجاوتـرە بـۆ یارمەتیدانمـان. ئەگـەر بەریتانیا قەبـووڵ بکەین، گڵۆڵەمـان دەکەوێتـە لێـژی. بەهـۆی کێشـەی داراییـەوە فەرەنسـا شـیاو نییـە، هـەر خۆیشـی پێویسـتی بـە هاوکارییـە. پێمانوابـوو ویسـتی ئیتاڵیـاش لـە ئەنـادۆڵ سـنووردارە، بیرمـان لـە ئەمریـکا کـردەوە وەک گونجاوتریـن بـژاردە کـە لـە رۆژهەڵاتیش هیچ سیاسـەتێکی داگیرکاریی نییـە و ئەمەمان

73 - Albayrak, 18 Eylül 1919, s. 28, soz eden Fethi Tevetoğlu, a.g.e., s. 333-334

74 - بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەمریکا.

قەبـووڵ کـرد. ئەگـەر بخـوازن ئـەو خاڵانـەی لـە کۆمیتـەی ئامـادەکاری تۆمارکـران دەخوێنمـەوە. با کۆمیسـیۆنی باڵا خاڵـی دیکـەی بـۆ زیاد بکات. ئـەو مەرجانـەی بـۆ ئینتیـداب دامانـاون ئەمانـەن:

1. دامەزراندنی کۆمیسیۆنێک بۆ ئینتیداب.
2. خواسـتنی هـاوکاری لـە وڵاتـی ئینتیداب بـۆ رزگارکردنی ئـەو ناوچانەی داگیرکراون.
3. رازیبوون بە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکانی پێشوو.
4. دەستوەرنەدان و پێشێلنەکردنی سەربەخۆیی دادوەریمان.
5. یـان لابردنـی "سـپەری بەهێـز" لـە گـەرووەکان یاخود چارەسـەرکردنی پرسـی گـەرووەکان بەپێـی هەلومەرجـی نێودەوڵەتی.
6. دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی داراییمان.
7. سنووردارکردنی ئینتیداب لە چوارچێوەیەکی زەمەنی دا.
8. قەبووڵکردنی بنەما نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئینتیداب.
9. مافی هەتیو و بێوەژنان دابین بکرێت.
10. سنوورەکانمان بەگوێرەی بنەمای نەتەوەیی دیاری بکرێن.
11. چارەسـەرکردنی پرسـی پێکهاتـەکان (کەمینـەی کریسـتیان) بـە رێگـەی گۆڕینـی دانیشـتووان.
12. دەستەبەرکردنی بێلایەنیی دەوڵەتەکەمان.
13. بـۆ ئـەوەی ئینتیـداب بێلایەنانـە جێبەجـێ بکرێـت، رێگـری بکرێـت لـەوەی هاووڵاتیانـی ئەرمـەن و رۆمـی ئەرکـی فەرمییـان هەبێـت.
14. بـۆ ئـەوەی سـەرجەم دامەزراوەکانـی باڵادەسـتی نەتەوەیـی لەکاردابێـت، دەبـێ رێوشـوێنی پێویسـت بگیردرێتـە بـەر.
15. دەبێ دەستەبەری مافی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لە دەرەوە بکرێت.
16. کلێساکان بگەڕێنرێنەوە وڵاتانی خۆیان.
17. کۆمەڵەی گەلان هەرچی زووە بێتە نێو کارەکە.

ئەمانە ئەو مەرجانە بوون. [75]

75 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 50-51

- ماجـد بـەگ: دوو بۆچـوون دەخاتەڕوو: وازهێنانی دەوڵەت لە سـەربەخۆیی ناوخۆیـی و دەرەکـی و دووەمیـان ئایـا دەوڵـەت و گـەل پێویسـتیان بـە هـاوکاری دەرەکییـە بەرانبـەر گوشـارە دەرەکییـەکان؟ ئەمـە ئـەو خاڵەیـە کـە مایـەی دڵەڕاوکێیـە. پێموابێ هـەر جۆرێـک بێـت نامانـەوێ سـەربەخۆیی نێوخۆیـی و دەرەکیمـان لەدەسـتبدەین.

- فـازڵ پاشـا: پێموایـە کاتمـان بەدەسـتەوە نییـە تاوەکـو بەفیـڕۆی بدەیـن و باسـیش لـە کێشـەکە کـراوە. ئایـا سـەربەخۆیی تـەواو یاخـود ئینتیـداب قەبـووڵ دەکەیـن؟

- حامـی بـەگ (راوێـژکار): پێویسـتمان بـە هاوکارییـە؟ نییـە؟ بـا جـارێ ئـەم خاڵـە جێگیـر بکەیـن. دووپاتـی دەکەمەوە پێدەچێت پێویسـتمان بـە کۆمەک بێـت. بەڵگـەی بنەڕەتـی ئەوەیـە داهاتـی دەوڵـەت تەنیـا سـووی سـەر قەرزەکانمـان قەرەبـوو دەکاتـەوە. [76]

- خواجـە رائیـف ئەفەنـدی (ئـەرزڕووم): چ جیاوازییـەک لەنێوان سـەربەخۆیی و ئینتیـداب دا هەیـە. کاتێـک چەمکـی ئینتیـداب بەکاردەهێنیـن و چیتـر ناوی سـەربەخۆیی ناهێنیـن بـا هـەر لێرە بڕیـاری قەبووڵکردنـی ئینتیـداب بدەین... پێدەچێـت هەرچۆنێـک بێـت ناچاریـن بچینـە نێـو پەیوەندییەکی سیاسـییەوە، بـا ئەویـش ناونەنێیـن ئینتیـداب، بـا نـاوی بنێین 'هـاوکاری'!

- فـازڵ پاشـا: ئێمـە ناڵێیـن ئینتیـداب قەبـووڵ دەکەیـن و سـەربەخۆییمان ناوێـت. ئەگـەر ئامانجەکەمـان ئەوەیـە بـا هەرسـێکمان (فـازڵ پاشـا، بەکـر سـامی بـەگ و ئیسـماعیل حامـی بـەگ) بـە ناپاکـی لـە نیشـتمان تاوانبـار بکـەن. ئینتیـداب واتـە وڵاتەکەمـان لەچـاو ئاسـتی سیاسـی زیاتـر لـە ئاسـتی ئابووری هـاوکاری و پشـتیوانی ئابـووری دەکرێـت بـۆ پێشـکەوتن و گەشـەکردنی.

- حامـی بـەگ (راوێژکار): چەمکـی ئینتیـداب حەزرەتـی رائیف بـەگ ئەفەندی زۆر ترسـاندووە. ئـەوە لـە کاتێکـدا ئێمـە نەمانگوتـووە لەبەرانبـەر ئینتیـداب

76 - Yukarıda a.g.e., s. 52-53

دەستبەرداری سەربەخۆیی دەبین... ئەم وشەیە هەر خۆی فەرەنسییە. ئەگەر ئارەزوو بفەرموون بەندەتان وەک چۆن دەخوازن بەشێوەیەکی روون وەریدەگێڕم. بگرە ئەگەر حەز بکەن مانای "دەوڵەتی نەمر"یشی تێدا دەردەکەین. با هیچ خەمیان نەبێت... [77]

- رائیف بەگ: لەکاتێکدا دڵنیایی لەوە هەیە کە ئینتیداب کاریگەری نابێت بەسەر سەربەخۆییەوە، هەندێک لە هاوڕێیەکانمان دەڵێن ئاخۆ سەربەخۆ دەمێنینەوە یاخود ئینتیداب هەڵدەبژێرین. بۆ ئەمە بەر لە هەرشتێک پێویستە تێبگەین ئینتیداب چییە. لەم رەهەندەوە بەر لەوەی باس لە ئینتیداب بکەین، پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە ئەو گوزارەیەی لەو راپۆرتەدا رای گشتیی هەراسان کردووە چییە... ئینتیداب چییە؟ بەر لەوەی قسە لەسەر بنەما یاساییەکانی بکەین، دەمەوێ قسە لەسەر بنەما سیاسییەکانی بکەم. منیش دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو کە چەند رۆژێکە دەیانبیستم. بەر لەو ئینتیدابە پرەنسیپەکانی ویڵسن هەبوون. بەپێی ئەو پرەنسیپانە ئەو ناوچانەی کە تورکەکان تێیدا دەژین بەتەواوی سەربەخۆ دەبن و لەدەستی تورک دا دەمێننەوە. لە ئاگربەستەکەدا تاوەکو چەند بڕوامان بەوە کرد نازانم. بەڵام پێدەچێت بە پشتبەستن بەو متمانەیەی کە دەوڵەتێکی بەهێز بە یارمەتی ئەو بڕوامان کرد و چەکەکانمان رادەستکردن. ئەوکاتەی ئاگربەستمان کرد بەپێی ئەو پرەنسیپە گەردوونییەی هەبوو، هەر هیچ نەبێ لەبەردەم ئەو بەڵێنەدا بووین کە ئەو ناوچانەی تێیاندا تورک زۆرینەن بەتەواوی سەربەخۆ دەبن. کۆمەڵەی گەلان لەکۆتاییدا ئینتیدابی بەسەر سێ شێوەدا دابەش کرد، کە پێشتر زوو زوو باس دەکرا و گومان دەکرا لەلایەن هیچ کەسێکەوە قەبووڵ ناکرێت. واتە ئەفریقیا و ئەو ناوچانە، ئەو وڵاتانەی کە تازە دروست دەبوون و ئەو وڵاتانەش کە هاوشێوەی ئێمەن، کاتێک ئینتیدابی جیاواز جیاوازی بەو سێ شێوەیە خستەڕوو، لە

77 - Yukarıda a.g.e., s. 53-5

بنەمادا ئەوەی دەردەخست کە ئینتیداب بە بنچینە هیچ دژوازییەکی لەگەڵ سەربەخۆییدا نابێت. چونکە ئەو نەتەوانەی دەخرانە دۆخی سەربەخۆییەوە، دەخرانە ژێر ئینتیدابەوە، بەڵام ئاخۆ هەر بەم شێوەیە بوو؟ ئایا ئینتیداب دژوازی لەگەڵ سەربەخۆیی نەبوو؟ دەپرسم ئاخۆ کە بەهێز و لاوازێکمان هەبێت، چوونە ژێرباڵی بەهێز خۆی لەخۆیدا مانای ئەوە نییە کە لاوازەکە چووەتە ژێر رکێفی بەهێزەکەوە؟ ئایا چەمکی ئینتیداب هاوواتای رێککەوتن و ئاشتەواییە؟ ئەمە چۆن لەسەر ئێمە روویدا. لە بەرانبەر ویلسندا دۆستانی دیکەمان بڕیاری ئەوەیاندا کە بەشی رۆژهەڵاتمان بۆ ئەرمینیا و ئیستەنبووڵ لەژێر ئینتیدابی ئەمریکا و شوێنەکانی دیکەش بچنە ژێر ئینتیدابی وڵاتانی دیکە. بەم شێوەیە سەربەخۆییمان دەپارێزرێت، بەڵام وڵاتەکەمان پارچە پارچە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گوایە دەوڵەتی عوسمانی دەمێنێتەوە. دیسانەوە هەر خاوەنی سەربەخۆیی خۆمان دەبووین. لەلایەک بەشێک لە وڵاتەکەمان بەسەر یۆنان و بەشێکی بۆ فەرەنسا و ئەوەی دەمایەوەش هەر بەشێکی وڵاتێک دەیبرد. بەم شێوە ئینتیدابە نە سەربەخۆییمان دەمێنێتەوە، نە گەل و نە وڵات. هەربۆیە ئینتیداب سەربەخۆیی و گەل و وڵاتیش هەموویان بەیەکەوە دەخنکێنێت. لەو دۆخەدا ئەمریکییەکان درکیان بە فێڵێکی هەمیشەیی ئەوروپاییەکان کرد: ئەوروپاییەکان دەیانویست ئەمریکا هاوشێوەی کێوی قاف وەک بەربەستێک بخەنە بەر رووسیا بۆئەوەی رێگە لە پێشڕەوییەکەی بگرن بە ئاراستەی ئێران و سووریا، بۆ ئەوەی ئەو فێڵەش ئاشکرا نەبێت، ویستیان ئیستەنبووڵ بە ئەمریکا قووت بدەن. ئەمریکییەکانیش گوتیان 'نەخێر، ئێمە ئینتیداب و شتی وامان ناوێت'. وادیارە ئەوروپییەکانیش دەزانن کە ئەمریکا درکی بەمە کردووە، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو پاسەوانییەی پێبکەن، بە ئەرمینیایەکی سەربەخۆ پێشنیازی ئینتیدابیان لەسەر تەواوی ئەو شارانە کردووە کە تورکەکان تێیدا دەژین. بەپێی دەنگۆیەک، ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە کە هەموو ئەو شەڕانەی دنیایان گرتووەتەوە، هەمیشە

لــە رۆژهەڵاتــەوە، بەتایبــەت لــە وڵاتــی ئێمــەوە ســەرچاوەیان گرتــووە. بەرپرسـانی ئەمریـکا بیریـان لـەوە کـردەوە کـە بـە بەرگرتـن لـە شـەڕەکانی داهاتـوو، دەتوانـن خزمەتـی بەرژەوەندییـە بازرگانییەکانیـان بکـەن. ئەگـەر ئێمـە ئینتیـداب قەبـووڵ نەکەیـن، رەنگـە ناکۆکـی لەنێـوان تـورک- عـەرەب، کـورد و ئەرمـەن بێتـە ئاراوە. ئەگـەر ئەوروپییـەکان ترسـیان لەمـە هەبێت، رەنگــە شــەڕ رووبــدات. بــۆ ئەمــە گوتیــان ئەگــەر دەوڵەتــی عوســمانی بخەینـە ژێـر ئینتیدابـەوە، ئـەوا دەتوانیـن بچینـە مەیدانـی فراوانـی سـووریا و بـەم شـێوەیەش دڵنیایـی دارایمـان مسـۆگەر دەکەیـن، بـۆ داهاتـووش لەئێسـتاوە ئـەو ئاگـرە دەکوژێنینـەوە، بـەڵام لەبەرانبـەر ئـەو پێشـنیازەدا ئەوروپییـەکان کتوپڕ ئاوا وەڵامیـان دایـەوە: 'سـەرەتا دەبـێ لـە رای گشـتی و کۆنگرێسـەکەتان بپرسـن'.. ئـەوان وەڵامـی ئەمریـکا کـە دەڵێـن 'ئێمـە ئینتیدابێکـی هێنـدە دوورمـان ناوێـت'، وەک بەڵگەیـەک بـۆ بۆچوونەکەیـان دەخەنـەڕوو. حکومەتـی ئەمریـکا زاتـی نییـە پرسـیار لـە کۆنگرێسـەکەی بـکات.

وادیـارە بـەو سـنوورەی بـەر لـە جەنـگ هەمانبـوو، دەیانـەوێ ئینتیـداب قەبـووڵ بکـەن [78]، ئەگـەر لەمـەدا سـەرکەوتوو نەبـوون لـەو سـنوورەی پێشـنیاز دەکرێـت قایـل دەبـن و قەبووڵـی دەکـەن، بـەڵام هەرچۆنێکـە دەیانەوێـت ئینتیدابیـان بەسـەر تـەواوی ناوچـەی قەفقاسـیادا هەبێـت. بەوشـێوەیە نەبێـت، نایانـەوێ بەتەنیـا ئینتیدابیـان بەسـەر ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـەوە هەبێت. لەبەرئەوەی کارمەندە فەرمییەکانیان بەباشـی ئێمە ناناسـن، بۆیـە لێـرەوە راپۆرتـی بـاش لەبـارەی ئێمـەوە دەنێـرن. دەنووسـن و دەڵێـن تورکـەکان کـە بێـزارن لـە فێـڵ و تەڵەکەبازیـی ئەوروپییـەکان، ئەمریـکا وەک فریادڕەسـێک دەبینـن، بەباشـی پێشـوازییان لـێ دەکـەن، نیازپاکییەکــی زۆر بەرامبــەر ئەمریکاییــە خــاوەن بیــر و مرۆڤدۆســتەکان

78 - پێشـتر ئەوەمـان خسـتەڕوو ئەوانـەی داوای ئینتیـداب دەکـەن، دەیانـەوێ سـنوورەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی بـەر لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی چـۆن بـوون، وەکـو خۆیـان پارێزراوبـن.

نیشـاندەدەن، هەربۆیـە بـە سـادەییەوە وابەسـتەی ئەمریـکا دەبـن. ئاخـۆ رای گشـتی ئەمریـکا ئـەم گەرەنتییـە و وەک دەرئەنجامیـش ئینتیدابـی ئێمە قەبـووڵ دەکات یاخـود نـا؟ ئـەوان خۆشـیان نازانـن. هەروەهـا ئـەوەی کـە بەریتانیـا پێشـنیازی ئینتیدابـی بـۆ ئەمریـکا کـردووە، دەڵێـن ئەمـە تەڵەیـە. پێیانوایـە ئامانجـی بەریتانیـا ئەوەیە رێگەیـەک بدۆزێتەوە بۆ ئـەوەی ئینتیدابی تورکیا لەسـەر ئەمریکا سـاخ بکاتەوە و لەمەشـەوە پارووی خۆی مسـۆگەر بـکات. ئـەوەی مـن تێیدەگـەم و پێشـنیازی دەکـەم ئەمەیـە: هێشـتا روون نییـە ئایـا ئەمریـکا ئینتیـداب قەبـووڵ دەکات یاخـود نـا. هەڵبەتـە دیـارە کـە ئێمـە خۆمـان ناتوانیـن بڵێیـن 'ئێمـە قەبووڵتـان دەکەیـن'. دەبـێ ئـەوان قەبووڵـی بکـەن.

کەمێـک پێـش ئێسـتا گوتـم: ئینتیـداب و سـەربەخۆیی... بەهێـزن؟ سـەربەخۆییتان هەیـە. لاوازن، لەژێـر ئینتیدابـدان، بـەڵام ئەگـەر لـە چوارچێـوەی مافـی دیاریکـراو و تۆمارکـراو و لەژێر دڵنیایـی کۆمەڵـەی گەلان دا بیـر لـە چەمکـی ئینتیـداب بکەینـەوە، ئـەوا بـا لـە خۆمانـەوە نەکەوینـە گیانـی یەکتـر. ئینتیدابەکـە ئەمریکایـی بێـت یـان ئینگلیـز! وەکـو یەکـە. لەکاتێکـدا بەداخـەوە دەبـێ بڵێـم کارەکـە لـەو ناوەنـدەدا نییـە. ئـەوەی ئینتیدابـی ئەمریـکا بەچاکتـر دەزانیـن، رزگاربوونـە لـە ئینتیدابـی بەریتانـی کە هەمـوو کۆمەڵگەکانـی یەخسـیر کـردووە و دڵ و ویژدانەکانـی خامـۆش کـردوون، لەبەرامبـەردا ئەمریـکا قەبـووڵ دەکەیـن کـە رێـز لـە ویژدانـی گـەلان دەگرێـت. ئەگەرنـا کێشـەی سـەرەکی کێشـەی پـارە نییـە. (79)
بەریتانیـاش چەنـد ملیـۆن لیرەیەکـی دەبێـت بمانداتـێ، بەڵام لـە ئەمریکاوە دووریـن، ئـەو وەکـو بەریتانیـا نایێـت بمانخاتـە ژێـر گوشـار (80). مەترسـی ئەو

---

79 - بـە پاسـاوی بابەتـی، بەچاکترزانینـی ئینتیدابـی ئەمریکـی لەچـاو ئینتیدابـی بەریتانـی دەردەخـات، بـەڵام کێشـە بنەڕەتییەکـە ئەوەیـە ئـەو کەمالیسـتانەی دەیانویسـت لەدەسـت ئـەو "بەریتانیایەی گـەلان دەستبەسـەر دەکات" رزگاریـان ببێـت، هـەر ئـەوکات و سـەردەمە لەگـەڵ ئینگلیـزەکان بـە ئایدیۆلۆژیا و سیاسـەتی هاوبـەش دەیانەوێ گەلـی کـورد دەستبەسـەر و بندەسـت بکـەن.
80 - ئەوانـەی داوای ئینتیدابـی ئەمریـکا دەکـەن، هـۆکاری گرنگیـان هـەن بـۆ پێداگرتـن لەسـەر داواکەیـان. جـارێ پێیانوایـە دەتوانـن لەژێـر ئینتیـداب دا پەیوەندییەکـی کۆڵۆنیالیسـتانە دروسـت بکـەن، بـەڵام "ئەمریـکا

دوورییەش ئەوەیە ناتوانێت لەكاتێكدا كە پێویستمانە بێت و بمانپارێزێ، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا گوشارەكەی لەسەرمان كەم دەبێت.
كورتەی باسەكە ئەوەیە ئینتیداب و سەربەخۆیی رێگری لە یەكتری ناكەن، بەڵام ئەگەر ئێمە هەر بەڕاستی بەهێز نەبین، ئەوكاتە لەژێر باری ئینتیداب دەرزێین. ئەوكاتە ئینتیداب رێگر دەبێت لە سەربەخۆییمان. با ئەوەش بڵێین كە لە ناوخۆ و دەرەوەدا سەربەخۆ دەبین، بەڵام ئاخۆ ئێمە هەر بە توانای خۆمان دەتوانین ئەمە بكەین؟ بەر لەمەش ئاخۆ بە حاڵی خۆمانەوە جێماندەهێڵن یاخود نا؟ با بیر لەمە بكەینەوە. ئەوە راستییە كە هەریەكە لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و یۆنان دەیانەوێ دابەشمان بكەن، ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە لەژێر گەرەنتی دەوڵەتێكدا ئاشتەوایی بكەین، لە داهاتوودا لەژێر هەلومەرجی گونجاوتردا دیسانەوە كار بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆمان دەكەین، بەڵام ئەی ئەگەر دۆخێكی ناهەموار هاتە ئاراوە بەتەواوی شكست ناهێنین؟ سەردەمێك دژی دەوڵەتەكەمان كێبڕكێیەك هەبوو، بەڵام دواتر رێككەوتن. بۆ نموونە لە باڵكان لەبەرانبەر بەرژەوەندییەكی سادەدا یۆنان و بوولگارییەكان یەكیانگرت و شكستیان بە ئێمە هێنا. بەڵام دواتر لێكدابڕان. ئێ دوای ئەوەی ئێمە زیانمان پێگەیشت جیابوونەوەی ئەوان چ سوودێكی بۆمان هەبوو؟ لەبەرئەوە وادیارە پێویستمان بە گەرەنتییەك هەیە. ئایا ئەو گەرەنتییە بەشبەش بێت یاخود تەواوی ئێمە بگرێتەوە؟ هەڵبەت دووەمیان، واتە ئەوە لەبەرژەوەندی ئێمەدایە كە تاكە یەك دەوڵەت و

---

وەك جوگرافیا لە ئەنادۆڵەوە دوورە، ناتوانێت بە خواستی خۆی و هەركات بیەوێ گوشارمان بخاتەسەر". وا دەڵێن.. لەبەر ئەوە ئینتیدابی ئەمریكایان لا پەسەندە و ئینتیدابی ئینگلیزیان ناوێت، چونكە بەریتانیا لەڕووی جوگرافییەوە لە ئەنادۆڵ نزیكترە.. لەم بارەیەوە پێویستە شتێك لەبارەی كۆڵۆنییە كلاسیكەكان و كۆڵۆنیزەكردنی كوردستانەوە بڵێین. ئەگەر لەنێوان وڵاتی مێترۆپۆڵ و وڵاتی داگیركراودا ئۆقیانووس هەبن، ئەوە بەومانایە دێت كە گوشاری فیزیكی و ئەو زەبرەی دەوڵەت جێبەجێی دەكات زۆر كەمتر دەبێت. هەركاتێك بیەوێ سەرباز، چەك، جبەخانە و كەلوپەل بنێرێت، كێشەی گەورەی لێدەكەوێتەوە، بەڵام كاتێك دەوڵەتی كۆڵۆنیزەكراو هاوشێوەی كوردستان درێژكراوە و تەواوكەری دەوڵەتی كۆڵۆنیاڵیست بێت، ئەوكاتە گوشار، زەبر و تیرۆری دەوڵەت زۆر چڕتر و زیاتر دەبێت. دەوڵەت درێژە بە تیرۆرەكەی دەدات. كەمالیستەكان لەكاتی هەڵبژاردنی ئینتیدابی ئەمریكا بەپێچەوانەی ئەو پەیوەندییەی بیریان لێكردبووەوە، دروست بەپێچەوانەوە لە دژی كورد بەكاریانهێنا.

دڵنیاییبەخـش بێـت. بـۆ ئەمەش تەنیا ئەمریـکا دەگونجێت. بـۆ تەواوکردنی ئـەم کارە دیـارە کـە دەبێـت دڵنیایـی ئەمریـکا قەبـووڵ بکەیـن.

بـۆ گەلێـک کـە لـە سـەدەی بیسـتەم دا 500 ملیـۆن لیـرە قـەرزی لەسـەرە، خاکێکـی زۆر باشـی نییـە، وڵاتێـک کـە هـەر تەنیـا دە- پانـزە ملیـۆن لیـرە داهاتیەتـی، بەبـێ یارمەتـی دەرەکـی ناتوانـێ درێـژە بـە مانـەوەی بـدات. ئەگـەر لێـرەوە لـە هەمـان دۆخـی خۆمانـدا بمێنینـەوە و بـە سـایەی هـاوکاری دەرەکـی پێشـنەکەوین، رەنگـە لـە داهاتـوودا نەتوانیـن بەرامبـەر هێرشـی یۆنانییەکانیـش خۆمـان بگریـن.. خـوا نەکـردە ئەگـەر ئیزمیـر لەدەسـتی یۆنانییەکانـدا بمێنێتـەوە و شـەڕ بکەوێتـە نێوانمـان و دووژمـن لـە یۆنانـەوە بـە کەشـتی سـەربازانی بهێنێـت، ئایـا ئێمـە بـە کامـە شـەمەندەفەر دەیانگوازینـەوە؟ بۆیـە بـەر لـە هـەر شـتێک ئینتیدابـی ئەمریکـی بـۆ دۆزینـەوەی کەفیلێـک لازمـە. تاوەکـو ئێسـتا هەرچیمـان چەشـتووە هەمـووی بەهـۆی بەریتانیـاوە بـووە. بەوهۆیـەوە بـۆ ئـەوەی نەبینـە لیسـتۆکی دەسـتی بەریتانیـا، پێویسـتمان بـە ئینتیدابـی رکابەرەکەیەتـی. ئێسـتا بـەم شکسـتەمانەوە تەنیا دەتوانیـن بـە وڵاتێک کە هێنـدەی دووژمنەکانمـان پێشـکەوتوون، سـەرەدەری بکەیـن و بەرەنگاریان ببینـەوە. ئینتیـداب بـە مانـا گشـتییەکەی رێگـر نییـە لـە سـەربەخۆییمان. ئەگـەر ئینتیـداب بخرێتـە سـەر شـانی گەلێکـی لاواز و بێهێـز، بـێ توانـا و بـێ گیـان و خوێـن و بـێ ویژدانـی میللـی، ئـەوا دایدەتەپێنـێ. بەهێـز لاواز بـە سیاسـەتی، بـە کارەکانـی، بـە ویسـت و ئیرادەیـەوە دەبەسـتێتەوە. بۆیـە ئینتیـداب وەک لـە رووکاریـدا دیـارە، دژی سـەربەخۆیی نییـە، بـەڵام کەوتنـە ژێـر سـایەی دەوڵەتێکـی زاڵـم لـە هەمـوو شـتێک خراپتـرە.

لەبـەردەم شـتێکی ترسـناکداین، ترسـناک هێنـدەی مـەرگ. رووەو ئـەو ترسـە رادەکەیـن و ئـەم جـارە دەبـێ راکەیـن. سیاسـەتی نەرێنـی و وەسـتان خراپـن. لـە سـەربازیدا یاسـایەک هەیـە: بـێ بڕیـاری خراپـە. فەرماندەیـەک بەرپرسـیاری بـێ بڕیارییەکەیەتـی. بـە کورتییەکـەی بـا ئێمـە سـەربەخۆیی تـەواو و جێگیـر داوابکەیـن. بـا ئـەوەش داوابکەیـن

کـە هیـچ جـۆرە ئینتیدابێکمـان ناوێـت ئێسـتا و داهاتـوو لـە ناوخـۆ و دەرەوەدا مانـای هەڵـەی لـێ بکەوێتـەوە. لـەوەش زیاتـر داوای یارمەتـی هونـەری و پیشەسـازی بکەیـن کـە مافـی ئەوەمـان پێـدەدات دەسـتبەجێ، یاخـود لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا بچینـە نێـو کۆمەڵـەی گەلانـەوە. رەنگـە لەژێـر بارودۆخێکـی وەهـادا داوای یارمەتـی ئەمریکیـش بکەیـن، بـەڵام دەستنیشـانکردنی ئـەو هەلومەرجـە پسـپۆڕیی مـن نییـە. ئەگـەر بتانـەوێ هاوشـێوەی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم ئەمریـکا بـە بەشـەکی نیشـاندەدەین یان ئەوەتـا بـە ئاشـکرا نـاوی دەهێنیـن، یاخـود لـە رێگەی ئامـاژەوە. یـان ئەوەتا نامەیـەک دەنووسـین کـە ئاراسـتەی ئەنجوومەنـی پیرانی ئەمریـکا کرابێت. ئەمـەش دیوانـی سـەرۆکایەتی یاخـود یەکێـک لـە ئێمە بـە نـاوی کۆنگرەوە واژۆی لەسـەر دەکات. لـەو نامایـەدا دەنووسـین: 'ئێمـە نـە کۆمۆنیسـتین نـە بەلشـەڤی. هەوڵـی ئێمـە بـۆ رزگاری یـان سـەربەخۆیی وڵاتەکەمانـە. لـەو رووەوە داوای یارمەتیتـان لێدەکەیـن. هەروەهـا ئـەو خواسـتەمان لە بەیاننامـەی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم دا خسـتەڕوو. بەرلـەوەی بڕیارێـک بـدەن فەرمـوون بـە چـاوی خۆتـان ئێـرە ببینـن. وەرن و تێبگـەن. ئێمـە گەلێکیـن خۆبەخـۆ خاوەنـی لێهاتوویـی ژیانیـن. فەرمـوون وڵاتەکەمـان بنیـات بنێن'.. دەتوانیـن وابڵێیـن. ئەگـەر بشـێ بەشـێوەیەکی نهێنـی کەسـێک بنێریـن لـە عونیـە لـە شۆسـتەیەکی نەناسـراوەوە و بـە کەشـتییەکی جەنگـی چەنـد ئەندامێکـی کۆنگـرە بنێرینـە ئەمریـکا، لـەوێ پڕوپاگەنـدە بکـەن. ئـەوان دەتوانـن ئامانجەکانمـان بـاس بکـەن. کۆنفرانـس سـاز بکـەن و بمانناسـێنن. بەڵکـو بتوانیـن بـەم شـێوەیە شـاندێکی سـێناتی ئەمریـکا بهێنینـە ئێـرە. مـن ئـەم بۆچوونـەم دەخەمـەڕوو. ئـەو بەریتانیایـەی کـە ئێمـە دەترسـێنێ و روون نییـە چـی لـێ چـاوەڕێ دەکـرێ، ئەگـەر دڵنیایـی لە سەربەخۆبوونیشـمان بـدات، دیسـانەوە با ئـەو رێگەیە بگرینەبـەر و ئەوەی پێویسـتە بەجێـی بهێنیـن. بـۆ ئەمـەش لـە بەیاننامـەی کۆنگـرەدا یـان بـە روونـی نـاوی ئەمریـکا بەریـن یـان بەشـێوەی ئامـاژە. یاخـود دەتوانیـن نامـە بـۆ ئەنجوومەنـی پیرانـی ئەمریـکا بنێریـن. ئەگـەر ئـەم بۆچوونانـەم

ڕەنگدانــەوەی بەســەر دیدارەکانــی داهاتــووەوە هەبێــت سوپاســگوزار دەبــم. [81]

- ئەحمــەد نــووری بــەگ: وەک ڕەئــوف بــەگ گــوتــی، وادیــارە دووریــن لــەوەی ئەمــڕۆ ئینتیــداب جێگیــر بکەیــن. بۆیــە ڕەتکردنــەوەی وشــەی ئینتیدابــم دەوێــت... ئەمــڕۆ بەتــەواوی دۆخــی جیهــان لــە بەرژەوەنــدی ئێمەدایــە. لەخــۆوە نییــە ڕای گشــتی ئەمریــکا لــە پێشــهاتەکانی دۆخــی دنیــا نیگەرانــە. ئەمــڕۆ پێدانــی ویلایەتــی شــاناتونگ بــە ژاپــۆن کــە خاوەنی 40 ملیــۆن کەســە، بووەتــە مایــەی تــرس بــۆی. جگــە لەمــە داگیرکاریــی ســلاڤەکان، دۆخــی نوێــی ڕووســیا، ئەمریــکا و بەریتانیــای زۆر ترســاندووە. پرســی قەفقاســیش هەروەهــا مایــەی نیگەرانیــی ئەمریــکا، بەریتانیــا و فەرەنســایە. ئایــا ئێمــە ســەرباری هەمــوو نەبوونییــەک چــۆن دەتوانیــن ســوود لــەو بارودۆخــە ببینیــن؟

ئەگــەر ئێمــە ئەمــڕۆ ڕاســتەوخۆ بڵێیــن 'ئینتیدابــی ئەمریکامــان دەوێــت'، وەک چــۆن کەمێــک پێــش ئێســتا حەزرەتــی پاشــا بــە ئاماژەکــردن بــۆ بەڕێــز بــراون فەرمــووی، ئەگــەر ئەمریــکا ئــەو دواکارییەمــان بەهەنــد وەرنەگرێــت، ئــەوکات هیــچ کەســێک هاوکاریمــان نــاکات و ناچــار دەبیــن هــەر بــە تەنیا بە هێــزی خۆمــان بەرگــە بگریــن. ئایــا ئەوکاتــە بەرانبــەر دنیــا دۆخــی سیاســیمان چــۆن دەبێــت؟ منیــش ئــەوە بــە بــاش دەزانــم کــە شــاند بنێرینــە ئەمریــکا. بــەم شــێوەیە پڕوپاگەندەیەکــی بــاش دەکــەن. کارێکــی زۆر گونجــاو دەبێــت ئەگــەر بەشــێوەیەکی نهێنــی شــاندێکی تــورک بــە کەشــتیی جەنگــی بڕواتــە ئەمریــکا و لــەوێ لەگــەڵ کەســانی پێویســت کۆببنــەوە و بانگەشــە بکــەن. لەکاتێکــدا ئــەو شــاندە لــەوێ درێــژە بــە کارەکانــی دەدات، بــەردەوام خەباتی ئەگــەر ســەرنج بــدەن ڕەفعــەت بــەگ ئەمریــکا و بەریتانیــا وەک دووژمــن دەبینــێ. دەیــەوێ دژی بەریتانیــا ئەمریــکا بەکاربێنێــت. لــەو نامەیەشــدا کــە دەیــەوێ بــۆ ســێناتی ئەمریــکای بنووســێ، ئــەوە فەرامــۆش نــاکات کــە بڵــێ

81 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 55-60

ئێمە "بەلشەڤی" نین. نەتەوەیی پیرۆزمان حکومەتی ناوەندی بێدەنگ بکەین و ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆبکەینەوە، ئەوا هەنگاوێکی مەزن رووەو سەرکەوتن دەنێین. [82]

- حامی بەگ: رەفعەت بەگ لە روانگە گشتییەکەوە فەرموویان کە ئینتیداب شتێکی نارِوونە و هاوشێوەی مەرگە. لەبەرئەوەی ئێستا دۆزراوەتەوە و تاوەکو ئێستا بەهیچ شێوەیەک جێبەجێنەکراوە، بۆیە هەر بەراستی نارِوونە، بەڵام با ئەوەمان لەبیر نەچێت کە لەو دۆخەی ئێستا تێیکەوتووین، لەگەڵ ئەو پێشهاتە و ئەو نارِوونییە ئامێزان بین، بۆ ئێمە مانای وایە باوەشمان لە هیوایەکی تازە گرتووە! لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا گەلێک هەر خاڵێک ببینێ رووی تێدەکات. لە دنیادا هیچ دەوڵەتێک دەستبەرداری سەربەخۆییەکەی نابێت و هەر هیچ نەبێت ئەگەر هیچ هێزێکیش شک نەبات، خۆی رادەست ناکات و وەک دوایین چارەسەریش بێت دەیەوێ پشت بە رێککەوتن، واتە ئەو پارچە کاخەزەی کەس گرنگی پێنادات، ببەستێ. چونکە ئەمە چارەسەرە. ئەگەر هێندەی هێزی چەکداریش کاریگەری نەبێت، ئەوا ئێمە مافی ئەوەمان نییە ئەو چارەسەرە بخەینە لاوە. ئایا ئەمریکای مرۆڤدۆستیش لە داهاتوودا هەموو ئەو بەڵێنانەی بە ئێمەی داوە دەخاتە ژێر پێی؟ ئایا رۆژێک دێت ویلایەتە یەکگرتووەکانیش هاوشێوەی ئەورووپا وەک ئیمپریالیستێک هەوڵی سەرکوتکردنمان بدات؟ [83]

ئەگەر واشی دابنێین کە ئەو ئەگەرە دێتە دی، لەگەڵ ئەوەش دا دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە و ناچارین ئینتیداب

---

82 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 60 - 63
لەبەرامبەر هەوڵی بەکارهێنانی دژایەتی ئەمریکا- بەریتانیا لەلایەن رەفعەت بەگەوە، ئەحمەد نووری بەگ باس لە سیستم و بلۆکێک دەکات کە ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا لەخۆدەگرێت. دەیەوێ بڵێت با بە بەلشەڤیزم هەرەشە لەو دەوڵەتانە بکەین.

83 - باس لە نیگەرانی کەمالیستەکان دەکات کە ئایا "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆژێک دێ ببێتە هێزێکی ئیمپریالیست و ئێمە بچەوسێنێتەوە؟"، کەمالیستەکان کە ئەو نیگەرانییەیان لە ساڵی 1919دا دەخەنەڕوو، دوای پێنج شەش ساڵ دەست بە سیاسەتێکی نەژادپەرستانە و داگیرکرانە دەکەن، کوردستان و گەلی کورد دابەش دەکەن و بۆ ئەمەش دەچنە نێو هاوئاهەنگی چڕەوە لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکان.

قەبــووڵ بکەیــن... ئایــا ئەمریــکا لــە تورکیــا ئینتیــداب قەبــووڵ دەکات یاخــود نــا؟ وەک چــۆن رەفعــەت بەگیــش فەرموویــان، بــۆ ئێســتا جگــە لــە بەگومانــەوە نزیکبوونــەوە لــەو لایەنــە هیــچ چارەیەکــی دیکەمــان نییــە. هــەر خــۆی بەڕێــز براونیــش ئــەو گومانــەی قەبــووڵ دەکــرد و پێشــنیازی ئــەوەی بــۆ دەکردیــن کــە بــۆ ئــەوەی ســەرکەوتووبین دەبــێ پڕوپاگەنــدە بکەیــن. بەندەشــتان پێداگیــر نییــە لەســەر ئــەوەی کــە هــەر دەبــێ ئەمریــکا قەبــووڵ بکەیــن، بــەڵام وا هەڵســوکەوتم کــردووە کــە دەبــێ قەبووڵــی بکەیــن. لەگــەڵ ئەمــەش دا وەنەبــێ هەندێــک ئامــاژە نەبــن لــەوەی کــە پێشــنیازەکەمان قەبــووڵ دەکرێــت. دەکــرێ بگوتــرێ حکومەتــی ئەمریــکا بۆ ئــەوەی پێداویســتی ســەربازی بفرۆشــێت، بەشــداری لــە شــەڕدا کــردووە. بــەم شــێوەیە لــە جەنگــی جیهانــی دا لــە ســەرەتاوە تاوەکــو کۆتایــی فرۆشــیار بــووە و بــە کاریگــەری ئــەو پارەیــەی لــە ئەورپــاوە بەدەســتی هێنــاوە، ســەروەتێکی زۆری کەڵەکــە کــردووە. بەوهۆیــەوە ئەمریــکا وەک چــۆن دوێنــێ ناچــار بــووە

چــەک و پێداویســتی ســەربازی هەنــاردە بــکات، ئەمــڕۆش لــە دۆخێکدایــە ناچــارە پــارە بنێرێتــە دەرەوە. پێموایــە شــتێکی سرووشــتییە کــە بیــەوێ بازاڕێـک بــۆ پارەکانــی بدۆزێتــەوە. بــا وای دابنێیــن کــە لــە دنیــادا ئێمــە وەک بــازاڕی ســەروەتەکەی دەبینێــت؟ [84]

- وەســفی بــەگ: دۆخــی ئابووریمــان هــاوکار نییە بــۆ ژیانێکی ســەربەخۆیانە. بەبــێ پــارە و ســوپا دەتوانیــن چــی بکەیــن؟ ئــەوان بــە فڕۆکــە بــە ئاســمان دا دەفــڕن. ئێمــە هێشــتا لە گالیســکە قوتارمــان نەبــووە. ئەوان کەشــتیگەلی جەنگی دروســت دەکەن، ئێمە کەشــتییەکی چارۆکەداریشــمان پێ دروســت ناکرێــت. ئەمــڕۆ ئەگەر بتوانیــن سەربەخۆییشــمان رزگار بکەیــن، رۆژێک دێت دابەشــمان دەکــەن. بــڕوا بــە ئەمریــکاش دەهێنــن بــۆ دابەشــکردنمان. ئەگــەر وڵاتەکەمــان بکەوێتــە دەســت چەنــد لایەنێــک، لــە ماوەیەکــی کــەم

84 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 63-69

دا بیری خەڵکیش دەگۆڕێت. بەوهۆیەوە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگەکەمان دەبێ لەنێو خراپترینەکاندا هەڵبژێرین و داوای یارمەتی لە ئەمریکا بکەین. ئەو دەوڵەتەی ئینتیدابی ئێمە وەردەگرێت دەبێ زۆر دەوڵەمەند بێت، هەروەها دەبێ زانیاری لەبارەی سەرچاوەکانی وڵاتی ئێمە هەبێت. دوو دەوڵەتی بەم شێوەیە هەن، ئەمریکا و بەریتانیا، بەڵام ئەمریکا لەچاو خراپەکە باشترە. چونکە وڵاتی کشتوکاڵە. ئاژەڵ و ئارد بۆ ئەوروپا دەنێرێت. ئەمریکا لەڕووی سەروەت و سامانیشەوە دەوڵەمەندترە. حکومەتی ئەمریکا وایکردووە گەلەکەی ئەوە قەبووڵ بکات کە کەشتیگەلێک دروست بکات باڵاتر لە کەشتیگەلی بەریتانی و بۆ ماوەی سێ ساڵ تەواوی دەکات. بەم شێوەیە دوای ئەوەی باڵادەستی بەسەر دەریاکانیشەوە دەبێت، ئینگلیزەکان جگە لە ماسیگری هیچ کارێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. ئامانج لە دروستکردنی ئەو کەشتیگەلە ئەوە نییە ئاسنی زیاتر بەدەستبێنن، بەڵکو دەیانەوێ بازاڕی ئازاد دابێنن و میسر لەدەست بەریتانیا رزگار بکەن، بەڵام ئەم کەشتیگەلە دەبێ بە هێزی زەوینی بەهێز بکەن. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە لە رەهەندی سیاسی و لە رەهەندی سەربازییەوە بۆ ئەوان پێویستین، بۆیە لەخۆیانمان دەگرن". (85)

گەنگەشەی ئینتیداب لە رۆژی 9ی ئەیلوولی 1919ش بەردەوام بوو. لەو دانیشتنەدا رەئوف بەگ قسەی کرد.

- رەئوف بەگ: ئینتیداب تائێستا چ لە چاپەمەنی و چ لە کۆبوونەوەی هەمەجۆردا باسی زۆری لەبارەوە کراوە. ئەگەر ئەنجوومەنی باڵا بنەمای هاوکاری دەرەکی قەبووڵ کردبێت، بەڵام هێشتا ئەوەمان رووننەکردووەتەوە لە کێ داوای ئەو یارمەتییە دەکەین. ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕوون دەگوترێ ئەمریکا، بە بۆچوونی من بەشێوەیەکی راستەوخۆش بیڵێین هیچ کێشەیەکی نابێت.

85 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 69-71

لـە سـەرەتای ئاگربەسـت دا کـە پێمانوابـوو ئەڵمانـەکان واژۆی ناکـەن، چاپەمەنـی ئەڵمانـی چەنـد شـتێکیان روونکـردەوە. یەکەمیـان پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـوو کە ئەڵمانیـا واژۆی ئاشـتەواییەکە دەکات. ئەمـە بەدیهات. بەشـی دووەمیشـی لەبـارەی دابەشـکردنی تورکیـا بـوو. سـوپاس بـۆ خـودا کـە هێشـتا ئەمـە بەدینەهاتـووە..

- شاندەکە: سوپاس بۆ خودا.

- رەئـوف بـەگ: ... لەبـەردەم ئـەم مەترسـییە (مەترسـی دابەشـکردن)دا ناچاریـن هاوکاریـی ئەمریـکا قەبـووڵ بکەیـن. [86]

مـن لەسـەر ئـەم بڕوایەم. ئەوکاتـەی هاتمە ئێرە لەگەڵ بـراون، رۆژنامەڤانە ئەمریکییەکـە، بـە درێـژی لەبـارەی پرسـی ئینتیدابـەوە قسـەمان کـرد. سـەرەتا ئـەوەم پرسـی کـە لە ئەمریـکا چ جـۆرە بەرژەوەندییەکی نیشـتمانی لـەو پرسـەدا هەیـە. بەڕێزیـان گـوتـی 'بـا سـەرەتا ئـەوە بڵێـم کـە مـن رۆژنامەڤانـم، گوزارشـت نـە لـە دەوڵەتەکـەم نـە لـە خەڵکەکـەم دەکـەم'. دوای ئـەوە، ئـەو ئەمریکییانـەی لـە تورکیـان، پێیانوایـە ئەگـەر کۆنفرانسـی ئاشـتی جێبەجـێ بکرێـت، دڵنیـان لـەوەی کێشـەیەکی دیکـەی هاوشـێوەی کێشـەی باڵـکان سـەرهەڵدەدات و بڕیارەکانـی دیکـە پاشەکشـەیان لێدەکرێـت. [87]

وەک ئـەو گـوتـی 'ئـەو هەواڵانـەی کـە ئـەو بۆچوونەمـان بەهێزتـر دەکـەن، دەگەیێنینـە ئەمریـکا. ئـەو ئەمریکییانـەی لە تورکیـان لە هەمـان هەوڵدان. سـێنات هێشـتا بڕیارێکـی بەوشـێوەیەی نـەداوە. بۆیـە ئەگـەر ئێـوەی نوێنـەران کـە لـە ئەنـادۆڵ و روومەلیـن لـەو رووەوە بڕیارێـک بـدەن، ئـەوا هەوڵەکانـی ئێمـە بەهێزتـر دەکـەن و گەیشـتن بـە ئامانـج خێراتـر دەکـەن'.

---

86 - لـە سـاڵی 1919دا کەمالیسـتەکان دابەشـکردن زۆر بـە مەترسـییەکی گـەورە دەبینن، لە راسـتیدا لەهەمان سـاڵ دا بـۆ بەشـکردن، پارچەکـردن و دابەشـکردنی کـورد و کوردسـتان دیـداری نهێنیـان لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـادا هەیە.

87 - رۆژنامەڤانـی ئەمریکـی! لـەو راپۆرتـەدا کـە بـۆ ئەمریـکای نـاردووە حکومـەت ئـاگادار دەکاتـەوە لـەوەی ئەگـەر ئەنـادۆڵ پارچـە بکـەن، ئـەوا کوردسـتان و ئەرمینیا لـە دەوڵەتـی عوسـمانی جیادەکەنـەوە، بەمـەش لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا شـەڕێکی تـازەی هاوشـێوەی شـەڕی باڵـکان روودەدات.

منیــش گوتــم: 'ئەگــەر ئەمریــکا داواکارییەکەمــان قەبــووڵ نــەکات، دەکەوینـە دۆخێکـەوە ناتوانیـن گفتوگـۆ لەگـەڵ هیـچ دەوڵەتێکـی دیکـەدا بکەیـن. زۆر خـراپ دەبێـت'. ئـەو وەڵامـی دامـەوە کـە: 'ئەگـەر ئەمریـکا قەبووڵـی نەکـرد، دابـەش دەبـن. بۆیـە بـە روونکردنـەوەی کێشـەکە یـان روونەکردنـەوەی هیـچ زیانێکتـان پێنـاگات و ئەنجامەکەشـی هەمان شـتە'، بـەڵام ئـەوەم روونکردنـەوە ئەگـەر ئێمـە بـە روونـی داوای یارمەتـی ئەمریکا بکەیـن، حکومەتـی ناوەنـدی، ئێمــە بــە فرۆشــتنی وڵات و گەلەکەمــان تۆمەتبــار دەکات.

گوتــم بۆیــە ســەرەتا حکومەتێکــی مەشــروع و دواتــر پێویســتمان بــە ئەنجوومەنێکـی گـەل هەیـە. دواتـر باسـی ئـەو پڕوپاگەندەیـەی کـرد کـە پێنـج سـاڵە لەسـەرمان دەکرێـت و گوتـی بـۆ ئـەوەی ئـەو بۆچـوون و پڕوپاگەندانـە لای زۆرینـەی خەڵـک راسـت بکرێنـەوە، بانگهێشـتی شـاندێک بکـەن لـە کۆنگرێسـی ئەمریـکاوە. [88]

هەربۆیـە پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم بە کـۆی دەنگ تەلەگرافێکی بەوشـێوەیە بنووسـین و شـاندێک بانگهێشـت بکەیـن. لـەو تەلەگرافـەدا بەرلـەوەی بڕیـاری یەکلاکـەرەوە بـدەن، تـکای ئـەوە بکەیـن کـە بـۆ یـەک جـار بێنـە وڵاتەکەمـان و خۆیـان راسـتییەکان ببینـن. ئـەم پێشـنیازە دەخەمـە بـەردەم دەسـتەی بـاڵا.

- پاشــای رێبــەر: کەوابــێ بەڕێــزان ناردنــی تەلەگرافــی بانگهێشــتکردن قەبــووڵ دەکــەن؟

(بە کۆی دەنگ پەسەند کرا).

- ئەحمـەد نـووری بـەگ: کەواتـە دەبـێ لـە ئەنجوومـەن تەلەگرافێـک ئامادە بکرێـت و لـە دەسـتەی گشـتی بخوێنرێتەوە.

- فازڵ پاشا: هۆکاری خوێندنەوەی لە دەستەی گشتی چییە؟

88 - ئـەو گەلـە ناتورکانـەی کـە رەئـوف بـەگ وەک "رەعیەتەکەمـان" ناویـان دەبـات، بەتایبـەت مەبەسـت لێـی کریسـتیانەکانن. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە رۆمـی، ئەرمـەن و ئەوانـی دیکـە و کوردەکانیشـی خسـتووەتە نێـو ئـەو چوارچێوەیـە.

- ئەحمەد نووری بەگ: بۆچوونی من ئەمەیە، بەڕێزم.
- پاشای ڕێبەر: ئەم پێشنیازە گونجاوە بەڕێزان؟
(دەنگیان هەڵبڕی، گونجاوە)"[89]

## 7. ئەو تەلەگرافەی مستەفا کەمال و هاوڕێیەکانی بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاری بە ناوی کۆنگرەی سیڤاسەوە ناردیان بۆ سێناتی ئەمریکا

لەبارەی ئەو گەنگەشانەی لە کۆنگرەدا کران، تەلەگرافێک بۆ کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نێردرا، تەلەگرافەکە بەم شێوەیە بوو:
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پیران
کۆنگرەی سیڤاس کە نوێنەرایەتی سەرجەم موسڵمانانی ناوچەی رووملی و ئەنادۆڵ دەکات، هاوکات بە بەشداری نوێنەرانی تەواوی شارەکانی رووملی و ئەنادۆڵ، لە چواری ئەیلوولی 1919 پێکهات. ئامانجەکانی ئەمانەن. بەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووی زۆرینەی گەل، پاراستنی سەرجەم کەمینەکان، دەستەبەرکردنی دڵنیایی گیانی و دادپەروەری بۆ سەرجەم هاونیشتمانیان.
کۆنگرەی نەتەوەیی سیڤاس کە گوزارشت لە بۆچوونی زۆرینەی گەلی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەکات، لە 9ی ئەیلوولی 1919 ئەو بڕیارەی داوە و بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. بنەماکانی نێو ئەو بڕیارە رۆشنایی دەخەنە سەر کۆنگرەی سیڤاس. بەر لەوەی کۆنگرەکە تەواو ببێت، ئەو کۆمیتە ناوەندییەی کە لەنێو ئەندامانی خۆیدا هەڵیاندەبژێرێت و تەواوی ئەو دەستە و دامەزراوانەی نێو ئیمپراتۆری کە لە داهاتوودا هەڵدەبژێردرێن، بەپێی ئەو بڕیارە، ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی لێ دەکرێت،

---

89 - Sivas Kongresi Tutanakları, s. 73-75

کۆنگـرەی میللـی سـیڤاس ئەمـڕۆ بەکـۆی دەنـگ ئـەوەی پەسـەند کـرد کـە ئـەم تکایـە لە ئەنجوومەنی پیرانـی ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا بکەین. خوازیـاری ئەوەیـن کۆمیتەیـەک لـە ئەندامانتـان بـۆ هەمـوو سـووچێکی خاکـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی بنێرن. پێویسـتە ئـەو کۆمیتەیـە بەرژەوەندی تایبەتـی نەبێـت و لـە حوکـم و بارودۆخـی ئیمپراتۆریی عوسـمانی ورد ببێتەوە و چـاوی پێـدا بخشـێنێت. ئەمـەش بـۆ ئـەوەی دەرفەتێـک بـە بڕیاردانـی ئارەزوومەندانـە بدرێـت وەک پێویسـتییەک بـۆ رێککەوتنـی ئاشـتی لەسـەر خاکـی دەوڵەتـی عوسـمانی.
بەناوی کۆنگرەی سیڤاس:

سەرۆک: مستەفا کەمال پاشا
جێگری سەرۆک: حوسێن رەئوف بەگ
دووەم جێگری سەرۆک: ژەنەراڵی خانەنشین ئیسماعیل فازڵ پاشا
نووسەر: ئیسماعیل حامی
نووسەر: م. شوکرو" [90]

وەک دەردەکـەوێ، جگـە لـە مسـتەفا کەمـال پاشـا، سـەرجەم ئەوانـەی کـە تەلەگرافیـان بـۆ ئەنجوومەنـی پیرانـی ئەمریـکا نـاردووە، لـە کۆنگـرەی سـیڤاس لایەنگـری ئینتیـداب بـوون. لێـرەدا پێویسـتە هەڵوەسـتە لەسـەر خاڵێکـی گرنـگ بکەیـن. لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کرد کە لە دۆسـیە تایبەتەکانـی بەڕێـز بـراون دا، یەکێـک لـە نوسـخە ئۆرژیناڵەکانی ئـەو داوایەی بـۆ ئەنجوومەنـی پیرانـی ئەمریـکا نێـردراوە، دۆزراوەتـەوە. هـەر خـۆی لـە قسـەکانی رەئـوف بـەگ دا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە لەسـەر پێشـنیازی بەڕێـز بـراون ئـەو بانگهێشـتنامەیە بـۆ ئەنجوومەنـی پیرانـی ئەمریـکا

90 - بۆ ئەم بەڵگانە بڕوانە:
Ali Fuat Cebesoy, Milli Mücadele Hatıraları, 1953, s. 175

نێـردراوە. دۆزینـەوەی ئۆرژیناڵـی ئـەو تەلەگرافـە لەنێـو دەستنووسـە تایبەتەکانـی بەڕێـز بـراون دا هیـچ گومانێـک بـۆ ئـەوە ناهێڵێتەوە کە شـاندە ئەمریکییـەکان چەنـدە کاریگـەر بوونـە بەسـەر کۆنگـرەی سیڤاسـەوە.

## 8. دیداری مستەفا کەمال پاشا و ژەنەراڵ هاربۆرد

شـاندی هاربـۆرد، شـاندێکی 46 کەسـی بـوون. فراوانترین شـاندی ئەمریکی بـوو. لـە 15 سـەرباز و 31 کەسـی سـیڤیل پێکهاتبـوو. ئەوانـە ئـەو ئەمریکییانـە بـوون کـە لە فەرەنسـا سـەر بـە هێزەکانـی وڵاتەکەیـان بوون. بەشێکیشـیان کەسانێکی بـە ئەزمـوون بـوون کـە لـە دەسـتەی هـاوکاری سـەرۆکایەتی هۆڤـەرەوە هاتبـوون. شـاندی ژەنـەراڵ هاربـۆرد لـە 24ی ئابـی 1919دا لـە فەرەنسـاوە بەڕێکەوتـن. لـە دووی ئەیلـوول گەیشـتنە ئیسـتەنبووڵ. شـاندەکە چـوار رۆژ لـە ئیسـتەنبووڵ مانـەوە و لـە 7ی ئەیلـوول لـە حەیدەرپاشـاوە بـە ئاراسـتەی ئەدەنـە کەوتنەڕێ. ئەو شـاندەی دەگاتـە ئەدەنـە لـەوێ بـۆ دوو گـرووپ دابـەش دەبـن. بەشـێکیان بـە ئاراسـتەی سـیڤاس کـە ژەنـەراڵ هاربـۆرد خۆیشـی لەگەڵیاندایـە، ئەوانـەی دیکـەش ئاراسـتەی کوردسـتان و ئەرمینیـا دەگـرن.
ئـەو رۆژەی بـراون سـیڤاس بەجێدەهێڵێـت، شـاندەکەی هاربـۆرد دەگاتـە ئـەوێ. لـە 15ی ئەیلـوول دوو ئەفسـەری نێـو شـاندەکەی هاربـۆرد سـەردانی مسـتەفا کەمـال پاشـا و رەئـوف پاشـا دەکـەن. پاشـان ئەوانیش سـەردانیان دەکەنـەوە. لەو دیـدار و سـەردانانەدا زەوینـە و وادەی دیـداری مسـتەفا کەمـال پاشـا و ژەنـەراڵ هاربـۆرد ئامـادە کـرا و دیـاری کـرا. دیدارەکـە کەوتـە رۆژی 20ی ئەیلوولـی 1919. [91]
لـەو دیـدارەدا ژەنـەراڵ هاربـۆرد هەمـان قسـەکانی بەڕێـز بـراون بـۆ

---

91 - بۆ ئەو دیدارانە بڕوانە:
Fethi Tevetoğlu, Milli Mücadelede Mustafa Kemal Paşa- General Harbord Görüşmesi, Türk Kültürü, s. 80, Haziran 1969, s. 525-545

مسـتەفا کەمـاڵ پاشـا دووپـات دەکاتـەوە کـە ئەمریـکا نـە لـە ئەرمینیـا و نـە لـە ئەنـادۆڵ ئینتیـداب قەبـووڵ نـاکات، بـەڵام دەشـڵێت کـە لـە بەرامبـەر داکشـانی بەلشـەڤیکەکان بـە ئاراسـتەی قەفقاسـیا، پشـتیوانی لـە مسـتەفا کەمـال پاشـا و هاوڕێیەکانـی دەکـەن. بەڵێنـی ئەوەشـی پێـدەدات کـە لەبـارەی بزووتنەوەکـەی ئـەوان راپۆرتـی ئەرێنـی دەداتـە ئەمریـکا. مسـتەفا کەمـال باسـی ئـەوە دەکات کـە هیـچ پەیوەندییەکیـان لەگـەڵ بەلشـەڤیکەکان نییـە و نابێـت، دەیـەوێ دەوڵەتێـک لەسـەر بنەمای سیسـتمی سـەرمایەداری دابمەزرێنێـت. دەڵێـت بـەڵام بەریتانیـا ناهەقـی بەرامبـەر کـردوون و پێویسـتە ئـەو ناهەقیانـە نەمێنـن. دەمانەوێ ئـەوە لە بەریتانیـا بگەیێنیـن کـە چەنـدە ناهەقـن لـەوەی خەتابارمـان دەکـەن گوایـە هەسـتی دووژمنکارانەمـان بەرامبەریـان هەیـە. لـەو سـەروبەندەدا کـە لـە رووسـیا بەیاننامـە بـۆ گەلانـی دنیـا لەلایـەن حکومەتـی کاتیـی رەنجبـەران و کرێکارانـەوە بڵاودەکرێنـەوە، ئـەم قسـانەی مسـتەفا کەمـال پاشـا زۆر گرنگـن.

ژەنـەراڵ هاربـۆرد تـکا لـە مسـتەفا کەمال دەکات ئەو قسـانەی خـۆی بکاتە راپۆرتێـک و بیداتـێ. مسـتەفا کەمـال پاشـا ئـەو داوایـە بەجێدێنێ و بەشـێک لـە قسـەکانی لـە چوارچێـوەی راپۆرتێکـدا رێکدەخـات و دەیداتـە ژەنـەراڵ هاربـۆرد. بەشـێک لـەو راپۆرتـە کـە لـە 24ی ئەیلوولـی 1919 نووسـراوە، بـەم جۆرەیـە: [92]

"... ئەوکاتـەی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە 30ی ئۆکتۆبـەر واژۆی لەسـەر ئاگربەسـت کـرد، هێشـتا کۆمەڵەکەمـان دانەمەزرابـوو.

ئـەم کۆنگرەیـە (کۆنگـرەی سـیڤاس) بـە پشتبەسـتن بـە بنەماکانـی گـەل کـە سـەرۆک ویڵسـن بـە روونـی گوزارشـتی لێکـردووە، هیـوای زۆری بـەوە هەبـوو ئاشـتەواییەکی دادپەروەرانـە دابیـن ببـێ و بـەم شـێوەیەش

92 - بۆ راپۆرتەکە بڕوانە:
Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri, s. 74-84

چاوەڕوانی ئەنجامە خوازراوەکەی بووین، بەڵام لە زەوینی کەتواری(واقع) دا کاتێک دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئاگربەست، دەوڵەتانی هاوپەیمان هەموو ڕۆژێک هێرشەکانیان زیاتر دەکرد و بەندەکانی ئاگربەستیان بە خواستی خۆیان پێشێل دەکرد. ئەو پێکهاتە ناموسڵمانانەی کە لە سەردەمانێکی زووەوە پێکەوە ژیاوین، دەوڵەتانی هاوپەیمان بە سوود بینین لەو سۆزەی بۆ ئەوان هەیانە، دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر پێگەی دەوڵەت و خەڵکی ئێمە.

... هەریەکە لە ئیستەنبووڵ، ئەدەنە، ئەنتاڵیا، کۆنیا، ئیزمیر، تراکیا و چەند ناوچەیەکی دیکە داگیرکراون.

هەوڵدەدرێت کۆمەڵەی پۆنتوسی ئەرمەنی و ڕۆمی دروست بکرێت... ئەوە شتێکی سرووشتییە کە گەلی تورک بەو هەلومەرجە و بەو هەوڵانەی دژ بە یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی و مافەکانی ئێمەن، کاریگەر بێت. (93)

لەو کۆنگرە گشتییەدا، لەو سەروبەندەدا کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی هاوپەیمان ئاگربەست واژۆ کرا، ئەو ناوچانەی ئیمپراتۆری کە تورک تێیدا زۆرینەن، بەهۆی ئەوەی هاوباوەڕن و وەک یەک جەستەن، ئەو یەکانگیرییە چەسپا و هەر بەوجۆرەش دەمێننەوە. ئەو ئەنجوومەنەی ناوی 'کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئەنادۆڵ و روومەلی' بوو، ئەرکی پاراستنی خاکی وڵاتی دایکی لەئەستۆگرت کە ڕۆڵەکانی ئەم خاک و گەلە پێکیانهێناوە و ئەوەش سەرچاوەی هێزی ئێمە بوو. ... نیازە بنچینەیی و پاکەکەمان بەدوورە لە هەر جۆرە هێرشێک دژی وڵاتانی هاوپەیمان. (94)

---

93 - ئەگەر سەرنج بدەن، مستەفا کەمال باس لە یەکپارچەیی خاکی تورک دەکات. وەک دەزانرێت ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ئەرمینیا و لە کوردستان، لە جیهانی عەرەبی و باڵکانیش هێزی داگیرکەر بوو. مستەفا کەمال هیچ قسەیەکی بۆ جیهانی عەرەبی و باڵکان نییە. تەنیا نیازی وایە کوردستان و ئەرمینیا کە بە میرات لە ئیمپراتۆریی عوسمانی ماونەتەوە، بۆخۆی بهێڵێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە دۆخی داگیرکردنی کوردستان و ئەرمینیا نادیدە دەگرن و ئەو شوێنانەش وەک خاکی تورک حسێب دەکەن.

94 - باسی ئەوەمان کرد کە مستەفا کەمال هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسا نەبووە، هەموو کێشەی ئەو ئەرمەن، ڕۆم و کورد بوون.

سەرباری ئەمەش، بۆ ئێمە کارێکی حەتمییە دژی هەر هێرشێک دەوەستینەوە کە بکرێتە سەر مافەکانمان.
فەرید پاشا و هاوڕێیەکانی پێیانوابوو ئەگەر کابینەکەیان لە هەلومەرجی دەستووریی ئازادانەدا بەردەوام بێت و پشت بە هێزە نەتەوەییەکان ببەستن، هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ نامێنێتەوە. بەوهۆیەوە عەقڵیەتی خێڵەکی خۆی بەسەر مافە سرووشتی و شارستانییەکاندا سەپاند و بۆ ئەمەش هێز و رێکخراوە نەتەوەییەکانیان سەرکوت کرد. یەکێک لە چەکەکانی دەستی ئەوانیش ترسی خەڵک بوو لە ئیتیحادییەکان. ئەو ئیتیحادییانە ناوبانگێکی خراپیان لە جیهاندا هەیە لەڕووی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە کە کەوتوونەتە هەڵدێرێکەوە لێدەرچوونی سەختە.
ئەو حکومەتەی ئێستا لەسەر بنەمای ئەو ترسەیە، حکومەتی ئێستا بێ هوودە هەوڵدەدات بزووتنەوەکەمان کە دوورە لە هەر ئامانجێکی کەسی و تەنیا دەیەوێ ئامانجە نەتەوەییەکان بەدی بهێنێت، دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە پەیوەندی بە ئیتیحادییەکانەوە هەیە. (95)
چەکەکەی دیکە کە کابینەی حکومەت دەستی پێوە گرتووە، ترسی بەلشەڤیزمە. خۆیان لەوە نابوێرن کە لەو هۆشدارینامانەی دەیدەنە پارێزگارەکان، بڵێن بەلشەڤیکەکان هاتوونەتە ئەنادۆڵ و ئەوانن کە ورەیان وەبەر جووڵانەوەکەی ئەنادۆڵ ناوە.
لە راستیدا، ئەنجامی ئەو کارەساتەی کە ئیتیحادییەکان بەسەر وڵاتەکەمانیان هێنا، زۆر باشتر لە فەرید پاشا و هاوشێوەکانی دەزانین. ئامانجی ئێمە ئەوەیە بە وریایی و ئاگاییەکی زۆرەوە هەنگاو بنێین و رێگەی گەیشتن بە رزگاری و خۆشگوزەرانی بدۆزینەوە، بۆیە لەنێوان

95 - سەرباری ئەوەی مستەفا کەمال لەسەر ئەو میراتە دەڕوات کە لە ئیتیحاد و تەرەقی بۆی مایەوە، کەچی دەیەوێ جیاوازی نێوانیان زیاتر بکات. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری بنچینەیی. دەوڵەتانی هاوپەیمان، بەتایبەت بەریتانیا، دووژمنایەتییەکی زۆری ئیتیحادییەکانیان دەکرد. بۆیە مستەفا کەمال پاشا وەک کەسێک کە پەسەندکراوی ئینگلیزەکان بێت، نیشاندەدەن. دووەم ئیتیحادییەکان لەو رۆژانەدا کە ئەو دیدارانەی تێدا بەڕێوەدەچوون، لە هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییان بوون لەگەڵ بەلشەڤیکەکان، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکەی ئەنادۆڵ لە دژی ئیتیحادییەکان، وای لە مستەفا کەمال کرد وەکو سەرۆکێکی شایەنی هەڵبژاردن دەربکەوێت.

ئێمە و ئیتیحادییەکاندا هیچ رایەڵ و پەیوەستییەک نییە. بۆ پرسی بەلشەڤییەکانیش، ئەم فکرە بەهیچ شێوەیەک لێرە جێی نابێتەوە، ئایین و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیمان گونجاو نین بۆ بنەجێبوونی فکری لەوجۆرە. لە تورکیاش نە سەرمایەداری گەورە و نە بەملیۆنان پیشەساز هەن. لەلایەکی دیکەوە کێشەی کشتوکاڵ و کشتکاریمان نییە. وەک دوایین شتیش لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە بنەما ئایینییەکانمان بەلشەڤیزم قبووڵ ناکات. خاڵی سەلمێنەری ئەوەی کە گەلی تورک هیچ هاوسۆزییەکی لەگەڵ ئەو بڕوایە نییە و بگرە هەر کاتێک پێویست بووبێت دژیشی وەستاوەتەوە، ئەوەیە کاتێک فەرید پاشا بانگەشەی ئەوەی کرد کە بەلشەڤیزم وڵاتی داگیرکردووە، خەڵك بەجارێ شێتگیر بوون".

مستەفا کەمال پاشا لەو راپۆرتەدا کە دایە ژەنەراڵ هاربۆرد، دواتر باس لەو هەوڵانە دەکات کە لەگەڵ ئینگلیزەکان داویەتی. گلەیی ئەوە دەکات کە هاونیشتمانیانی عوسمانی بە تۆمەتی ئیتیحادیبوون دەستگیرکراون. لەبارەی کێشەی کوردیشەوە دەڵێت:

"... بۆ ئەوەی ئیمپراتۆری دابەش بکەن، لەپێناو ئەوەی شەڕ لەنێوان کورد و تورک بەرپا بکەن، کوردیان هاندا بۆئەوەی لەژێر چاودێریی ئینگلیزدا پلانی دامەزراندنی کوردستان دابڕێژن. ئەو تێزەی خرایەڕوو، هەرچۆنێک بووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. (96)

بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانەش بە ئەنجام بگەیێنن پارەیەکی زۆریان خەرج کرد. هەموو هەوڵێکی سیخوڕانەیان دا، هەر دەستبەجێش سیخوڕیان ناردن. بەو مەبەستەش ئەفسەرێکی ئینگلیز بە ناوی نوئێڵ ماوەیەکی زۆر لە دیاربەکر مایەوە و هەموو هەوڵێکی ساختەکارانە

96 - ئەگەر سەرنج بدەن، کاتێک دەڵێن "دابەشکردنی ئیمپراتۆری" بەهیچ شێوەیەک باس لە عەرەب ناکەن. باس لە پەیوەندی تورک و عەرەب ناکەن. تەنیا بەهەستیارییەکی زۆرەوە هەڵوەستە لەسەر کورد دەکەن. ئەمە دەریدەخات کە مستەفا کەمال، هەمان سیاسەتی ئینگلیزی پەیڕەو کردووە بەرامبەر عەرەب. لە خاڵێکی گرنگ و هاوبەشی بەوشێوەیەدا کار لەسەر ئەوە دەکەن پێکەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەن.

و هەڵخەڵەتاندنی دەدا، بەڵام هاونیشتمانییە کوردەکانمان بەو گەلەکۆمەیەیان زانی و ئەو و هەموو ئەو کەسانەیان دەرکردن کە ویژدانی خۆیان بە پارە فرۆشتووە. بەڕێز نوئێل کە لە دیاربەکر نائومێد بوو، لەگەڵ کەسانێکی نێو خێڵی بەدرخان کە خۆیان بە پارە فرۆشتووە، لەوانە کامەران جەلادەت و جەمیل پاشازادە ئەکرەم دیاربەکری لەگەڵ گرووپێکی هەلپەرست دا چوونە مەلاتییە. [97]
ئەو هەوڵانەی لێرە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەدرێن، بەهەمان شێوە کامیل بەگیش کە سەر بە خێڵی بەدرخانیانە، هەوڵی بۆ دا.
لەلایەکی دیکەوە، عادل بەگ، وەزیری کرێکاران کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە، هەروەها پارێزگاری خارپێت غالب بەگ کە داردەستی شەفیق پاشای وەزیری جەنگە و بەهەمان شێوە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە، دژی بزاڤی نەتەوەیی و بەتایبەتیش دژی کۆنگرەی سیڤاس، یەکیانگرت. خۆی و هاوڕێیەکانی دەستیان بە بانگ و هاواری ئەوە کرد کە گوایە 'سەربازە ئەرمەنەکان وڵاتمان داگیر دەکەن، چەک هەڵگرن!' بەم شێوەیە ویستیان هاونیشتمانییە کوردە ساویلکەکانمان بۆ ڕاپەڕین دنەبدەن. [98]
ئەم پیلانە خراپە سێ ئامانجی هەبوو. دنەدانی کورد، لەنێوبردنی هێزە نەتەوەییەکان و دروستکردنی هۆکار بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوان

---

97 - مستەفا کەمال هەمیشە هەوڵی ناشرینکردنی ئەو ماڵباتانەی داوە کە بۆ سەربەخۆیی خاکی کوردستان دژی داگیرکاری عوسمانی خەباتیان کردووە. دەڵێت "ئینگلیزەکان ئەوانیان بە پارە هەڵخەڵەتاندووە". ئەوە لەکاتێکدا هەموو ئەو سەرهەڵدانانەی کورد لە سەدەی 19 دا دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی کران، بە هاوکاریی ئینگلیز سەرکوتکراون. سیاسەتی دووژمنکارانەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لەدژی شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان لەبەرچاوانە.
(98) مستەفا کەمال، ڕەفیق پاشا، وەزیری جەنگ و غالیب بەگ، پارێزگاری خارپێت، بۆئەوەی کورد دنە بدەن دروشمی "ئەرمەنەکان وڵاتیان داگیرکرد" بەکاردەهێنن. لەکاتێکدا ئەوە قوەی میللییەتچییەکانن کە بە دروشمی "کوردستان دەدرێتە ئەرمینیا" دەیانەوێ کورد بخەڵەتێنن و بەلای خۆیاندا ڕایانکێشن. لێرەدا دەردەکەوێ کە هەموو پاشاکانی عوسمانی بە ئەرمەنەکان هەڕەشەیان لە کورد کردووە و خەڵەتاندوویانن. ئەوەش سەرنجڕاکێشە کە کوردیان بە "ساویلکە" زانیوە. "هاونیشتمانییە کوردە ساویلکەکانمان".. دەسەڵاتی تورکی هەمیشە وا بیری لە کورد کردووەتەوە کە ساویلەکەیە و هەمیشە ئامادەن بۆ هەڵخەڵەتاندن.

ڕۆڵەکانی هەمان نەتەوە". لەو ڕاپۆرتەدا کە مستەفا کەمال پاشا دایە ژەنەراڵ هاربۆرد، دواتر زانیاری لەبارەی ئەرمەنەکانەوە دەخاتەڕوو. دەڵێ "هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆماری ئەرمینیاوە نییە کە پایتەختەکەی یەریڤانە". باسی ئەوەش دەکات کە ئەرمەنەکان موسڵمانەکانیان ئازارداون.

"... ئینگیزەکان لە سەروبەندی ئەو بزاوتانەدا لەلایەک دنەی ئەرمەنەکانیان دژی موسڵمانەکان دەدا، لەلایەکی دیکەوە دەستدرێژییەکانی ئەرمەنیان لەسەر ئێمە حساب دەکرد. ئەمە ئەو هەڵسوکەوتانەن کە بەرگە ناگیرێن. هێرشیان دەکردە سەر دەوڵەتی دراوسێ (کۆماری ئەرمینیا) و زۆریان لە ئێمە دەکرد بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕاستییەکان دەردەکەون، بەرگەی دنەدانی ئەرمەنمان گرت. پێدەچێت درکمان بە تووڕەیی ئینگلیز نەکردبێت. بیرمان لەوە کردەوە کە دەتوانین پیلانی ئینگلیز ئاشکرا بکەین بەوەی کە هانمان دەدەن بۆ هێرشکردنە سەر ئەرمەنەکان و بەوهۆیەشەوە ئەو دۆخ و کەشە دەسازێنن کە بەرژەوەندی خۆیانی لێوە وەدەست دێت. هەموو ئەو مانۆڕانەی ئینگلیز، دوای ئەوە هاتن کە زانییان ناچارن ناوچەی قەفقاس چۆڵ بکەن".

"دەبیستین کە ئازەری و ئەرمەنەکانی یەریڤان پێکداهەڵپژاون. پێموایە ئەمەش بەهۆی ڕازینەبوونی ئەرمەنەکانە بەو هاوپەیمانییەی لەنێوان ئازەربایجان و جۆرجیا واژۆکراوە و لەژێر چاودێریی بەریتانیادایە و وەک گوشارێکە بۆ سەر باشووری ڕۆژهەڵات.

بە ئامانجی شێواندنی سرووشتی بزاڤە نەتەوەییەکەمان، ئینگلیزەکان دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە جارێک دەڵێن ئێمە پارەمان لە ئەڵمانەکان، یان بەلشەڤیکەکان، یان موسڵمانانی بیانی و لە ئیتیحادییەکان وەرگرتووە و جارێک دەڵێن لە ئەنوەر پاشا و نازانم لە کێ پارەمان وەرگرتووە. ئەو دەنگۆیانە بە سوودی کابینەکەی فەرید پاشان، بەڵام هەموو ئەمانە درۆن. خەزێنەی ئێمە سەربەخۆیی گەلەکەمانە کە دەزانێت بەهای نیشتمانپەروەری چییە.

وڵاتانی ئەوروپا دوای ئاگربەست پێیانوابوو کە لە تورکیا گەلێک نییە هەستی بە مافەکانی خۆی کردبێت و ئامادەی بەرگریکردن بێت لێی، بەمەش کەوتنە هەڵەوە. مامەڵەی وڵاتێکی مردوو، بێ خوێن و نەخۆشیان بە گەلەکەمان رەوا بینی. لە کۆنفرانسی ڤێرسای بڕیاری ئەوەیان دا کە وڵاتەکەمان پارچە پارچە بکەن و بە راست و چەپ بیبەشنەوە. سوپاس بۆ خودا ئەو بڕیارە نالۆژیکییە کە کارەساتێکی تازە دەبوو بۆ مرۆڤایەتی، هەڵوەشایەوە. [99]

لەگەڵ ئەوەش دا بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئەمریکی پەیوەست بە چارەنووسی ئێمە و وابەستەبوونیان بە روانگەکانی خۆیان بۆ ئێمە مایەی سوپاسگوزارییە. ئەو باوەڕە ناسیۆنالیستی و پرەنسیپە بنچینەییانەی لەلایەن گەلی ئەمریکاوە خراونەتەڕوو، بووە هۆکاری کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە جیهانییەی کە هەر مایەی خوێنڕێژی و مەرگ و فرمێسک بوو. متمانەیەکی پتەومان بەوەیە کە لە سایەی بڕیارە مرۆڤانەکانی ئەمریکا ئاشتییەکی هەمیشەیی و تەواو دەستەبەر دەبێت و بارودۆخی گونجاو دێتە ئاراوە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە گەلی ئەمریکی و ئەنجوومەنی ئەمریکی کە نوێنەرایەتی شارستانی و ماف و دادگەری دەکات، ئەوەی بۆ روونبووەتەوە کە گەلی تورکی دڵپاک بەپێی پێویست پەیوەستن بە شارستانییەوە.

... هەروەها دەمانەوێ ئەوەش بخەینەڕوو کە بۆ ئەوەی رزگارمان ببێت لە قوربانیبوونی ناهەق و بۆ گەشەکردنمان، پێویستمان بە هاوکاری گەلێکی بەهێز و بێلایەنە.

---

99 - یەکێک لەو بانگەشانەی کەمالیستەکان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، "هەوڵەکانی دابەشکردنی وڵاتی دایک"ـە. وڵاتی دایک، ئەو بەشە خاکەیە کە کاتی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا بووە. کەمالیستەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو خاکە کوردستانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە وەک لە داهاتوودا دەیبینین، میساقی میللی بەو شوێنانە دەگوترێت کە کورد و تورک پێکەوە لەسەری دەژین، بەڵام کەمالیستەکان کە زوو زوو جەخت لەسەر "پارچەنەبوونی وڵاتی دایک" دەکەنەوە، بەشێک لەو خاکە بە هاوکاریی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسا دابەش دەکەن و بەشبەشی دەکەن. لەو رووەوە پێویستە بە وردی هەڵوەستە لەسەر بیر و هەڵسوکەوتی کەمالیستەکان بکرێت. بۆ ئەمەش دەبێ لە رەهەندی کات و لە رەهەندی شوێنەوە بنرخێنرێت.

ئـەو پرەنسـیپانەی ویڵسـن کـە نوێنەرایەتـی پرەنسـیپی ناسیۆنالیسـتی دەکـەن و لەلایـەن گەلـی ئەمریکییـەوە قبووڵکـراون، هەروەهـا ئـەو رۆح و حەقانیەتـەی کـە سـەرکەوتنی ئـەو پرەنسـیپانە مسـۆگەر دەکـەن، ئومێدێکـی گەورەیـە بـۆ ئێمـە"...

ئەمـە کورتـەی ئـەو راپۆرتەیـە کـە مسـتەفا کەمـال دایـە ژەنـەراڵ هاربۆرد. لـەو راپۆرتـەدا وەک دەوڵەتێـک کـە "بێلایـەن، دادپـەروەر، مرۆڤانـە، پەیوەسـت بـە پرەنسـیپەکان" ـە، داوای هـاوکاری لـە ئەمریـکا (ئینتیدابـی ئەمریکـی) دەکات. [100]

هـەر خـۆی ئـەو نووسـینە هیـچ جیاوازییەکـی نییە لەگـەڵ ئـەو بۆچوونانەی لـە کۆنگـرەی سـیڤاس لەلایـەن ئەندامانـی وەکـو (بەکـر سـامی بـەگ، ئەحمـەد نووسـی بـەگ، وەسـفی بەگ، شـوکرو بەگ، فـازڵ پاشـا) خرانەڕوو. سـەرباری ئـەوەی شـتەکە هێنـدە روونـە، کەچـی دۆغـان ئاڤجیئۆغڵـو و چەنـد نووسـەرێکی دیکـەی کەمالیسـت، باسـی ئـەوە دەکەن کە "مسـتەفا کەمـال لـە کۆنگـرەی سـیڤاس دژی ئینتیدابـی بەریتانـی شـەڕێکی کاریگەری کـرد". ئـەوان دەڵێـن ئـەم جـۆرە نووسـینانەی مسـتەفا کەمـال هـەر "تاکتیک"ێـک بـووە [101] چونکـە دەیزانـی کـە ئەمریـکا ئینتیـداب قەبـووڵ نـاکات.

ئەدمیـراڵ بریسـتۆڵ لـە 12ی ئەیلوولـی 1919، واتـە دوای کۆنگـرەی سـیڤاس لـەو تەلەگرافـەدا کـە بـۆ واشـنتن دەینێرێـت، بەوشـێوەیە ئـەو دۆخـە دەخاتـەڕوو:

"... کۆنگـرەی سـیڤاس بەکـۆی دەنـگ داوای ئینتیدابـی ئەمریکـی دەکـەن، بـەڵام هاوپەیمانـان ئـەو دەنگۆیەیـان بڵاوکردووەتـەوە کـە کۆنگرەکـە داوای هیـچ جـۆرە ئینتیدابێکـی نەکـردووە، هیـچ هانـدان و پشـتیوانییەکیان لـە ئەمریـکا نەدیـوە و ئەگـەر داوای ئینتیدابیـش بکـەن، هیـچ دڵنیاییەکیـان

100 - Mehmet Gonlübol-Cem Sar, Olaylarla Türk Dış Politikası (1919-1973), ‗çüncü baskı, SBF, 1974, s. 19

101 - Doğan Avcıoğlu, Milli Kurtuluş Tarihi, Cilt I, s. 260

لـە ئەمریـکا وەرنەگرتـووە بـۆ قەبووڵکردنـی، بۆیـە بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس پەسـەند دەکـەن. ئەگـەر ئەمریـکا قەبووڵکردنی ئینتیدابـی تورکیا رابگەیێنێـت، کۆنگـرەی سـیڤاس ئـەوە رادەگەیێنێـت کـە تورکیـا بەبـێ یارمەتـی دەرەوە هێـزی پێشـکەوتنی نییـە، بۆیە کۆنگـرە داوای هـاوکاری لە ئەمریـکا کـردووە". (102)

## 9. دیداری کازم قەرەبەکر پاشا لەگەڵ ژەنەراڵ هاربۆرد

شـاندەکەی ژەنـەراڵ هاربـۆرد لـە 25ی ئەیلوولـی 1919دا گەیشـتە ئـەرزڕووم. لەلایـەن پارێـزگار غالـب بـەگ و کازم قەرەبەکـر پاشـاوە پێشـوازییان لێکـرا (103). بـۆی بـاس دەکـەن کـە ئـەرزڕووم "تورکـی کـوڕی تـورک"ن. بۆچوونـی کازم قەرەبەکـر پاشـا و هاربـۆرد لەبـارەی ئینتیدابـەوە جێـی سـەرنجن:

- هاربـۆرد: ئەمریـکا دەیـەوێ بـە پـارە هاوکاریـی تورکیـا بـکات. لـەو دیدارانـەی لەگـەڵ دەستڕۆیشـتووان و خەڵـک کردوومانـن، لـەوە تێگەیشـتووین کـە ئـەو یارمەتییە پێشـوازی لێدەکرێت. بـەڵام بۆ پاراسـتنی ئـەو سـەرمایەگوزارییە پێویسـت دەکات بڕێـک سـەربازیش بێنیـن.

- قەرەبەکـر: بـە هێنانـی سـەرمایەکەتان ئێـوە و گەلـی تورکیـاش سـوود دەبینێـت. ئەمـە مانـادارە، بـەڵام سـەرباز بـۆ، ئەمـە چ مانایەکـی هەیـە؟

---

102 - نێوەڕۆکـی ئـەو راپۆرتـەی کـە ئەدمیـراڵ بریسـتۆڵ، کۆمیسـەری باڵای ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا داویەتییـە حکومەتـی وڵاتەکـەی گرنگـە. رۆشـنایی دەخاتە سـەر گەنگەشـەکان لەبارەی ئینتیدابەوەو، پێویسـتیی یارمەتییـە دەرەکییەکان بـاس دەکات.

103 - رێوڕەسمی پێشوازیکردنی کازم قەرەبەکر لە ژەنەراڵ هاربۆرد بەم شێوەیە بوو:

1. زیافەتـی چـای کـە لەلایـەن فەرمانـدەی فەیلـەق حەزرەتـی پاشـاوە پێشـکەش دەکرێت. لـەو کاتەشـدا گۆرانی و یـاری و ئاهەنـگ لەلایـەن رۆڵەی شـەهیدانەوە.
2. ئەسپسواری.
3. تۆپی پێ.
4. یارییە میللییەکان و زۆرانگرتن.
5. نانی نیوەڕۆ.

- هاربـۆرد: بـۆ کاتـی پێویسـت و پاراسـتنی ئـەو سـەرمایەگوزارییە لـە دۆخێـک، بڕێکـی پێویسـت سـەرباز دەهێنرێـت.

- قەرەبەکـر: دەترسـن سـەرمایەکەتان لـە تورکیـا تـاڵان بکرێـت؟ یاخـود لـە هێرشـی دەوڵەتێکـی دیکـە دەترسێن؟ ئەگـەر لـە تـورک بترسـن، ئەمـە ناحەقییـە و دانـی پێدانانێیـن. تـورک هەمیشـە لەسـەر بەڵێنـی خـۆی بـووە. بەداخـەوە کەمـن ئەوانـەی لەسـەر ئـەو بەڵێنـەی خۆیـان مابنـەوە کـە بـە ئێمەیـان داوە. لەمـەوە ئێمـە تاوەکـو ئێسـتا زیانـی زۆرمـان پێکەوتـووە. ئەگـەر بیـر لـەوە دەکەنـەوە لەمـە زیاتـر تـورک تـاڵان بکـەن، سـەرەتا بیـر لـەوە بکەنـەوە ئـەو هێـزەی دەیهێنـن لـە چـەک دادەماڵدرێـن. سـەیری مێـژووی تـورک بکـەن، تـورک ملکـەچ بـووە؟ مەگـەر ڕێـی تێدەچێـت هەژمـوون بخەیتـە سـەر گەلێـک کـە سـەتان سـاڵ بـە سـەربەخۆیی ژیاوە؟ ئێـوە متمانـە بـە تـورک بکـەن. ئـەوە بـە تورکـەکان نیشـانبدەن کـە ئەمریکییـەکان گەلێکـن پێشـڕەوی هـەرە لەپێشـی مرۆڤبـوون و هەسـتی مرۆڤانـەن. ئـەو سـەرمایەی کـە ئـازادی و سـەربەخۆییمان لـێ دەبـات، بـۆ ئێمـە بـێ سـوودە. (104)

- هاربـۆرد: دەستخۆشـی لـەم بۆچوونەتـان دەکـەم. بەهیـچ شـێوەیەک گوزارشـتم لـە شـتێکی ئامادەکـراو نەکـردووە. ئـارەزووی خۆشـبەختیم بـۆ وڵاتەکەتـان هەیـە. هەوڵـدەدەم سـەرمایەی ئەمریکـی لەپێنـاو یارمەتیدانی تورکیـا بەپێـی پێویسـت بێـت. (105)

کازم قەرەبەکـر پاشـا لـە 25ی ئەیلوولـی 1919دا ڕاپۆرتێکـی گشـتی و هەمەلایەنـەی دابـووە ژەنـەراڵ هاربـۆرد. لـەو ڕاپۆرتـەدا باسـی لـەوە کـردووە کـە ئینگلیـزەکان پابەنـد نەبوونـە بـە دەقـی خاڵەکانـی ئاگربەسـت،

---

104 - کازم قەرەبەکـر پاشـا، کـە ئـەم قسـانە دەکات، لە مانگی شـوباتی 1923دا سـەرۆکایەتی کۆنگـرەی ئابووری ئیزمیـری کـرد. یەکێـک لـە پێشـنیازەکانی کۆنگـرەش بانگهێشـتی سـەرمایەی بیانـی بـوو. لەلایەکـی دیکـەوە، پێویسـتە هەڵوەسـتە لەسـەر بەیاننامەکـەی کازم پاشـا بکرێـت کـە دەڵێـت "تورکـەکان هەمیشـە لەسـەر بەڵێنی خۆیـان ماونەتـەوە". لـە داهاتـوودا بەشـێوەیەکی بەرفـراوان ئـەوە دەبینیـن چـۆن ئەو بەڵێنانـەی بە کوردیـان دان، لێیان پاشـگەزبوونەوە.

105 - Kazım Karabekir, a.g.e., s. 291-292

باسـی ئـەو ناهەقییانـە دەکات کـە دەرهـەق بـە عوسـمانییەکان کردوویانە و ئـەو زوڵمـەی ئەرمەنییـەکان لـە گەلـی موسـڵمانیان کـردووە. لـە راپۆرتەکـەدا بـاس لـە کـورد و هەروەهـا پەیوەنـدی کـورد- عوسـمانی- ئینگلیزیـش کـراوە.

"... دوای ئـەوەی عوسـمانییەکان لـە عێـراق کشـانەوە، ئینگلیـز تاوەکو زاخۆ لـە ویلایەتـی مووسـڵیان داگیرکـرد. لـەو کاتەوە لەنێـو خێڵەکاندا دەسـتیان بـە پڕوپاگەنـدە و بڵاوکردنـەوەی بیـری سـەربەخۆیی کـرد. بـەم هۆیەشـەوە هەوڵـی ئەوەیانـدا وابەسـتەیی ئـەو ئـەو خێڵانـەی لـە ناوچەی سـلێمانییەوە تاوەکـو وان هەبـوون، بـە دەوڵەتی عوسـمانییەوە بپچڕێنـن. (106)

لـە ناوچەکانـی ئورمیـە، خـوی (107)، وان و جزیـرە ویسـتیان بزووتنەوەیەکـی کوردی دروسـتبکەن و کێشـە و جیاکاری بخەنە نێو دوو برای موسـڵمان(108) سـەید تەهـای شـەمزینییان (109) خەڵەتانـد و وەک ئامـرازی ئـەو فکرانـەی خۆیـان بەکاریـان هێنا. سـەید تەهایـان بـە پـارە و بەڵێنـی پۆسـتی سـەرۆک لـەو حکومەتـەی دایدەمەزرێنـن خەڵەتانـد، سـەرەتا بانگهێشـتی روانـدز و دواتـر بانگهێشـتی مووسـڵیان کـرد. چەنـد تۆپێـک و جبەخانەیـان دایـە سـەید تەهـا و خەڵکـی شـەمزینان و بـەم شـێوەیە ناردیانـەوە شـەمزینان. لـە ئێرانیـش ئـەو سـەرۆک خێڵـەی ناوی سـمکۆی شـکاکە، بـە پـارە کڕیویانە

106 - کازم قەرەبەکـر پاشـا زیندووکردنـەوەی هەسـتی سـەربەخۆیی لای کـورد وەک تاوانێکـی گـەورە دەبینـێ. ئـەو کەمالیسـتانەی کـە دەڵێـن بـۆ "سـەربەخۆیی نەتەوەیـی" خەبـات دەکـەن، هەرکاتێـک کـە سـەربەخۆیی کـورد دێتـە بەربـاس، هەمیشـە نیگەرانییـان نیشـانداوە، هەڵوێسـتێکی نەژادپەرسـتانە و داگیرکارانەیان نوانـدووە. کازم قەرەبەکـر پاشـا هەرگیـز لەبـارەی سـەربەخۆیی عـەرەب هیچـی نەگـوت کـە پێکهاتەیەکـی دیکـەی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوو.

107 - ئەو شارانەی کوردستان کە کەوتوونەتە سنووری ئێرانەوە.

108 - هـەر کاتێـک کـورد بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی داوای خـۆی خسـتبێتەڕوو، هەمیشـە بـە "پەرتەوازەکردنـی برایەتـی نێـوان موسـڵمانان" ، "درزخسـتنە نێـوان ئـەو دوو بـرا موسـڵمانەی کـە وەکـو گۆشـت و خوێـن تێکەڵـن" تۆمەتباریـان کـردوون. بـا سـەرنج بدەیـن، لـەو سـەردەمەی باسـی دەکەیـن، عەرەبـەکان لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی جیادەبنەوە و هەوڵی دروسـتکردنی دەوڵەتی سـەربەخۆی خۆیـان دەدەن، بـەڵام ئـەم هەوڵـەی عەرەبـەکان لەلایـەن کەمالیسـتەکانەوە ناخرێتـە چوارچێـوەی خەتـاوە. "بـرای موسـڵمان" ، "بـرای شـیری"، "ئـەو دوو برایـەی هەرگیـز لـە یەکـدی جیانابنـەوە"، "دوو بـرای موسـڵمان کـە وەک گۆشـت و خوێنـن.." ئـەم جـۆرە گوزارشـتانە زیاتـر بـۆ کـورد بەکارهێنـراون. راسـتتر بڵێـم بـۆ خەڵەتانـدن و بەلاڕێدابردنـی کـورد.

109 - سەید تەها، نەوەی عوبەیدوڵڵای نەهرییە. کوڕی محەممەد سدیق.

بۆئـەوەی لەگـەڵ سـەید تەهـا بیانگەیێننـە ڕێککەوتنێـک. دوای ئـەوەی سـەید تەهـا لـە مووسـڵ دەگەڕێتـەوە، دەچێتـە ئورمیـە بۆ لای سـمکۆ ئاغا بـۆ واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی نێوانیـان. ئـەو تـۆپ و جبەخانەیـەی ئینگلیـز کـە داویانەتـە سـەید تەهـا، 500 حوشـتر نێردراونەتـە رواندز بـۆ گواسـتنەوەی ئـەو تـۆپ و جبەخانەیـە و هێنانـی دوو فڕۆکـە کـە ئینگلیـز پێیـداوە. [110]

لـە رۆژی 21ی حوزەیرانـی 1919دا سـێ ئەفسـەری ئینگلیـز دەچنـە لای سـەید تەهـا و سـمکۆ و لـەوێ ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ سـەید تەهـا کـرد. فەرمانـدەی سیاسـیی روانـدز میسـتەر بێـڵ لەگـەڵ سـەید تەهـا دێتـە گونـدی مـازری ناوچـەی شـەمزینان، لەگـەڵ قایمقامـی شـەمزینان محەممـەد ئەفەنـدی کۆدەبێتـەوە و پێیدەڵێت کە شـەمزینان و دەوروبەری خراوەتـە ژێـر دەسـتی ئینگلیـز و پێشـنیازی بـۆ دەکات کـە کارمەنـد، سـەرباز و ژاندرمـە عوسـمانییەکان دەسـتبەجێ ئـەو ناوچەیـە جێبهێڵـن و بڕۆنـە وان... ئینگلیـزەکان لـە هەمـوو لایەکـەوە لـە دژی حکومەتـی عوسـمانی پڕوپاگەندەیـان دەکـرد".

کازم قەرەبەکـر پاشـا لـەو راپۆرتـەدا کـە پێشکێشـی ژەنـەراڵ هاربـۆردی دەکات، زانیـاری زۆر لەبـارەی زوڵمـی ئەرمەنـەکان لـە موسـڵمانان دەخاتـەڕوو:

"... ئەیـوب پاشـا، سـەرۆکی خێڵـی بـاردز بـە پێداگـری ئینگلیـزەکان بـە چـل سـوارەوە دەچێتـە قـارس و لـەوێ بـەرەوڕووی دەسـتدرێژی ئەرمەنـەکان دەبێتـەوە و سـوارێکی دەکـوژن... لـەوێ چـاوی بـە سـەرۆک خێڵێکـی کـورد دەکەوێـت و بـاس لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکـەن و ئۆتۆمبێلـی سـەرۆک خێڵـە کوردەکـە وەردەگـرن و دەگەڕێـن. ئـەوەی کـە ئینگلیـزەکان پارێزگارییـان لـە ئەرمەنـەکان کـردووە و کۆمەکیـان کـردوون، ئەوانـی

---

110 - بەقسـەی کازم قەرەبەکـر پاشـا بێـت، ئینگلیـزەکان بگـرە چەقۆشـیان داوەتـە کـورد. قەرەبەکـر پاشـا ئەمە وەک واتـەوات دەگێڕێتـەوە. هەرچـی بەڵگـەی سـەلمێنراوە ئەوەیـە کـە ئینگلیـزەکان شـەڕێکی خوێناوییـان لەدژی شـێخ مەحمـوود و حکومەتـی کوردسـتان بەرپا کردبـوو. لـەو سـەروبەندەدا ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز بـۆ پێشـگرتن لـە یەکگرتوویـی کـورد، هەمـوو هەوڵێکـی دەدا بـۆ پەرتەوازەکردنیـان.

بێباک و بێ دەربەست کردووە ". [111] لە راپۆرتەکەدا زانیاری زۆر لە دژی ئەرمەنەکان کۆکرابوونەوە. لە هەمان کاتدا نۆ بەڵگە کە لە سەرۆک خێڵە کوردەکان وەرگیرابوو، خرابوونە نێو ئەو راپۆرتە. یەکێک لەو بەڵگانە 7 و یەکێکیان 5 و ئەوانی دیکەش هەریەکە واژۆی سەرۆک خێڵێکی بەسەرەوە بوو. [112]

هەر لە بەشەکانی سەرەوەدا باسمان لە دیداری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران وەسفی بەگ کرد لەگەڵ کاربەدەستێکی فەرەنسایی. لەو دیدارەدا کاربەدەستە فەرەنسییەکە بە وەسفی بەگ دەڵێ "لەبارەی ویستی کورد بۆ ژیان لەگەڵ ئێوە بەڵگەی واژۆکراو لە کەسایەتییەکانی کورد وەرگرن". ئەو نۆ بەڵگەیەی کە کازم قەرەبەکر پاشا دەیخاتە نێو ئەو راپۆرتەی دەیداتە ژەنەراڵ هاربۆرد، دەکرێ وا سەیر بکرێ کە بەجێهێنانی پێشنیازەکەی کاربەدەستە فەرەنسییەکە بووە.

پێشتر ئەوەمان باسکرد کە هەریەکە لە ئەحمەد عیزەت پاشا و فەرماندە عیسمەت پاشا ویستوویانە یەکدی ببینن. عیسمەت بەگ کە لەگەڵ ئەحمەد عیزەت پاشا هاوکارێکی زۆر باشی یەکتری بوون، لە نۆی کانوونی یەکەمی 1919دا تەلەگرافێک بۆ کازم قەرەبەکر پاشا دەنێرێت و لێی دەپرسێ کە ئایا چارەنووسی نووسراوەکان چی لێهاتووە. [113]

کازم قەرەبەکر پاشا لە یەکی شوباتی 1920دا ئەو وەڵامەی عیسمەت پاشا دەداتەوە:

"... ئەوکاتەی هێشتا ساففەت بەگ لێرە بوو، مادده بنچینەیی و هێڵە گشتییەکانی عیزەت پاشام لە 9ی ئەیلوولی 1919 بۆ مستەفا کەمال

111 - مستەفا کەمال پاشاش، لەو راپۆرتەدا کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەڵێت هەندێک جار ئینگلیزەکان یارمەتی ئەرمەنەکان و هەندێک جاریش یارمەتی موسڵمانەکانیان داوە. لەلایەکی دیکەوە کازم کرابەکر پاشا گێڕانی سەرۆک خێڵی کورد بە ئۆتۆمبێل لەلایەن ئینگلیزەکانەوە وەک هەوڵێکی داگیرکەرانە و ئیمپریالیستانە دەبینێت. ئەمڕۆ لەو ناوچەی کە باری ئاسایی تێدایە، سەرۆکی جاشەکان بە خواستی فەرماندە تورکەکان بە هەلیکۆپتەر دەگێڕن. دەسەڵاتدارە داگیرکارە تورکەکان زۆر شت لە دەسەڵاتدارە داگیرکارە ئینگلیزەکان فێربوونە...

112. Kazım Karabekir, a.g.e., s. 292-304

113. Kazım Karabekir, a.g.e., s. 174-175

پاشا نارد. ئەمەم لە بەڕێزیان پرسی. ئەگەر نەیدۆزێتەوە دووبارە بۆی دەنووسمەوە. [114]

بەڵام گەورەکانمان، با گەل ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی سیڤاس دران، لەگەڵ ئەو کڵێشەیە بەراورد بکات. کڵێشەکە پرسی شێوازی حوکمڕانی سعوودیە و ئینتیدابی تورکیا لەخۆدەگرێت. ئەمەش لە بڕیارەکانی کۆنگرەدا روونکراوەتەوە. لە کاتێکدا کە گەل بە کۆی دەنگ ئەو بڕیارەی داوە. [115]

ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەڵاتی ئەوەی نییە گفتوگۆ لەبارەی بنەماکانی کڵێشەیەکی کەسی بکات یاخود قەبووڵی بکات. لە ماوەی رابردووش دا مەحموود پاشای چوکورکوسلویی بە پێدانی زەویوزار بە ئەرمەنەکان باسی لە چاکسازیی سنوور دەکرد. شتێکی سرووشتییە کە کەوتووەتە دۆخێکی خراپەوە. دەبێ بڕیارەکانی کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سیڤاس زۆر بە وردەکارییەوە بخوێنرێنەوە. حکومەتی پێشوو (دامات فەرید) کە دەیگوت سعودیە دابەش ناکەم، خەریکە گەلی تورک ژێردەستە دەکات و جیابوونەوەی کوردستان قەبووڵ دەکات. کۆنگرە لەمەڕ ئەو پرسە زۆر بەشێوەیەکی بنچینەیی بیری کردەوە. ئەو دەستە بێگانەیەی ئاشکرا کرد کە دەیویست سعودیە بە ئێمەوە قووت بدات. [116]

---

114 - کازم قەرەبەکر پاشا ئەو نووسراوەی کە لەلایەن عیزەت پاشاوە بۆی نێردراوە، دەشارێتەوە. هەوڵدەدات بەربەست بخاتە بەردەم ئەوەی کۆنگرەی سیڤاس ئاگای لەو نووسراوەبێت.

115 - ئەوەمان خستەڕوو کە کۆی گشتی بەشداربووانی کۆنگرەی سیڤاس 35-30 کەس بوون. زۆربەشیان لەلایەن مستەفا کەمال پاشاوە هەڵبژێردراون و بانگکراون. ئێستا بەم کۆبوونەوەیە دەگوترێ "گەل".

116 - ئەم بەیاننامانە لەنێوانساڵانی 1922-1919 زانیارییان لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی تورک- ئەرمەن و تورک- یۆنان، هەروەها کێشەی رۆم، ئەرمەن، عەرەب و کورد تێدایە. بە جۆرێک دانپێدانانە بەو قسانەی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە کراون. وەک دەزانرێت دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەو رێککەوتننامە نهێنیانەی لەنێوان خۆیان لە ساڵی 1915ـەوە کردوویانە، هیوای نهێنییان لەسەر سعودیە، سووریا، عێراق، کوردستان و ئەرمینیا هەڵچنیوە. هەوڵیاندا بە دروستکردنی چەند ستاتوویەکی عەرەبی، عەرەبەکان دابەش بکەن، کوردستان و ئەرمینیا دابەش بکەن.. لە 30ی ئۆکتۆبەری 1918، واتە دوای ئاگربەست ئەمە جێبەجێ بکەن.

دیسانەوە وەک دەزانرێت، لە کۆنفرانسی پاریسیش ئەوە پشتڕاستکرایەوە کە لەو شوێنانەی تورک تێیدا زۆرینەن، دەوڵەتێکی تورکی دەبێت. ئەوە لەکاتێکدا ئەوانەی ئینتیدابیان دەوێت دەیانەوێ دەوڵەتی عوسمانی هاوشێوەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی درێژە بە شێوەی خۆی بدات. بێگومان ئەمەش دژی خواست و ئامانجی ئینگلیز و فەرەنسییەکان بوو. ئەوانەی کە ئینتیدابیشیان نەدەویست، واتە فەرماندەکانی

خواستی من لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤاس یەکگرتوویی کورد و تورکە [117]. ناکرێ دیسانەوە بڕیاری نابەجێ بدرێت". [118]

ئەو هەڵوێستەی عیسمەت پاشا لە ئەحمەد عیزەت پاشاوە دێت کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەدمیراڵ بریستۆڵ هەبوو. سەرباری ئەوەی کە ئەمریکا ئینتیدابی قەبووڵ نەکرد، لەگەڵ ئەوەش ئەدمیراڵ بریستۆڵ لایەنگری ئەوە بوو کە ئەمریکا لە ئەرمینیا و ئەنادۆڵ ئینتیداب وەربگرێت. هۆکارەکەیشی ئەمە بوو:

"... بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتێک نەهێڵمەوە، لەسەر هەڵوێستی خۆم لەبارەی رۆژهەڵاتی نزیک دەمەوێ بڵێم کە بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لە تورکیا خزمەتم کردووە، بە هەموو هێزمەوە بەرگری لە پێویستی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی کۆنی تورکیا دەکەم بەسەر هەموو ئەو نەتەوە و گەلانەی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی پیری عوسمانی دا دەژین... تورکەکان بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان و بەڕێوەبردنی ئەوانیتر بێبەهرەن. دەسەڵاتی تورکی لەهەر ناوچەیەک دابمەزرێت کوشتاری لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری لە هەوڵێکی بەوشێوەیەدا بکات، هاوبەشی ئەو تاوان و کوشتارە دەبێت. ئەگەر نەتەوەکانی دیکە بیانەوێ تورکیا بگەڕێننەوە دۆخی پێشوو و ئەمریکا لە هەمبەر ئەمەدا بێدەنگ بێت، وەک خەتابار دادەنرێت. دەبێ

---

وەک مستەفا کەمال ئەتاتورک و کازم قەرەبەکر پاشا، بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا داوایان دەکرد مافی خۆیان بەسەر جیهانی عەرەبیدا پارێزراو بێت. ئەمەش لە خاڵێکدا لەگەڵ ئامانجی ئینگلیز تەبا بوو. دوای رەخساندنی ئەو دەرفەتە دەکرا سەودا لەسەر خاکی کوردستان و ئەرمینیا بکەن. لەو رەهەندەوە لە نووسینەکەی کازم قەرەبەکردا "لەپێناو پارچەنەکردنی جیهانی عەرەبی تورک دەخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە"، ئەوە بەو مانایەیە ئەگەر لە جیهانی عەرەبی سیاسەتی ئینگلیز پەیڕەو بکرێت، گەلی تورک لەژێردەستەیی رزگار دەبێت.. هەروەها رێگری لە سەربەخۆیی ئەرمینیا و کوردستانیش دەکەن. لەبەرئەوەی ئەم پرسەمان بەلاوە گرنگە، هەوڵمانداوە لە شوێنی جیاواز جیاواز بیخەینەوەڕوو. لە داهاتوودا لەگەڵ کێشەی خەلافەت دیسانەوە دەیخەینەوە بەرباس.

117 - لە یەکەکانەوە ئەوە تێدەگەین کە دەستباڵایی و هەژموونی تورک بەردەوام دەبێت. لەکاتێکدا لە نووسینەکەی ئەحمەد عیزەت پاشادا ئەوە گوتراوە کە خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەیی هەموو ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆری عوسمانی دا دەژین، دەپارێزرێت. بۆ ئەمەش پێویست بە ئینتدابی دەوڵەتێکی بەهێز دەبێت.

118 - Kazım Karabekir, a.g.e, s. 175-176

ئەمریـکا بەرانبـەر پلانـی وڵاتانـی هاوپەیمـان دەنـگ هەڵبڕێـت و دەبـێ گەلی ئەمریکـی بەرامبـەر رووداو و پێشـهاتەکان دەنگـی بـەرز بکاتـەوە". [119]

ئـەو نووسـراوەی کـە ئەدمیـراڵ بریسـتۆڵ بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکای نـاردووە، مێـژووی 29ی کانوونی دووەمی 1920ی بەسـەرەوەیە. وەک چـۆن لەسـەرەوەش ئاماژەمـان بـۆ کـرد، کۆنگرێسـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە بەهـاری 1920 ، وەک چـۆن رەتیکـردەوە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ئینتیـداب قەبـووڵ بـکات، رازیـش نەبـوو حکومـەت هیـچ پارەیـەک بـۆ ئـەم هەوڵانـە تەرخـان بـکات.

## 10 - راپۆرتی رەتکردنەوەی ئینتیداب لە ئەرمینیا و شوێنەکانی دیکە لەلایەن ژەنەراڵ هاربۆردەوە

شـاندەکەی هاربـۆرد بـۆ مـاوەی شـەش هەفتـە لـە ئەنـادۆڵ، ئەرمینیـا، کوردسـتان و قەفقاسـیا لێکۆڵینـەوەی خۆیـان کـرد [120]. لەوبـارەوە راپۆرتێـک لـە 16ی تشـرینی یەکەمـی 1919 لەنێو کەشـتی دا ئامادە کـرا[121] راپۆرتەکـە پێشـنیازی ئـەوە بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا نـاکات ئـەو ئینتیدابـە لەئەسـتۆی خـۆی بگرێـت، تەنانـەت جەختیـش دەکاتـەوە کـە پێویسـتە وەرینەگرێت. بۆ ئەمەش ئاسـتەنگی سیاسـی، ئابووری و سـەربازی بەبیردێنێتـەوە. ئـەو راپۆرتـەی ژەنەراڵ هاربۆرد ئاراسـتەی سـەرۆک ویڵسـن کـراوە، بـەڵام بەشـێکی زۆری ئەوانـەی یـاوەری گەشـتەکەی هاربـۆرد بوون، لەبـارەی ئەو گەشـتەیانەوە راپۆرتی بەرفراوانیان نووسـیوە و هەمووشـیان لـە 11 بـەرگ دا کۆکراونەتـەوە. راپۆرتەکـەی ژەنـەراڵ هاربۆرد بـەم جۆرەیە:

---

119 - Laurence Evans, Türkiye'nin Paylaşılması (1914-1924), cev. Tevfik Alanay, Milliyet Yayınları, İstanbul 1972, s. 266-267

120 - Türkiye'de Kurulmak İstenen Amerikan Mandası, General Harbord'un Gizli Raporu, BTTD, Sayı 33, Haziran 1970, s. 11

121 - Fethi Tevetoğlu, Milli Mücadelede Mustafa Kemal Paşa-General Harbord Görüşmesi, ııı, s.527

"... ئەگەر ئەمریکا لەو ناوچانەی سەردانمان کردن ئینتیداب قەبووڵ بکات، ئەمە لە هەستی ئەرکی نێونەتەوەییانە و هەستی دۆستانەی بۆ کۆمەڵەی گەلانەوەیە. ئەگەر هەژموونی تەواوی لەسەر هێڵە گشتییەکانی ناوچەکە نەبێت، قەبووڵکردنی ئەو ئەرکە هەڵەیە. پێویستە ئەمریکا بەرلەوەی رەزامەندی بدات، دۆخی خۆی لەبەرچاو بگرێت، دەبێ ئەمە بەر لە قەبووڵکردن بکات نەک دوای قەبووڵکردن. وێڕای ئەوەی کە ئەمریکییەکان لە وڵاتی خۆیان زۆر بە شیاوی دەزانن، لەگەڵ بەرژەوەندییەکان لە پێکداداندان. دەبێ هەر لە سەرەتاوە حساب بۆ شەڕی نێوان گەلان و رێککەوتنەکانیان و هاوسەنگییەکانیان بکرێت. بە بۆچوونی ئێمە دەبێ لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا رێککەوتنێکی رووکەشانە بکەین. هەروەها رەزامەندنی ئەڵمانیا و رووسیاش وەرگرین. لەبارەی ئەو رێوشوێنانەی لە هەمبەر تورکیا و سەرووی قەفقاسیا گیراونەتەبەر، ئەم تایبەتمەندییانە گرنگن:
کۆنترۆڵکردنی تەواوی هەوڵە دەرەکییەکانی ئیمپراتۆریی تورک. هیچ نوێنەر، وەزیر و دیپلۆماتێک ناچێتە تورکیا، لە تورکیاشەوە هیچ نوێنەر، وەزیر و دیپلۆماتێک نانێردرێتە دەرەوە.
هەموو ئەو ئیمتیازانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەکناگرنەوە، چاویان پێدا دەخشێنرێتەوە. ئەو ئیمتیازانەی بڕیارە بدرێن، دوادەخرێن. ئەگەر پێویست بکات قەرەبوو دەدرێتە خاوەن ئیمتیازەکان.
لادانی بەشێک لە داهات بۆ چەند کاروبارێک کۆتایی پێ دەهێنرێت. هەموو داهاتەکان لەلایەن
خەزێنەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و خەزێنە سەرچاوەی هەموو خەرجییەکە.
فەرمانگەی گشتی ئایینەکانی عوسمانی هەڵدەوەشێنرێتەوە، واتە کۆتایی بە میکانیزمی کۆنترۆڵی دەرەکی دارایی تورکیا دەهێنرێت. دەبێ ئەو مافەمان بپارێزین کە هەندێک لە ئەندامانی کۆنسە، لەبەرئەوەی زانیاری باشیان لەبارەی ئابووری عوسمانی هەیە، وەک راوێژکار سوودیان لێوەرگرین.

پێویسـتە سـەرجەم قـەرزە دەرەکییەکانـی ئیمپراتـۆری یەکبخرێـن و سـەرچاوەیەکیان بـۆ بدۆزرێتـەوە.
ئەو ناوچانەی خاکیان لە ئیمپراتۆریی تورکیا وەرگرتووە، واتە سووریا و میزۆپۆتامیا، لەڕووی پارەی کاخەز، قەرزە درەکی و قەرەبووەکان پشکی خۆیان وەربگرن. دەبێ کۆتایی بە رێککەوتننامە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی دیکە بهێنرێت.
دەشێ رێککەوتن لەسەر بەشێک لەم پرسانە سەخت بێت. ژمارەیەک وڵات کۆنترۆڵی داراییان بەسەر خاکی عوسمانییەوە هەیە. رەنگە نەیانەوێ هەروا بە ئاسانی ئەمە لەدەستبدەن. [122]
بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان رێگەی ئەوە نادات سیاسەتە ئابوورییەکەی لەلایەن وڵاتانی دیکەوە وردبینی و چاودێری بکرێت. رەنگە دانانی دڵنیایی بۆ قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی نارەزایی لێبکەوێتەوە، بەڵام دەبێ بکرێت. بەپێچەوانەوە ئیدارەی ئەمریکی دەخاتە دۆخێکی سەختەوە. شاندەکەمان پێشنیازی ئەوە ناکات کە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئینتیداب وەربگرێت. هەر بۆیە پێویست دەکات پووختەیەک لە هۆکارە دژ و لەبارەکان بۆ ئەم پرسە بخەینەڕوو، ئەم زانیارییانە لە 6 هەفتە کاری بەردەوام و پەیوەندیکردن و لێکۆڵینەوە بەدەستهاتوون.

### خاڵە ئەرێنییەکان

1. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک وڵاتێک کە پێشەنگە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان، لە دۆخێکدایە کە ناچارە ئینتیدابێک قەبووڵ بکات.
2. لەو ناوچەیەدا کە دووڕیانەکان بەیەک دەگەن و هەر لە سەرەتای مێژووەوە بووەتە ناوەندی بڵاوبوونەوەی میکرۆبی شەڕ، لەجیاتی

(122) ئەو وڵاتەی کە زۆرترین دەستەبەری دارایی لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دا هەبووە، فەرەنسا بووە. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش هێندەی بەریتانیا خواستی ئەوەی نەبووە ئینتیدابی تورکیا بدرێتە ئەمریکا.

ئەوەی ملیاران لە شەڕەکانی داهاتوو خەرج بکەین، چاکترە ملیۆنان لە ئینتیداب خەرج بکەین.

3. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە خاوەنی گەورەترین دەرفەتی مرۆیی سەردەمە، وەک چۆن لە کوبا، پۆرتۆریکۆ، فلیپین، هاوای و پاناما دەرەنجامی دا بەدەستەوە؛ هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێت وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو کارە بکات.

4. هەموو ئەو وڵاتانەی باسیان لێوە کرا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵدەبژێرن.

5. هەرخۆی ئەمریکا لەپێناو رزگارکردنی مرۆڤە برسییەکان لە تورکیا و قەفقاسیا، بە ملیۆنان خەرج دەکات. ئەگەر ئەو ناوچەیە بپشکنێت، باشتر ئەو کارە دەکات. ئەگەر ئینتیدابی ئەو ناوچانە بدرێتە لایەنێکی دیکە، ئێمە ناچار دەبین یارمەتی وڵاتی وەرگری ئینتیداب بدەین و سەرمایەی پێویست بۆ گەشەسەندنی دارایی دابین بکەین.

6. ئەمریکا تاکە ئومێدی ئەرمەنەکانە. ئەوان وەک ئەڵتەرناتیڤی دووەم بیر لە بەریتانیاش دەکەنەوە. بەڵام دەترسێن بەریتانیا بەرژەوەندی ئەرمەن بکاتە قوربانیی رازیکردنی موسڵمانەکان. چونکە بە ملیۆنان کەس هەن لە ئیمپراتۆریی ئینگلیزدا دەژین و لەسەر ئەو ئایینەن. بەشێکیشیان لە ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەترسێن کە روو لە هەرکوێ دەکات تێیدا دەمێنێتەوە. ئەمریکا نەک تەنیا لە وڵاتانی ئەو ناوچەیە، بەڵکو بژاردەی وڵاتە پێشەنگەکانیشە. هێزی ئەمریکا بەسە. رابردووەکەی پاکە و دوورە لە هەر جۆرە گومانێک.

7. ئەو وڵاتەی دەچێتە ژێر ئینتیدابەوە، پێنج ساڵی بەسەردا تێناپەڕێ کە دەچێتە سەرەتای قۆناخی خۆژێنییەوە. دامەزراندنی رێگەی ئاسنین دەرفەتی باش بە سەرمایەکەمان دەدات، بەڵام لەو ناوچەیە نا کە لەژێر ئینتیدابە، جگلە لەمەش لە رووسیا و رۆمانیا دەرفەتی زۆر باشی بازرگانیمان دەبن. ئەمریکا دەتوانێت هاوشێوەی کوبا و پەنەما ئەم ناوەندی نەخۆشییە پاکبکاتەوە.

8. ئـەم دەسـتێوەردانە نموونەیەکـی بەرچـاو دەبێـت بـۆ گەلەکەمـان بـۆ ڕاهاتـن لەسـەر سیاسـەتی جیهانـی بـۆ دەسـتەبەری هەمیشـەیی وزە و بـازاڕ.
9. کۆتایـی بـە کۆمەڵکـوژی ئەرمـەن و کریسـتیانەکانی دیکـە دەهێنێـت، بەسـوودی ئـەوەش دەبێت کـە مافـی هەریەکـە لـە تـورک، کـورد، یۆنـان و گەلانـی دیکـە بدەینـەوە خۆیـان. [123]
10. دەسـەڵات و توانـای ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لـە پاریـس زیـاد دەکات، هەروەهـا دەبێتـە هـۆکاری درێژکردنـەوەی بەرژەوەندییەکان بـەرەو ناوەوە و ڕۆژهەڵاتـی دوور.
11. ئـەو ناوچەیـەی کـە نوێنـەر و کۆلێژەکانمـان تێیـدا بـڵاون، لـەڕووی هەسـتەوە زۆر لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاوە نزیکـن.
12. ئەگـەر ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا لـەو ناوچەیەدا بەرپرسـیارێتی لـە ئەسـتۆ نەگرێـت، ململانـێ نێونەتەوەییـەکان و ئیدارەیەکـی زۆر خراپـی تـورک کـە تاریـف ناکرێـت، بـەردەوام دەبێـت. خودا لـە قابیلی پرسـی هابیلی بـرات لـە کوێیـە؟ قابیـل وەڵامـی دایـەوە، نازانـم مەگـەر مـن پاسـەوانی براکەمـم. [124]

## خاڵە نەرێنییەکان

1. ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بەرپرسـیارێتی دەرەکـی هـەن کـە بەرپرسـیارێتی پێشـترن، هـاوکات ئـەو بەرپرسیارێتیانەشـی هـەن کـە جەنـگ لەگـەڵ خـۆی هێنـاون.
2. ئـەم ناوچەیـە چەندیـن سـەدەیە بووەتـە مەیدانی شـەڕ و کێشمەکێشـی

---

123 - وەک دەردەکـەوێ، لـە ڕاپۆرتەکـەی ژەنـەراڵ هاربـۆرددا بـاس لـە "مافەکانـی ئەرمـەن، تورک، کـورد، یۆنانی و... تـاد" دەکرێـت. بـاس لـەوە دەکرێـت کـە ئـەو خەڵکانـە مافـی خۆیـان وەرگـرن. لـە داهاتـوودا ئـەوە دەبینیـن کـە چـۆن بـە گوێـرەی ویسـتی دەوڵەتـی کۆمـاری تورکیـا، مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی گەلـی کـورد سـەرکوت پێشـێل دەکـەن.

124 - لێـردا پێویسـتە بـە وردی هەڵوەسـتە لەسـەر دەربڕینـی " ئیدارەیەکـی زۆر خراپـی تـورک، کـە تاریـف ناکرێت" بکرێـت. ئەوەتـا دابەشـکردن، پارچەکـردن و بەشـکردنی کوردسـتان بە هـاوکاری دەوڵەتانی ئیمپریالیزم، بـەردەوام بەکارهێنانـەوەی "ئیدارەیەکـی زۆر خراپـی تـورک، کـە تاریف ناکرێـت" لێکەوتووەتەوە.

میلیتاریزم و ئیمپریالیزم. ئەو وڵاتانەی لە دۆخی بەرفراوانبووندان، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە دەدەن. وەک چۆن لە بەرامبەر بنەمای مۆنرۆ [125] لاواز دەبێت، دەشێ رووبەڕووی رووسیایەکمان بکاتەوە کە تازە دادەمەزرێتەوە. قەبووڵکردنی ئینتیداب لەو ناوچەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەباتەوە نێو سیاسەتی کۆنی جیهان و لە نەریتی سیاسەتی دووربوون لە کاروباری نیوە گۆی رۆژهەڵات دوورمان دەخاتەوە.

3. ئەگەر سیاسەتێکی مرۆڤانە پەیڕەو بکەین، دەبێ لە سیاسەتی نێوخۆوە دەستپێبکەین. ئەمریکا لە چەند شوێنێک کە کاریگەری تێدا هەیە، لە دۆخێکی سەختدایە.

4. وەک چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە لەپشت هۆکارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە نییە، بەهەمان شێوە بەرپرسیارێتیش هەڵناگرێت. رەتکردنەوەی ئەو بانگهێشتە زۆر بەجێ دەبێت.

5. خێرخوازیی ئەمریکا بە هەموو دنیادا بڵاوبووەتەوە، چڕکردنەوەی چالاکی و کارەکانمان لەو ناوچەیەدا وزەمان بەفیڕۆ دەبات.

6. بەریتانیا و رووسیا لە نزیکەوە گرنگییان بە ئەرمینیا داوە. بەریتانیا بە ئەزموون و کارگێڕییەکەی، بە پارە و کارمەندەکانی بۆ ئەو کارە زۆر بە گونجاو دەزانرێت. لەگەڵ ئەوەدا هێندەی ئێمە خۆی نزیک دەبینێ لە ئامانجی ئەرمەنەکان، ئیدارەکەی دادپەروەری و ئاسایش فەراهەم دەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەی دا ناتوانێ بەردەوام بێت. ناتوانێ کۆنگرەیەک بگەیێنێتە کۆنگرەیەکی دیکە.

7. وڵاتەکەمان ناچاری قەرزی زۆر دەبێت، پێویست دەکات ژمارەی

---

125 - بنەمای مۆنرۆ، ئەو پرەنسیپانە لەخۆ دەگرێت کە رێگری دەکات لە دەستتێوەردانی ئەوروپاییەکان لە سیاسەتی ئەمریکا. گوزارشتە لە دروشمی "ئەمریکا بۆ ئەمریکاییەکانە". لە کۆتایی ساڵی 1923 لەلایەن جەیمس مۆنرۆ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە گوزارشتی لێکراوە. بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک جێبەجێکرا.

(Tahir Armaoğlu, Siyasal Tarih 1789-1960, s. 360-366)

ئەندامانـی سـوپا و هێـزە دەریاییـەکان زیـاد بـکات. ژمارەیەکـی زۆر ئەمریکـی لـە وڵاتێکـی پـڕ لـە نەخۆشـیدا ئەرکیـان پـێ دەسـپێردرێت. ڕێگـە ئاسـنینەکانیان گونجـاو نیـن بـۆ ئـەوەی لـە ماوەیەکـی درێـژدا سـوودی وەبەرهێنانیـان هەبـێ. چوونـی سـەرمایە بـۆ ئـەوێ تەنیـا بـە دەسـتەبەری دڵنیایـی حکومـەت دەبێـت. ئـەو هـەوڵ و پارەیـەی خەرجـی دەکەیـن، رووسـیا و ڕۆمانیـا دەرفەتـی بازرگانـی لەسـەر هیواکانـی ئێمـە دەسـتەبەر دەکـەن. نزیکایەتـی و کێبڕکـێ ڕێگـە لەبـەردەم ئـەوە دەکاتـەوە کـە ڕۆژێـک ئەوانـەی ئێسـتا دۆسـتمانن، ببنـە نەیارمـان.

8. دەتوانیـن بیـر و وزەی خۆمـان لـە وڵاتەکەمانـدا یاخـود لـە باشـوور یـان ڕۆژئـاوای وڵاتەکەمـان بەکاربەریـن. چوونمـان بـۆ ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ڕەنگـە بێبەشـمان بـکات لـەو ناوچـە سـتراتیژیانەی تێیانـدا دەسـتباڵاین. لەمەشـدا زیـان بـەر نێوبانگمـان دەکەوێـت.

9. هەمـوو دەوڵەتانـی دیکـە هەرکامیـان دەتوانـن ئاشـتی و دادپـەروەری بەدیبێنـن.

10. ئـەم دۆخـە هێزمـان لاواز و پەرتـەوازە دەکات. ئـەوە لەکاتێکـدا ئێسـتا ئێمـە هێـزی خۆمـان بەسـەر کیشـوەری ئەمریـکا و ڕۆژهەڵاتـی دووردا دابـەش کـردووە. [126] ڕێگـەی پەیوەندیشـمان بـە ئیسـتەنبووڵەوە بـە جەبـەل تـارق دا تێدەپـەڕێ کـە بەدەسـت بەریتانیاوەیـە.

11. ئـەو دامەزراوانـە تەنانـەت لەکاتـی شـەڕ و کۆمەڵکوژیشـدا لەلایـەن تورکـەوە ڕێزیـان لێگیـراوە، ڕێـز و هاوسـۆزی لەلایـەن هەرکام لـەو وڵاتانەی ئینتیـداب وەردەگرێـت، نیشـان دەدرێـت.

12. کۆنفرانسـی ئاشـتی ئـەوەی خسـتەڕوو کـە حکومەتـی تورکیـا دەچێتـە ژێـر ئینتیدابـەوە. کۆمەڵـەی گـەلان ڕێگـە بـە حاکمیەتـی کۆنترۆڵنەکـراوی ئـەو حکومەتـە نـادات کـە بەتـەواوی ئیعتیبـاری خـۆی لەدەسـتداوە.

---

126 - هەرچەنـدە ئەمریـکا نایـەوێ لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەراسـت دا ئینتیـداب وەربگرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا هانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەدات بـۆ بڵاوبوونـەوە بـە ڕۆژهەڵاتـی دووردا.

13. ئەرکــی لەپێشــینەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا بەرامبــەر گــەل و وڵاتانــی دراوســێیەتی. بەلایەنــی کەمــەوە دەبــێ نەوەیــەک درێــژە بــەو سیاســەتە بدەیــن. کۆنگرێســی ئەمریــکا بــەو داهاتــەی لــە تورکیــا و قەفقاســیا دەســتیدەکەوێ، لــە 5 ســاڵی یەکــەم دا ناچــار دەبێــت بڕێکــی زۆری ســەرمایەی خــۆی خــەرج بــکات.

ئـەم راپۆرتـە کـە دواتـر خرایـە بەردەسـتی ویڵسـن، خەرجییە سـەربازییەکانی ئینتیـداب دەخاتـەڕوو، ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکات کـە ئـەم خەرجیانـە زۆرن.

راپۆرتەکـە بـەم شـێوەیە کۆتایـی دێـت:

"هێزێــک بیــەوێ دەســت بەســەر ئاســای بچــووک، ئەنــادۆڵ و دەرەوەی رووملــی دا بگرێــت و ئینتیــداب بگرێتــە ئەســتۆ، بەبــێ کۆنترۆڵکردنــی ئیســتەنبووڵ [127]، ناچــار دەبێــت لەژێــر هەلومەرجــی زۆر ســەخت دا بەڕێوەببــات. کارەکــە ســەختە و خەرجییەکــەی هێنــدە زۆرە کــە ناکــرێ هــەر باسیشــی بکرێــت. لێــرە پاراســتنی ســەلامەتی ماڵــی و گیانــی و رێکخســتنی سیســتەم زۆر نــاڕوون دێتــە بەرچــاو. گومــان لــە دەرئەنجامێکــی ســەرکەوتووانە دەکرێــت. تاوەکــو ئیمپراتۆریــی تــورک لــە ئیســتەنبووڵ سەربەســت بێــت، ئــەو وڵاتــەی ئینتیــداب دادەمەزرێنێ لە هێزی راســتەقینە مەحــرووم دەبێــت". [128]

ســەرۆک ویڵســن دوای شــەش مانــگ راپۆرتەکــەی هاربــۆرد پێشکێشــی ســێنات دەکات. دەوڵەتانی هاوپەیمـان بـە گەرمییـەوە دەیانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ئینتیدابـی سـەر ئەرمینیـا قەبـووڵ بـکات. لـەو کۆنفرانسـەدا کە لە 24ی مایسـی 1920 لە سـان ریمۆ بەسـترا، دیسـانەوە ئـەو داخوازییـە خرایـەوە بـەردەم حکومەتـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا. سـەرۆک ویڵسـن پەیامێکی درێژ بۆ کۆنگرەکە دەنێرێت و پێشنیازی ئـەوە بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەکات ئینتیـداب قەبـووڵ

127 - ئیستەنبووڵ و دەوروبەری هەر وەک پایتەختی دەوڵەتی تورک دەمایەوە.

128 - BTTD, a.g.y., s. 12-14

بکـەن. بـەڵام بەهیـچ شـێوەیەک ئامـاژە بـە پێویسـتی و دەسـتەبەری ناکات بـۆ ئـەوەی جێبەجـێ بکرێـت. سـەرئەنجام لـە یەکـی حوزەیرانـی 1920دا پێشـنیازی سـەرۆک بـە 23 دەنگـی بەڵـێ و 52 دەنگـی نەخێـر ڕەتدەکرێتەوە. لـە بنەڕەتـدا لـەدوای سـاڵی 1920، کێشـەکە لـە ریشـەوە چارەسـەر کـرا. ئەرمینیـا و قەفقاسـیا چوونـە ژێـر دەسـتی بەلشـەڤیکەکان. بـەم شـێوەیە کێشـەکە لــە دەســت ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا و دەوڵەتانــی هاوپەیمـان دەرچـوو.

ئینتیـداب، ڕووداوێکــی گرنگــە لەنێــوان ویڵســن، ســەرۆکی ئەمریــکا و دەســەڵاتدارێتی ئەمریــکا و کۆنگرێــس دا، کێشمەکێشــی لەنێوانــدا دروسـتکردن. هەریەکـە لـە سـەرۆک ویڵسـن و ئیـدارەی ئەمریـکا مەیلیـان بـۆ ئـەوە هەبـوو ئینتیـداب لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت قەبـووڵ بکـەن. چونکـە دەوڵەتانـی هاوپەیمـان، بەتایبـەت بەریتانیـا، هەوڵێکـی زۆریـان بـۆ ئـەوەدا. بەریتانیـا هێـزی ئابـووری و سـەربازیی وای نەمابـوو لـە هەمـوو شـوێنێکی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا ئینتیدابـی هەبێت. دەیویسـت بەشـێک لـەو ئەرکـە بخاتـە سـەر ئەمریکا. هەرچـی کۆنگرێس بـوو دژی ئەو خواسـتە وەسـتایەوە.

## بەشی نۆیەم

# دیدارەکانی ئەماسیە

سەبارەت کێشەی کوردستان، لە رۆژانی 22-20ی ئۆکتۆبەری 1919دا، لەنێوان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر مستەفا کەمال پاشا، رەئوف بەگ و بەکر سامی بەگ و لە حکومەتەکەی ئیستەنبوولیش سالح پاشا، وەزیری کاروباری دەریایی، دیدارێکی زۆر گرنگ پێشهات. کۆنووسی کۆبوونەوەکە بەم جۆرەیە:

" ئەمە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان وەزیری کاروباری دەریایی سالح پاشا و هەریەکە لە مستەفا کەمال پاشا، رەئوف بەگ و بەکر سامی بەگ، ئەندامانی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئەنادۆڵ و روومەلییە کە لە 20ی ئۆکتۆبەری 1919 تاوەکو 22ی ئۆکتۆبەری 1919 لە ئەماسیە ساز کرا.

ئەو پەیوەستییەی کە گەلی عوسمانی هەزاران ساڵە بە فەرمانڕەواکانی خۆیانەوە پاراستوویانە، لە پاش ئەو کارەساتانەی روویان لە وڵاتەکەمان کرد، هێندەی دیکە بەهێز بووە. لەپێناو تەواوی جیهانی ئیسلام، پاراستنی مەقامی خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی کە ئەمڕۆ تاکە

پەناگە و پاڵپشتی بەهێز و پیرۆزە، لە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی ئەنادۆڵ و رووملیشە. دوای ئەوەی ئەم پرسە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە روونکرایەوە، لە بەیاننامەی کۆنگرەی سیڤاس دا لە 11ی ئەیلوولی 1919 رەنگیدایەوە.

1. دوای ئەوەی لە ماددەی یەکەمی بەیاننامەکەدا مەسەلەی جیابوونەوەی کورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و سنووری دەوڵەتی عوسمانی و ئەو ناوچەیەی کورد و تورک لەخۆدەگرێت، تاوتوێ کرا، پێویستیی دڵنیابوون لەوەی ئەو سنوورە بەلایەنی کەمەوە بەیەک داواکاری بەدی دەهێنرێت، قەبووڵ کرا. لەگەڵ ئەوەش دا بۆ پێشگرتن لە پڕوپاگەندەی درۆ کە لەلایەن بێگانەکانەوە دەکرێن و لە رووکاردا سەربەخۆیی کوردیان کردووەتە ئامانج، دەستەبەری پێشکەوتنی کورد دەکرێت و لە روانگەی مافە نەژادی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بڕیاردرا پشتیوانییان لێبکرێت. ئەوەش بەشیاو زانرا کە هەر لە ئێستاوە کورد بەمە بزانن. [1]

ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە سەربازانی فەرەنسی و بەریتانی، دەیانویست کلیکیا[2] کە یەکێکە لەو ناوچانەی هێشتا لەژێر داگیرکاریی بیانیدایە، لە

---

1 - لێرەدا دانە بە دانە ماددەکانی کۆنگرەی سیڤاس رووندەکرێنەوە. بڕوانە:
-Faik Reşit Unat, Amasya Protokolleri, 1, 2, 3 protokol; Tarih Vesikaları, Yeni Seri, Cilt 1, Sayı 18, Mart 1961, MEB Yayını, s. 360-361.
-Mithat Sertoğlu, Amasya Mülakatı Tutanağının Tam Metni, BTTD, s. 14, Kasım 1968, s. 28-32.
-Bekir Sıtkı Baykal, Heyet-i Temsiliye Kararları, TTK, Ankara 1964, s. 25-29.
-Mithat Sertoğlu, Amasya Protokolünün Tam ve Gerçek Metni, BTTD, Sayı 3, Aralık 1967, s. 9-13
لە سەرەوە هەوڵماندا دەقی تەواوی پڕۆتۆکۆلی ئەماسیە کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، بخەینەڕوو. لەو سێ سەرچاوەیەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، جیاوازی لە نێوەڕۆکیاندا هەبوو. لە داهاتوودا ئەم پرسە دەخەینەوە بەرباس.
ئەگەر سەرنج بدەن، ئەو خاکەی تورک و کورد لەسەری دەژین، وەک سنووری ئەو دەوڵەتە نوێیە دیاری دەکرێت و، هیچ باسی عەرەبەکان نییە، ئەوەش جێی سەرنجە کە لەسەر پرسی کوردستان حکومەتەکەی ئیستەنبووڵ و قوەی میللیەتچی هەمان هەڵوێستیان هەیە. تەنیا ئەوەی یەکەم بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد قەبووڵ دەکەن و هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی نوێ دا بیانهێڵنەوە. هەرچی ئەوانەی دووەمن، بیر لەوە دەکەنەوە بیانخەنە ژێردەستی خۆیان، بەڵام لە پڕۆتۆکۆلی ئەماسیەدا کەمالیستەکان ئەوە قەبووڵ دەکەن کە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پەرە بە خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بدەن، رێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر.
2 - ئەدەنە - مێرسین.

وڵاتـی دایـک جیابکەنـەوە و وەک دەوڵەتـی ناوچـەی پارێـزراو لەنێـوان تورکیـا و عەرەبسـتان دایبمەزرێنـن. بەگشـتی ئـەوە قەبـووڵ کـرا کـە ئـەو ناوچەیـە لەبارتریـن و بەرهەمدارتریـن ناوچـەی ئەنادۆڵـە و لـە هیـچ بارودۆخێکـدا ناتوانرێـت جیابکرێتـەوە، کـە بـاس لـە ئایدنیـش بکرێـت، بەهەمـان شـێوە رێگـە نادەیـن لـە نیشـتمانمان جیابکرێتـەوە.

بـۆ پرسـی تراکیـاش: ئەگـەری ئـەوە لەبەرچـاو گیـرا کـە بەریتانیا و فەرەنسـا بـۆ بەرگرتـن لـە جووڵـەی هاوبەشـەکانی تورکیـا و بوولگاریـا لـە داهاتـوودا، لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی تراکیـا تاوەکـو دەگاتـە هێڵـی میدیـە- ئەنـەز، حکومەتێکـی سـەربەخۆ دابمەزرێنـن و لـە ئێمـەی جیابکەنـەوە، بـەڵام سـنووری نێـوان ئەدیرنـە و مەریـچ ئەگـەر بـۆ دانەپاڵ وڵاتێکـی ئیسـلامیش بێـت، رێککەوتـن لەسـەر ئـەوە کـرا بەهیـچ شـێوەیەک رەزامەنـدی نەدرێت. لەگـەڵ ئـەوەش دا بڕیارەکـە لەلایـەن دەسـتەی بڕیاردانەوە لـە چوارچێوەی مـاددەی یەکـەم دا دەبێـت.

2. ئـەو پەرەگرافـەی لـە مـاددەی چـواری بەیاننامەکـەدا هاتـووە لەبـارەی ئـەوەی کـە قبـووڵ ناکـرێ ئیمتیـازی ئەوتـۆ بدرێتـە پێکهاتەی کریسـتیان کە هاوسـەنگیی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بگۆڕێـت، بـە بایەخـەوە هەڵوەسـتەی لەسـەر کـرا. بـاس لـەوە کـرا کـە ئەمـە بـە خواسـتێکی بـێ چەندوچـۆن دادەنرێ بۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی کردەیی سـەربەخۆییمان فەراهەم بکەین. هەروەهـا بـاس لەوەش کـرا کە ئـەو ئیمتیازانەی پێکهاتە ناموسـڵمانەکان سـەدان سـاڵە هەیانـە، ئەسـتەمە لـەم سـەردەمی لاوازییـەی دەوڵـەت دا هەڵبگیرێـن، لەگـەڵ ئـەوەش دا، ئـەم پرسـە و داخوازییەکانـی دیکەمـان لـە چوارچێـوەی مافـی خۆپاراسـتندا، هەموویـان لەلایـەن ئەنجوومەنـی میللییـەوە دەکرێنـە بڕیـار.

3. بەپێـی مـاددەی 7ی بەیاننامەکـە، بـاس لـە دابینکردنـی پێداویسـتییە زانسـتی و پیشەسـازی و ئابوورییەکانمـان کـرا، بـە مەرجێک سـەربەخۆییمان بـە تـەواوی پارێـزراو بێـت. ئـەو دەوڵەتـەی سـەرمایەی زۆر دەخاتـە نێـو وڵاتەکەمانـەوە، دەبـێ مافـی کۆنترۆڵکردنـی داراییمـان بـۆ بهێڵێتـەوە،

بەجۆرێـک کـە زیـان بـە سـەربەخۆیی و بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانمـان نەگەیێنێـت، وەکـو ئەنجوومەنـی میللـی ئـەوە قەبـووڵ کـرا.

4. ماددەکانی دیکـەی بڕیارنامەکانـی کۆنگرەی سـیڤاس لـە 11ی ئەیلوولی 1919 پەسـەند کـران بـەو مەرجـەی لەلایـەن مەجلیسـی مەبعوسـانەوە قبـووڵ بکرێـن.

5. بەگوێـرەی مـاددەی 11ی بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـیڤاس لـە چـواری ئەیلوولـی 1919دا، بـاس لـە کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافەکانـی ئەنـادۆڵ و رووماڵـی و شـێوەی داهاتوویـان و مەیدانـی چالاکییـان کـرا.

لـەم ماددەیـەدا ئەنجوومەنـی میللـی کـە ئیـرادەی میللـی بـە بـەرزی رادەگرێـت، دوای ئـەوەی مافـی بەسـەر قۆناخـی تێپەڕاندنـی یاسـاییەوە دەبێـت و سەربەسـتانە کارەکانـی دەکات و لەلایـەن زۆرینـەی دەنگـی ئەنجوومەنـی میللییـەوە قەبـووڵ دەکرێـت، شـێوەی کۆمەڵەکـەش بەگوێـرەی بڕیارەکانـی کۆنگـرە دیـاری دەکرێـت. ئـەو کۆنگرەیـەی لێـرەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە مـەرج نییـە کۆنگرەیەکـی جیابێـت لـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس کـە تاوەکـو ئێسـتا بەسـتراون، ناچـار نییـە کۆنگـرەی هاوشـێوە لـە دەرەوە ببەسـترێت.

ئـەو پەرلەمانتارانـەی بەرنامـەی کۆمەڵەکـە قەبـووڵ دەکـەن، وەک ئـەو ئەندامانـەی کۆمەڵەکـە حسـێب دەکرێـن کـە دەسـتووری کۆمەڵەکەیـان نووسـیوە، بـەم شـێوەیە لـە کۆبوونەوەیەکـی تایبـەت دا دەتوانـن جێگـەی کۆنگـرە بگرنـەوە. مەرجـە ئەنجوومەنـی میللـی لـە ئیسـتەنبووڵ بەتـەواوی لـە ئاساییشـدا بـێ و سەربەسـتانە کارەکانـی خـۆی بـکات. گفتوگـۆ لەسـەر ئـەوە کـرا کـە ئەمـە، تاوەکـو چ رادەیـەک دەتوانرێـت بـەدی بهێنرێـت. بەهـۆی ئـەوەی ئیسـتەنبووڵ لەژێـر داگیـرکاری بێگانانـدایە، بۆچوونـی ئـەوە خرایـەڕوو کـە پەرلەمانتـاران ناتوانـن ئەرکـە یاساییەکەیان بەپێـی پێویسـت لـەو هەلومەرجـەدا جێبەجـێ بکـەن. لـە شـەڕی سـاڵی حەفتـادا [3] وەک

---

3 - شەڕی 1870ی نێوان برووسیا و فەرەنسا.

چۆن فەرەنسییەکان لە لیۆن و ئەڵمانەکان لە ڤایمار کردیان، بە باش زانرا بەشێوەیەکی کاتی تاوەکو بەدیهاتنی ئاشتی، ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەنادۆڵ، یان لە شوێنێکی دیکە کە حکومەت بە شیاوی دەزانێت، کۆببێتەوە.

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی میللی لە ئاساییش و راددەی تەندروستی کارەکە تێدەگات، دیاریکردنی ئامانجی رێکخراوەکە لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری لەسەر دەدرێت.

بەوپێیەی لەلایەن حکومەتەوە ئازادیی تەواو لە هەڵبژاردنی نوێنەران دا گەرەنتی کراوە، بچووکترین دەستتێوەردان لەلایەن شاندی نوێنەرانی کۆمەڵەوە ناکرێت.

نابێ بیرۆکەی ئەوە بدرێت کە سەرباز سەرقاڵی سیاسەتە، بگرە نابێ سەرباز تێکەڵی سیاسەت بێت.

1. سەرهەڵدانەوەی بیری ئیتیحاد و تەرەقی لە وڵات دا و تەنانەت دەرکەوتنی هەندێک ئاماژەش لەو فکرە، لە روانگەی سیاسییەوە زیانی هەیە. چونکە سەرجەم وڵاتانی هاوپەیمان و پێکهاتە ناموسڵمانەکان دژی ئەم فکرەن. نوێنەران بە کۆی دەنگ ئەوەیان راگەیاند کە ئەمە زیان بە وڵات دەگەیێنێت و کاریگەری خراپی لەسەر کۆنفرانسی ئاشتی دەبێت. تاوەکو ئەوکاتەی دەوروبەر و کات بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن روون دەبێتەوە، دەبێ خۆمان لە بچووکترین بزاوتیش بپارێزین.

2. حکومەت و رێکخراوی میللی گەیشتنە لێکتێگەیشتن، ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن نەمان. بۆیە پێویست دەکات خۆ دووربگیرێت لە بچووکترین پشێوی کە زیان بە پێگە و هێزی حکومەت دەگەیێنێت، ئەمەش بۆ سەلامەتیی وڵات گرنگە. لەو دۆخەدا بڕیاردرا بە پابەندبوون بەو یاسایانەی هەن، دەبێ واز لە داوای سزادان و دوورخستنەوە و زیانی گیانی ئەم و ئەو بهێنرێت.

3. لەنێو پرس و باسەکاندا باس لە وازهێنان لە سیاسەتی تۆڵەکردنەوە کرا و لەکاتی خۆیدا ئەو کەسانەی بەهۆی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

ڕێکخراوەکـەدا دەسـتگیرکراون، ئـازاد دەکرێـن و ئەوانەش کـە کاری خراپیان کــردووە، لەڕێــی داواکاری گشــتییەوە لێپێچینــەوەی یاســاییان لەگــەڵ دەکرێـت.

4. زۆر پێویســتە ئەوانــەی بەهــۆی ڕاگواســتنی ئەرمەنەکانــەوە تاوانیــان کـردووە، بـە یاسـا سـزابدرێن، ئەمـەش لـەڕووی دادپەروەری و سیاسـییەوە زۆر گرنگـە.

5. ئـەو ئیجتیهادانـەی لەبارەی دروسـتی و نادروسـتیی بەشـداریکردنمان لە جەنـگ هـەن [4]، حکومـەت دەسـتوەرناداتە ئـەو کاروبـارە، ئیجتیهـادەکان ئەگـەر دروسـتیش بـن، دەبـێ جارێ بشـاردرێنەوە، ئەمـە بۆ پاراسـتنی وڵاتە. چونکـە ئەوانـەی ئیجتیهـاد دروسـت دەکـەن، بـە دووژمنــی دەوڵەتانــی هاوپەیمـان و دۆسـتی ئەڵمـان دادەنرێـن، ئەمـەش تـرس بڵاودەکاتـەوە.

6. تێپەڕاندنـی هەڵبژاردنـی ئازادانـەی پەرلەمانتـاران، ڕێگرتـن لـەو نارەزایـی و ئاڵۆزییانـەی دژی ئێمـە دەکرێـن و نەهێشـتنی ئـەو بەدحاڵیبوونـەی نێـو خەڵـک بـۆ ئارامیـی وڵات زۆر گرنگـە. چونکـە دەسـتتێوەردان دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی دەنگـۆ و قسـەوباس، بـۆ نموونـە هەڵبژاردنـی ئیتیحادچییـە ناسـراوەکان ڕەنگـە ببێتـە هۆی نارەزایـی و بگرە دەسـتتێوەردانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیـش. بۆیـە پێویسـتە هەڵبـژاردن بـۆ خەڵـک بەجێبهێڵیـن. ئەمـە ڕێگـە دروسـتەکەیە. هـەر خـۆی ئەنجوومەنـی مەبعوسـان پێویسـتی بـەو پەرلەمانتـار و حیزبانـەش هەیـە کـە ئۆپۆزیسـیۆنن.

7. پێویستە واز لە نووسین و چالاکیی شێوێنەرانە بهێنرێت.

8. ڕێگەنـەدان بـەو هەڵسـوکەوتانەی کـە سیسـتەمی گشـتی تێکـدەدەن، بەتایبـەت فڕێدانـی خەڵکـی بـۆ ژێـر پـرد و کوشـتاری خەڵـك.

9. نەنووسینی هیچ شتێک نە بە دژ، نە بە لایەنگری لە حکومەت.

ئـەم کۆنووسـە بـە دوو کۆپـی لـە ئەماسـیە نووسـرا و لەلایەن سـاڵح پاشـا،

4 - مەبەست ئەو بڕیارانەی پیاوانی ئایینی لەڕێی ئایەت، فەرمووده و پێوانە شەرعییەکانەوە دەیدەن.

وەزیـری کاروبـاری دەریایـی و شـاندی نوێنـەران بـۆ یەکتری نێـردراون.
کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی ئەنادۆڵ و روومەلی
بەناوی ئەنجوومەنی نوێنەران
مستەفا کەمال
حوسێن رەئوف
بەکر سامی"

ئەمـە کۆنووسـی کۆبوونـەوەی نێـوان نوێنەرانـی بزووتنەوەکـەی مسـتەفا کەمـال و سـاڵح پاشـا، وەزیـری کاروبـاری دەریایـی حکومەتەکەی عەلـی رەزا پاشـا بـوو کـە لەنێـوان 20 - 22ی ئۆکتۆبـەری 1919 لە ئیسـتەنبووڵ کراوە. ئـەوەی لـەو پرۆتۆکۆڵـەدا لـە هەمـوو شـتێک گرنگتـرە، روونکردنـەوەی بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سیڤاسـە. ئـەو گەنگەشـەیەی لەسـەر ماددەی یـەک کـراوە، ئـەو روونکردنەوانـەی لەسـەر کێشـەی کـورد و کوردسـتان دراون، دەبـێ هەڵوەسـتەیان لەسـەر بکرێـت. دیسـان ئـەو پرۆتۆکۆڵـە لـە روانگەی رێککەوتنـی حکومەتەکـەی ئیسـتەنبووڵ و قـوەی میللیەتچـی لەسـەر زۆر خـاڵ و نیشـاندانی رێککەوتنیـان گرنگـە.

## بەشی دەیەم

# میساقی میللی

## 1. هەڵبژاردنی 1919

کابینەی سێیەمی دامات فەرید پاشا، لە یەکی ئۆکتۆبەری 1919 دەستی لەکارکێشایەوە. لەجێی ئەو کابینەی عەلی رەزا پاشا دامەزرا کە بە نزیک لە بزووتنەوەی قوەی میللی دەناسرا.[1]

حکومەتەکەی عەلی رەزا پاشا وەک پێویستییەک بۆ ئەو پرۆتۆکۆڵەی

1 - لە ئاگربەستی مۆندرۆسەوە تاوەکو چواری ئۆکتۆبەری 1922، واتە تاوەکو دامەزراندنی پەرلەمان ریزبەندی حکومەتەکانی ئیستەنبووڵ بەم جۆرە بووە:
14ی ئۆکتۆبەری -1918 11ی تشرینی دووەمی 1918، حکومەتی عیزەت پاشا
11ی تشرینی دووەمی 1918 12-ی کانوونی دووەمی 1919، حکومەتی تۆفیق پاشا
13ی کانوونی دووەمی 1919 - سێی مایسی 1919، کابینەی دووەمی حکومەتەکەی تۆفیق پاشا
4ی مایسی -1919 16ی مایسی 1919، حکومەتی دامات فەرید پاشا
19ی مایسی 1919 ـ 20ی تەمموزی 1919، دووەم کابینەی حکومەتەکەی دامات فەرید پاشا
21 ی تەمموزی -1919 یەکی ئۆکتۆبەری 1919، سێیەم کابینەی حکومەتەکەی دامات فەرید پاشا
دووی ئۆکتۆبەری 1919 - سێی نیسانی 1920، حکومەتی عەلی رەزا پاشا
چواری نیسانی -1920 30ی تەمموزی 1920، چوارەم کابینەی حکومەتی دامات فەرید پاشا
31ی تەمموزی 1920 ـ 20ی ئۆکتۆبەری 1920، پێنجەم کابینەی حکومەتی دامات فەرید پاشا
21ی ئۆکتۆبەری 1920 - چواری تشرینی دووەمی 1922، سێیەم کابینەی حکومەتی تۆفیق پاشا

لەنێـوان سـاڵح پاشـا، وەزیـری کاروبـاری دەریایـی و نوێنەرانـی دەسـتەی دامەزرێنـەردا هەبـوو، لـە7ی ئۆکتۆبـەری 1919دا بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە.

لـەو بەیاننامەیـەدا ئـەوە ئاشـکراکرا کـە دەسـت بـە هەڵبژاردنـی نوێنـەران دەکرێت بۆ ئەنجوومەنی مەبعوسـانی عوسـمانی. هەڵبژاردنەکە بەگوێرەی ئـەو یاسـایە بەڕێوەچـوو کـە سـاڵی 1908 دەرچووبـوو. ئـەو یاسـایە، یاسـای هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی بـە بنەمـا دەگـرت کـە یاسـای سـاڵی 1876 بـوو. هەڵبژاردنەکـە لەسـەر دوو ئاسـت بـوو. لەسـەر ئاسـتی ژمـارەی ئـەو نوێنەرانـەی هەڵدەبژێـردران و ئەوانـەی دەنگیـان دەدا تەنیا پیـاوان لەبەرچاو گیرابـوون. تەنیـا پیـاوان دەنگیـان دەدا و تەنیـا پیـاوان دەبوونـە نوێنـەر. هەر 50 هـەزار پیاوێـک نوێنەرێکـی دەبـوو.

هـەر سـەنجاقێک بازنەیەکـی هەڵبـژاردن بـوو [2]. لـە کاروبـاری هەڵبـژاردن دا جیـاوازی ئایینـی نەبـوو. موسـڵمان، کریسـتیان و جووەکانیـش مافـی خۆبەربژێرکـردن و دەنگدانیـان هەبـوو.[3]

دەفتـەری هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجوومەنەکانی شـارەوانی و پەرسـتگەکان، ئیمام، قەشـە، حاخـام و موختارەکانـەوە ڕێکدەخران.

بـۆ تۆمارکردنـی دانیشـتووانی قـەزاکان بەلایەنـی کەمـەوە دەبـوو سـاڵێک بەسـەر نیشـتەجێبوونیاندا تێپەڕیبێـت.

هەڵبـژاردن دوو ئاسـت بـوو. بـۆ دەنگـدان دەبـوو 25 سـاڵی تـەواو کردبێت، بێگانـە نەبێـت، ئیفلاسـی نەکردبێـت، کەمئەنـدام نەبێـت و کەم تاوەکـو زۆر باجـی بـە دەوڵـەت دابێـت. ئەوانـەی لـە دەرەوەی ئـەو پۆلێنبەندییـە بـوون، نەیاندەتوانـی لـە دەنگدەرانـی ئاسـتی یەکـەم بـن.

ئـەو لیسـتەیەی کـە ناوی دەنگدەرانی ئاسـتی یەکەمیان لەسـەر نووسـراوە، لەلایـەن دەسـتەی چاودێریـی قـەزاکان دەپشـکنران، کاری پێویسـتیان بـۆ

2 - سەنجاق: لیوا، بەگوێرەی ئیدارەی ئەمڕۆ شتێک بوو لەنێوان ناحیە و قەزا.
3 - دۆخی یاسایی وابوو، بەڵام بەشێوەی کردەیی موسڵمانەکان بێگومان زۆر کاریگەرتر بوون.

دەکــرا و بــۆ مــاوەی 15 ڕۆژ لــەو شــوێنانە هەڵدەواســران کــە هەمــوو کــەس بتوانــن بیانبینــن. بە نووســین دەکــرا تانە لــە کاری دەســتەی چاودێری بدرێت. هەروەهــا دەتوانــرا لــە دادگاکان تانــە لــە بڕیارەکانــی ئــەوان بدرێــت.
دەنگدەرانــی ئاســتی یەکــەم بــۆ هــەر 500 دەنگدەرێــک دەنگــدەری دووەمیــان هەڵدەبــژارد. ئەوانــەی مافــی ئەوەیــان نەبــوو ببنــە دەنگــدەری یەکــەم، نەیاندەتوانــی دەنگــدەری دووەمیــش بــن. هەروەهــا ئەوانــەی خزمەتــکاری کەســێکی دیکــە بــوون، بۆیــان نەبــوو دەنگــدەری دووەمیــش بــن. هەڵبژاردنــی دەنگــدەری دووەم لــە هــەر شــارۆچکەیەک بــە جیــا دەکــرا. دەســتەیەکی ســەر ســندووق لــە ســەرۆک و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی شــارۆچکەکە، ئیمــام، قەشــە و حاخــام پێکدەهێنــرا.
هێنــدەی ژمــارەی دەنگــدەران (دەنگدەرانــی ئاســتی یەکــەم) کاغــەزی دەنگدانــی مۆرکراو ئامادە دەکرا، ســەرەتا ئیمامەکان، قەشــە و حاخامەکان بەیەکــەوە نزایــان بــۆ پاشــا دەکــرد، دواتــر دەنگــدان دەســتی پێدەکــرد.
دەنگــدەران دەیانتوانــی خۆیــان دەنــگ بــدەن. ئەوانــەی نەخوێنــدەوار بــوون دەیانتوانــی کەســێکی متمانەپێکــراو لەگــەڵ خۆیــان ببــەن و لەجیاتــی ئــەو لەســەر کارتەکــە دەنگــی خــوازراوی بــۆ بنووســێت. کارتــی دەنگــدان لەلایەن دەنگــدەران خۆیانــەوە دەخرانــە نێــو ســندووقەکان. لــەم کارەدا بریــکاری نەبــوو. لەگــەڵ ئــەوەش دا کەســە ناســراوەکانی شــار و شــارۆچکەکان دەیانتوانــی لەنێــو زەرفێکــدا کارتــی دەنگدانــی خۆیــان بنێــرن.
ئەگــەر دەنگــدان بــە ڕۆژێــک تــەواو نەبووایــە، ڕۆژی دواتریــش بــەردەوام دەبــوو. کاتێــک دەنگــدان تــەواو دەبــوو، دەنگــەکان دەژمێــردران و لەلایــەن دەســتەی ســەر ســندووقەکانەوە کۆنووســی دەنگدان دەدرایە دەنگدەرانی ئاســتی دووەم.
دەنگدەرانــی ئاســتی دووەم دیســان بــە ئاگادارکردنــەوەی پێشــوەختە نوێنەرانیــان هەڵدەبــژارد. دەنگدەرانــی ئاســتی دووەم بــەو بەربژێرانــەی لەلایــەن حیزبەکانــەوە یاخــود ســەربەخۆ خۆیــان هەڵبژاردبــوو، پەیوەســت نەبــوون. هەمــوو ئەوانــەی مافــی بوونــە دەنگــدەری ئاســتی دووەمیــان

هەبـوو دەیانتوانـی دەنـگ بـدەن. بـۆ بوونـە دەنگـدەری ئاسـتی دووەم، پێویسـت بـە چەنـد مەرجێـک هەبـوو. لەسـەرووی ئـەو مەرجانـە دەبـوو 30 سـاڵ تەمەنـی تـەواو کردبێـت و تورکـی بزانێـت.
ئـەو رۆژەی نوێنەرانـی پەرلەمـان هەڵدەبژێـردران، ئەگـەر لـە 8 لـە 10ی دەنگدەرانـی ئاسـتی دووەم دەنگیـان دابووایـە، سـندووقەکان دەکرانەوە و دەنگـەکان دەژمێـردران. ئەگـەر بـەو رێژەیـە دەنـگ نەدرابووایـە، هەڵبژاردن رۆژی دووەم بـەردەوام دەبـوو. کۆنووسـی ئەنجامـەکان دەنووسـران و بەڵگەنامـەی هەڵبـژاردن دەدرایـە دەرچـووەکان.
لـە شـوێنی ئەوانـەی بەهـۆکاری جیـاواز دەسـتبەرداری بوونـە نوێنـەر دەبـوون، ئەوانـەی بـە هـۆکاری دەسـتووری دەسـتبەرداری نوێنەرایەتـی دەبـوون، یاخـود دەمـردن، یاخود کاتێک ئەنجوومەن کۆنووسـی هەڵبژاردنی قەبـووڵ نەدەکـرد، کەسـانی نـوێ لـە شـوێنیان دادەنـران.
چـوار سـاڵ جارێـک هەڵبـژاردن دەکـرا، بـەڵام بەگوێـرەی دەسـتوور پاشـا دەسـەڵاتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی هەبـوو. ئەگـەر ئەنجوومەنـی نوێنـەران بـەر لـە چـوار سـاڵ لەلایـەن پاشـاوە هەڵوەشـێنرابایەوە، پێویسـت بـوو لـە مـاوەی دوو مانـگ دا هەڵبـژاردن بکرێـت.[4]
ئـەو هەڵبژاردنـە کـە لـە کۆتایـی سـاڵی 1919دا کـرا، دوایین هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عوسـمانی بـوو. لـەو سـەروبەندەدا نـە حکومەتـی عوسـمانی لـە ئیسـتەنبووڵ، نـە پارتـە سیاسـییەکان، نـە قـوەی میللـی هیچیـان هێـزی وایـان نەبـوو باڵادەسـتیی خۆیـان یـەکلا بکەنـەوە. لەنێـوان ئـەو هێزانـەدا هاوسـەنگی هەبـوو. لـەو رەهەنـدەوە دەکـرێ بگوتـرێ کـە هەڵبژاردنـەکان لـە کەشـێکی دینامیکـی، پـڕ گەنگەشـە و پڕوپاگەنـدەدا بەڕێوەچـوو. بەگوێـرەی ئـەوەی مەحمـوود گولئۆغڵـو لـە دەمـی نیزامەدین

4 - بۆ هەڵبژاردنی 1919 بڕوانە:
Mahmut Goloğlu, 3. Meşrutiyet, Başnur Matbaası, Ankara1968, s. 43 - 45

نەزیـف تەپەدەلەنلیئۆغڵـو دەیگێڕێتـەوە، دۆخەکـە بـەم شـێوەیە بـووە: "بـۆ نموونـە فەخـری بـەگ کـە لەسـەر نـاوی کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافەکانی ئەنـادۆڵ و روومەلـی وەک بەربژێـری بورسـا و بیلەجیـک دیاریکرابـوو، وێـڕای داواکاری مسـتەفا کەمـال پاشـا و هەوڵەکانـی وەسـفی بـەگ، ئەندامـی دەسـتەی نوێنـەران، فەرمانـدەی لیـوا بەکـر سـامی بـەگ لـە هیـچ کام لـەو دوو شـوێنانە هەڵنەبژێـردرا. دەنگدەرانـی سـنۆپ، دەنگیـان بـە بەربژێرانـی ئەنقـەرە نـەدا". [5]

پێویسـتە بـە بایەخـەوە هەڵوەسـتە لەسـەر هەڵبژاردنـە پـڕ گەنگەشـە، دینامیـک و بـە پڕوپاگەندەکـەی 1919 بکرێت. لە ساڵی 1927 یشـەوە ئیدی ئـەو تایبەتمەندییانـە بەتـەواوی لابـران، تـەواوی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی باڵا (پەرلەمـان) لەلایـەن سـەرۆکی هەمیشـەیی و نەگـۆڕی فیرقـەی کۆمـاری گـەل CHF مسـتەفا کەمـال ئەتاتورکـەوە دیـاری دەکـران. [6]

هەریەکـە لـە پارتـی ئـازادی و هاوپەیمانـی، پارتـی تەجـەدود و [7] لایەنگرانـی قـوەی میللییـە و حکومـەت بەشـدارییان تێـدا کـرد.

بەشـێک لەوانـە لـە هەندێـک شـوێن کاریگەرییـان هەبـوو. بـۆ نموونـە وەسـفی بـەگ، کـە ئەندامـی کۆنگـرەی سـیڤاس و نوێنـەری ئیسـتەنبووڵ و ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران بـوو لـە سـیڤاس، هەروەهـا مسـتەفا کەمـال وەک نوێنـەری ئـەرزڕووم هەڵبژێـردران. ئەلفرێـد رۆسـتەم بـەگ کـە هیـچ پەیوەندییەکیشـی بـە ئەنقـەرەوە نەبـوو، وەک نوێنـەری ئەنقـەرە و خوسـرە بـەگ کـە هیـچ پەیوەندییەکیشـی بـە ترابزۆنـەوە نەبـوو، وەک نوێنـەری ترابـزۆن هەڵبژێـردران. ئـەم دوو کەسـە بـە نزیکەکانـی مسـتەفا کەمـال دادەنرێـن.

---

5 -  Mahmut Gologlu, y.a.g.e., s. 45

6 - Cumhuriyet Halk Fırkası'nın Tüzüğü (1927) ve Kürt Sorunu, Yurt Kitap-Yayın, Aralık 1991 İstanbul, s. 67-94

7 - فیرقـەی تەجـەدود لـە شـوێنی فیرقـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی دروسـتکرا. ئیتیحـاد و تەرەقـی لـە تشـرینی دووەمـی 1918 خـۆی هەڵوەشـاندەوە و ئیتیحادچییەکانـی ئسـتەنبووڵ و ئەنـادۆڵ لـە دەوری کۆمەڵەیـەک کۆبوونـەوە و فیرقـەی تەجەدودیـان پێکهێنـا.

لە هەڵبژاردنی 1919دا 168 کەس وەک نوێنەر بۆ دوایین ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانی هەڵبژێردران: [8]

| | |
|---|---|
| ئەنقەرە (چۆرووم، کرشەهیر، یۆزگات) | 11 |
| ئایدن (ئیزمیر، دەنیزلی، مانیسا) | 15 |
| بتلیس (گەنج. مووش، سێرت) | 5 |
| بورسا (بیلەجیک) | 6 |
| دیاربەکر (ئێرگانی، مێردین، سیڤەرەک) | 8 |
| ئەدیرنە (گەلیبۆڵو، کرکلارئێلی، تەکیرداخ) | 9 |
| ئەلەزیز (دێرسم، مەلاتی) | 6 |
| ئەرزرووم (بایەزید، ئەرزینجان) | 8 |
| ئیستەنبووڵ (بەیئۆغڵو،ئوسکودار) | 11 |
| کاستەمۆنو (چانکری، سینۆپ) | 8 |
| قۆنیا (بوردور، ئیستەنبووڵ) | 8 |

لەو شوێنانەی هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوەچوو، کاتێک لەسەر نەخشەیەک لێی دەڕوانیت، سەرباری ئەوەی شوێنەکانی وەک قارس، ئەردەهان، ئارتڤین و ئەنتاکیا لە دەرەوەی سنوورەکە بوون، بەڵام تاوەکو راددەیەک دەکاتە هەمان نەخشەی ئەمڕۆ.

| | |
|---|---|
| سیڤاس (ئەماسیە، شەبینکاراهیسار، تۆکات) | 12 |
| ترابزۆن (گوموشهانە، ریزە 'لازستان') | 12 |
| وان (هەکاری) | 5 |

8 - بۆ ئەم لیستەیە بڕوانە:

Mahmut Goloğlu, 3. Meşrutiyet 1920, s. 295-303.

| سەنجاقەکان | لیوا سەربەخۆکان |
|---|---|
| 3 | ئافیۆنکاراهیسار |
| 2 | ئەنتاڵیا |
| 5 | باڵکەسیر |
| 4 | بۆڵو |
| 2 | چەناککالە |
| 1 | چەتاڵجا |
| 2 | ئێسکیشەهیر |
| 2 | غازی عەنتاب |
| 1 | ئیچەل |
| 3 | ئیزمیت |
| 3 | قەیسەری |
| 2 | کوتاهیا |
| 2 | مەرەش |
| 2 | موغڵە |
| 3 | نیغدە |
| 4 | سامسوون |
| 2 | رووها |
| 168 | کۆی گشتی |

## 2 - کردنەوەی ئەنجوومەن و پەسەندکردنی بەیاننامەی میساقی میللی

سـەرباری ئـەوەی هەڵبـژاردن لـە مانگەکانـی تشـرینی یەکـەم و تشـرینی

دووەمـی 1919دا بەڕێوەچـوو، بـەڵام ئەنجوومـەن نەدەکرایـەوە. قـوەی میللییەتچی و ئەنجوومەنی دامەزرێنەر بەتایبەتی مستەفا کەمال پاشا، هەوڵـی زۆریـان دەدا ئەنجوومـەن لـە ئەنـادۆڵ کۆببێتـەوە. هەرچـی پاشـا و حکومەتـی عوسـمانی بـوون، دەیانگـوت دەبـێ لـە ئیسـتەنبووڵ بێـت کـە ناوەنـدی خەلافەتـە. [9]

بەگوێـرەی بیرەوەرییەکانـی عیسـمەت ئینۆنـو، مسـتەفا کەمـال پاشـا دەیویسـت ئەنجوومـەن لـە ئەنـادۆڵ کۆببێتـەوە و خۆیشـی ببێتە سـەرۆکی ئەنجوومـەن. کـە لـەو خواسـتەی سـەرکەوتوو نەبـوو، پێشـنیازی ئـەوەی کـرد ئـەو پەرلەمانتارانـەی روویـان لـە ئیسـتەنبووڵ دەکـرد، وەک قـوەی میللـی گرووپێـک پێکبێنـن. هەروەهـا پێشـنیازی ئـەوەی دەکـرد خـۆی وەک سـەرۆکی ئەنجوومـەن هەڵبژێـرن. بەبۆچوونـی مسـتەفا کەمـال پاشـا، سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەن مـەرج نییـە هـەر لـە ئیسـتەنبووڵ کۆببێتـەوە. ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عوسـمانی دەبـووە ئەنجوومەنـی بزووتنـەوەی میللـی. [10]

بـۆ رێکخسـتنی ئـەو کاروبارانـە، مسـتەفا کەمـال پاشـا، رەئـوف بـەگ، ئەندامـی دەسـتەی نوێنەرانـی نـاردە ئیسـتەنبووڵ. رەئـوف بەگیـش لـە سـیڤاس وەک پەرلەمانتـار هەڵبژێردرابـوو، بـەڵام کردنـەوەی ئەنجوومەنـی گـەل دوادەکـەوت. چونکـە ئـەو بڕوایـە هەبـوو ئـەو کەسـانەی پاشـا هەڵیبـژاردوون، زیاتـر مەیلیـان بـەلای ئیتیحادییەکاندایـە، گەنگەشـەش لەسـەر ئـەوە دەکـرا ئایا سـەرۆکی حیزبـەکان دۆخەکـە دەگـۆڕن یاخـود نـا. لـە کۆتاییـدا تێگەیشـت ئـەوەی بیـری لێدەکاتـەوە مەیسـەر نابێـت و رێگـەی کرانـەوەی ئەنجوومەنـی دا.

ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عوسـمانی لـە 12ی کانوونـی دووەمـی 1920

9 - بـۆ ئـەو نووسـراوانەی نێـوان مسـتەفا کەمـال پاشـا و حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ (وەزیـری کاروبـاری جەنـگ جەمـال پاشـا) سـەبارەت ئەنجوومەنـی گـەل لەکـوێ کۆببێتـەوە، بڕوانـە:
Mithat Sertoğlu, BTTD, Sayı 14, Kasım 1968, s. 33-41

10 - بۆ ئەو پەیوەندییانە بڕوانە:
İsmet İnonü, Milli Mücadele, Ulus, 11 Nisan 1968

کرایەوە و دەستی بەکارەکانی کرد. بەڵام ئامانجی مستەفا کەمال پاشا وەدی نەهات و نەبووە سەرۆکی ئەنجوومەن. هەروەها لە ئەنجوومەنی نوێنەران دا "گرووپی کۆمەڵەی پاراستنی ماف" پێکنەهات. [11]
بەڵام گرووپێک بە ناوی "گرووپی فەلاحی وڵات" دروستکرا کە زیاتر لە نەتەوەپەرستەکان، واتە لە قوەی میللییەوە نزیک بوون. ئەو گرووپە زوو زوو کۆدەبوونەوە و بڕیاری گرنگیان دەردەکرد.
نووسەرانی وەک فایق رەشید و سەڵاحەدین تانسەر ئەوەیان نووسیوە کە بەیاننامەی میساقی میللی لە 28ی کانوونی دووەمی 1920، لە دانیشتنێکی نهێنیی ئەنجوومەن دا قەبووڵکراوە. [12]
هەرچی مەتە تونجایە، پێیوایە ئەنجوومەن لە 28ی کانوونی دووەمی 1920 نە بە نهێنی و نە بە ئاشکرا هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و پێیوایە کۆبوونەوەیەکی نافەرمی کرابێت. [13]
بەڵام راگەیاندنی بەیاننامەی میساقی میللی و قەبووڵکردنی لە ئەنجوومەن کەوتە رۆژی 17ی شوباتی 1920. لەبارەی ئەم پرسەوە لە کۆنووسی ئەنجوومەن دا هاتووە: [14]
سەرۆک: (یەکەم جێگری سەرۆک و نوێنەری ئایدن حوسێن کازم) شەریف بەگ، نوێنەری ئەدیرنە پێشنیازێکی هەیە، دەیخوێنمەوە:

'بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران
عەهدی میللی (پەیمانی میللی) بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن دەخەمەڕوو. 18ی شوباتی 1920، شەریف، نوێنەری ئەدیرنە.

---

11 - Selahattin Tansel, Mondros'tan Mudanya'ya Kadar, Cilt 3, Başbakanlık Kültür Müsteşarlığı Yayını, Ankara 1973, s. 16

12 - Faik Reşit Unat, Misak-ı Milliye Beyannamesi, Aylık Ansiklopedi, 1944, No: 3, s. 92-93; Selahattin Tansel, y.a.g.e., s. 16

13 - Mete Tunçay, Misak-ı Milli'nin Birinci Maddesi _zerine, Birikim, Sayı 18-19 Ağustos-Eylül 1976, s. 12

14 - Mete Tunçay, y.a.g.m., s. 13-14

سەرۆک: تکایە ئەوانەی ئەو پێشنیازە قەبووڵ دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...

مستەفا عارف بەگ: (کرککیلیسە) گەورەم ئامانج لەو پێشنیازە چییە؟ پێشنیاز دەکرێت عەهدی میللی بدرێتە چاپەمەنی. دەستەی گشتی بەڕێزیش ئەمە قەبووڵ دەکات. لەم دۆخەدا دیوانی سەرۆکایەتی ئەم کارە دەکات و پێویستی بە کۆبوونەوە نییە.

سەرۆک: هەرچۆنێکە بۆ ئەوەی بچێتە نێو کۆنووسەوە پێویستە بخوێنرێتەوە. ئەم بەیاننامەیە بە ناوی سەرجەم ئەنجوومەنی نوێنەران چەند روانگەیەکی هەڵگرتووە. چۆن دەشێ نەخوێنرێتەوە؟ گفتوگۆی لەبارەوە ناکەین، تەنیا دەیخوێنینەوە..

(دەنگ: با بخوێنرێتەوە)

زیا بەگ - (ئەرزڕووم): گەورەم سەرۆک، بۆ زمانانی دیکەش وەرگێڕدراوە؟

سەرۆک: بەڵێ، کراوە ئەفەندی.

شەرەف بەگ- (ئەدیرنە): هاوڕێیانی بەڕێزم، کاتێک دەنگدەرەکانمان ئێمەیان ناردە ئێرە، ئەرکی نیشتمانپەروەرییان خستووەتە سەر شانمان. داوایان لە ئێمەیە ئەو وڵاتە، ئەو گەل و مێژووە، ئەو ئایینە و تەواوی مافەکانی، کە شەش سەدەیە پشتی بە شمشێری تیژی دادپەروەری بەستووە، بپارێزین. هەموومان قەبووڵکراوین و ئاوا هاتووینەتە ئێرە. لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە بیر و رامانێکمان لە دڵ و بیردا شێوەی گرتووە. هاوڕێیەکمان هەموو دەنگی ئاشتی لە خاڵێکدا کۆکردەوە و هەموو ویژدانەکانی لەو خاڵەدا یەکخست. ئەو پەیمانە میللییە [15] تاوەکو مردنمان بەردەوام دەبێت. ئەمە پەیمانێکی نەتەوەییە، دەبێ ئەنجوومەنەکەمان بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بیخاتە مێژووی لێرەبەدواوەمان، هێندەی رابردووە بەهێز و درەوشاوەکەمان، ئاواش بۆ

15 - ئەمە دواتر وەک میساقی میللی دەناسرێت.

داهاتـووی گەلەکەمـان دەیخوازیـن و بـۆ دەوڵەتەکەمـان ڕەچاوی دەکەیـن بـۆ ڕۆژانـی داهاتـوو خۆمـان ئامـادە دەکەیـن. ئێمەی تـورک و موسـڵمان لە بنەڕەتـدا 'دیموکـرات' یـن. هەرگیـز ئەوە بـە بیری تورکێکـدا نەهاتووە چینێک کـە ژێرکەوتـووە، بچەوسـێنینەوە. وەک چـۆن هەمووان لە پشـت محیراب و ئیمامێکـەوە یەکسـانین، ڕوانگـەی تورکێـک و موسـڵمانێکیش بۆ یەکسـانی هەمـان شـتە. گەلێـک کـە بڕیـاری ئـەوەی داوە بـە پـاڵ یەکـەوە یەکسـان و بـە دادپەروەرییـەوە ڕێگـە ببـڕێ، نـە خـودا نـە مرۆڤایەتـی قەبـووڵ نـاکات مافەکانـی پێشـێل بکرێـن. [16]

ئێمـە بـە ڕوونـی جگـە لـە مافەکانـی خۆمـان، داوای هیـچ شـتێکی دیکـە ناکەیـن. بۆیـە پەیمانـی میللـی لێـرەدا دەخوێنمـەوە، کـە هاوڕێیانـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران ئامادەیـان کـردووە. بـۆ ئـەوەی ئـەو مرۆڤانـەی لـەم دنیایـەدا ئـازار دەچێـژن تاکـە ڕۆژێـک بـە ئاسـوودەیی بژیـن، پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم بگاتـەوە وڵاتانـی ئەوروپـا و وڵاتـە پێشـکەوتووەکانیش کـە بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن دژی کۆیلایەتـی و چەوسـاندنەوەی مرۆڤـن. (دەنگی بژی و چەپڵەلێدان)" [17]

بەیاننامەی پەیمانی میللی

ئەندامانـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عوسـمانی، پێیانوایـە کـە ڕێگـەی سـەربەخۆیی دەوڵـەت و دەسـتەبەری داهاتوویەکی سـەلامەت و ئاسـایش بۆ گەل و گەیشـتن بە ئاشـتەوایی هەمیشـەیی، پابەندبوونە بەو بنەمایانەی لـە خـوارەوە هاتـوون و دان بـەوەش دادەنێـن کـە بەبـێ قەبووڵکردنـی ئەو بنەمایانـە درێـژەدان بـە دەوڵەتـی عوسـمانی و بەردەوامبوونـی ئەسـتەم دەبێـت:

---

16 - کەمالیسـتەکان لێرەدا بـاس لـە بنەمـا گەردوونییەکانی یەکسـانی و دادپەروەری دەکەن... کەمالیسـتەکان کـە لـە دۆخێکـی سـەختدان، ئـەم بنەمایانـە وەک ئامانـج دیـاری دەکـەن و بـۆ بەدیهێنانیشـیان داوای هـاوکاری نێودەوڵەتـی دەکـەن، بـەڵام ئـەو سیاسـەتەی بەرامبـەر کـورد پەیڕەویـان کـردووە، دەبـێ هەرگیـز لەبیرنەکەیـن.

17 - دیسـانەوە پێویسـت دەکات ئـەم جـۆرە بەیاننامانـەی کەمالیسـتەکان و ئـەو سیاسـەتەی بەرانبـەر کـورد پەیڕەویـان کـردووە، بـەراورد بکەیـن.

مـاددەی یەکـەم: چارەنووسـی ئـەو ناوچانـەی دەوڵەتـی عوسـمانی کـە لەکاتـی واژۆکردنـی ئاگربەسـت لە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918، لەلایەن سـوپای دووژمنـەوە داگیرکـراون و زۆرینەیـان عەرەبـن، بـە دەنگـی ئازادانـەی گـەل دیـاری دەکرێـت کـە 'بەگوێـرەی هێڵـی و نـاوەوەی ئاگربەسـتەکە' [18]، هەمـوو ئـەو نـەژاد [19] و ئایینانـەی ئـەو ناوچانـە کـە فیداکارییـان نوانـدووە و زۆرینەیـان موسـڵمانن، بەهیـچ هۆکارێـک لێـک جیانابنـەوە و دانابڕێـن. (چەپڵەلێـدان).

مـاددەی دووەم: ئـەو سـێ لیوایـەی (باتوومـی، قـەرس، ئەردەهـان) کـە لەگـەڵ سەربەسـتبوونی خەڵکەکەیـان بـە دەنگـی خۆیـان هاتنـە پـاڵ نیشـتمان، ئەگەر پێویسـت بکات دیسـانەوە بەشـێوەیەکی ئازادانـە دەتوانن دەنگـی خۆیـان بدەنـەوە.

ماددەی سـێیەم: دۆخـی یاسـایی رۆژئـاوای تراکیـا [20] کـە بـۆ ئاشـتیی تراکیـا بەجێهێڵـدراوە، بەگوێـرەی ئـەو دەنگـەی دانیشـتووانی ئـەوێ بـە ئازادانـە دەیـدەن، دیـاری دەکرێـت. (دەنگـی بژیـت)[21]

---

18 - لـە زۆربـەی ئـەو توێژینەوانـەدا کـە لـە تورکیـا کـراون، ئـەم رسـتەیە ئـاوا نووسـراوە: "هێڵـی"، نەنووسـراوە "هێڵـی دەرەوە" بڕوانـە:

Tarih IV, Türkiye Cumhuriyeti, İkinci baskı, TTTC, İstanbul 1934, s. 46.

Selahattin Tansel, Mondros'tan Mudanya'ya Kadar, Cilt 3, s. 18.

Sabahattin Selek, Anadolu İhtilali, s. 325.

Sabahattin Selek, Milli Mücadele, Ulusal Kurtuluş Savaşı, Cilt 1, s. 385.

Cemil Bilsel, Lozan, Cilt 1, s. 364.

Türkiye Dış Politikasında 50 Yıl, Kurtuluş Savaşımız, 1919-1922, Hazırlayan Dışişleri Bakanlığı, s. 54.

Şevket Süreyya Aydemir, Tek Adam, Cilt 2, s. 219.

Sadi Irmak, Atatürk Devrimleri Tarihi, (İdeoloji ve Tarih açısından inceleme), 1973, s. 80.

Ahmet Mumcu, Tarih Açısından Türk Devriminin Temelleri ve Gelişimi, 3. baskı, Ankara 1974, s. 52.

İlhan Akın, Türk Devrimi Tarihi, 1976, s. 83.

Türk İnkılabı Tarihi (Harp okulları için hazırlanmış), 2. baskı, Genelkurmay Başkanlığı Yayını, 1973, s. 38.

Mehmet Gonlübol Cem Sar, Milli Mücadele Devrinde Türk Dış Politikası, Olaylarla Türk Dış Politikası (1919-1973), 3. baskı, s. 13.

Yahya Akyüz, Türk Kurtuluş Savaşı ve Fransız Kamuoyu 1919-1922, TTK, Ankara 1975, s. 62

مەتـە تونجـای لـە توێژینەوەکانیـدا پێیوایـە لـە رسـتەی "هێڵـی دەرەوە و نـاوەوەی ئاگربەسـتەکە" تەنیـا ئامـاژە بـۆ نـاوەوە کـراوە، ئەمـەش لەبیرکـردن و هەڵەیـەک نەبـووە بەڵکـو بە مەبەسـت بەوشـێوەیە نووسـراوە. لەلایەکی دیکـەوە وەشـانخانەی ئەوتـۆ هـەن کـە "هێڵـی دەرەوە و نـاوەوە" بـە تـەواوی دەنووسـن:

ماددەی چوارەم: پێویستە پادشایەتی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلام، هەروەها شاری ئیستەنبووڵ کە ناوەندی حکومەتە و دەریای مەڕمەڕە لەبەرانبەر هەموو مەترسییەک بپارێزرێن. بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایە بڕیاری هاوبەشی ئێمە و وڵاتانی پەیوەندیدار کرانەوەی گەرووەکانی دەریای سپی نێوەڕاست و دەریای ڕەشە بەڕووی بازرگانیی جیهانی دا. (چەپڵەلێدان)

ماددەی پێنجەم: بەگوێرەی بنەمای ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و دووژمنەکانیان و بەشێک لە هاوبەشەکانیاندا کرا، یاسای کەمینەکان بەهێزتر و دەستەبەر دەکرێت، بەو متمانەیەی کە موسڵمانانیش لە هەمان ماف بەهرەمەند دەبن.

ماددەی شەشەم: بۆ ئەوەی پێشکەوتنی نەتەوەیی و ئابووری بەدەستبێنین و کاروباری دەوڵەت هاوچەرخ بکەین و بیخەینە سەر ڕێبازێکی ڕێکخراو، هاوشێوەی هەموو دەوڵەتانی دیکە ئێمەش بۆ ئەوەی ئەو پێشکەوتنە دەستەبەر بکەین، پێویستە تەواو سەربەخۆ و

---

Yavuz Abadan, Türk İnkılabı Tarihi Notları, Ankara 1959, s. 97.

Tarık Zafer Tunaya, Osmanlı İmparatorluğu'ndan Türkiye Büyük Millet Meclisi Donemine Geçiş, Muhammer Raşit Sevik'e Armağan, İ.HF Yayını, 1956, s. 391.

Fahri Belen, Türk Kurtuluş Savaşı, s. 147.

Mazhar Müfit Kansu, Erzurum'dan olümüne Kadar Atatürk'le Beraber, s. 541.

Esat Uras, Tarih'te Ermeniler ve Ermeni Meselesi, 2. baskı, Belge Yayınları, İstanbul 1976, s. 698.

Hilmi Uran, Hatıralarım, Ankara 1959, s. 131.

Mahmut Goloğlu, 3. Meşrutiyet 1920, s. 80

لەپاڵ ئەمانەشدا نووسینی وا هەن کە تەواو لە دەقە ئۆرژیناڵەکە لایانداوە. بڕوانە:

Hamza Eroğlu, Türk Devrim Tarihi, 4. baskı, Ankara 1974, s. 112

19 - مەتە تونجای بە "عورفی" دەیخوێنێتەوە. لەو سەرچاوانەی لە ژێرنووسی 18 ئاماژەیان بۆ کراوە، بە "نەژادی" دەخوێنرێتەوە. ئاساییە ئەم وشەیە بە "نەژادی" بخوێنرێتەوە، چونکە بنەمای بەیاننامەی میساقی میللی بەیاننامەکانی هەردوو کۆنگرەی ئەرزڕووم و سیڤاسە. کاتێک دەڕوانینە ماددەی یەکەمی بەیاننامەکانی ئەرزڕووم و سیڤاس، ئەوە بەدی دەکەین کە "نەژادی" بەکارهێنراوە.

20 - لە هەموو ئەو سەرچاوانەی لە ژێرنووسی ژمارە 18دا ئاماژەیان بۆ کراوە چەمکی "ئاشتیی تراکیا" بە "ئاشتیی تورکیا" هاتووە. ئەمەش هەڵەیەک نییە و بە قەست ئەوە نووسراوە. نزیکترین دەق لە دەقە ئۆرژیناڵەکەی میساقی میللی، دەبێ هەر ئەوەبێت کە مەتە تونچای لە نووسینەکانی دا ئاماژەی بۆ کردووە.

21 - جێی سەرنجە کەمالیستەکان لەوشوێنانەی تراکیا (ڕۆژئاوای تراکیا) کە تورکی لێ دەژین، پێداگیری ناکەن، تەنیا بۆ کوردستان و ڕۆژئاوای ئەرمینیا پێداگیرن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دژوازییە، پرسی پەیوەست بەم باسە زانیارییەکانمان زیاتر دەکەن.

ئـازاد بیـن، ئەمـەش خاڵـی بزاوتـی ژیـان و بوونمانـە. بەوهۆیـەوە دژی هـەر بەربەسـتێکین کـە دێتـە بـەردەم سیاسـەت، دادپـەروەری و دارایـی و هـەر بوارێکــی دیکەمــان.

بـۆ ئـەو قەرزانـەی دەکەونـە سـەرمان، هەلومەرجەکانی دانەوەیـان لەگەڵ ئـەو بنەمایانـەدا هیـچ دژوازییەکی نابێـت. 28ی کانوونی دووەمـی 1920." (درێـژەدان بـە قسـەکانی سـاففەت بـەگ): بەڕێـزان، ئـەو دەوڵەتـەی بـە دەنگــی گــەل گەیشــتووەتە ئێــرە، ئــەو هاوڕێیانەمــان کــە بــۆ پاراســتنی نامـووس و ئایینـی گەلەکەمـان لێـرە کۆبوونەتـەوە، لـە ڕۆژی 28ی کانوونی دووەمــی 1920، بــە قەبووڵکردنــی "پەیمانــی میللــی"، بــە نیشــاندانی ئــەو ئیمــان و بڕوایــەی خۆیــان، خــوداش قەبووڵــی دەکات و دەمانگەیێنێتــە ســەرکەوتن. (چەپڵەلێدانــی بــەردەوام)

سـەرۆک: ئەمـە قەبـووڵ دەکـەن بەڕێـزان؟ (دەنگـی هەموومـان و بە کۆی دەنگ).

دواتر نوێنەری سینۆپ، د. ڕەزا نوور قسە دەکات: [22]

"... لـە نیـوەی یەکەمـی شـەڕەکەدا سـەرۆکوەزیرانی ئینگلیـز لـە پەرلەمـان گوتەیەکــی پێشــکێش کــرد، 'دەوروبــەری تراکیــا، ئیســتەنبووڵ و ئەنــادۆڵ لانکــەی تورکەکانــە' وای گــوت. لــە نیــوەی دووەمــی شــەڕەکەدا هەمــان ســەرۆکوەزیران گوتــی، 'ئێمــە نامانــەوێ بــۆ ئــەوە شــەڕ بکەیــن کــە تــورک لــە پایتەختــی تورکیــا، ناوچــە دەوڵەمەندەکانــی ئەنــادۆڵ و لــە تراکیــا دەربکەیـن، بەتایبەتـی لـەو ناوچانـەی نـەژادی تـورک تێیـدا دەژیـن'. هەمـان سـەرۆکوەزیران لـە گوتارێکیـدا لـە سـاڵی 1918 گوتـی: 'ئـەو گەرووانەی کە دەریـای سـپی نێوەڕاسـت و دەریـای ڕەش پێکـەوە دەبەسـتنەوە، بە مەرجی ئـەوەی بێلایـەن و لەژێـر دەسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا بـن، ئێمـە دژی ئـەوە نابیـن لـەو ناوچانـەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی کـە تـورک تێیـدا دەژیـن، پارێزراوبــن و ئیســتەنبووڵیش وەکــو پایتەخــت بمێنێتــەوە'. ســەرۆکەکانی

22. Mahmut Goloğlu, y.a.g.e., s. 81-82

دیکـەی وڵاتانـی هاوپەیمـان لـە سـاتی جیـاوازدا باسـی ئەوەیـان کـردووە کە 'ئێمـە لەپێنـاو پرەنسـیپی گـەلان، بۆ سەربەسـتی هەموو کـەس و لەپێناوی مرۆڤایەتـی و شارسـتانی دەجەنگێـن'. [23]

مـاددەی 12ی پرەنسـیپەکانی ویڵسـن، هەمـان مانـای هەیـە. کەوابـێ ئەوانـەی ئەمانەیـان گـوت، بەڵێنەکـەی خۆیـان نەبـردە سـەر. بـۆ کەسـی بـە ئابـڕوو بردنەسـەری پەیمـان زۆر گرنگـە. ئـەم قسـانە هێنـدەی کەسـایەتی ئـەوەی دەیڵێـت، بەهـا فەرمییەکەیشـی گرنگـە" [24]

محەممـەد گۆنولبـۆڵ و جـەم سـار نووسـیویانە کـە میسـاقی میللـی لـە پەرلەمـان لـە کۆبوونـەوەی 18ی حوزەیرانـی 1920 دا پەسـەند کـرا(25)، هەرچـی فایـەق رەشـید ئوناتـە، پێیوایـە کـە میسـاقی میللـی لـە 18ی تەممـووزی 1920 لـە دانیشـتنێکی نهێنـی دا قەبـووڵ کـرا. پەرلەمانتـاران لـەو کۆبوونەوەیـەدا لەسـەر ئـەو بەڵگەیـە سـوێند دەخـۆن. مەتـە تونجـای لەبـارەی ئـەو نووسـراوە و ئـەم پرسـە دەڵێـت:

"... لەڕاسـتیدا ئەگـەر بـە کۆنووسـی ئـەو رۆژەدا (18ی تەممـووزی 1920) بچیتـەوە، دەکـرێ ئـەوە بـەدی بکـەی کـە لـە دانیشـتنی کورتـی یەکـەم دا بڕیـار لەسـەر دانیشـتنێکی نهێنـی دراوە، واتـە گوێگـران ئامـادە نەبـن و بەشـێوەیەکی داخـراو بەڕێوەبچێـت، بـەڵام 10 هەفتـە بـەر لـەو رێکەوتە، لە 9ی مایسـی 1920 لـە ئەنجوومـەن، د.رەزا نـوور کـە پرۆگرامـی ئەنجوومەنی وەزیرانـی خوێندووەتـەوە، دەڵێـت ئامانجمـان بەگوێـرەی پەیمانـی میسـاقی میللی سـەربەخۆییە".

ئەگـەر سـەیری ئـەو بڵاوکراوانـە بکـەی کـە لـە ژێرنووسـی ژمـارە 18دا ئامـاژەیـان بۆکـراوە، دەگەیتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە میسـاقی میللـی

---

23 - کەمالیسـتەکان دەڵێن ئێمـە لەپێنـاو پرەنسـیپەکانی مافـی گـەلان، کـە مافـی گەردوونیـن شـەڕ دەکەیـن... دوای ماوەیەکـی کـەم، واتـە 4-3 سـاڵ دواتـر، بەڕوونـی دەبینیـن کـە چـۆن بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلـی کورد سـەرکوت دەکەن.

24 - کەمالیسـتەکان بـەردەوام ئـەوە دەڵێنـەوە (تورکـەکان لەسـەر پەیمانـی خۆیـان مانـەوە).. هەمیشـە ئەمـە دەڵێنـەوە... چەنـد بارەکردنـەوەی ئەمـە و بەهیـچ شـێوەیەک بەجێنەهێنانـی ئەو بەڵێنانـەی بەکوردیـان دان، بگرە خـۆ نەبانکـردن لـەوەی بەڵێنی وەهایـان داوە، پێویسـتە بەیەکـدی بـەراورد بکەیـن.

سـنوورێکی کێشـاوە، بـەڵام ئەمـە بیرکردنەوەیەکـی هەڵەیـە. چونکـە وەک هەوڵمانـدا ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، تۆمارێـک هەیە لە مـاددەی یەکەمـی دەقە ئۆرژینالّەکـەدا دەڵـێ "لـە دەرەوە و نـاوەوەی هێڵـی دانانـی چـەک". کەواتـە هیـچ سـنوورێکی نەکێشـاوە، بەڵکـو هەمـوو هەوڵـەکان بـۆ ئـەوە بوونـە چەنـدە بتوانرێـت خاکی دەوڵەتی عوسـمانی وەک خۆی بمێنێتەوە. پێویسـتە بـە وردی هەڵوەسـتە لەسـەر دەربڕینـی "لـە دەرەوە و نـاوەوە" بکەیـن. وێـڕای ئەمـە، ئـەوە ناکۆکـە لەگـەڵ ئـەو بڕیارانـەی کـە لـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس دراون. وەک دەزانرێـت لـە مـاددەی شەشـەمی کۆنگـرەی ئـەرزڕووم و لـە مـاددەی یەکەمـی کۆنگـرەی سـیڤاس دا بـاس لـەو ناوچانـەش دەکرێـت کـە دەکەونـە نێـو نەخشـەی دەسـتبەرداربوون لە چـەک و لـە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918 باسـی لێـوە کـراوە.

سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، وەک چـۆن مەتـە تونجـای ئامـاژەی بـۆ کـردووە، دەکـرێ لـە کتێبێکـەوە کە لەلایەن بەشـی مێـژووی جەنگ، لە سـەرۆکایەتی سوپاسـالارەوە بڵاوکراوەتـەوە، شـتێک لەبـارەی ئـەو سـنوورانەی بیریـان لێکراوەتـەوە تێبگەیـن. [26]

ئەسـکەندەروون-رەققە، دێـرەزوور- مەیادیـن، مووسـڵ- خانەقیـن- قـەڵادزێ- سـلێمانی- ورمـێ- خـوی، ناهچیڤـان، کاراکیلیسـە، ئاهسـکا- باتوومـی ئەمانـە لـە چوارچێـوەی سـنوورەکەدا بەدیدەکرێـن. ئەگـەر ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە ئـەو شـارانەی ناویـان هاتـووە ئەمـڕۆ لـە چوارچێـوەی سـنووری وڵاتانـی سـووریا، عێـراق، ئێـران، یەکێتـی سـۆڤیەت (ئازەربایجـان، ئەرمینیـا، جۆرجیـا) دان، تێدەگەیـن کـە لە میسـاقی میللی دا بەشـێوەیەکی زۆر فـراوان بیرکراوەتـەوە.

وەک دیـارە لـە ئاگربەسـتی مۆنـدرۆس، لـە چەکدانـان دا هیـچ سـنوورێک

---

25 - Mehmet Gonlübol-Cem Sar, Atatürk ve Türkiye'nin Dış Politikası (1919-1938), MEB Yayınları, s. 12.

Olaylarla Türk Dış Politikası 1919-1973, s. 16

26 - Türk İstiklal Harbi, Cilt 1, Mondros Mütarekesi ve Tatbikatı, 1962, s. 48, Kroki No: 2

دیاری نەکراوە. لە ماددەی شانزەی چەکدانان لە ئاگربەستی مۆندرۆس ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەو یەکە سەربازییانەی لە حیجاز، عەسیر، یەمەن، سووریا، عێراق و کلیکیان، خۆیان رادەستی نزیکترین یەکەی هاوپەیمانان بکەن. لە هەریەکە لە "عێراق"، "سووریا"، کلیکیا" بەڕوونی دیار نییە لەسەر چی رێککەوتوون. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، چەند رۆژێک مستەفا کەمال پاشا کە سەرکردایەتی هێزی برووسکەی دەکرد، داوا لە وەزارەتی جەنگ دەکات کە ئایا لە "کلیکیا" (تونێلەکانی تۆرۆس) کوێ دەگرێتەوە. [27]

لەبارەی سووریاشەوە دەڵێت: [28]

"پێویستە سنووری باکووری ویلایەتی سووریا وەک سنووری سووریا دیاری بکرێت. ئەو سنوورە لە باکووری لازقییەوە بە باشووری خان شەیخوون-دا تێدەپەڕێت و بەرەو لای رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە".

ئەگەر سەرنج بدەن، لەو فەرمانەدا سووریا تەنیا ویلایەتی شامە. هەرچی ویلایەتی حەلەبە لە دەرەوەی سنووری سووریا و لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی دا بیری لێکراوەتەوە. ماددەی دووەمی ئەو فەرمانە بەم جۆرەیە:

"هەرچۆنێک بووە، دەبێ ئەوە لەبیر نەکرێت و لە هەر دۆزێکدا بەبیربهێنرێتەوە کە لە دەوروبەری ئیسکەندەروون، ئەنتاکیا، جەبەل سەمعان، قتمە و کلیس، تورک نیشتەجێن و سێ لەسەر چواری خەڵکی حەلەب بە تورکی قسە دەکەن. [29]

یەکێک لە خاڵەکانی دیکەی میساقی میللی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکرێ، لەبارەی حوکمێکە کە لە ماددەی یەکەم دا هاتووە. ئەو ماددەیە باس لەو شوێنانە دەکات کە "لەژێر داگیرکاری سوپای دووژمن

---

27 - 3 Kasım 1918 tarihli bu yazı için Bk. Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri, s. 14

28 - 3 Kasım 1918 tarihli bu yazı için bk. y.a.g.e., s. 16-17

29 - پێویستە دواتر هەڵوەستە لەسەر سیاسەتی مستەفا کەمال پاشا بکرێت کە دەڵێت "ئەو تورکانەی بە عەرەبی قسە دەکەن". کاتێک کوردستانیان داگیرکرد و خستیانە سەر خاکی خۆیان "رەسەنی کورد تورکە" بە پێداگیرییەوە ئەمە دەڵێنەوە.

دا نیـن". واتـە نەگـوتـراوە "ئـەو شـوێنانەی لەژێـر دەسـتی خـۆمانـدان، خاکـی ئێمـەن"، گـوتـراوە "ئـەو شـوێنانەی لەلایـەن دووژمنـەوە داگیرنەکـراون". لەنێـوان ئـەو دوو دۆخـەدا بێگومـان نەگونجاوییـەک هەیـە. بـۆ نموونـە دەیانـەوێ بڵێـن "ئـەو شـوێنانەی لەژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی عوسـمانی دا نیـن، بـەڵام لەلایـەن دووژمنیشـەوە داگیرنەکراون، دەشـێ ئەو شـوێنانەش بگرێتـەوە، ئـەو شـوێنانە هـی ئێمـەن".

مەتـە تونجـای لەبـارەی "هێزەکانـی دووژمن"ـەوە کـە بـە چ مانایەکـە، دەڵێـت:

"... تەنیـا سـوپای ئینگلیـز و فەرەنسـا سـوپای دووژمنـن، یاخـود ئـەو هێـزە عەرەبانـەش کـە دژی دەسـەڵاتی عوسـمانی هەسـتانەوە و راپەڕیـن؟ لـە روونکردنـەوەی دووەم دا خۆدزینـەوە هەیـە. لـە ئاگربەسـتی مۆندرۆسـدا کاتێـک ئینگلیـزەکان لـە مـاددەی 16دا پێشـنیازی ئـەوە دەکـەن کـە "ئـەو یەکانـەی لـە حیجاز، عەسـیر، یەمەن، سـووریا، کیلکیـا و میزۆپۆتامیان خۆیان رادەسـتی نزیکتریـن یەکـەی هاوپەیمانـان یاخـود نوێنەرانـی عـەرەب بکـەن، نوێنەرانـی عوسـمانی بـۆ ئـەوەی رووبـەڕووی عـەرەب نەبنـەوە، پێداگیـر بـوون لەسـەر ئـەوەی ئـەو ماددەیـە بگـۆڕن".

گرنگتریـن کێشـە کـە دەشـێ لـە بەیاننامەی میسـاقی میللیدا گەنگەشـەی لەسـەر بکـرێ، بێگومـان کێشـەی کـورد و کوردسـتانە. وەک دەزانرێـت پرەنسـیپەکانی ویڵسـن لـە دنیـای رۆژئـاوادا کاریگـەری زۆری هەبـوو. بەگوێـرەی مـاددەی دووەمـی ئـەو پرەنسـیپانە، لـەو شـوێنانەی ئیمپراتۆریی عوسـمانین و تـورک تێیـدا زۆرینـەن (لـە ئەنـادۆڵ)، دەوڵەتێـک دادەمـەزرا کـە پایتەختەکـەی ئیسـتەنبووڵ دەبـوو. ئـەو ناوچانـەی دیکـە کـە لـە دەرەوەی ئەنـادۆڵ بـوون، سـعودیە، ئەرمینیـا، کوردسـتان، واتـە عـەرەب، کـورد و ئەرمـەن دەوڵەتـی

سـەربەخۆیی خۆیـان دادەمەزرانـد. پرەنسـیپی مافی دیاریکردنـی چارەنووس لەلایـەن گـەلان خۆیانەوە کە شۆڕشـی 1917 لەگەڵ خـۆی هێنای، هێندەی دیکـە ویسـت و خواسـتی بۆ ئەمـە قووڵتر و فراوانتـر کرد. سـەرباری ئەوەی

کـە قـوەی میللـی، واتـە کەمالیسـتەکان، وازیـان لـە مافـی خۆیـان هێنـا لـە جیهانـی عەرەبـی دا، بـەڵام دەیانویسـت درێـژە بـە دەسـەڵات و هەژموونـی خۆیـان لـە کوردسـتان و ئەرمینیـا بـدەن. لـە ئەنجامـی گەنگەشـەکانی نێـو هـەردوو کۆنگـرەی ئـەرزڕووم و سـیڤاس ئـەم دۆخـە هاتـە ئـاراوە. هـەر بۆیـە مسـتەفا کەمـال پاشـا و هاوڕێیەکانـی، ئـەم رسـتەیەیان دەرهێنـا: "ئـەو ناوچانـەی نێـو دەوڵەتـی عوسـمانی کـە تورکنشـینن". لـە شـوێنی ئـەو نووسـیویانە "رزگارکردنـی ناوچـەی موسـڵمانەکان"، "رزگارکردنـی خاکـی عوسـمانی".. قسـەی وایـان هێنایـە ئـاراوە کـە لاسـتیکین و دەکـرێ بەهـەر لایەکـدا رایانبکێشـی. مەبەسـتیش لەمـە خاکـی کـوردە.

پرۆفیسـۆر گۆتهـارد جێسـکی، نووسـەری کتێبی (بەڵگەنامـەی ئینگلیزەکان سـەبارەت شـەڕی رزگاری) دەڵێت:

"یەکـەم کـەس کـە لـە مەترسـی قسـەکانی لۆیـد جـۆرج و ویـدرۆ ویڵسـن تێگەیشـت کـە لـە پێنجـی کانوونـی دووەمـی 1918 و 18ی کانوونـی دووەمـی 1918دا کردیـان، مسـتەفا کەمـال پاشـا بـوو. بەهـۆی دۆزی کـوردەوە رسـتەی 'ئـەو ناوچانـەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی کـە زۆرینـە تورکـن' فڕێـدا، لەجیاتـی ئەمـە ئـەوەی بەچـاک زانـی کـە تورکیـای سـبەی سـادەتر بـە رێگـەی دەستنیشـانکردنی سـنووردا بـڕوات، هـەر ئەمـەش لـە 7ی ئابـی 1919 و 11ی ئەیلوولـی 1919 لـە بەیاننامەکانـی هـەردوو کۆنگـرەی ئـەرزڕووم و سـیڤاس دا قەبـووڵ کـرا و لـە 30ی ئۆکتۆبـەری 1918 لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی 'مەمالیکـی عوسـمانی' شـێوەی گـرت. لەبەرانبـەر ئەمـەدا، لـە 28ی کانوونـی دووەمـی 1920 ئـەوەی لـە میسـاقی میللـی دا بـە 'هێڵـی ئاگربـڕ لـە نـاوەوە و دەرەوەی... ئـەو ناوچانـەی کـە زۆرینـەی موسـڵمانی عوسـمانی تێـدا نیشـتەجێن'، لێـرەدا کەمتـر رۆشـنە. رەزا نـوور لـەم بارەیـەوە نووسـیویەتی: 'هەرچەنـدە کەمینەیـەک هەبـوون مەبەسـتیان بـوو سـووریاش بکەوێتە سـنووری میسـاقی میللییـەوە، بەڵام بـە دەنگـی زۆرینـە ئـەوە رەتکرایـەوە. میسـاقی میللـی لـە بنـەڕەت دا لـە کۆنگـرەی ئـەرزڕووم دەسـتیپێکرد و لـە کۆنگـرەی سـیڤاس تەواو بـوو. ئەم

ئەنجوومەنە تـەواوی نەکـرد، بەڵکـو پەسـەندی کـرد و بـە هەمـوو دنیـادا بڵاویکــردەوە' ". (30)

نووسـەرە فەرمـی و کرێگرتەکانـی مێـژووی تـورک، ئـەو شـوێنانەی کـە کەوتوونەتـە چوارچێـوەی سـنووری میسـاقی میللییـەوە وەک "ئـەو شـوێنانەی تـورک تێیـدا زۆرینـەن" دەستنیشـان دەکـەن، بەڵام ئەمـە بەهیچ جۆرێـک راسـت نییـە. کوردسـتان بـە ئاگاییـەوە خراوەتـە نێـو ئـەو سـنوورە. لـە مـاوەی ئـەو گەنگەشـانەی لـە کۆنگرەکانـی ئـەرزڕووم و سـیڤاس هاتنە ئـاراوە، ئـەم دۆخـە لـە پڕۆتۆکۆڵـی ئەماسـیە کـە لـە سـەرەوە تـەواوی دەقەکەیمـان خسـتەڕوو، لەوێـدا روونکراوەتـەوە. جێـی بیرهێنانەوەیـە کـە ئـەو سـنوورەی لـە پرۆتۆکۆڵـی ئەماسـیە بیـری لێکراوەتـەوە، ئـەو شـوێنانە لـە خۆدەگـرێ کـە کـورد و تورک تێیـدا دەژین. هەر بەڕاسـتی کاتێک سـەیری ئـەو نەخشـانەی میسـاقی میللـی دەکەیـن، ئـەوە دەبینیـن کـە شـوێنانی وەک لازقیـە، حەلـەب، مووسـڵ، کەرکووک، سـلێمانی، نەهچیوان، ئاهسـکا و باتوومـی لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورە دانـراون. دیـارە ئـەو بەشـانەی کوردسـتان کـە ئەمـڕۆ لـە سـووریا، عێـراق، ئێـران و بگـرە لـە ئازەربایجـان و ئەرمینیـان لــە چوارچێـوەی میسـاقی میللــی دا بیریـان لێکراوەتــەوە. یەکێـک لـەو نەخشـانەی لـە سـاڵی 1920 بڵاوکراوەتـەوە، لـە توێژینەوەکەی مەتـە تونجایـدا جێـی کراوەتـەوە. ئیـدی دواتـر ئـەو مامەڵەیـەی لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەرەنسـا دەکرێـت، لەسـەر ئـەو سـنوورانە دەبێت. دیـارە لــە 17ی شــوباتی 1920دا لــە ئەنجوومــەن، بەتایبـەت ئەوکاتــەی کـە گفتوگـۆ لەبـارەی قەبووڵکردنـی میسـاقی میللـی کـراوە، هەوڵـدراوە فێـڵ لـە کـورد بکـەن. وەک دێتـەوە یـاد، لـەو قسـانەی وەکـو "تورکـەکان هەرگیـز ئەوەیـان بـە خەیاڵـدا نەهاتـووە هیـچ نەتەوەیـەک بچەوسـێننەوە"، یـان "ئەمـە تاوانێکـە خـودا و مرۆڤایەتـی لێـی خـۆش نابـن". یاخـود "داوای سرووشـتیترین مافـی خۆمـان دەکەین کـە ژیانێکی ئازاد و سـەربەخۆیانەیە"،

30 - Gotthad Jaeschke, Kurtuluş Savaşı ile İngiliz Belgeleri, TTK, Ankara, 1971, s. 208-209

و "ئێمـە دژی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ و زەوتکردنـی مافـە دیموکراسـی و نەتەوەییەکانیـن"، لێـرەدا دەردەکەوێت کەمالیسـتەکان لـەو قۆناخەدا تەنیا بیـر لـەوە دەکەنـەوە چـۆن کوردسـتان لەژێـر چەپۆکـی خۆیاندا بهێڵنـەوە... بـۆ ئەمــەش لەگــەڵ ئیمپریالیزمــی ئینگلیــز و فەرەنســی چوونەتــە نێــو هەمـوو هاوئاهەنگـی و هاوکارییەکـی ئاشـکرا و نهێنییـەوە...

**کۆتایی بەرگی یەکەم**

# دابەشكاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاكی كوردستان

ئیسماعیل بێشكچی

لەنێوان ساڵانی 1915 - 1925دا، لەسەر خاكی كوردستان هەوڵێكی ئیمپریالیستی وەگەڕخراوە بۆ دابەشكردنی خاكی كوردستان. كۆنفرانسی لۆزان بەڵگەنامەیەكە بۆ چەسپاندنی ئەو دابەشكارییە ئیمپریالیستییە. كەمالیستەكان لەم دابەشكارییەدا پشكێكی گەورەیان بەردەكەوێت. ئەمەشیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئیمپریالیزمی فەرەنسی بەدیهێنا. بەم شێوەیە بەشێكی گەورەی وڵاتی كوردستان كەوتە نێو كۆماری توركیاوە كە تازە دامەزرابوو. بەهۆی ئەم دابەشكارییە، توركیا كوردستانێكی هەیە، عێراق، ئێران و سووریاش هەریەكە كوردستانێكیان هەیە، كەچی كورد كوردستانیان نییە.

لۆزان پەیمانێكی ئیمپریالیستی و داگیركاری بوو لە دژی خاكی كوردستان و ئەو دابەشكاری و بەشكردنەی خستە چوارچێوەیەكی نێودەوڵەتییەوە.

İBV
İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI